# کوردۆلۆجی

## گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی

لەم ژمارەیەدا

چوار توێژینەوە لە بارەی
ڕێزمانی کوردییەوە...

٣

٢٠١٠

کوردۆلۆجی

# کوردۆلۆجی

گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی

سەرنووسەر
محەمەد ئەمین حسەین/ (مینە)

سکرتێری نووسین
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١٠

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

سەرپەرشتیی هونەری چاپ و دیزاین: بڕیار فەرج کاکی
کۆمپیوتەر: ستافی مەڵبەندی کوردۆلۆجی
هەڵەبڕی: حامید محەمەد غەریب
نەخشەی بەرگ: کەمال عەلی

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان:
سلێمانی، کانی ئاسکان
شەقامی: ٣, ژمارەی خانوو: ٢
ژ.پۆست:٩٥, تەلەفون: ٣١٢٣٠٩٣
www.kurdology.com
govar@kurdology.com

# ناوەڕۆك


| | | |
|---|---|---|
| - فیكرو ئەدەب | | |
| * ئەفسانەی كوردی لە نێوان دێرینوسەردەمدا | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ٤ |
| * پێشەكی ئەنتۆلۆجیای شیعری كوردی | عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی | ٢٤ |
| - مێژوو | | |
| * كێشەی سنووری نێوان توركیاو عێراق | و. مینە | ٣٦ |
| * كورتەیەك لە مێژووی نەژادی میللەتی كورد | موعتەسەم ساڵەیی | ٥٢ |
| * دەرسیم ساڵی ١٩٣٨ | و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | ٨٠ |
| - دۆسیەی زمان | | |
| * خاڵبەندی لە زمانی ستانداردی كوردیدا | مینە | ٩٠ |
| * خوێندنەوەیەكی تری زانستی برگە لەزمانی كوردیدا | محەمەد ساڵح سەعید | ١٢٠ |
| * ئەركی ئەدڤێربڵ لە فراوانكردنی فرێزی كاریدا | ئازاد ئەحمەد حسەین | ١٦٤ |
| * دابەشبوونی كرداری لێكدراو لەڕووی داڕشتنو ئەركەوە | محەمەد عومەر عەول | ٣١٠ |
| - كتێبخانەی كوردۆلۆجی، خوێندنەوە بۆ دوو كتێب | | |
| ١- سێ خشتەكی گۆرانییە چكۆلەكانی كرمانج | كوردۆلۆجی | ٤٣٤ |
| ٢- كردان پارسو كرمان | كوردۆلۆجی | ٤٣٦ |
| - گەشتێك بەناو بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجیدا | | ٤٤٠ |

# ئەفسانەی کوردی لە نێوان دێرین و سەردەمدا

سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئەفسانە لە کۆمەڵگەی کوردا پەیوەستە بە چوار پرسی گرنگەوە، کە بریتین لە:

یەکەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

دووەم: سروشت و دەوروبەر و جوگرافیا.

سێیەم: ئاین.

چوارەم مێژوو.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانە لە بیری مرۆڤایەتیدا خەیاڵ رۆڵێکی گەورەی بینیووە، خەیاڵ هەوڵ بووە بۆ بەرجەستەکردنێکی واقیعبینانەی ژیان، واتە بەرجەستەکردنی هەموو ئەو پەیوەندییانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا رەنگیان داوەتەوە، واتە هەوڵ بووە بۆ پەیوەندی پەیداکردن لە نێوان ساتە نووستووەکان و ساتە پڕ لە نهێنیەکانی ژیان، هەروەها هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هەندێ نهێنی لە شێوەی نهێنی سروشت و نهێنی گەردوون و نهێنی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و دەوروبەری خۆی.

گەر ئیستێك بکەین و تێبینیەکەی "میرچا ئیلیادە"ی ئاینناسی یۆنانی لەبەرچاو بگرین کە دەڵێت: ئەفسانە گێڕانەوەی بەسەرهاتە پیرۆز و بەهەشتیەکانە، ئەوە دەکرێ بڵێین لە مێژووی کوردا ئەفسانە چینبەندکردنی ئەو رووداوانەی پشتی واقیع بووە، ئەو رووداوانەی لەبەرچاودا وەك شتێکی سەیروسەمەرە دێنە بەرچاو. یان ئێرنست کاسیرەر گووتەنی مەسەلەی ململانێی نێوان زمان و رووداوەکان بووە.

خەیاڵ لای کورد لە کردارەکانیدا بە شێوەیەکی دەوڵەمەند زاڵە، خەیاڵ واتە روانین و خەونبینین و مەزەندەکردنی ئەو شتانەی کە حەز دەکات هەیبێت، گەلێك کەم تا زۆر پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر حەز و ئارەزووەکان بونیاد ناوە، واتە حەز دەکات کۆمەڵێ شتی لەدەستچوو بەدەست بهێنێتەوە، کۆمەڵێ شت پێکەوە کۆبکاتەوە، واتە ئەو بازنەیە بدۆزێتەوە کە لێوەی خۆی دەگەیەنێتە نهێنیێ شتەکان، ئەم میلەتە هەوڵی دۆزینەوەی بوونی خۆی داوە، هەرکاتێ ئەو بوونانەی خەونی پێوە بینیووە و نەبووەتە واقیع خەونی پێوەی بینیووە، چیرۆکی لەبارەوە دروستکردووە، گۆرانی و حیکایەتی بۆ خوڵقاندووە.

کەواتە بوونی خۆی پەیوەست بووە بە بوونی خەیاڵەکانییەوە، بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بوونی بایۆلۆجی ئەو، رەنگدانەوەی بوونی ئەنتۆلۆژی ئەو بوون، خەیاڵ هەروا لە ترسەوە دروست نەبووە، بگرە بنەمایەکی پتەوی هەبووە، شتەکان بێ مەبەست دروست نەبوون، لە پشتەوەی هەر رووداوێکەوە کۆمەڵێ دروستبوونی خەیاڵی هەبووە.

ئەفسانەش وەك شێوەیەك لە خەیاڵ و مامەڵە کردن لەگەڵ خەیاڵ، سەرهەڵدانەکەی لەم روانگەیەوە بووە، ئەفسانە شێوەیەك بووە لە بەئاوێنەکردنی خەیاڵ، هەندێك لەو ئەفسانانە خەیاڵ دروستی کردوون و هەندێکیشیان رووداو و کارەکتەرەکانیان کردووە بە خەیاڵ، ئەفسانە وەك رەگەزێکی گرنگ لەو دەمەوە چرۆی پەیدابوونی لە لقەپۆپی کۆمەڵگەوە سەردەردێنێ، کاتێ کە دەیەوێ خەونەکان لە شێوەی گێڕانەوەی واقیعیدا ببینێ، واتە دەیەوێ پەیوەندییەکان لە کۆمەڵێ شتدا گەڵاڵە بکات کە لە شتی راستەقینە بچن، بەم شێوەیە ئەفسانە درزێك لە دۆزەکانی بوون پڕدەکاتەوە.

کەواتە دێینە سەر شیکردنەوەی ئەو چوار پرسەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، وەك گوتمان پرسەکان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بوونی خۆیان هەیە، کۆمەڵگەی کورد بەپێی دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی  کۆمەڵگەیەکی پێش کشتوکاڵییەوە گەیشتووەتە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و پاشان میرنشینی و پاشان ئەمارەت و لەدوایشدا شارنشین، بەڵام لەرووی گەشەکردنی تەکنەلۆژییەوە نەبووەتە کۆمەڵگەیەکی شارستانی، پێویستیەکانی بوون بەشار تا ئەم ساتەش سستە، لە بابەت گەشەکردنی ئابووری و فیکری و تەکنەلۆژییەوە هەنگاوی ناوە، بەڵام نەیتوانیوە پێویستییەکانی بوونی بیرکردنەوەیەکی کامڵی هەبێت.

کۆمەڵگەیەك کە لە قۆناغی پێش کشتوکاڵیدا دەبێت، جا ئیتر خێڵەکی بێت یان ئەشکەوتنشین دەیەوێ بەسەرهاتەکان و دیاردەکانی دەوروبەری لە شێوەی گێڕانەوە و

وێنەدا وێنا بکات، ئەفسانەیەکی بەهێز دەتوانێت وێنەی کۆمەڵگە بە شێوەی جوان بکێشێت. واتە دەیەوێ ئەو ژیانەی خۆی لە شێوەیەکی فەنتازی ئامێزدا بخاتە روو، بۆیە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانە لە بوونی کۆمەڵایەتییەوە دەستی پێ کردووە، بوونی کۆمەڵایەتی برِبرِەی پشتی سەرهەڵدانی ئەفسانە بووە، سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی لە بابەتەکانی پێکەوە ژیان و جەنگی دژ بە رێگرەکان بووە، ئەو رێگرانەی کە نەیانهێشتووە مرۆڤەکان پێکەوە بژین و پێکەوە بریاردەربن، واتە دژایەتی دیاردەکانی لێك جیاکردنەوە بوون.

لەبەر ئەوەی شیکردنەوەیەکی ئارکیۆلۆجی بەرفراوان بۆ مێژووی کۆمەڵگەی کوردی نەکراوە، بۆیە سەختە بتوانرێ ئەوە ساغ بێتەوە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەفسانە لە کوێوە بووە، ئایا سەرەتاکەی بە مرۆڤەوە پێوەند بووە یان بە گیانلەبەرەوە، زۆر لە ئەفسانەکان لە رۆحی گیانلەبەرەوە داستان و بەسەرهات و بیرکردنەوەکانی خۆیان گێراوەتەوە، دەبینین هەندێ ئەفسانە پەیوەست بووە بە ئاینەوە تا مرۆڤ، بەڵام ئەفسانەی کوردی لە مرۆڤەوە دەستی پێ کردووە، کورد وەك میللەت و وەك بوون و وەك تاك لە مرۆڤەوە هەڵێنجاوە ئەفسانەی.

بەپێی پرسی یەکەم کە بۆچوونی کۆمەڵایەتییە، کورد سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکەی بیری ئەفسانەی لە پەیوەندی خۆیی و رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست پێ کردووە، هەر بۆ نموونە رووداوەکانی خۆشەویستی، سیحر، ونبوون و کوژانەوە و دامرکانەوەی تووڕە و پێکەوەبوون و گرێدان و پەیوەندی کۆ و دەستەجەمی، هەموو ئەمانە زاراوەی ئامادەن لەو شێوە ئەفسانانە، هەر هەموویان سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ئەفسانەیی بوون، لە کتێبی ئەفسانەی کوردی کە نووسەری رووسی نووسیوویەتی ژمارەیەکی زۆر ئەفسانە دەبینین پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنە روو لە بابەتی خۆشەویستی، ونبوونی شازادە و گەڕانەوەی، بێ پەیمانی و موفتەلابوون بە گرێی جادوو و سزا سیحرییەکان، پاشان بێ وەفایی و پەیمانشکاندن.

هەروەها لە زۆربەی ئەفسانە دێرینەکاندا وشەی راست و درۆ دەبینین، وشەکانی یەکگرتن و خیانەتنەکردن و بەجێنەهێشتنی یەکتری لە ساتە سەختەکان و گەڕانەوە بەو هێوایەی بۆی چووە، پاشان گەڕان بەدووی کەسی ونبوودا، تا دۆزینەوە و پەیداکردن، ئیرەیی نەکردن بەو دەسەڵات و توانایانەی کە کەسوکاری یەکتری و پاڵەوانەکان بەدەستیان

هێناوە، هەروەها ئامادەبوون بۆ خۆخستنە گەورەترین ترسناکی و سەرچڵی کردن لە پێناو رزگارکردنی کەسێك، دۆستێك، خۆشەویستێك.

ئەگەر بۆ سەرەتاکانی بوونی پەیوەندییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵایەتی بگەڕێینەوە ئەوەی دەبینین لە ئەفسانەی کوردییدا رۆڵی سەرەکی هەیە پاڵەوانە، پاڵەوان لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتاکەی بۆ پەیدابوونی بیری رزگارکردن دەگەڕێتەوە، ئایا کەی و چ زەمەنێك ئەم پاڵەوانە بیری لە رزگارکردن کردووەتەوە؟ ئاشکرا نییە، ئەگەر بەپێی لەدایکبوونی پاڵەوانی مرۆڤایەتی تەماشا بکەین، پاڵەوان وەك جۆزیف کامبڵ دەڵێ دەبێ دابەزێ، دەبێ لە ئاسمانەوە بگاتە سەر زەمین و پەیوەندی مرۆڤایەتی لە نێوان مرۆڤ و ئەو شتەی نامرۆڤە بوونیاد بنێت ، لە ئەفسانەکانی تری دنیاشدا شتێکی ئاسایی بووە کە پاڵەوان پەیوەندی دروست بکات، چونکە مرۆڤ نەیویستووە ئەو پەیوەندییە بشێوێنێ، لە سەرەتای سەرهەڵدانی پاڵەواندا ئەرکی میتافیزیکی پێ بەخشراوە، واتە کەسێك بووە لەشێوێنێکەوە دابەزیووەتە سەر زەوی تا شتەکان لە شوێنی خۆیدا دانێت. هەر پێش سەرهەڵدانی خواکانی یۆنان، چەندین نموونەی پاڵەوانی ئەفسانەیی هەبوون کە پێش"ئەخیل" بوون، "ڤایناموینین" پاڵەوانێك بوو کە چووە نێو ئاینەوە، بۆیە پاش ئەویش "سەرجونی ئەکەدی" و"شاندراگوبتا" دامەزرێنەری"ماوریای" هیندۆسی و "بودا" ش وەك پاڵەوانێکی ئەفسانەیی تەماشا کران.

لە بیری ئەفسانەیی کوردییدا چەندان نموونەیی ئەفسانەیی هەبوون وەك نموونەکانی ئەژدیها و پەری و دێو و زار و سیمرغ و گای باڵدار و عەفریت و مرۆڤخۆر و قەقنەس و......تاد. بۆیە بیری پاڵەوان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، بیری پاڵەوان لە شێوەی دەرەکیدا جیاوازی هەبووە لە شێوەی ناوەکیدا، پاڵەوانی ئەفسانەیی ئەو کاتە تێکەڵەیەك بووە لە مرۆڤ و گیانلەبەر، پاشان ئەو پاڵەوانە سیفەتێکی تەواو لە مرۆڤی وەردەگرێ کە ئەمە قۆناغی دوایی ئەفسانەیە، هەر بۆیە دەبینین لە ئەفسانە دێرینەکانی کوردیدا پاڵەوان لەشی ئەسپ و سەری مرۆڤی هەبووە، جەستەی شێر و سیفەتی مرۆڤ، باڵی باڵندە و رووخساری لاوێکی قەشەنگ و ...تاد.

پاڵەوان تا لەو قۆناغەوە بچێتە ئەم قۆناغە پێویستی بە بڕینی مەودایەکی زۆرە، بۆیە دەبینین حەکایەتە نووسراوەکان بۆ منداڵ کە بە زمانی گیانلەبەران دەگێڕدرێنەوە گەڕانەوەن بۆ بیری سەرەتایی ئەفسانە. ئەو کاتەی گیانداران حیکمەت وبیرکردنەوەیان نواندووە،

پاشان ئەو قۆناغە چووە قاڵبی تێکەڵبوونی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەر، هەروەها بووەتە هۆی لە دایکبوونی دەسەڵاتی گشتی بە مرۆڤ. گواستنەوە بۆ ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی دیارە و لە قۆناغی بیرکردنەوەی ئێمەدا زاڵە، ئەم قۆناغە هەوڵە بۆ پڕکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی، واتە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆکارێك بۆ دووبارە پێکەوە ژیانی مرۆڤ، دەکرێ ئەم قۆناغەش قۆناغێکی دوایینی بیری ئەفسانە بێت، بێگومان پێشتریش لای ئاشوورییی و هیندۆسەکان هەبووە، واتە پێشتر ئەم بیروبۆچوونە جێگای خۆی کردووەتەوە و هاتووەتە نێو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانەوە.

دەکرێ بیری پاڵەوانی مرۆیی وەك سەرچاوەی کۆمەڵایەتی سەرەتاییەکی روون بێت بۆ ئەفسانەی کوردی. لەوێدا پاڵەوانی ئەفسانەیی ئەو کەسانەن کە وێنەکانیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دۆزراونەتەوە و ئەوانەش وەك نموونە هەڵگری گەلێ هێمان بۆ بوونی ئەفسانەی کوردی دێرین لە ئەشکەوتی شانەدەر و ئەشکەوتەکانی تری کوردستان و لەپەرستگا دێرینەکاندا و ئەو ناوچانەی کە رووبەری ئاینی زەردەشتی بوون، مرۆڤ هەڵگری ئاگرە ئەو ئاگرە هەمان ئەو ئاگرەیە کە ئاینەکانی پێشتر دەست بە دەست داویانە بە پاڵەوانەکانیان بۆ ئەوەی پەیامێك بگەیەنن و پەیامێك بگوێزنەوە.

ئەو قۆناغەی کە جۆزیف کامبڵ باسی دەکات، پاڵەوان وەك جەنگاوەر تەماشادەکرێ، "ئەو شوێنەی کە پاڵەوانی لێ لەدایك دەبێ، یان ئەو وڵاتەی کە لێی دەگەڕێتەوە تا کردارەکانی لە نێو خەڵکیدا ئاشکرا بکات. دەکرێت کاوەی ئاسنگەر لە ئەفسانەی کوردیدا یەکێك بێت لە گەڕانەوەی پاڵەوان و ئاشکراکردنی کردارەکانی، هەروەها دەکرێ بەشێك بێت لەو دەرگایانەی کە بەڕووی ئەودا داخراون تا بیانکاتەوە، ئەفسانەی نەورۆز باس لە کەسێك دەکات نادیارە و پاشان دەگەڕێتەوە و دەردەکەوێ و دەبێتە پاڵەوانێکی نیشتمانی بۆ ئەوەی میللەتێك لە گرفتە سیاسیەکان رزگار بکات، کەواتە ئەمە تەواو لە کارەکانی هیراکلیس و تیسیوس دەچێت.

سەردەمی دروستبوونی ئەفسانە بۆ گۆڕانکاریی باری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا دەگەڕێتەوە، ئەفسانەکانی تایبەت بە پەیوەندی نێوان گیانلەبەران و مرۆڤ لە ئەفسانەی کوردیدا کەمتر دەردەکەون، کەواتە پەیدابوونی ئەفسانە لای ئێمە لەگەڵ دروستبوونی گوند و شارەکاندا دەستی پێ کردووە.

پاڵەوان لەگەڵ گوند و شارەکاندا دەرکەوتووە، هەروەك چۆن جیاوازی نێوان پاڵەوانی سەرەتایی و پاڵەوانی دێو و درنج و دەعجانی جیاوازی نێوان گواستنەوەیە لە ئەشکەوت و پێدەشتە تەسکەکانەوە بۆ فراوانی رووبەر و جێنشینی و دروستبوونی شار، ژمارەیەك لە پەیوەندییەکان پێوەستن بەبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە" تەمەنی جیهانی پاڵەوان لە شێوەی مرۆڤدا لەوکاتەوە دەست پێ دەکات کە زەوی بە شار و گوند دادەپۆشرێ"[١]. نموونەی ئەم جۆرە پاڵەوانییەتییە دەکرێ تەنیا لەو ئەفسانانەدا ببینرێ کە رەگێکیان لە نێوان رووداوی واقیعی و رەگێکیان لە نێوان ناواقیعی و خەیاڵدا داکووتاوە.

بۆ نموونە لە ئەفسانەکانی تری دنیادا هەمان دیاردە هەیە، کاتێ دەڕوانینە بەسەرهاتی هۆزی یاقوت لە سیبیریا، دەبینین پەیوەندییەکان زۆر وردبینانە وردکراونەتەوە، هەروەها باس لە دێرینی دەکات، کە گێڕانەوەکەی بەم جۆرەیە" لەدەرەوەی قولاییەکی گەلێك دوور، جێگیر لە ناوچەیەکی سەنتەردا، لە راوەستاوترین شوێنێ سەر زەوی لە ناوکی جیهاندا، لەو جێگایەی کە مانگ کەم ناکات و لە وجێگایەی کە باڵندەی واقواق بێ راوەستان دەخوێنێ، لەوێدا (( کوڕی سپێ )) لێیە، کوڕی سپس لێیدا و رۆیشت زۆر دوور کەوتەوە تا بزانێت خەڵکی کوێیەو و لە چ جۆرێکە، لە رۆژهەڵات کێڵگەیەکی دوورە دەستی ترسناك، لە ناوەڕاستیدا گردێکی مەزن هەبوو، لەسەر ئەو گردە درەختێکی زەبەلاح روابوو، چەسپی ئەو درەختە تەنك و بۆنێکی خۆشی هەبوو. توێکڵەکەی هەرگیز هیشك نەدەبوو، هەرگیزیش درزی تێ نەدەکەوت، ئاوی ئەو درەختە وەك زیو دەدرەوشایەوە، گەڵا چڕ و پڕبەرەکەتی نەیاندەزانی سیسبوون چییە، پشیلە گچکەکانی دەوروبەری لە زنجیرەیەك پەرداخی هەڵگەڕاوە دەچوون. پۆپکەی درەختەکە بەرەو حەوت چینی ئاسماندا هەڵچووبوو، ئەو ستوونە دامەزراوە هی خوای باڵا بوو خوای"یریان ئای تۆیان"، کەچی رەگی درەختەکە چووبووە نێو قولایی زەوی بۆ جێگایەك کە لەوێدا وەك ستوون بۆ راگرتنی بوونەوەرە سەیرو سەمەرەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، لە رێگای گەڵاکانییەوە ئەو درەختە راز و قسەکانی لەگەڵ بوونەوەرەکانی ئاسماندا دەگۆڕێتەوە، کاتێ "کوڕی سپی" بەهەنگاوەکانی رووی کردە باکوور لە ناوەڕاستی پێدەشتێکی پڕ لە گەڵای شین گۆمێکی شیری مەنگی بینی کە کزەبا نەیجوڵاندبوو لە کەناری ئەوانیشدا شورای شیری بینی کە دەتگووت لە شیری ترشاوە، لە

---

[١]- البطل بألف وجه، جوزيف كامبل، ترجمة: حسن صقر- دار الكلمة الطبعة الآولى ٢٠٠٣ ، لا ٣٤١

باکوور دارستانێکی تاریك درێژ ببـووە وە شـەو و رۆژ لقـی درەختـەکانی بەسـەر یەکتریـدا شۆڕدەبوونەوە و بە یەکیاندادا دەدا، هەموو جۆرە گیانلەبەرێك هاتوچۆی تێدا دەکـرد، لـە پشتی ئەو دارستانەش چیایەك بەرز ببووەوە هـەروەك ئـەوەی کـڵاوی فـەروەی کەروێشکی بەسەرەوە بێت ئاوەهـا وەسـتابوو، ئـەم چـیایانە بـە شـکۆمەندییانەوە لـە ئاسمـان نێزیـك دەبوونەوە و ئەم شوێنەیان لە رەشەبا دەپاراست، لە نێزیکیشدا دارستانێکی بچووکی پڕ لە دەغلٚ گەشەی کردبوو، لە پشتییەوە رووبەرێکی بەرفراوان لە دارستانی سنەوبەر روابوو، لە پشت هەموو ئەمانەش لە ئاسۆوە زنجیرەیەك چیای قلێشاوی دابڕاو دەبریسکانەوە.

کاتیٚ کە **"کوڕی سپی"** چاوی کردەوە جیهانی ئاوەها بینی، کاتیٚ کە لە ژیانی تەنیایی بێزار بوو، لە درەختی زل و زەبەلاحی ژیان نێزیك بووەوە گوتی: ئەی ژنە گـەورە و بـەرێزی باڵا بەرزم، ئەی خوای دارستان و خوای وڵاتەکەم، هەرکەسیٚ کە دەژی هاوسەرێکی هەیـەو روحێك دێنێتە دنیاوە، بەڵام ئەوە من تا ئێستەش هەر تەنیام، بۆیە دەست دەکەم بە گەڕان بەدووی ئەو ئافرەتەی کە وەك من بێت، من ئەمەویٚ تواناکانم بە کەسێك تـاقی بکەمـەوە کە لەمن بچیٚ، ئەمەویٚ خەڵکی بناسم و ژیانێك بژیم کە لەگەڵ هەر مرۆڤیٚ بگونجیٚ، بۆیە لە بەرەکەتت بیٚ بەشم مەکە، بەهەموو بیٚ فیزییەك لێت دەپاڕێمەوە، بۆ مـەزن و بـەڕێزت سەرم دادەنەوێنم و بەچۆکدا دێم."[1]

لێرەوە پاڵەوان رۆڵەکەی دەبێتە گەڕان، گەڕان بەدووی دۆزینەوەی ئەو پێویستییانەی کە مرۆڤ دەیەویٚ، واتە لێرەوە ئەرکی پاڵەوان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە گـەڕان بـەدووی ئـەو پێویـستیانەی کـە هەیـەتی وەك هاوسـەرێتی و دۆزینـەوەی کەسـێك کـە لـە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەو بچێت پاشان هەست نەکردن بە تەنیایی، ئەو تەنیاییـەی کـە هـەموو ئەو پاڵەوانانە لە ئەفسانەکانیاندا لێی بێزارن، بۆیە ئەوەی کە بۆ مرۆڤ پێویستە لـەم شـێوە ئەفسانانە وردبێتەوە، هەمیشە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیە.

کەواتە لە ئەفسانەی کوردی کە ئەوەی لەبەردەستدا بێت تەنیا ئەو بابەتانەن کـە زیـاتر ئێمە دڵنیا نین بەراستی تایبەتن بە بیری ئێمـە یـان ئەفـسانەیەکی هاوبەشـن، بێجگـە لـەم ئەفسانەیە ئێمە ئەفسانەی خۆشەویستیمان هەیە کە پاڵـەوان لـە گـەڕانێکی بەردەوامدایـە بـەدووی ئـەو پێویـستیانەی کـە بەدوویانـدا وێڵـە و هـەروەها هەڵدەسـتیٚ بـە ئەنجامـدانی

[1]- سەرچاوەی پێشوو لا ٣٣٩

شۆڕەسواری و عەگیدی و کاری دلۆڤانە، رووخاندنی چیا و تێکشکاندنی ئەژدیها و نغرۆکردنی خانەی دێوان، دۆزینەوەی سەرچاوەی ئاوی داخرا و سڕینەوەی سەرچاوەکانی مەرگ و لەناوچوون، دۆزینەوەی ئاوی ژیان و گەڕاندنەوەی رۆح بۆ جەستە.

گەر ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانی مێژوو هەڵدەینەوە بە تایبەت مێژووی کولتووری و ئەفسانەییمان دەبینین کە کاراکتەری ئەفسانەییمان پەیوەندی بە رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر بە هێزە، رۆح ، گیان، ژیان سێ کوچکەی ژیانی کۆمەڵایەتین، ئەو کارانەشی کە دەکرێت ئێمە وەك کارێکی کوردی تەماشایان بکەین، ئەوانەن کە لە گوێ ئاگردانەکان شەوان وتراونەتەوە، بەڵام هەر ئەوانەش تێکەڵەیەك بوون لە ئەفسانەکانی دەوروبەرمان.

بەسەرهاتی ٧ کوڕەکە، سێ کچ و شازادەیەك، هەروەها چیرۆکەکانی هەڵبژاردنی ئەو پێویستیانەی کە رەنگە گەڕان بیاندۆزێتەوە، ٣ کچ، پیاوێك دێتە داوایان پاش سەبرو راوەستانێکی دورودرێژ بۆ ئەو کەسە دەبێ کە ئەم نهێنیانە بدۆزێتەوە، لە بەسەرهاتی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەردا کە من بە ئەفسانەی دادەنێم لەبەر ئەوەی نموونەی زۆری دووبارە لەم بابەتە هەیە، لەم ئەفسانەیەدا کەسێك ئەرکێکی مەزن ئەنجام دەدات کە کەسانی تر ناتوانن پێی هەستن، بەمەش ئەو گرفتە گەورەیە لەسەر شانی برێکی زۆر لە جەماوەر لادەبات، بەو پێیەی کە لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە ئاوەها ئەفسانەکە راڤە کراوە " هۆشەنگ لە دوای کوشتنی باوکی سیامەك لە جێگای باپیری بوو بە فەرمانڕەوا، هۆشەنگ رۆژێکیان لە دورەوە رەش مارێکی وەدی کرد و بەردی تێ گرت و بەردەکەی لەبەردێکی تر کەوت و ئاگری لێ کەوتەوە و لەو دەمەیرا پەیان بە ئاگر و گرنگی ئاگر برد، هۆشەنگ ئاسنگەری کردە پیشەو ئاسنی لە خۆڵ و خاك جوێ کردەوە، لەولاشەوە جەمشید سەرقاڵی خۆ مەزن کردن بوو، تەختێکی زێڕینی سازاند و لەسەری دانیشت و فەرمانی بەچوار دێودا کە بە ئاسماندا بیگێڕن، ئەوەندە لە کارو کردەوەی خۆی بایی بوو دەیوت لەم جیهانەدا لەو مەزنتر نییە و نەبووە و داوای لە خەڵك کرد کە بیپەرستن، رۆژێکیان شەیتان بە شێوەی مرۆڤ خۆی گەیاندە لای زوهاك و هانیدا تا هەوڵی لەناوبردنی باوکی بدات، ئەویش بە پلانی شەیتان چاڵێکی مەزنی هەڵکەند و لەو رێگایەی کە جەمشید هاتوچۆی پێدا دەکرد، بەو شێوە باوکی کەوتە چاڵەکەوە، کاتێ زوهاك چووە شوێنی باوکی شەیتان لە شێوەی چێشتەوانی زوهاك چووە لایی و شانی زوهاکی ماچ کرد و دوو مار لەسەر شانی

روا، هەرچەند هەوڵ دەدەن چارە بۆ ئەو دوو مارە بدۆزنەوە سوودی نابێت، شەیتان وەك پزیشك پێشنیاری ئەوە دەكات كە دوو گەنج بكوژن و مێشكی دەرخواردی مارەكانی سەرشانی زوهاكی بدەن، بەڵام هیچ سوودی نابێت و هەر بەردەوام رۆژانە و هەفتانە مێشكی لاوان دەرخواردی مارەكان دەدەن، شەوێكیان زوهاك خەون دەبینێ، كە لاوێك بە چەكوشەوە لە شێوەی سەری گا دەیگرێ و دەیبا بۆ چیای دەماوەند، زوهاك داوا دەكات ئەو خەونەی بۆ شی بكەنەوە پاشان پێی رادەگەیەنن كە سەرەنجام منداڵێك لە دایك دەبێت ناوی "فەرەیدوون" دەبێ و كە گەورە بوو بە گورز پەلامارت دەدا، دایكی فەرەیدوون لە ترسی كوشتنی كوڕەكەی بە شوانكارەیەكی دەسپێرێ تا بەخێوی بكات، پاش ئەوەی زوهاك گەورە دەبێ تەمەنی دەگاتە ١٦ ساڵان لە چیای ئەلبوورز دێتە خوارێ، دایكی پێی رادەگەیەنێت باوكی ئەو زوهاك كوشتوویەتی".

ئیتر بەم شێوە دوو شێوە گێڕانەوە هەیە، دەڵێن كاوە زوهاكی كووشتووە، بەڵام بەپێی ئەو گێڕانەوەی شانامە فەرەیدوون زوهاكی كوشتووە، بۆ زیاتر ئەمە لە كتێبەكەی خەسرەو جافدا دەخوێنرێتەوە بە ناونیشانی "درۆیە كاوە زوهاكی نەكوشتووە".

كەواتە ئەگەر وەك لایەنە كۆمەڵایەتییەكەی تەماشا بكەین، دەكرێ ئەمە بە سەرەتایەك بێت بۆ سەرهەڵدانی ئەفسانەی كوردی. پاشان لێرەدا پاڵەوان پاڵەوانێكی جەنگاوەرە بەپێی مێژووی ئەفسانەش ئەمە قۆناغی سێیەمی سەرهەڵدانی ئەم شێوە ئەفسانەیە.

## سروشت و دەوروبەر و جوگرافیا

چیرۆكە دڵدارییەكانی وەك"ئەحمەد و گوڵزار"و"شیرین و فەرهاد" و"خەرمان و خان"رەنگە سەرەتاییەك بن بۆ پەیدابوونی پاڵەوانی بەرەنگاربوووەوە، ئەو پاڵەوانەی كە سەری ئەژدیها و دانی شێر و شاخی دێو چیا كوونكردن دەكاتە پیشە، لەم شێوە پەیوەندییەدا مەسەلەی مرۆڤ و سروشت دێتە پێشەوە، لە لای میسرییە كۆنەكان بیری رێكردن بەسەر رووباردا هەبووە، لای ئاشوورەیەكان بە مرۆڤكردنی سروشت و وەرزەكان هەبووە لای گریگەكان نێزیكبوونەوە لە هەتا و كوشتنی دێوی یەك چاو هەبووە، بەڵام لە نێو ئەفسانەی كوردا بەرەنگاربوونەوەی سروشت هەبووە، واتە مرۆڤ هەوڵیداوە شتێك لە شتەكانی سروشت بگۆڕێت.

ئەفسانە و پەیوەندی سروشت پەیوەندییەكی رەگ داكوتاوە سەرچاوەكەی لەو سروشتەوە هەڵقوڵاوە كە ئەفسانەی لێ هاتووەتە بەرهەم، ئەفسانە دەتوانێ سەرەتاییەك بێت بۆ دەستپێكردن و كۆتاهێنان سەرەتایەك بێت بۆ بیركردنەوە لە دۆزینەوەی رێگا چارەیەك لە رێگای سروشتەوە، هەندێ جار سروشت دەبێتە هاورێ و هەندێ جار دەبێتە قوڵبوونەوە، سروشت دەبێتە رێگا خۆشكەر بۆ لەدایكبوونی بیری ئەفسانە یان ئەفسانە دەبێتە شێوازێك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ سروشتدا.

سروشت و دەوروبەر و جوگرافیا لە ئەفسانەی كوردیدا زۆرتر پەیوەندین تا كاریگەر بن، واتە كەسایەتی نێو ئەفسانەكان لە پەیوەندیدا بەسەرهاتەكانی خۆیان بردۆتە سەر، تەنانەت گێڕەوەی ئەفسانە كاتێ كە دیمەن و رووداوەكانی بەكارهێنانەوە، ویستوویەتی سوود لە شوێن وەربگرێت، بە مەبەستی گۆڕین و كارتێكردن، بۆ نموونە چیا لە ئەفسانەی كوردییدا سیمبولەكانی پەیوەندی حەشاردان و پاراستن و پتەوی بووە، دەشت و دەر پەیوەندی ئازادیی و بیركردنەوەی بووە، دیمەنەكانی تری سروشت وەك رووبار و كانییا و گژو گیا و دار و درەخت ئەرك و كرداری تریان هەبووە، لە زۆربەی ئەفسانە كوردییەكاندا رووبار دەبێتە هاورێ و هاودەم ، درەخت دەبێ بە مرۆڤێكی گوێگر، كانیاو دەبێتە ئاوێنە، درەخت دەبێتە پشت و پەنا، هەروەها وشكایی و هەتاو و گەرما دەبنە كاراكتەری چەوسێنەرەوە.

لەو ئەفسانانەی كە لە ناوچە چیاییەكاندا هەن سیفەتەكانی سەختی و گرانی و پتەویان هەڵگرتووە، بۆ نموونە گیانلەبەری خەیاڵیی سەیر سەیر دەردەكەون كە شێوەی چیایان هەیە ئەمانەش دەكرێ شێوەیان لە ئەژدیهاو دێو و درنج بچێت و هەمیشەش نێزیكبوونەوەیەكیان هەبێت لەگەڵ ئەشكەوت و كێو و تاوێر، بەلام ئەو ئەفسانانەی لە دەشت و دەرەكان روودەدەن باس لە نهێنی و سیحر و گەردەلوول و با و نموونەكانی تری گیانلەبەری خەیاڵی دەكەن، وەك هۆمایۆن و سەمەندەر و قەقنەس.

لە بیری كەسی بیابان و دەشتنشیندا بەرفراوانییەك هەیە، ئەو بەرفراوانییەش ئیلهامەكەی لە سروشت و بەرفراوانی دەشت و بیابانەوە وەرگرتووە، مەودایی بینین و بیركردنەوە و بیستنی ئاسۆیانەیە، واتە روانگەیەكی قوڵی بینینی هەیە، ئەو روانگەیە لەو كراواییەوە هاتووە كە لەبەر چاویدا قوت بووەتەوە، كاراكتەرە ئەفسانەییەكانی ماری درێژ و ئەژدیهایی درێژ و رووبارە دەبێتە كەڵبەی درێژ، واتە كاراكتەرەكان وەك شێوە سروشتەكەی وێنا دەكرێن، هەروەها رووبەر و مەودا لە سروشتەوە دەچێتە نێو ناخی ئەو و

ئەویش لە دەربڕینەکانیدا دەریان دەخات، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی لە هەموو کار و کردەکانی پێکهاتنی ئەفسانەیی ئەودا دەبێت، بەڵام ئەفسانەی ناوچە چیاییەکان مەوداکانی زۆر فراوان نییە بۆیە کاراکتەرەکانیان هەمیشە زەبەلاحن و مەزنن وەك چیاکان و بەرچاوی مرۆڤ دەگرن تا مەودا فراوانییەکە نەبینێت، لە زۆربەی ئەفسانە چیاییەکانی کوردا باس لە بوونی دیوار و گرتن و تاریکی دەکرێ، بەڵام هی دەشتەکان، بیر تێیدا زاڵە و خەیاڵ دەڕوا سنووری سەیر سەیر دەبڕێ.

ئەفسانەی ڕۆژهەڵات کە سەرچاوەیەکی خەیاڵیی قوڵتریشی هەیە لە ئەفسانەی یۆنانی، زۆر باس لە پەیوەندییەکانی نێوان سروشت و مرۆڤ دەکات، لە سۆمەر و ئەکەد و ئاشووردا نموونەی پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ زۆر بەرفراوانە، گیلگامیش هەموو ئەو سیفەتانە هەڵدەگرێ کە لە شێردا هەیە، بوونی ئەنکیدۆ[1] بوونێکی سروشتییە، مامەڵە کردن لەگەڵ دیمۆزیی[2] مامەڵە کردنە لەگەڵ سەختیی ژیان و گەرمیی کەژ و وشکایی سروشت، مامەڵەکردنی میسریەکان لە ڕێگەی بەسەرهاتی ئیزیس و ئوزیریس چیرۆکی خۆشساڵی و وشکەساڵی میسری کۆنمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەم شێوەیەش داستانە میسرییەکەش دەست پێ دەکات "کاتێ هاتیتە دنیاوە، هاوکات ڕاگەیەندرا مامۆستایەکی پڕ لە ڕووناکی، دانایەکی ڕەها لەدایك بووە، ئێوە چڵە گەنمی سەرشار لە هەتاون هاتوون تا خەڵکی لە ترسناکییەکانی ڕاو ڕزگار بکەیت، ئێوە تووڕەیی ڕووباری نیل و جوتیار و کلتوور و مەدەنییەتی بەهەر چوار گۆشەی دنیادا پەلت هاویشتووە، ئەوەندە سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، دواجار بۆت ئاشکرا دەبێ کە تۆ سەرچاوە و سەرەتای هەموو چاکییەکانی دەوروبەری خۆتیت"[3]. هەر بۆیە لەم ئەفسانەیە پاڵەوانەکان دەبنە هۆی بوژاندنەوەی زەوی و زار و خۆشبەختی بۆ ژیان، هەر ئەمە بۆ خۆی دەبێتە هۆی شیکردنەوە و خۆشبوونی ژیان.

کەواتە لە سەردەمە کۆنەکانەوە سروشت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پابەند کراوە بە گەرمی و ساردی و لافاو بەپیتی و قات و قڕی و گەردەلوول و نوغرۆ بوون، لە وڵاتەکانی

---

[1]- ئەنکیدۆ هاوەڵی گیلگامیشە لە داستانی گیلگامیش.

[2]- دیمۆزیی، یان تەموز یەکێك بووە لە خواکانی شارستانییەتی سۆمەر.

[3]– قرباني ديگرانيم و جلاد خويش، گی کورنو، ترجمە: زهرا وثوق، کاروان ، لا ٢٨

نیزیك دەریادا هەمیشە كاراكتەرە شەڕخوازەكان لە گیانداری درندەی ژێر ئاو دەچن، توڕەییان لە شەپۆلی دەریا و ڕەنگیان لە شینایی دەریا دەچێ، بەردەوام ئەفسانەی ئەو ناوچانە پەیوەندییەكی رووحیان بە ڕەشەبا و دەریاوە هەیە.

ئەفسانەی كوردیش بەپێی ئامادەبوونی جوگرافیی خۆی كەم تا زۆر ناوچەكەی پەیوەندییەكی راستەوخۆیی بە هەموو ئەو ڕووداوانەوە هەبووە كە لەو ناوچانە روویانداوە، بەپێی ئەوەی كە زۆربەی ڕووداوە سروشتییەكانی مێژووی وڵاتی میزۆپۆتامیا و فیرعەونییەكان و دروستبوونی گرفتە مەزنەكان بەدووی یەكدا هاتوون بۆیە كاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستبوون و پێكهاتنی كاریگەریی ئەفسانەی كوردی، كورد زۆرتر كارەكتەرە سروشتییەكانی دەشت و دەرو چیاكانی بۆ گیانلەبەر گۆڕیوە، بەڵام بەلایەكی ئەرێنی نەك نەرێنی، سروشت پەیوەندی لەگەڵدا دروست كردووە، جار جار لە ناوچە زۆر سارد و زۆر گەرمەكاندا دوژمنایەتی سروشت و مرۆڤ دەردەكەوێ.

هەر بۆ زیاتر هێنانەوەی نموونە زیندووەكانی ئەفسانەی كوردی دەتوانین تەماشای نموونە فۆلكلۆرییەكانی كورد بكەین لە بابەتی ئەفسانەی "ئەحمەد گاوان" كە تەواو ئەفسانەیەكی خەیاڵییە هەندێ نموونەی سروشتی تێدایە لە بابەتی كێو و ئەشكەوت و كانی"ئەفسانەیەكی تەواوە و دێو و پەری دوو كچی گوڵبارین و دوو ڕابرین هەروەها وڵاتی دێو و پەریانی هەیە"[1]. دەتوانین بۆ زیاتر ئاشنابوون بە تێكستی ئەفسانەیی بڕوانینە ئەو كۆمەڵە ئەفسانانەی كە باس لە پێوندی مرۆڤ و گیانلەبەر دەكەن، وەك"تەیری هەزار تەیر" و"مەڕۆكە و بزنۆكە"و"خاكمار"[2].

لە ئەفسانەكانی"حەمەدۆك و ئەنگوستیلە" و"گورگ و ئێستر"یش نموونەی پەیوەندی نێوان سروشت و ئەفسانە بە تەواوی دەردەكەوێت، پێدەچێت كورد مامەڵەكردنی ئەفسانەیی لەگەڵ سروشتدا زۆر بە بەرفراوانی بەكاربردووە، لەبەر ئەوەی دەوروبەرەكەی كاریگەری دەروونی زۆر گەورەی لەسەر هەبووە.

---

[1]- تێر نەخۆرە، مەولود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨، لا ١٠٨

[2] بۆ شارەزابوونی زیاتر لە بارەی ئەم ئەفسانانە بڕوانە كتێبی: تێر نەخۆرە، مەولود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨

## ئەفسانە وئاین

زۆربەی زۆری ئەفسانەكان لەرووی جوگرافی و ئەو زەمینەی لەسەری دەجولێنەوە نیزیكایەتییەكی زۆرییان پێكەوە هەیە، هەروەها زۆربەشیان لەوە دڵنیان كە بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە، بیری داهێنان و نووسین سەرچاوەكەی لەوێوە یەك دەگرێتەوە كە باس لە چی دەكەن، هەر بۆ نموونە بەسەرهاتی نەورۆز بە زۆر شێوە هاتووەتە نێو بیری ئەفسانەی كوردییەوە، لە فارس و ئەفغان و وڵاتانی ئاسیاشدا هەبووە.

ئاین و ئەفسانە لە بیر و لێكدانەوەی ئەفسانەی كوردیدا شوێنەواری خۆی هەیە، كاریگەرییەكانی بۆ پێش پەیدابوونی ئاین لە نێو میللەتی كوردا دەگەڕێتەوە، كورد وەك یارمەتیدەرێ سوودی لە ئەفسانە وەرگرتووە، سوودی وەرگرتووە بۆ تێگەیشتن لە دروستكەر و خولقێنەری ئاسمان و زەوی و ژیان، پێش سەرهەڵدانی ئاینی زەردەشتی كە بە یەكێك لە ئاینە دێرینەكانی كورد دادەنرێ، كورد سوودی لەو ئاینە وەرگرتووە بۆ راڤە كردنی پرسیارەكانی بوون و دروست بوونەوە و كۆتایی ژیان و دنیا، هەروەها سوودی لە ئەفسانە وەرگرتووە، لە وێنە و ئەو سەرچاوانەی كە دۆزراونەتەوە ئاماژە بەوە دەكەن كە كورد بڕوای بە هێزێكی گەورە هەبووە ئەو هێزەش بە وێنەی هەمەچەشن نەخشاندوویەتی، گەر تێبینی وێنەكانی سەر ئەو پاشماوانە بكەین كە دۆزراونەتەوە هەمیشە شێوەكانی سروشت دەبینین، وەك هەتاو و باران و زەوی و بروسكە و چیا، هەروەها تێبینی دەسەڵاتی سروشت بەسەر مرۆڤەوە دەكەین كە ئەمەش مانای وایە ئەو كاتە زیاتر كورد بڕوای بە هێز هەبووە لە هەموو شتەكاندا، هەر پاشانیش كە ئاینی زەردەشت لە ناوچەكەی ئەودا بڵاو بووەوە، شێوەكانی سروشت لەو ئاینەشدا رەنگی دایەوە لە بابەت رووناكی و ئاگر و خۆڵەمێش.

(هەر بۆ نموونە كاتێ دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئاینییەكانی هیندستان، بەم جۆرەی خوارەوە وەرم گرتووە بۆ بەراوردكاری لەگەڵ ناوی خواوەندەكانی میدی و پێش زەردەشتیان كە دەكرێتە ٣ بەش"خودایانی ئاسمان"و"خودایانی زەوی"و"خودایانی نێوەند")[١]. كەواتە بەو پێیەی سەرەوە ئاین لەو كاتەشدا بەشێك بووە لە سیفەتەكانی ئەفسانە و سروشت و

---

[١] گۆڕ دەخمەكانی میدیا و زەردەشتییان و رێوڕەسمی مردوو سپاردن بە شاخ، عەبدولخالق سەرسام، ئاراس ٢٠٠٩، ٢٩٧.

رووبەر، واتە ئاین پەیوەست بووە بە شتەكانی دنیایەوە، كاتێكیش ئەو ئاینە دەگاتە زەردەشت هەر لەو تەوەرەدا دەسوڕێتەوە.

كە ئاینەكان دەبنە سەرچاوەیەك بۆ وێناكردنی ژیان و سروشت و دەربڕینی هێزی سروشت پێویستیان بەهێزێكە لەدەرەوەی بیركردنەوە و لێكدانەوەی عەقڵ "كە زەردەشت دێت و زەردەشتییەت سەرهەڵدەدا وەك ئاینێك یەكسەر بڕوا بە خواوەندی تاكو تەنیا دەهێنێ، ئاهورامزدا هێزی رووناكی و ژیان و ناخ و فیكر، ئەهریمەن هێزی تاریكی و مردن و بەڵا و نەخۆشییە لە هەمان كاتدا دەبینین لە سەردەمی زەردەشتیشدا "گا" دەوری پیرۆزی خۆی ون ناكات، كاتێ كە مرۆڤ دەستی بە مردوو دەكەوێ دەبێ خۆی بە "میزی گا" تەعقیم بكات، یان بشواتەوە"[١].

گا وەك نموونەیەك لە زۆربەی ئەفسانەكانی ئاشوور و سۆمەردا بوونێكی ئەفسانەیی هەبووە، ئەو گایە لە هەندێ ئایندا سیمبولّی پیرۆزیی بووە، ئێستەش هیندۆزەكان بە سیمبولی پیرۆزیی تەماشای دەكەن، واتە سیمبولّ بووە بۆ بەرەكەت و خێر و زیادكردن، هەر ئەمەش وای كردووە لە رێگای ئاینەوە بێتە نێو ئەفسانەكانەوە، وەك نموونەیەك بۆ رووبەروبوونەوە و زیادكردن و مەزن بوون.

كەواتە پەیوەندی ئاین و ئەفسانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە تا چ رادەیەك كاریگەری لە نێوان بڕوا لەو شتانەدا هەیە كە لەو ئاینەدا بەكارهاتوون، لە ئەفسانەی دێرینی كوردیدا تووڕەبوونەكانی خوا بەشێوەی ژیان و دووبارە زیندووبوونەوە، هەروەها نموونەی ئەفسانەیی لە كتێبە ئاینیەكاندا دەردەكەوێ لە بارەی مردن و ژیانەوە و دروستبوون و پێكهاتنی زەوی و سەوزبوون و هیشك بوونی سروشت.

پاشان لە ئاینی زەردەشتیدا كە ئاینی كۆنی كوردە وشەی سروشت بە بەربلاوی پیرۆز كراوە" كەواتە كاتێ شاخ لەلای زەردەشتیاندا وەكو خاك رەفتاری لەگەڵ نەكراوە بەڵكو سەردەمێك شاخ پیرۆز نەبووە وەكو خاك كە گیا و گوڵ و دار و درەخت گەنم و دانەوێڵە

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤

وەبەرهەم دێنێت نەك وەكو شاخ كە رووەكی لیٚ شین نابێت بە واتایەكی تر ژیان وەبەرهەم ناهێنیٚ یان كەرەستەكانی ژیان "[1].

ئەم كاریگەرییە لە ئەفسانە نوێیەكانیشدا رەنگ دەدەنەوە، تا دەگاتە نێو ئاینی ئیسلامیش، مرۆڤی كورد هەولّی داوە وێنە ئەفسانەییەكان ببەستێتەوە بە ئاینەوە بەلاّم بەشێوەیەك كە ئەركی هەبێت، واتە بەبیٚ هیچ ئەركێك هیچ كاراكتەرێكی ئەفسانەیی پەیوەندی ئاینی لەگەلّ مەسەلەكاندا دروست نەكردووە، واتە بەبیٚ هیچ پەیوەندییەكی كۆن و دێرین ئەو كاراكتەرانە هەروا نەخراونەتە نێو چوارچێوەی نووسینەوە، لە سەردەمی پێش سەرهەلّدانی ئاینی ئیسلام سزادان كەسانی خراپ لەو ئەفسانانەدا وا تەعبیر دەكرا كە سزای قوولّی پەیوەندییەكانن، مارێكی مەزن دەچووە لەشیەوە، ئەندامەكانی لەشی دەبوونە دوژمنی، خەونی بە دنیایەكی تاریكەوە دەبینی، مرۆڤەكانی دەگۆڕان بۆ گیانلەبەر، منداڵەكانی دلّیان لە لەشی دەهێنایە دەریٚ، رۆحێكی شەڕانی ئۆقرەی لیٚ دەبڕی. كاتیٚ ئاینی ئیسلام دێتە نێوەندەوە پەیوەندی ئەفسانە دەبێتە تۆلّە، تۆلّە سەندنەوە لە شێوەی ئەوەی كە پەیوەندییەكان سەرتاپا سەرنگوون دەبن، فریشتە شەڕانییەكان دەبنە میوانی، شەیتان دەچێتە گیانییەوە، وردە وردە لە پاڕانەوەكان دوور دەكەوێتەوە، هەروەها كاراكتەرەكان بریتین لە جنۆكە و تارمایی و رۆحە زیندووبووەكان و تەرمە هەستاوەكان...تاد.

لە رووی مێژووەوە زۆرێك لە چیرۆك و شوێنەوارە ئەفسانەییەكان پەیوەندییەكی هاوبەشیان هەیە لەگەلّ ئاین و میللەتەكانی تردا "زۆر شوێنی كوردستان بە (قەلاّی گاوران) (ئەشكەوتی گاوران) و (دۆلّی كافران) و زۆری تر بە ناوی (گاور) ناو دەبرێن "[2]. بۆیە شوێن نەك لای زەردەشتییەكان پێشتر لە ئاینەكانی تریشدا هەر هەبووە، دیمەن و شتەكانی سروشت حیسابیان بۆ كراوە، واتە ئەو دیمەنانە بەشێك بوون لە پەیوەندیی رۆحیی ئەو كاتە،

---

[1] گۆڕ دەخمەكانی میدیا و زەردەشتییان و رێورەسمی مردوو سپاردن بە شاخ، عەبدولخالق سەرسام، ٢٠٠٩، ئاراس، لا ١١

[2]- زیاتر لە عەشقێك/ كۆمەلّێك بابەتی مێژوویی و كولتووریی و فۆلكلۆریی ناوچە جیاجیاكانی نێو كوردەوارییە، مەولود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨ هەولێر، لا ١١٢

کەواتە بیری داهێنان و نووسینی فۆلکلۆری کە سەرچاوەیەکە لە گێڕانەوەی خەڵکی کاریگەرییەکانی ئاینی بەسەرەوە بووە، نەك ئەمەش بڕێکی زۆر لەو گێڕانەوانە کەم تا زۆر لەگەڵ ئاین و بیری ئاینی پێش خۆیاندا تێکەڵ بوون ، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت کورد بە تایبەت پاش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام نەیتوانییوە بە دابڕاوی لە نێوان مێژووەکەی خۆیی و مێژوویی دەوروبەرەکەی ئەفسانەیەکی تەواو پاراو و پەتی تایبەت بەخۆی هەبێ هەمیشە کاریگەرییەکانی دەوروبەری بەسەرەوە بووە.

هەر بۆ نموونە لە ئەفسانەی کوردیدا کاریگەریی ئاین گەلێ مەزنە، لەو ئەفسانە دێرینانەی کە لەبەردەستدا ماون، کاریگەری ئاینی زەردەشتی لە ئەفسانەکانی نەورۆز و دێوەکان و ئەو ئەفسانانەدا ماوە کە باس لە دڕندەیی و هێزی گیانلەبەرە ئەفسانەییەکان دەکەن، بەڵام لە ئەفسانەکانی پاش ئەو سەردەمە واتە پاش پەیدابوونی ئاینی ئیسلام کاریگەری ئاین زۆر گەورەیە بۆ نموونە ئەفسانەکانی"خدری زیندە" و "شێخی سەنعان"و"غەوز" و"باباگوڕگوڕ" و دەیەها نموونەی تر کە لە کوردستاندا تا ئەم ساتەش وەك ئەفسانەیەك تەماشا دەکرێن، زۆر لە سەرچاوە و مەرقەدە ئیسلامییەکان چیرۆك و بەسەرهاتی ئەفسانەیی سەیریان لێ دروست کراوە، زۆربەیان باس لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی سەیر سەیر دەکەن، لەمەڕ هێز و توانای ئەو ئیمام و مەرقەدە ئیسلامییانەی لەو سەردەمەدا ماون ئەو شتانەی کە زۆر دەگێڕدرێنەوە و لە شێوەی ئەفسانە ئامێزدا باس دەکرێن، باس لەو ڕێگریانە دەکەن کە ئەم شوێنانە دروستیان کردووە، ڕێگرتن لە نەبردنی شەقام و شکانی هێز و دەرکەوتنی رووناکی و چاککردنەوەی کەسانی پەککەوتە، هەروەها سەرهەڵدانی ڕووداوی پشت بەستوو بە ئیمام و جنۆکە و شێخ.

لەرووی هونەری ئەفسانەییەوە ئەفسانە ئاینییەکان تا رادەیەکی زۆر زیادەڕۆیی پێوە دیارە، واتە زۆر لە گێڕانەوەکان زیادەڕۆییان بۆ کراوە و رەنگە سەرچاوەکەشی لە بڕوا و ترسەوە هاتبێت، کاریگەری ئاینی ئیسلام کاریگەرییەکی ئەفسانە ئامێز بووە بۆیە ئەو ئەفسانانەی پاش هاتنی ئیسلام لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەرکەوتن مۆرکێکی ترسئامێزیان پێوە دیارە، زیاتر مەبەستی بڕواخوازی لە پشتەوەیە تا هونەری گێڕانەوە، کارەکتەرە ئەفسانەییەکانیشیان بەزۆری لە یەکتری دەچن کە ئەمەش بۆ خۆی وای کردووە بیر و لێکدانەوەکان لە یەکترییەوە نزیك بن.

سەرچاوەیەكی دیكەش هەیە لە رێگایانەوە دەتوانینن كوردیبوونی ئەفسانەكان دەستنیشان بكەین، ئەویش ناوهێنانی جوگرافییانەی ناوچەكانە لە نێو ئەفسانەكاندا، بۆ نموونە ئەفسانەمان هەیە باس لە كێوی پیرەمەگرون و حەسارۆست دەكات، یان ئەفسانەمان هەیە كاراكتەرە سروشتییەكانی بەناو ماون وەك "وەكاشە"و"دۆڵی گورگان"و"كچان" كە ئەمانە هەموویان ناوی جێگان، كەواتە جوگرافییەكی ناسراوە، هەروەها ناوچە هەیە تەواو بە شێوەیەكی بەربڵاو جێگای خۆی لەناو ئەفسانەكاندا كردووەتەوە، ئەمەش بۆ خۆی ئەو راستییە دەردەخات كە بیری ناوچە و جوگرافیا و سروشت پەیوەندییەكی نەپساوەیان پێكەوە هەیە.

زۆر لە ناوی ناوچەكانی كوردستان ناوی ئەفسانەیین، ئاماژە نین بە هیچ مانایەكی جوگرافی، كۆمەڵایەتی و ناوی تاكەكەس، بگرە ناوی شتگەلێكن كە زۆرجار لە رووداوی ئەفسانە دەچن، پاشان زۆر گوند و گردۆڵكە لە رووداوێكی خەیاڵئامێزەوە ناویان پێ سپێردراوە، یان زۆر جار بۆ هەر شوێنێ/ كانیە/ جۆگەلەیەك ناوێكی ئەفسانەئامێز هەیە، ئەم شتەش پێویستی بە لێكۆڵینەوەی قووڵ هەیە، لەرووی شوێنەوارناسی و شیكردنەوەی فۆلكلۆرییەوە، پاشان دەبێ لە رووی ئەفسانەناسیشەوە لێكۆڵینەوەی بۆ بكرێت.

## پاڵەوانی ئەفسانە

پاڵەوانی نێو ئەفسانەی نوێ جیاوازە لەگەڵ ئەفسانەی كۆندا، سیفەتی پاڵەوان لە ئەفسانەی دێرین لەوەدابووە كە بتوانێ هەبێ و بوونی خۆی بسەلمێنێ، لە ئەفسانەی یۆنانیدا پاڵەوانەكان دروست دەبوون و دەمردن و دەژیانەوە، سۆمەرییەكان هەر بەهەمان شێوە، بەڵام لە ئەفسانەی مۆدێرندا كەسایەتی ئەوەیە كە شتێكی تایبەت ئەنجام بدات و بەردەوام بێت، ژیانەوەی بۆ نییە بەڵام دەتوانێ كەسایەتیەكی تایبەت بێت، زۆربەی ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانەی كە پاش سەدەی هەژدەهەم دروست بوون كەسانی ئاسایین.

پاڵەوانی ئەفسانەیی لەو سەردەمەدا بریتین لە كەسانی سیاسی و كلتووری كەسانی رزگاركەر، بۆ كۆمۆنیستەكان لینین نموونەیەكی ئەفسانەیی بوو، بۆ دژایەتیكردنی ئاپارتهاید( دژ بە جیاوازی رەگەزایەتی) نیلسۆن ماندێلا ئەفسانە بوو، بۆ شۆڕشی تەكنەلۆژی دۆزینەوەی رادیۆ لە لایەن ماركۆنی كارێكی ئەفسانەئامێز بوو، یاخۆ

دۆزینەوەی كارەبا لەلایەن (ئەدیسۆن) بە ئەفسانەیەكی سەردەم دادەنرێت، كەواتە هەر سەردەمە و هەر قۆناغە پاڵەوان و نموونەی ئەفسانەیی خۆی هەیە.

هەندێك پێیان وایە كەسانی ئەم سەردەمە نابنە كەسانی ئەفسانەیی، كەسی ئەفسانەیی ئەو كەسەیە كە پەیوەندییەكان دەدۆزێتەوە، واتە رێگا چارەیەك بۆ هەموو ئەو گرفتانە دەدۆزێتەوە كە دەبنە رێگر لەبەردەم پێشكەوتن، واتە رێگایەك ئاشكرا دەكات كە پێشتر كەس ئاشكرای نەكردووە، رێگایەك دەدۆزێتەوە كە رێگرە لەبەردەم دووبارە بوونەوەدا.

پاڵەوانی ئەفسانە ئەو كەسەیە پەیوەندییەكانی نێو چیرۆك بە شێوەیەكی بەرفراوان بەرجەستە دەكات، پاڵەوانی نێو ئەفسانە هەوڵ دەدات گشت پەیوەندییەكان لە خاڵێكدا پێكەوە ببەستێتەوە، زۆربەی ئەوانەی كە ئەم شێوە پەیوەندییانە دەخوێننەوە هەوڵی ئەوە دەدەن، تا پردێك لە نێوان خۆیان و دەوروبەریاندا دروست بكەن.

پاڵەوانی نێو ئەفسانەی كوردی هەوڵی داوە ترسناكییە تایبەتیەكان دەست نیشان بكات و بارودۆخی رووداوەكان لە حاڵەتی تراژیدییەوە ببات بۆ كۆمیدیا، واتە پاڵەوان بە سادەیی دێتە پێشێ و پاشان لە حاڵەتێكی تایبەتیدا كە حاڵەتی گۆڕانكارییە لە ئاسانەوە بۆ رووداوە، پاڵەوان دێتە ناوەوە بۆ ئەوەی كاریگەریی لەسەر رووداوەكان هەبێت، هەندێ جار رووداوەكان روویانداوە و ئەو دێت چاكیان دەكاتەوە و رێڕەوەكەی دەگۆڕێ، یا ئەوەتا روویان نەداوە، بەڵام ئەو دێت ئاشكرایان دەكات، لەم حاڵەتەشدا دوو كاریگەری لە دەرەوەی هێز و توانا ی پاڵەوانەوە كار دەكەنە سەر رووداوەكان. لە هەموو سەردەمێكدا حاڵەتەكان بەم شێوەیە بووە، چ لە سەردەمی ئەفسانەی دێرین، یاخۆ ئەفسانەی نوێ، پاڵەوانی قەڵای دمدم دەكرێ بە پاڵەوانانی ئەفسانەی نوێ لە قەڵەم بدرێ، بەڵام ئەفسانەی "حەوت براكە"و"شازادەی نووستوو" پاڵەوانەكانییان ئەفسانەی دێرینن.

لە ئەفسانەی یۆنانی كۆندا "پاڵەوان واز لە ژیانی ئاسایی رۆژانە دێنێت و بەدووی موعجیزەدا دەگەڕێت، موعجیزەی سەروی سروشت، گەر بەسەر هێزە مەزنەكانا سەركەوێ و سەركەوتنێكی هەمیشەیی بەدەست بێنێت، ئەوە لەو گەشتە پڕ نهێنییە بە توانایەكەوە دەگەڕێتەوە تا خۆشی و توانا بە مرۆڤە هاورەگەزەكانی خۆی ببەخشێت. برۆمیسۆس چووە ئاسمان ئاگری لە خوا دزی، جارێكی تر گەڕایەوە سەر زەوی"[1].

[1]- البطل بألف وجه، جوزيف كامبل، ترجمة: حسن صقر- دار الكلمة الطبعة الآولى ٢٠٠٣ ، لا ٤١

پاڵەوانی ئەفسانە یان ئەوەتا دەبێتە رزگارکەر یان قوربانی، لە ئەفسانەی نوێدا پاڵەوانی ئەفسانەیی هەمیشە قوربانییە یا ئەوەتا بڕێکی زۆر لە تەمەنی خۆی دەکاتە قوربانی یان گیانی خۆی لەدەست دەدات، ئەفسانەی نوێ نوێنەرایەتی شتە خەیاڵییە بەچاو نەبینراو و بە عەقڵ مەزەنـدەکراوەکان ، پرۆسەی بە پاڵەوانبوون هەوڵە بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو رووداوانەی کە پێشتر سەرسوڕمانییان لای مرۆڤ دروست کردووە، هەوڵە بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکان ئەوەی کە بە کەس ناکرێتەوە.

لە مێژووی ئەفسانەی نوێی کوردییدا ناوەکانی ئەفسانەیی زۆرن کە دەکرێ بەسەر ٣ گرووپدا دابەش بکرێن، گرووپی ئەفسانە نیشتمانییەکان کە دەکرێ خۆیان لە سەرکردە و سیاسی و نموونە نیشتمانپەروەرەکاندا ببینەوە، گرووپی دووەم ئەو نموونە رۆشنبیریی و کولتووریانەن کە نموونەیان نییە و دووبارە نابنەوە، نموونەی سێیەم ئەو شتە خەیاڵیانەن کە لەم سەردەمەیدا دەگێڕدرێنەوە وەك سەرهەڵدانی موعجیزەی سروشتی و کاری مەزەندەنەکراوی تاکەکەس و هەڵتۆقینی هەندێ نموونەی کەسایەتی کە پێشتر مرۆڤ مەزەندەی نەکردووە و چاوەڕوان نەکراو بووە کە شتی وایان لێ ببینێ.

ئەو سێ حاڵەتەی سەرەوە کە خستمانە روو لە هەندێ روەوە لەگەڵ نموونەی ئەفسانەی کۆندا یەك دەگرنەوە، بەڵام ئەوەی کە جیاوازە لە نێوان ئەفسانەی کۆن و نوێ، ئەوەیە کە ئەفسانەی نوێ تا بۆی بکرێت لە فەنتازیا دوور دەکەوێتەوە، رووبەری خەیاڵ رووبەرێکە لەگەڵ واقیعدا یەك دەگرێتەوە، خەیاڵ هەوڵ دەدا دەرگایەك بێت بۆ نزیکبوونەوە لە واقیع نەك دوورکەوتنەوە بێت، خەیاڵ هەوڵ دەدات بازدان نەبێ بەسەر واقیعدا بەڵکو بەکاربردنی خەیاڵ بێت بۆ گەورەکردن و فراوانکردنی مەوداکانی بیرکردنەوە.

شۆڕشەکانی کورد لە هەندێ حاڵەتدا نیمچە ئەفسانەیەك بوون لە بەگژاچوونەوەی ئەو دوژمنە زەبەلاحانەی کە بە کەمترین توانای مرۆییی و چەك و ماتەریالیی نشووستی پێ هێنراوە، هەروەها وەستانی کەسانی شۆڕشگێڕ بەرامبەر بە دوژمن شێوەیەك بووە لە خۆبەخت کردنی ئەفسانەیی، سەرەڕای ئەوەی کەسانێك هەبوون بەدەستی ئەنقەست ویستوویانە رەنگدانەوەی ئەو ساتە ئەفسانەییانە بن کە کەسانی تر چاوەڕوانی نەبوون، کەواتە بیری ئەفسانەیی لە نێو بیری سیاسی و شۆڕشدا نموونەیەك بووە لە ئەفسانەی نوێ، رووبەڕوو بوونەوە بەرامبەر بە دوژمن شێوەیەك بووە لە تۆمارکردنی بارێکی ناوازە لە بەرهەڵستکاری، بەڵام لە هەمان کاتدا شێوەیەك بووە بۆ پێداچوونەوەی ئەو رووداوانەی کە

لەسەردەمەکانی پێش خۆی روویداوە و کەسی پاڵەوان دەیەوێ شوێنێکی نوێ لەو جێگایەدا بۆ خۆی بکاتەوە.

کەسانی گۆرانیبێژ و شاعیر و نووسەر و مۆسیك ژەن و کەسایەتییەکانی زانست و کۆمەڵایەتی دەکرێت ببنە ئەفسانەی نوێ، شاعیرێك بۆ ئەدەبی کوردی دەکرێ ئەفسانە بێت و جیاواز بێت لە هەموو شاعیرەکانی پێش خۆی، نالی دەکرێ ئەفسانەیەکی شیعری بێت، خانی داستان نووسێکی ئەفسانەیی بێت بۆ گەلی کورد، کەسێکی داهێنەر شتێك دابهێنێ کەسانی تر دایاننەهێناوە، هەروەها داهێنەر هەمیشە ئەفسانەیەکە بەڵام ئەفسانەیەکە لە سنوورێکی دیاریکراودا.

هەندێ نموونەی رووداوی تایبەت لە بابەتی رووداني خەیاڵئامێز دەکرێ بچنە خانەی ئەفسانەوە، کەسێك دەتوانێ بە توانایەکی تایبەت کارێك ئەنجام بدات، ئەمانە هەرچەندە دەچنە خانەی بەرفراوانی سایکۆلۆژی و باراسایکۆلۆژی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەچنە خانەی هەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوەی خانەکانی بیرکردنەوە.

کەواتە لێکۆڵینەوە لە توانای ئەفسانەیی لە بیرکردنەوەی ئێمەدا، ئەو جیاوازەی هەیە، کە ناتوانرێ روویەکی روون و ئاشکرای هەبێ، ئەمەش بۆ خۆی ئەو پرسیارە دروست دەکات، ئایا لە چ سەردەمێکەوە ئەفسانە لای ئێمە هەنگاوی ناوە بەرەو حاڵەتی مۆدێرنە لە چ سەردەمێکەوە وێنە کلاسیکییەکەی ئەفسانە سڕاوەتەوە، لە چ سەردەمێکەوە پەیوەندییەکان بوونی خۆیان کوژاندووەتەوە؟

## سەرچاوەکان


١. البطل بألف وجة، جوزیف کامبلَ، ترجمة: حسن صقرـ دار الکلمة الطبعة الآولی ٢٠٠٣

٢. قربانی دیگرانیم و جلاد خویش، گی کورنو، ترجمە: زهرا وسوق، کاروان٢٠٠٨

٣. تێر نەخۆرە، مەولود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨

٤. گۆڕ دەخمەکانی میدیا و زەردەشتییان و رێوڕەسمی مردوو سپاردن بە شاخ، عەبدولخالق سەرسام، ئاراس ٢٠٠٩

٥. زیاتر لە عەشقێك/ کۆمەڵێك بابەتی مێژوویی و کولتووریی و فۆلکلۆریی ناوچە جیاجیاکانی نێو کوردەوارییە، مەولود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨ هەولێر،

# پێشەکی ئەنتۆلۆجیای شیعری کوردی

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

**وتەیەك:**

ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بە عەرەبی نووسراوە، پێشەکییەك بووە بۆ ئەنتۆلۆجیای شیعری کوردی لە سەدەیەکدا، ساڵی ٢٠٠٨ لە بەیروت، لەلایەن دەزگای (شرق-غرب-مسارات)وە بلاوکراوەتەوە.

من لەم پێشەکییەدا شیعری نوێم کردووە بە سێ قۆناغەوە، یا سێ دیمەنەوە: دیمەنی نوێگەریی یەکەم، کە سەردەمی پێشەنگایەتی (ریادەت) دەگرێتەوە تا شەستەکان. نوێگەری دووەم، لە حەفتاکانەوە دێت و دەکشێ، دیمەنی سێیەم لە نەوەدەکانەوەیە.

لە شیعری ئەم دیمەن و قۆناغانەدا چەند خەسڵەتێکم دەستنیشانکردووە. بۆ نموونە لە نوێگەریی یەکەمدا بەنیادێك بونیادێکی زاڵە ناومناوە بونیادی گەشبینی (بنية التفاؤل) لە نوێگەریی دووەمدا بونیادێکی تر زیاتر زەقدەبێتەوە ناومناوە، بونیادی یاخیبوون و کپبوون و هەستانەوە (بنية التمرد و الخيبة و النهوض) لە دیمەنی سێیەمدا بونیادێکی تر زاڵدەبێت و پەرەدەسێنێت، ناومناوە بونیادی عەدەم و ئاوابوون (بنية الزوال و الغياب). دیارە ئەمانە شتێك نین وەك زانستی ماتماتیك چەسپاو و نەگۆڕبن، بەلام ئەنجامگەلێکن لە واقعی پەرەسەندن و نوێبوونەوەی شیعری سەدەیەکەوە هەڵقولاون.

رەخنەگری عێراقی حاتم محەمەد سەکەر، لە وتارێکدا دەربارەی ئەم پێشەکییەی ئێمە، کەلە رۆژنامەی (الزمان الدولی)دا بلاویکردۆتەوە دەڵێت: نووسینێکی جیدییەو دەکرێت کاری لەسەر بکرێت و بۆ خوێندنەوەی قۆناغەکان کاری پێبکرێت. هەروەها دەڵێت: دابەشکردنێکی ئیفتیرازیی جوانە. پێموایە، ئەم بونیادانە لە قۆناغەکانی چیرۆکی

نوێشماندا ڕەنگیانداوەتەوە و فرەیشبوون.ئەم نووسینە پرۆژەی کتێبێکی گەورەیە. دەمەوێ ئەوەیش بڵێم، ئێمە لە نووسینەکەدا نوێگەری لە بێداربوونەوە (نهضة) جیادەکەینەوە. ئەمەیش بابەتێکی ترە، بە ئومێدی ئەوەین لە نووسینێکی تردا لەسەری بدوێین.

* * *

تەمەنی نوێگەریی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا دەگاتە دە دەیە یا چەند ساڵێك کەمتر، چەند ساڵێك هەوڵی شاعیرانی بێداربوونەوە پێش ئەم کەوتووە، کە بوو بە دەروازەیەك بۆ چوونە ناو نوێگەرییەوە.

لە شیعری بێداربوونەوەدا جەخت لەسەر چەند کێشەو بابەتێك کرایەوە، کە تایبەت بوون بە سەردەمەکە، ئەمە بێ ئەوەی شاعیرانی بێداربوونەوە واز لە شێوازو کەرەستەی باو بهێنن، وەك پشتبەستن بە ستوونی شیعرو بنیاتی عەروزیی ڕەقو ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە شیعری ستوونی و زلکردنی ڕۆڵی ڕەوانبێژی، بۆیە لەو کاتانەدا بانگەشە بۆ ئەوە ئەکرا شیعری ستوونی بکرێت بە وەسیلەیەك بۆ خستنەڕوی ئەو بابەتانەی، کە لە سەردەمو گۆڕەپانەکەدا دەهاتنە کایەوە. بەڵام ئەمە بۆ خۆی بە کورتییو ناهاوجۆریی نێوان دوانەی بنیاتو مەعنا دەژمێردرێت.

راستیش نییە بنیاتنراو لە پێشکەوتنی مەعنا دواکەوێتو لە دیدو روئیا دوورکەوێتەوە. چونکە بنیاتە باوەکان ناتوانن مەعناو دیدی نوێ لە خۆیاندا هەڵبگرن.

لە سەرەتای سەدەی بیستدا تا رادەیەك هەموو کارەکان لەسەر گشت ئاستەکان کەوتنە بەر زەبری نوێبوونەوە، ئاستی سیاسیو ئابووریو ئەدەبییو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو فیکری. ئیمپریالیزمی داگیرکەر، لە بواری ئیداریو سیاسیو پیشەسازیدا شتێکی لە ئەدگاری شارستانیی خۆی هێنا.

هەرچەندە نیازی دوژمنانەی خۆی بۆ قەوارەو بوونمان ئاشکرا کردبوو، بەڵام ئەو وەك فاکتەرێکی دەرەکی ئەوەی بەسەرماندا سەپاند هیمەت بکەین، چاوی بەسەر دنیایەکی مۆدێرنا کردینەوە، کە بە پەرەسەندنو پێشکەوتنی پیشەسازیو فیکری رۆشنگەریو تەکنیکی نوێ دەوڵەمەندکرابوو. لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی راستەوخۆی نووسەرانمان لە نزیکەوە بە شاعیرانو رۆشنبیرانی تورکو رۆشنبیریی تورکییەوە کاریگەرییەکی دیاری بەسەر یەکەم ناوکی نوێگەریی کوردییەوە هەبوو، هەندێکیان لە شارەکانی تورکیای سەردەمی عوسمانیدا پلەوپایەی ئیدارییان هەبوو، ئەلەوێوە بە باشی زمانی تورکی

فێربوونو ئەمە یارمەتیدەر بوو بتوانن لە بزوتنەوەی نوێكردنەوەی توركیا بە ئاگابن. هەر لەو رێگایەیشەوە لە رۆشنبیریی رۆژئاواو دەقی نوێ نزیكببنەوە بەهۆی وەرگێڕانیانەوە بۆ سەر زمانی توركی. لەوانە شاعیری پێشەنگ عەبدوڵلا گۆران، كە زمانی عەرەبیو فارسیو توركیو ئینگلیزی بەباشی دەزانی، هەروەها شاعیری ناسراو شێخ نوری شێخ ساڵح، كە لە چەند روویەكەوە رۆڵی تیۆردارێژی لە شیعری كوردیدا بینی، هەروەها شاعیرو رۆژنامەنووس (پیرەمێرد)ی نەمر كە چەندەها پلەوپایەی لە شارەكانی توركیادا بینیوەو بیری پڕ بووە لە رۆشنبیرییەكی نوێ لە شیعرو شێوازی رۆژنامەوانیو ژیانی رۆژانەیدا رەنگی دابووەوە.

لە بیستەكانی سەدەی رابردوودا، گۆران، لەرێگای دەقە نوێكانییەوە و شێخ نوری شێخ ساڵحیش لەرێگای نووسینە تیورییەكانییەوە دەربارەی نوێبوونەوە، شۆرشێكیان دژ بە چوارچێوە شیعرییە سواو و كەرەستە پەككەوتووەكانو بەها باوەكان بەرپاكرد. لەوێوە شیعری كورد قۆناغێكی تری گرتەبەر، عەبدوڵلا گۆران بنەماكانی دائەرشت، نەوە شیعرییە جۆراوجۆرەكانی دواتر بەرزیانكردەوە. گۆران دژی كێشی شیعریی كۆنو بەیتی چەقبەستوو و ستوونی بەردئامێز وەستا، سەربەستیی بە شاعیر بەخشی تا دەسكاری ژمارەی تەفعیلەكان لە دێردا بكاتو بەشێوەیەك كەم یا زۆریان بكات كە لەگەڵ هەستی سەربەستو روئیای كراوەی شاعیردا بگونجێن.

ئەو وازی لە مەبەستە شیعرییە باوەكان هێنا كە بەدرێژایی سەردەمانی كۆن چەقیان بەستبوو.

وەك (ستایشو فەخرو هیجاو غەزەلو نێربازیو وەسفی خۆڕایی كە بیانوی وای لە پاڵدا نەبوو).

بەپێی توانا ویستی لە دەسەڵاتی رەوانبێژیو زمانڕازاندنەوەو سەختیی زمانەوانیی مەنتیق ئامێز كەمبكاتەوە.

ژیانی نوێو پەرەسەندنی سیاسیو كۆمەڵایەتیو فیكری دیدو روئیای نوێی سەپاند، ئیتر بەرامبەر ئەمە پێویست بوو شاعیر بە دوای شێوازی هونەریی جۆراوجۆردا بگەڕێت بە مەبەستی مامەڵەكردن لەگەڵیاندا.

مادەم قسە لەسەر ئامادەکردنی ئەنتۆلۆجیا بۆ شیعری نوێی کوردی دەکەین، هەر لە گۆرانی پێشەنگێوە تا ئێستا، پێویستە باسی ئەم شیعرە لە ماوەی سەدەیەکیدا بکەین، ئەمەیش بۆ کارئاسانکردنو روونکردنەوەی دیمەنی گشتیی شیعری نوێی کوردی، کە لێرەدا دەیکەین بەسێ نەوەو سێ قۆناغەوە، لەگەڵ خۆپاراستنمان لەمەر دەستنیشانکردنی نەوەی شیعری بە دەیەو دوو دەیە. چونکە نەوە بە دەیەیەك دەستنیشاننناکرێتو پێمانوایشە ئەم نەوە شیعرییانەی کە لێرەدا باسیاندەکەین لە کۆتاییدا یەکدەگرنەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بزوتنەوەی نوێگەرییەکە بە گشتی.

نوێگەریی یەکەم، یا با بڵێین قۆناغی پێشەنگەکان بە دیمەنێکی شیعریی بەپیتو جیاواز دائەنرێت لە شیعری کوردیدا.

لەم قۆناغو دیمەنەدا، واتە لە نوێگەریی یەکەمدا، یاخیبوونێك لە میراتێکی شیعریی پانوبەرین روویداوە، کە رەگی لە ئەدەبی کوریدا داکوتاوەو نەریتێکی شیعریی رەقو سنورێکی هونەری دەسەڵاتی بەسەر زەینی شیعریدا شکاندۆتەوە، بگرە سەرکێشیی خەیاڵو کاریگەریی خەیاڵدانی (المخیلة) کۆتکردووە. وەك دەسەڵاتی کەرەستەی رەوانبێژیو مەبەستە شیعرییە دووبارەکراوەکانو چەشنخوازیی ئامادەکراو.

عەبدوڵڵا گۆرانو هاونەوەکانی توانییان لەو نیشانە جوداکەرانە یاخی بنو قەسیدە لە وەستانو زەوقی باوی بەربڵاو دەرکەن.

ئەوان، لەم رووەوە، ئاسۆی چاوەڕوانیی دەقو ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەریان گۆڕی. قەسیدە لە قۆناغی پێشەنگەکانەوە بەو شێوەیە نەمایەوە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی شیعری کوردیی سەدەی حەڤدەو هەژدەدا بگونجێت، بەڵکو بۆشاییەك کەوتە نێوانیانەوە کە لە بەرژەوەندیی شیعری نوێدا بوو. بەرامبەر ئەم پێشکەوتنە، خوێنەری دەقێکی نوێ چاوەڕوانی ئەوەی لە ئاسۆی چاوەڕوانی شیعرێکی گۆران، یا کامەران نەدەکرد، وەك ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەی دەقێکی کوردیی سەدەی نۆزدەیەم دەیخواست.

هەموو شتێك گۆڕا، بونیاد، وێنە، روئیا، ئیتر شیعر وا نەمایەوە بابەتێك، یا مەبەستێك (غرض) بێت، بەڵکو بوو بە ئەزموونی زیندووی شاعیر.

بۆیە هەر شاعیرێکی نوێیش داهێنەر بووبێت، ئەزمونی تایبەتیو روئیای جیاوازی هەبوو. ئیتر خوێنەر چاوەڕوانی زاڵبوونی عەروزو وەسفی خۆڕایی رووتو بەتاڵی لە خەمی سەردەم نەدەکرد. بونیادی بێداربوونەوەو گەشبینی بوو بە خەسڵەتی دەسەڵاتدارو دیاری

شیعری قۆناغی پێشەنگایەتی، كە بەلای ئێمەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری نوێوە تا ساڵانی شەست دەسپێدەكات. لە پاڵ سەرهەڵدانو زیادبوونی هەستی ستاتیكیو هونەری شاعیرەكانی ئەم قۆناغە (واتە، شاعیرانی نوێگەریی یەكەم) جەختیان لەسەر رۆحی خەبات دژ بە هەمو بەرە دەرەكییەكان كرد، كە ستەمی داگیركەر نوێنەرایەتی دەكردن، لەسەر ئاستی ناوەكی، دژی جیاوازی چینایەتیو نەداریو گوتاری مێسالاریو پەراوێزخستنی ئافرەتو سڕینەوەی رۆڵی لە ژیانی كۆمەڵایەتیو مەدەنی و ئیداریدا وەستانەوە.

ئەم شتانە بەرۆحێكی ئینسانیی لەسەرخۆو ورەیەكی بەرزو روئیایەكی پڕ لە گەشبینی و دڵنیابوون لە رۆڵی تێكۆشانو گەشبوونەوەی وشە بۆ داكۆكیكردن لە بەهای ئازادیو بێداركردنەوەی خەمەكان، دەخرانە روو.

شاعیری نوێگەریی یەكەم، كاتی خۆدانی لە گۆشەیەكی كۆمەڵایەتی یا كاتی وێنەگرتنی دیمەنی تاوانێك كە دەستی داگیركەر یا تاقمێكی كۆمەڵایەتی دژی منداڵێكی جلشر یا ئافرەتێكی دەزگایەكی باوكسالاری كۆمەڵایەتی ئەنجامیان بدایە، باوەڕی بە سبەی گەشو ئایندەی رازاوە هەبوو.

دیمەنی شیعریی ئەو كاتە بە هەستێكی ستاتیكی نوێو خەسڵەتی هەستانەوەو گەشبینی دەناسرایەوە. بۆ ئەمەیش شێوازو تەكنیكو كەرەستەی گونجاو لەگەڵ ئەو ئەزمونەدا هاتنە كایەوە. شاعیر گەشبینبوو، دڵنیابوو لە رۆڵی خەباتو دەركەوتنی سپیدەی ئایندە، بۆیە لەناو كۆمەڵدا هەستی بەهیچ نامۆبوونو دابڕانێك لە كۆمەڵو هەستی كۆ نەدەكرد. ئەو لەگەڵ خودی خۆییو ناخی ئارامی خۆیدا گونجاو بوو، بۆیە بە خەمی كۆدا رۆچوو، بەرادەیەك كە خەریكبوو نەفسو دەروونی خۆی وەك تاك لە دەقەكانیدا لەبیر بكات. لە دیمەنی نوێگەریی یەكەمدا خود ( زات ) دەسەڵاتو زەبری نەبوو.

دەقەكانی قۆناغی پێشەنگایەتی رەنگی خۆیان بەسەر دەقی چەند دەیەیەكی شیعریی دوای خۆیاندا رشت، نەریتی هونەریی زاڵیشیان چەسپاند، تا رادەیەك زیانیان لە داهێنان دا، بۆیە شاعیران بە هەمان وێنەو روئیاو دیدو شێوازو تەكنیكی ئەوانەوە لاسایی نوێگەرییان دەكردەوە.

گۆرانی پێشەوا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا مرد. نەخۆشی کوشندەو بەربەرەکانیی لەگەڵیا بواری نەدا بەشێوەیەکی باشتر پرۆژەی مۆدێرنی خۆی دەوڵەمەند بکات.

بەرپابوونی شۆرشی نوێی کوردو سیاسەت لە شەستەکاندا شاعیرێکی زۆری لە بەردەوامبوون لەسەر پرۆژەی نوێو گەڕان بە دوای پڕکردنی شیعریەت بە هەستی ستاتیکی بەردەوام، دوورخستەوە.

هەبوون کەوتنە باوەشی سیاسەتەوە، وەك سیاسیی لەناو گۆڕەپانی سیاسەتدا، یاخود وەك ئەدیبی پابەند بە خەمی کۆمەڵایەتیو نەتەوەییەوە، لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتدا، ئیتر زۆر لە شاعیران نەیانتوانی پارسەنگیی لەنێوان خەمی کۆو خەمی نەتەوەییو سیاسیی نوێو نێوان بەخشینی ئاوی نوێو هەستی ستاتیکی هونەریی گەشاوەدا بەدیبهێنن و بیپارێزن. ئا لێرەوە سیاسەتو ئیدۆلۆجیا لە زۆربەی کاتدا بەسەر دەقە شیعرییەکاندا زاڵبوون، قۆناغەکەیش خەمی هاندەری (الهم التحريضي) بەخۆوە بینی، ئەمەیش لەگەڵ خۆیدا پێکهاتەیەکی شیعریی وەهای هێنا و نەفەسی وتارئامێزو غینائییەتی بە یەکەوە گرێدا بوو. بۆیە شتێکی نامۆ نەبوو دروشم زۆر بێتو شتەکان لەچوارچێوەی دەقدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ مامەڵەیان لە تەکدا بکرێت. یاخود روونییەکیان پێوە دیار بێت لە نرخی هەستی نوێخوازی کەمبکاتەوەو تۆڕی دەلالی دەق بێهێزبکات.

ئا بەم شێوەیە، شۆرشی کورد لەلایەكو سیستمی گشتگەریی دەسەڵاتدار لە سەنتەر لەلایەکی ترەوە شاعیرانی ئەم قۆناغە، یا با بڵێین شاعیرانی دەیەی شەستیان بەسەر دوو دەستەدا دابەشکرد، دەستەیەکیان چوونە ناو شۆرشەوەو پابەندی هیڵی سیاسی بوون، تیایاندا بوو لەگەڵ سیاسەتدا نەبوو بەڵام چوو بە دەنگەوەو لە ئەدەبیاتی شۆرشدا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەینووسیو هەوڵیئەدا رۆحی مقاوەمەتو یاخیبوون بکات بە بەری دەقگەلێکدا کە زۆرجار هەر لە سرودی رووت دەچوون.

هەیشبوو لەگەڵ سیاسەتێکی دیاریکراودا نەڕۆیشت، بەڵام پابەندبوو بەو ئەرکەی کە قۆناغە نیشتمانییەکە گەرەکی بوو.

دەستەی دووەم وایان بە باش زانی لە شاردا بمێننەوە بە خۆیاندا چوونەوە. کەمیان بڵاودەکردەوە، یاخود بەهۆی نەبوونی ئازادیو سەپاندنی کۆتی ئەستور بەسەر بڵاوکردنەوەدا، بڵاوکردنەوەیان لەخۆیان قەدەغەکرد.

ئەم دۆخە سەختە تازەیە فاکتەری مەوزوعی وەهای خولقاند، کە بووە هۆی هێواش ڕێکردنی بزوتنەوەی نوێگەری لە شەستەکاندا، هەروەها کارێکی سلبی وەهای کرد، دیاردەی دووبارەکردنەوەو جوینەوەی ئەو شێوازو تیمانەی هێنایە گۆڕەپانەکەوە، کە لە دەیەکانی پێشوودا بەرهەمهێنرابوون.

لە شەستەکاندا ئەو پارسەنگییە پێویستە قورسە لە دەستدرا، کە بزوتنەوەی شیعریی پێشەنگایەتی، ویستی لە سەرەتادا بەدەستیبهێنێت، پێشەواکانی شیعری کوردی لە هەوڵو پرۆژەکانیاندا بە دەستێك شێوازی شڕیان وەلادەناو بە دەستێکی تریشیان، لەسەر تەرزێکی تر، بە کەرەستەی جوانو تەکنیکی نوێ جیهانی شیعریی خۆیان بەرزدەکردەوە، بێ ئەوەی بەهای کۆمەلآیەتیو خەمی کۆمەڵ لەبیر بکەن.

ئێمە وا دەبینین کە دەیەی شەستی شیعری کوردی بە دەیەیەکی تاریك دائەنرێت، بە پێچەوانەی شەستەکانی شیعری عەرەبیو فارسییەوە. لە لوبنان گۆڤاری (شعر) زۆربەی دەنگە نوێکانی بۆ خۆی کۆکردبووەوە، هەروەها بەشدارییەکی ئاشکرای هەبوو بۆ هێنانی شێوەیەکی شیعریی جیاو جیاوز لە شیعری نوێگەریی یەکەم لەسەر ئاستی هونەرییو دیدو روئیا.

لە ئێرانیش لە شەستەکاندا شەپۆلێکی نوێ دەرکەوت لە هەوڵی خێرادا بوو بۆ جیانووسین لە نیمایوشیجی پێشەنگو هاونەوەکانی. لە شەستەکاندا چەند دەقێکی نوێی ئەحمەد رەزا ئەحمەدیو سوهرابو یەدوڵڵای روئیایی ( کە بەیاننامەیەکی بەناوی) (حجم) وە، لەگەڵ چەند ئەدیبو شاعیرێکی نوێدا دەرکرد، دەقەکانیان لە کەشوهەوای ئەو دەقانە دوورکەوتنەوە، کە شاعیرانی (جریك)ی خەباتگێرو ئەوانە نووسیبوونیان کە چووبوونە ریزی بزوتنەوە سیاسییە چەپڕەوەکانەوە، کە بە نهێنی کاریاندەکردو بانگەشەیان بۆ پابەندبوون بە هەستی هاندەرو وروژێنەر لە ئەدەبدا دەکرد.

وا دەبینم ئەو گۆمشڵەقاندنەی کە شەستەکان لە شیعری عەرەبیو فارسیدا رویداو لە لێکۆڵینەوە رەخنەییەکاندا پێی دەوترێ شەپۆلێکی نوێ یا نوێگەریی دووەم، سەرهەڵدانی، لە شیعری کوردیدا دواکەوت و مایەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان. ئەم دواکەتنەیش هۆی

خـۆیی خـۆی هەیـە، کـە پەیوەسـتە بـە شـاعیر خـۆیو هەنـدێکیش پەیوەنـدیی بەلایـەنی مەوزوعیو کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە هەیە.

نیشانەکانی نوێگەریی دووەمی شیعری کوردی لە حەفتاکانـەوە وەدەرکـەوتن، تیایانـدا چەند دەنگێك دەرکەوتن ئاگایان لـە رەمزەکـانی شـیعری نـوێی عـەرەبیو رۆژئـاواییو دوا گۆڕانکاریو قەناعەت بوو، کە شیعری مۆدێرنی پێگەیشتبوو. ئەوانە دەنگەلێك بـوون لـە هەوڵی ئەوەدا بوون لە دەسەڵاتی عەبدوڵڵا گۆرانو هاونەوەکانی دەرچن، بەتایبەتی لەسـەر ئاستی بەکاربردنی سروشـتو ئـافرەتو سـیحری زاڵبوویـان بەسـەر لایـەنێکی پانوبـەرینی دیمەنی شـیعری. سـەرەتاکانی شـێرکۆ بێکـەسو لـەتیف هەڵمـەتو عەبـدوڵڵا پەشـێو، بـە نموونە، کەوتبوونە بەر زەبری ئەو دەسەڵاتە بەڵام ئەوان هەر زوو لەو سیـستمە جوانکـاریو شکڵیو مەعنەوییانە دەرچوون.

شاعیرانی نوێگەریی دووەم، زوو لە هەنگاوە نوێیـە راسـتەقینەکانیاندا، ویـستیان لـەو وەستانە دوورکەونەوە کە جوینەوەی نوێی بەرهەمهێنراو لەلایەن پێـشەنگەکانەوە دروسـتی کردبوون.

شتێکی سەیریش نەبوو شاعیرێکی وەك ئەنوەر شاکەلی (فـەرهاد شـاکەلی) لـە بـەرگی یەکەمی کۆمەڵە شیعرەکەیدا کە بە ناونیشانی (پرۆژەی کودەتایەی نهێنـی)یـەوە بـوو کـە ساڵی **١٩٧٣** چاپکرابوو، ئەو دەقانەی لەخۆگرتبوو کە ساڵانی ( **١٩٦٩، ١٩٧٠، ١٩٧٢**) نووسیبوونی، سەیر نەبوو لە چـەند دێڕێکـدا بوێرانـە بنووسـێت( هۆنراوەکـانم بـە ئەوپـەڕی شانازی یەوە روو لە خوێنەران و مێژووی ئەدەبیمان ئەکەن و وەکوو پێشەنگی قۆناخێ سەر هەڵئەدەن کە قۆنـاغی "گـۆران" بـەجێ ئـەهێڵێ و هـۆنراوەی ئـەمڕۆی کوردسـتان دیـاری ئەکات)

ئەم رستە کورتانە لە بەیاننامەیەکی شیعری دەچنو بەشـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ ئامـاژە بۆ دوو قۆناغ، یا دوو نوێگەری لە شیعری کوردیدا دەکـەن. نوێگـەریی یەکـەم (نوێگـەریی عەبدوڵڵا گۆرانو هاونەوەکانێتی)و نوێگـەریی دووەمـیش لـە خـیلالی ئـەو چاوپێکەوتنو گفتوگۆو بەیاننامە شیعرییانەوە خۆی دەرخست کە لەو سەردەمەدا خرانـەڕو (بەیاننامـەی روانگە کە شێرکۆ بێکەسو حسێن عـارف و جـەلالی مـیرزا کـەریمو کاکـە مـەمو جـەمال شارباژێری دەریانکردبوو)و بەیاننامەی هەردوو شاعیر (لەتیف هەڵمەتو ئەنوەر شـاکەلی) کە لە وەختی خۆیدا رووناکی نەبینیو ساڵی **١٩٩٢** لە گۆڤاری پرۆژەکەدا بڵاوبووەوە.

ئەوە بوێرییەکی جوانە لە بیست ساڵیدا شاعیرێکی گەنج بێتو باسی رەتکردنەوە بکات، لە کاتێکدا ناوی گۆران وەك شاعیر هەر نەمرو پرشنگدار بوو و لەلای خوێنەری کورد هەیبەتێکی هەبوو و بە پیرۆزی سەیر دەکرا.

بەڕاستی دەقەکانی شێرکۆ بێکەسو لەتیف هەڵمەتو ئەنوەر قادر محەمەدو ئەنوەر شاکەلیو رەفیق سابیرو چەندانی تر (کۆمەڵە شیعرەکانیان: من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێت، خواو شارە بچکۆلەمان، پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) لە دەستەواژەو پێکهێنانی رستەو وێنەی شیعریو داڕشتنەوەو شێوازی هونەریی هەمەچەشنەو رێژەی لادانی هونەرییدا، لە دەقی قۆناغی نوێگەریی یەکەم جیاو جیاوازن.

شاعیری حەفتاکان سوودی لە ئەفسانەو دەمامك وەرئەگرتو هەوڵیئەدا لە دەرگای دەنگی جۆراوجۆر بدات. لەمەشدا سوودی لە مەودای درامی بینی کەلە هونەرو رەگەزەکانی تر دەخوازرا (شاعیرێکی وەك ئەنوەر قادر محەمەد دەماکی بەکاربرد. مەودای درامی لە دەقی شێرکۆدا رەنگیدایەوە، بەکاربردنی کەلەپوری ئایینی لە دەقی لەتیف هەڵمەتدا وەدەرکەوت، تەکنیکی سینەمایی، نەوزاد رەفعەت لە چەند دەقێکدا بەکاریبرد کە پشتی بە کردارو رووداو جووڵە دەبەست.)

لە دەقی نوێگەریی دووەمدا بایەخی جۆراوجۆر زۆر بوو بۆ بەرهەمهێنانی بونیادی فرەدەنگیو کەوتنو خامۆشبوونەوە، لە سەرەتای حەفتاکاندا بوار بۆ شاعیر لوا مەیلو ئارەزووی یاخیگەرانە پێشکەشبکات.

بارودۆخو ئاوهەوای لەبارو هێمن، بەهۆی بەیاننامەی ١١/ ئازار/ ١٩٧٠، کە تا رادەیەك دانی بە مافی نەتەوەیی رەوای میللەتی کوردستانی عێراقدا نا، بەجۆرێك لە جۆرەکان قورسایی مەودای ئیدیۆلۆجیو شۆرشگێڕانەی لەسەر شانی شاعیران کەمکردەوە. بۆیە تا رادەیەك بۆیان لوا لە خەمی کۆو کۆمەڵو گشت دووركەونەوەو بچن بەلای خەمی شیعریی خۆیانەوە. لەمەشدا زۆربوونی دەرفەتی بڵاوکردنەوەو چاپکردن لەرێگای چاپەمەنییەکانی وەزارەتی رۆشنبیریو دەزگا بایەخدەرەکان بە بڵاوکردنەوەی بیرو رۆژنامە یارمەتیدەربوون.

لەلایەکی ترەوە خەمی کۆو کۆمەڵ توغیانی سووکبووەوە، ئەم فاکتەرە یارمەتیدەرانە رێگایان بۆ ئەوە خۆشکرد شاعیر بەشێکی زۆری وەختی خۆی بۆ پرۆژەی مۆدێرنو دۆزینەوەی توانای داهێنانو تاقیکردنەوەی زاتی داهێنەرانەی خۆی تەرخانبکات. تا زیاتر

لـه شـیعر نزیکبێتـەوە، وەك نرخێکـی سـتاتیکیو ئیـشراقاتی زمانـەوانیو دیـدو روئیـاو ئامانجێکی تاکی جیاواز.

یاخود لە دەقەکانی نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتاکاندا، تێبینی فراوانبوونـەوەی فـەزای سـەرەکی شـیعریی بـۆ پێـشوازیکردن لـە بونیـادی یـاخیبوونو رژانـی تـورەیی بەسـەر دەزگاگـەلێکی کۆمەلاّیـەتی توندوتیـژو رەمـزی بـەتریارکیو زەبـری رۆشـنبیریی باوکسالارییانەو بەها ماوە سواوەکاندا دەکرا. بەلاّم ئەم ریـتمو نەغمەیـە بـەردەوام نـەبوو، خێرا بونیادی کەوتنو خامۆشبوونەوە جێگایان گـرت. بەتایبـەتی دوای هەرەسـی شۆرشـی کورد سالّی ١٩٧٥ کە هیوای لە پەلخستو خەونـەکانی بزرکـردو بەشـێوەیەکی سـلبی لـە شیعری کوردیدا چەند سالێك رەنگیدایەوە، بەلاّم لە قالّبی شیعریی بـالاّدا کـە پـڕ بـوو لـە هێما، واتە بونیادی کەوتنو خامۆشبوونەوە پـڕ کـرا لـە هەسـتی شـیعریی سـتاتیکیو لـە هەندێك کاتدا گوتارێکی دروستکرد ناراستەوخۆو پڕ لە ئیحا.

زۆربەی زۆری شـاعیرانی هەشـتا لـە رِەچـەلّەکدا حـەفتاکانن‌و بـوون بـە دەنگـی دیـاری هەشتاکان.

بە مانایەکی تر ئەوان لە کۆتایی حەفتاکاندا دەرکەوتنو لە هەشتاکاندا خۆیـان گـرتو بوون بە رەمزگەلێکی گەش لە پێشەوەی دیمەنی شـیعری، بۆیـە نـامۆ نییـە لـەم حالّەتـەدا شتێك لە بۆنو بەرامەی شیعری دەیەی حەفتاکان لەگەلّ خۆیان بهێننە ناو دیمـەنی شـیعریی هەشتاکانەوە.

بەلاّم ئەمان لە زمانو دیدو روئیاو دەربڕینی زاتو تیشکخستنە سـەر ئـەو شتانەیـشی کە لە دەرەوەی خۆیان بوون هێمنو لەسەرخۆ بوون.

لەکاتی خوێندنەوەی دەقە چاکەکانی دیمـەنی دەیـەی هەشـتا گوێـت لـە هـاوارو شـلّپەو توندوتیژی، لە چنینی زمانـەوانیو پێکهاتـەی وێنـەو ریتمـدا نییـە، بـەلّکو ئـەو دیمەنانـە نەغمەیـەکی هێـواشو خەفـەتبارو هـێمنو ئیحاداریـان تیادایـە، ئـەمیش بـە تـەکنیکی هونەریی بالاّ.

دیمـەنی شـیعریی هەشـتاکان دیمـەنێکی بەپیتـە، شـاعیران هـەلیان قواسـتۆتەوە بـۆ پیاچوونەوە بە دیمەنی شیعریی پێشەنگەکانو دەنگەکانی شاعیرانی حەفتا، بۆ ئەوەی سوود لە لایەنە گەشەکانیان ببینن‌و لە هەمان کاتدا کون و کەلەبەرەکانیشی جێبهێلّن.

لەمەشدا پشتیان بە رۆشنبیرییەکی شیعریو رەخنەیی فرە بەست، کە فرە سەرچاوەیی خوێندنەوەو گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوە رەخنەییە نوێکانو جەدەلیەتی لیرکخوازیو زیهنیو پێشرەوایەتی رەخساندبووی.

لێرەدا لادانی (انزیاح) زمانەوانی لە دەقەکاندا زۆرتر بوو. خەیاڵو خەیاڵدان سەرکێشانە کەوتنەگەر، سیستمی زنجیرەییو یەکبەدوایەکهاتن لە رەوتو بونیادی شیعردا شکێنرا.

بۆ نموونە، دەقی دەیەی پەنجاکان سیستمی زنجیرەییو یەکبەدوایەکهاتنی رستەی پێوەدیار بوو، هەر لە دەسپێکەوە تا کۆتایی بێ وەستان، یاخود بێ گەڕانەوە بۆ دواوە یا لادان بەلای شتێکداو گەڕانەوە دوای ئەوە بۆ پێشەوە، ئەمە تەواو پێچەوانەی زۆر دەقی دەیەی هەشتایە کە ئەم سیستمە زنجیرەییە مەنتیقییانەی تیا شکێنراو رووبەریان فراوانبوو بۆ لەخۆگرتنی رەگەزەکانی ترو کەرەستەکانیان. وەك گفتوگۆو مۆنتاجو کۆلاجو فلاشباك، کە بۆ خۆیان رەوتو دینامیکییەتو بونیادی دەقەکە دەگۆڕن.

ئێمە لە سەرەتادا وتمان نەوە بە تەنها دەیەیەك ناپێوین، بەلام لێکۆڵینەوە، جۆرێك لە پۆلێنکردنمان بۆ کارئاسانی لێکۆڵینەوەی رەخنەیی بەسەردا دەسپێنێت.

دیمەنە شیعرییەکان، ئەو دیمەنە شیعرییە باسکراوانە (واتە دیمەنی نوێگەریی یەکەمو دووەمو شەپۆلی سێیەم) هەموویان بەدرێژایی دەیەیەك ئەزموونی نوێگەریی کوردییان، بە خاڵە گەشەکانیو چەوتیو هەڵبەزینو دابەزینەکانیەوە پێکهێناوە.

دیمەنی شیعریی سێیەم لە نەوەدەکانەوە دەسپێدەکات، کە تیایدا فاکتەرو بارودۆخو شتی نوێ لەسەر چەند ئاستێك هاتنە کایەوە، بیانویان بە لێکۆڵەر، یا رەخنەگر دا بە قۆناغێکی نوێو ئەزمونێکی جیاوازی دابنێن لە خستنەڕوو چارەسەرکردندا.

ئەو گۆڕانکاریو پەرەسەندنە گرنگەی کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینینی، کونێکی گەورەی کردە دیوارەکەو کاریگەریی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانو رۆشنبیریدا بەجێهێلا. بەم بۆنەیەوە دەیەها دەزگای رۆشنبیریو گۆڤارو رۆژنامەی جۆراوجۆر دەرچوون، سیاسیو ئەدەبیو فیکری دوور لە دەستو مقەستی چاودێران، بەلام لێرەدا موفارەقەیەکی سەیر هەیە خوێنەر کاتی خوێندنەوەی دەقی (نەوەدەکانو تا حاڵی حازر) تۆماری دەکات، سەرنجێکی دەداتێ بۆی دەرئەکەوێت پێچەوانەی ئەو کرانەوەیە کە دۆخی سیاسیی نوێ هێنایە گۆڕەپانەکەوەو خەمخۆری و هیوایەکی نوێی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو.

ئەوەی کە ئەو دەقانە دەخوێنێتەوە یا چاودێریی بارودۆخەکە دەکات، چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئەو گۆرانکارییانەو کرانەوەکە لە دەقەکاندا رەنگیاندابێتەوە، بەڵام ئەو لەجیاتی کرانەوەو گەشبینی هەستێکی کۆستکەوتووانەو سەدایەکی تەرمئامێزانەی پێدەگات.

هەر بۆیە لە دیمەنی شیعریی نەوەدەکاندا، لە فەزای سەرەکیدا خەیاڵدانێکی بەگوژم کەوتەگەر، پڕ بوو لە بونیادی نەمانو ئاوابوون و عەدەم، کە جەختی لەسەر هەیویستی تاکئامێزو خودیی دەکردەوە لێوانلێوبوو لە هەستی شکانەوە.

قوتبەکانی نوێگەریی دووەم بایەخیان بە یادگەی کۆ دەدا، بۆیە لایان لە هێمای نەتەوەییو میللیو میتۆلۆجی کردەوە، کە لە رابردووی میللەتی کوردەوە هەڵێنجرابوون، بەڵام شاعیرانی دیمەنی سێیەم زیاتر خەیاڵدانیان خستەگەڕ، بۆیە ڕێژەی لادانی شیعریو زمانەوانی لەلایان زیاتر بوو، تا رادەیەك ئەوەی بەدوای ئەو دەقانەدا بچێت، دەگاتە بەرەڵاییەکی دیار لە هەندێکیاندا کە لە دەلالەت بەتاڵدەبنەوە. لەگەڵ داخراوەیی هەندێك دەقی تری دیمەنی شیعری نەوەدەکانو سەرهەڵدانی خەمو ئارەزوی نوخبە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەقی نەوەدەکان لای لە تۆمارکردنی دیاردەی رۆژانەی ساکار کردۆتەوەو پڕیکردووە لە بەهای شیعریی نوێ. لە نەوەدەکاندا چەند دەقێکی کۆنکرێتیو نیگارخوازی نووسراون بەسەر رەگەزەکانی تردا کرابوونەوەو سپێتی سەر کاغەزو جەدەلیەتی سپیو رەشییان لەسەر رووبەری کاغەزو فەزای دەقەکان وەگەڕخستبوو. ئەمڕو شاعیر، ساتگەلێك راو دەکات پڕن لە شکانەوەو ئاوابوون، دیمەنی شکاوو رستەی تەماوی کە شتەکان تیایاندا کۆستیان دەکەوێتو بوونەوەرەکان تیاندا لەتوپەتدەبنو خەونەکان سیسدەبنەوە، پێوەرو سنوری نێوان رەگەزەکان تێکدەشکێنێت بۆ بەدیهێنانی (شیعری دەقو شیعری کراوەو هەندێك جاریش ئەو شیعرەی کە پێی دەگوترێت شیعری نووسین).

# کێشەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق
## لێکۆڵینەوەکان لە شێوەی کارکردنی پێشنیارکراو لەلایەن هەردوو حکومەتەکەوە

**لە ئینگلیزییەوە: مینە**

ئـەو ناکۆکییـەی، کـە داواکـراوە لـە لیژنەکـە تـا زانیـاری تـەواوی لـەبارەوە بـدات بـە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، نەك تـەنیا لـە ناوەنـدی کێـشەکە، بـەڵکو هـەروەها ئـەو کێشانەی لە دید و بۆچوونی نێوان هەردوو لایەنەکەدا هەیـە، دەربـارەی ئـەو ڕێـڕەوەی کـە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ کۆتایی پێهێنانی کێشە سەرەکییەکە.

لە سەرەتای کۆنفرانسی لۆزانەوە حکومەتی تورکی حەزی لەوەیە کە لـە ڕێـی ڕاپرسـیی گشتییەوە کارەکـە بکرێـت، دەڵێـت: ئـەوە تاکـە ڕێگـەی دادوەرانەیـە بـۆ بنبڕکردنـی ئـەو کێشەیە" بەڵام لەوەدەچێت کە حکومـەتی بریتـانی حـەزی بـە دانـانی لیژنەیـەك بێـت بـۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی بە پێویستی دەزانن. کاتێ کـە ئەنجومـەنی کۆمەڵـەی نەتەوەکان بڕیاری دانانی (لیژنەی لێپرسینەوە)ی دا، شاندی تورکی وازی لـەوە نـەهێنا کـە بـیری ڕاپرسـی گـشتی لای ئـەو پەسـەندترە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە ڕازیـش بـوو بـە ڕێگـەی لێپرسینەوەی پێشنیارکراو و بە شێوەیەکی تایبـەتی پێـشی لەسـەر ئـەوە داگـرت کـە ئـەو لیژنەیەی دەنێرێت بۆ لێپرسینەوە، دەبێت دەست بکـات بـە لێکۆڵینـەوەی ئـەوەی کـە کـام یەکێ لەو دوو پلانە پێشنیارکراوە، زیاتر گونجاوە بۆ تیـشك هاویـشتنە سـەر ڕاسـتەقینەی ئارا سیاسییەکانی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ".

ئەنجومەن داوای لە لیژنەکە کرد کە ئامار لەسەر ئـارای لایەنـە پەیوەنـدارەکان بکـات، لەبارەی ئەو پلانەی کـە پێویـستە لەسـەری بـڕوات و خـۆی دەبینـێ کـە ناچـارە ڕای خـۆی دەربڕێت لەو خاڵەدا بەر لەوەی توێژینەوە لە کاروباری پەیوەسـتداردا بکـات لـە مەبەسـتی

بنەڕەتی کێشەکە. هەروەها لەو بڕوایەشدایە کە چاکتر وایە کورتەی بەرئەنجامەکانی سەرجەمی سەلماندنەکانی هەر یەکە لە حکومەتەکان پێشکەش بکات.

## کورتەی مشتومڕەکانی حکومەتی تورکیا

کارێکی ئاسان نییە کە مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ و چارەنووسی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان، بۆ ناوبژیکردن بخرێتە روو. بێگومان لیژنەکە دەتوانێت هەندێ راستی بسەلمێنێت، بەڵام ئاراکانی دەربارەی ئارەزووی دانیشتوانەکە هەرگیز بێ کەموکوڕی نابێت و ناتوانێت وابەستەی دەسەڵاتی راپرسی کۆتایی بێت. هیچ لیژنەیەك ناتوانێت راوێژ بە چەند کەسێك زیاتر بکات کە نوێنەرایەتی پارچەیەکی گچکەی رای گشتی دەکەن " کە ئەوە لە ئاستی ئارەزووی راستەقینەی گەلدا نییە"، ئەگەر ئاوابێت، ئەوە تەنیا هەر کەموکورت نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەنجامی بێ یاساییش. هەروەها چارەسەری کێشەکە بەو جۆرە کاردەکاتە سەر بەرژەوەندی سەدان هەزار لە دانیشتوان، کەواتە ویژدان و ژیریێتی سیاسی ئەوە بە پێویست دەزانن کە دەبێت هەلی ئەوە بدرێ بەو دانیشتوانە تا بەوپەڕی سەربەستییەوە بڕیار لەبارەی داهاتوی خۆیانەوە بدەن. چونکە ناکری دانیشتوانێك بە پێچەوانەی خواستی خۆیانەوە لە دەوڵەتێکەوە بخرێنە سەر دەوڵەتێکی تر. پێشتر ئەوە پەسەندکراوە، کە لەم جۆرە مەسەلانەدا پەنابردنە بەر راپرسی لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەیەك کە کێشەی لەسەرە بە پێویست زانراوە. نموونەی ئەوانەش بارودۆخەکەی سیلیسیای سەروو، دۆڵی سار و هەندێ بەشی پرۆسیای رۆژهەڵات و هەرێمەکانی سیشلاسویگ و کلاجینفۆرت و زۆر شوێنی تر. میللەتانی رۆژهەڵاتی نازانێت بۆچی مامەڵەکردنیان دەبێ جیاواز بێت لە میللەتانی ئەورووپی.

خۆ ئەگەر بکرێ لە مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵدا راپرسی بە گەلی عێراق بکرێت، ئەی چ بەربەستێك هەیە لەوەی کە نابێ لە مەسەلەیەکی زۆر لەوەش گرنگتردا راپرسی بە میللەت بکرێت "مەسەلەی میللەتێك و خستنە سەر دەوڵەتێکی تر."

رازی نەبوونی حکومەتی بریتانی بە راپرسی، دانپیانانە بە لاوازی مەسەلەکەدا و نادادوەری داواکە و ئارەزوومەندێتی و سۆزی میللەتە بەلای تورکیادا.

بەپێی ئەو (یادنامەیەی تورکیا لە مانگی ئەیلولی ١٩٢٤دا لەژێر ژمارەی VII ٤٩٤،١٩٢٤C ) هۆیەکی تریش هەیە کە راپرسی لە ویلایەتی موسڵدا بە پێویست دادەنێت، ئەویش ئەو ناکۆکیانەی کە لە بەڵگە و داتاکانی بریتانیدا هەیە لە بارەی راپرسیەکانی ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢١ کە لە عێراق ئەنجام دراوە.

أ. لەبارەی ئەو تێبینییانەی عیسمەت پاشا لە لۆزان لە ٢٣/ کانونی دووەم/ ١٩٢٣ خستییە روو، لۆرد کروزن وەڵامی دایەوە: کە کاربەدەستانی بریتانی راوێژیان بە دانیشتوانی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە و موسڵ کردووە، ئایا ئەگەر دەیانەوێ بە یەکگرتوویی یان بە جیا بمێننەوە؟ دانیشتوانی ئەو سێ شوێنە وەڵامیان دایەوە، کە هەر یەکەی پارچەیەکن لە یەکتری و جیانابنەوە و جیابوونەوەیان رەتکردەوە. لە هەمان کاتدا داوایان لێکرا کە لە هەڵبژاردنی مەلیکێکی عەرەبیدا بڕیار بدەن، بەڵام وەڵامەکەیان گشتگیری نەبوو، هەروەها کاتێ مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵ وەك مەلیك بۆ عێراق لە راپرسی گشتی ساڵی ١٩٢١دا هاتە گۆڕێ، وتی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە کۆی دەنگ لە بەرژەوەندی ئەو مەسەلەیەدا دەنگیان دا، وەك لە (تۆمارنامەی کۆنفرانسی لۆزان- بەرگی یەکەم- لاپەڕە ٢٨٩)دا هاتووە.

ب.لە هەمان روونکردنەوەدا جۆرج کروزن هێمای بە تورك کرد لە ویلایەتەکەدا، کە هەموو دانیشتوان، جگە لەوانەی کە لە کەرکوکن دەنگیان دا بە چوونە ناو عێراق و بۆ ئەمیر فەیسەڵ وەك مەلیك. (تۆمارنامەی سەرەوە- بەرگی یەکەم- لاپەڕە ٢٩٢).

ت.لەو یاداشتەی لە ١٤/کانونی یەکەم/١٩٢٣دا پێشکەشی عیسمەت پاشا کرا، لۆرد کروزن ئەم روونکردنەوانەی کردبوو، (جارێکی تر هێمای بە راپرسییەکەی ئەم دواییە کردەوە) کە هەموو ویلایەتەکەی دەگرتەوە، جگە لە کورد کە دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی و رانیە و رەواندوزن و پارچەیەکی پتەو لە میللەتێکی تەواو جیاواز لە رووی رەگەز و زمانەوە پێکدەهێنن و ئەوەش ئاساییە کە ئەوانە پێویستییان بە مامەڵەیەکی جیاواز هەیە. ناوچە عەرەبییەکان و هەرێمە کوردییەکانی دەوروبەر و شارۆچکە تورکومانیەکان بە گشتی، دەنگیان دا و جارێکی تریش (بەبێ کەرکوك) بۆ چوونە ناو دەوڵەتی عێراق و خاوەن شکۆیی ئەمیر فەیسەڵ مەلیکی عێراق (کتێبی

شـین"تورکیـا"ژمـاره ١- ١٩٢٣ لاپـەڕە ٣٦٧). هـەروەها لـە لاپـەڕە ٣٧١ی هـەمان بەڵگەنامـەدا ئـەوە دەردەکـەوێت کـە دانیـشتوانی ویلایـەت بـە کـۆی دەنـگ لـە ١٩١٩دا بڕیاریان داوە بە بەردەوامی پێکـەوە لکـان لەگـەڵ بەغـدا و بەسـرەدا. هـەروەها لـە سـاڵی ١٩٢١ جارێکی تر بڕیار درا، هەموو عەرەب و کوردانی دانیشتوانی هەرێمەکانی دەوروبەر و هەموو تورکومان (جگە لـە کـەرکوك) بـچنە نـاو دەوڵـەتی عێراقـەوە و ئـەمیر فەیـسەڵ هەڵبژێرن بە مەلیکی خۆیان. دەتوانرێ لەم بەڵگەنامە جیاوازانەوە ئەوە بەرئەنجام بێـت کـە هەموو دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ئەو کوردانەی سلێمانیش بە گـشتی بڕیاریـان دا لەگەڵ بەغـدا و بەسـرەدا یـەکبگرن و هـەموو عـەرەب و کـورد(جگـە لەوانـەی نـاو شـاری سـلێمانی) و هـەموو تورکـەکان (جگـە لەوانـەی لـە ناوچـەی کـەرکوك نیـشتەجێن) لـە بەرژەوەندی یەکگرتن لەگەڵ یەك و دانانی ئەمیر فەیسەڵ لەسەر عەرشی مەلەکی بڕیاریاندا

پ.عیسمەت پاشا لە وەڵامـی یاداشـتەکەی بریتانیـادا کـە لەسـەرەوە هێمـای پێکـراوە دڵنیایە لەوەی کە دانیـشتوانی شـارەکانی سـلێمانی و کـەرکوك ئـەوەیان ڕەتکردۆتـەوە کـە دەنگ بدەن بە لایەنی چوونە ژێر سایەی دەوڵەتی عێراقـەوە، هـەروەها کاتـێ لـۆرد کـروزن وەڵامی دایەوە، کە دانیشتوانی سلێمانی دەنگدانیان ڕەتنـەکردەوە بـۆ چـوونە ژێـر سـایەی عێراقەوە، بەڵام داوای هەڵبژاردنیان لێنەکرا بۆ ئەمیر فەیسەڵ ئەویش بەهۆی ئـەو شـتانەی لە یاداشتی ١٤/ کانونی یەکەمدا باسی لێوەکراوە.

ج. لە ڕاپۆرتێکی فەرمیـدا لـەبارەی ئیـدارەی عێراقـەوە: (ڕاپۆرتێـك لـەبارەی ئیـدارەی عێراقەوە- لە تشرینی یەکەم سـاڵی ١٩٢٠- ئـازاری ١٩٢٢، لاپـەڕە ١٢) ئـەم پارچـەیەی خوارەوە هاتووە: ناوچەی سلێمانی بە پێی ڕێکەوتنی ئاراکان تا رادەیەك هەموو شێوەیەکی چوونە ژێر دەسەڵاتی عێراق ڕەتدەکاتەوە، بۆیە بـەپێی ئـارەزووی خـۆی تەمـەنای مانـەوەی دەکات لەژێر ئیدارەی ڕاستەوخۆی بریتانیادا کە حاکمێکی سیاسی بریتانی دەبیات بەڕێوە.

ح. دوای ئەوەش لـە (لاپـەڕە/ ١٥)ی هـەمان ڕاپۆرتـدا دەبیـنین، کـە (شـاری سـلێمانی بڕیاری دابوو لـە پرۆسـەی هەڵبـژاردنی مـەلیك بـۆ عێراقـدا هاوبەشـی نـەکات.) ئـەنجامی ڕاپرسی گشتی ٩٦٪ دەنگی دا بە هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵ، بەڵام ٤٪ دەنگەکە دژەکان

زیاتر کورد و تورکی دانیشتوانی کەرکوك بوون. لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵ لەم شارەدا رەتکرایەوە، بەڵام رایەکی هاوجووت نەبوو لەبری یەکێکی تر.

خ. لەوە دەچێت گۆڕانێك هەبێت لە مشتومڕی بریتانیدا، دوای رێکخستنی راپۆرتی فەرمی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە، هەرچەند لەو یاداشتەی لە ئابی ١٩٢٤دا پێشکەشی ئەنجومەن کراوە، (سنجاق) لیوای سلێمانی لە هەردوو راپرسییەکە بەدەر بووە، بەڵام بە گوێرەی کەرکوکەوە، شارەکە بە تەنیا، دەنگدانی لە بەرژەوەندی چوونە ناو عێراق لەژێر فرمانی مەلیك فەیسەڵدا رەتکردەوە.

لەم دۆکۆمێنتانەدا دەتوانرێ ئەوە بەرئەنجام بێت کە شاری سلێمانی بە کردەوە دژی چوونە ناو عێراق وەستاوەتەوە بە هەر شێوەیەك بێت، هەروەها شاری کەرکوك فرمانڕەوایی فەیسەڵی بە تەواوی رەتکردەوە. بە واتایەکی تر ئەم دوو شارە سێ یەکی هەموو ویلایەتەکە پێکدەهێنن، یان بەپێی سەرژمێری تورکیا، نیوەیان دەنگیان دژی یەکگرتن لەگەڵ عێراق داوە. هەروەها بەپێی بارودۆخی نائاسایی، کە بەهۆیەوە ئەو دانیشتوانەی مابووەوە هاوبەشییان لە راپرسیدا کرد، لەبەر ئەوە دەکرێ هاشەو هوشەی ئەوە بکرێت کە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هەموویان بڕیاری چوونە ناو عێراقیان بە هەر شێوەیەکی یەکگرتن بێت داوە، تەنانەت ئەوە لە دیدی بریتانیاشەوە هەر وایە.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە بەڵگەی پێویست بوونی پرۆسەی راپرسییە لە ویلایەتەکەدا. بەڵام ئەو شێوازەی کە دەکرێ بەکاربێت لە راپرسی ئاوادا، یاداشتە تورکییەکە جگە لە چەند پێشنیارێك، زیاتری لەو رووەوە بەیان نەکردووە، ئینجا لە وەڵامی ئەو بۆچوونانەی لیژنەکە پێشکەشی کردووە، لێکدانەوەیەکی دوورو درێژی بۆ کردووە.

وەڵامەکە پێویست بوونی راپرسی تێدایە، بەبێ ئەوەی دەنگدەران دووچاری کاریگەری دەرەکی بن، ئەگەر بیانەوێ راپرسییەکی گونجاو و راست و دروست بکەن. بۆ ئەوەش پێویستە لیژنەیەکی بێلایەن بۆ جێبەجێکردن، هەروەك لە یاداشتەکەی تورکیادا پێشنیار کراوە" ئەگەر ویلایەتی موسڵ راستەقینەیە، هەر چۆن لۆرد کروزن لەبارەیەوە لە لۆزان وتی: کە (لە دەستی گەل خۆیدایە). (رووداوەکانی کۆنفرانس- بەرگی یەکەم- لاپەڕە ٢٩٠). ئەوەش ئەرکی سەرشانی لیژنەکەیە ووردبینی لە رێژەی دانیشتواندا بکات،

لەبارەی جیاوازی ڕەگەزایەتی کە هێزی گشتی دروستکردووە لە هەموو ناوچەیەك لە ناوچەکان.

دوای جێبەجێ کردنی ئەوە و پاش ئەوەی حکومەت بەڵێن دەدات، تا ڕێگە نەدرێت بە فڕینی هیچ فڕۆکەیەك لە فڕۆکەکانی حکومەت بەسەر ویلایەتەکەدا لە ماوەی ڕاپرسییەکەدا. ئەو کاتە دەتوانرێ دەنگەکان وەرگیرێت، بە مەرجێ بەکارهێنانی پۆستەکانی ئێستای بۆ فرمانبەرانی حکومەت، بە شێوەیەکی کاتی و پێش هەموو شتێك بەو کەسانەی میللەت هەڵیاندەبژێرێت، یان ئەنجومەنی پیران (ریش سپییان)ی هەر ناوچەیەك دایاندەنێن.

لێرەدا پێویست بە ترس ناکات بۆ بەرپابوونی ئەو ئاژاوەیەی کە دەسەڵاتی بریتانیا چاوەڕێی دەکات، چونکە پاراستنی ئاسایش لە ناوچەی هەر عەشیرەتێکدا دەکەوێتە سەر شانی ئەو عەشیرەتە، بەڵام لەناو شارەکان و ناوچە گوندییەکاندا، ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی ناوخۆ، بە ڕێژەی دیاریکراو و لە نێوان چینە جیاوازەکانی دانیشتوان و لەژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی پیراندا سەربازی نوێ بانگ دەکرێن.

حکومەتی تورکی شێوازی دەنگدانی تاکی ڕاستەوخۆ پەسەند دەکات، لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی نزیکترە بۆ زانینی ئارەزووی دانیشتوان، لایەنی گەشی ئەو ڕێگایە ئەوەیە کە دوو پەڕە کاغەز بدرێت بە هەر دەنگدەرێك، یەکێکیان ئاڵای تورکیا و ئەویتریان ئاڵای بریتانیای لەسەر چاپ کرابێت و پێیبوترێ ئەو وەرەقەیەیان بخەرە سندوقەکەوە کە ئاڵای ئەو وڵاتەی لەسەرە، کە ئەو پەسەندی دەکات.

بەڵام بە گوێرەی خێڵە کۆچەرییەکانەوە، بۆ دەنگدان دەکرێ نوێنەریان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لێ وەربگیرێت، ئەگەر پێویست بکات.

پێویستە لە هەر ناحییەیەك، بنکەیەکی هەڵبژاردنی تایبەت هەبێت.

هەروەها دەبێ بۆ هەر یەکە لە حکومەتی تورکیا و بریتانیا، ژمارەیەکی یەکسان لە چاودێرانیان لە لیژنەی سەرپەرشتیدا هەبێت.

حکومەتی تورکیا دەڵێت: دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هەمیشە نوێنەری خۆیان لە پەرلەمانی تورکیادا هەڵدەبژارد(ئەنجومەنی نوێنەران) و هەر لە زووەوە لەگەڵ دەنگداندا راهاتوون.

## کورتەی بەڵگەکانی حکومەتی بریتانیا

با ئێستا لەبارەی مەسەلەی راپرسییەوە ئاورێ لە بەڵگەکانی حکومەتی بریتانیا بدەینەوە و بەو شێوازەی لە وەڵامی یاداشتەکەی تورکیادا هاتووە و کە وەزارەتی کۆڵۆنیالی رێکیخستووە و خستویەتیە ژێر دەستی لیژنەکەوە.

١. ئەنجامی هەر راپرسییەك ئەگەر لەو کۆمەڵگایانەدا بکرێ کە نەگەیشتبێتنە ئاستێکی باڵا لە فێربوون و شارستانیدا و بە تەواوی کاروباریان رێك نەخستبێت، بە شێوەیەکی تایبەتی کاریگەری بنەماکانی سیاسی و رەگەزایەتی لەسەر دەبێت، یان ئەو شتە کاتی و ناوخۆیانەن وەك ناکۆکی لەسەر زەوی، یان سەپاندنی باجی نوێ، یان بڵاوکردنەوەی هێرشێکی پڕوپاگەندەوە، کە کات و هەلی بەرگەگرتنی نییە. خۆ ئەگەر راپرسییەك رێکبخرێت بە مەبەستی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق، ئەوا دەنگدەری نەخوێندەوار وابەستەی گرنکییەکی تەواو نابێت لەسەر ئەو فاکتەرانەی پەیوەندە بە بازاڕی سوپا و مەسەلەی جیۆگرافی و ئابووری و کارگێڕییەوە.

٢. لەبەر ئەم هۆیانە حکومەتی بریتانی داوای ئەو سنوورە ناکات کە کەوتۆتە باکووری هێڵەکەوە، کە بە راستی بە ناوچەیەکی گەورە پێشنیارکراوە. خۆ ئەگەر بڕیاری پەسەندکردنی راپرسی بدات، کە باشترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە بنبڕکردنی کێشەکە، حکومەتی بریتانیا هەست بەوە دەکات کە ناچارە ئەو هۆیانە بنێتە لاوە کە ناوچەیەکی فراوان لە باکووری ویلایەتی موسڵ بەدەرکات لە خستنە سەر دەوڵەتی عێراق و ئەو کاتە داوای راپرسیش لەو ناوچەیەدا دیسانەوە دەکرێت. ئەو ناوچەیەی ئاماژەی پێکرا، بەشێکی گەورەی وڵاتی ئاشوورییەکان دەگرێتەوە و هەروەها ئەو زەوییانەی هەندێ لە خێڵە کوردییەکان تێیدا نیشتەجێن کە حکومەتی عێراقی زۆر جار گەڕاوەتەوە و هەندێ لە عەشیرەتی عەرەب و لە نێوان ئاشوورییەکان کە لەوەپێش لەم هەرێمەدا ژیاون، ئێستاش لە

عێراقدا نیشتەجێن و بەڵام زۆریان حاڵی حازر لە روسیادا بڵاوبوونەتەوە لە قەوقاز و شوێنەکانی تردا. لەم حاڵەتەدا دەبێ هەوڵبدرێت بۆ بەدیهێنانی ئاراکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ پێشنیاری تورکیا پەسەند بکرێت بە سنووردارکردنی راپرسی لە ویلایەتی موسڵدا.

٣. بێگومان، ئەگەر هەوڵ بدەین دەنگێکی باوەڕپێکراو بەدەست بهێنین، پێویستە لەم بارودۆخەدا، هەموو هێزەکانی تورکیا و عێراق و بریتانیا بکشێنەوە، کە بەرپرسن لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وڵات. بەڵام ئەو پێشنیارەی لە لاپەڕە پێنجی یاداشتەکەی تورکیادا هاتووە، وتویەتی هێزەکانی ناوخۆ بخرێتە ژێر فرمانی ئەفسەرانی بێلایەن بۆ پاراستنی ئاسایش و پارێزگاریکردنی بارودۆخی دوور لە لایەنگری، کە ئەوە هەرگیز کارێکی کردەیی نییە. ئەگەر پێویست بکات هەموو هێزەکان بگۆڕێت بە هێزی تر و هەموویان بێلایەن بن، ئەوە کارێکی ئاسان نییە هێزی بێلایەن پەیدا بکرێت و بتوانێت پارێزگاری لە ئەمن و ئاسایش بکات لە هەرێمێکی سەختی ئاوا شاخاویدا، تەنانەت ئەوە لە بارودۆخێکی ئاسایدا ناکرێت. دەستپێکردنی راپرسی بە دڵنیاییەوە شاڵاوێکی پڕوپاگاندەی تورکیای لەگەڵ دەبێت و ناشتوانری رێ لە حکومەتی عێراق بگیرێ ئەگەر بە هەمان شێوە بەرەنگار بووەوە. لەوانەیە زۆر بە ئاسانی ئاژاوە بەرپا بێت، لەوەوە و مەسەلەی پاراستنی ئەمن و ئاسایش پێویستی بە هێزێکی بێلایەنی زۆر هەیە.

٤. ژمارە و چالاکی ئەو هێزانە هەرچەند بێت و چەندیش لە توانایاندا بێت رێ لە هەوڵی هەڕەشە و ئاژاوە بگرن، لەم کاتەدا دەتوانرێت رایەکی باوەڕپێکراو دەست بکەوێت لە عەشایرە نیشتەجێکانی سەر سنووری باکووری عێراق، کە دەزانن خۆیان دووچاری چ مەترسییەك دەکەن ئەگەر بڕیار بدەن بە نەچوونە ناو تورکیاوە. ئەو کارەساتانەی کە لەوانەیە لە میانەی راپرسیدا بێتە ئاراوە، دەتوانرێت لە رێی تاقیکردنەوەکانەوە فێریان بین. کەمایەتییەکان بێگومان دووچاری کاری تۆڵەسەندنەوە و چەوسانەوە دەبن، وا دادەنرێت کە ملکەچ نین بۆ ئەو دەوڵەتەی دەنگیان بۆ نەداوە، هەروەها لەلایەن ئەو میللەتانەی پێچەوانەی ئەوانەوە رای دەربڕیوە دووچاری هەڕەشە دەبنەوە. هەموو ئەو بەرئەنجامانە لەوەوپێش رووی داوە و تا ئێستاش لەو وڵاتە ئەوروپایانەدا روودەدەن کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە رێی راپرسییەوە سنوورەکانیانی دیاری کردووە. خۆ ئەگەر ئەم مەترسییە لە

ئەورووپادا هەبێت، ئەی چۆن لە وڵاتێکی دووەرەدەستدا رووندادات؟ کە کاریگەری بیروڕای گشتی جیهانی لەبارەی پاراستنی هامبەرییەوە لەویٚ کەمترە؟ بگرە، ئەگەر ئەوە بکرێت، لە رووی کردەییەوە هەڵبژاردنێکی نهێنی لە نێوان خێڵە نەخوێندەوارەکاندا بکرێت، ناتوانێت ئەو زیانە توندانە هاوکێش بکات، چونکە هەمیشە بۆ دەنگدەران وا دادەنرێ کە بە پێی دیدی سیاسی و رەگەزیی دیاریکراویان دەنگیان داوە.

٥. راپرسی گشتی تەنیا چارەیە بۆ بنبڕکردنی کێشەکان، کە دەتوانرێت لە شێوەی پرسیاری ئاساییدا دابڕێژرێت و هەڵبژاردنی یەك شت لە نێوان ژمارەیەکی دیاریکراو لە هەڵبژێراوەکان. ئەوەش ئاشکرایە کە مەسەلەکە پەیوەندە بە سنوورەوە، ناکرێ وا دابنرێت کە بە زۆر دەربڕێت. ئەم راستیەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەکانی تورك لەناودەبات کە وەك هەندێ مەسەلە لەوەپێش خستیە روو بۆ راپرسی گشتی لە عێراقدا. دوای ئەوە ئیتر حکومەتی بریتانی مافی ئەوەی نییە بڵێت راپرسی گونجاو نییە لەم مەسەلەیەی ئێستادا. ئەو کێشانەی لە راپرسییەکانی پێشوتردا لێیکۆڵاونەتەوە دەتوانرێ بخرێتە روو، بە شێوەیەکی سادە و ساکار لە سەرەوە هێمای پێکراوە.

٦. لە دوو راپرسییەکی پێشودا داواکرا، وەلاّم تەنیا لەسەر پرسیاری سادە نییە، بەڵکو لەسەر ئەو پرسیارانەیە کە ناکرێ لەبارەیەوە زانیارییەکی تەواو بزانرێ بیروڕای بەشێك لە بەشەکانی دانیشتوان چییە. لەسەرو ئەوەشەوە، لە هەردوو راپرسییەکەدا کوردی خەڵکی سلێمانی لێبەدەر کرابوو، بەلاّم لەم مەسەلەیەی ئێستادا، رای بەشێکی گەورەی دانیشتوان لەبارەی کێشەکەوە، وەك حکومەتی تورکی روونی کردەوە- واتە چارەنووسی ویلایەتی موسڵ - بە تەواوی ناسراوە. کورد نیوەی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێکدەهێنن، بەلاّم نیوەکەی تری عەرەب پێکیدەهێنێ کە سێ بەشە لە شەش بەش، ناشتوانرێ ئەوە رەتبکرێتەوە کە عەرەب تەمەننای ئەوە دەکەن لە دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە. دوو بەشی تر لە شەش بەشەکە کەمایەتییە نا- موسڵمانەکان دەگرێتەوە، یەزیدی و جولەکە و مەسیحی. یەزیدییەکان زۆر جار دەرکەوتووە کە حەز بە مانەوە دەکەن لە عێراقدا، هەروەها ئەوەش راستە بە گوێرەی جولەکە و مەسیحیە کلدانەکانەوە، بەلاّم ئاسوورییەکان حەزیان دەکرد نە لە تورکیا نە لە عێراقدا نەمێننەوە، بەلاّم بەهەرحاڵ خواستی خۆیان

دیاریکرد بەوەی نەگەڕێنەوە ژێر دەسەلاتی تورکی. بەلام ئەگەر بەلێنێکی لەبار بدرێت، رازین بە مانەوە لە دەولەتێکدا کە گەرەنتی (بە لایەنی کەمەوە، بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت) پاراستنی لەژێر راوێژی بریتانیادا هەبێت، شەشەم بەش و دوابەش تورکمان دەگرێتەوە، ئەوان لەژێر سێبەری رژێمی ئیستادا رەزامەند و سەرکەوتون، بەلام با وادابنێین کە ئەوان بە گشتی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ تورکیا.

لەوەی پێشەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە خواستی نیوەی دانیشتوان بە تەواوەتی ئاشکرایە، ئەوەی پەیوەستە بەوانەوە راپرسی بێگومان بەکاری هیچ نایەت، بەلام نیوەکەی دوایی، ئەوەش بریتیە لە کورد، کە زۆربەیان ئەندامانی خێلە سەرەتاییەکانن و ناتوانن یەك ئارا دەربڕن.

## بەرئە نجامەکان

ئێمە لە سەرەتادا دەبێ بابەتی راستەقینەی کێشەکە دیاری بکەن، ئینجا سنووری ئەو ناوچەیەی کە لەوانەیە راپرسییەکەی تێدا بکرێت، پاشانیش سروشتی راپرسییەکانی پێشوتر، کە لە ویلایەتی موسلدا لە سالانی ۱۹۱۹ و ۱۹۲۱دا کراوە.

دۆکۆمێنتەکانی بریتانیا ئەو خالە بە تەواوی شیناکاتەوە. هەرچەند لە هەندێ دەربڕیندا دەتوانرێ ئەوە بە دەست بێت کە راپرسی گشتی کراوە (بەلایەنی کەمەوە وشەی راپرسی لە یەك دۆکۆمێنتا باسکراوە.)، بەلام لە بەر هۆ تایبەتییەکان لە هەموو ناوچەکەدا نەکراوە.

ئەگەر ئەمە مەسەلەکەبێت، ئەوا رەتکردنەوەی پێشنیارەکەی تورکیا هێزێکی زۆر لە دەست دەدات. خۆ ئەگەر توانرابێت بەر لە ۳-٤ سال لەوەپێش راپرسی بکرێت، ئیدی هۆیەکی ئەوتۆ نییە کە دووپات کردنەوەی لەمڕۆدا مەحال بێت، لەگەل ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە زیاتر گونجاوترە وەك لەوەبەر، ئیتر بە پێچەوانەوە بەلگەکانی تورکیا زیاتر جێی گرنگی پێدانی تەواوە و یەکەم، لەبەر بۆچوونەکانی دانیشتوان، کە هەردوو تیمەکە گرنگی تەواوی پێدەدەن، پەسەندکردنی بە شێوەیەکی باشتر دلنیادەکاتەوە.

دووەم، لەبەر ئەوەی راپرسییەکانی پێشوو لە هەموو ناوچەکەدا نەکراوە و حکومەتی تورکیا لە وتەکەیدا راستە کە راپرسییەکانی لە بارودۆخێکی سیاسی ناجێگیردا جێبەجێ کراوە، راستەوخۆ و بە کردەوە داگیرکردنی سەربازی بووە، لەبەر ئەوە ناکرێ لەبارەی حەز و خۆزگەی دانیشتوانەوە وەك بەڵگەیەکی کۆتایی دابنرێت.

لێرەدا لیژنەکە ناچارە کە بڕیار بدا لەسەر پەسەند نەرکردنی زۆربەی ئەوانەی لە بەڵگەنامە و وتارەکانی بریتانیادا هاتووە. لەوەی کە راپرسی کردن مەحاڵە، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە کێشەی سنوورە، نەك چارەنووسی ویلایەتی موسڵ. بەڵێ، ئەوە راستە کە ناکۆکییەکە لە کۆتاییدا مەسەلەی سنوورە، بەڵام دوو هۆکاری بنەڕەتی تر هەن کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن.

یەکەم: ئاشکرایە ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە نێوان سنووری پێشنیارکراو لەلایەن هەردوو حکومەتی بریتانی و تورکی یەك لەدوای یەك، گەورەترە لەوەی کە لەبارەیەوە بڵێیت مەسەلەکە تەنیا گێڕانەوە و دیاریکردنی سنوورە. ئەم ناوچەیە رووبەرێکی فراوانتر لەخودی ولایەتی موسڵ دەگرێتەوە و بریتییە لە ۸۰۰,۰۰۰ کەس.

دووەم: لە راستیدا، هەردوو لایەنەکە داوایان لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد بۆ بنبڕکردنی ناکۆکییەکە و بڕیاری دا کە ئەنجومەن سەربەستە لە هەڵبژاردنی یەکێ لەو دوو پلانە پێشنیارکراوە، یان هەر چارەسەرێکی ناوەندی کە خۆی بە باشی دەزانێت، ئەوەش زیاد لەسەر رۆشتن نییە بوترێ کە مەسەلەکە پەیوەند نییە بە چارەنووسی کۆمەڵێکی گەورەوەی دانیشتوانەوە؟ و سروشتی مەسەلەکەی کێشەی تێدایە، وا لە راپرسییەکە دەکات کە کارێکی مەحاڵ بێت؟ لە راستیدا پێدەچێت ئەگەری لەبەرچاوگرتنی راپرسی کارێکی شیاو و زۆر گونجاو بێت، بە پشتگوێ خستنی ئەوەی کە لە رابردوودا لەلایەن هێزێکی داگیرکەرەوە کراوە یان نا؟

هەروەها لیژنەکە ناتوانێ بەڵگەکانی حکومەتی بریتانی لەبارەی دیاریکردنی ناوچەی راپرسییەکەوە پەسەند بکات، ئەو ناوچەیەی کێشەکەی تێدایە بە تەواوی دیار و ئاشکرایە. لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ کە هەردوولا لە پێشتردا رازی بوون بە بڕیاری ئەنجومەن و هەروەها زۆر ئاشکراشە و بەپێی ئەو رێنماییانەی دراوە بە لیژنەکە، نابێ

ڕێبازی ڕاپرسی دوربخرێتەوە و حکومەتی بریتانی مافی ئەوەی نییە کێشەکە فراوان بکاتەوە و وای لێبکات ئەو ناوچانەش بگرێتەوە کە هەرگیز ناکەونە ناو ئەوەی لێیدەکۆڵرێتەوە.

هەروەها لە پێناوی زیاتر تیشك هاویشتنە سەر ڕاپرسییەکانی پێشوودا، لیژنەکە داوای لە حکومەتی بریتانی و دەسەڵاتی بریتانی کرد، کە زانیاری زیاتری بداتێ.

لەو زانیاریانەوە کە دراوە دەردەکەوێت، ڕاپرسی نە لە ساڵی ١٩١٩ و نە لە ساڵی ١٩٢١دا کراوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێ کە ئەو شێوازەی دوای کەوتون لە هەردوو ڕاپرسییەکەدا، بریتی بووە لە کۆکردنەوەی پیاو ماقوڵان و سەرۆکانی عەشایەر و نوێنەرانی خێڵەکان و...هتد، تا ئارایان وەرگرن، بەڵام هیچ دەنگێکی تەنیا و بە نهێنی وەرنەگیراوە. لە ڕاپرسی یەکەمدا دەنگدەران لەلایەن دەسەڵاتی قەزاکەوە کۆکراونەتەوە و بانگکراون بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارەی لای خوارەوە:

١. ئایا حکومەتێکی عەرەبی تەنیایان پێباشە کە لەژێر سەرپەرشتی بریتانیادا بێت و لە سنووری باکووری ویلایەتی موسڵەوە بۆ دوورگەی فارس درێژ بووبێتەوە؟

٢. ئەگەر ئەوەیان پێباش بێت، ئایا ئەوەیان پێباشە کە حکومەتە نوێکە دەبێ لەژێر سەرکردایەتی ئەمیرێکی عەرەبیدا بێت؟

٣. هەروەها لەم بارودۆخەدا کێیە ئەوەی کە دەیانەوێت؟

لە ڕاپۆرتێکی کارگێڕی میسۆپۆتامیادا هاتووە، کە لە ١٩٢٠دا بڵاوکراوەتەوە، وەڵامی پرسیاری یەکەم بەڵێ بووە، بەڵام ئارا لەبارەی دوو پرسیارەکەی ترەوە زۆر جیاواز و دوور لە یەکەوە بوو. هەروەها لە ڕاپرسی دووەمدا سەرۆکی عەشایەرەکان هاوبەشییان کرد، کە عەشیرەتەکانیان یان حکومەت دانیان پێدا ناون و ئەندامانی ئەنجومەنە کارگێڕییە جیاوازەکان کە بە یاسایی هەڵبژێراون و ئەنجومەنەکانی ریش سپییان، کە ڕای گشتی دانی پێدا ناون، هەروەها موختار و بەڕێوەبەرانی ئیدارەی گوندەکان کە لەلایەن خاوەن موڵکەکان و دانیشتوانەوە هەڵبژێراون و لەلایەن حکومەتەوە پەسەند کراون، هەروەها پیاوماقوڵان و سەرۆکان و پیاوانی ئاینیی لە شارەکان و ناوچەکاندا.

داوا لە نوێنەران کرا کە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و واژۆ لەسەر ئەم دۆکۆمێنتە بکەن:

" ئێمە کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، دانیشتوی ناحییە (گەڕەك، یان قەزا) یان شاری .......... لە لیوای .................... گوێمان لێگرت و تێیگەشتین و بە قوڵی بیرمان لە بڕیاری ئەنجومەنی دەوڵەت کردەوە، کە لەسەرەوە ناوبراوە و ئەنجامەکەش کە ............رازین لەسەر ئەوەی وتراوە و ملکەچی خۆشیان بۆ ئەمیر فەیسەڵ ئاشکرا دەکەن و بەڵام...........................پێچەوانەی ئەوەن."

## واژۆکـــــان

ئەم وردەکاریانە ئەوە روون دەکاتەوە کە راپرسی بە شێوەیەك نەکراوە کە پارێزگاری لە ئازادی و سەربەستی دەنگدان بکات. بەڵام ئەوەی تایبەتە بە بەرئەنجامەکانی تورکیاوە بەگوێرەی هەڵوێستی لیوای کەرکوك و سلێمانی، ئاشکرایە کە کەرکوك هاوبەشی کرد لە راپرسیدا و لە یەکەم راپرسیشدا دەنگی داوە و هەردووکیشی بۆ چوونە ناو عێراقەوە بووە. هەروەها لە دووەمیشدا لە بەرژەوەندی مەلیك فەیسەڵ بوو، ئەوەش جگە لەناو شاری کەرکوك. بەڵام بە گوێرەی لیوای سلێمانییەوە لیژنەکە دڵنیابووە لەوەی کە ئەو لیوایە لە هەردوو راپرسییەکەدا هاوبەشی نەکردووە، هەروەها بەڵگەکانیش ئەوە روون ناکەنەوە کە بۆچی بەدەرکراوە لە راپرسیی ساڵی ١٩٢١. لە لاپەڕە ١٥ی "راپۆرت لەبارەی کارگێڕی عێراقەوە لە ١٠/ تشرینی یەکەم/١٩٢٠ بۆ ئازاری/١٩٢٢دا هاتووە" کە بڕیارە لیوای سلێمانی هاوبەشی نەکەن لە هەڵبژاردنی مەلیکی عێراق. بەڵام وەڵامی حکومەتی بریتانی بۆ یاداشتەکەی تورکیا، کە پێشکەش بە لیژنە کراوە، باسی ئەوە ناکات و دەڵێت بارودۆخی سلێمانی لە کاتی راپرسیدا ملکەچ بوو بۆ مادەی ٦٤ی پەیمانی سیڤەر، کە باس لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ دەکات لە بارودۆخێکی تایبەتدا. ئیدی تێبینی ئەوە کرا کە لەم بارودۆخەدا چاکتر وایە تاکە لیوایەك کە لە عێراقدا هەمووی کوردە بەدەربێت لە راپرسی. ئەم وەڵامەش شیکردنەوەی برگەی داهاتووە (لاپەڕە ١٢) لە

راپۆرتەکەی سەرەوەدا" ناوچەی سلێمانی تا رادەیەك بە کۆی دەنگ ئەوەیان رەتکردەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بچنە ژێر فرمانی حکومەتی عێراقەوە." ئەوەش هێما بەو رووداوانەی ئەم دواییە دەکات، کە مەندوبی سامی هەلی ئەوەی دا بە کورد تا تێیدا خواستەکانی خۆیان دەربڕن. دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە ئەو بلاوکراوەیە لە ٦/ئایار/١٩٢١دا بلاوکرایەوە، واتە پێش راپرسی دووەم. بە هەرحاڵ ئەوە لەوانەیە، هەڵوێستی خەڵکی سلێمانی هەرچۆنێ بێت هەڵقوڵاوی خواست و ئارەزوویان بێت بۆ سەربەخۆیی زیاتر لە هاوسۆزی لەگەڵ تورك. هەر کە لیژنەکە گەیشتە ناوچەی کێشەکە، ئیدی دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ئەوەی کە دەتوانێ راپرسی لەبارەوە بکات و ئەو پشکنینانەی لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکدا کرا کە تا رادەیەك ئەم لایەنە دەگرێتەوە.

لیژنەکە نەیدەتوانی بەڵگەکانی حکومەتی بریتانی بەبێ مەرج پەسەند بکات، کە دەڵێت: راپرسی پێویست ناکات، "لەبەر ئەوەی ئارای نیوەی دانیشتوان تەواو ئاشکرایە" بەڵام نیوەکەی تر، جگە لە ژمارەیەکی کەمیان، کە ناتوانن راستەوخۆ بیروړای خۆیان پێکەوە دەربڕن. یەکەمی ئەم بەڵگانە سووربوونە لەسەر هێنانەوەی بەڵگە و دووەمیش پێویستی بە تاقیکردنەوە هەیە لە خاڵی دیاریکراودا.

لیژنەکە نیازی وابوو راپرسیی لە شوێنێکی دیاریکراو یان زیاد لە شوێنێك بۆ تاقیکردنەوە ئەنجام بدات و داوای لە مەندوبی سامی لە بەغدا کرد، کە کاری پێویست لەپێناوی ئەم تاقیکردنەوەیەدا بکات، تا سەربەستی تەواوی هەبێ و لایەنگیری تیانەبێت و بتوانرێ باوەڕی پێ بکرێت.

ئەو تاقیکردنەوانەش بێکەڵك بوون لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی کە لیژنەکە لە ماوەی کارکردنیدا بەدەستی هێنا.

لە راستیدا، لیژنەکە تەواو دڵنیابوو لەو بڕوا بەهێزەی بریتانیا هەیبوو لەبارەی کێشە کردەییەکانەوە کە دەهاتە پێش پرۆسەی راپرسی و ئەو گومانەی کە پەیوەستە بە راستی و دروستی راپرسییەکەوە، ئەوەش گومانێکە کە نکوڵی لێناکرێ و کارگێڕی دەوڵەت لەلایەن هەر یەك لەو دوو حکومەتەوە کاریگەری خۆی لەسەر دەروونی خەڵکەکەی جێدەهێڵێت. بۆیە پێویستە ئیدارەیەکی کاتی بێلایەن دابمەزرێت. پێشنیاری تورکی لەبارەی پڕکردنەوەی

کاره حکومییه‌کانه‌وه له‌لایه‌ن ئه‌و که‌سانه‌ی که میلله‌ت هه‌ڵیانده‌بژێرن یان له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی ریش سپییانه‌وه له هه‌موو ناوچه‌یه‌کدا دیاریده‌کرێن، نه بێلایه‌نی ده‌سه‌ڵات دابین ده‌کات و نه توانای پاراستنی هه‌یه له مه‌ترسیی هه‌ڵچوونی هه‌ست و سۆزی جه‌ماوه‌ر به پڕوپاگه‌نده‌ی به‌هێز، که له‌وانه‌یه ئه‌و که‌سانه‌ی له‌سه‌ره‌وه ناوبراون هاوبه‌شی تێدا بکه‌ن، به‌ڵام زۆر دژه به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی هه‌یه و ته‌نانه‌ت هه‌ڵبژاردنی ئه‌و فرمانبه‌رانه، بێگومان ده‌بێته هۆی هه‌ڵچوون و ئاژاوه. هاوشێوه‌ی ئه‌م ده‌سه‌ڵاته بێلایه‌نه پێویسته هێزێکی کاریگه‌ر له پۆلیس پشتیوانی بکات و ئه‌و هێزه‌ش نابێ له هێزه‌کانی سه‌رباز و پۆلیسی بریتانی یان تورکی یان عێراقی بخوازرێن و بارودۆخه‌که‌ی ئه‌م کاته به‌کارهێنانی هێزێکی بێلایه‌نی پێویسته له بری ئه‌وه. ئه‌و هێزه بێلایه‌نانه ته‌نیا کاریان پاراستنی شاره‌کان نییه و به‌س، به‌ڵکو مه‌سه‌له‌که پێویستی به‌وه‌یه که یه‌که‌کانی هێز بنێرن بۆ چیا کوردییه‌کان که ته‌نانه‌ت هه‌ر پیاوێك له‌وێ له کاتی ئاشتیشدا چه‌کی هه‌ڵگرتووه. هه‌وڵدان بۆ پاراستنی ئاسایش بێ هووده‌یه، هه‌رچه‌ند حکومه‌تی تورکی پێشنیاری ئه‌وه ده‌کات، که بۆ پاراستنی بارودۆخه‌که باشتر وایه له رێی رێکخراوه عه‌شایرییه‌کان یان هێزی ناوخۆ که بریتین له هه‌مه‌جۆره‌ی خه‌ڵکانی دانیشتوانی ناوچه‌که‌وه بکرێت. به‌ڵام ئه‌م جۆره کاره، واته گریمانی هه‌ڵگیرسانی شه‌ڕی ناوخۆ. ئه‌گه‌ر ئه‌و مه‌رجه پێویستیانه _ بێلایه‌نی کارگێڕی و هێزی پۆلیس _ دابین نه‌کرێن، ئێمه ده‌بێ چاوه‌ڕێی ئاژاوه‌یه‌کی ته‌واوه‌تی بین، هه‌روه‌ها هه‌وڵدانی هه‌ندێ له پارته سیاسییه‌کان بۆ گوشار خستنه سه‌ر و بێگومان له ئه‌نجامدا ده‌بێته هۆی خوێن رشتن. ئه‌گه‌ر راپرسییه‌که به شێوه‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوو جێبه‌جێ بکرێت و به‌وپه‌ڕی دابینکردنی شیاو بۆ پاراستنی سه‌ربه‌ستی ده‌نگدان، خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌نجامه‌که‌ی پێچه‌وانه بێت، ئه‌وا کاردانه‌وه‌ی له‌سه‌ر به‌دیهێنانی خواسته‌کانی خه‌ڵکی ده‌بێت، ئه‌وه‌ش ئه‌گه‌ر هه‌ر ئاره‌زوویه‌کیان هه‌بێت. فێربوون له قۆناغی سه‌ره‌تاییدایه و بارودۆخی کۆمه‌ڵایه‌تیش وه‌ك له سه‌رده‌می سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاست یان سه‌رده‌می ده‌ره‌به‌گایه‌تیدایه، له ئه‌نجامیشدا زۆربه‌ی خه‌ڵکی ئه‌گه‌ر بۆچوونێکی تایبه‌تیشیان هه‌بێت، دوای راو بۆچوونی سه‌رۆك عه‌شیره‌ت و خاوه‌ن موڵکه‌کانیان ده‌که‌ون. هه‌ر ئه‌وانیش فرمان ده‌ده‌ن که به‌و پێیه رێڕه‌وه‌کانی ده‌نگدان دیاریده‌کرێت و کاری تێده‌کات، هه‌روه‌ها ناکۆکی تایبه‌تی و به شێوه‌یه‌ك له شێوه‌کان

هەست و سۆزی ئەو کاتە و ناتەبایی عەشایری...هتد کاریگەری هەیە و ئەگەرێکی قورسی ئەوەش هەیە کە ترس لە حکومەت کاردانەوەی ناجۆری هەبێت لەسەر دەنگدان. بەڵێ، لە راستیدا لە هەرێمەکەدا خەڵکانی هۆشیار و بە ئاگا هەن، کە رای خۆیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی تایبەتی و هەست و سۆزی راستەقینەی خۆیان بدەن. هەموو ئەو خەڵکانەی لەو گرووپەدان، ئەوانەی هەلی ئەوەمان بۆ رەخساوە کە راوێژمان پێکردوون، هەروەها ئەندامە دەرکەوتووەکانی حیزبی پیشتوان بۆ تورکیا، پشتگیریان لەو بۆچوونە تایبەتییەمان دەکرد کە پەیوەند بوو بە بێنرخکردنی راپرسیەکە، کە دەبێتە هۆی زانینی ئارەزووی راستەقینە بۆ دانیشتوان. بەڵام لیژنەکە لەبەر دەم ئەنجومەندا هێما بەوە ناکات و ئەو کارەی لە لایەن حکومەتی بری وەك بەڵگەیەکی براوە دابنرێت تانیاوە پێشنیار کراوە زۆر بە گونجاوتری دادەنێ، کە لیژنەکە دەتوانێت بە هۆیەوە زیاتر زانیاری پێویست کۆبکاتەوە بۆ بنبڕکردنی ناکۆکییەکە. لەسەرو ئەوەشەوە ئەوە ئەو رێگەیەیە کە لیژنەکە گرتییە بەر بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك لە بەشەکانی تری ئەم راپۆرتەدا، لیژنە لە پشکنینەکەیدا هەوڵی دا کە خواستەکانی حکومەتی تورکی لەیاد نەکات، هیچ هۆیەك یان هەلێکی پشتگوێ نەنا بۆ جەختکردنەوەش لە خواستەکانی دانیشتوان.

## تێبینی:

ئەم وتارە تەنیا بەشی دووەمی کتێبی (کێشەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق)ە. بۆی. بەهیوای ئەوەی سەرجەم بابەتەکانی ناو کتێبی ناوبراو بەم نزیکانە بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە.

## کورتەیەك لە مێژووی نەژادی میللەتی کورد

موعتەسەم ساڵەیی

تەمەنی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی بۆ نزیکەی پێنج سەد هەزارساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. مرۆڤی سەرەتایی لە مەیموونەوە نزیك بووە زیاتر لە مرۆڤی ئاسایی، بەلاّم بە پێی پەرەسەندنو گەشەسەندن، عەقلّو هۆشو لەشو لاری رێکوپێك بووەو دەقی تەواوی گرتووە. لەبەر ئەوەی ولاّتی چیای زاگرۆسو دەورو بەری یاخود کوردستانی ئێستا ناوچەیەکی بە پیتو بەرەکەتو پڕ لە گیانلەبەرو سەوزایی بووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ لەم ناوچەیەدا ژیاوە. لە رابووردوو ئێستایشدا داری بەڕوو لە کوردستاندا زۆر بووەو مرۆڤی سەرەتاییش بە شێوەیەکی سەرەکی پەنای بردۆتە بەر خواردنی بەروبوومی ئەم دارە.

پێش نزیکەی (١٥٠٠٠٠ - ٢٥٠٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا مرۆڤی جۆری (نیاندەرتاڵ) لە کوردستاندا ژیاوە. بە تایبەتی لە ئەشکەوتی شانەدەریدا ئێسكو پاشماوەو کەرەستەی بەردینی ئەم جۆرە مرۆڤە دۆزراونەتەوە.

زاگرۆس ناوی زنجیرە چیایەکە، کە لە رۆژهەلاّتەوە بەرەو رۆژئاوا کشاوەو بە بڕبڕەی پشتی ولاّتی کوردستان دادەنرێت. ئەم زنجیرە چیایە دەکەوێتە خۆرهەلاّتی تورکیاو خۆرئاوای باشووری ئێرانو باکووری عێراقەوە. درێژی ئەم زنجیرە چیایە (١٦٠٠) کیلۆمەترەو پانیشی لە (١٦٠) کیلۆمەترەوە تاوەکو (٣٢٠) کیلۆ مەتر دەبێت. ئەو بەشەی زاگرۆس، کە دەکەوێتە تورکیاوە، لە مێژووی کۆندا پێی دەوترا (ئەرارات) ئەم ناوە

لە ناوی دەوڵەتی (ئورارتو)ەوە هاتووە.[1] لە تەوراتدا هاتووە کە کەشتییەکەی نوح بەسەر چیای ئەراراتەوە نیشتۆتەوە، لەم ڕووەوە لە تەوراتدا لە بەشی (٨: ٣ - ٥)دا هاتووە (لە حەڤدەیەمین ڕۆژی مانگدا کەشتییەکە بەسەر چیای ئەراراتدا نیشتەوە) لە قورئانیشدا لە ئایەتی چلو چواری سورەتی هوددا هاتووەو دەڵێت (وغيض الماء وقضي الامر وأستوت على الجودي) جیۆگرافیناسەکان چیای جودیان لە کوردستاندا دەسنیشان کردووە، کە دەکەوێتە باکووری شاری موسڵ بە تایبەتی لەسەر سنووری نێوان عێراقو تورکیا، لە دووری ٢٥ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی جەزیرەی ئیبن عومەر (شاری سلوپی)، کە دەکەوێتە بەرامبەر شارۆچکەی زاخۆی عێراقی، بڵندی ئەم چیایە نزیکەی ٣٥٠٠ مەتر دەبێت.[2] لە قورئانی پیرۆزدا ناوی چیاکە بە جودی هاتووە، چونکی لە زمانی عەرەبیدا پیتی (گ) نییەو بۆیە بووە بە پیتی (ج). لە بنەڕەتدا چیای گودیە لە وڵاتی گودی یان گوتی کە ناوی کۆنی میللەتی کورد بووە... لە ناوچەی دەرسیم تورکەکان ناویان گۆڕیوەو کردوویانە بە (تونجلی)، تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان لەوێدا دەربەندێك هەیە بە ناوی (دەربەندی کوتی)یەوە.[3]

چیای ئەراراتیش کە لە تەوراتدا ناوی هاتووە، مێژوو دەگێڕێتەوە ئۆرارتیەکان لەو ناوچەیەدا حوکمڕانیان کردووە، خاوەنی دەوڵەتێکی بە هێز بوونەو لە ژێر زەوی شاری (وان)ی پایتەختیاندا پاشماوەی ئەو وڵاتە دۆزراوەتەوە. شەلمەنسەری پاشای ئاشووری لە ساڵی ١٢٦٠ی پ. ز.دا ناوی ئاراراتی بردووە. هێرۆدۆت دەڵێت (لە دەوروبەری چیای ئەراراتدا هۆزی ئالارود، هالدییان دەپەرست). لەبەر ئەوەی کە خواوەندی (هالدی) یاخود (خالدی)یان دەپەرست، بۆیە بەو تیرەیەیان وتووە هالدییەکان یاخود خالدییەکان. ئێستاش لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا عەشرەتێکی کورد هەیە بە ناوی (خالدی)یەوە کە بنەچەیان

---

[1] مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، وڵاتەکەت باشتر بناسە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، لاپەڕە (٢٩٩).

[2] دکتۆر فرسەت مەرعی، اكراد وكردستان، وزارة الثقافة، سليمانية، ٢٠٠٦، لاپەڕە (١٠٣).

[3] ئیحسان نووری پاشا، مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد، وەرگێڕانی وریا قانع، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، لاپەڕە (٢٣).

دەگەڕێتەوە بۆ هالدییەکان. تەنانەت هەندێك لەو خالدییانە لـە ژێـر کاریگـەری ئیـسلامدا دەڵێن گوایە لە نەوەی (خالیدی کوڕی وەلیـد)ن. لـە کاتێکـدا خالیـدی کـوڕی وەلیـد تاقـە کوڕێکی هەبووە بە ناوی سەلمان و ئەویش منـداڵی نەبووە...!؟

هەر لە مێژەوە میللەتی کورد لە ناوچـەی ریـزە چـیای زاگـرۆس‌و دەوروبەریـدا ژیـاون. کاتی خۆی یۆنانییەکان لە سەردەمانی کۆندا وشەی زاگرۆسیان بۆ ریزە چیاکانی کوردسـتان بە کارهێناوە. لەوانەیە ئەم ناوەیش لە وشـەی (ئاگر)ی کوردییەوە وەرگیرابێت.

ئەوەی شایانی باسە ئێستایش چیای ئاگری داغ لە کوردستانی تورکیا هەیە، کە کـاتی خـۆی بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ میللـەتی کـورد لـە چـیای ئاگریـداغ شۆڕشـیان دژی تورکـە رەگەزپەرستەکان بەرپا کرد. مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبـەیانیش لـەم رووەوە دەڵێـت (بـە دووریشی نازانین کە وشەی زاگرۆس لە بنەڕەتدا لە وشەی (زۆرگ)ی کوردییـەوە پەیـدا بـوو بێت، وشەی زۆرگ کە لە کوردیدا ناوە بـۆ چـیا تـا ئەمرۆکـە لـە نـاو هەرێمـەکانی شـوانی کێشك‌و ساڵەیی باوە بۆ ئەو چیایەی کە دەکەوێتـە نێـوانی پـردێ‌و کەرکوکـەوە، واتـە لای خۆرهەڵاتی باکووری زێی بچووکەوە، تا لای خۆرئاوای خڕی خاسەی نێوانی شاری کـەرکوك درێژە دەکێشێت. لای ژووری چیای زۆرگەزاو پێدەشتیەکانی ساڵەیی‌و شوانە...).[1]

وشەی زەرگەتەیشمان هەر هەیە کە لە وشـەی زاگـرۆس‌و زۆرگـەوە نزیکـە. ئـەوەتا بـە تەنیشتی شاری سلێمانییەوە ناوچەی زەرگەتە هەیە. هەروەها لە رۆژهەڵاتی گونـدی کـانی چناریـشەوە دەربەنـدی زەرگەتـە هەیـە، کـە پاشمـاوەی کـۆنی لێیـەو شـوێنێکی دڵگـیرەو دەکەوێتە بناری رۆژهەڵاتی ریزە چیاکانی دەربەندی بازیان‌و دەڕوانێتە شـاری چەمـچەماڵ. بە داخەوە تاکو ئێستا ئەو شوێنە لەلایەن ئاسەوارناسانەوە بەسەرنەکراوەتەوە...

میللەتی کـورد بـە شـێوەیەکی گـشتی لـە کوردسـتاندا بەسـەر ریـزە چـیای زاگـرۆس‌و دەوروبەریدا دەژین. سەبارەت بە ژمارەی میللەتی کورد رێژەیەکی دیاریکراو بـە دەسـتەوە نییە، چونکە تاوەکو ئێـستا ئـەو وڵاتانـەی کـە کوردسـتانیان داگیرکـردووە، نەیانویـستووە سەرژمێرییەکی تەواوی کورد لە وڵاتەکانیاندا بکرێت. (مایکڵ گەنتەر) لەم بارەیەوە گۆشە نیگای خۆی دەردەخات‌و دەڵێت (هێشتا خەمڵاندنێکی گونجاو هەیە دەڵێ کە لە نێوان ١٢

[1] مەلا جەمیل رۆژبەیانی، وڵاتەکەت باشتر بناسە، لاپەڕە (٢٩٨).

- ١٥ ملیۆن کورد لە تورکیادا هەن - کە دەکاتە ١٨- ٢٣ ٪ دانیشتوانەکانی. لە ئێرانیشدا ٥-٦ ملیۆن کورد دەژین کە دەکاتە ١١ ٪ ، لە عێراقیشدا ٤- ٥ ملیۆن کورد دەژین ئەمیش دەکاتە ١٧- ٢٠٪ ، لە سوریاشدا یەك ملیۆن هەن، کە دەکاتە ٩ ٪، بە لای کەمیشەوە ٢٠٠٠٠٠ کورد لە هەندێك بەشی سۆڤیەتی پێشوودا دەژین. هەندێکیش دەڵێن نزیکەی یەك ملیۆن لەوێدا دەژین. لەم دەمانەیشدا کوردەکانی تاراوگە لە ئەوروپای رۆژئاوادا ژمارەیان لە یەك ملیۆن تێپەڕیوە. نیوەی زیاتری ئەو ئاوارانە لە جەرمەنستاندا جێگیرن. نزیکەی دوو سەد هەزار کوردیش لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەژین...).[١]

مێژوونووسی فارسی (حمد الله مستوفی) کە لە نێوەڕاستی سەدەی چوارەمدا ژیاوە، لە زەفەر نامەدا سنووری کوردستان بەم جۆرە دیاری دەکات: (لە خۆرهەڵاتەوە ئێرانی عەجەم، لە باکوورەوە ئازەربایجان، لە خۆرئاواوە ئێراقی عەرەبی، لە باشوورەوە خوزستان) هەروەها بە پێی نووسراوەکانی ئەو مێژوونووسە کوردستان ئەو کاتە شازدە شارو باژێر بووە..

پێوانەی خاکی کوردستان بە تێکڕا دەگاتە (٤٠٩٦٥٠) کیلۆ مەتری چوار گۆشە، کە لە خاکی وڵاتانی بەریتانیاو هۆڵەنداو بەلژیكو سویسراو دانیمارك فراوانترو بەرینترە. پێوانەی خاکی کوردستان دابەشکراوەتە سەر چەند وڵاتێك، کە بەشی خاکی کوردستان لەو وڵاتانەیشدا بەم شێوەیە هاتووە:

لە وڵاتی تورکیا (١٩٤,٤٠٠) کیلۆ مەتری چوار گۆشەیە

لە ئێراندا (١٢٤,٩٥٠) کیلۆ مەتری چوار گۆشەیە

لە ئێراقدا (٧٢,٠٠٠) کیلۆ مەتری چوار گۆشەیە

لە سوریادا (١٨,٣٠٠) کیلۆ مەتری چوار گۆشەیە[٢]

شاعیری نیشتمان پەروەری کورد (ئەسیری ١٨٩٥ — ١٩٦٢) لە هەڵبەستێکدا سنووری کوردستانی بەم شێوەیە دەسنیشان کردووە:

---

[١] مایکل گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، وەرگێڕانی مامکاك، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، لاپەڕە (٢١).

[٢] قادر ئەحمەدی، کوردو مێژوو، سلێمانی، ٢٠٠٥، لاپەڕە (٣٧).

کـــورده دەزانـــی لـــە کـــویٚ جـــیٚگیره خزمـــانی تـــۆ
گـــویٚ بگـــره بـــۆتی بلٚـــیٚم جیٚگـــەی قـــەومانی تـــۆ
کیٚـــوی تـــۆرۆس‌و عـــومقی حەوزەکـــەی ئەســـکەندەروون
غەربییـــە تـــا بـــەحری رەش، ســـەرحەدی مەیـــدانی تـــۆ
بـــەحری رەش‌و گـــەردەهان، ئـــاوی ئاراســـە بـــزان
حـــەدی شـــیماله ئەمـــە بـــۆ کـــۆچ‌و جـــەولانی تـــۆ
ئـــەلٚوەن‌و گـــۆمی ورمـــێ، تـــا ســـەری ئـــاوی ئـــاراس
ســـــنووری رۆژهەلاٚتـــــە جۆگـــــەو کیٚـــــوانی تـــــۆ
ئـــەهوازو کیٚـــوی حـــەمرین، ژەنگـــاره ریٚـــی نـــسەیبین
ســـــنووره بـــــۆ جنـــــووبی باغـــــچەو باغـــــانی تـــــۆ
لـــە نـــاوی ئـــەم ســـنووره دوانـــزه ویلایـــەت هەیـــە
دەلٚـــیٚن دوانـــزه ملیۆنـــە نفوســـی کـــوردانی تـــۆ
حاشـــا درۆیـــە وتـــرا نفووســـیان نەنووســـرا
دەگاتـــە بیـــست ملیـــۆن بنووســـریٚ قـــەومانی تـــۆ
لـــە دەر بـــە ئـــەم ســـنووره لـــە ئەنقـــەرەو خوراســـان
بلـــوش‌و ئەزەربـــەیجان، لەویٚـــشە خزمـــانی تـــۆ
ئـــەی وەتـــەنی خۆشەویـــست نـــاوتم ئـــەوجا کـــە بیـــست
منـــداڵیٚکی ســـاوا بـــووم، دەبوومـــە قوربـــانی تـــۆ
وتـــەی ولاٚتـــی کـــورده، لـــە لای تـــۆ هـــەروەکو ویٚـــرده
(ئەســـیری) ئـــەم حالٚەتـــە دەلیلـــی میـــوانی تـــۆ[1]

گۆتییەکان‌و هۆرییەکان‌و لۆلۆییەکان‌و کاشییەکان بە بەشێکی گرنگی باوو باپیرانی کورد دەژمێردرێن، تێکڕای ئەم تیرانەیش ئاری نەژادو هیندو ئەوروپایی نین، بەڵکو

---

[1] دیوانی ئەسیری، ئامادە کردن‌و پێشەکی: دکتۆر کوردستان موکریانی، پێدا چوونەوەو بەراورد: ئەحمەد تاقانە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە (١٧٤ ــ ١٧٥).

دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکانی زاگرۆسن و هەر لە کۆنەوە لەوێدا بوونەو ژیاون، لە پاشانیشدا تەووژمی هیندو ئەوروپایی ئاری نەژاد هاتونەتە ناوچەکەیان و تێکەڵ بە یەکتری بوونەو لە پاشاندا دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەی زاگرۆس لەگەڵ ئاری نەژادەکاندا وەکو میتانی و میدی بە هەموویانەوە تێکڕا میللەتی کوردیان پێکهێناوە. سەرەڕای هەموویشی بە درێژایی مێژوو نەتەوەیەك هەر هەبووە کە ناوەکەیان لە وشەی کوردەوە نزیك بووە، وەکو کەرداو کەردوو کەردەکیس و کاردۆخی و کورتی و کیرتی کە هەردەم بە بەشێك لە گۆتییەکان لە قەڵەم دراون. بەڵگەیەکی مێژوویی دەیسەلمێنێت کە هەموو ناوەکانی خالیدی و ئاراراتی و سۆباری و نایری و میتانی و موشکی و.... هتد هەر هەموویان گۆتی بوون. لە نووسراوێکی هەڵکۆڵراودا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەلمەنسەری یەکەم ١٢٨٠- ١٢٦١ پ. ز. هاتووە (هۆزی گۆتی کە لە ئاسمانی ئەم سەردەمەدا وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوو، نەك بە تەنیا بە هۆی زۆرییەوە، بەڵکو بە هۆی ورەو ئازایەتی و کاولکارییەوە بەناوبانگ بوون. لە رووی مندا درێژەیان بە یاخی بوون و دوژمنایەتی دا)[1]

پایتەختی گۆتییەکان (ئەرەبخا) بووە کە ئێستا گەڕەکێکە بە ناوی عەرەفەوە لە رۆژئاوای شاری کەرکوك، بە پێی راو بۆچوونی دکتۆر کەمال رەشید، گۆتییەکان بریتین لە کۆنترین دانیشتوانی شاری کەرکوك، هەر ئەوانیش پێش (٣٥٠٠ - ٤٥٠٠) ساڵ پ. ز. قەڵای کەرکوکیان دامەزراندووە.[2]

بە گوێرەی ئەو نووسراوانەی کە بە خەتی بزماری نووسراون، ناوی وڵاتی گۆتیوم، بۆ یەکەم جار لە لایەن (لوگان ـ ئان مونتو)ی حاکمی شاری ئەدەب سۆمەرەوە هاتووە، کە ئەم شارە لە ناوچەی فوراتی باشوور بووە کە ئێستا پێی دەووترێت سەماوە.[3]

گۆتییەکان لە سەرووی چیای حەمرین و ژووررووی وڵاتی عێراقی ئێستا ژیابوون. سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و پاشتریش ئاشوورییەکان، بەو ناوچە گۆتی نشینانەیان

---

[1] ئیحسان نووری پاشا، مێژووی ریشەی نەژادی کورد، لاپەڕە (٢٠).

[2] الدکتور جمال رشید، کرکوك في العصور القدیمە، دار ئاراس، أربیل، ٢٠٠٢، لاپەڕە (٢٧).

[3] قادر ئەحمەدی، کوردو مێژوو، لاپەڕە (٢٣).

دەووت سوبار، سوبور، سوبارتو، سوبار تیوم، سوبار توم، شوبارو، شوبریاو تەنانەت شوراویشیان پێ وتووە.[1] وەهای پێدەچێت کە گوندی (شۆراو) کە دەکەوێتە سەر ڕێگای کەرکوك‌و هەولێرەوە هەر لەو ناوە کۆنەوە سەرچاوەیگرتبێت.. هەروەها لەسەر جادەی داقوق دوزخورماتو گوندێك هەیە ناوی (شۆراو)ە . سۆمەریەکان بە شاخیان دەووت (کور) لە حاڵەتی کۆدا وتوویانە (کور کور) بە مانای چیاکان، مەبەستیشیان ولاتی چیاکانی کوردستانی ئێستا بووە.

ئەکەدییەکانیش وشەی (عەلیاتم)یان بۆ ژووروی ولاتی عێراقی ئێستا بە کارهێناوە. (نارام سین — ٢٢٦٠ — ٢٢٢٣)ی پ. ز. کە کوڕەزای سەرگۆنی ئەکەدی بووە، ناوی خۆی ناوە پاشای عەلیاتم. خەڵکانی گۆتیۆم لە دانیشتووانی ئەرابخاو قەلای کەرکوك زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەی سوبارتۆیان پێکهێناوە.

لە یەکێك لە نووسراوەکانی سەر پارچە قوڕەکانی هەزارەی دووەمی سەردەمی سۆمەریەکاندا ناوی زەویوزاری (کەردە) هاتووە. ئەو پارچە نووسراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شا (شورسین)ی شای (ئور) (١٩٧٨ ــ ١٩٧٠)ی پ. ز.. ئەم ناوەیش بۆی هەیە کە بە (کەردەکە)یش بخوێنرێتەوە.[2]

مێژوو نووسی یۆنانی هیرۆدۆت (٤٨٤ ــ ٤٢٥)ی پ. ز. وشەی (کارداکیس)ی بە کارهێناوە. پاشتریش (زەینەفۆن) کە لە ساڵی (٤٠١)ی پ. ز.دا بە خۆی‌و دە هەزار سەربازەوە لە ولاتی فارسەوە دەگەڕێنەوەو بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بە کوردستاندا ڕەتدەبن‌و تووشی شەڕێکی سەخت دەبن لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکەدا، ئەم سەرکردە سەربازییە یۆنانییە لە کتێبەکەیدا ناوی دانیشتووانی ناوچەکەی بە (کاردۆخی) بردووە. هەندێك لە لێکۆڵەرانی کورد وەهای بۆ دەچن کە ناوچەی (کەردا) لە سەرچاوە بزمارییەکاندا بە شێوەیەکی ئەوتۆ نووسراوە، گەر یەکێك شارەزای زمانی سۆمەری نەبێت وەهای تێدەگات کە ناوی ناوچەکە (کەردەکا)یە نەك (کەردا)، بۆیە کە هیرۆدۆت گوێی لێبووە یاخود خوێندویەتیەوە بە شێوەزاری یۆنانی بە (کارداکیس) نووسیویەتی، بە زۆریش وەها مەزنە

---

[1] الدکتور جمال رشید، کرکوك فی العصور القدیمە، لاپەڕە (٢٤).

[2] توفیق وهبیی بك، الأثار الکاملة، اعداد: رفیق صالح، بنکەی ژین، سلیمانیە، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٢٢).

دەکرێت کە هیرۆدۆت لەم ناوە مەبەستی دانیشتووانی کوردستان نەبووە، بەڵکو مەبەستی دانیشتووانی ناوچەی (کەردا) بووە.[1]

مامۆستا ئەمین زەکی ناوی کوردی بە درێژایی مێژوو بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمار کردووە:

١. لە لای سۆمەریەکان بە ناوی (گوتی. جویت. جودی).

٢. لە لای ئاشووریەکان (گوتی. کوتی. کورتی. کاردو. کاردا. کاردان. کارکتان. کارداك).

٣. لای یۆنانیەکانو رۆمانەکان (کاروسۆی. کاردخۆی. کاردوك. کردوکی. کردوخی. کوردویکای).

٤. لای ئێرانیەکان (کورتیوی. سبیرتی. کورداها).

٥. لای ئەرمەنیەکان (کوردوئین. کوردوچیخ. کورتیخ. کرخی. کورخی).

٦. لای عەرەبەکان بە پێی کتێبە ئیسلامییەکان (کردی. کاردوی. باکاردا. کارتاویە. جودی. جوردی. بکرادە).[2]

جیۆگرافیناسی ناسراوی یۆنانی سترابۆن (٦٤ پ. ز. ــ ١٩ زاینی) لە سەدەی یەکەمی زاینیدا لە هەرێمی (کبادۆکیە)ی ئاسیای بچووکدا ژیاوە. کتێبێکی بۆ جیۆگرافیای جیهان لە حەڤدە بەرگدا داناوە. ناوچەکانی ئەو سەردەمەی بابلو ئاشوورو کوردوئینی وەسف کردووە. جیۆگرافیای ناوچەی (کوردوئین)ی لە نێوان شاری ئامەدو موشدا دەستنیشان کردووە. ناوی چەند شارێکی کوردی لەسەر رووباری دیجلە هێناوە، کە ئەمانەن: (ساریسا)و (ساتالکا)و (پیناکا).[3]

لە سەردەمی ئاشووریەکاندا بە ویلایەتی (بۆتان)و (ئاشوور)یان وتووە (گۆتیۆم) واتە وڵاتی (گۆتی). هەندێك لە مێژووناسان وەهای بۆ دەچن کە لە مێژوودا میللەتێك نەبووە

---

[1] الدکتور فرست مرعی، کردستان فی القرن السابع المیلادی، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیە، سلیمانیە، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٣١).

[2] محمد رسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٣٨).

[3] الدکتور فرست مرعی، کردستان فی القرن السابع المیلادی، لاپەڕە (٣٤).

به ناوی ئاشووریەوه، بەڵکو دەوڵەتێکی پڕ هێزو بە توانا هەبووه بە ناوی ئاشوورەوەو هەر میللەتێکیش لەو میللەتانەی ناوچەکانی گوتیوم گەر خواوەندی (ئاشوور)یان پەرستبێت ئەوا پێیان وتراوه ئاشووری. رۆژهەڵاتناس (دکتۆر ئاوری) لە بارەی گۆتیۆمەوه یانی وڵاتی گۆتیۆمەوه دەڵێت:

(کاردۆ. کاردۆخی. کارتوخی. کاردۆشی. کاردا. کارداك. کارداویه. کاتاویه. کوردی. کورتی. کورتەدی. کورتۆخی. کوردوانی. کوردیا. گوتی. ئەمانە هەمووی بۆ یەك ناو دەبرێن).[1]

لە کتێبێکی سەردەمی ساسانییەکاندا کە بە زمانی پەهلەوی نووسراوه ناوی (کورد، کوردان) هاتووه. ئەردەشێری بابەکان دامەزرێنەری بنەماڵەی ساسانی لە ساڵی (٢٢٦)ی پ. ز.دا کە باسی دوژمنەکانی دەکات، دێته سەر (مادیگ) ناوێك کە (پادشای کوردان) بووه.[2] لە ساڵی (٥٣٨)پ. ز.دا کاتێك کورشی پادشای فارس بابلی داگیر کرد، سوواره کورده گۆتۆییەکان پێشڕەوی لەشکرەکەی بوون. گۆتۆییەکان کە پایتەختەکەیان ئەراپخا بوو بە تەنیشتی شاری کەرکوکی ئێستاوه، سەدو بیستو چوار ساڵو چل رۆژ وڵاتی ئەکەدو بابلیان داگیر کردو لەو ماوەیەدا لە خوارووی وڵاتی نێوان دوو رووباری میزۆپۆتامیادا حوکمڕانیان کردووه (لە دەورو بەری ٢٢٦٤ – ٢١٧٣ پێش زایینی) بیستو یەك پادشای گۆتۆ لەو سەدەیەدا یەك بە دوای یەك هاتن.[3]

کورد لە روانگەی وشەوه بە واتای بە هێزو پاڵەوان پێناسە کراوه. ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی کوردو کوردستاندا لەو باوەڕەدایە کە رەنگە وشەی کورد لە زمانی ئاشوورییەوه وەرگیرا بێت، کە لەو زمانەدا کاردو کورد بە واتای بە هێزو پاڵەوان هاتووه. هەندێ کەسی

---

[1] محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی: عبد الكريم محمد سعيد، بڵاوکردنەوەی چوار چرا، سلێمانی، چاپی دووەم، (٢٠٠٧)، لاپەڕه (٩٣).

[2] ئارشاك سافرستیان، کوردو کوردستان، وەرگێڕانی: ئەمین شوان دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، لاپەڕه (٢٠).

[3] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕه (٢٦).

تر کورد بە (گـورد)ی فارسـی تێگەیـشتوون کـە لـە شـانامەدا بـە واتـای پاڵـەوان[1] دێـت. بێگومان تاوەکو رۆژی ئەمرۆمان لە نێو میللەتی کورددا کەسانی دامەزراوو تێکسمڕاو بە (خورت) وەسف دەکرێن. (فایەق بێکـەس)ی شـاعیریش کـورد بـە گـورد وەسـف دەکـاتو دەڵێت:

ئـــەم کـــوردە گـــوردە ئێـــستا کـــە بێکـــەسو هـــەژارە
ملـــی بـــۆ شـــیری دوژمـــــن خـــوارو کـــەچو لارە[2]

هەروەها ئەسیری شاعیریش هەمان وشەی (گورد)ی بۆ وەسفی کورد بـە کـار هێنـاوەو دەڵیت:

پـــیرۆز بـــێ جـــەژنی تـــۆ ئـــەی کـــوردی گـــوردی بـــە وەفـــا
ســـــەد جـــــەژنی وا بـــــدینی بـــــە دڵخۆشـــــیو ســـــەفا[3]

مێژوو نووسی ناسراو (درایڤەر) ناوی کوردی بە درێژایی مێژوو بەم شێوەیەی خـوارەوە پۆلین کردووە:

١. لە سەدەی یەکەمی زاینیدا: کوردوەنی. گوردێنی. گوریەئەس. گوردیەئنا.
٢. لە سەدەی دووەمی زاینیدا: گوردێنێ. گورد یەئوس. کوردوێنێ. کەردینۆس.
٣. لە سەدەی چوارەمی زاینیدا: کەردو وێنی. کوردوێنی. کوردیەئی.
٤. لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا: کەردوێنی. کوردوێنە. کوردێینە.
٥. لە نووسراوی پیاوە ئاینییەکاندا: کەردیئۆس. کوردولیە. کوردیەلیە.[4]

نووسـەری ناسـراوی عێراقـی دکتـۆر عـەلی وەردی. نووسـیویەتی کـە ئیمـامی عـەلی

---

[1] مەنسوور مەخدەم، گرنگی کـوردو کوردسـتان. وەرگێڕانـی: رەفعـەت مـورادی، وەزارەتـی رۆشـنبیری، لاپەڕە (٢٠).

[2] دیوانی فایەق بێکەس، ئامادە کردنی: محەمەدی ملا کەریم، چاپخانەی الادیب، بغداد، ١٩٨٠، لاپەڕە (٦٥).

[3] دیوانی ئەسیری، لاپەڕە (٤٠).

[4] (گ. ر. درایڤەر)، درایڤەرو کورد، وەرگێڕانـی: ئـەنوەری سـوڵتانی، بنکـەی ژیـن، سـلێمانی، ٢٠٠٥، لاپەڕە (١٥).

وتوویەتی بنەڕەتو سەرچاوەی عەشرەتی قورەیش دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی (کوتی) لە عێراقی کۆندا.. ئەوەتا ئەو نووسەرە لە لاپەڕە (١٠٦)ی کتێبی (أسطورة الادب الرفيع) دا دەڵێت: (ولكن علي بن ابي طالب جاء برأي آخر في أصل قريش. فهو يقول بأن قريشا من نبط كوثي. وكوثي بلدة في العراق القديم..).[1] لە راستیدا ئەم رستەیە بە قەڵەمی کوردێك نەنووسراوە، بەڵکو لە لایەن نووسەرێکی بەناوبانگی باوەڕ پێکراوی عەرەبییەوە نووسراوە کە ئەویش دکتۆر عەلی وەردیە.! لەوانەیە هەندێك بڵێن کە مەبەستی ئیمامی عەلی رەزای خوای لێبێت ناوچەی (گوتی) نییە بەڵکو شاری (کوت)ە لە خوارووی عێراقدا کە ئێستا ناوچەیەکی عەرەبنشینە.. مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی لەم رووەوە لە کتێبی (چوار دەوڵەتی کوردی)دا دەڵێت کە ناوچە بێشەڵانو زەلکەوەکانی خوارووی عێراق لە سەردەمی کۆندا کوردنشین بوونەو عەرەبی تێدا نەبووە. هەروەها دەڵێت کە وشەی (هور) لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردییەو عەرەبی نییە. ئەوەتا بەم شێوەیە نووسیویەتیو دەڵێت:

(هەوارو وشەیەکی کوردیە لەگەڵ زەلکاودا یەك مەبەست ئەگەیەننو یەك واتان. دوور نیە عەرەب ئەم ناوە کوردییەیان کردبێ بە هۆرو (ئەهواری وشەی گشتی). دەڵێم دوور نییە چونکە عەرەب لە سەردەمی ئەمەویو عەباسیدا وشەی (بطيحة. بطائح)یان بە کار هێناوەو ئەم وشەی (هور)ە دواتر کەوتۆتە سەر زمان. مەبەست لە هەوراو (هور ــ أهوار) ئەو سەر زەوییە زەلکاوە قامیشەڵانە جەنگەڵەیە کە ئەکەوێتە نێوان بەسرەو ئەهواز (ئاوەزێ) عیمارە ــ کوت ــ ناسریەوە. ئەم خاکە لە سەردەمی ساسانیدا وشکانو پڕ لە باغاتو کشتوکاڵ بووە. پاش رووخانی دەوڵەتی ساسانی لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامو دەورانی ئەمەویدا بە هۆی ئەوەوە کە (سواد العراق) (رەشە خاکی عێراق) هەموو باغە خورماو دارستانو کشتوکاڵ بووە).[2]

لە پاشاندا مامۆستا مەلا جەمیل دێتە سەر ئەوەی کە بڵێت (حەجاج)ی والی عێراق بوو (کوفە)ی بە جێ هێشتو بۆ ئەوەی نزیکی هەوراوەکان بێتو زوو زوو هەڵمەتی

---

[1] الدكتور علي الوردي، أسطورة الأدب الرفيع، مدينة قم، ٢٠٠٥، لاپەڕە (١٠٦).

[2] گۆڤاری روڤار، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، شەهیدی فیکری مێژوو، سلێمانی، ژمارە (٤٨)، کانوونی دووەم، ٢٠٠٨، لاپەڕە (١٤).

یاخییان بداتو چوو شاری (واست)ی دروستکردو لەوێ دانیشت..).[1]

ماموستا مەلا جەمیل کوردستانی بوونی ناوچەکە دوپات دەکاتەوەو دەڵێت (لەم سەردەمەدا هەرێمی واست (کوت) بەشێبوو لە کوردستان...)[2]

لێرەدا پێویستە بڵێین جیاوازی هەیە لە نێوان هەر سێ وشەی (کوێت)و (کوت)و (کوتی). لە راستیدا لە سەردەمانی کۆندا ناوچەی (کوت)ی عێراقی کوردنشین بووە، وشەی (کوتی. گوتی. جودی)یش پەیوەندی بە مێژووی باوو باپیرانی میللەتی کوردەوە هەیە...

گۆتیەکانو کاشیەکانو هورییەکان دانیشتوانی رەسەنی چیای زاگرۆسو ژووررووی وڵاتی نێوان دوو رووبارن، بە تایبەتی گۆتیەکان بە کۆنترین دانیشتوانی کوردستانی خواروو لەگەڵ شاری کەرکوك دەژمێردرێن، هەر ئەوانیش قەڵای کەرکوکیان دامەزراندووە، پایتەختەکەیان ئەرابخا بووە لە شاری کەرکوکدا، کە ئێستا پێی دەوترێت گەڕەکی عەرەفەو دەکەوێتە تەنیشتی ناوچەی باوە گوڕ گوڕی نەوتییەوە. مێژوو نووسی یۆنانی (پلۆتارخ ٥٠ - ١٢٥ز) کاتی خۆی سەردانی رۆژهەڵاتی کردووەو ناوچەی (باوە گوڕ گوڕ)ی بە ناوی (کور کورا kor koura) ناو بردووە، کە ئەم شوێنەش لەگەڵ ئەرابخا بەشێك لە ناوچەی ساترابی میدییان پێکهێناوە. دکتۆر جەمال رەشید وەهای بۆ دەچێت کە وشەی (کەرکوك)ی ئێستا هەر لەو ناوە کۆنەوە سەریهەڵدابێت، لە پاشاندا پاشگری زاگرۆسی (ak – uk)ی وەرگرتووەو بووە بە کەرکوت (korkout) یاخود (korkour – uk)و دواتریش بووە بە کەرکوك.[3]

یەکەم ئاماژە بە گۆتیەکان ئەوەیە کە یەکەمین پاشای گۆتی ناوی (ئاننا توم) بووە. ئەم پاشایە لە سەدەی (٣١)ی پ. ز.دا ژیاوەو لەگەڵ ئیلامییەکاندا شەڕی کردووەو شاری (لاگش)ی کردووە بە پایتەختی خۆی، هەروەها ئاماژەیش بەوە کراوە کە رۆژگاری فەرمانڕەوایی گۆتی بە دەستی (ئۆتۆهیگال) پاشای ئور لە ناو چووەو گۆتییەکان بەرەو کەناری چیای ئارارات کە وڵاتی پێشینی خۆیان بووە، کشاونەتەوەو لەگەڵ لۆلۆییەکاندا

[1] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٤).

[2] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٥).

[3] د. جمال رشید، کرکوك في العصور القدیمە، دار ئاراس، اربیل، (٢٠٠٢)، ل (٤٢).

تێکەڵ بوونە، دوایین پاشای گۆتی ناوی(تیریگان) بووە.[1]

گۆتییەکان بە درێژایی سەدەیەك (٢٢٢٨ - ٢١٢٨)ی پێش زایینی حوکمڕانی وڵاتی ئەکەدیان کردووە لە خوارووی وڵاتی نێوان دوو رووباردا. لە ستوونی حەوتی (دێڕی ٢١ - ٢٨)دا لە لیستی پاشایانی سۆمەریدا ئەم زانیارییانە نووسراون.

ئۆتۆ بۆ ماوەی حەوت ساڵ حوکمڕانی ئوری کرد، پاشانیش بۆ ماوەی سێ ساڵ پێنج پاشا حوکمڕانییان کرد. بە هێزی چەك ئۆرۆك داگیر کراو موڵکیەتی بەرەو چیاکان گوازرایەوە. لە نێو خێڵی گۆتییەکاندا پاشایەکی بە ناو (لوکال مانو- توك) پەیدا بوو، پاشان ئیمیتای بوو بە پاشاو بۆ ماوەی سێ ساڵ حوکمی کردو ئینکیشۆش شەش ساڵ حوکمی کردو سارلکەب شەش ساڵ حوکمی کرد شولمی شەش ساڵ حوکمی کردو ئیلۆمیش شەش ساڵ حوکمی کرد ئینیماکش پێنج ساڵ حوکمی کرد ئیارلکەب پازدە ساڵ حوکمی کرد ئیباتی سێ ساڵ حوکمی کردو ئیارلا سێ ساڵ حوکمی کردو کوروم ساڵێك حوکمی کردو هابیلکین سێ ساڵ حوکمی کردو لیبرابوم دوو ساڵ حوکمی کردو ئیراروم دوو ساڵو هابلوم دوو ساڵو بۆزرۆسین کوڕی هابلوم حەوت ساڵو هەروەها ئیارلکنەد حەوت ساڵو سیئیۆم حەوت ساڵو تریگان چل رۆژ. کۆی گشتی حوکمڕانیی گۆتییەکان نەوەتو یەك ساڵو چل رۆژ دەکات.[2]

لەسەر نەخشی پاشماوەیەکی کۆنو دێریندا ناوی بیست پاشای گۆتییەکان دەکەونە پێش چاو، کە بە درێژایی نەوەتو یەك ساڵو چل رۆژ دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتی ئەکەددا سەپاندووە:

---

[1] عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)، کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، وەزارەتی رۆشنبیری، (٢٠٠٨)، ل (٤٥).

[2] د.جمال رشيد، ظهور الكورد في التأريخ، الجزء الأول، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠٣، ل (٥٥١).

پاشایانی گۆتی ٢٢٢٨ - ٢١٢٨ پ . ز

| ز | ناوی پاشاکان | ساڵانی حوکم |
|---|---|---|
| ١ | ئیمتا Imta | ٣ |
| ٢ | ئینکیشۆ Inkishu | ٦ |
| ٣ | نیکیلاگات Nikiallagat | ٦ |
| ٤ | شولمی Shulme | ٦ |
| ٥ | ئیلۆلۆمش Elulumesh | ٦ |
| ٦ | ئینیماباکش lnimabaksh | ٥ |
| ٧ | ئیگشاوش lgeshaush | ٦ |
| ٨ | ئیرالاگات Iralagat | ١٥ |
| ٩ | ئیبات Ibate | ٣ |
| ١٠ | ئیرالاگاش Iralagash | ٣ |
| ١١ | کورسوم Kursum | ١ |
| ١٢ | ----- | ٣ |
| ١٣ | ----- | ٢ |
| ١٤ | ئیراروم Irarum | ٢ |
| ١٥ | ئیبرانوم Ibranum | ١ |
| ١٦ | هالبوم Halbum | ٢ |
| ١٧ | پوزوروسین Puzur – sin | ٧ |
| ١٨ | ئیرالاگاندا Iralaganada | ٧ |
| ١٩ | ----- | ٧ |
| ٢٠ | تیریگان Tirigan | ٤٠ رۆژ |
| سەرجەم ٢٠ پاشا ٩١ ساڵو ٤٠ رۆژ | | |

سەرچاوە:

[١] Wooliy, Sir Leonard, Excavation at Ur, London, ١٩٥٥, p. ٢٥٤

لۆلۆکان لە سەدەکانی (٣٧)ی پ. ز.دا لە ناوچەکانی نێوان بەغداو کرماشانی ئێستادا

[١] د. فؤاد حمة خورشيد، أصل الكورد، بغداد، دار الثقافة والنشر الكوردية، ٢٠٠٦، ل (٧).

ژیاون، لەو سەردەمەدا بەو ناوچەیەیان دەووت (لۆلۆبۆم) واتە شوێنی ژیانی لۆلۆکان. سۆمەرییەکان بە مرۆڤی تاکیان وتووە (لۆ) لە کاتی کۆیشدا وتوویانە (لۆلۆ) بە مانای خەڵکی. بە چیایان وتووە (کور) لە کاتی کۆیشدا وتراوە (کور کور) یانی چیاکان. کۆمەڵێك لە مێژوو نووسان پێیان وایە کە ئەم هۆزە لە ناوچەی سلێمانیو شارەزوورو زەهاو و هالمان - حەلواندا ژیاون، کە لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا بە ولاَتی زاموا ناوی دەرکردووە[1]

شای ئەکەد (نەرام سین) (٢٢٦٠ - ٢٢٢٣ پ . ز) کە دەکاتە کوڕەزای سەرجۆنی ئەکەدی، هێرش دەباتە سەر لۆلۆییەکانو بە سەریاندا زاڵ دەبێت. دەوترێت کە شای لۆلۆییەکان (ساتۆنی) لەگەڵ (سیدوردی) ناوێکدا پەیمان دەبەستنو روو بە رووی ئەکەدییەکان دەوەستن. نەرام سین ئەو هێرشەی لە میلی سەرکەوتندا تۆمار دەکات. لە پاشاندا ئەم میلە لە شاری سوسەدا دۆزرایەوە. هەروەها سەرکەوتنی نەرام سین بەسەر شای لۆلۆییەکان (ساتۆنی)و ولاَتی (سیدوردی)ی هاوپەیمانیان، لە نەخشەی قەد چیای دەربەند گاور لە ناوچەی قەرەداغی شاری سلێمانی تۆمار کراوە. کە چاومان بە وێنەیەکی هەڵکۆڵراوی پیاوێکی ریشدار بە بەرزی یازدە پێ دەکەوێت، کلاَوێکی ئاسنینی لەسەر کردووەو بە دەستی چەپەی کەوانێکی هەڵگرتووەو بە دەستی راستەشی تەور داسێکی هەڵگرتووە، پێی چەپەشی بەرز کردۆتەوە بەو مانایەی کە لە حاڵەتی رێکردندایە. لە ژێر پێشیدا دوو کەسی کوژراو راکشاون، قەبارەی هەر یەکێکیان هەندی چواریەکی کابرای ریشدارە[2]

لە نێو دەروازەی (سەرپێل)دا نەخشێکی سەردەمی لۆلۆیەکان لەسەر بەرد هەڵکۆڵراوە. وێنەکە شا ئانۆبانینی پادشای لۆلۆیی نیشان دەدات. ریشێکی درێژی چوار گۆشەیی هەیەو کلاَوێکی خڕی لەسەردایە. بەرگێکی کورتی لەبەردایەو کەوانێکی بە دەستەوەیەو بە دەستەکەی تری تەورێك. پێی خۆی لەسەر دوژمنێك داناوە کە لەسەر زەوی کەوتووە. بەرامبەر بە خوداوەندی چەشنەکان (نی نی) وەستاوە. ئەو خواوەندە بە کلاَوێکی درێژو

---

[1] قادر ئەحمەدی، کوردو مێژوو، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٢٤.

[2] د.فوزي رشيد، نرام سين ملك جهات العالم الأربعة، بغداد، ١٩٩٠، ل (٥٣).

بەرگێکی ریشوودارەوەیە کە تاقولە پێی هاتووە. دەستێکی بۆ شا راکێشاوەو لە خواریشەوە شەش دیلی تر بەیەکەوە بەستراونەتەوەو هەموویان دەستیان شەتەك دراوە، لە خواریشەوە شەش دیلەکە دەستیان لە پشتەوە بەستراوەتەوە. نووسینەکە بە زمانی ئەکەدی نووسراوە. وەهایش دەردەکەوێت کە دوژمنەکانی لۆلۆییەکان هەر ئەکەدییەکانن[1]... تەگلات پەلاسەری دووەم بەشێك لە ئارامییەکانی میسۆپۆتامیای بردووە بۆ وڵاتی لۆلۆ. (دکتۆر سپایزار) لۆلۆکان بە باوو باپیرانی لورەکانی ئێستا دادەنێت.[2]

پاش کز بوونی هێزو توانای گۆتیەکان ئەوە بوو هۆرییەکان سەریان هەڵداو ناویان کەوتە نێوانەوە. لە بەشی (٣٥ — ٢٠ — ٣٠)ی کتێبی پیرۆزدا بە (حورتیون) ناویان هاتووە.[3] هیچ پەیوەندییەك لە نێوانی زمانی هۆریدا کە بە نووسینی مێخی دەنووسرا لەگەڵ زمانە هیندو ئەوروپاییو سامییەکاندا بە دی ناکرێت. بەڵکو ئەم هۆرییانە خەڵکی رەسەنی بنەرەتی ناوچەکەن، لێرەشدا تێکەڵییەك هەیە لە نێوان سۆبارتییەکانو هۆرییەکانو میتانییەکاندا. توێژەری ئەمریکایی (گیڵپ) وایدەبینێ کە هۆرییەکان لە نەوەکانی دوایی سۆبارتییەکانن.[4] ناوی خوری لە زمانە جیاجیاکاندا بە پێی رێنووسی نووسەرەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە دەقە ئەکەدییەکانی بۆغازکۆیدا بە (hu - ri)و لە لای خاتییەکاندا (horlili) واتە خۆریەکانو (hurrla) واتە خوری.

لە نامەکانی توشراتای میتانیدا بۆ فیرعەون بە (hur – ru – u – he). لە نۆزیدا بە (hur-ru) لە تەوراتدا بە حوریم. حوری لە زمانی عەرەبیدا هەر لە تەوراتەوە وەرگیراوە. لە ئینگلیزیدا بە (hurrian) لە ئەڵمانیدا بە (hurritisch) لە فەرەنسیدا (hourrite)

---

[1] عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)، کوردو سەرچاوە مێژووییەکان، ل (٣٠).

[2] محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کوردو کوردستان، و: عبد الكريم محمد سعيد، بڵاوکراوەی چوار چرا، سلێمانی، (٢٠٠٧)، چاپی دووەم، ل (٩١).

[3] جورج رو، العراق القديم، و: حسين علوان حسين، وزارة الأعلام، بغداد، (١٩٨٤)، ل (٣١٦).

[4] مێژووی کورد لە شارستانیەتی ئیسلامدا، أحمد محمود خليل و: جوامێر محمد رشید، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٧)، (٢٠٠٨)، هەولێر، ل (١٨٤).

هاتووه... [1] هۆرییەکان هەموو ناوچەکانی باکوری میسۆپۆتامیایان حوکمڕانی دەکردو شاری (گاسوور)یان بە تەنیشتی شاری کەرکوکەوە گرتو ناوی (نووزی)یان لێنا.. [2]

لە پاشاندا ئەمپراتۆریەتی میتانی بە دەستی چینێکی ئۆروستۆکراتیی هیندو ئاری دامەزرا، کە هاتنو لە نێو هۆرییەکانو کاشییەکانو گۆتییەکاندا جێگیر بوون لە بەرزاییەکانی چیای زاگرۆسو ژورووی نێوان دوو رووبار لە هەزارەی سێیەمو دووەمی پ. ز.دا. هەموو ناوچەکانی سۆبارتۆیان کرد بە نیشتەجێبوونی خۆیانو هەموو پاشاکانی هۆرییەکانیشیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە. بۆ یەکەم جاریش پەیوەندی زمانی کوردییان بە هیندو ئارییەوە سەلماند... [3] شانشینی میتانی لە سەدەی شازدەی پ. ز.دا دامەزراو هەموو وڵاتی کوردستانی گرتە خۆی. پایتەختەکەیان ناوی (واشوگانی) بوو لەسەر رووباری خاپوور. قەڵای کەرکوك یەکێك بوو لە میرنشینەکانی ئەو وڵاتە پانو بەرینە. میسرییەکان بە (نەهارین) ناویان دەبردن. توانیان هێزی ئەسپو عەرەبانە بهێننە کایەوە. لە ساڵی (١٣٣٥)ی پێش زایینـدا مەملەکەتەکەیان بە دەستی شای ئاشووری (ئاشور ناسربال) رووخا. تا ئێستا ناوی یەکەم پاشای میتانی لەسەر مۆرێك دۆزراوەتەوە کە ناوی (شوتتارنا)یەو دەشێت پێی بڵێن شوتارنای یەکەم. وەکو لە مۆرەکەدا تۆمار کراوە (شوتتارنا) کوڕی (کیرتا)ی پاشای مەیتینییە. دوا پاشایەکی تری میتانی کە ئێستا ناسراو بێت (پاراتانای یەکەم)ە کە لە نزیکەی پێش یاخود پاش (١٥٠٠) پ. ز.دا دەسەڵاتی گرتبوە دەست. ئەم پاشایە توانی دەوڵەتی میتانی لە نێوان سێ گۆشەی خابووردا فراوانتر بکاتەوە. [4]

پاشا ناسراوەکانی میتانییەکان لە مێژوودا ئەمانەن:

(شوتارنای یەکەم)و (کیرتا) کۆتایی سەدەی شازدەهەمی پێش زایینی (ئیادرا تتارتا)و (دارم)و (سادتتار)و (ئارتامادای یەکەم) لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی پێش زایین.

---

[1] کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، هەولێر، (٢٠٠٨)، ل (٤٧).

[2] جورج رو، العراق القديم، ل (٣١٨).

[3] د.جمال رشيد، كركوك فى العصور القديمه، ل (٣٨).

[4] کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، ل (١٠٦ ــ ١٠٧).

(شوتیتارنای دووەم) سەرەتای سەدەی چواردەیەمی پێش زایینی.

(ماتتی ڤازا)و (شاتتواری یەکەم)و (ڤاسا شاتتا) کۆتایی سەدەی چواردەیەمو سەرەتای سەدەی سیازدەیەمی پێش زایینی.

(شاتتواری دووەم) دەورو بەری (١٢٧٠)ی پێش زایینی، لە نێو ئەو یازدە پاشایەی میتانیدا بە تەنیا شا (شاو شتتار) دەنگو باسی لە ساڵی (١٤٨٠)ی پ. ز.دا تۆمار کراوەو، خۆی بە گەورەی وڵاتەکەیو کۆشكو تەلاری ئاشوورییەکانیش داناوە.[١] پەیوەندییەکی بە تین هەبووە لە نێوان میتانییەکانو فیرعەونە میسرییەکاندا. بە تایبەتی ئەو پەیوەندییانە لە سەردەمی پاشای میتانی (توشراتا ١٣٩٠ پێش زایین) بە هێزتر بووە، سەرچاوە کۆنە میسرییەکان بە برادەری دڵسۆز وەسفی دەکەن. شا توشراتا خوشکێکی خۆی دەدات بە فیرعەونی میسری ئەمنمۆتبی سێیەمو لە پاش مردنیشی بە شا ئەمنحۆتبی چوارەم کە لە ساڵی (١٣٥٨ پ . ز) مردووە. ئەوە بوو شازادەی میتانی کە لە مێژوودا بە (نێڤەرتیتی) ناسراوە ژنی خناتوونی میسر بوو (١٣٦٩ - ١٣٥٣) پ . ز. ئەم فیرعەونەش بەوە ناسراوە کە بۆ یەکەمجار جاڕی یەکتاپەرستی داوە. وەهای بۆ دەچوو ئەو خواپەرستییەش لە خۆردا بەرجەستە دەبێت. (نێڤەرتیتی) بە مانای هاتنی جوانکیلەکە دێتو شان بە شانی مێردەکەی فەرمانڕەوایی وڵاتی میسریان کرد. لە یەکێك لە نامەکانی توشراتای شای میتانی بۆ مێردی خوشکی، فیرعەونی میسری ئەمنحۆتبی سێیەم کە لە ساڵی (١٣٧٢)ی پ. ز.دا مردووە پێی دەڵێت:

بۆ میمۆریای پاشای مەزن. شای میسرو برای من.
ئەو زاوایەی کە خۆشم دەوێتو خۆشی دەوێم
خەزوورت توشراتای پاشای مەزن ئەمانە دەڵێت
کە وەکو پاشایەکی میتانی هەندی برایەك خۆشی دەوێیت
بارو دۆخی من زۆر باشەو هیوادارم تۆیش باش بیت
خۆتوماڵو منالتو خوشکەکەمو ژنەکانی تریشت
هەروەها سوپاو عەرەبانەو بەرزە وڵاخەکانت هەر باش بن

---

[١] عەبدوڵڵا قەرەداغی، کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، ل (٢١٤).

تێکڕای وڵاتەکەشتو سوپاکەشت باش بن
ئاسایش لەوڵاتدا هەر بەرقەرار بێت.[1]

کاشییەکان کە ئەوانیش بە بەشیکی باوو باپیرانی کورد دەژمێرێن لە هەزارەی دووەمی پ. ز.دا لـە ناوەنـدی کێوەکـانی زاگرۆسـدا لەسـەر ئـەو خاکـەی کـە ئـەمرۆ پێـی دەڵـێن لوڕستانو باکووری کوردستان لەسەر رووباری سیرواندا دەژیان.

گەلی کاسای یان کاشو یـان کـوش لـە چیرۆکەکانی بـابلیو پـەیمانی کۆنـدا (تـەورات) باسیان لێوە کراوە. ناوی ئەم گەلە لە ناوی خواوەندێکی چیایی بە نـاوی کاشـۆوە هـاتووە. لە ناوە ئارییـەکانی دیکـەی خواوەنـدەکانیان (دونیـاش) (سـوریاش) (بوریـاش) بـووە. بـۆ خواوەندەکان سیمبولیان داناوە. هەروەها خاچیان وەکـو سـیمبولی خواوەنـدی رۆژ دانـاوە. وەك زانراوە خاچ سیمبولێك بوو بۆ خواوەندی (میترا).... کاشییەکان لە بەشی ناوەڕاسـتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا نیشتەجێ بوون. پەلاماری وڵاتـی بابلیـان داو دەسـتیان بەسـەردا گرت لە دەوروبەری ساڵی (١٧٦٠ پ . ز)دا. پەلاماری وڵاتی سۆمەریان داو بەسەریدا زاڵ بوون. بەم شێوەیە نزیکەی شـەش سـەد سـاڵ فـەرمانڕەوایی وڵاتـی بابـلو سـۆمەریان کـرد تاوەکو ساڵی (١١٧١ پ . ز).[2] کاسیەکان خەڵکیان فێری ئەسپ سواری کـرد. کاتێـك لـە سەدەی دوازدەی پ. ز.دا حکومەتەکەیان لە دەست چوو، ناوچەی نێوان دوو رووباریـان بـە جێهێشتو گەڕانەوە بۆ کێوەکانی خۆیان لە کوردستانو لوڕستان. زۆر بایەخیان بـە خۆیـان دەداو لە رووی ژنو ژنخوازییەوە تێکەڵ بە دانیشتوانی پێـشووی ئـەو جێگایانـە نـەدەبوون. گـەلێکی شـەڕکەرو ئـازا بـوون. لـە گۆڕەکانیانـدا خەنجـەرو تـیرو کـەوانو گـۆزەو گـوارەو دەستەوانە دۆزراونەتەوە کە بە زۆری لە برۆنز دروست کراون...[3]

شا (گاندیش) یەکێکە لە شا ناسراوەکانی کاشیەکان. ئەم پاشـایە هێرشـی کـردە سـەر بابلو داگیری کرد. پاشایەکی تریشیان بە ناوی (ئاگوم کاك ریمی)یەوە بووە. ئێـستایش لـە دەورو بەری شاری سـنەدا چـەند گونـدێك بـە نـاوی (کـاکۆ)وە هـەن. هـەروەکو زانراویـشە

---

[1] فیلیب حتي، تأریخ سوریا ولبنان وفلسطین، بیروت، دار الثقافة، ١٩٥١، ص (١٦٢ ــ ١٦٣).

[2] گۆڤاری مێژوو، ل (١٨٢ ــ ١٨٣).

[3] عەبدوڵڵا قەرەداغی، کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، ل (٨٣).

(کاکەییەکان) بەشێکی گرنگ لە نەتەوەی کورد بێکدەهێنن. چەند حاکمێك لە مێژوودا فەرمانڕەوایی کوردستانیان کردووە بە نازناوی (کاکا)و (کیکیا) وەکو (کاکی) حاکمی (خۆبۆشیکا) لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. ز.. لە ساڵی (٨٥٩) پ . ز بە ناوی (کاکیا) نووسراوەو. لە ساڵی (٨٥٦) پ . ز بە (کاکی) نووسراوە. لە نووسراوەکانی (شالمانسەر)یشدا لە ساڵی (٨٣٦) پ . ز بە (کیکی) نووسراوە. لە ساڵی (٥٢٠) پ . ز (کاکیا) پیاوێکی میدی بووە. لە شانامەی فیردەوسیشدا باسی (کاکۆیی) پاڵەوان کراوە کە گوایە کوڕەزای شای میدی ئیستیاك یاخود ئەژدەهاك بووە.[١]

وەك زانراوە میللەتی کورد لە دوو بەرە بابو باوو باپیران پێکهاتووە، بەرەی یەکەمیان ئاری نەژاد نینو بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا دانیشتوانی چیای زاگرۆسو دەورو بەریان پێکدەهێنا، وەکو گۆتییەکانو خۆرییەکانو لۆلۆییەکانو کاشییەکان. بەرەی دووەمی باوو باپیرانی کورد ئاری نەژادنو وەکو کۆچبەرانی هیندو ئەوروپی لە رۆژهەڵاتی دەریاچەی قەزوینەوە لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز.دا بەرەو ناوچەی کوردستانو چیای زاگرۆس کۆچیان کردو تێکەڵ بە دانیشتووانی ناوچەکە بوون. ئەو ئاری نەژادانەیش بە چەند قۆناخێك یەك لە دووای یەك هاتن وەکو میتانییەکانو مانناییەکانو سکاییەکانو خالدییەکانو میدییەکان. ئاری نەژادەکان تێکەڵ بە نەتەوە رەسەنەکانی ناوچەی کوردستانو چیای زاگرۆس بوونو لە ئاکامدا بە هەموویانەوە میللەتی کوردیان پێکهێنا. وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە لە هەموو سەردەمانێکیشدا نەتەوەو تیرەیەکیش هەر هەبوونە بە ناوی کیرتیو کارداو کردۆو کوردۆئینو کاردۆخیو .. هتد.

وشەی (ئاری) بە مانای خانەدان دێت. یانی خاوەنی ئاگرو گەرماییو ماڵو موڵکن. ئێستایش لە رۆژی ئەمرۆماندا لە نێو کورددا وەها باوە گەر بنەماڵەیەك خۆیان بە خانەدانو خاوەن میوان بزانن پێیان دەووترێت (کوانو) یانی ئاگریان ناکوژێتەوە. یاخود پێیان دەووترێت (ئۆجاخ) ئەم وشەیەیش هەر بە مانای ئاگر دێت. هەر ماڵێکیش منالیان لە دووای خۆیان بە جێ نەمێنێت پێیان دەووترێت (ئۆجاخ کوێر) بەو مانایەی کە ئاگری نێو ماڵیان کوژاوەتەوە. لە کوردستاندا چەند ناوچەو شوێنێك بە ناوی ئۆجاخەوە هەیە،

[١] د. جمال رشيد، ظهور الكورد في التأريخ، الجزء الأول، ل (٥٥٩).

وەکو ئۆجاخی نێوان شاری کەرکوك‌و شارۆچکەی لەیلان. ئەم شوێنانەیش مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئاینی ئیسلام‌و کاتی خۆی ئاتەشگا بوونەو جێی ئاگر پەرستی بوونە. زمانی سانسکریتی بە سەرچاوەی هەموو زمانانی هیندو ئەوروپایی دەژمێردرێت. هیندییە کۆنەکان کە ئەوانیش ئاری نەژادن خوایەکیان هەبووە بە ناوی (ئاگنی . Agni)یەوە کە بە خوای جۆری ئاگر دادەنرا. لە کۆمەڵگای ئارییایدا باوکی خێزان بەرپرسیاری پاراستنی ئاگردان‌و هەڵگیرساندنی ئاگر بووە. ئاگردانی ناوماڵ لە شوێنێکی تایبەتدا دادەنراو پیرۆزییەکی تایبەتیی هەبووەو جێی رێزو نەوازش بووە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە لەوەو دوایش ئاگر بە ناوی یەکێك لەو چوار توخم‌و رەگەزە بە تەنیشتی ئاوو هەواو خاکدا بە پیرۆز دادەنراو بە رێزەوە تەماشا دەکرا.[1] بۆیە وشەی (ئاری) بە مانای ئاگر خوازو ئاگر پەرست دێت. (ئاریان)یش یانی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئاگردا هەڵس‌و کەوت دەکەن. وڵاتی ئەفگانستان لە سەردەمانی زوودا بە (ئاریا) ناو دەبرا، چونکی دانیشتووانەکانی ئاگرپەرست بوون. شاری (هەرات)یش ناوەکەی لە (هرا، هرات)ەوە وەرگیراوە بە مانای ئاگر. تەنانەت وشەی (ئەهریمەن ــ شەیتان) لە (ئاهر)و (مان) پێکهاتووە. هەروەها وشەی (ئاهورامزدا)یش لە ئاگرەوە هاتووە بە مانای خێر خواز دێت.[2] تەنانەت ناوی وڵاتی (ئیرلەندا)یش هەر لە وشەی (ئاری)یەوە وەرگیراوەو ناوی وڵاتی (ئیران)یش بە مانای وڵاتی ئاری نەژاد دێت.

میدییەکان کە لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز.دا بەرەو چیای زاگرۆس‌و کوردستان کۆچیان کرد، بە بەشێکی گرنگی باو باپیرانی کورد دەژمێرێن. رۆژهەڵاتناسی ناسراو (مینۆرسکی)یش ئەم راستییە دووپات دەکاتەوە. زەردەشتی پەیامبەر سەر بە

---

[1] د. ئەردەشیر خودادیان. ئارییەکان‌و مادەکان. وەرگێڕانی: عەلا نوری بابە عەلی. سلێمانی ٢٠٠٣، لاپەڕە (٨٠).

[2] خسرو الجاف. اللر کرد أم لر..!؟ وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: محمد البدری دار ئاراس. أربیل، ٢٠٠٥، لاپەڕە (٥).

نەژادی میدی بووەو لە شاری ورمێ لە دایك بووە. (دارمستەتر) بڕووای وەهایە کە زمانی ئاڤێستایی زمانی کۆنی میدیایە.[1]

زۆر شارو ناوچەی کوردەواری هەن کە بنچینەیەکی کۆنیان هەیە. بۆ نموونە ئێستا گەڕەکی زێویە لە کەرکوکدا هەیە. ناوچەی (زێوە)یش بە تەنیشتی شاری هەولێرەوە هەیە. یاخود بە تەنیشتی شاری سلێمانیو ناوچەی سەقزی کوردستانی ئێرانەوە ناوچەی زێویە هەن. ئەم وشەیەیش لە ناوی شارێکی ماننای کۆنەوە وەرگیراوە کە ئەویش شاری (زیبیا)یە. هەروەها بە تەنیشتی شاری کەرکوکو چەند شوێنێکی تردا ناوچەی (تۆپزاوە)مان هەیە. هەندێك بە هەڵە ئەم ناوە لێکدەدەنەوە دەڵێن گوایە لە هەردوو وشەی کوردیی (توپز)و (ئاوا) پێکدێت یانی بە زۆرەملێو تۆپزی دامەزراوە.. لە راستیدا ئەم بۆچوونە لە راستییە مێژووییەکانەوە دوورەو ناوەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ جیۆگرافیای سەردەمی هورییەکانو تا ئەمرۆش لە ناوچە کوردنشینەکان ماون. بۆ نموونە رووباری (بەڵخ)و (تۆپز) کە ئەمرۆ پێیدەڵێن (تۆپزاوە) لەو جۆرە ناوانەن، بەشی یەکەمی وشەی دووەم وەکو زاراوەی (تۆپ ـ پیا)و (تۆپ ـ کی ـ شینی)و.. پێکهاتوو.[2] لە سەردەمانی کۆندا وەها باو بووە گەر پاشایەك شارێکی دامەزراندبێت یاخود بە کارێکی گرنگ هەڵسابێت، ئەوا ناوی خۆی لەسەر بەردی ئەو شوێنە هەڵکۆڵیوە. خالدییەکان بەشێکی گرنگی باو باپیرانی کورد پێکدەهێنن، ئێستا هەندێك نەزان لە خالدییەکان بە هەڵەو چەواشە خۆیان بە کوڕی خالدی کوڕی وەلید دادەنێنو پێشتریش باسمان لەوەوە کرد کە سەلمانی کوڕی خالید نەوەی لەدوا بەجێنەماوە. بۆ نموونە (مینواس)ی پاشای خالدییەکان. ناوی خۆی تۆمار کردووەو نووسراوە:

خالدینی ئۆشماشینی
خوای بە توانای خالدی

---

[1] توفیق وهبی. کوردو زمانی کوردی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: دکتۆر عەزیز گەردی. سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە (٢٢).

[2] بێهزاد خۆشحاڵی. فیلۆلۆجیای زمانی کوردیو مێژووی کوردستان. وەرگێڕانی: مستەفا غەفوور. دەزگای موکریان، ٢٠٠٨، لاپەڕە (٨٣).

مینواس ئیشپونی خی
مینواس کوڕی ئیشپونی
لوگال دان نوگال ئەلسولین
پاشای بە توانا پاشای گەورە
لوگال کور بیاینا ئەوی
پاشای سەرزەمینی بیاینا
ئەلوسی ئورو توشپەیی ئورو
دادپەروەری شاری توشپەر
مینـــواس شـیئینـــی
مینـــواس ئەنجـامـــی دا
تمنیلـــی تیشیـونـــی
ئـــەم کـــارە.[1]

مینەواس ناوچەکانی ڕۆژئـاوای گـۆمی ورمـێ تـاکو ڕۆژهـەڵاتی داگـیر کـردووە. واتـە فەرمانڕەوایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کێلەشـین تـا دەگاتـە حەسـەن لوتـاش، تەپەکـەوە کـە دەشتی سەلدوزو شنۆ دەگرێتەوە کردووە. هەندێك لەو ناوانە تا ئێستا لە زمـانی کوردیـدا ماونەتەوە وەکو موسایر کە ئەمرۆ بۆتە (موجیسر) لە مەودای هەژدە کیلۆ مـەتری شـاری ڕەواندوزو ڕۆژئاوای دێی تۆپزاوە کە لە کاتی خالدییەکاندا بە (تۆپزە) بەناوبانگ بووە.[2]

مادەکانیش پاشتر لە نێوان ساڵانی (٧٠٠ ــ ٥٥٠) پ. ز.دا فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی زۆریان کردووەو پایتەختەکەیان (ئەکپاتان) بووە کـە ئێـستا فارسـەکان داگیریـان کـردووەو ناویان ناوە (هەمەدان). ناوی مادەکان یاخود میدییـەکان لـە لای مێـژوو نووسـی گریکـی (هیرۆدۆت) بە دوورو درێژی هاتووە. یـاخود مێـژوو دەگێڕێتـەوە گوایـە کاتێـك سـەروەری

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.. لاپەڕە (٧٠).

[2] عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی). کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، وەزارەتی ڕۆشـنبیری، (٢٠٠٨)، لاپەڕە (٢٠٥).

مەسیح لە دایك دەبێت، كۆمەڵێك لە دانایانی كوردستان روو دەكەنە شاری (بەیت لەحم) بۆ دڵنیایی لەو رووداوەو ئەوسایش هیرودودس شای وڵات دەبێت لە ئۆرشەلیمدا. ئەوسا هەموو دڵنیا دەبن لەو رووداوە. لە تەوراتداو لە (مەتی ١ ــ ٩ ــ ١٢) دووازدە هاتووە میدییەكان لە رۆژی پێنج شەممەدا ئامادە دەبنو لە رەفتاری پەیامبەراندا (٢ ــ ١ ــ ٩)دا هاتووەو دەڵێت (لە رۆژی پێنج شەممەدا هەموو پێكەوە ئامادە بوون.. فرتیەكانو مادەكانو عیلامیەكانو دانیشتووانی وڵاتی نێوان دوو رووبار..) شانشینی كەركینی كە پایتەختەكەی كرك (كەركوك) بووە لەگەڵ (ئەدیابینی ــ حدیاب) دەچنە ئاینی مەسیحیەوە..[1]

لە داستانی (ئیلیادە)دا ناوی میدییەكان هاتووە. داستانەكە باسی شەڕی دە ساڵەی نێوان گریكە یۆنانیەكانو تەروادییەكان دەكات. وەها مەزەندە دەكرێت كە ئەو رووداوە لە سەدەی دووازدەی پ. ز.دا روویدا بێت. شاعیری یۆنانی (هۆمیرۆس) بەشیعرو هەڵبەست داستانی (ئیلیادە)و (ئۆدیسە)ی نووسیوەتەوە. هەندێك وەهای بۆ دەچن گوایە دانەری ئەو داستانە نادیارەو (هۆمیرۆس)یش كەسایەتییەكی خەیاڵیەو بوونی نییە. وشەی (هۆمیرۆس) بە زمانی گریكی كۆن بە مانای كوێرو نابینا دێت. نووسەری میسری (درینی خشبە) ئەو داستانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیو لە باسی شەڕەكاندا ناوی میدییەكانیش هاتووە. كە هاوپەیمان بوونە لەگەڵ خەڵكی تەروادەدا یاخود شاری (ویلۆشا)ی كۆنو لە داستانەكەدا دەڵێت: (ئەوەتا میرزادەكانی میدیایش بە زۆری ئامادە بوونەو هەریەك لەوانە دێوێكی تۆقێنەرە بۆ خۆی..)[2]

سەرەتای داستانی ئیلیادە بەوە دەست پێدەكات كە شای تەروادە (بریام) كوڕێكی دەبێت بە ناوی (پاریس). هەر لە سەردەمی مناڵیەوەی پێشبینەكان نوقڵانەی خراپ لێدەدەنو دەقیرێننو دەڵێن گوایە ئەو مناڵە پیو قەدەمی بە خێر نییەو، گەر گەورە ببێت سەر بە گۆبەن دەبێت..!

---

[1] د. عمر ابراهیم توفیق. كوردستانیة منطقة كركوك. (٢٠٠٦)، لاپەڕە (٢١).

[2] ئەلیادە. هومیروس. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: درینی خشبە. القاهرە (١٩٧٣)، لاپەڕە (٥٦).

کاتێك (پاریس) گەورە دەبێت لاوێکی زۆر قۆزی لێدەردەچێت. ڕۆژێك هەر سێ ئافرەتی خواوەند (هیرا)و (ئەفرۆدێت)و (ئەسینا) دەبێت بە ناکۆکیو مشتو مڕیان سەبارەت بە دەستهێنانی (سێوی زێڕینی) شاجوانی.. هەر یەکەیان دەیەویست خۆی ببێت بە شاجوانی ئافرەتان. لە پاشاندا وەها ڕێککەوتن کە پاریسی لاو ناوبژیوانییان بکاتو ئەو خۆی شاجوانێك هەڵبژێرێت. ئەوە بوو (پاریس) سێوی زێڕینی شاجوانیی بەخشی بە (ئەفرۆدێت).. لە بری ئەو دەستنیشانکردنو هەڵبژاردنە (ئەفرۆدێت) گفتو بەڵێن بە (پاریس) دەدات کە جوانترینو شۆخترین ئافرەتی سەر ڕووی زەویی پێببەخشێت. (ئەفرۆدێت) ڕێنمایی (پاریس) دەکات بۆ ئەوەی ڕوو بکاتە وڵاتی یۆنانو لەوێدا جوانترین ئافرەتی سەر ڕووی زەویی ببێت بە نسیب کە ئەویش خاتوو (هێلین)ی شۆخو شەنگە. بەڵام لە بەد بەختیدا کاتێك (پاریس) دەگاتە وڵاتی گریك، دەبینێت (هێلین) شووی بە (مینیلاس)ی شای (ئەسپارتە) کردووە.. پاش ئەوەی (پاریس)و (هێلین) چاویان بە یەکتری دەکەوێت، زوو بە زوویی حەز لە یەکتری دەکەن. (پاریس) هەلی بۆ دەڕەخسێت هێلین دەڕفێنێتو دەیبات بۆ وڵاتی خۆی لە تەروادە. یۆنانییەکان ڕقو قینیان هەڵدەستێتو پاڵەوانەکانیان کۆ دەبنەوەو داوای تۆڵە سەندنەوە لە تەرواددییەکان دەکەن.

بە هەزاران سەربازو پاڵەوانی یۆنان سواری کەشتی دەبنو بە ڕێی دەریادا ڕوودەکەنە شاری تەروادەو گەمارۆی دەدەن. لە ئاکامی شەڕە شمشێرێکدا (ئەخیل)ی گەورە پاڵەوانی یۆنان، (هکتوار)ی ئازاترین جەنگاوەری تەروادە دەکوژرێتو لاشەکەی بە دووی عەرەبانەدا ڕادەکێشێت. بەڵام پاش ئەوەی باوکی پیری کوژراوەکە دێتو دەپاڕێتەوە، دڵی (ئەخیل) نەرم دەبێتو لاشەی کوڕە کوژراوەکە دەدات بە دەستی باوکە پیرەکەیەوە. لە پاشاندا تیرێك دێتو دەدات لە پاژنەی (ئەخیل)و دەیکوژێت. لە داستانەکەدا وەها هاتووە گوایە (ئەخیل) بە منداڵی لە ئاوی نەمریو زیندەگانیدا هەڵدەکێشرێتو بە تەنیا قولە پێی بەر ئاوی نەمری ناکەوێت.. بۆیە کە تیرەکە بەر پاژنەی دەکەوێت یەکسەر دەیکوژێت.

بۆ ماوەی دە ساڵی ڕەبەق یۆنانییەکان گەمارۆی شاری تەراودە دەدەنو زۆریان لێدەکوژرێت. (ئۆدیسیۆس)ی پاڵەوانی یۆنانی پەی بە پیلانێك دەبات، پێشنیاز دەکات کە ئەسپە دارینەیەکی زەبەلاح دروست بکرێتو کۆمەڵە پاڵەوانێکی ئازاو بە جەرگی یۆنانی

خۆیانی تێدا مەلاس بدەنو لەگەڵ خۆیاندا بەرەو مەیدانی جەنگی بەرن. لە پاش شەڕو پێکادانـدا یۆنانییـەکان پاشەکـشەی لێدەکـەنو ئەسپە دارینـە زەبەلاحەکـە لـە گۆڕەپـانی جەنگدا بە جێدەهێڵن. ئەوە بوو پیلانەکـە سـەری گـرتو تەرادییـەکان بەوپـەڕی خۆشـیو سـەرکەوتووییەوە ئەسپە دارینـە زەبەلاحەکـە دەبەنـە نێـو شـارەکەیان.. لـە نیـوە شـەودا تەروادییەکان ئاهەنگ دەگێڕنو خۆیان مەستو سەرخۆش دەکەن. پاڵەوانە یۆنانییـەکانیش لە نێو ئەسپە دارینەکە دەردەچنە دەرەوەو دەرکو دەروازەی شارەکە والا دەکەنو دەیانخەنـە سەر پشت. سەربازو سوپای یۆنانیش هێرش دەبەن و دەچنە نێو شاری تـەروادەوەو داگیری دەکەن. (مینـیلاس)ی مێـردی (هـێلین) لەگـەڵ (پـاریس)دا رووبـەرووی یـەکتری دەبنـەوەو دەکەونە شەڕەشیر. لەپڕ شمـشێرەکەی دەسـتی (مینـیلاس)بەردەبێتـەوەو (پـاریس) شـالاوی دەباتە سەر بۆ ئەوەی بیکوژێت، بەلام لە پڕ یەکێك لە سەربازەکانی (مینیلاس) لە پشتەوە شمـشێری خـۆی دەوەشـێنێتو (پـاریس) دەکوژێـت. (پـاریس)ی ئەوینـدار بـە کـوژراوی رادەکشێتو (هێلین) بە گریانو فرمێسك هەڵڕشـتنەوە دەچـێتە سـەر تـەرمی دۆسـتەکەی. (مینیلاس)ی مێردی هاواری بە سەردا دەکاتو پێی دەڵێت:

- (دەستی خۆت لە خوێنی وەردەو خۆت پاك بکەوە..)

هێلین وەلامی مێردەکەی دەداتەوەو دەڵێت:

(ئەم خوێنە خوێنی منەو بەشێکە لە ژیانم جا چۆن خۆمی لێ رزگار بکەم..!؟)

(مینیلاس) بەرەو رووی (هێلین) دەچێتو دەیباتەوە بۆ لای خۆیو بـەرەو ولاتـی یۆنـان دەگەڕێنەوە....

ئەمەی سەرەوە کورتەیـەکی داسـتانی (ئیلیـادە) بـوو کـە دەووترێـت گوایـە لـە لایـەن شاعیری نابینای گریکی (هۆمیرۆس)ەوە نووسراوە. ئەم شاعیرە لە نێوەڕاستی سەدەی نـۆی پ. ز.دا ژیاوەو وەهایش مەزنە دەکرێت کە شەڕی یۆنانییەکانو هێرش بردنیـان بـۆ سـەر تەروادە، دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی دووازدەی پ. ز. وەك بـۆ مێژوونووسـانو شوێنەوارناسـان دەرکەوتووە کە ئەو شەڕە بە راستی روویدا بێت، بەلام لە داسـتانەکەدا زیـادەرۆیی کـراوەو خـەیاڵو ئەندێـشە زاڵـە بەسـەر رووداوەکانیـدا، بـۆ نموونـە خواوەنـدەکان دەوری سـەرەکی دەگێڕنو زۆر جار رەوتی شەڕو شۆڕەکانو چارەنووسی کەسـایەتیەکان دەستنیـشان دەکـەن.

پشکنینەکان دەریانخستووە کە شاری تەروادەی داستانی ئیلیادە لە راستیدا ناوی (ویلۆشا) بووەو کەوتبووە ولآتی تورکیای ئێستا لەسەر رۆخی دەریای سپی. لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی بە پیتو بەرەکەت بووە، بۆیە یۆنانیەکان چاویان تێبڕیوەو داگیریان کردووە. بە هیچ کلۆجێکیش ئەو هێرشە پەیوەندیی بە هەلگیرانی ژنو رفاندنییەوە نەبووە، بەلکو مێشكو عەقلی نەتەوایەتی گشتیی سەراپاگیریی یۆنانی ئەو داستانەی هەلبەستووەو لە پاشانیشدا هۆمیرۆس بە شیعر هەردوو داستانی (ئیلیادە)و (ئۆدیسە)ی دارشتووە..

لەو سەردەمە کۆنانەدا تورکی (ئۆرال ئالتای) نەژاد هەرگیز لە ولآتی تورکیای ئێستادا بوونیان نەبووە، بەلکو هیتیە ئاری نەژادەکان لەو ولآتەدا ژیاون. (پیتیریا) کە ئێستا (بوغاز کۆی) پێدەوترێت لە تورکیادا، پایتەختی کۆنی هیتیەکان بووە، پاشتریش پایتەختەکەیان گواستۆتەوە بۆ (ختوشەش) یاخود (حاتوساس). دەولەتی هیتی یاخود حیسی کە لە هیندو ئەوروپایی رۆژئاوایی پێکهاتبوون لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز.دا سەری هەلدا. وایان لێهات لە سالی (١٣٤٠) پ. ز.دا بوونە هێزێکی دیاری رۆژهەلآتی نزیك.[1] شای ئاشووری شەلمەنسەری سێ (٨٥٨ ــ ٨٢٤)ی پ. ز. ئاماژەی بەوە کردووە کە لە سالی (٨٤١) پ. ز.دا هێرشی بردۆتە سەر مادەکان لە ناوچەی زاگرۆسو شەری کردووە. هەروەها لە سەردەمی کۆنی ئاشووردا (١٥٠٠ ــ ٩٠٠ پ . ز) بە پێی یاداشتی تیگلات پلاسەری یەکەم، مادەکان بەشێك بوون لەو چلو دوو میللەتەی کە باجیان بەشا تیگلات داوە.[2]

هۆمیرۆس لە سەدەی نۆیەمی پ. ز.دا داستانی ئیلیادەی داناوە، باس لەوە دەکات کە میدییەکان یاخود مادەکان هاوپەیمانی تەروادییەکانی دراوسێیان بوونەو دژی یۆنانیە گریکە هێرش بەرەکان جەنگاون. زۆر جار شەڕی گەورە لە نێوان هەخامنشیە فارسەکانو یۆنانییەکاندا روویداوە وەکو شەڕی (ماراسۆن)ی بەناوبانگ (٤٩٠) پ . ز، شەڕی (سەلامیس) سالی (٤٨٠) پ . ز. مادەکان بە چڕی وەکو هاوپەیمانی هەخامنشیەکان

[1] عەبدوللا قەرەداغی (مەلا عەلی).. لاپەڕە (٢١١).

[2] د. ئەردەشیر خودادیان. ئارییەکانو مادەکان... لاپەڕە (٢١٦).

بەشدارییان لەو شەڕانەدا کردووە. بۆیە زۆر جار گریکەکان ناوی ئەو شەڕانەیان ناوە شەڕی میدییەکان.[١]

وەکو مێژوو دەگێڕێتەوە باو باپیرانی کورد هەر لە دێر زەمانەوە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەبووە. هەروەها فارسو ئەرمەنیش لە کۆنەوە هەر هەبوونە. حیسی یاخود هیتیە ئاری نەژادەکانیش لە وڵاتی تورکیای ئێستادا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ فەرمانڕەواییان کردووە، بەڵام مێژووی رەگەزی تورك لە تورکیادا تازەو نوێیەو ناچێت بە ناخی مێژوودا، بەڵکو پاش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام تورکەکان لە ئاسیای بچووکەوە بەرەو ئەنادۆل کۆچیان کردووە. هۆمیل (Hommel) باوەڕی وایە لە پاشماوەی هیتی زمانی گورجی دروست بووە. پرۆفیسۆر (مار)یش لەو باوەڕەدایە کە پاشماوەی زمانی هیتی لە زمانی ئەرمەنیدا دەردەکەوێت.[٢] وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد میللەتی کورد لە ئاکامی تێکەڵ بوونی ئاری نەژادە هیندو ئێرانییەکان لەگەڵ دانیشتووانی رەسەنی ناوچەی چیای زاگرۆسو دەوروبەری بە درێژایی مێژوو پێکهاتووە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا میللەتێك هەردەم لە ئارادا بووە بە ناوێکی نزیك لە وشەی کورد. وشەی کوردستان بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا سەری هەڵدا. وشەی (ستان) پاشگرەو بە مانای شوێنو جێگای میللەتان دەگەیەنێتو سەلجووقیەکان ئەم پاشگرەیان بە کارهێناو بۆ نموونە دەیانووت کوردستانو ئەرمەنستانو عەرەبستانو هیندستانو.. هتد. سەلجوقییەکان لە ساڵی (١١٠٢)ی زاینیدا کوردستانی ئێرانیان داگیرکرد. پاشگری ستان بە مانای شوێنو ناوچە دێت لە لای سەلجووقیەکان لە زمانی ئینگلیزیدا (state)ەو لە زمانی فارسیشدا بۆتە (ئوستان).. بۆ نموونە دەڵێن ئوستانی کرماشانو ئوستانی ئازەربایجان.. هتد.[٣]

---

[١] د. أحمد محمود خليل. مێژووی کورد لە شارستانییەتی ئیسلامدا. وەرگێڕانی: جوامێر محەمەد رەشید. گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٧)، ساڵی (٢٠٠٨)، لاپەڕە (١٩٨).

[٢] عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی).. کورد لە سەرچاوە مێژوویەکاندا... لاپەڕە (٨٢).

[٣] ferhad pirbal. When did the word kurdistan apear? The kurdish Globe. /٧/ Thursday. August ١٤ (٢٠٠٨).

# دەرسیم ساڵی ١٩٣٨
# لە دەمی شایە تحاڵەکانەوە

**وەرگێڕانی/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

لەم چەند ڕۆژەی ڕابـردوودا لـە ٢٠٠٨/١١/١٣، پەرلـەمانی ئـەوروپا، لەشـاری بڕۆسکل، کۆنفرانسی سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم ئەنجامداوە.. لە کۆتایی کۆنفرانــسەکە چــەندین پێــشنیار و بڕیــاری گرنگیــان دەرکــردووە.. لــە کــاتی کۆنفرانــسەکەشدا شــایەتحاڵێك کــە بــە چــاوی خــۆی ئــەو کۆمەڵکوژییــەی بینیــوە گێڕایەوە..

بــە کــاتێکی گونجــاوی دەزانم کــە بەشــێك لــە کتێبەکــەی (مونزورجــەم) کــە ژمارەیەکی زۆری شایەتحاڵی کارەساتەکەی دواندووە، لێرەدا بڵاوبکەینەوە، دواجار بـە تـورکی لـەژێر نـاوی " لـەدەمی شـایەتەکانەوە" بەچـاپ گەیانـدووە.. ئـەوەی جێـی سەرنجە، چی لە دەرسیمییەکان کراوە، چۆنیەتی لەناو بردنیان و شـێوازی کوشـتنیان، لێـرەش هـەمان چـۆنیەتی کوشـتن و شـێوازی قڕکردنەکـە لەیـەك دەچـن. ئـەم کتێبـە (لەدەمی شایەتەکانەوە دەرسیم ٣٨)، لە نووسین و ئامادەکردنی (مـونزورچەم ــ حسین بایسلون)ە، چاوپێکەوتن و وتووێژی ئەو کەسـانەن کـە شـایەتحاڵەکانی کارەسـاتەکەی دەرسیمی (١٩٣٨)ن، یان شایەتی ئەوانەن کە ڕووداوەکان لە کەسـوکاریانەوە گوێیـان لێ بووە و بۆ (جەم) یان گێڕاوەتەوە، (جەم)یـش بـە کاسـێت تۆمـاری کـردوون، دوای ڕێکخستنیان هەر بە زمانە سادەکەی شایەتحاڵەکان لە ساڵی ١٩٩٩ لـە ئەسـتەموڵ

بە تورکی بە چاپی گەیاندووە.. هەر وەکو خۆی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: [ئەم کتێبە پانزە چاوپێکەوتنە، سێیانی من ئەنجامم نەداون، کاسێتەکانیان بەمن داوە، منیش چۆنیان گێڕاوەتەوە دەستکاریم نەکردوون، هەوڵم داوە وەك خۆیانیان بینووسمەوە، تەنیا لە هەندێ شوێندا نەبێ لە رووی زمانەوە دەستکاریم تیایاندا کردووە، یا دووبارەکردنەوەکانم لێ لاداون، کە بە تورکیشم کردوون- دیمانەکانی بە کرمانجی ئەنجام داوە- وشە بە وشە وەرمنەگێڕاون، هەوڵم داوە مەتنەکە لە هەردوو زمانەکەدا نزیکی یەك بکەمەوە]..هەروەها دەڵێ: [لەم رێپۆرتاجانەدا ئەوە دەردەکەوێ رووداوەکان تەنیا لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا نەبوون، ناکۆکییەکانی نێوان دەرسیمییەکان خۆشیان دەردەخات لەلایەك خەبات و فیداکارییەکانیان دەردەخات، لە لایەکیشەوە پەردە لە رووی خیانەت و خیانکارانیش لادەدا، کە بەرامبەر هاوزمانەکانی خۆیان کردوویانە.. ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو، هەندێك لە نەزانینەوە، هەندێکیش لەو هۆز و خێڵانە ناکۆکی و دوژمنایەتی کۆنیان لە نێواندا هەبووە، بەڵام بە هەر هۆیەکەوە بێ، ئەوە پاساو ناکرێ و کردەوەیەکی ناڕەوا و نەکردەییە، زیان وماڵوێرانیەکەی تەنیا بۆ دەستەیەك و هۆز و خێڵێك بە تەنیا نەبوو، زیان و کوشتار و قەتڵوعامەکە وەکو یەك هەمووی گرتەوە.. هەشبوون لە ماڵی خۆیان دانیشتبوون و بەشداری جوڵانەوەکەشیان نەکردبوو، هەر بەو چاوە تەماشا کراون، بگرە هەندێك لەوانەی قڕ کران ، یارمەتی دەوڵەتیان دەدا..ئا، یەکێکی وەکو (ریوار قوپ) ساڵانێکی دوورودرێژ لە خزمەتی عوسمانیدا بوو، کەچی کەللەی ئەویشیان تەقاندەوە.. من نیازم نییە دوژمنایەتی و ناکۆکی کۆن بکولێنمەوە، مەبەستی من رووداوەکانە، لە بیر نەچن، وەبیریان دێنمەوە و لەبەر چاوی نەوەی نوێی دەنێم، تا راستییەکان ئاشکرا بن حەز بکەین و حەز نەکەین ئەوە رابردووی ئێمەیە، با شارەزای مێژووی خۆمان بین، هەڵەکان دەسنیشان بکەین، تەنها زانینی راستییەکانیش دادێك نادا و کفایەت نییە گەر دەرسیان لێ وەرنەگرین].

ئەمە بەشێکی ئەو کتێبەیە:

ـــ رۆژ دوای رۆژ دەیانخەڵەتانین تا کوشتیانین ـــ

م. ژیلـە: دەربـارەی رووداوی سـاڵی ١٩٣٨ چـیت لـەبیرە، ئـەو رۆژانـە چـیتان بەسەرهات و لەو بارەیەوە چیترت بیستووە؟

جبراییـل: سـاڵی ١٩٣٨، سـەربازەکان چـیای ژیلـەیان گـرت، دوای ئـەوە ئـیتر رووداوەکان دەستی پێکرد.. باوکم و دایکم هەموو جارێ حەکایەتی ئەو ساڵەیان بـۆ دەگێڕاینەوە.. باوکم دەیگوت:

" دوای ئـەوەی چـیای ژیلـەیان گـرت، سـەربازەکان بـۆ دێکـەمان هـاتن، وتیـان: زەویوزارەکانتان بـە نـاوی خۆتانـەوە بـۆ تۆمـار دەکـەین، بۆیـە دەبـێ ئـەم کاغەزانـە پەنجەمۆر بکەن.. وایان پـێ وتـین.. ئێمـە زمـانی ئـەوانمان نـەدەزانی، خوێنـدەواریمان نـەبوو، بـەڵام ناچـار دەبـێ مۆرمـان بکردایـە.. پەنجـەمانیان لەسـەر (هـیس) دانـا، کاغەزیان پێ مۆر کرد.. زۆری نەبرد هەمدیس هاتنەوە وتیـان: چـەکەکانتان تەسـلیم بکەن، ئیتر هیچ کێشەیەکتان لەسەر نـامێنێ.. دەوڵـەت ئـیتر هیـچتان پێناڵـێ، بـۆ ئەمەش نارەزاییمان دەرنەبڕی.. چەکەکانمان تەسلیم کرد. دێکەمان حەفتا چەکی بردە چیای ژیلە و وەك ئێمە تەسلیمی قوماندانیان کرد، فەرماندەکە نـاوی(مـوئمن) بـوو، سـەرجەم دێکـانی (حەیـدەران) وەك ئێمـەیان کـرد، هەنـدێ دێ چـەکەکانیان تەسـلیم نەکرد، هەندێکیش هەموو چەکەکانیان نەدانێ.. تەنها سێ رۆژ بەسەر تەسلیمکردنی چەکەکانمان تێپەڕی دیسانەوە پەیدا بوون.. ئەمجارە چیتان دەوێ؟! وامـان پـێ گـوتن. وتیان: ئێرە ئەم دوو دەوروبەرە قەدەغەکراوە و نابێ کەسـی تیـا بمێنێتـەوە، بـڕۆن بـۆ رۆژئاوای رووبارەکە، لەوبەر بچنە نێو دێهاتەکانی هۆزی (ئالان) لەوێـدا هەریەکـە و ناسـیاوێکی هـەر هەیـە بـچنە داڵـدەی ئـەوان و جێگـای خۆتـان بکەنـەوە.. وایـان پێگوتین.. لەنێوان خۆمانـدا کەوتینـە مقۆمقـۆ و والاورد، بـڕۆین، نـەڕۆین.. دواجـار

وتمان ئێمە کە چەکەکانیان لێ سەندین تەواو بووین، واچاکە دێکەش بەجێ بهێڵین و بڕۆین.. بڕیارمان دا بڕۆین، دێکەمان چۆڵ کرد، باروبنەمان لێکنا و لە رووبارەکە پەڕینەوە، چووینە نێو ناسیاو و خزم و خۆیشی دێکانی ئەوبەر.. ئەو دێیەی ئێمە بۆی چووین ناوی (وان کۆك)بوو.. دنیا هاوین بوو، گەرمە، هەر چۆنێ بوو کەپر و ساباتمان بۆ خۆ دامەزراند و جێگای خۆمان کردەوە.

وا لە (وان کۆك)یـن جەندرمەکان پەیدا بوونەوە، موختاریان راسپارد، حەیدەرانییەکان کۆببنەوە، کارمان پێیان هەیە.. مستۆی موختار، کۆیکردینەوە، جەندرمەکان وتیان: لە (مەزگەرد) ئەرزتان دەدەینێ، دەبێ بۆ ئەوێتان بەرین. بەم جۆرە، حەفتا پیاوی حەیدەرانلی تەنها دوو جەندرمە کەوتنە تەکمان، دڵم کەوتە سێ و دوو، گومانم پەیدا کرد، بۆیە بە ئەسپایی وتم: برایان ئەم کارە، بێ مەڵامەت نییە، ئێمە نابەن تا ئەرزمان بدەنێ، ئەمانە نیازیان خراپە، ئەمانە دەمانکوژن.. ئێوە بڕوانن لە پێشدا چەکەکانیان بردین، ئەمجا لە دێکەی خۆمانیان  دوورخستینەوە، ئەمە پلانێکە و دارێژراوە، وەرن با ئەم دوو جەندرمەیە چەکەکانیان لێ وەرگرین و روو بکەینە ئەم شاخانە، لەوێدا ماوەیەك خۆمان ون دەکەین، دواجار بەگوێرەی بار و وەزعەکە رەفتار دەکەین.. یەکێکمان تێدا بوو (عەلی مومید)یان پێ دەگوت، بە دەنگی بەرز هەڵیدایە: دەی بیانخەڵەتێنە، دەوڵەت ئێمە بۆ دەکوژێ، چیمان کردووە؟ کە وای گوت ئیتر ئەوانی دیکەش خاو بوونەوە و بەرەو (مازگەرد) کەوتنەرێ..گەیشتینە (مازگەرد) تەماشامان کرد، وا ئافرەتێك، بەرەورووومان هات، مناڵێکی بەکۆڵەوەیە و دوو سەتڵە ئاویشی هەڵگرتووە،

ـــ وای دایکتان بمرێ، (دەمەنانیەکان)یشیان هێنا بوو گوایە ئەرزیان پێ دەدەن، لێرەدا هەموویان کوشتن، ئەوانیش وەك ئێمە شەڕیان نەکردبوو کەچی گوللەبارانیان کردن.. کە وای گوت، رووم لە هاورێکانم کرد و جمێنم پێدان. وتم: پێم وتن دەمانکوژن با نەڕۆین، کەس گوێی لێ نەگرتم  بەقسەی منتان نەکرد، دەبا

هەمووومان بکوژن.. لە شوێنێکدا رایانگرتین، لە نزیکمانەوە چادر هەڵدرابوو، سەربازەکان لەوێ بوون .. لە یەکێ لە چادرەکانی نزیکی ئێمە، یەکێ لە سەربازەکان دەچووە ژوورەوە و دەهاتە دەرێ، دەگریا.. لە ناوماندا مستۆ (مستەفا) کەمی تورکی دەزانی، پێمان گوت:

ـــ ئا بزانە ئەو سەربازە بۆ وا دەگری؟..

چوو لێی پرسی، کە هاتەوە مستۆ وتی دەڵێ:

ـــ بۆ ئێوە دەگریم.. ئا برۆن ئا لەو چادرەی ئەولا ( جەلال بایار)ی لێیە، برۆنە لای با چارەیەکتان بکات.

ئێمەش رومان لەو چادرە کرد کە(جەلال بایار)ی لێ بوو، بەر لەوەی ئێمە بگەین، ئەو بە پەلەپەل سواری جیبێك بوو، بەرەو (ئەلەزیز) کەوتە رێ.. بێگومان لەوێش بووایە، نەیاندەهێشت چاومان پێ بکەوێ.. پاش کەمێك ئەو سەربازەی بۆ ئێمە دەگریا، دیسانەوە بینیمان دەگری.. پێی راگەیاندین تەلەفون کراوە ، گەورە و بچوکتان بکوژین.. لەم کاتەدا، سەربازەکان هاتن بەتانییەکیان راخست و کۆمەڵێ نانە رەقی کەرو لێداویان بۆمان هەڵڕشت.. کە ئەمەمان بینی هەندێکمان ئومێدی پەیدا کرد کە نامان کوژن.. وتیان:

ـــ تەماشا نانمان دەدەنێ! مادام وایە نامان کوژن.. هەندێکمان وایان گوت.. هەشبوو دەیگوت:

ـــ بەم نانە رەقە کەرولێدراوە دەمان خەڵەتێنن.. لەم کاتەدا عەسکەرەکە کە بۆمان دەگریا هاتە لامان: لە نێوان خۆماندا وتمان: ئێمە دەکوژرێین دەبا هەرچی زێر و پارەیەکمان لەلایە بەم عەسکەرەی بدەین.. پارەکانمان کۆکردەوە و لە دەسەسرێکمان ناو دامانە کابرای سەرباز.. بەڵام وەری نەگرت.. ئەمجا، دوو دوو بەیەکەوەیان بەستینەوە، دەستم بە دەستی براکەمەوە بەسترا.. مستۆ لەبەر ئەوەیی تورکی دەزانی لە دوای گشتەوە لەگەڵ سەربازەکاندا بوو، کەوتینە رێ، گەیشتینە

سەر کانییەك، سەربازەکە نەیهێشت، ئێمە بەمە سەرمان سوڕما، بۆمان دەگری و ناهێڵێ ئاو بخۆینەوە!. تومەز سەربازەکە بو مستۆ دەڵێت: دەزانی لەبەر چی نەمهێشت ئاو بخۆنەوە؟.حەزرەتی حوسین لە کەربەلا بە تینویەتی شەهید بوو، ئاویش بخۆنەوە هەر دەتانکوژین، دەبا وەکو حەزرەتی حوسین شەهید بن کە نەیانهێشت ئاو بخواتەوە.. ئەوجا زانیمان ئەو کابرایە (عەلەوییە)، هێنامانیان بۆ ئەو شوێنەی کە پێی دەڵێن (کەرتێ مەزگەردی) لەوێ بە ریز رایانگرتین.. من دەستی خۆم شل کردبووەوە دەنگی تەقە دەستی پێکرد، هەریەکە و لە شوێنەکەی خۆی کەوتە سەر ئەرزەکە، هەبوو گوللەی بەر نەکەوتبوو، من یەکێك لەوانە بووم.. وتم: وەلی برام دەستم کراوەتەوە و را دەکەم.. وەلی وتی: ناتوانی دەستم بکەیتەوە.. چەقۆم پێ بوو گورجێ لە پەتەکەم نا و قرتاندم، لەم کاتەدا گوللەیەکی بەرکەوت بەڵام جێی کاری نەگرد بوو.. وەلی وتی:

ـــ تۆ برۆ راکە با گوللەت بەر نەکەوێ..

هەستام تا هێزم تێدا بوو رامکرد.. گوللە بەملاولامدا دەرۆیی.. چەند جارێ کەوتم و هەستام تا دوور کەوتمەوە. باش بوو لێرەوارێك نزیك بوو خۆم پێدا کرد، لەناو داستانەکەدا دەمویست خۆم ون بکەم، وەلی برام پەیدا بوو، گوللەیەك بەر قۆڵی کەوتبوو. لەگەڵ براکەمدا یەکمان گرت، گەیشتینە شوێنێك پێی دەڵێن (وان کوگی) لەوێ ئاسیاوێکی کۆنمان بینی، چووینە ناو ئاسیاوەکەوە. شەو داهات، دنیا مانگەشەو بوو.. وتم:

ـــ برا.. تۆ لێرەبە، من دەچمە دێکە، تا موختار ئاگای لەم کەین و بەینە نییە، منداڵەکان قورتار بکەم، ئەو کابرایە بەمە بزانێ ئامانی نییە، ئەوەی ماوە خۆی دەیکوژێ.. وام پێگوت و کەوتمە رێ، خۆم گەیاندە کەپر و خانۆچکەکانی خۆمان. دنیا مانگەشەوە، منداڵانی حەیدەرانیەکان، لە کادێنەکەدا خەوتوون و دەرگایان لەخۆ کلیل داوە، ئافرەتەکان لەو بانە خەوتبوون، ( یوسفی) برای مستەفای موختار،

لەو بانەوە ئێشك دەگرێ.. ئەو خانۆچکانەی ئێمە لەسەر ڕێگاکە بوون لەلاوە بۆی چووم.. یوسف بینیمی، بەڵام نەیناسیم.. دەنگی لێ هەڵبڕی لە خێزانەکەم:

ــ بەسێ، یەکێك وا بەرەو ماڵی ئێوە دێ.. با خۆی ونکات.. وایزانی من یەکێکی دانیشتووی دێیەکەیانم، دەیویست لە دێکە دوور بکەومەوە.. چوومە ژوورەوە، هەمدیس یوسف لەو بانەوە هاواری کرد.. ئەوە کێ بوو؟

ــ کەس نییە براکەمە..

بەسێ وای گوت.. زۆری نەبرد، براکەشم پەیدا بوو.

ــ ئەوە براکەت بوو، ئەی ئەمەیان کێیە؟.. وای گوت و خۆی نەگرت هاتە لامان.

ــ کورە ئەوە چییە؟

وتمان:- کوشتمانیان..

ــ لە کوێ؟

ــ لە کەرتێ مازگەردی..

براکەم وتی:- قۆڵێکم زامدارە.

وتی برۆ، مستۆ بتبینێ دەتگرێ و تەسلیمت دەکات برۆ.. بۆ کوێ دەڕۆی برۆ..

کەوای گوت براکەم هەستاو لەوێ دوور کەوتەوە. منیش دوای کەمێك چوومە لای یوسف.. وتم

ــ یوسف

ــ فەرموو

وتم ــ دەست و پێت ماچ دەکەم، کوڕەکەم لەگەڵ خۆمدا دەبەم، با ئەم کوڕەمە قورتاری بێ و نەیکوژن. دەزانم، بۆ ئەوەی دەست بەسەر پەزەکاندا بگرن هەموومان دەکوژن، کوڕە گەورەکەم پێ بدە بیبەم...

وتی:- نەو ناهێڵم بیبەی.. دەڕۆی بڕۆ، نارۆی ئەوا مستۆ بانگ دەکەم، تا بتگرێ و بتداتە دەستی قەرەقوولەوە.

چەند پاڕامەوە، سوودی نەبوو، هەستام، بەڵام زۆر دوور نەکەوتمەوە، دانیشتم چاوەڕێی ئاوابوونی مانگم کرد، کە مانگ ئاوا بوو خۆم کردە کادینەکەوە، لە کونێکەوە ئاودیو بووم. ناوەوە تاریك بوو، منداڵێکی زۆریان لەوێ وەك دەسبەسەر دانا بوو، هەموویان خەوتبوون، بەسەریا گەڕام، تا کوڕەکەی خۆمم دۆزییەوە. بە ئەسپایی لە باوەشم گرت و دەرمکرد..لەولای دیکەوە شوێنێکی سەختی لێ بوو، لە نێوان تاوێرەکاندا دانشتین حەزم نەکرد بەو تاریکییە رێ لەبەر بنێم، ئێمەش خەڵکی ئەم دەڤەرە نەبووین و ناشارەزا بووین، وا(حەمیدی) کوڕم لەلامە دانیشتم و چاوەڕێم کرد.

خۆر هەڵهات، گوێم لە غەڵبەغەڵبە، من لە دێکە دوور نەکەوتومەتەوە دەژنەوم چ دەڵێن.. (کوڕەکەی رفاندووە، بکەونە شوێنی و بیگرن) کۆمەڵێ کەس کەوتبووە گەڕانی ئێمە.. زۆری نەخایاند، یەکێ بینیمانی.. زوو وتم

ـــ ئاوەرە.. زێڕێکم پێیە با بە تۆی بدەم، دەنگ مەکە.. لێی پاڕامەوە.. بەڵام ئەو بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

ـــ وەرن، لێرەدایە، لەبن ئەو تاوێرەدایە.

کۆمەڵێ کەس پەیدا بوون، مستۆ لە پێشەوەیانە.. دەستمیان بەستەوە. کوڕەکەمیان خستە دووم. هێنامیان بۆ ماڵی مستۆ قاڵاڵی.. لەوێ لەبەردەم ماڵەکەیاندا بەرزاییەك هەبوو لەوێ دایاننایین.. مستەفا، دیار نەما و زۆری نەبرد گەڕایەوە، دارێکی بە دەستەوەیە، هەر کە هات و دارێکی کێشا بە پشتما، کە لێیدام کوڕەکەم خۆی بەسەرما دادا و دەستی بە گریان کرد، بە زۆری کوڕەکەیان لادا و کەوتە لێدانم. وتم:

ــ مستۆ .. ئەو پیاوانە شایەت بن.. دەستم بکەرەوە با من و تۆ وەك پیاو رووبەرووی یەك ببینەوە، ئەگەر توانیت بمکوژی، گەردنت ئازا بێ..

کە وامگوت دارێکی دیکەی بە پشتما کێشا.. لەم دەمەدا، براکەشمیان هێنا، دەستی ئەویشیان بەستەوە و بۆلای قەرەقولیان بردین.. بەر لەوەی بگەینە ناحیەکە، لە رێگا دوو گەنجمان تووش هاتن. وتیان:

ــ مستەفا ئەم پیاوانە بۆ کوێ دەبەن؟

مستەفا وتی:- هاورێکانیان لە مەزگەرد کوشتویانن، ئەم دووانە هەلاّتوون، دەیانبەم تەسلیمیان دەکەم.

ــ کوێندەرین.. گەنجەکان پرسییان.

ــ لە بنەماڵەی حەمێ ئوسێن..

ــ نەکەی. حەیف، گوناحن.. دەیانکوژن.. وەرە دوو تەقە بە ئاسمانا بکە و بڵێ هەلاّتن و نەمتوانی بیانگرم.. ئەوە یەکێکیانیش زامدارە.. .

مستۆ رازی نەبوو..

منیش وتم: براکان ئێوە خەڵکی کوێن؟.

وتی خەڵکی گۆمی مشێم..

وتم:- لەم سەگە مەپارێنەوە برا..

کەوتینە رێ، گەیشتینە (پاغ) بەڕێوەبەری ناحیەکە بینیمانی،

ــ مستەفا ئەمانە چین؟.. کێن؟

ــ هەردووك بران.. دانشتوانی دێکەیان لە مازگەرد هەموویان کوژران، ئەمانە رایانکردووە..

بەڕێوەبەری ناحیەکە هات، تا هێزی تیا بوو مشتەکۆڵەیەکی لێدا، نە یەکێکی کە، نە یەکێکی تر

ـــــ کــوڕە هــەی ســەگی کــوڕی ســەگ، لــە قەتلوعامەکــەی ئەرمەنیــەکان، ئەرمەنیــەکانتان قورتــار دەکــرد، ئەمانــە خــۆ لــە دیــنی تۆیــە یــەك دەناســن، بــۆ هێناویانت؟ دەزانی، سەرباز هەموو لایەکی گرتووە.. ئـەمری کوشـتنیان دەرچـووە.. باشە من ئێستا چی لەمانە بکەم؟ چۆن بەرەڵلایان بکەم؟

نازانم چۆن، پاش ماوەیەك، مستەفا، هاتە لامەوە، دەستمانی کردەوە.

مستەفا رۆیی، ئەو رۆیـی، ئێمـەیان لـە قەرەقۆڵەکـە دەرکـرد و لـە بـن دیوارێـك دایاننناین.. دەنگی تەقەمان جار جارە گوێ لێ دەبوو.. هەرچیان دەسـت بکەوتایـە.. کۆیانیان دەکردەوە و بە یەکەوە گوللە بارانیان دەکردن..

# خاڵبەندی لە زمانی ستانداردی کوردیدا
# Punctuation in Standard Kurdish Language

## خاڵبەندی چییە؟ What is Punctuation?

### نووسین

بریتییە: لە بیرێکی گەڵاڵەکراو، کە بەهۆی کەناڵی ئاخاوتن، یان قسەکردنەوە دروست دەبێت، واتە ئەو دەربڕینەی بەهۆی کەناڵی ئاخاوتنەوە دەریدەبڕین، دەنووسرێتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین: نووسین وێنە و تابلۆی ئاخاوتن و قسەکردنی بێدەنگە، کە لە چوارچێوەی ئەو دەقە نووسراوەدا مانا و واتای بیرێك دەگەیەنێت.

لە زمانی کوردیدا و لە گشت زمانە جیاوازەکانی جیهاندا، مرۆڤ کاتێ دەدوێت، هەوڵدەدات بە ئاسانترین شێوە، ئەو بیرەی، کە لە مێشکیدا گەڵاڵە بووە، بەهۆی کەناڵی ئاخاوتنەوە بیگەیەنێت بە گوێگرەکانی. بەڵام وەك دەزانین، کەناڵی ئاخاوتن تەنیا دەنگی پیتەکان و ئاوازەکانی ئەو وشانە دەگەیەنێت، کە لە ڕستەکانی پێکهێنانی بیرەکەدا هاتوون. لەبەرئەوە و بە مەبەستی ئاسانکاری لە گەیاندنی بیرەکەدا، شان بە شانی زمانی ئاخاوتن، زمانی جەستەش دەکەوێتە کار و پێکەوە بیرەکە بە ڕوون و ئاشکرا تر دەگەیەننە کەناڵی بیستنی گوێگر. ئەمە جگە لەوەی، کە قسەکەر دەیەوێت زۆر بە پەلە و بەشێوەیەکی ڕەوان بدوێ، بەبێ ئەوەی داوای کۆمەك لە زمانی جەستەش بکات بۆ ڕوونکردنەوە و ئاسانکاری لە بیر و واتای مەبەستەکەی، بەڵام بە فرمانی نەست، زمانی جەستە هاوکاری پێشکەش دەکات.

زانایان دەڵێن: لە زمانی ئاخاوتندا، هەست، فرمانی دروستکردن و دەربڕینی دەدات، بەڵام بۆ زمانی جەستە، نەست، فرمانی کارەکە دەدات. هەر ئەوەشە کە وامان لێدەکات، زۆر جار لە زمانی ئاخاوتندا راستی و بۆچوونی تەواوی مێشك گزی لێبکرێت و بە پێی خواستی قسەکەر بیرەکە بەر لە دەرچوونی دەستکاری بکرێت و چۆنی مەبەست بێت، ئاوا واتاکەی دابڕێژێت. هەرچەند ئەمە بابەتێکی ترە و لێرەدا تەنها بۆ هێماکردن هاتووە.

بە گوێرەی هێماکانی زمانی جەستەوە، لەبەر ئەوەی نەست (لاشعور)، رێگە بە درۆ و هەڵخەڵەتاندن نادات، بۆیە بەپێی بوونی بیرەکە لە ناخی قسەکەردا، ئاوا هێماکان دەردەبڕێت. لێرەشدا زۆر جار دەبینین ووتەکە و هێما و نیشانەکانی زمانی جەستە یەکناکەون و ناجۆریەك لە ئاخاوتنەکەدا بەرپادەبێت.

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین: کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە میانەی وتووێژ و پەیوەندی نێوانیاندا، تەنیا لە ٣٠٪ دەربڕینی گۆکراو دەگەیەنن بە یەك. بەڵام ٧٠٪ ئاواز و بەرز و نزمی و شێوەی دەنگەکان و هێما و نیشانەکانی زمانی جەستە و دەربڕینە روخساریەکانە.

زمانی جەستەش بریتییە: لەو هێما و نیشانە و جوڵانەی کە بەهۆی ئەندامەکانی لەشەوە دەکرێت، وەك شان هەڵتەکاندن، هێماکردن بە دەست و پەنجەکان یان چەناگە و بگرە بەهۆی ئاراستە جیاجیاکانی چاوەکانەوە، برۆهەڵتەکاندن و زۆر جوڵەی تری ماسولکە وردەکانی سەر روخسار کە بەشێکی تری زمانی جەستەیە و پێیدەووترێت (دەربڕینە روخساریەکان). خوێندنەوەی ئەو هێمایانەش لەلایەن کەسانی گوێگرەوە ئاساییە و شارەزاییەکی ئەوتۆی ناوێت، ئەوانەش کە بریتین لە: "**شادمانی، پەژارە و غەم، توڕەبوون، بێزکردنەوە، گومان و سەرسامی، گاڵتە و قەشمەری، تەڵفیزی و لاقرتێ، بەزەیی و سۆز**" هەروەها بە هۆی ژێکانی دەنگەوە، هەوڵدەدرێت بەرز و نزمی لە دەربڕینەکاندا بکرێت، یان هەستی سۆزەکانی پێدەربڕێت لەگەڵ شێوەی قسەکردنی بە گومانەوە یان لە شێوەی پرسیاردا، یان فرمانکردن، و پاڕانەوە...هتد.

بەڵام کاتێ هەر بیر و بۆچوونێك بووە دەقێکی نووسراو، ئیتر ناتوانرێ کەڵك لە هێماکانی زمانی جەستە و دەربڕینە روخسارییەکان و بەرز و نزمی و گڕی و ناسکی دەنگ وەربگیرێت. بەڵکو لێرەدا، واتە لە نووسیندا بۆ ئەو مەبەستە هەندێ نیشانە تا رادەیەکی زۆر جێگای ئەو شتانە دەگرێتەوە، ئەوەش لە زمانی کوردیدا بە خاڵبەندی ناودەبرێت و

بریتین لە: کۆما (،)، خاڵی وەستان (.)، کۆمای خاڵدار (؛)، دوو خاڵ-کۆڵۆن (:)، داش (ـ)، نیشانەی پرسیار (؟ )، نیشانەی سەرسوڕمان ( ! ) و کەوانەکان ( )، ﴿ ﴾ { } < >، سێ خاڵی دوای یەك، یان نیشانەی لابردن) (...)، کە هەر هەموو ئەو نیشانانە بەپێی بابەتەکانی ئەدەبی و زانستی و یاسایی و مێژوویی، کەم تا زۆر جیاوازییان هەیە لە بەکارهێنانیاندا. خاڵبەندی لە هەموو زمانەکانی دنیادا بەپێی رۆژگار گۆڕانکاری تیا دەردەکەوێت، واتە، وەك زانستێك بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەو زمانانەی کە خاڵبەندیەکەیان دەگۆڕێت، بە زمانێکی زیندوی هاوچەرخ ناودەبرێن.

خاڵبەندی، یاسا و دەستورێکی نووسراوەی نییە لە بەکارهێنان و نوێکردنەوەیدا، بەڵام دەتوانرێ هێڵێك بکێشرێ بۆ رێنمایی کردنی لە بەکارهێناندا. ئەوەش دەبێ سەلیقە و ئاستی رۆشنبیری نووسەری دەقەکە رەچاوبکرێت، چونکە لەوانەیە ئەگەر دەقێکی نووسراو دابەش بکرێت بەسەر بۆ نموونە ١٠ کەسدا، تا خاڵبەندی بۆ دابنێن، بە دڵنیاییەوە هەر یەکەیان بە جۆرێکی جیاواز کارەکە جێبەجێ دەکەن. هەروەها هەمان دەق دوای هەفتەیەکی تر دابەش بکەینەوە بەسەر هەمان ١٠ کەسی پێشودا، تا خاڵبەندی بۆ دابنێنەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە وەك جاری پێشو هیچ یەکێکیان لەوی تریان ناچێت و بگرە لەوانەشە لەگەڵ جاری یەکەمی خۆشیاندا هەر جیاوازی بەدی بکرێت.

نووسەری سەرکەوتو لە هەر بوارێکدا بێت، دەبێ گرنگی بدات بە خاڵبەندی، چونکە گرنگیدان بە خاڵبەندی گرنگیدانە بە نووسین و واتای نووسینەکەی، و بگرە گرنگیدانە بە خوێنەری نووسینەکەشی، چونکە بە هۆی خاڵبەندیەوە دەتوانرێ تەواو واتا و مەبەستی نووسەرەکە روون و ئاشکرا بگاتە ئاوەزی خوێنەرەکەی و بە ئاسانی تێبگات.

ئێمە ئەوە دەزانین کە کاتێ نووسینی نووسەرێك دەخوێنینەوە، خۆی لەبەر دەماندا نییە تا بتوانێت بە یارمەتی زمانی جەستەو بەرز و نزمی دەنگەوە، یارمەتی تێگەیشتنمان بدات، یان هەر هیچ نەبێ داوای لێبکەین تا بیر و بۆچوونەکەی دووبارە بکاتەوە یان شیکردنەوەی لەسەر بدات و وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە.

بۆیە خاڵبەندی لە نووسیندا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ بۆ تێگەیشتنمان لە واتای نووسینەکە. نووسەری بەتوانا و شارەزا، جگە لەوەی هەوڵ دەدات، کە نووسینەکە لە رووی رێزمانەوە راست و رەوان بێت، هەروەها هەوڵیش دەدا، کە خاڵبەندی گونجاو لە شوێنی

خۆیدا دابنێت، تا خوێنەر بەرەو ئاسۆی تێگەیشتن ببات و لە ناوەرۆکی بیرەکەی نەپچڕێ، یان دوور نەکەوێتەوە. خۆ ئەگەر بێت و خاڵبەندی بە هەڵە لە شوێنی گونجاوی خۆیدا نەبێت، ئەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی دوو هەڵەی زەق کە یەکەمیان تێنەگەیشتنە لە بیرەکە و دووەمیش لەوانەیە خوێنەر بە هەڵە تێبگات، ئەو هەڵەیەی دواییان گەورەترە لەوەی یەکەم.

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین، کە هەر یەکە لەو نیشانەی خاڵبەندیانەی لە زمانی نووسینی کوردیدا دەردەکەون، لێیان بدوێین و بەپێی یاسا و دەستووری زمانی کوردی تا رادەیەکی زۆر و بە شێوەیەکی سادە هەنگاوەکانی بەکارهێنانیان باس بکەین.

خاڵبەندی لە نووسیندا شتێکی نوێ نییە و بەڵکو دێرزەمانە ئەم زانستە لە نووسیندا دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە زمانی ئەو میللەتانەی کە زمانەکەیان بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدایە و هەمیشە زیندووە، بەڵام هەندێ میللەتیش هەیە، وەك کورد، کە داخەکەم بەهۆی باری نالەباری رامیارییەوە کەمتر پەرژاوەتە سەر شتە لاوەکییەکانی تری ژیان، کە زمان بەشێکی گەورەیەتی. زۆر جار کەموکوڕی زمان دەگەڕێنرێتەوە بۆ بێتوانایی لە زمانەکە خۆیدا، یان لاوازی زمان. ئەم بۆچوونانە بە بڕوای من هەڵەیە و بە هیچ جۆرێ زمان بەرپرس نییە لەو لاوازییەی کە بەسەری هاتووە، زۆربەی زانایان ئەو لۆمەیە دەخەنەوە سەر ئەستۆی خەڵکەکەی، چونکە ئەوان کەمتەرخەم بوون لە گەشەپێدانی ئەو زمانەدا. من لەرووی خاڵبەندییەوە دەتوانم بڵێم، کە بە زمانی کوردی بابەتێکی نووسراوی ئەکادمیانەم بەرچاو نەکەوتووە، کەچی هەزاران جار گوێم لەوە بووە کە دەڵێن: لە کوردیدا خاڵبەندی نیە، یان هەندێ جار کە لە نووسینی یەکێکدا شێوەیەکی راستی بەکارهێنانی خاڵبەندی ببینرێت، دەڵێن: ئەوە لە ئینگلیزیەوە، یان هەر زمانێکی ترەوە وەرگیراوە. من پێموایە خاڵبەندی لە سەرەتای سەرهەڵدانی نووسینەوە پەیدا بووە، بەڵام بەم شێوە فراوانەی ئەمڕۆ نا، بەڵکو لە شێوەیەکی تەسکتردا. کوردیش وەك هەموو میللەتێکی تری سەر رووی زەمین، کەم تا زۆر، لە نووسیندا خاڵبەندی بەکارهێناوە، بەڵام بە پێی توانا و شارەزایی نووسەرەکەی، یان ئەو دەزگای چاپەمەنیانەی کارەکەیان بە چاپ گەیاندووە. ئەوەی ئەمڕۆ دەتوانین لە رووی خاڵبەندیەوە لە زمانی کوردیدا بیڵێین: ئەوەیە کە خاڵبەندی بە سەلیقەی نووسەر لە نووسیندا بەکارهاتووە، زۆر جاریش راستەوخۆ زمانی

قسەکردن نووسراوەتەوە و نەخراوەتە سەر یاسا و دەستووری شێوەی نووسینەوە، هەربۆیە لە جێگای زۆربەی نیشانەکانی خاڵبەندیدا، تاکە پیتێکی بۆ تەرخانکراوە و دەیان جار لە نووسیندا دووپات دەبێتەوە و جاری واش هەیە لە رستەیەکدا (و) ی پەیوەندی لە چوار — پێنج جار زیاتر دەبینرێ ( من و ئازاد و حەمە عەلی و باخچە و سەبری پێکەوە چوین بۆ سەیران و دوو شەویشمان پێچوو.) لەم رستەیدا جگە لە خاڵی راوەستان، کە ناچاریە، هیچ نیشانەیەکی تری خاڵبەندی لە رستەکەدا نیە.

نووسەری هەر جۆرە بابەت و دەقێك، دەبێت وەك وێنەکێش و وێنەگرێکی لێهاتوو، هەوڵبدات دیمەنی جوانی تابلۆ و وێنەکە پێشان بدات. ئەوەش بەوە دەبێت کە نووسەرەکە هونەرمەندێکی لێهاتوو بێت و جیاوازی لە نێوانی وێنەو تابلۆکاندا بکات و بزانێت کام رووی نووسینەکەی دەیەوێت دەربخات. هەروەها خۆی بپارێزێت لە دەربڕینی دەقاودەقی زمانی ئاخاوتن (واتە ئەو شێوەیەی پێیدەدوێن لە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا) چونکە ناکرێ ببێتە دەقێکی ئەدەبی.

ئەمڕۆ لە سەرجەم زمانانی جیهاندا هەوڵی ئەوە دەدرێت کە دەربڕینەکان لە نێو دەقەکاندا چڕ و پڕ و کورت بێت، واتە رستەی درێژ، کەمتر لە دەقەکاندا دەبینرێت. بۆ وەبەرهەمهێنانی ئەو بیرەش کەڵك لە خاڵبەندی وەرگیراوە. هەروەها بۆ خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوەی تاکە پیتێکی وەك (و)ی بەستنەوە، کە خوێنەر دووچاری هەناسە تەنگی دەکات، کۆما بەکاردێت، کە یارمەتی حەسانەوەی کورتی خوێنەر دەدات لە خوێندنەوەی دەقێکدا. ئەمە جگە لەوەی کە شێوازی خوێندنەوەکەش زۆر مۆدێرن و رەوان و سەرکەوتووانە تر دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| **یەکەم:** | | |
| **خاڵی راوەستان** | ( . ) | Full Stop |
| **خاڵی کۆتایی** | | Full Point |
| **ووچان** | | Period |

## پەیڕەویەکانی بەکارهێنانی خاڵی راوەستان:

خاڵی کۆتایی، واتای کۆتایی هاتنی گوتەیەك، یان بیرێك لە رستەیەکدا دەگەیەنێت. بەمەش سنووری نێوان رستەکان دیاریدەکرێت. جگە لەو رستانەی کە کۆتاییەکانیان نیشانەی پرسیار، نیشانەی سەرسوڕمان و نیشانەی لابردنیان بەدوادا هاتبێت، کە خاڵی کۆتاییان بۆ دانانرێت.

هەموو رستەیەك کە تەواوبوو، راستەوخۆ دەبێ خاڵی راوەستانی بۆ دابنرێت.

## شوێنی نیشانەکانی خاڵبەندی لە نووسیندا:

ئەگەر ئێمە بۆ نووسینەکانمان، ئامێری تایپکردن بەکاربهێنین، دەبێ بۆشایی یەك پیت بەجێبهێڵین، ئینجا نیشانەی خاڵبەندیەکە دابنرێت.

بەڵام ئەگەر ئامێری کۆمپیوتەر بۆ تایپکردن و نووسینەوە بەکارهێنرا، ئەوا پێویست بەوە ناکات، کە هیچ شوێنێ بەجێبهێڵین و هەروەك ئەوەی کە پیتێکی تر بنووسێنین بە دوا وشەی رستەکەوە، ئاوا نیشانەکە دادەنرێت. هەروەها دوای نیشانەکە، کە رستەی تر بەدوایدا دێت، دەبێت سپەیس بکرێت، واتە بۆشایی نوێ هەبێت بۆ دەستپێکردنی نووسینی وشەی نوێ.

بۆ دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی، زۆر جار رێکدەکەوێت لە رستەیەکدا، تاکە نیشانەی خاڵبەندی تەنیا خاڵی کۆتاییە، جا ئەو رستەیە کورت، یان درێژ بێت و لە دوو دەستەواژە، یان زیاتریش پێکهاتبێت و بەهۆی یەکێك لە ئامرازەکانی پەیوەندیەوە بەیەکەوە بەسترابێت، گرنگ نیە.

لێرەدا دەبێ هێما بۆ ئەوەش بکەین، کە جگە لە نیشانەی خاڵی راوەستان، چوار نیشانەی تریش هەیە، کە دەکەونە کۆتایی رستەوە. ئەوانەش نیشانەی پرسیار(؟)، نیشانەی سەرسوڕمان (!)، نیشانەی لابردن (...) و داش (ـ).

## پەیڕەوە بنەڕەتیەکانی خاڵی راوەستان لە رستەدا
## The Basic Rules of the Full Stop in Sentences

پەیڕەویە بنەڕەتییەکانی خاڵی راوەستان، زۆر روون و ئاشکرایە:

خاڵی راوەستان، بەکاردێ بۆ دیاریکردنی کۆتایی رستەیەك.

ئەو رستەیەش دەبێ فۆڕمێکی ئازاد بێت و پەیوەندی رێزمانی بە دەرەوەی خۆیەوە نەبێت. هەروەها واتایەکی تەواو ببەخشێت.

وەك ئاشکرایە، لە زمانی کوردیدا چەند جۆر رستەمان هەیە، لەوانەش:

- **رستەی سادە:** Simple Sentence

ئەو رستەیەیە، کە بە لایەنی کەمەوە لە دوو وشەی بنەڕەتی پێکهاتبێت و بەپێی یاسای زمانەکە رێکخرابێت. هەروەها مەبەستێکی تەواویش بگەیەنێت. بەکورتی رستەی سادە دەبێ لە بەشەکانی نیهاد و گوزارە، یان نیهاد و گوزارە و تەواوکەر پێکهاتبێت.

نموونە/ سۆزان خوێندکارە. رستەیەکی سادەی تەواوە و تەنیا لە نیهاد (سۆزان) و گوزارە (خوێندکارە) پێکهاتووە.

/ سامان نان دەخوات. رستەیەکی سادەی تەواوە و لە نیهاد (سامان) و تەواوکەری گوزارە (نان) و گوزارە (دەخوات) پێکهاتووە.

دوای هەموو رستەیەکی سادە کە واتای تەواوی گەیاندبێت، دەبێ خاڵی راوەستان دابنرێت.

- **رستەی ئاوێتە:** Complex Sentence

رستەی سادە بەردی بناغەی داڕشتنی نووسینە. زۆر جاریش دەتوانێت بە تەنیا رۆڵی واتایی خۆی بگێڕێت. هەروەها بە شێوەیەك لە شێوەکان دەتوانێت هاوبەشی دروستکردنی

رستەی درێژتر بکات. کاتێ دوو رستەی سادە، یان زیاتر بە شێوەیەك بەیەکەوە ببەسترێنەوە، رستەی ئاوێتە پێکدەهێنن و خۆشی ناودەبرێت بە کلۆس. یەکێ لەو کلۆسانە سەرەکیە و ئەوانی تر کلۆسی شوێنکەوتون. پەیوەندی کلۆسی سەرەکی بە کلۆسی شوێنکەوتووە، بەهۆی ئامرازەکانی پەیوەندی: (بەڵام، یان، کە، هەروەها، لەبەرئەوەی، چونکە، وەك، لەوکاتەوە، کەی و بەلایەنی کەمەوە.) پێکەوە دەبەسترێنەوە.

نموونە/ ئەوە ئەو کیژەیە، کە دانا عەشقی بووە.

/ ئارام لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچوو، چونکە خۆی ئامادە نەکردبوو.

کۆتایی هەموو رستەیەکی ئاوێتە، کە واتای تەواوی گەیاندبێت، خاڵی راوەستانی بۆ دادەنرێت.

- **رستەی ئەرێ:** Positive Sentence

رستەی ئەرێ پەیوەندی بە بیر و واتای رستەکەوە هەیە، لە رووی هەبوونی ئەو راستیەی رووداوەکە دەیبەخشێت. واتە: ئەو بیر و بۆچوونانەی لەنێو ئەو رستانەدا دەربڕاوە، پەیوەندی دەربڕینیان لە رستەکەدایە.

نموونە/ کوردستان رازاوەیە.

/ سەگ ئاژەڵێکی بەوەفایە.

خاڵی راوەستان دوای رستەی ئەرێ دادەنرێت.

- **رستەی نەرێ:** Negative Sentence

رستەی نەرێ پەیوەندی بە بیر و واتای رستەکەوە هەیە، لە رووی هەبوونی ئەو راستییەی رووداوەکە دەیبەخشێت. واتە: ئەو بیر و بۆچوونانەی لەنێو ئەو رستانەدا دەربڕاوە، پەیوەندی دەربڕینیان نییە لە رستەکەدا.

لە رستەی نەرێدا، دوو ئامراز بەشداری دەکەن:

١. ئامرازی (نا) کە زیاتر لەگەڵ فۆڕمی کرداری رانەبردووی رێژەیی هەواڵگەیاندندا بەکاردەهێنرێت. شێوەی کردارەکە هەرچۆنێ بێت، ئامرازەکە دەکەوێتە پێش رەگی چاوگەکەوە.

نموونە/ نامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی.

نایکەمە سەر بەدەستی موددەعی، تاجی شەهی.

٢. ئامرازی (نە) دەکەوێتە پێش کرداری رانەبردووی ئینشایی و هەموو جۆرەکانی هەوالْگەیاندنەوە و هەندێ حالّەتی فرمانیش.

نموونە/ نەکەی هەرگیز نەمامی گولّ ببێتە سێبەر و سایەت،

بە نینۆك گەر بژاریکەیت، بە پولێ بەرهەم و مایەت.

• **رستەی لێکدراو:** Compound Sentence

ئەو رستەیەیە، کە لە دوو رستە، یان زیاتر پێکهاتبێت و بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی بەیەکەوە بەسترابن. ئەو رستانەی بەشداری دروستکردنی رستەی لێکدراو دەکەن، لە هەمان باری سینتاکسیدان و بە هەمان شێوە سەربەخۆن.

رستەی لێکدراو دەکرێت بە سێ بەشەوە:

I. رستەی لێکدراوی پێویست: Conjunctive Sentence

رستەی لێکدراوی پێویست، بەزۆری هەوالْ و وەسف رادەگەیەنێت .

ئامرازەکانی (و، بەلْێ، نە_نە) بەکاردێ بۆ بەستنەوەی رستە سادەکان.

نموونە/ سەری هەلْبڕی و دەیڕوانیە ئاسمان و پێدەکەنی.

/ بەهاری پار تەڕ بوو، بەلْێ دەشتودەر رازابوو بووە.

/ نە من پێموت ، نە ئەویش بیریکەوتەوە.

رستەی لێکدراوی پێچەوانە: Adversative Sentence

جیاوازی و دژایەتی نێوان دوو دیاردە، رووداو، بیرو بۆچوون نیشان دەدات.

ئامرازەکانی (بەلاّم، بەلْکو) رستەکانی ناو رستەی لێکدراوی پێچەوانە لێکدەدەن.

نموونە/ من نەمبینیوە، بەلْکو ئەو چاوی لە من بووە.

/ رۆح سوکە، بەلاّم کەمێ چەنەبازە.

١.رستەی لێکدراوی جیاکەرەوە: Disjunctive Sentence

پەیوەندی جیاوازی نێوان رستەکان دەردەبرێت.

ئامرازەکانی (یا، یان، یاخود...) رۆلّی تایبەت لەم رستانەدا دەگێڕن.

نموونە/ یا بێدەنگبە، یا بڕۆرە دەرەوە.

/ یان چاکیکەرەوە، یان پاکیکەرەوە.

/ وەرە ژوورەوە، **یاخود** دەرگاکە پێوەدە.

- **ڕستەی فرمان و داخوازی:** Imperative Sentence

ڕستەی فرمان و داخوازی، دەبێ کۆتایی بە خاڵی ڕاوەستان بێت. بەڵام ئەگەر ئەمرێکی بەهێز یان جۆرە هێزێکی دەربڕی، ئەو کاتە نیشانەی سەرسوڕمان وەردەگرێت.

وەك ئەم نمونانەی لای خوارەوە:

نموونە/ بڕۆ. / بچۆ. / دانیشە. / وەرە ژوورەوە. / مەکە.

/ تکایە، بێدەنگ بن.

/ دەستکاری ئەو شتانە مەکە.

ئەو نمونانەی سەرەوە ، تەنیا داخوازیەو فرمانێکی بەهێزی تێدانییە، بۆیە کۆتاییان بە خاڵی ڕاوەستان دێت.

بەڵام کاتێ، کە دەڵێین:

نموونە/ کە پێموتی وەرە ژوورەوە، وەرە و دانیشە!

/ کە ووتم بخۆ، بخۆ!

ئەوەش لە واتاکەیدا فرمانێکی بەهێزی تێدایە و جۆرێك لە سۆزەکان ئەخرۆشێنێت. بۆیە لەبری خاڵی ڕاوەستان، نیشانەی سەرسوڕمان وەردەگرێت.

هەروەها لە شێوازی نەفیدا، کرداری ڕستەی فرمان و داخوازی نیشانەی نەفی دەچێتەسەر:

نموونە/ مەچۆ بۆ سەیران !

/ تا دێمەوە، نەچیتە دەرەوە!

لە زمانی کوردیدا زۆر جۆر ڕستەی ترمان هەیە، هەوڵئەدەین لە بەشەکانی خۆیاندا باسیان لێوەبکەین.

هەروەها هێنانەوە و باسکردنی جۆرەکانی ڕستە لەم بابەتەدا، تەنیا بۆ ئەوەیە، کە دەریبخەین، خاڵی ڕاوەستان دەکەوێتە دوای هەموو جۆرە ڕستەیەکەوە، جگە لە ڕستەی پرسیاری و ڕستەی سەرسوڕمان، کە نیشانەی تایبەتی خۆیان وەردەگرن.

## شوێنی خاڵی راوەستان لە رستەدا کە نیشانەی لابردنی تێدابێت
## Position of the Full Stop with Omission Mark

● خاڵی کۆتایی لە رستەیەکدا کە کۆتایی بە نیشانەی لابردن هاتبێت.

نموونە/ دوێنێ شەو دەماغم لە کەللەدا نەمابوو. مناڵەکەمان هەر ئەگریا و هەر ئەگریا...

رستەی سەرەکی کۆتایی بە خاڵی راوەستان دێت، بەڵام رستەی (مناڵەکەمان هەر ئەگریا و هەر ئەگریا...) لەبەر ئەوەی تەواو نەبووە و نازانین کەی مندالەکەیان ژیربۆتەوە، بۆیە ناتوانرێ خاڵی کۆتایی بۆ دابنرێت.

خۆ ئەگەر قسەکەر ووتی: دوێنێ شەو دەماغم لە کەللەدا نەمابوو، چونکە مناڵەکەمان تا کاژێری پێنجی بەرەبەیان، هەرئەگریا و هەر ئەگریا....

لێرەدا خاڵی کۆتایی دەکەوێتە دوای سێ خاڵی نیشانەی لابردنەوە، واتە ژمارەی خاڵەکان دەبنە چوار خاڵ. چونکە کاتی گریانەکە دیاریکراوە و مناڵەکە دوای ئەو کاتە ژیربۆتەوە.

## خاڵی راوەستان بەکاردێ بۆ دیاریکردنی کورتکراوە
## The Full Stop Used to Indicate Abbreviations

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو خاڵەی بەکاردێت بۆ نیشانەی کورتکردنەوە، جیاوازە لە خاڵی کۆتایی، یان خاڵی راوەستان. بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە کوردیدا و بەم شێوە رێنووس و پیتەی ئەمڕۆ، ناچارین لە هەمان شێوەدا بینووسینەوە و باسی بکەین.

● کاتێ کورتکراوەکە بکەوێتە سەرەتا و ناوەڕاستی رستەوە.

نموونە/ د. کەمال مەزهەر کتێبی مێژووی مێژووی نووسیوە. (د. یەکەم پیتی وشەی دوکتۆرە) خاڵی کورتکردنەوەی بەدوادا دێت، بۆ دیاریکردن و نیشانەی کورتکردنەوەکە.

هەروەها خاڵی راوەستانیش لە کۆتایی رستەکە خۆیدا دادەنرێت. خاڵی دوای پیتی (د)، خاڵی راوەستان نیە، بەڵکو نیشانەی کورتکردنەوەی وشەی دوکتۆرە.

/ م.س. بڕیارێکی مێژوویی دەرکرد.

واتە: (مەکتەبی سیاسی) بڕیارێکی مێژوویی دەرکرد.

هەروەها بە هەمان شێوە نموونەکانی تریش دەگرێتەوە:

/ پ.د.ك. یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە. واتە: (پارتی دیموکراتی کوردستان)، یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە.

/ ی.ن.ك. لە شۆڕشی رزگاریدا، رۆڵێکی مەزنی هەیە. واتە: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە شۆڕشی رزگاریدا، رۆڵێکی مەزنی هەیە.

/ شۆفێرەکە بەخێرایی ٨٠ کم. ل.ك. ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی.

واتە: شۆفێرەکە بەخێرایی (٨٠ کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا) ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی.

● کاتێ کورتکراوەکە دەکەوێتە کۆتایی رستەوە:

ئەوا تەنیا یەك خاڵی کۆتایی لەدوای پیتی کورتکراوەکە و رستەکەوە دادەنرێت و ئەو خاڵەش رۆڵی هەردوو حاڵەتەکە دەگێڕێ.

نموونە/ ١٦/ ئاب یادی دامەزراندنی پ.د.ك.

/ ی.ن.ك. دوو مەکتەبی هەبوو: م.س. و م.ع.

بە هەرحاڵ، ئێستا کەمتر ئەو شێوازە لە نووسینی پیتە کورتکراوەکاندا رەچاو دەکرێت. ئەوەش بەهۆی ئەم سەردەمە پڕ لە پەلە پەلی و جەنجاڵەوە، زیاتر هەوڵدەدرێت ئەو کورتکراوانە بە یەکەوە بنووسرێت:

نموونە/ حشع، واتە حیزبی شویعی عێراقی.

/ پەکەکە، واتە: پارتی کرێکارانی کورد

/ پژاك، واتە: پارتی ژیانەوەی ئازادی کوردستان

تێبینی: هەموو پیتێك کە سەرەتای وشەیەکی کورتکراوەیە، دەبێت خاڵی کورتکردنەوەی بە دوادا بێت. ئێمە زۆر جار دەبینین، لای هەندێ نووسەر، یان لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا، تەنیا خاڵی کورتکردنەوە دەخەنە بەردەم پیتی یەکەم و دووەم، بەڵام دوا پیت خاڵی بۆ دانانێن، کە ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەگەر بۆی دانەنرێت، ئەو کاتە

دەکرێ وەك پیتێکی سەربەخۆ لە ڕێزماندا مامەڵە بکرێت. بەڵام بە دانانی خاڵی کورتکردنەوە لەبەردەمیا، واتای ئەوەیە کە ئەو پیتە سەرەتای وشەیەکی کورتکراوەیە. تێبینی ئەوەش دەکەین کە ئەو کورتکراوانە لە ڕستەدا کەوتبنە هەر شوێنێکەوە، دەبێ هەر یەکەیان خاڵی کورتکراوەی خۆی هەبێت.

## ڕاگەیاندن، پرسیار و داخوازی
## Statements, Questions and Requests

/ پەکەکە (پ.ك.ك) واتە: پارتی کرێکارانی کوردستان.

● هەندێ ڕستە لە شێوازی پرسیاردایە، بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر واتای فرمان، یا داخوازی تێدایە و دەبێت لە کۆتایدا، لە بری نیشانەی پرسیار، نیشانەی خاڵی ڕاوەستانی بۆ دابنرێت.

نموونە/ دەتوانی دوای خۆت دەرگاکە پێوەبدەی، بێ زەحمەت.

/ کێ لە بابەتەکە تێنەگەیشتوە، با بۆی بلێیمەوە.

● زۆر جار ڕستەکە خۆی زیاتر گێڕانەوەیە وەك ئەوەی کە پرسیار بێت، ئەوەش ڕاستر وایە کە خاڵی کۆتایی بۆ دابنرێت.

نموونە/ کوڕە تۆ چی ئەڵێیت؟ خۆزیا ئازاد لەو سەیرانەدا لەگەڵمان بووایە.

● لە ڕستەی ئاوێتەدا، کە سەرەتا بە گێڕانەوە دەست پێبکات و لە کۆتایدا گێڕانەوەکە لە شێوەی پرسیاردا دەربڕێت، ئەوە دەبێت خاڵی ڕاوەستانی بۆ دابنرێت.

نموونە/ شوێنی یەك کەسمان ماوە لە ئۆتۆمبیلەکەدا و پێمخۆشە ئەگەر حەزدەکەیت بێیت لەگەڵمان بۆ هەولێر.

## شوێنی خاڵی راوەستان لە ناوەخنی نێو نیشانەی کەوانەی دووتاییدا

● کاتێ وشەکانی نێو دوو کەوانە وەك فۆرمێکی تەواو و رستەیەکی سەربەخۆ بێت، خاڵی راوەستان دەبێ بکەوێتە ناو دوو کەوانەکەوە.

نموونە/ زۆربەی چێشتخانەکان مریشکی سەربڕاوی بەستو بەکاردەهێنن، چونکە لە مریشکی کوردی هەرزانترە. (هەرچەند مریشکی خۆماڵی بەتام ترە.)

● کاتێ وشەکانی نێو دوو کەوانە، لێکدانەوەیەك بێت، یان شیکردنەوە، یان رەخنە بێت، ئەوا لەم بارەیاندا نیشانەی خاڵی راوەستان دەبێ لە دەرەوەی کەوانەکە بێت.

نموونە/ مامۆستای وانە پێشەکی کتێبی وانەکەی نووسیوە (کە دەبوو وانەکەی لە ئێستا باشتر شیکردایەتەوە) .

## ئەو حاڵەتانەی کە خاڵی راوەستان دانانرێت

١.خاڵی راوەستان لە دوای رستەیەکی راستەوخۆ پرسیاریەوە دانانرێت:

نموونە/ بۆ کوێ ئەچیت ؟

/ بشێ خواوەند بەزەیی بەو هەژارەدا نەیەتەوە؟

٢.لە دوای رستەی سەرسوڕمان و گومانەوە، خاڵی راوەستان دانانرێت. بەڵکو نیشانەی سەرسوڕمان شوێنی خۆیەتی.

نموونە/ ئەوە خۆ ئەمرۆ چوارشەممەیە!

/ کە پێموتی وەرە ژوورە! وەرە و دانیشە!

٣.ئەگەر وشەی کورتکراوە کەوتبووە کۆتایی رستەوە خاڵی راوەستان دانانرێت، چونکە خۆی کۆتایی هاتووە بە خاڵێك کە نیشانەی کورتکردنەوەیە و رۆڵی وچان و راوەستانیش دەگێڕێت.

نموونە/ ١٦ی ئاب یادی دامەزراندنی پ.د.ك.

٤.ئەگەر نیشانەی لابردن کەوتبووە دوای رستەکەوە، ئەوا خاڵی راوەستان دانانرێت، چونکە هێشا رستەکە تەواو نەبووە.

نموونە/ دوێنێ شەو دەماغم لە کەللەدا نەمابوو. منداڵەکەمان هەر ئەگریا و هەر ئەگریا...

٥.هەر بەو شێوەیە، هەندێ رستەش لە شێوەی گێڕانەوەدایە، بەڵام ، زیاتر پرسیارە و باشتر وایە کە لە بری خاڵی راوەستان، نیشانەی پرسیاری بۆ دابنرێت.

نموونە/ پێمان خۆشە، ئەگەر حەزدەکەیت لەگەڵ ئێمەدا بێیت بۆ سەیران؟

لە ئاخاوتنی راستەوخۆدا بەر لە فرمانی ئاخاوتن خاڵی کۆتایی دانانرێت، بەڵکو کۆما شوێنی دەگرێتەوە.

٦.خاڵی کۆتایی ناخرێتە دوای هیچ یەکێ لە نیشانەکانی خاڵبەندیەوە.

٧.ناونیشانی کتێب، ناونیشانی دەقێك لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا، نابێ خاڵی راوەستانی بۆ دابنرێ. هەروەها ناونیشانی لاوەکی یان ناوەندی کە لە ناو دەقێکدا دێت، ناونیشانی شانۆگەری و گۆرانی و شیعر و پەخشان، ئەمانە بەگشتی خاڵی راوەستانیان بۆ دانانرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ناونیشانانە رستەیەکی تەواویش بن. لێرەدا ئەبێ ئەوە بزانین، کە ناونیشانی هەر بابەتێك لەوانەی ناومان هێناوە، لە ژێریەوە بابەتێك باس دەکرێت، واتە تەواو نەبووە و شتی بەدوادا دێت، بۆیە رێ بە دانانی خاڵی راوەستان نادات.

## کورتەی پەیڕەوە گشتەکانی خاڵی راوەستان.

- لەدوای هەموو رستەیەکەوە دادەنرێت، کە واتای بیر و هەواڵێك بگەیەنێت. هەروەها پرسیار و دەربڕینی سەرسوڕمان نەبێت.
- شوێنی خاڵی راوەستان لەنێو کەوانەی دووتاییدا:

١.ئەگەر کەوانەی دووتایی کەوتبووە کۆتایی رستەوە، خاڵی کۆتایی دەکەوێتە ناو کەوانەکەوە.

٢.ئەگەر هەندێ شتی تر جیاواز لە ئاخاوتنی راستەوخۆ، کەوتبووە ناو کەوانە دووتاییەکەوە، خاڵی راوەستان دەکەوێتە دەرەوەی کەوانەکەوە.

- کاتێ رستەیەك کە نیشانەی لابردنی بەدوادا هاتبوو، ئەو شتانەش هێندە گرنگ نین کە ناوببرێن. ئەوا لەم حاڵەتەدا خاڵی راوەستان دادەنرێت و بە نیشانەی لابردنەوە دەبێتە چوار خاڵ.
- هەروەها خاڵی کۆتایی، دەبێتە نیشانەی وشە کورتکراوەکان و لەبەردەم ئەو پیتەدا دادەنرێت کە پیتی یەکەمی وشە کورتکراوەکەیە.

**دووەم:**

## نیشانەی پرسیار ( ؟ ) Question Mark

## نیشانەی پرسیار کاری چییە؟
## What a question mark does?

نیشانەی پرسیار لە نووسینی کوردیدا بەم شێوەیە: (؟) وێنەی دەکرێت.

وەك لە چاپتەری پێشودا لە باسی خاڵی کۆتایدا، باسی ئەوەمان کرد، کە خاڵی کۆتایی دەکەوێتە کۆتایی رستەوە. هەروەها نیشانەی پرسیاریش بە هەمان شێوە، یەکێکی ترە لەو نیشانانەی، کە دەکەوێتە کۆتایی رستەوە.

- **رستەی پرسیار بەهۆی هێزەوە:**

لە زمانی کوردیدا، هەموو رستەیەکی هەواڵ و زانیاری گەیاندن، کۆتایی بە خاڵی راوەستان دێت. بەڵام هەمان ئەو رستانە، بەهۆی ئاواز و هێزەوە، دەکرێتە رستەی پرسیار. بەڵام نابێ لە کۆتایی رستەکەدا نیشانەی پرسیارمان لە یادبچێت. چونکە بێ نیشانەی پرسیار، خوێنەر وەك رستەیەکی هەواڵ، یان زانیاری گەیاندن دەیخوێنێتەوە.

هەروەها تاکە هێمایەکیش بۆ ئەم جۆرە رستە پرسیاریانە، تەنیا نیشانەی پرسیارە.

هەندێ لە زمانناسان بەم جۆرە پرسیارە دەڵێن: پرسیاری گشتی، یان پرسیاری رستەیی.

لە رستەی پرسیاریدا، کە بەهۆی هێزەوە دروست دەبێت، بەهیچ جۆرێ ئامرازی پرسیارکردن بەکارنایەت و پێویستی بە ئامراز نییە. هەروەها ئەم جۆرە رستانە داوای زانیاری لە گوێگر ناکات. بەڵکو داوای بڕیار لە گوێگر دەکات، بە رەزامەندی، یان بە نارِەزایی. وەڵامەکەشی بە یەکێ لەم وشانە دەدرێتەوە:

(ئا، بەڵێ، ئەرێ، ئەدی، با، نەخێر، نا، نەء...) .

بەشێوەیەکی سادەوساکار هەموو رستەیەکی هەواڵ و زانیاری گەیاندن، بەهۆی هێزەوە دەبێتە رستەی پرسیاری و نیشانەی پرسیاریش رۆڵی دەرخستنی دەبینێت لە دیاریکردندا تا بە هۆی گۆکردنەوە وەك شێوە پرسیار بخوێنرێتەوە.

نموونە/ سەردار کوڕێکی راستگۆیە.

لەو رستەیەدا هێز و ئاوازی خوێندنەوەی سەرەوخوارە، چونکە رستەیەکی هەواڵ گەیاندنە.

نموونە/ سەردار کوڕێکی راستگۆیە؟

هێز و ئاوازەکەی سەرەوژوورە و بەهۆی هێز و ئاواز و نیشانەی پرسیارەوە، بۆتە رستەیەکی پرسیاری.

لێرەدا، لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە رستە پرسیاریانەدا، خاڵێکی گرنگ هەیە. ئەویش ئەوەیە، کە مەبەستی پرسیارەکە لەسەر کام بابەتی ناو رستەکەیە، دەبێ هێز بخرێتە سەر ئەو وشەیەی کە مەبەستە. بۆ نموونە، لەو رستەیەی سەرەوەدا ئەگەر مەبەست تەنیا (راستگۆیی سەردار) بێت، ئەوا هێز دەخرێتە سەر وشەی (راستگۆیە). هەروەها بۆ هەر یەکە لەو وشانەی تری ناو رستەکە، بە هەمان شێوە هێز خرایە سەری ئەو لایەنە دیاری دەکات و لە خوێندنەوەی رستەکەدا دەیهێنێتە پێشەوە.

بە بڕوای من لە زمانی کوردیدا، ئامرازی پرسیارکردنی (ئایا) لەو رستانەدا لابراون و بە هێز خستنەسەر خاڵی مەبەست لە پرسیارەکەدا، شێوازی پرسیار وەردەگرێت.

/ ئایا یەکشەممە پشوی گشتیە؟

دەکرێت بووترێت: یەکشەممە پشوی گشتیە؟ هێز دەخرێتە سەر یەکشەممە

/ باوکت لەماڵە؟

ئایا باوکت لە ماڵە؟

/ ئەتوانی وەك من وانەکە بلێیتەوە؟

ئایا ئەتوانی وەك من وانەکە بلێیتەوە؟

/ نەوتی ئەم زستانەتان کڕیوە؟

ئایا نەوتی ئەم زستانەتان کڕیوە؟

## پرسیاری ڕاستەوخۆ Direct Question

پرسیاری ڕاستەوخۆ، بەهۆی ئامرازی پرسیارکردنەوە دروست دەبێت. دەتوانرێ ئەم جۆرە پرسیارانە بە پرسیاری تایبەتیش ناوببرێت. هەروەها هەموو ئەو ڕستانە ئەگرێتەوە کە ئامرازی پرس بەشداری ڕۆنانیان دەکات.

لێرەدا ئەو کەسەی پرسیارەکە دەکات، چاوەڕێی ئەوە لە گوێگر دەکات، وەڵامی ئەو زانیارییەی لێوەرگرێت، کە پرسیارەکەی دەربارە دەکات.

ئەو ئامرازی پرسانەی، کە لە کوردیدا هەن، وەکو:

( ئایا، کێ، کەی، کوێ، کوا، کوانێ، کام، کو، چ، چی، چۆن، چەند، چلۆن...)

نموونە/ ئایا مریشك لە هێلکەیە، یان هێلکە لە مریشکە؟

نموونە/ کێ دەڵـێ دولبەر بەخیلە؟ وەڵڵا ئەمرۆ دولبەرم

بەردی ژێرپێی خۆشی حەتتا هەر ئەهاوی بۆ سەرم

نموونە/ کەی بووە بە عادەت وە تێشەبەردەن؟

تێشە وە سەرای کەریمان بەردەن.

نموونە/ کوێ لە وڵات دڵگیرترە؟

نموونە/ کوا لۆفوافە، ئەو هێزە نەبەزە، مەرگ چێنە؟

کوانێ هێتلەر، کە هەر ئەتووت زەرووی خوێنە؟

نموونە/ کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوێ

سورە وەك کوڵمی، ئاڵە وەك لێوی؟

نموونە/ کو وادەڵێیت؟

نموونە/ چ جۆرە میوەیەك زۆر دەخۆیت؟

نموونە/ چی دەبێت ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئامادەبیت؟

نموونە/ چۆن دەتوانیت، ئەو هەموو خواردنە بخۆیت؟

نموونە/ چەند جار بە دەوری باخچەکەدا رادەکەیت؟

نموونە/ چلۆن وا دەبێتن؟

هەر لە پرسیاری ڕاستەوخۆدا، زۆرجار ئامرازی پرسیارکردنەکە لە جارێك زیاتر دووپات دەکرێتەوە و تەنیا خۆی وەك پرسیاری ناتەواو ئاراستە دەکرێت.

نموونە/ چۆن، چۆن؟ پرسیارکردن لە چۆنیەتی شتێك .

نموونە/ کێ، کێ؟ پرسیار لە کەسێك دەکات.

/ کەی؟ پرسیار لە کات دەکات

/ کوا؟ پرسیار لە دیار و نادیاری کەسێك یان شتێك دەکات.

نموونە/ بەڕاستتە؟ پسیاری ناتەواو

## پرسیاری ناڕاستەوخۆ Indirect questions

پرسیاری ناڕاستەوخۆ، کاتێ ڕوودەدات کە داخوازیەك لە ڕستەکەدا هەبێت. هەرچەند ئەو وشانەی کە پرسیارە ناڕاستەوخۆکەی پێدەکرێت، دووپات ناکرێتەوە. هەروەها بە زۆری لە پرسیاری ناڕاستەوخۆدا وشەی (ئەگەر، ئایا ) پێش پرسیارەکە دەکەوێت.

نموونە/ ئەو پرسی ئەگەر بتوانێ زووتر بڕواتەوە. لێرەدا نیشانەی پرسیار وەرناگرێ، چونکە ڕاستەوخۆ پرسیار ناکات. بەڵام ئەگەر ئەو ڕستەیە وەك پرسیار دابڕێژین، دەبێتە:

نموونە/ ئەو پرسی، "دەتوانم زووتر بڕۆمەوە؟"

لە پرسیاری ناڕاستەوخۆدا، دوو حاڵەتی جیاواز هەیە، کە نیشانەی پرسیاری بۆ دادەنرێت:

١.لەو حاڵەتانەدا نیشانەی پرسیار بۆ پرسیاری ناڕاستەوخۆ دادەنرێت، کە پرسیارێکی ڕاستەوخۆ بکەوێتە ناو ڕستەکەوە.

نموونە/ لە مامۆستاکەت پرسی ئەگەر بە بەرگی کوردیەوە بچیت بۆ قوتابخانە، ڕێگرنیە؟

٢.هەروەها ڕستە هەیە لە شێوەی پرسیاری ناڕاستەوخۆدا، یان هەر جۆرە ڕستەیەکی بەیانی، کە داخوازیەك بکات، نیشانەی پرسیاری بۆ دادەنرێت. چونکە لە ڕاستیدا پرسیار دەکات، نەك شتێ بگێڕێتەوە.

نموونە/ دەمەویت بپرسم ئەگەر حەزدەکەیت هاوبەشی ئاهەنگی دەرچوانی کۆلیجەکەمان بکەیت؟

نموونە/ لەوانەیە بتوانیت لە باوکت بپرسیت، ئایا دەتوانیت ئەمشەو ئۆتۆبیلەکەی بەکاربێنیت؟

لە نموونەی یەکەمدا، قسەکەر نایەویت تەنیا ئەوە بلێت، کە حەز ئەکات هاوڕێکەی بێت بۆ ئاهەنگەکە. بەڵکو ئەو لە راستیدا دەپرسێت، ئایا دێت بۆ ئاهەنگەکە.

لە رستەی دووەمیشدا، بە هەمان شێوە دەپرسێت، کە ئایا دەتوانێت ئوتۆمبیلەکەی باوکی بخوازێت.

- **کورتە پرسیار لە رستەی بەیانیدا:**

هەندێ جار قسەکەر، یان نووسەر، لە رستەیەکدا بەیانی شتێیەك دەکات، بەڵام بۆ دڵنیابوون لە بیر و بۆچوونەکەی خۆی، بەدوای گوتەکەدا، کورتەپرسیارێك ئاراستە ئەکات.

نموونە/ ئەم ساڵ بەهارەکەی تەڕە، وانییە؟

/ بە بڕوای من هاوینێکی گەرم ئەبێت، تۆ ئەڵێی چی؟

- **پرسیار لە رستەی بەیانیدا:**

زۆر جار لە زمانی کوردیدا قسەکەر یان نووسەر دەیەوێت بەیانی شتێك بکات، کە خۆی لە شێوەی پرسیاردا داڕێژراوە. ئەویش بێ ئەوەی فۆڕمەکەی بگۆڕێت، وەك خۆی لە رستەکەدا دایدەنێتەوە.

نموونە/ کەی کارەبای ئەم وڵاتە چاك ئەکرێتەوە؟ ئەم پرسیارە بووە بە وویردی سەر زمانی خەڵکی ئەم شارە.

یان / ئەم پرسیارە بووە بە وویردی سەر زمانی خەڵکی ئەم شارە، کەی کارەبای ئەم وڵاتە چاك ئەکرێتەوە؟

لە نموونەی یەکەمدا پرسیارەکە هێنراوە و بەدوایدا بەیانی حاڵەتەکە ئەکرێت و کۆتایی رستە پرسیارییەکە نیشانەی پرسیاری وەرگرتووە و هەموو رستەکەش پێکەوە خاڵی راوەستانی بۆ دادەنرێت.

بەڵام لە نموونەی دووەمدا، نووسەر بۆمان ئەگێڕێتەوە کە پرسیارێك بووە بە ویردی سەر زمانی خەڵکی شار، ئەویش لە کۆتایی رستەکەدا دیاری دەکات. لێرەدا رستە بەیانیەکە کۆتایی بە کۆما دێت و هەموو رستەکەش پێکەوە کۆتاییان بە نیشانەی پرسیار دێت.

تا ئێرە هەردوو رستەکە لەو شێوەیەدا کە نووسراون راستن، بەڵام راستر وایە نووسەر پرسیارەکان لە هەردوو نموونەکەدا بخاتە ناو دووتا کەوانەوە.

نموونە/ " کەی کارەبای ئەم وڵاتە چاك ئەکرێتەوە؟"، ئەم پرسیارە بووە بە وویردی سەر زمانی خەڵکی ئەم شارە.

نموونە/ ئەم پرسیارە بووە بە وویردی سەر زمانی خەڵکی ئەم شارە، "کەی کارەبای ئەم وڵاتە چاك ئەکرێتەوە؟"

- **نیشانەی پرسیار دوای ناونیشانی کتێب و دەقەکان:**

نیشانەی پرسیار دەکرێ دوای ناونیشانی کتێب یان دەقێکی نووسراو، ناونیشانی شانۆگەری، شیعر، پەخشان، ووتار، توێژینەوە و ناونیشانی ناوەندی نێو دەقێك دابنرێت.

نموونە/ دوو سەعات کارەبا وەزیری بۆچیە؟ ب.ع

- **نیشانەی پرسیار بۆ دیاریکردنی دڵنیانەبوون**

١.بۆ پێشاندانی نادڵنیایی "دڵنیانەبوون"، نیشانەی پرسیار لە کەوانەیەکی بچوکدا بەکاردێت. زۆر جار نووسەرێك هێما ئەکات بە ناوی کەسێکی ناودار و ساڵی لە دایك بوونی ئەو کەسە دەنووسێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تەواو دڵنیانیە لە راستی ساڵەکە، بۆیە دانانی نیشانەی پرسیار لە کەوانەیەکدا و لە تەنیشت ئەو وشەیە، یان ئەو ژمارەیەی، کە دڵنیانییە لە راستیەکەی، کێشەکە چارەسەر دەکات و ئەوە پێشان ئەدات، کە ئەمە جێی پرسیار و بەدوادا چوونە.

بەڵام ئەوەش دەبێ بزانین، رستەکە خۆی بەهیچ جۆرێ واتای گومان ناگەیەنێت، کەواتە ئەو نیشانەی پرسیارە لە ناو کەوانەکەدا نیشانەی گومان نییە، بەڵکو نیشانەی دڵنیانەبوونە.

نموونە/ مێژوونووسی کورد، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ئەڵێ: مەحوی شاعیر لە ساڵی ١٢٥٢ ك. لەدایك بووە، بەڵام مامۆستا عەلائەددین سەجادی ئەڵێت: ساڵی

١٢٤٦ ك. لە دایك بووە. هەروەها كاكەی فەللاحیش دەڵێ: ساڵی ١٢٤٧ ك. لەدایك بووە.

لێرەدا هەر سێ ساڵی لەدایكبوونی مەحوی لەلای هەرسێ نووسەرەكە جیاوازە و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كە ناكرێ هەرسێكیان راست بێت. واتە دووەم و سێیەم نووسەر، دەبووایە لە پاڵ هەر ئەو بۆچوونانەی پێش خۆیاندا نیشانەی پرسیاریان وەك نیشانەیەكی دڵنیا نەبوون بخستایەتە دوای ژمارەی ساڵەكانەوەو راستی ساڵی لەدایك بوونی مەحوی وەك خۆی دڵنیایە دیاری بكرایە.

٢.بەڵام ئەو نووسەرەی كە دوای دوو نووسەرەكەی تر دەربارەی ساڵی لەدایك بوونی مەحوی دەنووسێت، ئەگەر ئاگای لە بۆچوونەكانی ئەوان بێت، ئەبێ كاتێ كە لە نووسینەكەی خۆیدا ساڵەكە دیاریدەكات، ئەو دوو بۆچوونەی تریش بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری بكات.

با وا دابنێین كە كاكەی فەللاح دوای ئەوان لەم بارەیەوە دەدوێت، دەبوو بیووتایە:

نموونە/ مەحوی شاعیر ساڵی ١٢٤٧ [ ١٢٤٦ ؟] [١٢٥٢؟] ك. لەدایك بووە.

لێرەدا ساڵی ١٢٤٧ك. لە لایەن نووسەری بابەتەكەوە دیاریكراوە و دوو ساڵەكەی تر كە نادڵنیای تێدایە و بۆچوونی كەسانی ترە، بۆیە دەبێ بخرێتە ناو كەوانەی چوارگۆشەوە و نیشانەی پرسیارەكە لە دوای هەر یەكەیانەوەبێت.

٣.ئەم نیشانەی پرسیارە كە بۆ دیاریكردنی دڵنیانەبوون دادەنرێت، زۆر جاریش دەكەوێتە دوای ناوێكەوە، كە نووسەرەكەی تەواو دڵنیانیە لە راستی ناوەكە.

نموونە/ ووتی وابزانم ناوی حەمەی قالەیە(؟) و خەڵكی شاری سلێمانیە.

٤.ئەگەر رستەكە بەم شێوەیەی لای خوارەوەبێت و ساڵی لەدایك بوون و ساڵی كۆچكردنی كەسێك پێكەوە نووسرابوو، بەڵام تەنیا دڵنیانەبووین لە ساڵی لەدایك بوونەكەی.

نموونە/ مەحوی شاعیر (١٢٥٢؟-١٣٢٤) ك. لە شاری سلێمانی ژیاوە.

ئەوا نیشانەی پرسیارەكە دەكەوێتە دوای ساڵی لەدایك بوونەكەوە.

بەڵام ئەگەر لە ساڵی كۆچكردنەكەی دڵنیانەبووین، ئەوا نیشانەی پرسیار دەكەوێتە دوای ساڵی كۆچكردنەوە.

نموونە/ مەحوی شاعیر (١٢٥٢-١٣٢٤؟) ی.ك. لە شاری سلێمانی ژیاوە.

هەروەها بۆ ئەو نموونەیەی سەرەوە پێویست ناکات نیشانەی پرسیارەکەش بەتەنیا بخرێتە ناو کەوانەیەکی ترەوە.

٥.زۆر جار لە زمانی کوردیدا رستە دەبینین کە واتای گومان دەگەیەنێت لە شتێك یان لە بیرووبۆچوونێك:

نموونە/ تۆ بلێی داری بەزەیی خوا بێتەبەر ـــ ئەم دوو دڵە بێن بە هاورێ و هاوسەر

لێرەدا و لەم بەیتە شیعرەدا، خوێنەر هەست بە گومان بردن ئەکات لە بەزەیی خوا، بۆیە دەبێ نیشانەی پرسیاری بەدوادا بێت، چونکە شاعیرەکە پرسیار لە گومانەکە دەکات .

تۆ بلێی داری بەزەیی خوا بێتەبەر ـــ ئەم دوو دڵە بێن بە هاورێ و هاوسەر؟

هەروەها زۆر جار لە وەڵامی هەواڵێکدا، بەهەمان شێوە بە گومانەوە وەڵام دەدرێتەوە:

_ بەیانی ناچین بۆ شار، باران ئەبارێت.

_ تۆ بێژی؟

## شوێنی نیشانەی پرسیار لەنێو کەوانەی دووتاییدا
## position of question marks with quotation marks

● پرسیاری راستەوخۆ لەنێو کەوانەی دووتاییدا:

لەبەر ئەوەی پرسیارەکە راستەخۆیە، بۆیە نیشانەی پرسیار دەکەوێتە ناو کەوانەی دووتاییەوە.

نموونە/ "ئایا دەزانی کەی جەژنی قوربانە؟" ئازاد پرسی.

● ئەگەر پرسیارەکە کەوتبووە کۆتایی رستەکەوە، دەبێ نیشانەی پرسیار بکەوێتە دەرەوەی کەوانە دووتاییەکەوە.

نموونە / دەبێ موسڵمانان لە سیاسەت دووربخرێنەوە، "ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو زانایەکی ئاینی نییە" ؟

● هەندێ جۆر رستەی پرسیاری تر هەیە، کە دوو پرسیار دەکات لە هەمان رستەدا. واتە پرسیار لە پرسیارێك ئەکات و ئەو پرسیارەی کە کراوە دەکەوێتە ناو کەوانەی دووتاییەوە و هەر یەکەشیان نیشانەیەکی پرسیار وەردەگرێت.

نموونە / بۆچی دەڵێیت، "تۆ کێیت؟"؟

بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو نیشانەکە هەمان شێوەیان هەیە و هەمان کار جێبەجێ دەکەن، دەکرێت یەکێکیان لابرێت.

نموونە / بۆچی دەڵێیت، "تۆ کێیت" ؟

● هەروەها زۆرجار لە هەمان رستەدا واتای پرسیار و سەرسوڕمانیشە. لێرەدا مەرجە هەردوو نیشانەکان دابنرێت، ئەویش بەپێی گونجاندنیان لە ناو رستەکەدا.

نموونە / بەس بڵێ، "بۆچی، بۆچی؟"!

## سێیەم:
## نیشانەی سەرسوڕمان The exclamation

لە زمانی کوردیدا و لە زۆربەی زمانەکانی تریشدا نیشانەی سەرسوڕمان بەم شێوەیە دەنووسرێت (!)

نیشانەی سەرسوڕمان یەکێکی ترە لەو نیشانانەی خاڵبەندی کە لە کۆتایی رستەدا دادەنرێت. هەرچەند لە هەندێ جۆر رستەدا دەکەوێتە ناوەندەوە.

رستەی سەرسوڕمان ئەو رستەیەیە، کە واتای سەرسوڕمان لە رووداوێك، کارێك، هەواڵ و زانیاریەك، یان شتێك دەگەیەنێت.

رستەکانی هەواڵ گەیاندن و پرسیار و فرمانکردن، بەهۆی هێزەوە مانای سەرسوڕمان دەگەیەنێت و لە کۆتایدا بەهۆی دانانی نیشانەی سەرسوڕمانەوە خوێنەر لەوە ئاگادار دەبێتەوە، کە بە شێوەی سەرسوڕمان بیخوێنێتەوە.

لە رووی واتای گشتیەوە، رستەی سەرسوڕمان دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١.ئەو رستەیەی کە پێوەندی کاریگەری و تەزووی هۆشی بێژەر، لەگەڵ شتێك یان رووداوێك نیشان دەدات، کە واتای باوەڕکردن، بەرز و نزمی روانین، یان گاڵتەو تەشقەڵە دەگەیەنێت.

نموونە/ دڵسۆزی هەر لە خۆی دێت!

/ ئەڵێی مەیمونی گەڕە!

٢.ئەو رستە سەرسوڕمانانەی کە کاریگەری تایبەتی بێژەر دەگەیەنێت، بە تایبەتی دەربڕینە روخساریەکانی وەك: ترس ، دڵخۆشی، زیزبوون، توڕەیی، پەژارە و هەروەها نەخۆشی و ناخۆشی و خۆشەویستی.

نموونە/ وەی لەو دەعبایە!

/ ئۆخەی رزگارمان بوو!

/ ئای چەندم بیردەکردیت!

/ چەندە ئازارێکی کوشندەیە!

لە زمانی کوردیدا هەندێ ئامرازی تایبەتی یارمەتی رۆنانی رستەی سەرسوڕمان دەدەن، لەوانەش:

- ئای، ئۆی، ئەی، ئاخ، ئۆف... کە زیاتر بۆ دەربڕینی ئێش و ئازار بەکاردێت.
- ئۆخەی، ئاها، وەه، بەه بەه، پەککوو... بە مەبەستی دەربڕینی خۆشی و شادی.
- ئاخ، ئۆخ، وەی، تەحا، پەحا... بۆ دەربڕینی سۆزەکانی خەم و خەفەت و پەژارە.

- **ئامرازی سەرسوڕمان:**

لە زمانی کوردیدا هەندێ ئامراز و ووشە و دەستەواژە هەیە، کە بۆ دەربڕینی باری سەرسوڕمان بەکاردێت و هەر یەکەیان بە تەنیا واتاکە دەگەیەنن و کۆتاییان بە نیشانەی سەرسوڕمان دێت. موونە/ تڕحێو!

/ پەککوو!

- **دەربڕینی سۆزی بەهێز:**

نیشانەی سەرسوڕمان بەکاردێ بۆ دەربڕینی ئاوازی سەرسوڕمانێ یان سۆزێکی بەهێز لە رێزلێنان و پەسەندکردندا، لە ئەنجامی توڕەبوون و بێزاری و نائومێدی و بێ هیوایدا.

نموونە/ نازانم **چۆن** لە سکی دایکیا جێیبۆتەوە!

/ **چەند** دیمەنێکی دڵگیرە!

/ حەددی **چیە** جنێوت پێدەدات!

/ باوەڕ**ناکەم**!

/ یارمەتیم **بدەن**!

- **بە هێزخستنە سەر ووشەیەك لە دەربڕینێکدا:**

نیشانەی سەرسوڕمان بەکاردێت بۆ دەربڕینی جۆرە سۆزێك. قسەکەر هێز دەخاتە سەر ئامرازی سەرسوڕمانەکە لە دەربڕینەکەدا.

نموونە/ ئای کە **گێلی**!

/ ئۆی دیسانەوە **دایکردەوە** باران!

- **سەرسوڕمان لە شێوازی پرسیاردا:**

هەندێ رستە لە رۆناندا لـە شـێوازی پرسـیاردایە، بـەڵام قـسەکەر زیـاتر لـە دەربڕینـدا مەبەستی سەرسوڕمانە، وەك لەوەی کە پرسیار بکات. بۆیە لە کۆتایی ئەو جۆرە رسـتانەدا نیشانەی سەرسوڕمان دادەنرێت.

نموونە/ ئەو ئاگرە **چییە** کردووتەتەوە!

/ ئەوە **چیت** ووت!

- **فرمان و داخوازی:**

١.ئەو دەربڕینانەی کە فرمانێك یان داخوازیـەکی تیایـە، ئەگـەر فرمانەکـە بـەهێزبوو، واتە هێز خرابێتە سەر دەربڕینەکە، ئەوا نیشانەی سەرسوڕمان وەردەگرێت.

نموونە/ کە ووتم **دانیشە، دانیشە!**

/ **بەسە**، بیبڕەوە!

٢.ئەگەر فرمانەکە زۆر بەهێز نـەبوو، هـەروەها زیـاتر شـێوەی داخـوازی تیـابوو، ئـەوا نیشانەی سەرسوڕمانی بۆ دانانرێت و کۆتایی رستەکەی بە خاڵی راوەستان دێت.

نموونە/ هەمووتان گوێبگرن.

/ کەس نەجوڵێت.

- **نیشانەی سەرسوڕمان لە ناوەندی رستەدا:**

زۆر جار نیشانەی سەرسوڕمان لە ناوەڕاستی رستەدا دێت. دوای نیـشانەکە هەرچـیەکی تری بەدوادا هاتبێت کۆتاییەکەی بە خاڵی راوەستان دێت.

نموونە/ هیچ شتێکمان نەدزراوە، بەڵام تۆ **بڕوانە!** چیان لەم ماڵەکردووە.

- **نیشانەی سەرسوڕمان لە نێو کەوانەی دووتاییدا:**

١.ئەگەر رستە سەرسوڕمانەکە ووتەیەکی راستەخۆ بوو، ئەوا نیشانەکە دەکەوێتـە نـاو کەوانە دووتاییەکەوە

نموونە/ "خوا هەڵناگرێ!" کابرا هەر زوو هاواری کرد.

٢.بەڵام ئەگەر ئەو ووتەیەی کە کەوتۆتە ناو کەوانـە دووتاییـەکـەوە، بکەوێتـە کۆتـایی رستەکەوە، ئەوا نیشانەی سەرسوڕمان دەکەوێتە دەرەوەی کەوانەکە و کۆتایی رستەکە.

نموونە/ شەرم ناکەیت، پێیئەڵێیت "وورچە کۆن"!

- **نیشانەی سەرسوڕمان دوای ناونیشانی کتێب و دەقەکان:**

پێچەوانەی خاڵی راوەستان، نیشانەی سەرسوڕمان لەدوای ناونیشانەکانەوە دادەنرێت. وەك ناونیشانی: کتێب، ووتار، شیعر، چیرۆك، ناوی شوێن، ناونیشانی گۆرانی، هەروەها ناونیشانی دووەمی ناو ووتارێك، چاپتەر و بەش.

٣.هێماکرد بە سەرسوڕمان:

زۆر جار نووسەر هێمای سەرسوڕمان دەکات لە شتێك کە دەینووسێت، بۆیە نیشانەی سەرسوڕمانەکە دەخاتە ناو کەوانەیەکی بچوکەوە و لەبەردەمی ئەو ووشەیە یان دەستەواژەیەدا دایدەنێت، کە سەرسوڕمانەکەی تێدایە.

نموونە/ ووتی سەیرانێکی زۆر دڵگیربوو (!) لەگەڵ جەنجاڵیەکەشیدا.

٤.نیشانەی سەرسوڕمان بۆ پێشاندانی گاڵتەپێکردن:

نیشانەی سەرسوڕمان بۆ پێشاندانی ئاوازی گاڵتەکردن و لاقرتێ و سوك روانین و بێ نرخ کردنی شتێك یان کارێك.

نموونە/ ئەو محەلەبیش بە دەست ئەخوات!

٥.هێز خستنەسەر

نیشانەی سەرسوڕمان بەکاردێت بۆ پێشاندانی هێزخستنەسەر و دانگرتن بە ووشەیەك یان دەربڕینێکدا.

نموونە/ زۆر (بەدەگمەن!) بە هەڵەدا ئەچێ، هەمیشە هەوڵئەدا نیشان بپێکێ.

## کورتەی بەکارهێنانی نیشانەی سەرسوڕمان

١. نیشانەی سەرسوڕمان بەکاردێت بۆ پیشاندانی فرمانێك کە هێزێکی تیدابێت، یان سۆزێك بگەیەنێت.

٢. فرمانی ئەمر کۆتایی بە خاڵی راوەستان دێت، مەگەر فرمانی ئەمرەکە سۆزێکی بەهێزی تێدابێت، ئەوسا نیشانەی سەرسوڕمانی بۆ دادەنرێت.

٣. ئەو رستە پرسیاریانەی کە هێز و سۆزی سەرسوڕمانی زیاتر تێدایە، نیشانەی سەرسوڕمانیان بۆ دادەنرێت.

٤. نیشانەی سەرسوڕمان بەکاردێت بۆ پیشاندانی گاڵتەبازی و بەسوك روانینی کارێك یان شتێك. هەروەها بۆ هێماکردنی سەرسامی لە شتێکدا.

### تێبینی:

ئەم وتارە تەنیا سێ بەشی بچکۆلەی کتێبی (خاڵبەندی لە زمانی ستانداردی کوردیدا)یە. بۆیە لێرەدا ئەو سەرچاوانەی کەڵکیان لێوەرگیراوە، ریزبەند نەکراون. بەهیوای ئەوەی سەرجەم بابەتەکانی ناو کتێبی ناوبراو بەم نزیکانە بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە.

# خوێندنەوەیەکی تری زانستی بڕگە لە زمانی کوردیدا

محەممەد سالّح سەعید

## بە دوای زانستییەکاندا

لەسەر بیردۆزی تایبەتی زانایانی زمان و قوتابخانە جۆربەجۆرەکان، بە پێویستم زانی لایەك بەلای ئایدیاکانی زانای ئەمەریکی (چۆمسکی) زمانەوان و رووناکبیری بە هەلّوێستدا بکەمەوە بە مەبەستی هاوتایی و بەراوورد، راڤەو وێناکردن، فراوانی و والآکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و لێکۆلینەوە لە زمانی نەتەوەییمان و بەتایبەتی بڕگە لە زمانی کوردیدا. .

چۆمسکی بە بیرێکی کراوەی نوێخوازەوە بەرامبەر رێبازی رێزمان دەلێت: "تەوانایی مرۆڤە بۆ بەکارهێنانی بێ سنووری هۆکارە سنووردارەکان و بایەخدان بە رەوشە گشتییە هاوبەشەکان لەنێوان زمانانداو وازلێهێنانی جیاوازییەکانی نێوان ئەو زمانانە". چۆمسکی باوەڕی بە بیردۆزی پێکهاتەیی گشتیی زمان هەیە. گرنگی بە تەوانایی مێشك دەدات، کە لە دووتوێی ئاخاوتن و گۆکردندا هەیە و بە " Competence" ناویدەبات و لە دیاردەی دەرەکی گفتوگۆ لە توانای دەربڕینی زمانی جیای دەکاتەوە، کە پێیدەگوترێت (بەجێهێنان Peptopmance). جۆمسکی پێکهێنانی ژمارەیەکی بێ سنوور لە رستە بەتەوانایی یەکەی مێشکەوە دەبەستێتەوە.

ئەو ئاشکرا لە توانایەکی سنووردارد‌ا پێکهاتەی فراوان و بێ سنوور دەخوازێت و وەك کردەی ئامێری ژمێریاری کاری پێدەکات، لە شیکارو پێناسی گشت پێکهاتە زمانییەکاندا بەرکاری دەخوازێت.

پەیوەندی نێوان رەگەزەکانی پێکهاتەی زمانی لەسەر بنەمای پابەندی ( Depen dency) یان دەست بەسەرداگری (Goveouance) دروستدەبێت، ئەویش لەسەر ئەو

باوەڕە نویّ بلاّوەی کە دەلّێت[1] "رەگەزێك لەپەیوەندیداریدا کاردەکاتە سەر رەگـەزێکی تـر، ئەویش رەگەزێکی سەربەخۆیە."

لەسەر ئەو بنەمایەی چۆمسکی وادەبینێت کە هەر رستەیەك لە رستێك فۆنێمی لە دوایەك و رادەدار دروستدەبێت. بەلاّم کاتێك دێتە سەر پێکهاتەی راستەوخۆی فۆنێمی رستە، زمانەوان ئاستێکی بەرزتری رەگەزی ئەو پێکهاتەیە وەردەگرێت کە بۆ نموونە وەك (یەکەی گەردانی) مۆرفیم ئەوەی بە شێوەیەکی جیا پێکهاتەی مۆرفیمی رستە دەردەخات و دەمانخاتەوە سەر یاسای (بڕگە)، کە ئاستێکی بالاّتری پێکهێنەری رستەیە، وەك لە فۆنێم کە بچووکترین دانەی دەنگیی بیّ واتایە و لە فرتەی دەرهاویشتەی دەربڕینەکاندا دەیانبیستین و کاتێك بە وردی بیریان لێبکەینەوە و لەسەریان بوەستین دەتوانین بە بیستنی دەنگەکانیان جیایان بکەینەوە.

[2]ئەم گریّ داخراوانە (بڕگە) لە توانایاندا هەیە رستەی فرەو هەمەجۆری لەدوای یەك پێکبهێنن، چونکە ناتوانرێت دروستکردنی پێکهاتەی مۆرفیمی رستە راستەوخۆ و بە وێنایەکی نیگارکێشی باروبوارەکان دیاری بکەین، ئەگەر هیچ نەبێت بۆ یاسای رێزمان، چونکە نابێت زمان سنووردارو رادەدار بکرێت. وەك نموونەیەکی جێبەجێکار بۆ داهێنانی بەکارهێنراوی شێوە نوێهاتی ( زمانی بێسنوور) با لەم پەیڤانە ورد ببینەوە کە ئەو بیرۆکە گەشەکردووەی زمانی کوردیی لە پێکهاتەییدا دەردەخات، دەیسەلمێنێت زمانێکی سەربەست و رەهایەو زمانێك نییە لە رادەی بارێکی تەسکدا گیرسابێتەوە. بۆ ئەمەش پێویستمان بە هۆکارو شێوازو ناوەرۆکی جیا و تێگەییوی فراوانتری ئاستی زمانیی دەبێت و پشتبەستە بەتەواناییی پێناس و لێکدانەوەی پابەند بە پێکهاتەکان و شیکارییانەوە.

بۆ نموونە با سەیری لێدەرهێنان و پێکهاتەیی ئەم لێکدانە ساکارە بکەین و بزانین چەند بە چاکی لەگەلّ وردبینی بیردۆزەکانی چۆمسکیدا دەگونجێت و رێکدەکەوێت، بەتایبەتی: لێکەوتەیی و هاتنەکایەی دروستبوونی پەیڤی نویّ. گۆڕین بۆ مەبەستی جیا.

توانای مرۆڤ لە بەکارهێنانی بیّ سنوور لە ئامرازی سنووردارەوە. بایەخدان بە رەوشی لەیەکچوون و وێناکردن لە بریتی جیاوازی زمانان و لەیەك دورخستنەوە.

[1] ل (٦) (البنی النحویە – چۆمسکی – ١٩٨٧

[2] ل (٢٧- ٢٩ ) – سەرچاوەی پێشەو.

بایەخدان بە گشتەی بیردۆز لە زماندا.
توانایی ژیری و مێشك بۆ دەربڕین، گوتن و بێشومار پێکهاتەی رستەی تر دەخەملێنێت.
بەدوای ئەوانەدا پەیڤ و دارشتەی زمانی و دروستەی یاساو رێساکان. روونکردنەوەو دەرخستنی توانادارییەکانی پێکهاتەیی و واتاداری لەو زمانەدا. ئاشکرابوونی کارکەرو کارپێکراو لە بێخی گوتراوەکاندا.
کە بێ سنووری، لە رادەبەدەرو رەچەشکێنی وەك تەقینەوە پێکهاتەی مێشك و ژیریی بۆ رەهایی فراوانبوونی جۆرەها پێویستەی ژیانی و ژیاریی پێشکەوتنیی زمانەکەمان لە بواری رەچەڵەك و رەسەنایەتی زمانی نەتەوەییمان بەپێی ئەو بیردۆزەیە دەسەلمێنێتەوە.

ئێستە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی راستەو راستی جێبەجێکار بکەین بە بیرۆکە تیورییەکانی چۆمسکییەوە کە لە پێشەکییە کەماندا ئاماژەمان پێکردووە و چەندین بۆچوونی لەمەودواش وەك ئامرازی پیشاندەری ( بار، بوار، خستنەسەر، پێکهاتەیی و شیکاری برگە، دارشتەی نوێی دروستبوونی زمانی، گەیاندنی چەند جۆریی، واتاو مەبەست، پارزینی یاسای رێزمانی بۆکەس – کاروکردار – دەمە کات و شوێنی رووداني فرمان، چەندێتی وچۆنایەتی و گشت دەروازەکانی لەیەکچوون و جیاوازییەکان لە زمانداو– چەندین چەرخەی تری هەڵسەنگاندنی زانستانەی هاوکیشە ژمێرپارییە تەواوکارییەکانی برگە – وشە – دەستەواژە و رستەسازیی لە زمانی کوردیدا و... هتد) و هاوتاکردن یان بەراوردیان بە بیروبۆچوون، ئایدیاو تیۆرییەکانی زانا زمانییەکانی کوردو بیانی بەو رادەیەی لە بوارو سنووری ئەم توێژینەوەیە دەرنەچن، بەڵێ بۆ ئەوە تەنها یەك نموونەی وەك (وا – وەها ) و لێکەوتەو پێکهاتە دروستبووەکان دەخەمە روو، ئەوانەی لەژێر رکێفی بیرو ژیریی، بە واتاو مەبەست و هانەهانەی پێداویستیە ژیانییەکان، بە شێوەی گەشەو داهینانی نوێ بە جۆری تەقینەوە هەر لە دەمە دێرینەکانەوە بۆ ئیستە و سەردەم و پێداویستییەکانی لەمەودواو پاشە رۆژی پەرەپێدان و خەملاندنی نەتەوەیی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، هۆشیاریی و رۆشنبیریی و دەروازە کراوەکانی میدیا، ئینتەرنێت، بوارەکانی تەکنۆلوجیا، ئایدیاو بیرو باوەڕی نوێی رامیاریی ناوخۆ، هەرێمی وجیهانی. لەگەڵ نەوەستان، نەپچڕان و هەوڵی رۆیین هاوشانی رەوی کاروانی میللەتانی پیشکەوتوو، ئێمەش وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆی خاوەن تایبەتمەندی و جیا لە بواری مێژوو، زمان و کەلتووردا.

بێگومان تەشەنە و بڵاوبوونەوەی زاراوەی نوێی یەکشێوەی ئە و بوارانە لە هۆکارو بەکارهێنراوە بازرگانی، زانستیی و رووناکبیرییەکاندا چاکترین و کاریگەرترین هۆکاری راستەوخۆیە کە دەبێتە ئەو ئامرازو تیرەیە و هەوڵێکی سروشتیی و ساناى نوێی ئەم سەردەمەیە کە کاردەکاتە سەر پەرەسەندنی زمانی یەکگرتووی نەتەوەییمان. خۆ ئەگەر ئەم رەوکارە ئاراستە کراوبیت، بێگومان کاراتر، سەرکەوتووترو خێراتریش جێبەجێ دەبێت.

## شیکارێکی دارشتەی واتا جیایی

وا

وانە وانا، وایە وانییە، واتە واتەنە(واتەنا)

کەوا

کە وایە کە وانییە، کەواتە کەواتەنە(کەواتەنا)

وادەبێ وانابێ، وادەبێت وانابێت

وابێ وانەبێ ، وابێت وانەبێت

کە وابێ کەوانەبێ، کەوابێت کەوانەبێت

کە وابێتە کەوانەبێتە، کەوادەبێت کەوانابێت

وابوو وانەبوو، وابووە وانەبووە

وابوو بوو وانەبووبوو، وادەبوو وانەدەبوو

وابووایە وانەبووایە وابووایە وانەبووایە

کە وابوو کەوانەبوو کەوابووایە کەوانەبووایە

کەوابووایە کەوانەبووایە

وام وانیم واین وانین

وای وانی وان وانین

وایت وانیت وان وانین

وایە وانییە وان وانین

وابووم وانەبووم وابووین وانەبووین

وابووی وانەبووی وابوون وانەبوون

| | | | |
|---|---|---|---|
| وابوویت | وانەبوویت | وابوون | وانەبوون |
| وابوو | وانەبوو | وابوون | وانەبوون |
| وادە بم | وانابم | وادە بین | وانابین |
| وادە بی | وانابی | وادەبن | وانابن |
| وادەبیت | وانابیت | وادەبن | وانابن |
| وادە بیٚ | وانابیٚ | وادەبن | وانابن |
| وادە بیٚت | وانابیٚت | وادەبن | وانابن |
| وابم | وانەبم | وابین | وانە بین |
| وابی | وانەبی | وابن | وانەبن |
| وابیت | وانە بیت | وابن | وانە بن |

| | |
|---|---|
| بۆ وا ؟ | بۆ وانە؟ |
| چۆن وا؟ | چۆن وانە. .؟ |
| کەی وا؟ | کەی وانە؟ |
| ئەلێی وا؟ | ئەلێی وانە؟ |
| وائەلێی. .؟ | وانالێی. .؟ |
| و ائەلێت. .؟ | وانالێت. .؟ |
| بلێی وا. .؟ | وانەلێی. .؟ |
| وابلێ | وامەلێ |
| بلێ وا | مەلێ وا |
| نەوابلێ | نەوا مەلێ |
| نەبلێ و | نەمەلێ وا |
| بلێی وا ! | نە لێی وا..! |
| بلێی وا بێت..! | بلێی وا نەبێت..! |
| بلێی وابێ..! | بلێی وا نەبێ..! |

کە وا     کە وانە     کە وانا

| | | |
|---|---|---|
| کە وایە | کە وا نییە | |
| کە واتە | کە واتەنە | کە واتەنا |
| کە وابێ | کە وا نەبێ | کە وا نابێ |
| کە وا بێت | کە وا نەبێت | کە وا نابێت |
| کە وا دەبێت | کە وا نابێت | |
| کە وا بێتە | کە وا نەبێتە | |
| کە وا ببێ | کە وا نەبێ | |
| کە وا ببێت | کە وا نەبێت | |
| کە وا بوو | کە وا نەبوو | |
| کە وا بووە | کە وا نەبووە | |
| کە وا بووبێ | کە وا نەبووبێ | |
| کە وا بووبێت | کە وا نەبووبێت | |
| کە وا بووایە | کە وا نەبووایە | |
| کە وا ببوا یە | کە وا نەبوایە | |
| کە وا بوو بێتە | کە وا نەبووبێتە | |
| کە وا بووبێتانێ | کە وا نەبووبێتانێ | |

| | |
|---|---|
| کە وام | کە وا نیم |
| کە واین | کە وا نین |
| کە وای | کە وا نی |
| کە وایت | کە وا نیت |
| کە وان | کە وا نین |
| کە وایە | کە وانییە |
| کە وان | کە وا نین |

| | |
|---|---|
| کە وا بووم | کە وا نەبووم |
| کە وا بووین | کە وا نەبووین |

| | |
|---|---|
| کە وا بووی | کە وا نەبووی |
| کە وا بوویت | کە وا نەبوویت |
| کە وا بوون | کە وا نەبوون |
| کە وا بوو | کە وا نەبوو |
| کە وا بوون | کە وا نەبوون |
| کە وا بم | کە وا نەبم |
| کە وا بین | کە وا نەبین |
| کە وا بی | کە وا نەبی |
| کە وا بیت | کە وا نەبیت |
| کە وا بن | کە وا نەبن |
| کە وا بێ | کە وا نەبێ |
| کە وا بێت | کە وا نەبێت |
| کە وا بن | کە وا نەبن |
| کە وا ببم | کە وا نەبم |
| کە وا ببین | کە وا بین |
| کە وا ببی | کە وا نەبی |
| کە وا ببیت | کە وا نەبیت |
| کە وا ببن | کە وا نەبین |
| کە وا ببێ | کە وا نەبێ |
| کە وا ببێت | کە وا نەبێت |
| کە وا ببن | کە وا نەبن |

| | |
|---|---|
| کە وا دەبم | کە وا نابم |
| کە وا دەبین | کە وا نابین |
| کە وا دەبی | کە وانابی |
| کە وادەبیت | کە وانابیت |
| کە وادەبن | کە وانابن |

| | |
|---|---|
| کە وادەبێ | کە وا نابێ |
| کە وا دەبێت | کە وا نابێت |
| کە وادەبن | کە وانابن |
| کە وابووبێتم | کە وا نەبووبێتم؟ |
| کە وابووبین | کە وا نەبووبێتین |
| کە وا بووبی | کە وا نەبووبی، |
| کە وا بووبیت | کەوا نەبووبیت |
| کە وا بووبن | کە وا نەوبووبن |
| کە وا بووبێ | کە وا نەبووبێ |
| کە وا بووبێت | کە وا نەبوبێت |
| کە وا بووبن | کە وا نەبووبن |
| کە وا بوومایە | کە وا نەبوومایە |
| کە وا بووینایە | کە وا نەبووینایە |
| کە وا بوویتایە | کە وا نەبوویتایە، |
| کە وا بوونایە | کە وا نەبوونایە |
| کە وا بووایە | کە وا نەبووایە، |
| کە وا بوونایە | کە وا نەبوونایە |

دەبا پەیوەندییەکی کورت بە دووکردارای تێپەڕو تێنەپەڕەوە بکەین و ئەو ڕێسا گشتگیرە بێسنوورە بەسەر هەریەکەیاندا گەردان و شیبکەینەوە بۆ:
(کرداری رابوردوو، رانەبوردوو، داخوازی و پێویستی. بۆتاك و کۆ. بۆ گشت کەسەکانی یەکەمکەس و دووم و سێیە م. بۆ ئەرێ و نەرێ.
وەك وشەیەك بەتەنها. لەناو دەستەواژەدا. لەناو رستەدا بە هەموو جۆرەکانەوە و بەبێ تەواوکەر، دوایی با تەواوکەری جۆراو جۆریان لەگەڵدابێت. .هتد ) ئەوسا فراوانی و کۆتانەهاتوویی هەژماری سامانی زمانەکەمان بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تردا ئاسان و ئازا دەردەکەوێت و دەسەلمێت و دەتوانین لەگەڵ تەرازووی تیۆریو بیردۆزی زاناکانی وەك سۆسۆر، چۆمسکی و دەیانی تریش هاوسەنگییان پێبکەین.

دەتوانین بۆ ئەو مەبەستە هەرجووتە کردارێکی تێپەڕو تینەپەر، کرداری تەواو و ناتەواو وەربگرین و بەجیا گەردانیان بکەین و دوایش لەگەڵ (وا - وەها — کەوا— کە وەها — ئەگەر — ئەگەروا — ئەگەروەها — کە ئەگەر —کە ئەگەروا — کەئەگەر وەها— مەگەر— مەگەروا— مەگەر وەها کە مەگەر- کە مەگەروا-کە مەگەر وەها..هتد )

ئێمە لە پەیڤی (وا) لەگەڵێدا (وەها)، دوایی (کە وا) و (کە وەها) بۆ هەریەکەیان بە لێوردبوونەوە و بیرلێکردنەوەی خۆم هەریەکەیان (٢٩٦) دانەگەردانی پەیڤی شیکاریم لێ کاکڵە و هەڵبژێرم لێ دیاری کردووە هەتا بتوانم پەیوەندییەکی راستەوخۆ بە بیردۆزی و تیورییەکانەوە بکەم و ئەوەی پێ بسەلمێنم کە زمانی کوردی زیندووە و گشت مەرجە زانستییە زمانییەکانی وەك هەموو زمانە پێشکەوتووەکان تایبەتمەندیی بنەما رەسەنەکانی خۆی بە چەسپیوی سەلماندووە.

ئێستە هەندێك چەمکی تیۆریی چۆمسکی زانای بەهەڵوێست وەردەگرم، بە شێوازی شیکاریی پەیڤ و پێکهاتە، بەراوورد بەو نموونانە و وێنای تر، هەوڵدەدەم بیرۆکەی بۆچونەکانی چۆمسکی بەهۆی پەیڤ و داڕشتە کوردییەکان بسەلمێنم.

چۆمسکی دە لێت: [١]

"ئاستی زمانیی" بیری بنچینەییە لەتیۆری زماندا. ئەوانەشیان ئاستی یەکەی دەنگییە (فۆنمکس)، یان ئاستی گەردانکرنی (مۆرفۆلۆجی)، یان پیکهاتەیی دەستەواژەیە کە هەرکامیان بێت کومەلێك ریشەی هۆکاری ئامادەو بەدەستەوەن بۆ پێناسەی پێکهاتەیی یاسای رێزمان.

ئەمەش خۆی رێبازێکی دیاریکراوە لە دەربڕینی گوتراوەکاندا.

بۆ نموونە:

(١) لە چاوگی (هاتن) کرداری (هات) ی تێنەپەڕ

(٢) لە چاووگی (خواردن) کرداری (خوارد)ی تێپە ر وەردەگرین و بەو شێوازەی پێشەوە گەردانیان دەکەین. ئەوسا دەردەکەوێت چۆن، چەندو چی لێدەکەوێتەوە.

<u>دووەم</u>

---

[١] ل (١٣) البنى **النحوية** –چۆمسکی- ١٩٨٧.

(١) ئەگەر — ئەگەر وا — ئەگەر ئاوا

(٢) ئەگەر — ئەگەر وەها— ئەگەر ئاوەها

(٣) کەئەگەر — کەئەگەر وا — کەئەگەر ئاوا

(٤) کەوەها — کەئەگەر وەها — کەئەگەر ئاوەها

(٥) مەگەر — مەگەر وا — مەگەر ئاوا

(٦) مەگەر — مەگەر وەها — مەگەر ئاوەها

(٧) کەمەگەر — کەمەگەر وەها — کەمەگەر ئاوەها

دەبێت ئەوە بزانین ئەمانەش بە هەموویان

(ئەگەر - کەئەگەر — کەوەها - مەگەر — ئەگەر وەها— کەئەگەر وا — کەئەگەر وەها - مەگەروا — مەگەر وەها ...هتد) و هەمووشیان لەگەڵ (ئا) و (حەڤدەکەیان) دەتوانین بکەینەوە و هەر یەکەش بە جیا (بە نزیکەی چوارهەزار) پێکهاتەی نوێ و یەکەی (ئاستی تایبەتی زمانی) کەلە پێشدا دوو دەنگ و دوو پارچەی دەنگین و لەپێکهاتنە بێسنوورییە گەشەکردووەکانیاندا واتا، پێکهاتن و ئەرکی ڕێزمانی تایبەتی خۆیان بگەیەنن و والاو شرۆڤە بکەین، پەیڤ و دەربرینی تایبەتی و گشتییان لێدروستببێت.

١- لە (وا) وە بۆ (وەها) و بۆ هەریەك لەو (زۆرینە) پێکهاتە دروستبووەی نموونەی (یەکەم).

٢- هەروەها بۆ ئەو (١٧) پێکهاتە نوێیەی دووەم کەدەتوانین هەریەکەیان دیسان (١٧) دانە گەردانەی (هێندەیی)ی تریان وەك ئەو جۆرە پێکهاتانەی بۆ (وا— وەها) لێهێنایەکایەی دروستبووی نوێی زمانی، کە هەموویان دەگەنە (هەژماری ئاستێکی باڵا)ی زمانی ترو بە هەر یازدەکە دەگەنە ئاستێکی فرە پتر لەوەش.

٣- ئەگەر کۆی پێکهاتەکان بۆ (تەنها دەنگە پێکهێنەرەکانیان وەك دەنگی (فۆنێمی) جیا ژمێر بکەین. ئایا چەند دانەی دەنگیی (دوای شیتەڵکردنی) هەریەکەیان و کۆکردنەوەیان وەك ژمارەی رووتی دەنگ بە جیا دەگەنە چ ژمارەیەك و هەمووشی دەزانین وەك ژماردنی تووکی سەر دەردەچێت کە کۆنی دێرین لە گرەوی فۆلکلۆریدا دەگوترا (ئەگەر باوەڕناکەیت فەرموو بیژمێرە).

٤- چۆمسکی بێجگە لە یەکەو دانەی دەنگیی لە (عبارە) دەستەواژەش دەدوێت کە هەر دەستەواژەیەکی پێکهاتوو دروستبووی نوێ لە هەریەکەیەکی ئەو (پێکهاتانە) لە

چەندین دانەی دەنگی (فۆنێمی نوێ) دروستدەبنەوە ئەوسا ژمارەکەی وەك داوای ژماردنی (تووکی گایەك) یان ئەستێرە جوان و بریسکاوەکانی شەوی لێدێت بە ئاسمانی بڵندو بەرینی ساوێن بەو سەرەوە و ئەگەر ژمارەکەیان نەزانی دەڵێین (دەفەرموو بیژمێرە؟).

٥- ئێمە ئێستە وەك نموونەی روونکەرەوە (تەنها) هەر ئەو (دە) داڕشتە پەیڤەی بەشی دووەمی شیکارییەکەمان وەك (یەکەی جیای یەکگرتەی دەنگی) بۆ دەنگەکانیان جیا دەکەینەوە:

١- ئەگەر = (ئە + گەر) = (ئـ + ە) + (گ + ە + ر) = (ە) دەنگ

٢- کەئەگەر = (کە + ئە + گەر) = (ك+ە) + (ئـ+ە) + (گ +ە +ر) = (٧) دەنگ

٣- کەوەها = (کە + وە + ها) = (٦) دەنگ

٤- مەگەر = (مە + گەر) = (٥) دەنگ

٥- ئەگەر وا = (ئە + گەر+ وا) = (٧) دەنگ

٦- ئەگەر وەها = (ئە + گەر + وەها) = (٩) دەنگ

٧- کەئەگەروا = (کە + ئە + گەر+ وا ) = (٩) دەنگ

٨- کەئەگەر وەها = (کە + ئە +گەر + وە + ها) = (١١) دەنگ

٩- مەگەر وا = (مە + گەر + وا) = (٧) دەنگ

١٠- مەگەر وەها = (مە + گەر + وە + ها) = (٩) دەنگ

دەنگی ئەم دە پەیڤە دەکاتە (٧٥) دەنگ بە شێوەی یەکەی یەکگرتووی سەراپای بڕگەکانیان.

جائەگەر بمانەوێت (هەریەکەیەکی) ئەم دە داڕشتەیە بە جیا پێکهاتەی وەك شیکاری بەشی یەکەمیان هەر بەو شێوەو شێوازە بکەینە دروستەی پێکهاتەی تری نوێی وەك ئەوان، ئەوسا دەبێت پێکهاتەی داڕشتە پەیڤەکان لەپێشدا بژمێرین و وەك سەرەوە بڕگەکانیان جیابکەینەوە، دواییش بە گشت یەکە دەنگییە کۆکراوەکان ژمارەکە دەربهێنین.

١١- دیارە بەدوای ئەوانەشدا کاتێك دێینەسەرهەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەستەواژە بۆ ئەو (هەژمارە) یە داڕشتە پەیڤەی تۆمارمان کردووە، ژماردنی دەنگ (فۆنێم)

بۆمان دەبێتەوە بە ژماردنەکەی تووکی سەرو ئەستێرەکان لەشەوێکی ئاسمانی ساوێندا.

چۆمسکی دەڵێت: [1]

"ئەگەر وەك گریمانەیەك کۆمەڵەی رستەکانی زمانی ئینگلیزیمان پێشەکی دیاریکرد، ئەم کۆمەڵەیە بە چ هۆکارێك پێکدەهێنێت و (ئەو تیورییەش کامەیە پێکهاتەی گوتراوەکانی ئەم کۆمەڵەیەمان بۆلێکبداتەوە) دەتوانین هەر رستەیەکی ئەم کۆمەڵەیە بە فۆنیمی لەدوای یەك زمان ریتمێکی زۆر بەیەکاچووە. ئاشکرایە هەر هەواڵێکی راستەوخۆ بۆ پێشکەشی کۆمەڵە لەدوایەکهاتووەکانی فۆنیمەکان لەبواری رێزمانییاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی رێسای گەلێك ئاڵۆزی وەها کەسوودیان لێنابینرێت. لەبەرئەمەو هیتریش پێناسی زمانی لەبریتی لێدووان لەو پێکهاتە فۆنیمییەی راستەوخۆی رستەکان، (ئاستی بەرزتر) ی وەك (مۆرفیم) وەردەگرین و وێنای رستەکانی پێدەنوێنین، دواییش پێکهاتەیی (مۆرفیم) بۆ (فۆنیم)ە کان بە ئاسانی ورددەکەینەوە. ئەوەش دەبێتە پێناسێکی ئاسانتری هەردووکیان. "

ئێستا ئەگەر بۆ برگەی ژمارە (٥)مان بگەرێینەوە، بەراوردێکی رێژەیی لەو نموونانە وەربگرین، ئاسانترییەکەی ئەو دووشێوازە جیایەمان بۆ دەردەکەوێت:
دارشتەکان (١٠) پەیڤن.
ئەو پەیڤانە لە (٣٢) برگە پێکدێن.
بەلام فۆنیمە (پیتە دەنگییەکان) یان (٧٥) دانەن. واتە دوو جارو نیو پترن.

جگە لەوەش دابەشی یەکە زمانییەکان لەرستەیەکی (سادە، لێکدراو یان ئاڵۆز)ە وە بۆ (وشە) وەك یەکەی تایبەت و جیاو پرواتا و دەستەواژەی نیواونیو لەگەیاندنی واتاداری پراوپرەوە، دواییش کەرتکردن و جیاکردنێکی رێکخراو بە هاوکێشەی یاسادار بۆ ئەو یەکە بچوکترانەی ناومانناوون "برگە" و لەکوردیدا جیاکردنەوەیان بۆ تەنها دوو جۆر لەبارەو بواری:

١- بزوێن و نەبزوێنە.

[1] ل (٢٥) هەمان سەرچاوە.

٢- ژمارەی پیتە (فۆنێم)ە پێکهێنەرەکانی برگە بە دوو یان سێ دانە.
٣- بەخشینی واتا لەلایەن هەندێکیانەوە و نەبوونی واتایەکی زانراو، ئاشکراو دیار لەهەندێکی تریاندا (کە ئەم سێ ئاماژەیە لەشوێنی خۆیاندا بەتەواوی راڤەیاندەکەین. .)

چۆمسکی دەڵێت:[1]

"ئەگەر زمان بواری رادەداری هەبێت و پشت بە یەك ئاست ببەستێ ئەوسا بەڕاستی دەتوانین بە دامەزراندنی ئاستی بەرزتر، وەسفکردنی ئاسانتر بکەین. بەڵام ئەگەر ویستمان زمانێك بهێنینەکایە کە وەکو زمانی ئینگلیزی کە بواری بێسنوور بێت، پێویستمان بە شێوازی بنەڕەتی جیاواز دەبێت، هەروەها بەتێگەیشتنی فراوانتر هەیە بەرامبەر ئاستی زمانی. "

١- بە باوەڕی من زمان خۆی دامەزراوی تایبەتی خۆی لەناو کرۆکی بونیادی خۆیدا هەیە نەك بۆی دروستبکرێت (مەگەر ئەوە هەڵەبێت لەوەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی بۆ عەرەبی).
٢- هەروەها وەسفکردنی زمان بە دەرەکی و بە گوتن و پیاهەڵدانی کەسێك یان زمانەوانێك نابێت پێکبهێنرێت و برازێتەوە، بەڵکو بە رێگەی شیکاری (لێوەرگرتن و لێدەرهێنان) لەناخ و ناوەڕۆکی وردە پێکهاتەکان دەگەیتە ئەنجامی ئاستی بەرز یان نزم، بوون و رێکەوتنی مەبەست و واتا هاوسەنگ و گونجاو لەگەڵ رەختەیی هاوکێشەیی رێکوپێکی پێکهاتە کورت یان درێژەکانی داڕشتەیی ئەو پەیڤانە. کەس ئەوانە بۆ زمان دروستناکات، ئەوانە دەبێت خۆیان لەزمانەکەدا هەبن و دوای توێژینەوە و لێووردبوونەوە ئێمە بیاندۆزینەوە، تێیان بگەین و بە راڤەوە جیایان بکەینەوە و پۆلبکرێن.
٣- زمان ناهێنرێتە کایەوە، خۆی دەبێت هەبێت. بێسنووری زمان لە درێژەی پێکهێنەرە بنەرەتییەکانیدایە و لەوێشەوە رەچاو دەکرێت. باکوردێکی پسپۆڕ لە زمانی ئینگلیزیدا بێت و بەراوردی ئەو تەنها نموونە پێکهاتەیەی من لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا بکات کەزمانێکی سەرکەوتوو، بڵاو، فراوان و بێسنوور پەلهاویشتووە

---

[1] ل (٣٢) هەمان سەرچاوە..

لەجیهاندا بۆ ئەوەی (هێز، پێز، سنوور بلاوی و ساماندای زمانی بۆ دەربکەوێت) و ئەو جۆرە تیۆری و بیردۆزانەی بەلایەنی زمانی کوردییەوە پێبسەلمێت.

لەپەراوێزی لاپەڕە (٣٣)ی سەرچاوەکەدا گوتراوە "دژواری زۆر لەبارەی وەسفکردنی ئالۆزو نەبوونی یان کزی تواناداری لێکدانەوە دەبنە رێگر بەرامبەر بیرۆکەی ئاستی زمانیی"

بەباوەڕی من زمانی کوردی لە پێکهاتە گەردانی لێکەوتە دروستبووە نوێیەکانەوە ئاستی سەلماندنی تواناداری خۆی سەلماندووە و بێ سنوور لە گەشەو پەرەدابووە، بۆ نموونە با لە جووت وشەی (ئەگەر) و (مەگەر) کەمێك بدوێین

١- ئەگەر: وشەی مەرجە. گریمانەی تێدایەو نیازو داوایەك جێبەجێ نەبووە. لە هەندێك دەربڕیندا سەرسامی تێدایە. لەهی تردا خۆزگە، هەڕەشەو گەلێکی تر...

مەرج: - ئەگەر پارەی تەواوم نەدەیتێ، کارەکەت زوو بۆ تەواو ناکەم.
- ئەگەر تۆ نەچی، منیش ناچم.

خۆزگە: لێرەدا ئەوەتە هیواخوازی کیژێکی ئەویندار ئەیەوێ جێگەی خەوی شەوی خۆشەویستەکەی بزانێت مەمکۆڵەکانی خۆی وەك دیاری ئەویندارێ پێشکەش بکات:

[ ئەگەر دەمزانی شەو جێگات کامە دەمنایە باخەڵ جووتێ شەمامە] فۆلکلۆر.

هەڕەشەو پرس:

" ئەگەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردوون
ئەزان پرسەم کی ئین چوونەست و ئان چوون
یەکێرا دادەئی سەد ناز و نیعمەت
یەکێرا قورس جۆ ئالۆودە دەرخوون" بابە تاهیر

ئەگەر چی: بەواتەی هەرچەندە. واتە بۆ مەبەستی پاساو دانەوە بەکارهێنراوە.

ئەگەرکو: ئەگەرە کو: بەواتەی وادانان و گریمان.

ئەگەر نا، ئەگینا، دەنا، بۆ رەتکردنەوە و پەرچ.

ئەگین: هەروەها.

ئەگینێ: بۆ هۆی رەتکردنەوە و جێبە جێنەکردن.

ئەوانەی سەرەوە بۆ مەبەست و گەیاندنی نیازو خواستی جیاواز لە دەربڕینە ژیانییەکاندا بەکاردێت. جۆرێکیان بە ئەرێ و جێبەجێبوون تەواو دەبێت، بەڵام هەندێکیش هەرگیز جێبەجێ نابێت، وەك:

(ئەگەر خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵبهاتایە من باڵم دەگرت. )

مەگەر:

مەگەر: بۆ مەبەستی دەربڕینی بڕیار: (مەگەر بمرم دەنا هەر دەبێت دەربچم)

مەگەر: وەك وشەو ئامرازی پرس: (مەگەر تۆ نەتزانیوە؟ )

مەگەر بۆ دەربڕینی ئارەزوو هیواخوازی: (مەگەر هەرخۆم بزانم چەندم خۆشدەوێت)

مەگەر وەك هەڕەشە: (مەگەر دەستم نەگاتە دەستی، دەنا هەر خۆم دەزانم چیپێدەکەم )

(مەگەر دەمم هەر نەیگاتێ) و... هتد

بێگومان بەم چەند نموونە ساکارانەی ئەم وشانە توانایی و هێزو پێزی ئاستی گەیاندن و پێکهاتن لە زمانی کوردیدا روون و ئاشکرا دەردەکەوون.

خۆ ئەگەر پێکهاتەیی هەر تەنها ئەو پەیڤانە بۆ (کەسە جیاوازەکان، دەمەو کات و شوێن، رابوردوو ئێستە و دوایی، بەتاك و بەکۆ و لەگەڵ تێپەڕ و تێنەپەڕ و ئەرێ و نەرێدا یەکبخەین، لایەنی پێکهاتەیی و واتادارییان بە تایبەتی و بەگشتی راڤە و شیبکەینەوە، ئەوسا دیسانەوە پەیوەند بەبوارە زمانی و رێزمانییەکانەوە ئاستی پتەوو بڵندی زمانەکەمانی پێدەسەلمێتەوە.

جۆمسکی[1] لە لێدوان لەزمان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رێزمانی و بایەخ بەشیکردنەوە (بۆ پێکهێنەرەکان) دەدات و بەتایبەتی پێکهێنەرە راستەوخۆکان:

١- لە خوارەوە دەربڕەیەك بۆ پێکهێنەرە راستەوخۆکان بۆ نموونە شیدەکەمەوە.

• دانیشتن: چاوگێکی (تایی)یە.کەگوتمان چاووگەکە کەواتە رەوشتێکی رێزمانیمان دایە کە بۆ نموونە کردار نییە. (دانیشتن ماڵوێرانی لە دوایە).

• (ن) ی چاووگی لێدەکەینەوە دەمێنێتەوە (دانیشت) بەواتەی ئەو (کردایکی بەجێهێناوە).

[1] ل (٣٧)ی هەمان سەرچاوە.

• ئەگەر (دا) ی پێشگری لێبکەینەوە (نیشت) ی لێدەمێنێتەوە کەهەردوو (دانیشت) و (نیشت) دوو کرداری جیا یان دروستکرد کە هەردووکیان رەوشی رێزمانی وەك یەکیان هەیە بەڵام بەواتای جیا.

• ئەگەر یەکەمجار لە(ب)دا لەجیاتی لێکردنەوەی (ن)ی چاووگ (دا)ی پێشگرمانلێبکردایەوە (نیشتن) لە (دانیشتن) دەمایەوە. کەواتە لەمەش دوو (چاووگ) دروستبوون، ئەم دوو چاووگە هەردووکیان دوو چاووگی (تا) یین، بەڵام مەبەستیان جیاوازە. کەواتە (نیشت، نیشتن، دانیشت) پێکهێنەری (دانیشتن) ن کەچی بەجۆرێکی تر (دانیشتن، نیشت، دانیشت) ئەنجامی پێکهێنراوی نوێن لە (نیشتن) بەخستنەسەر و لێفڕێدان.

هەر ئەمەش چۆمسکی لەلاپەڕە چلدا پێیدەڵێت:

"لەوانەیە یاسای رێزمانی هەندێ جار رێ بدات بە لێوەرگرتن و لێدروستکردن، لە یەك دارشتە رستە دەرهاتەی ناهاوتای لێبکەوێتەوە."

ئێستە بە یاسایەکی تر دەگەڕێینەوە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانیان، بەدەر لە بواری رێزمان و لەسەر بنەمای بەشێوە و هاوکێشەی بڕگە دەنگییە فۆنێمییەکان و پێکهاتنیان لەسەر رێبازی (بزوێن و نەبزوێن)، وەك:

دانیشتن: (دا+نیش+تن) = (د + ا) + (ن + ی + ش) + (ت + بزرۆك + ن)

(نەبزوێن + بزوێن) + (نە + ب + نە) + (نە + بزۆك + نە)

نیشتن: (ن + ی + ش) + (ت + بزرۆك + ن)

(نەبزوێن + بزوێن + نە) + (نەبزوێن + بزرۆك + نەبزوێن).

مەبەستی تایبەتی دانیشتن روونە لەسەر زەوی، کورسی یان هەرجێگە و شوێنێك.

بەڵام، نیشتن بە چەند واتایەك لە بەکارهێنانیدا دێت و واتاو مەبەستی تریشی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە وەك:

"خڵتەی ناو ئاوەکە نیشت" واتە کەوتە بنی دەفرەکە. "

"خوێگیراوەکە بەهەڵمبوونی ئاوە گەرمکراوەکە نیشت."

چاووگی نیشتن پەیڤی واتاداری تری لێدەکەوێتەوە: وەك [ نیشتەنی — نیشتەجێ — نیشاندن — نشین — نیشنگ — نیشتاو — نشینگە — نیشاندن - نیشتوو. .. ] یان: (جێنشین — سەرنشین -... هتد)

چۆمسکی لەوەدا زۆر چاك بۆیچووە کە دەڵێت: [١]

"بۆ ئەوەی یاساو ڕێسای ڕێزمان (گرامەر) تەواو بکەین لەسەرمان پێویستە پێکهاتەی فۆنێمی مۆرفیمەکان دەربخەین (وەك یەکەی گەردانکراو هەتاوەکو باری ڕێزمانی دەنگە (فۆنێمە)کانی زمان دەربکەوێت."

بیرۆکەی ئەم بۆچوونە لەگەڵ هاوکێشەی بڕگەدا بەتەواوی دەگونجێت و ڕێکدەکەوێت کە من لە شەستەکانەوە و بەتایبەتی لە حەفتاکانەوە هێناومەتەکایە، [٢] وەك:

نیشتەنی = (نیش + تە + نی) = (ن + ی + ش) + (ت + ە) + (ن + ی).

نیشتەجێ = (نیش + تە + جێ) = (ن + ی + ش) + (ت + ە) + (ج + ێ).

نیشاندن = (ن + ی) + (ش + ا +ن) + (د + بزرۆك + ن).

نشین = (ن. .) + (شین) = (ن + بزرۆك) + (ش + ی + ن).

نیشتگ = (ن + ی + ش) + (ت + بزرۆك + گ).

نیشتاو = (ن + ی + ش) + (ت + ا + و).

نیشتوو = (نیش) + (توو) = (ن + ی +ش) + (ت + وو).

دیارە لە راڤەی تەواوی بونیادی بڕگەدا لە شوێنی تایبەتی خۆیدا لە جۆر، پێکهاتەی بڕگە و ژمارە و جیایی دەنگەکان بۆ بزوێن و نەبزوێن و گشت لایەنە پێویستییەکانی پێکهاتەی (بڕگە، وشە، دەستەواژەو رستە.) ڕووندەکەینەوە.

چۆمسکی لەلاپەرە (٤٥) دا دەڵێت:

"ئەو ڕەگەزانەی لە ڕێزماندا دەردەکەون، دەتوانرێت بۆ کۆمەڵێك ئاستی ڕادەدار جیا بکرێنەوە، وەك (فۆنێمەکان و مۆرفیمەکان، مۆرفۆنیم و مۆرفۆفۆنیم) کە هەریەکەیان یەکەمین و وەك دەزوولەیەکی پێبەستن بە ڕستەوە، کە بۆ ئاستی بەرزتری یاسای دەستەواژە بەرزدەبنەوە و یان بۆ ئاستی نزمتری گۆڕینی دەزوولەی مۆرفیم بۆ دەزوولە فۆنێمیەکان".

---

[١] ل (٤٥) هەمان سەرچاوە.

[٢] أ- مەلزەمە چاپکراوەکانی خولی زمانی کوردی بۆ مامۆستایان بۆ (سەرەتایی و ئامادەیی) — پەروەردەی سلیمانی —

ب - بڕگە لە زمانی کوریدا — گۆڤاری ڕامان — ژمارە (١١) لاپەڕە (٧٢ — ٧٤ ) — ١٩٩٧.

من کردە زمانییەکە بۆ دووکردەی زمانی و ڕێزمانی دەگێڕمەوە، وەك بڵێیت لە گشتەوە شیتەڵکردنی بۆ بەشی گەورە، بۆ بەشی بچووك هەتا دێینە خوارەوە بۆ بچوکترینی پێکهێنەرە زمانییەکان کە پیتە دەنگییەکانە بە بزوێن و نەبزوێنەوە.
کە ئەمە بە نزمبوونەوە و هاتنەخوارەوە دادەنرێت، لە باڵاترین ئاستی پێکهاتە و دارِشتەی زمانییەوە بۆ بچووکترین و ساکارترین دانەی پێکهێنەر، کە بە (ڕێگەی شیتەڵکردن) دەناسرێ، یان کردەی پێچەوانەی ئەوە، پێیدەڵێین (ڕێگەی لێکدان) واتە لێکدانی دانە بۆ یەکەو یەکەی برِگە بۆ وشەو بۆ دەستەواژە، دەستەواژە بۆ رستەی مەبەست و واتا پڕاوپڕو تەواوو بۆ پارچەی فراوانترو باڵاتر.

ئەم دوو ڕێگەیە دوو شێوازی جیان لە بواری ڕێگەی فێرکاری و زمانییەکانی زانستی و زمان و ڕێزماندا کە یەکەمیان بە ڕێگەی (لە گشتەوە بۆ بەش) و دووەمیشیان بە ڕێگەی (لە بەشەوە بۆ گشت) ناسراون. بێجگە لە زانستی ڕێگە فێرکاریەکانی تری وەك ڕێگەی (لێدەرهێنان، لێوەرگرتن، گوتنەوەی راستەوخۆ، پرۆژە گرووپی هاریکارو...هتد) ئەم ڕێگە جیاوازو هاوشێوانە لەلایەنی ترەوە گشتیان هاوکارو هاوتای یەکترن بۆ گەیاندن و ئاسانکردنی روونکردنەوەو یەکالاکردنەوەی تێگەییوەی ئەو زانیارییە زمانییانە کە گەیشتووەتە داهێنانی زانستی زمان بە شێوەی (ڕێگەی تێکەڵکردنی دوو ڕێگە یان پتر) پەیدابێت و ناوبنرێت (ڕێگەی تێکەڵکردنی ڕێگەکان) بە شێوازێکی تری لێکۆڵینەوە و گوتنەوەی ڕێگەیەك بڵێن ڕێگەی (شیکردنەوە و لێکدان، لێکدان و شیکردنەوە). با ئەوەش بڵێین لەلای تر (شیتەڵکردن) لە بریتی (شیکردنەوە) بەکارهێنراوە و هەر دووکیشیان هاومەبەستن و هەموویان ڕێبازی بەسوودی زمانین. کە دێینە سەر ڕێگە فێرکارییەکان، دەبێت ئەوە بزانین بەلایەنی زانستی و زمانەوە ئەوانە هەموویان هۆکارن بۆ ئاسانکردنی کۆڵینەوە لە وردە کارییەکانی پێکهاتەی زمان.
دەرخەرو ئاسانکەرن بۆسەلماندنی ڕێبازەکانی، ئایدیاو تیۆرییەکان و هەمووشیان دەبنە کرۆکی رۆشنایی لەگەشەو پەرەپێسەندنی زمانەکەمان. بۆ کردەی پەروەردەو فێرکردن و تێگەیاندنی قوتابی و خوێندکاران پێویست و یارمەتدەرن.

ئەوەتە زاناکانی زمان هەریەکە ڕێگەیەکی تایبەتییان بە خۆیان گرتووە، ئەوەش بووە بە هۆکاری گەشەکردووی بەسەرکردنەوەو ئاشکراکردنی لایەنە جۆربەجۆرە شاردراوەکانی ئەو زمانە. ئەوانە لەوکاتەی لەگەڵ یەك جیاوازن، لەو لایەی ترەوە هاوکاری

توێژینەوەی قووڵ و بەرفراوانن بۆ پێشکەوتنی نوێبوونەوەی زانیارییەکان و هێنانە کایەی بەرفراوانی مەودای داهێنانی تر بەپێی پێداویستییەکانی سەردەم و مرۆڤی هاوچەرخ.

لەخوارەوە دوو نموونە پێکهاتە و دارِشتەی زمانی پێشکەشدەکەم کە پابەندن بە هەردوو کردەی (لێکدان و شیتەڵکردنەوە) وەك دووکردەی پێچەوانەی یەکتری لە سووك و ئاسانەوە بۆ گران و ئاڵۆز یان بەپێچەوانەوە لە گرانترین شێوەی دارِشتە رستەکەوە بۆ ساکارترین شێوەی ئەو پێکهاتەیە.

یەکەم: (نازە سەرکەوت.)

دووەم: (نازە جوانی ئازاو زرنگی خوشکەزام ئەم بەیانییە هەر زوو لەکارەکەیدا سەرکەوت).

دەتوانین بەخستنە سەرو لێکدانی وشە بە وشە رستەی کورت، ساکارو سادەی (نازە سەرکەوت) بکەینە رستەی مەبەستدار، تێکەڵ، گرانترو درێژتری دووەم.

نازەی ئازاو زرنگی خوشکەزام — (جوان) لابرا

نازەی زرنگی خوشکەزام — (ئازا) و (و) لابران

نازەی خوشکەزام — (زرنگ) و (ی) لابران

نازەی خوشکم — (ە) و (زا) لابران

نازەم — (ی) و (خوشك) لابران

نازە — (م) لابرا.

ئێستە رستەکە بەم جۆرەی لێدێت: [ نازە ئەم بەیانییە هەر زوو لە کارەکەیدا سەرکەوت. ]

ئێستە هەر بەم شێوەیە پێکهاتەیی درێژ، واتدار و چڕی باڵی دووەمی رستەکە بۆ ئاسان و ساکارترین شێوە شیدەکەینەوە لا دەبەین:

[نازە بەیانی هەر زوو لە کارەکەیدا سەرکەوت. ] (ئەم — ییە) لابران.

[نازە بەیانی زوو لەکارەکەیدا سەرکەوت. ] (هەر) لابرا .

[نازە بەیانی لەکارەکەیدا سەرکەوت.] (زوو) لابرا .

[نازە لەکارەکەیدا سەرکەوت. ] (بەیانی) لابرا.

[نازە کارەکەی سەرکەوت. ] (لە — یدا) لابرا.

یان [ کارەکەی نازە سەرکەوت. ]

[نازه سەرکەوت. ] (کارەکە ) و (ی) لابران. خۆ ئەگەر وەڵامی پرسیاری (کێ سەر کەوت؟ ) بدەینەوە، بەکورتە وەڵامێك دەتوانین بڵێین: (نازە).

سەرنج:

١- کاری لابردن یان خستنە سەر (واتە هەردوو ڕێگەی (لێکدان و شیتەڵ) دەتوانرێت بەو ریزە نەبێت و هەرکەسە بەشێوازی خۆی دەتوانێت ئەنجامی بدات.

٢- ئاشکرایە کە هەر پێکهاتەیەك لەوانە جیاوازی زۆر یان کەم لە مەبەستەکانیاندا هەیە و ڕوودەدات.

٣- هەر یەکە پێکهاتەیەك بەپێی خۆی جیاوازی ئەرکی ڕێزمانی بەراورد بەوانیتری تێدا هەیە.

ئەوەی ڕاڤەمانکرد لەگەڵ بیرۆکەی لە ئاسان دەستپێکردنەوە بۆگران، گرانتر و گرانترین پێکهاتەی زمانی، لەگەڵ بیردۆزێکی چۆمسکیدا دەگونجێت: [1]

"یەکە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ئەو نموونانەی هەمانن، هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی ناساندنی ڕستە"، چونکە ئەگەر لە ڕستەی نائاسانەوە دەستمان پێکردو ریزبەندییەك بۆ ڕێخستنی ڕێزمانی، بەوە تووشی گرێ و گرفتی گەورە دەبین. چەردەیەك چاکسازیمان دەستدەکەوێت.

بیرکردنەوە بەپێی بنەمای سەرەتایی ئایدیای تیۆرییەکانی چۆمسکی لەبارییاندایە بارو بواری زانستییەکانی زمانی کوردی پێدەربخەین، گرێی شاراوەی پێ ڕوون بکەینەوە.

چۆمسکی دەڵێت: [2]

"بە ژمارەیەك باری ناوخۆیی ڕادەدار دەتوانین ڕێسای ڕێزمان لە سەرەتا و کۆتاییدا بنوێنین و دەربخەین بەوەی ڕەگەزی ڕستە بەرهەمبێت و گەشە بۆ باری نوێتر بکرێت. لێکەوتەکان بناسرێن. لێکەوتە لەدوایەکەکان هەنگاوی دوای ئەوە بێنێتەکایە، دیارە بەم شێوەیە و شێوازی زۆری تر..."

---

[1] ل (٥١) ی هەمان سەرچاوە..

[2] ل (٥٤، ٥٥)ی هەمان سەرچاوە..

گەڕانەوە بۆ پارچەکردنی پێکهاتەکان ئاسۆی فراوانی نوێی جیاواز بۆ بارو بواری تێگەیشتنی ئاستی جۆربەجۆری لایەنی تری ڕێزمانی دەخاتە کایەی لێتوێژینەوەکانەوە. نموونە جۆربەجۆرەکان لەناو درێژەی پێکهێنەرەکاندا ئاشکرا دەکات.
لە ڕێگەی لێکدانیشدا دانە یەك لەدوای یەکەکان لە بواری ساکار و ئاسانی کورتبڕەوە بۆ درێژە پێکهاتووەکان بە جۆرێکی پێچەوانەوە زانستییە ڕێزمانییە تازە دروستبووەکان دەرگای تری پەیدابووی ڕێزمانی بەشێوەی بەرفراوانتر لێدەکەوێتەوە و بەرپێسای جیای ڕێزمانی دێنەکایە.

چۆمسکی دەڵێت: [1]
"بە ڕێگەی خرانە سەری ئاسان و بۆ شیکردنەوەیەکی فراوانی ساکار بۆ چەند رەگەزێکی بایەخداری گرامەر سوودمەند دەبێت." "بەو مەرجەی لە ژمارەیەك شیکاری ئاڵۆز کە لە ئاستی زمانییەوە بەرهەم دێن و هەریەکەش لە خۆیدا و بۆ خۆی ئاسانە."
ئەو زانیارییانە گشتیان و هەر یەکەشیان بە جۆرێك بەسەر شیکارییەکەی پێشەوەماندا جێبەجێدەبێت. بەگۆڕینێك یان چەند گۆڕینێك کرۆکی رستەمان بۆ دروستدەبێت و دەستدەکەوێت.
چۆمسکی دەڵێت: [2]
"ئەم گۆڕینانە بەرِیزکردنەوەی جیا یان بەخستنەسەر یان فرِێدانی مۆرفیمی دیاریکراو، ریزێك وشەمان دەستدەکەوێت. دوایی دەچینە بواری ڕێزمانی گەردانی دەنگییەوە بۆ دەنگەکانیان. "
ئێستە بەهەر دوو بارەکەیدا و (دەتوانین بە ڕێگەی لێکدان یان شیتەڵکردن) لەکورتترین یەکەی دانەی دنگییەوە یان لە درێژترین پێکهاتووی دواییە بە نموونەیەکی زۆر ئاسان و سانا ریزبەندی دروستبوونی پێکهاتەی نزیك لەیەکی شێوە و واتاداری بە مەبەستی جیاواز بێنینە کایەی زمانی و ڕێزمانییەوە کە لە کۆتایی ئەنجامدا گشتیان دەبنە بەرهەمهێنراوی

---

[1] ل (٥٩)ی هەمان سەرچاوە.

٢ل (٦٤)ی هەمان سەرچاوە..

سووك و ئاسان و لەلایەکی ترەوە بۆ پێکاندنی مەبەست و واتا و پێکهاتەی جیاواز، پشتبەستوو بەهاوکێشەی دروستەی بڕگەوە لە زمانی کوردیدا:

### یەکەم

ناز: کورتترین یەکەی دەنگییە، یەك بڕگەیە، مەبەستدارە، سێ دانە دەنگە، دوو نەبزوێن و بزوێنێك لە ناوەڕاستدا هاوکێشەکەی =(ن+ا+ ز).

پێنجەکەی تر: یەکەی دەنگیی درێژترن. هەریەکە دووبڕگەن. هەموویان مەبەستدارن. هەربڕگەیەك دوو دانە دەنگە. هەر بڕگەیەك لە نەبزوێنێك و بزوێنێك پێکهاتووە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناز | نازە | نازی | نازێ | نازو | نازۆ |

١-هاوکێشەکانیان: (نا + زە)، (نا + زی)، (نا + زێ)، (نا + زو)، (نا + زۆ).

٢-پێکهاتەیان لە یەکەم درێژترە.

٣-واتاو مەبەستی جیا و نوێیان بەبێ سنوور و رادەیەکی دیاریکراو پێکهێناوە.

٤-ئەم لێکەوتە واتادارانە زمانەکەمان ساماندار دەکەن، یەکەم سووکە، ئەوانیش ئاسایی و ئاشکران.

### دووەم

ئەمانیش لێکەوتەی یەکەی دەنگین. هەریەکە دوو بڕگەیین. هەموویان مەبەستداری تەواون. بەوە جیاوازن کە ئەم کۆمەڵە نوێیە دووەم بڕگەیان سێ دەنگن، بەڵام یەکەم بڕگەیان هەر دوو دەنگن. لەهەر بڕگەیەکدا بزوێنێکی تێدایە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| نازان | نازاو | نازین | نازیل | نازیو | نازار |

١-هاوکێشەکانیان لەبارەی پێکهاتنەوە جیان. بڕگەی یەکەمیان دوو دەنگن. بڕگەی دووەمیان سێ دەنگن.

٢-پێکهاتەیان فۆنێمێك لە یەکەم بەش درێژترە.

٣-واتاو مەبەستی نوێ و جیایان بەبێ بوونی سنوور یان رادەی دیاریکراو دروستکردووە.

٤-هەموویان لەدوای (ناز)ەوە لێکەوتەی دارِشتە زمانی گەردانکراوی نوێن و دەچنە خانەی ساماندارییەوە. هەموویان سووك و رەوانن.
هاوکێشەکانیان:
(نا + زان)، (نا + زاو)، (نا + زین)، (نا + زیل)، (نا + زیو)، (نا + زار).

سێیەم

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| نازناز | نازدار | نازناو | | | |
| نازبەز | نازپێو | نازکەر | نازکار | نازکێش | نازکەش |

١- ئەمانەش رەوشی واتایی، لێکەوتەیی و دروستبووی وەك پێکهاتەی نوێی تریان تێدایەو دەگرنە خۆ.
٢- وەك بەشی یەکەم و دووەمی پێشەوە هەموویان دوو برِگەن.
٣- بێسنوورو بەبێرِادەیی دانراو و داهێنراون، هاتوونەتەکایە.
٤- لەوە دا جیان کەهەموو یەکەم و دووەم برِگەکانی بەشی یەکەم و یەکەم برِگەی بەشی دووە می لە وەپێش، دوو دەنگن. بەلاّم هەموو برِگەکانی یەکەم و دووەمی بەشی سێیەم و دووەم برِگەی لەمەپێشی بەشی دووەم لێرەدا سێ دەنگن. واتە ئەمانە درێژترن و لەبارەی ژمارەی دەنگەوە ئەوان کورتترن.
٥- دەنگی (ز) لە بەشی یەکەم و دووەمدا لە برِگەی یەکەم بچرِاوون و چوونەتە برِگەی دووەمەوە، بەلاّم لەبەشی سێیەمدا پیتەدەنگی (ز) لەگەلّ یەکەم برِگەدان. ئەمەش (جێگۆرِکێیە).
٦- نموونەی پێکهاتەی برِگەکان هەموویان بەمجۆرەن:
(ناز + بەر)، (ناز + پێو)، (ناز + کەر)، (ناز + کار)، (ناز + کێش)، (ناز + کەش)

**چوارەم**

| جۆری یەکەم | جۆری دووەم | جۆری سێیەم | جۆری چوارەم |
|---|---|---|---|
| نازیلی | نازەنین | نازکێشان | نازکردن |
| نازیلە | نازو نووز | نازداریی | ناز پەروەر |
| نازیلێ | نازو باز | نازفرۆش | نازشێوی |
| ناز کاری | | ناز بەری | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نازەنین | نازیلی | نازیلە | نازیلێ | نازونووز | نازکێشان | نازکردن | ناز |
| نازپەروەر | نازداریی | نازفرۆش | ناز | نازشێویی | نازبەریی | نازکاریی | نازوباز |

١- ئەم کۆمەڵەیە هەموویان لە بارەی ژمارەی بڕگەوە یەکسانن.هەر یەکە لە سێ بڕگە پێکهاتوون.

٢- ژمارەی دەنگ لە بڕگەکاندا جیاوازە:

أ. یەکەم: سێ بڕگەی دوو دەنگن (نا + زی + لی).

ب. دووەم: یەکەم بڕگەو دووەم دوو دەنگن و سێیەم بڕگە سێ دەنگن (نا + زە + نین).

٣- لە یەکەم و دووەمدا (ز) لە یەکەم بڕگە جیا بووەتەوە بەڵام لە سێیەم و چوارەمدا (ز) جیانییە و لەگەڵیاندایە. (لەبواری جێگۆڕکێدا لەسەری دەدوێین).

٤- بەشی سێیەم بڕگەکانیان دوویی و سێ دەنگین بەڵام بەشی چوارەم هەر سێ بڕگەکانیان سێ دەنگن (دوو بڕگەی — کر — دن — بزرۆکیان تێدایە).

٥- هاوکێشەکان بەم جۆرەن: (ناز + کێ + شان)، (ناز + ك- ر + د-ن)، (ناز + پەر + وەر).

٦- هەریەکە لەو سیازدە لێکەوتە پێکهاتووە نوێیە هەموو رەوشەکانی واتا سازی، مەبەستیی، ساماندارییی و رێزمانی خۆیانیان هەیە و ئەوانەی پێشەوە ئاسانکاری لێکداوەی دواییینەکان هەر یەك بۆ ئەویتر ئاسان و ئاشکرا دەکەن.

**پێنجەم**

| | |
|---|---|
| نازو نیو ناز | ناز و نیمناز |

١- لەپەیڤێکی کورتی وەك (ناز) ەوە، لەسێ پیتە دەنگەوە بەخستنە سەر بوو بە دە پیتە دەنگ، پێکهاتە کە بووبە دەستەواژەیەك. ئەگەر تەنها بزوێنێکی (ە) بچێتە دوا دەبێتە رستەیەکی کردار ناتەواو).

٢- بڕگەکانی پێکدێت لە: (نا) + (زو) + (نیم) + (ناز). واتە لەچوار بڕگە. یەکەم و دووەم دوو پیتە دەنگن و سێیەم و چوارەم سێ پیتە دەنگن.

٣- لێکەوتە پێکهاتەیەکی واتاو مەبەستدارە، یەکەم داڕشتە پەیڤەکەشی بەرنەداوە، هەریەکە یەکیشیان ئاسان و بێگرێ تایبەتی خۆی دەنوێنێت.

**شەشەم**

| نازو جییاز | نازو نییاز | نازو ڕێباز |
| --- | --- | --- |

١- ئەم سێ دارِشتەیە هەریەکە لە چوار برِگە پێکدێت.

٢- سێیەم هیچ گرفتێکی تێدا نییە و برِگەکانی ئەمانەن: (نا) + (زو) + (ڕێ) + (باز). یەکەم سێ برگە یان هەریەك لە دوو پیتە دەنگ پێکدێن (نا + زو + رێ)، چوارەم برِگە (باز) لەسێ پیتە دەنگ پێکدێت.

٣- گرفتێکی تۆماری دەنگ هەیە بۆ برِیاردان یان برِیارنەدان بە دەنگی (ی) دووەم:

- هەندێك دەڵێن یەك دەنگی (ی) لەوێدایە، وەك (ن- + یاز) واتە دوای دەنگی (ن) بزرۆکە کورتەکە هەیە (ن + بزرۆك) بە لاتینی (ni).
- هەندێك دەڵێن دەنگی (ی) کورتە. بەلاتینی (ny) زۆرتریش دەینووسن (niyaz) واتە (ni + yaz).
- هیتریش هەیە دەڵێت نە (شو ا — بزرۆك) هەیەو نە دوو(ی). بەڵام ئەمە لەگەڵ یاسای برِگەدا بۆ بزوێن و نەبزوێن و جیاکردنەوەی هاوکێشەکەیاندا ناگونجێت، چونکە هیچ برِگەیەك لەزمانی کوردیدا لەچوار پیت دروستنابێت، وەك:

(جیاز) هاوکێشەکەی (ج + ی + ا+ ز).

(نیاز) هاوکێشەکەی (ن + ی + ا + ز).

هەرگیز جووتە پیتی (یا) (ی + ا) پێکەوە نابێت هەردوکیان بە بزوێن دابنرێن و چوار پیتە دەنگیش پێکەوە ناکرێت بەیەك برِگە دابنرێن.

بەڵام بەم دوو جۆرە هەردوکیان راست دەردەچن:

١. نیاز = (ن + بزرۆك) + (یـ + ا +ز) (n +i) + (y + a + z) پیتە دەنگی (ن-ی) لە برِگەی یەکەم و دووەمدا پیتە دەنگی (نەبزوێن) ن.

٢. نییاز = (ن +ی) + (ی + ا + ز).

یەکەم پیتە دەنگی (ی) کورت (بزوێن)ە. دووەم (ی) کە لەسەرەتای برِگەی (یاز)دایە نەبزوێنە.

ئەم جۆرە بۆچوونە بۆ گەلێك باری تایبەتی وەها لە ئارادایە. تاکەکەس نابێت فەرمانی تایبەتی خۆی بسەپێنێت. هەرچەندە ئامێری تۆماری تۆماری لەرەی دەنگ ئەمە چارە دەکات، کە لە دواییدا دەبێت لیژنەیەکی زانستی بڕیارێکی چەسپاوی لەتاقیگەی تۆماری دەنگدا بۆ بدات کە چی بکرێت و چۆن جیابکرێتەوە. ئامێری تۆماری دەنگ دروستی ئەمە دەردەخات. کەسانێك لە لێکۆڵەرە زمانییەکان بۆچوونیان جیایە.

**حەوتەم**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەناز | شاناز | بێناز | داناز | جێناز |
| | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هاوناز | بەرناز | چاوناز | فێرناز | نازناز | دڵناز | پڕناز |

١-یەکەم جیاوازی لەم بەشەدا ئەوەیە کە پێکهاتە نوێکانی بەشەکانی پێشوو هەموویان لە پاشبەندو پاشگر بەپەیڤی (ناز)ەوە لکێنران، بەڵام لەم بەشەدا (ناز) پێشگری خراوەتە پاڵ. پێشگرەکانیش گشتیان یەك بڕگەیین کە: (بە، شا، بێ، دا، جێ، هاو، بەر، چاو، فێر، دڵ، پڕ) ن.

٢-یەکەم بەش پێشگرەکان هەموویان لەبڕگەیەکی دوو دەنگ پێکدێن: (بە، شا، بێ، دا، جێ) یەکەم پیتە دەنگ نەبزوێن و دووەم پیتە دەنگ بزوێنن.

٣- (ا) ئەمانیش هەریەکە لە دووبڕگە پێکهاتوون کە ئەمانەن (هاو، بەر، چاو، فێر، دڵ، پڕ) و (ناز) یەکەم پیت و سێیەم نەبزوێنن و ناوەڕاست هەمیشە بزوێنن.

٤-دووەم دوا پەیڤیش هەر لە دووبڕگە پێکدێن. جیاوازی یەکەم بڕگە (کەپێشگرن) ئەوەیە بزوێنی ناوەڕاست بزوێنە کورتەکەیە کە بە بزرۆك ناومان بردوون ئەم بزوێنە کورتە بەنووسینی پیتی لاتینی نووسراوە و تۆمار کراوە:

(dil) + (naz) = (دڵ) + (ناز)

(pir) + (naz) = (پڕ) + (ناز)

٥-ئەم پێکهاتە نوێیانە زمانیان بەبێ سنوور دەوڵەمەند کردووە. هەریەکە واتاو مەبەستی نوێ و جیای خۆی هێناوەتە ناو ئاخاوتن و گفتوگۆوە. ئەم پێکهاتەو لێکەوتانە

هەریەك بەپێی خۆی (ناوبن، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار یان هەر شتێکی تر ئەرکی واتایی و ڕێزمانی خۆیان دەبینن. کاریگەرییان ئاشکراو سانایە.

پێکهاتەی دەستەواژەکان لەگەڵ گۆڕانکارییە ڕێزمانییەکاندا پێکەوە گونجاو دەبن. ئەوەمان پێویستدەبێت پێوەرەکان روونبکرێنەوە و گەشە پێبکرێن، هەر بەوەش راستی ڕێساو یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە جیادەبنەوە و هەڵبژێر دەبن و تیۆرییە ڕێزمانییە راستەکان رەچاودەکرێن و دەبنە بەکارهێنراو، ناسراو و بەو جۆرە بڵاودەبنەوە.

ڕێسای ڕێزمان خۆی لە توێی ناخ و ناوەرۆکی گشت زمانەکاندا، هەریەکە بە رەوشی دروستبوون و تایبەتەی پێکهاتەیی خۆی هەیە و بەکەس دروستناکرێت، بەڵام بە شێوازو وردبینی ڕێگەو ڕێبازەکانی راڤە، شیکردنەوە، توێژینەوە، دوای پارزین و تێگەیشتنی بەڕێگەی بەراورد و پێناسیان، دەچینە سەر ڕێگەی پۆلێنکردنیان بۆ تیۆرییە تایبەتەکان.

چۆمسکیش لەم بوارەدا دەڵێت: [1]

"بەهێزترین مەرج کە دادەنرێت لە پەیوەندی نێوان هەر تیۆرییەکدا پێکهاتەی زمانەکەو ڕێسا تایبەتە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە ئەوەی کە تیۆری بتوانێت بەڕێگەیەکی میکانیکی کرداری دارِشتە دروستەکانی ڕێزمانمان بداتێ، دەرهێنراو لە رستێك لە سامانی گوتراودا، بۆ نموونە ئەو تیۆرییە بەشێوازی ئاشکراکردنی ڕێسا زمانییەکان بێت."

بۆیە دەڵێن تیۆر ئەوەیە شێوازی هەڵسەنگاندنی ڕێبازی ڕێزمانمان بداتێ کە لەبریتی یەك ڕێگە و ڕێباز بەکۆمەڵێکی بچووك و راستی یاسای ڕێزمانی دەستمانبخات.

چۆمسکی بەوە دەڵێت (رژێمی شیکاری گرامەری) لە فۆنێمەوە بۆ مۆرفیم، دیارە بەڕێگەی پێناسی شێوەیی شیکاری مۆرفیمی. ئەوەش تێگەییوەی مۆرفیم، دەستەواژەو گۆڕانکارییەکان بگرێتەوە، چاکترین نموونە وەك شیتەڵی دروستبوونی ئەو نموونانەی هەنگاو بە هەنگاو گەشەمان پێکردوون و پێشکەشمانکردوون.

سەرەتاکانیشی دەبنە کرۆکی ئاشکرای بابەتەکە. ئەگەر هەر لە:

(ناز)ەوە بچین بۆ (نازدار) و بۆ (نازداران) کە لە پێکهاتەیەکی ئاسانەوە بۆ خۆشی و ئاسانی (ئەرك و مەبەست جیا) بە ڕێچکەیەکی لێکدان و یان لە (نازدارانەوە) بە ڕێگەی شیتەڵکردن بۆ ساکارترین شێوەکەی (نازداران ← نازدار← ناز)

---

[1] ل (٧٠)ی هەمان سەرچاوە.

بگەڕێنەوە دوایی بەوردی سەیری مەبەست و ئەرکی ڕێزمانی ئەم دەستەواژانە بکەین جەمسەری دامەزراندنی ئەو تیۆرییانە روون دەبێتە کە لە زمانی کوردی ئێمەشدا — پێش ئەوە لەهی وەکو چۆمسکی، سۆسۆر و دەیان زانای زمانی و ئێمەو کەسانی تر بیبیستین و لێیان بکۆڵینەوە، هەبووە، بەلاّم بۆ سەلماندنی رەسەنایەتی، پڕتەوی، پێزو تەوانایی و سامانداری زمانەکەمان بەرێگەی هاوچەشنی یان بەراورد و پەیوەندی نەك لە زمانی بەرامبەر بەڵکو لە زمانی کورد دەدوێین و مۆخ، ناخ و رەوشە تایبەتی و گشتییەکانیان دەناسێنین.

لەو سێ دارشتە پەیڤەدا با سەرنجێکی کورت لەم دەستەواژانە (نەك رستانە) بدەین و هەر تێیانبگەین:

١- نازی نازداری نازداران. ..
٢- نازەی نازدارانی ناز. ..
٣- نازدارانی نازداری ناز. ..
٤- نازداری نازی نازداران. ..
٥- نازەی نازی نازداران. ..
٦- نازدارانی نازی نازدار. ..
٧- نازی نازدارانی نازدار. .. هتد.

لێرەوە دەچینەوە ئەو بەشە تیۆریەی لەلای زۆرینەیەك لە زانای زمان ئەو جۆرە شیکارییە بیردۆزەی چۆمسکی نوێی سەردەم وەها دادەنێن وەك ئەوەی لە کرۆکی ناوناخی زمانەکەدا نەبووبێت و گوایە ئەوەی دروستیکردبن، بەلاّم لە راستیدا بلیمەتییەکەی دۆزینەوە راکێشی سەرنجە بۆ ئەو پێکهاتانەی، دۆزینەوە و دیاردییە (تشخیص) ئەوەتا هەر خۆی دەڵێت: [1]

"ئەگەر بەئاسانکردنی بەشێك لە رێسایەکی رێزمان ئاسانکاری بەشی تری لێبکەوێتەوە هەستدەکەین رێگەی راستمان گرتووەتەبەر. بەوەش ئەوە روون دەکەینەوە کە شیکاری گۆڕینێکی ئاسان لە بەشێك لە بەشەکانی رستەدا، رێگە بۆ شیکارێکی سووك و ئاسانی بەشی تریشی پێ جێبەجێدەبێت. .."

[1] ل (٧٥) ی هەمان سەرچاوە..

ئەو پێكهاتانە سەرەتا لەسەر بنەمای بڕگە دروستبوون و گەشەیانكردووە:

ناز = (ناز) یەك بڕگەی سێ پیتە دەنگ

نازە = (نا) + (زە) بەجێكۆركێ پیتە دەنگی (ز)مان لە بڕگەی (ناز) وەرگرتەوە بوون بە دوو بڕگەی دوو پیتە دەنگ.

نازدار = (ناز) + (دار) دوو بڕگەی سێ پیتە دەنگ. (ز) گەڕایەوە بۆ دووەم بڕگە.

نازداران = (ناز) + (دا) + (ران) لە سێ بڕگە پێكهات.

١- یەكەم و سێیەم لە سێ پیتە دەنگ پێكدێن، بەڵام دووەم لە دوو پیتە دەنگ دروستبووە.

٢- لەم پەیڤە داڕشتەیەدا (ر) كە سێیەم پیتی بڕگەی (دار) بوو بەكردەی جێگۆركێی ئەو دروستەیەدا بوو بە یەكەم پیتە دەنگ لە بڕگەی (ران) دا.

چۆمسكی دەڵێت:[١]

"لەو كاتەی ئاستەكان پشت بەیەكتری ببەستن، بۆ نموونە مۆرفیم لەسەر فۆنێم دابنرێت، ئاستی شیكارییەكان هاوتا دەبن و خۆڕایی دەرناچن". بۆ نموونە بەشێوەیەكی سەربەخۆی بەتاقیكردنەوە كۆمەڵێك فۆنێم بەجیاو كۆمەڵێك مۆرفیم دیاری دەكەین (وەك چۆن من لە شیكارییەكانی لەوەپێشی بڕگەدا كردوومن) و پەیوەندی جووتكردنیان دیاری بكەین بەرەچاوی شێوازی ئاسانكاری رێزمانی لێكەوتەكانیان ببینین، ئاستەكان بەبێ گرفت كاكڵەدەبن. دیارە ئەنجامی ئەو كارە شێوازە دەرخستنی رێسا رێزمانییەكان ئاشكرا دەبن. ئەوەش دەسەلمێتەوە كە بەداهاتنی ریزبەندی فۆنێمی، مۆرفیمەكان پێكدەهێنن. لەوێشەوە بۆ ئاستی بەرزتری وەك (دەستەواژە. ..

لەلاپەڕە (٧٨) یش دەڵێتەوە:

"گومان لەوەدا نییە كە دەبێت (مۆرفیم ) بە دروستەی بەدواداهاتووی فۆنیم دابنێین" واتە ئەوەی من لە حەفتاكانەوە هاوكێشەم بۆ داناوە لە دروستبوونی دوو جۆر بڕگە لە پیتە دەنگی (نەبزوێن و بزوێن) كە (دوودەنگی و سێ دەنگین) ئێستە پشتبەستن بە تیۆری و ئایدیای زاناكانی زمان لە خۆماڵی و بییانی. دیارە منیش بە بیرلێكردنەوە، شیتەڵ، دوای بەراوردی زانیارییە جۆراو جۆرەكان، لەخۆمەوە نا بەڵكو لە رەچەڵەك و رەسەنایەتی

---

[١] ل (٧٦) ی هەمان سەرچاوە..

زمانی زکماکی خۆمەوە، بەرەبەرە گەییشتمە سەرەنجامی ئەو زانیارییانە، ئەگەر ئەو فراوانی، پێزو نەرمییەی زمانەشیرینەکامان لەباریانەبوایە نەدەتوانرا زمانی کوردی ببێتە زمانی زانست، پیشەسازی، بازرگانی و میدیای جیاواز و رامیاری و..هتد.
لە نموونە زۆر و زەبەندەکانی پێشەوە بە کورتیلە پێکهاتەیەکی دوو پیتە دەنگ یان سێ، دەستمانپێکردووە، لەوەوە بۆ بارو بواری تر، بارەکەی خۆی، بە چەند جار گۆڕیومانە.
ئەوە ناوکە کرۆکە، شێوەی جۆریی فرەی وەهای لێکەوتووەتەوە کە ئەرکی گشت خواستە زمانییە واتایی و گرامەرییەکانیان بینیوە، کەلێنەکانیان پڕکردووەتەوە. بە(ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار لەگشت کات و بۆ هەموو کەسەکان، بە ئامرازو بێ ئامراز، بۆ بەرجەستەی گشت خواستەکان، بەدیارو نادیارەوە، بەئەرێ و نەرێوە. بۆ دەربڕینی واتاو مەبەستە گشتیی و تایبەتییەکانن، بۆ دروستەی وشە — دەستەواژە — رستە بەهەموو جۆرەکانیەوە، وەك وەڵامدانەوەی پێویستییە ژیانییە جۆر بەجۆرەکان و بەرەو گەشەی سەردەمی نوێ لە هە موو لایەنێکەوە. ..)

پشکی ئەم بەرەو پێشچوون، دروستبوون، لێکەوتنەوە و پێکهاتە نوێیانە لە دوو جەمسەری رەسەنەوە دێتە کایە کە یەکەمیان سامانی لەبننەهاتووی زاراوە جۆر بەجۆرە بەکارهاتووەکانی زارە ناوچەییەکانی زمانەکەمانە سەرچاوەی بەپیت و زاخاودراوەی میللیی نەتەوەییمانن و دووەمیشیان نەرمی، لەباری، رەوشی بزاوتن، لەباری جێگۆڕکێ، دروستبووی جیا بە پاشگر و هەروەها بەپێشگر، ئامرازە دروستکەرەکانن، رەچەڵەکی کۆن و بەرفراوانی دێرینەی فۆلکلۆر و کەلەپووری ئەفسانە و تەلیسمی هەڵدانەوەی ژیارییە کۆمەڵایەتیی و مێژوویەکانی گەوهەری ژیاری، شارستانی نەتەوەیەکی دروستبووی چەرخە دێرینەکانی پێش چەرخی بەردینی نوێ و کۆنیش. جا ئەگەر بەوردی رەچاوی داگیرکاری، چەوسانەوە، دژایەتیکردنی چەندین سەدەی دوژمنانی ئەم میللەتە لە هەر چوار قوڵەوە لەلایەن ئیمپراتۆرییە سەرشێتە چاوشێتە دڵرەشە ناسراوو زانراوە کەللەپووتە شەڕانییەکانی داسەپاوی لەوەپێش بکەین و بەراوورد بەم گەشەکردووە زێڕینەی زمانی ئەم نەتەوەیە، ئەوەش دەچێتە سەر خاڵە پۆزەتیڤەکانی کە ئاماژەمانپێکردن.
چۆمسکی لەبارەی (گۆڕینی پێکهاتەیی و لێکەوتەیی) ئینگلیزییەوە بەچەند هەنگاوێك و بەخستنە ناوی چەند مۆرفیمێك ئەوە شیدەکاتەوە، من بۆ دەرخستنی نەرمیی، لە باری و چاك گونجانی زمانی کوردییەوە، وەك بەراوردی هاوتاییپێکردن نموونەیەکی هەڵدەبژێرم و

سووکە شیکارییەکی ئاسایی لەسەر دەکەم کە ڕەوشی هێزو پێزی زمانەکەی پێدەربکەوێت و هەر ئەوەش پابەندە بە ڕەوشی لێکەوتەیی نوێ بە هۆی بڕگەوە بۆ مەبەستێك و چەندین خواستی زمانی جیا:

ئەو دەڵێت: [1]

-١-

They can come.　　They can't come.

ئەوان ناتوانن بێن .　　ئەوان دەتوانن بێن.

لە ئینگلیزییەکەدا و لەم ڕەوشە ناتوانین (ئەوان — They) لاببەین، بەڵام لە کوردییەکەدا دەتوانین لایببەین.

نایەن.　　دێن.

ناتوانن بێن.　دەتوانن بێن.

-٢-

با لەم نموونەیەش وردبببینەوە:

ئەوان گەیشتن؟　do they arrive

ئەوان دەتوانن بگەن؟　can they arrive

ئەوان دەیانەوێت بگەن؟　have they arrive

ئەوان لە گەیشتندان؟　are they arriving

سەرنج:

١- دەبوایە لەچاپکردندا لەدوای ڕستەکانەوە نیشانەی پرسیار هەبوایە.

٢- هەروەها یەکەم پیتە دەنگی پرسەکان بەکەپیتەڵ (گەورە پیت) بنووسرانایە. (ئەوە خاڵبەندییە و لەبەر قوتابی و کەسی نائینگلیز).

٣- لە ڕستەی چوارەمدا (e) دواپیتی (arrive) بەهاتنی (ing) لاچووە. ئەوە لەگۆڕانکاریدا (بۆ منداڵ و بییانی) بەخەوش دادەنرێت.

٤- لە کوردییەکەدا دەتوانین بریناوی (ئەوان) لاببەین بەڵام لە ئینگلیزیەکەدا ناتوانین:

---

[1] ل (٨٤، ٨٥) ی هەمان سەرچاوە..

أ. واتا دەگۆڕێت و مەبەستەکەش.

ب. لە پرسیارەوە دەبێت بەجۆرێك لە راگەیاندن (خەبەر).

بەڵام کوردییەکە دەتوانین بڵێن و بپرسین. (وەك بڵێیت: ئایا. .؟)

گەییشتن. گەییشتن؟

دەتوانن بگەن. دەتوانن بگەن؟

دەیانەوێت بگەن. دەیانەوێت بگەن؟

لەگەیشتندان. لەگەیشتندان؟

لە دواییدا گۆریویەتی بە:

| | |
|---|---|
| They arrive | ئەوان گەییشتن. (گەییشتن) |
| They can arrive | دەتوانن بگەن |
| They have arrive | ویستیان بگەن (گەیشتن). |
| They are arriving | لە گەیشتندان. |

لێرەشدا دەبوایە یەکەم پیت کەپیتەڵ(t) و لەدواوەخاڵ هەبوونایە و لە دوا وشەدا (e) رۆیشتووە.

١- بەبێ (ئەوان) واتاکە دەبەخشێت و دەگەیەنێت. لە ئینگلیزییەکەدا مەبەست دەگۆڕێت، تێناگەین کەسەکە (تاکە یان کۆ) و (چ کەسێکە یان چ کەسێکن).

نموونەی بەراوردکاری زۆری تریش هەیە کە دەتوانین لەگەڵێك لایەنی تریشەوە شیکردنەوەیان تیادا بکەین. هەر بۆنموونە:

١- جیاکردنەوەی (has) و (have) لەکەسەکاندا.

٢- هەروەها (shall) و (will)، (does) و (do).

٣- لەگەڵ (was) و (were) و. .. هتد کە بۆ منداڵ، قوتابی، خوێندکارو کەسی نائینگلیز لەفێربووندا گرفتی زمانی دروستدەکەن.

ئەوانەی روونکرانەوە بۆ دەرخستنی کەموکوڕی زمانی ئینگلیزی نییە کە پێشکەوتووترین و بڵاوترین زمانە لەبەکارهێناندا، بەڵکو بە و هۆیەوە بۆ ئاشکارکردنی هەندێك رەوشی جوان، ساکار، نەرمی و لەباری زمانی کوردییە.

وەرگێڕی کتێبەکەی چۆمسکی لەوە دەچێت هەندێك جار کەوتبێتە هەڵەوە، ئەوەتە جگەلە (پرسیاری ودانەنانی نیشانەی پرس) کە لە نموونەکەی پێشەوە ئاماژەمان پێکرد،

لەلاپەڕە (٩٦) دا و لە گۆڕینی ئاسانکار بۆ یاساو ڕێسای زمانی لە (ئاوەڵناوییەوە بۆ ناو) ئەم دووانەی (بەدەستەواژە) داناوە:

نووسیویەتی (the boy is tall) و (the tall boy)

١. یەکەمیان ڕستەیە نەك دەستەواژە. دەبوایە یەکەم پیت گەورەپیت (کەپیتەڵ) بوایە. دەبوایە لەکۆتاییدا خاڵی لەدوا ڕستەکەوە دابنایە.

٢. دووەم دەستەواژەیە. یەکەم واتاو مەبەستێکی تەواو دەگەیەنێت. دووەم ئاماژەیەو پێویستە مەبەستی گوتنەکە تەواو بکرێت.

٣. ئەگەر هەڵەی چاپیش بن دەبێت چاکبکرێن.

چۆمسکی لە (ل ٨٩، ٩٠، ٩١) دا هەوڵی شیکاری مەبەستی نەکردن لەناو دەستەواژەو ڕستە دەدات لە چەند جۆرێك دارشتەی جیادا (not) و کورتکراوەکەی (n't) وەك لێکەوتەیەکی (نەرێ) لەدەربڕین و داڕشتندا.

دیارە وشەی وەڵام لە ئینگلیزیدا (No) یە، واتە لەکوردیدا (نە) یان (نا). گوتراویشە (نە خێر).

لێرەدا فراوانی و نەرمی لێکەوتەیی زمانی کوردی بۆ (نەرێ) واتە (نەکردن و نکوولیکردن) پتر لەپەیڤێك لەپێکهاتەیی دروستەی دەربڕین، گوتن و داڕشتنەکاندا هەیە و پتەوی هێزو پێزی زمانەکەمان بەهۆیانەوە و بۆ دەسەلمێتەوە، بۆ نموونە وەك:

نا: ناچم. - ناچیت (بەواتای نابێت بچیت.)

نە: نەچووم. - نەچم (چاکوایە نەچم.)

نەچم (بەواتای نابێت بچم)

مە: مەچۆ. (مەچن).

نی: نییە. (شتی وەهانییە).

یان لەگەڵ وشەی نەرێی (نە —نا) دا وەك: نە، گرفتم نییە.

نا، داوای پترم نییە.

ئەم کۆمەڵە شیکارییە بۆ مەبەستە جیاکان ئەو جۆرە نەرمی و فراوانییە لە لێکەوتەیی پێکهاتەی زمانەکە دەردەخات و بۆ مەبەستی جیا و ئاسا، پانتایی خۆشترو تایبەتمەند دەسەلمێنێتەوە. ئەوەتا چوار بڕگە دەنگ (نا، نە، مە، نی) بەرامبەر یەك بڕگە دەنگی (not) ی ئەو زمانە جیهانییە وەستاونەتەوە.

جگە لەوە بەکارهێنانێك بە چەند مەبەستێك بەکاردێت، وەك:

چووم — نەچووم: (ئەمە شێوازی ڕاگەیاندن بەئەرێ و نەرێ بەکارهاتووە لە رابردوودا. ) بەڵام

بچم — نەچم: (ئەمەیان بۆ ئەرێ و نەرێی کاتی لەمە دوایە).

چۆمسکی لەلاپەرە (١٠٠) ی سەرچاوەکەیدا دەڵێت:

"ئێمە دەزانین پێکهێنەرە پەرتە نەبەستراوەکان بەئاسانی لەچوارچێوەی ڕێزمانیی پێکهاتەیی دەستەواژەدا وەربگرین "

چاکترین بەستەری زمانی یەکخەری پێکهاتەکان لە سوکترین و کورتترین یەکەی پێکهێنەرەوە بۆ درێژترین دەربڕەوە، داڕشتەی لەپێشدا وشەو لەوێوە بۆ دەستەواژەو رستە بەگشت جۆرەکانییەوە (بنەمای دروستە)ی پێکهاتنی (بڕگە)یە کە بە"دەنگی نەبزوێن و بزوێن" دروستدەبن و هەرگیز لێکهەڵوەشاندنەوەیان نابێت و ئاسایی بارو بواری مەبەست، واتاو خواستە مرۆییە فرە چەشنەکانی پێ جێبەجێدەبێت.

هەر بۆ نموونە کورتە پەیڤێکی وەك (گر) دەگرین و (کەمێك) شیکردنەوەی تێدا دەکەین بۆ ئەوەی کاری (لێکەوتەیی بڕگە) ی پێدەربخەین کە چەند و چۆن کاردەکاتە سەرگەشەو پەرەی گشت لایەنەکانی (پێکهاتە، واتاو مەبەست، باری ڕێزمانی و دەربڕینی جیاواز. .) بەبێئەوەی درێژە بەلێتوێژینەوەیان بدەین چونکە ئەوانە هەریەك بۆ خۆی بەچەندین کتێب تەواو نابن و منیش نامەوێت لەچوارچێوەی سنووری بڕگە لەزمانی کوردیدا تێبپەڕم. .

من بڕگەی (گر) لەچاوگی (گرتن) وەردەگرم و چەند لێکەوتەیەکی پێ ئاماژە دەکەم:

١. گر: یەك بڕگەی سێ دەنگە، گر= (گ + بزرۆك + ر) gir =(g +i +r)

٢. گرێ: پێکهاتن و مەبەستی گۆڕرا. لێکەوتەیی یەکەی لە دوواوە دروستبووە و لە دوو بڕگە پێکهاتووە. هەردوو بڕگەکە دوو دەنگن:

گرێ = (گ + بزرۆك) + (ر + ێ) = (g + i) + (r + e) = (gire)

٣. بگر: پێکهاتن و مەبەستی گۆڕرا. لێکەوتەیی یەکەی لەپێشەوە بە (ب)ی پێویستە دروستبوو. لە دوو بڕگەی دوو دەنگ و سێ دەنگ پێکهاتووە.

بگر = (ب + بزرۆك) + (گ +بزرۆك + ر). Bigir = (bi + gir) ئەم پەیڤە لەوانەی دواوە جیایە، چونکە پاشگریان پێوەیە.

٤. گرتە = (گر + تە) = (گ + بزرۆك + ر) + (ت + ە)
گرمە = (گر + مە) = (گ + بزرۆك + ر) + (م + ە)
گریە = (گر + یە) = (گ + بزرۆك + ر) + (ی + ە)
هەموویان واتایان جیاوازە.
لێکەوتەکان بەهۆی (پاشگر)ەوە هاتوونەتە کایەوە. هەریەکە دوو بڕگەی سێ دەنگ و دوو دەنگ پێکدەهێنن.

٥. لێگر: (لێ +گر) = (ل + ێ) + (گ + بزرۆك + ر)
پێگر: (پێ +گر) =(p + e)+ (g + i + r)
تێگر: (تێ + گر)
ڕێگر: (ڕێ + گر)
جێگر: (جێ + گر)
لێکەوتەکانی ئەم بەشە بەهۆی (پێشگر) ە وە دروستبوون.
هەریەکە دوو بڕگە پێکدەهێنن. یەکەمیان دوو دەنگن و دووەمیان سێ دەنگن.
هەمووشیان مەبەستی جیایان لێدەکەوێتەوە و دەگەیەنن.

٦. مانگر = (مان + گر) =(m + a + n) + ( g + i +r)
دانگر= (دان + گر)
جووتگر= (جووت + گر)
گرگر= (گر + گر)
بنگر= (بن + گر) = (بـ + بزرۆك) + (گ + بزرۆك + ر) = binger = (bin + gir)
هەرلێکەوتەیەکیان لە دوو بڕگە پێکدین.
هەربڕگەیەك لە هەموویاندا لە دووبڕگەی سێ پیتە دەنگ پێکدێت.
لێکەوتەکان هەموو بەهۆی پێشگرەوە دروستبوون.
واتاو مەبەستی جیایان لێکەوتووەتەوە.

٧. لێگرتن = (لێ + گر+ تن) = (l +é) + (g + i + r) (t + i+ n)
پێگرتن = (پێ+ گر +تن)
تێگرتن =(تێ + گر + تن)

ڕێگرتن =(ڕێ + گر + تن)

جێگرتن =(جێ + گر + تن)

جووتگرتن=(جووت + گر+ تن)

١-پێنجەی یەکەم لە سێ بڕگە پێکدێن.

٢-یەکەم بڕگەی گشتیان بڕگەی دووپیتەدەنگن.

٣-دووەم وسێیەم بڕگەی هەموویان سێ پیتەدەنگن.

٤-بەڵام شەشەمیان لە سێ بڕگەی سێ پیتەدەنگ پێکهاتووە.

٥-لێکەوتەیی هەموویان بە دووخستنەسەر (واتە بە پێشگریش وپاشگریش)پێکهاتە نوێکانیان دروستکردووە. واتای جیایان لێکەوتووەتەوە.

٦-بڕگەی (گر) ناو کۆیی یە لە نێوان گشت واتاکانداو مە بەست و واتا گەیەنیشیان جیایەو ساماندارپی لێکەوتنەوە دەگەیەنن.

هەرلێرەوە ئەگەر بچینەوە بۆلێکەوتەی تری ڕێزمانی، واتایی بەکارهێنانی تری دەربڕەی زمانی بۆ چەندین مەبەستی جیای تر، ئەوا بێگومان دەیان پەیڤی نوێی ترمان دەستدەکەوێتەوە کەهەریەکەو لایەنی بەشێوەیەکی تر سووك و ئاسانی دروستبوونە جۆربەجۆرەکانمان بەرامبەر بەم سامانەو لەو نموونانەدا بۆ دەسەلمێتەوە، ئەوە وەك خۆیان، بەڵام بەلێوردبوونەوەی لێکۆڵەران، دێنە بەرچاو، دیاردی لێوەرگرتن و لێدەرهێنان، هەر بۆنموونە: (لە گرتن و گرت):

گر: گرتم. گرتمان. گرتت. گرتتان. گرتی. گرتیان.

: گیرا. نەگیرا: گیراوە. نەگیراوە: دەگیرێ. ناگیرێ. بگرە. نەگرە: بگیرێت. نەگیرێت. دەگیرێت: ناگیرێت مەگرە. نەگیرە...هتد، یان با لێکەوتەکانی (گرتمی، نەیگرتم)و گشت جۆرە لێکەوتە جیاکانی تر بۆ هەموو کەس، تاف و ڕشتەکانیتر بنووسین بزانین چ ساماندارییەك دێتە کایە؟

ئەوانە هەروەك ئاماژە بۆ لێکەوتنەوەی نوێی زمانیی ئەو چەند نموونە کورتەمان پیشاندا.


گرنگ ئەوەیە لە ڕەچاوی چەشنی کۆتای گشت لێکەوتەکاندا بە بڕگەو جیاکردنەوەی بڕگەکان و بەهوی بوونی (پیتەدەنگییە بزوێن و نەبزوێنەکانەوە، ئەوە دەردەکەوێتەوە کە زمانی کوردی زمانی (بڕگە) یە. گرۆی هەڵنەوەشاوی و سفتی و هێزو پێزی لەوەوە

بەچەسپاوی و نەگۆڕی، بە ملیۆن ساڵ تووشی و ڕەشەبای دۆزەخە توشهاتووەکانی دەورانی دنیا، نەیتوانیوە لەقی بکات. هەر بڕگەیە بووە بە ریتمی هەڵبەزو دابەزەکانی هۆنراوەی فرەی فۆلکلۆرو دروستەی گۆرانی و ئاوازەی مووزیکی کوردی ڕەسەن و سەماو هەڵپەرکێی نەتەوەیمان بەجۆرێکی ڕاستەوخۆش لە هەست و سۆزو کراوەیی دڵ و دەروونی مرۆڤی کورددا کاریکردوەو ڕەنگدانەوەکانیشی لە هەڵسوکەتی کارکردەیی جووتیار، وەرزێڕ، پاڵەو کارگەری پیشە میللییەکاندا و لەڕەوی کاروانەی گەرمیان و کوێستاندا گوێت لە چریکەو چرینی هۆرە، لاووك، حەیران، سیاچەمانە، ئای ئای و چەندین بەستەی دەربڕینی بەهەناسە قووڵی، دەرخەری خۆشی و ناخۆشییەکانی سۆزی ناسکی کوردەوارییانە و تایبەتمەند بووە، ئەوانەش سامانێکی تری پیرۆزی خستووەتە سەر شارای کۆشکی باڵانمای بەرگەگری و بوونی ژیاوەی نەتەوەییمان. هەر کامێکیان بگریت سەمایەکی تری گەمەی لێکەوتەی تری بڕگەمان بۆ تۆمار دەکەن. هەر لەوێشەوە کە دەگوترێت ئاوازی بەپەنجەی هۆنراوەی فۆلکلۆری و میللی، گرێکانی پەنجە بۆ شعری کوردی، واتە شیعری بە بڕگە، هەروەك بازدان و هەڵقونانەوەی گەمە و وازی کوردەواری: بەشێنەیی، لە پەرۆشییەکاندا، بۆ دابینی پێویستییەکان، بۆ دەربڕینی هەست وخواست و سۆزەکان و جێبەجێی ئەرکەکان بەدرێژایی وەرچەرخانی بارودۆخەکانی ئەم نەتەوەیە بە هەزاران پەیڤ و داڕشتەی مووزیکئاسای هەڵڕشتووە و مرۆڤی کورد دانەماوە.

چۆمسکی لە دوایئەوەی بەدەستەواژەی سووك و ئاسان دەستپێکرد، دێتە سەر ڕستەی ڕاگەیەنەری ئاسان (**جمل خبرية بسيطة**) و لەلاپەڕە (١٠٥)دا دەڵێت:

"ئەگەر بۆ ئینگلیزی هەوڵی ئەوەمان دا ئاسانترین ڕێسا بۆڕێزمان دابنێین کەبەشێکی پێکهاتەی دەستەواژە و بەشێکی تری گۆڕینی لێکەوتەکانی تێدابێت، بنەماکەی پێویستە ڕستەی ڕاگەیەنەری ئاسانی شوناسبێت. ڕستەکانی تری لەوە دواش بەلێکەوتە گۆڕینە ساکارەکان پێناسبکرێن" واتە دەستپێکردن بەسووك و ئاسایی، ئەویش ئاسان و ئاشکرای لێدەکەوێتەوە و سەرچاوەی روون بەدوای خۆیدا، زانراوو ناسراوی وەك خۆیان بەدوایاندا دەهێنن. ئەو پێکهاتانە دروستەی وەك خۆیانیان لێدەکەوێتەوە. ئەو زانایە بۆ زمانی ئینگلیزی وەهای دەسەلمێنێت. ئێمەش، بۆ نموونە با پەیڤی (زانین) وەك چاوگێکی سووك و ئاسانی واتا جوان بگرین و لە گۆڕینی واتایی لێکەوتەکانی وردببینەوە، بەڕوونی

فراوانبوونی ئاسۆی گەشەی دەربڕینە زمانییە مەبەستدارو جیاوازەکانمان وەك دروستبوونی سروشتی و بۆ گەیاندنی نوێ، بزانین چۆن و چی لێدەکەوونەوە و دروستدەبن:




تێزان (واتای ئەمە جیایەو لەو ڕەچەڵەکە نییە)

بینیمان هەر بەبیرکردنەوە لێرەدا (سی و حەوت) لێکەوتەمان لەو چاوگە تەنهایە ئاماژە پێکرد، کە هەریەکە مەبەستێکی جیای هەیە و ڕەگی واتاشیان پابەند بەیەك ڕەچەڵەکەوە، بۆ مەبەستی تایبەتی و مەبەستی گشتی بەکاریاندەهێنن.

کاتێك ئەوانە لە (دەستەواژە، ڕستەی سادە، ڕستەی لێکدراو ڕستەی ئاڵۆزدا بەکاربهێنین) ئەوسا دەزانین زمانەکەیان چەند پێفراواندەبێت.

لەو کاتەی بۆکەسەکانی یەکەم، دووەم کەس و سێیەم کەس، بۆ تاك و کۆ، بۆ ئەریٚ و نەریٚ، بۆ گەردانپێکردنی گشت جۆرەکانی (رابردوو، رانەبردوو، داخوازی، بۆ راگەیەنەری یان پێویستی، بەکردن و نەکردن و نەهیلێکردن و بۆ گشت شێوازو ئەرکەکان لەگەڵ کردە و پێویستەی رێزمانیدا بزانە چەند لکی دروستەی زمانی و رێزمانی لە شیکردنەوە و پارزین یان پێکهاتەی نوێی پێداویستییە ژیانییەکانی سەردەمی نوێی مرۆڤی کورد — دا لێدەبێتەوە و لێدەکەوێتەوە.

بنەما، کرۆکی دروستبوونی لەپێشەوەو یەکەم جاری ئەوانە هەموویان دانە یەکەمییەکانی بڕگەیە کە پێکهاتنیان دەردەخات و دەرەخسێنێت. ئەگەر کردەیەکی گێڕانەوەش بۆ سەرەتای پێکهاتەییان ئەنجامبدەین، بەشیکردنەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوون و هاتنەکایەیان.

بەوانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زمانەکەمان چەند نەرم و ناسکە. چەند بەسانایی و ئاسانی لێکەوتەکانی بۆ پێداویستەکانی پێدەرەخسێت و دروستدەبێت. ئەوەش رەگەزێکی سەلمێنەرە بۆ لێکەوتەی ئاسان، ئاشکراو بەدەستەوە هاتوو لەم تیۆرییەداو نەهێنی زیندوویی، ژیاوەیی و ساماندارییی زمانی کوردی (خۆی بەخۆی و خۆی لەسروشتی خۆیدا) دەردەخات. جاری وەها هەیە بنەماسەرەکییە، یەکەمییەکە لەیەك بڕگە پێکدێت و لێکەوتەکانی لەژمارەیەك بڕگەی پتر پێکدێن. وەهاش رێکدەکەوێت کە پەیڤە بنەرەتییە زمانییەکە لە چەند بڕگەیەك پێکدێت، کاتی گوێزانەوە بۆ لێکەوتەکانی دەبینین بڕگەکانی لەو ژمارە بڕگەیە کەمتر دەبنەوە هیتریشیان ژمارەی بڕگەکانی زۆرتردەبن، وەك:

زانین: دووبڕگەیە (زا + نین)

زان: یەك بڕگەیە (زان) — لێکەوتەیەکی (زانین) ە.

بەڵام: نازانیار: سێ بڕگەیە (نا + زان + یار) ئەمیش لێکەوتەیەکە.

کەچی: نازانیاری: لەچوار بڕگە پێکدێت: (نا + زان + یا +ری) لە هەڵوێستی تردا رێکدەکەوێت کە ژمارەی بڕگەکان پتریشبن و جۆری تریش.

ئەگەر تەنها لەو (۳۷) لێکەوتەیەی (زانین) وردببینەوە ئەو پرسیارەی چۆمسکی روون و بەرجەستە دەبێت کە گوتوویە "ئایا ئامرازە رێزمانی و زمانییەکانی هەر زمانێك کە بەدەستەوەن، لەبەکارهێنانی دروستدا چۆن لەو زمانەدا بەکاردێن؟!"[١]

ئەوانە مێژووی واتا گەیاندن و ئاماژە پێکەری پێکهاتەیی و پەرەسەندنی کرۆکی رستەش دەردەخەن کە بەهۆی رەگەزە بنچینەییەکانی ناوەرۆکەکەی لێکدەدرێتەوە و دەردەخەن.

بۆ ئەو پێکهاتانە، لە پێشدا سەیری رووکەش وسەرزارەکی پەیڤەکان دەکرێت، کە لێیان ورد دەبینەوە، لە واتاو مەبەستەکانیان دەگەیەین و ویستەکانیان پێدەردەخرێت و پێجێبەجێ دەکرێت، جائەوانە:

١. گوتن و پێکهاتە فۆنیمییەکان، بەواتا جیاوازەکانیان لەیەك جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە وەك:

لەپەیڤی زان: (لێزان، پێزان، نەزان وزانا ) وەردەگردین، بە کەمێك لێوردبوونەوەی ئەو لێکەوتە نوێیانە بۆمان دەردەکەوێت بەجیایی و گۆڕینی فۆنێمەکانیان واتاو مەبەستیان جیاکراوەن و ئاماژەو هێمای گەیاندنەکانیان چونیەك نین.

بەهۆی پێشگرەکانی (لێ، پێ، نە) و پاشگری (ا) وە ئەرکی واتای و دواییش پێویستەی رێزمانییان تایبەتەی لەیەکنەچووی خۆیانیان وەرگرتووە و نواندووە.

٢. پێشگرە مۆرفیمییەکانی وەك (لێ، پێ، نە) کەیەکەم (بڕگە)ن لەو داڕشتنانەدا، نەك هەر بچوکترین یەکەی واتادارن، بەڵکو هەریەکەیان رەگەزی واتاداری خۆی بەخۆیەوە هەڵگرتووە، بێجگە لەوە هەر یەکێکیان تایبەتی واتا گۆڕی لەویتریان بەجیا بۆ خۆیان بەجیاکاری و جیاکەر دەگەیەنن و بەرجەستە پێدەکەن.

٣. ئەو لێکەوتە جۆر بەجۆرانە کاتێك بەگەیاندنی واتادار لەیەك جیا دەبنەوە، لەشیکردنەوەی ئامرازە تایبەتەکانیاندا و بە لێتوێژینەوەی پارزین و گەردانیان، ئەرکی رێزمانییان پێ دیاریدەبێت و پێناسدەبێت.

٤. هەر بەوانەش چمکە شاردراوەکانی کرۆکی زمان جیادەبنەوە، بۆ نموونە:

لێزان: کەسێکە شارەزایە و لەشتێك دەزانێت. ئاوەڵناوە و رەوشێك دەردەخات.

---

[١] ل(١٢٣) ی هەمان سەرچاوە..

بەڵام (پێزان): کەسێکە بەشتی دەرەکی و دەرەوەی خۆی بەچاکەی یان خراپەی کەسانی تر بەرامبەر دەزانێ و وەفادارە. بەلایەکی تریان زیرەکە و هەستەوەری هۆشیارە تێدەگات و پێدەزانێت چی لە ئارادایە.

نەزان: پێچەوانەیەو بەرپەرچێکی نەرێیە بۆ نەبوون و نەکردنی ئەو رەوشە بابەتییانەی پێشوو، بەهەردوو جۆرەکەیەوە کاتێك دەڵێین (پێنەزان). بەواتای بێئەمەك یان هەستپێنەکردوو.

تێزان: بەڵام ئەم پێکهاتەیە هەرچەندە کۆتایی بە(زان) هاتووە لە چاوگەوە جیایە.

١. چاووگی ئەوانەی پێشەوە: (زانین)

٢. بەڵام چاوگی ئەمەی دوایی (تێزان) خۆی (زان)ە واتایان جیاوازە. (زان) ی دوایی واتای لێکەوتنەوەی وەك منداڵبوون یا (خوێنتێزان)ی شوێنێك لەجەستە دەگرێتەوە.

٣. (زان) ی زانا، زانیار

کەسێکی خاوەن زانستیی و زانیاری دەگەیەنێت. لەسەرێکی تریشەوە هێمایە بۆ ناوی (نێرین)ە.

ئەمانە نائاشکرایی پێکهاتە جۆربەجۆرەکان رووندەکەنەوە، کاریگەریی واتایی و رێزمانییان دەردەخەن. بەکاری لێکەوتەیی بۆ ئەرکو پڕکردنەوەی کەلێنەکان فەرپیتی (زان) پڕو تەواوو فراواندەکەن.

٤. (زان) وەك برگەیەك لەهیچیاندا نەگۆڕراوەو بەشێوە ناگۆڕرێت، بەڵام گەیاندنی واتاو لێکەوتەیی لەهەریەکەیاندا، بەتەواوی جیاواز دەبنەوە. کەواتە لایەن و پێکهاتەی فۆنێمی یەکەیەکی نەرمەو بۆ رەوشی واتایی و رێزمانی نابێتە رێگر و بەربەست، بۆ نموونە:

پێش کەوتن: بەواتای لەپێش کەوتندا، بەر لەکەوتن.

پێشکەوتن: بۆمەبەستی بەرەو پێشچوون.

بواری فۆنێمی هەردووکیان بە (جۆر، ژمارەی برگە و ژمارەی پیت)وەك یەکن.

١. برگە: پێش + کەو + تن - péskewtin —

٢. پیت: وەك دەنگ لە نۆ دەنگ پێکهاتوون بەدەنگی بزرۆکەوە لە نێوان (ت + بزرۆك + ن) ژمارەیان.

٣. جۆری هێما: هێمای دەنگەکانی هەردوو دارشتەکە هەر خۆیانن، هیچ گۆڕینێکیان بەسەر نەهاتووە.

بەڵام واتایان جیایە، بۆ جیاکردنەوەیان بە رێنووسی جیا دەیاننووسین.

٤. (پێشکەوتن) چاووگەو (ن) ی چاووگی لێلابرا، کردارێکی رابردووی بۆ سێیەم کەسی لێدەمێنێتەوە (پێشکەوت).

بەڵام (پێش کەوتن) دەستەواژەیەکە.

پێش: ئاوەڵکرداری شوێنە.

کەوتن: چاووگێکی تێنەپەڕە. بەڵام (کەوتن) لێرەدا بە جیا (ئەوان کەوتن) دەگەیەنێت. هەردووکیان پێکەوە دەستەواژەیەکی واتا ناتەواو پێکدەهێنن. کرداریان لەگەڵدانییە، بکەریش بێکاریگەرە. بە واتای (لە پێش کەوتندا).

زانایەکی وەك چۆمسکی و گشت زانا زمانییە تایبەتەکان لەجیهاندا، ئایدیا، بیردۆز، لۆژیکی تایبەتی و هەڵبژێردراوی خۆی دەکاتە پێخۆری توێژینەوە. زانستەکان بەهەوڵە جیاوازە قووڵ و بەرفراوانەکان دەسەلمێن و تیۆرییەکان دێنە کایە، چونکە بە قووڵکردنەوە و شیکردنەوەی گوتراوەکان دەریدەخەن، گرنگ ئەوەیە گشتیان لەسەدا سەد قاڵبی دارێژراوی جێگیرو نەگۆڕنین. بەلایەنی تاکە زانا یەکیشەوە بۆ خۆی لەوانەیە لەسەر بنەمایەك بەبیرو باوەڕێکی تایبەت و پێوەرێکی پێوەنووساوی خۆی دابڕێژێت، بەڵام ئەنجامی تاقیکردنەوە، بیرکردنەوە و لێکدانەوەی نوێ، بەپێوەرێکی تر یان بۆ مەبەستێکی ژیانی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیشەسازی و هیتری نوێکاری — جەمسەری تری بخاتەسەر لێیلابەرێت و گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانی خۆی یان زانیارێکی تردا بکات. نموونە زمانییەکان، دارشتە و دەربڕینەکانیش لای هیچ نەتەوەو زمانێك، بەتایبەتی زیندوو پەرەسەندووەکان، دەقاودەق وەك قاڵب نەگۆڕ نامێننەوە. زمانی پیرۆزی کوردیشمان لەم سەردەمی گەشەکردنەیدا هەر بەو جۆرە لەکاردایە و هەتا باری پەرەسەندنی کارگێڕی، بازرگانی و ئابووری، رامیاری، فەرمی و فیدراڵی وەك دەسەڵاتی نەتەوەیی، زانستی، تەکنۆلۆجی، میدیا و رووناکبیریی بۆ بەرجەستە ببێت و وەرچەرخانی جۆریی زۆرتر ببینێت، ریزبەندەی دارشتەی جیاتری زمانی دێتە کایەی پەرەسەندن و گەشەکردنی فرە لایەنەوە.

چۆمسکی ئەنجامی تیۆرییەکانی بە سێ ئەنجامەوە خۆی دەبەستێتەوە ودەڵێت: [1]

"بەم جۆرە ئێستا سێ کۆمەڵە یاسامان هەیە: یاسای پێکهاتەی دەستەواژە. یاسای گۆڕین — کەساکار و گشتی دەگرێتەوە — و یاسای مۆرفۆفۆنیمی — واتە (گەردانی — دەنگی) ". دارِشتەی راستی رێزمانی دەبێت لەم سێ ریزبەندە دا رێکبخرێت. دەبێت رێزمانی تاقیکار و پێویستەی رێزمانی جیابگرێتەوە. بەو جێبەجێکردنە — لێکەوتەیی و لێدەرهێنانی فراوان — بەرهەمدێت. دەبێت شێوازی پەرە پێدان بگرینەبەر.

ئەنجام لە لاپەڕە (١٥٣) دا دەڵێت:

"ڕەگەزی زمانی بۆ پێکهاتووەکانی دابەشبکەین"

چۆمسکی ئەوە بە پارزین —parsing- دادەنێت. ئێستە با ئێمەش بگەرێینەوە بۆ نموونەکانی پێشەوەی دارِشتە (پێکهاتووە) واتاکانی زمانەکەمان لەتەنها چاووگی (زانین) و پەیڤی (زان) کەچەند بە نەرمی، راستی و دروست و چۆن و چەند پێکهاتووی رەختە، واتادار، بە ئاوازو پڕ مەبەستی (لێپێکهاتووە و لێکەوتووەتەوە)، هەر بەو ریزبەندییە ئاسایی و ساکارە باسەیری ئەم نموونە پەیڤ و دارِشتانە بکەین کەپێکهاتووی فراوانترو واتادار ترن لەو (٣٧) لێکەوتەیەی پێشوو:

زانا زانایە. زانا زانیارە. زانیار زانایە. زانیار زانیارە. زانا زاناییزانە. زانا بزانە !

زانا دەزانێت. زانا زانایی دەزانێت. زان زانیارییەکە دەزانێت. زانا زانی. زانا دەزانێت. زانا دەیزانی. زانا دەیزانێت. زانا زانیبووی. زانا لێزانە. زانا پێزانە. زانا زۆرزانە.

زانا نازۆرزانە. (ناوی کەسێکی نەزانە.)، (زانا نازانە)... هتد

دەبێت سەرنجی وردی ئەو رەختەیی، واتا سازی، فراوانی و گەیاندنە جیاوازانەی مەبەستی تایبەتی و گشتیی ئەو هەموو دارِشتە زمانییانە بدەین کەلە زانین و زان دەرناچن و جیا نابنەوە و بیبرێك لەو (لێکەوتانە) بکەینەوە بۆ ئەوەی پتر رەچەڵەکی پتەوی و سامانداری زمانی کوردیمان زۆر بە سروشتی بۆ بسەلمێتەوە.

بێجگە لەوانەش هەر بەدوای ئەو برِە رستە ساکارانەی خۆیان کە پێکهاتووی لێکەوتنەوەن لەیەك چاووك و پەیڤە لێکەوتەکانی پێشەوەدا، ئێستە گەر بمانەوێت هەر لەسەر بنەمای ئەو دەربرِینانە دەیان رستەی ساکار و سادە، لێکدراو و ئاڵۆزیان، لێبخەینەوە کە (یەکەم،

---

[1] ل (١٥٠)ی هەمان سەرچاوە.

دووەم، سێیەم کەسی تاك و دوایی کۆ بگرنەوە. دەمەو تافی کرداری رابوردوو، رانەبردوو، داخوازی، بە ئەرێ و نەرێ، نەهی و پێویستی و راگەیەنەریی، دیار و نادیار، تاك و کۆ و گشت سەرە داوی (زمانی، رێزمانی و واتاداری) پابەند بە گشت جۆرەکانی تری پێکهاتوو لێکەوتە مەبەست جیاکان دروستبکەین یان بۆ دروستبوونیان بەپێی پێداویستە فرەلاو جەمسەرەکان، بەربەرەڵڵاو رەها بکرێت بزانە ئەوسا خەرمانێکی چەند بە پیتی تر لەرستەی دروستە و پێویستەی جوانمان بۆ دێتە کایە و وەك ئەنجامێك، سروشتی جوان و رازاوە، رەختە و پتەو، نەرمیی و زیندوویی زمانەکەمانی پێدەسەلمێتەوە , ئەمانەش سەرەتایەکن بۆ شرۆڤەو لێتوێژینەوەی تایبەت بە زمانەکەمان.

دیارە ئەمانە نەك لەسەر بنەمای تیۆری و ئایدیای تەنها زانایەك، بەڵکو گشت زانا زمانییەکانی جیهانی کۆن و نوێ کە بشێت بە رێگەی بەراوورد، هاوسەنگی و هاوتاییپێکردن کار بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش ئامانج و ئەنجامی نوێمان بۆ برەخسێت.

# ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو و هەورامی

**ئازاد ئەحمەد حسێن**

**ئازاد ئەحمەد حسەین:**

**ساڵی ١٩٦٤ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠١ بڕوانامەی ماستەری لە بواری زمانی کوردی ( ڕستە سازی ) دا بە ناونیشانی ( ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاری ) دا بە پلەی ( زۆرباش ) وەرگرتووە و لەلایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر، د. فاروق عومەر سدیق سەرپەرشتیی نامەکەی کراوە.**

**ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ بڕوانامەی دکتۆرای بە پلەی ( زۆرباش ) لە ( سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامی ) دا وەرگرتووە .**

# پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی
# ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدڤێربلدا کراون

زمانەوانە کوردەکان لە بابەتی ئەدڤێربڵیان کۆڵیوەتەوە، بەلاّم تێکڕای کارەکانیان، جگە لە نامەیەکی ماجستێر[1]، راستەوخۆو لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا، نەکراوە بە کەرەستەی کارێکی زانستی تایبەت.

بەگشتی ئەو کارانەی لەم مەیدانەدا کراون، ساکاریو دوووبارەکردنەوەیان پێوە دیارەو لێکدانەوەو بۆچوونەکان، لە ژماردنی کۆمەڵێ ئەدڤێربڵ تێناپەڕیت، هەندێ جۆریش، وەکو لەم نامەیەدا دەکەونە بەرچاو، زمانەوانان تا ئەمڕۆ، پەییان پێ نەبردوون و بەلایدا نەچوون.

دیارە تێڕوانینیان بەو شێوەیە، بەستراوە بە چەشنی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەو سەردەمانەوە، بۆیە لە نرخ و بەهایان کەم ناکەینەوە و بەچاوی کارە باوەکانی ئەو قۆناغانە تەماشایان دەکەین.

زمانەوانە کوردەکان، زاراوەی هەمە چەشنەیان بۆ ئەدڤێربڵ بەکارهێناوە[2] .

بەرلەوەی دەست بکەین بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانیان، خاڵێکی هاوبەش لە راو بۆچوونەکانیاندا بەدی دەکەین, بۆ ئەوەی لە دووبارەبوونەوەی دوور بکەوینەوە، بە پێویستی دەزانین لێرەدا بیخەینە روو، ئەویش ئەوەیە، لە پێناسەکانیاندا رایان وایە، ئەدڤێربڵ: "وشەیەکە وەسفی کارێك، یا ئاوەڵناوێك، یا ئەدڤێربڵێکی تر دەکات".

---

[1] برونە: شلێر رەسووڵ بەرزنجی، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، ١٩٨٩.

[2] بۆنموونە: سەعید سدقی کابان- اسم زمان و اسم مکان.
تۆفیق وەهبی-زەرف.
نوری عەلی ئەمین- جێ، ئەوەڵکار.
د. ئورەحمانی حاجی مارف و محەمەد ئەمنین هەورامی- ئاوەڵکردار.
د. کوردستان موکریانی و شلێر رەسووڵ بەرزنجی- ئاوەڵگوزارە.

لە راستیدا، ئەدڤێربڵ تەنیا وەسفی کار دەکات و ئـەو هۆکـارەی وای کـردووە، کـە تێڕوانینی بەم جۆرە، لـەناو زمانەوانیـدا دروسـت ببێـت، ئەوەیـە کاتـێ ئاوەڵنـاو، فرێـزی ئەدڤێربڵی ساز دەکات، تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێت، یەکێك لەوانە، وەرگرتنـی دەرخـەرە لە پێشەوە، لەم بارەدا وای بۆ چوون، کە دەرخەرەکە ئەدڤێربڵێکە و وەسفی ئاوەڵناوەکـەی کردووە، بێ ئەوەی پەی بەوە بەرن، کـە لێـرەدا، یـەك فرێـز ئـەدڤێربڵی هەیـە و دوو وشـە دایانڕشتووە، واتە پێکهاتووە لە:

دەرخەر+ ئاوەڵناو، بۆ نموونە:

لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە- ئاوەڵفرمان.

- منالّەکە جوان قسە دەکات. "فرێزێکی ئەدڤێربڵی یەك وشەییە".
- منالّەکە زۆر جوان قسە دەکات. "فرێزێکی ئەدڤێربڵی دوو وشەییە".

"جوان" لە مۆرفۆلۆژیدا، وشەیەو ئاوەڵناوە، بەلاّم لەو رستانەدا فرێزن و ئاوەڵناونین.

ئێمە بـە پێـی مێـژوو بەسـەر ئـەو کارانـەدا چـووینەتەوە، کـە زمانەوانـە کوردەکـان، لەبارەی بابەتی ئەدڤێربڵ لە دیالێکتی خواروو و هەورامیـدا، لـە کتێبـە رێزمانییـەکان و نامە زانکۆییەکاندا کردوویانە، لەگەڵ ئەوانەیش، کە زمانەوانـە بێگانـەکان، بـە تایبـەتی رووسەکان و ئینگلیزەکان، دەربارەی هەمان بابەت لە کوردیدا، نووسیویانە.

سەعید سدقی کابان[1] لە بەشی ناو و ژماردنی چەشنەکانیدا، دەڵێت:

((اسم- دو قسمە: ١- اسم زمان. ٢- اسم مکان.

اسم زمان- اسمێکە معنای زمانی تێ دابێ. یعنی دلالت لە زمان بکا، وەکو: شـەو، رۆژ، دوێنێ، پێرێ، ساعات، دقیقە، مانگ، ساڵ، پار، پێرار،...الخ.

اسم مکان- اسمێکە دلالت لە مکان بکا، وەکو: سەر، ژێر، پـێش، پـشت، تەنیـشت، دوور، نزیك، ایرە، لا، ناو...الخ))[2].

وەك دەبینن، سەرەباسـێکی تایبـەتی بـۆ ئـەدڤێربڵ دانـاوە و بـە دوو جـۆری نـاو، لـە قەڵەمی دەدات و لە روانگەی مۆرفۆلۆجییەوە تەماشای بابەتەکە دەکات.

تۆفیق وەهبیش[1] ئەدڤێربڵی بەم شێوەیە، خستۆتە روو:

---

[1] سەعید سدقی کابان، ١٩٢٨، ل ٢٤.

[2] بە پێویستمان زانی ، دەقی ئەو زمانەوانانە، بە رێنووسی خۆیان بنووسینەوە.

((زەرف کەلیمەییێەکە کە بۆ تەواوکردنی مەعنای فیعلێ یان سیفەتێ یـان زەرفێکـیتر بە کەڵك ئەهێنرێ. سفەتێ چۆن مەعنای ناوێ تەواو ئەکا، ئەمیش هی سفەت و فیعـل و زەرف وا تەواو ئەکا))، وەکو:

١- ئەو زۆر ئەنوێ. فیعلی (ئەنوێ) تەواو ئەکا.

٢- بەفرێکی زۆر ئەستوور باری. سیفەتی (ئەستوور) تەواو ئەکا.

٣- ئەو زۆر خێرا رۆیی. زەرفی ( خێرا) تەواو ئەکا.

ئەو ئەدڤێربڵی بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ داناوە و لە رووی مۆرفۆلۆجییەوە باسی کردووە. دەربـارەی ئـەو نموونانـەیش کـە هێناویێتـەوە، دەتـوانین بڵـێین: "زۆر" لـە رسـتەی یەکەمـدا ئەدڤێربڵـە و لـە دووەمـدا، بەشـێکە لـە فرێزێکـی ئاوەڵنـاوی، کـە دەرخـەری "بەفر"ە، لە سێیەمیشدا، بەشێکە لە فرێزێکی ئەدڤێربڵی.

نوری عەلی ئەمین[2] لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا، بـەم جـۆرەی خـوارەوە، تەماشـای ئەدڤێربڵی کردووە:

((جیێ: ئەو وشەیە کە رەنگ و رووی بەشێ لە بەشەکانی ئاخاوتن دەرئەخا، جگـە لـە (ناو) و (راناو)، وەك: (بەیانی ئەچم بۆ سەرسەنگ)، جێی (بەیانی) ئەو کاتە دەرئەخا، کە ئەو چـوونەی تیـا کـراوە بـۆ (سەرسـەنگ)، لەبـەر ئـەوە پێـی دەوترێـت تیـاکراو (مفعـول فیـە).)).

پێنج چەشن ئەدڤێربڵ، لە رووی واتاوە دیاریدەکات:

١. تافی: (بەیانی، دوێنێ شەو، دووسبەی...) وەك:

من هەرگیز پیاوی بەد نادوێنم.

٢. شوێنی: (ژێر، تەنیشت، پشتاوپشت، دەماودەم...)، وەك:

بارام لە ژێر دارەکەدا نووستووە.

"ژێر" و "تەنیشت"، بە تەنیا لـە توانایانـدا نییـە شـوێنی روودانـی کـار، دەربخـەن، فرێزی "لەژێر دارەکەدا" لەو نموونەیەی سەرەوەدا، بە ئەدڤێربڵی شوێن دادەنرێت.

---

[1] تۆفیق وەهبی، ١٩٢٩، ل ١٧-١٨.

[2] نوری عەلی ئەمین، ١٩٥٦. ل ٨٢.[2]

"پشتاوپشت، دەماودەم"یش، چۆنیەتی روودان نیشان دەدەن، نەك شوێن.

٣. ژمارەیی: (جارێ، تاوێ، جارجار، دەمدەم...)، وەك:

قارەمانم دووجار لە بازاڕ دی.

٤. چەندی: (زۆر، فرە، تۆزێ، نەختێ، کەم کەم، نەختەنەختە...) وەك:

ئەمڕۆ باران فرە باری.

بە بۆچوونی ئێمە، "ژمارەیی" و "چەندی" یەك جۆرن، چونکە روودانی کار دەپێون.

لە راستیدا "جارجار، دەدەم"، تەرتیبی روودان دیاری دەکەن.

٥. وەصفی: (بە گورجی، بە جوانی...)، وەك: بە گورجی هات.

پاشان لە پەراوێزێکدا[١]، دەڵێت: ((هەندێ ظرف هەیە، کە لەگەڵ فعلا تێکەڵییان هەیە و لێیان جوێ نابنەوە، وە بەپێی مەعنای خۆیان، فرمانەکەش ئەگۆڕن. وەك: فرمانی (کەوت) لە تەك ئەم ظرفانەدا:

| ظرف | فعل |
|---|---|
| هەڵ، دەر، سەر، پێش، ژێر... | کەوت )). |

ئەم تێڕوانینە، لە روانگەی سینتاکسەوەیە.

لە بەرگی دووەمدا[٢]، دەربارەی ئەدڤێربڵ دەڵێت: "وشەیە، یا دەستەواژەیە (phrase) یا پارچەیە (clause)"، وەك:

١. بەرخەکە باش ئەلەوەڕێ. (وشە).

٢. چۆلەکەکە لەسەر دارەکە فڕی. (دەستەواژە)

٣. کە مالۆسەکەم کوشت، یەکانەکە لەناو زەلکاوەکەدا بوو. (پارچە).

"باش" لە نموونەی یەکەمدا، فرێزەو تاکە وشەیەك دایڕشتووە. لە دوایدا، شەش جۆر ئەدڤێربڵی لە رووی واتاوە، نیشانداوە، لەوانە:

١- تافی. ٢- شوێنی. ٣- ژمارەیی. ٤- چەندی.

٥- رەوشتی، کە مەبەستی لە "چۆنیەتی"یە. ٦- مەنفی.

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

[٢] نوری عەلی ئەمین، ١٩٥٨، ل ١١١.

ئەدڤێربڵی رەوشتی، بەم جۆرە خستۆتە روو: ((ئەو جێیانەیە کە لەگەڵ وەڵامی (چۆن)دا ئەسازێن، وەك: چێشتەکەت چۆن خوارد؟ بە گەرمی.

وە ئەلویێ:

١. بۆ مەرامی وەصفیەت بەکاربهێنرێ، وەك: (بەسواری لە رووبارەکە پەڕینەوە)

٢. بۆ مەرامی حاڵەت، وەك: (ئەمامەکەم بە بنەکەیەوە هەڵکێشا )).

لە باسی (پارچە تابیع)دا، لە پارچەی ئەدڤێربڵی، بەم شێوەیە دواوە[1]:

((ئەو رستەیە کە ئەرکی زەرفی لە شاپارچەدا پێ ئەبینرێ، وەك: کە تەرزەکە باری، لافاوێکی باش هەستا.

(لافاوێکی باش هەستا) شا پارچەیە، بەڵام (تەرزەکە باری) پارچەیەکی تابیعە، لەبەرئەوەی وەسفی فرمانی (هەستا) ئەکات، پێی دەوترێت پارچەی زەرفی)).

رستەی "کە تەەرزەکە باری." ئەدڤێربڵێکی رستەییەو کاتی روودانی "لافاو"ەکە دەردەخات، بەڵام ئەو لێرەدا، ئامرازی "کە"ی لە رۆنانی ئەدڤێربڵەکەدا لابردووە.

لە بەرگی سێیەمیشدا[2]، تەماشای رۆنانی ئەدڤێربڵی بەم جۆرەی خوارەوە کردووە:

١. سادە: تەنیا ریشەیەکی هەیە، وەك: بەیانی، لا، فرە، مە، هەمیشە.

٢. لێکدراو: دوو ریشە، یان پتری هەیە، لە رستەدا موعامەلەی ئاوەڵکارێکی سادەی لەگەڵدا دەکرێت، وەك: پاشەوپاش، کەم کەم، پشتاوپشت.

٣. دەستەواژەیی: ئەو کۆمەڵە واژە لەیەکتر دانەبڕاوەیە، کە وشەکانی لێی پێکهاتووە و لە رستەدا موعامەلەی جیا جیایان لەگەڵدا ئەکرێ، وەك: سبەی بەیانی، زۆر زوو, هەفتەی رابردوو. لە راستیدا، ئەدڤێربڵ فرێزە و وشەیەك، یان زیاتر پێکی دەهێنێت، نوری عەلی ئەمین، تەنیا نموونەکانی جۆری سێیەم بە فرێز دادەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، یەکەم و دووەمیش، هەر فرێزن.

لە دواییدا، شەش جۆر ئەدڤێربڵی، لە رووی واتاوە نیشانداوە:

١. تافی: بەیانی ئەو کاتە ئەکا، کە فرمانێکی تیا روو ئەدا، وەك: بەهار، پێرێ....

٢. شوێنی: شوێنی روودانی فرمانی هەڵ ئەدا، وەك: دوور: نزیك، سەرەوخوار...

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

[2] نوری عەلی ئەمین، ١٩٦٠، ل ١٨٦.

٣. چەندی: وەسفی فرمان ئەکاو هەم میقدارەکەشی دەرئەخا، وەك: گەلێ، زۆر....
٤. نەفی: بۆ نەفی کردن بەکاردەهێنرێن، وەك: نا، نە، مە، نی.

ئەمانە ئەدڤێربڵ نین، بەڵکو ئامرازن و"کار" یان پێ نەرێ دەکرێت، ئەدڤێربڵی نەرێکردن وەك: "هەرگیز، بەهیچ جۆرێ..."[1]

٥. وەڵامی: دان بە روودانی ئەو فرمانەدا ئەنێ، یا نانێ کە وەسفی ئەکا، وەك: بەڵێ، ئا، نەخێر، باشە، خراپە... لە راستیدا، ئەمانە دەربڕاون، واتە لە رستە بچووکترن، بەڵام واتایان لە رستەدا زۆرترە.
٦. ئاوەڵناوی: وەك: بەگەرمی، لە ترسانا، لە خۆشیدا، وەها، بەشەرمەوە...

فرێزەکانی "ترسانا" و "لە خۆشیدا"، ئەدڤێربڵی هۆیی (سبب)ن، نەك ئاوەڵناوی.

لە بابەتێك، بە ناونیشانی "سەرباری ئاوەڵکار چییە؟"[2]، دواوەو وتوویەتی: "سەرباری ئاوەڵکار هەر ئاوەڵکار دەبێ، بەڵام ئەلوێ:

- بەهۆی (ی)ی ئامرازی پەیوەندییەوە تەواوی بکات، وەك: رۆژی هەینی، شەوی بەهار.
- بەبێ هۆ تەواوی بکات، وەك: مانگ (زۆر درەنگ) هەڵهات."

بابەتێکی تری، بە ناوی "ئاوەڵکار چۆن بەکارئەهێنرێ؟[3]" بەم جۆرە خستۆتە روو:

١. وەك ئاوەڵکار بەکارئەهێنرێ: جار جار سەرتان لێ ئەدەم. (جار جار).
٢. وەك ناو بەکارئەهێنرێ: بارام هاتە سەرپشتم. (پشت).)

"پشت" لێرەدا ئەدڤێربڵ نییە و وەك: "ناو" بەکارهاتبێت، بەڵکو فرێزی بەندی "لەسەر پشتم"، ئەدڤێربڵی شوێنەو پەیوەندی بەو باسەوە نییە، کە رستەکەی بە نموونە بۆ هێناوەتەوە.

لە شوێنێکی تردا، ئەدڤێربڵی رستەیی، بەم شێوەیە پێناسە دەکات[4]: "پارچەی ئاوەڵکار لە رستەی تێکەڵدا ئەو پارچە شوێنکەوتووەیە، کە ئەرکی ئاوەڵکارێکی پێ ئەسپێرێ لە شا پارچەدا".

---

[1] بۆ زیاتر روونکردنەوە، بڕوانە: لاپەڕە (٥١)ی نامەکە.
[2] نوری عەلی ئەمین، ١٩٦٠، ل ١٩٢.
[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢.
[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

له دواییدا، نموونه بۆ نۆ جۆر دەهێنێتەوه، لەوانه:

١- كات: كه تۆم دی، چوومه ژووریَ.

٢- شوێن: مارەكەم لەسەر سەوزە گیاكه كوشت، كه لێی دانیشتبووین.

٣- سەبەب: ئەم نەمامە هەڵئەكێشم، چونكه وشك بووه.

٤- نیاز: دارا چوو بۆ بازاڕ، كه هەندێ سێو بكڕێ.

٥- ئەنجام: بارام بە شێنەیی ئەدوێ، بۆیه هەموو كەس تێی ئەگا

٦- تەناقوز: شاسوار هەرچەنده رابكا، ناگاته باییز.

٧- حاڵەت: ئەو ئەسپەی كه بەزینەكەوه فرۆشتم، هی خۆم بوو.

٨- بەراوورد: دارا كه له خوشكەكەی بچووكتره، له بەراووردا بە یەكەم دەرچوو.

٩- مەرج: ئەگەر چێش تەكەم لێنا، سەرێكتان لێ ئەدەم.

گیوی موكریانی[1] پێناسەی ئەدڤێربڵ، بەم جۆره دەكات:

((ئاوەڵكردار- Nir: وشەیەكه كات، یان شوێنی روودانی كاری تێدا دیاری دەكات)).

دوو جۆر ئەدڤێربڵی، له رووی واتاوه دیاریكردووه:

١. كاتی، وەك: ئێستا، دوێنێ، بەهار، زستان، شەو، رۆژ، ساڵ، مانگ، هەفته.

٢. شوێن، وەك:

ان: كەندەڵان، بەردەڵان.

باز: دەرباز، رێباز.

جاڕ: نێرگسه جاڕ، گیا جاڕ.

چه: باخچه.

دان: خوێدان.

ستان: كوردستان...هتد.

له راستیدا، پاشگری "- ان" "- ەڵان" ـەو"باز و"جاڕ"یش، دوو ناوی سەربەخۆن و تێكەڵ بەو پاشگرانه كراون. ئەو نموونانه پەیوەندییان بە مەبەستەكەوه نییه.

**محەمەد ئەمین هەورامی**[2] پێناسەی ئەدڤێربڵ، بەم جۆرەی خوارەوه دەكات:

---

[1] گیوی موكریانی، ١٩٧٢، ل ١٤٥.

[2] محەمەد ئەمین هەورامی، ١٩٧٣، ل ١٦٥.

((ئەو وشانەن کە تاریفی فرمان، یاخود ئاوەڵناو دەکەن، وەك:

أ. ئەو باش دەڕوا بەڕێوە. (تاریفی فرمان دەکات).

ب. ئەو فرە وریایە. (تاریفی ئاوەڵفرمان دەکات).

ئەدڤێربڵ ئەو فرێزانەن (نەك وشە)، تەنیا زانیاری سەبارەت بە رووداني کار، دەردەخەن. لە نموونەی "ب"دا، "وریا" بەشێکە لە کاری رستەکە، ئەدڤێربڵی "فرە"یش، بۆ کارەکە دەگەڕێتەوە، نەك بۆ "وریا" و لە رووی پێوانەوە، دەیخاتە روو.

بە شێوەیەکی گشتی، تێڕوانینی بۆ ئەدڤێربڵ، لە روانگەی مۆرفۆلۆجییەوەیە.

لە رووی قەوارەیشەوە[1]، ئەدڤێربڵی دابەشکردووە بەسەر:

١. ساکار: بریتییە لە یەك وشە، وەك: ئەو بەرز دەڕوانێ.

٢. لێکدراو: بریتییە لە پتر لە وشەیەکە، وەك: دیوارەکە چین چین نراوە.

رای وایە، کە زمانی کوردی لەم جۆرە بابەتە، وشەی زۆرە، وەك:

جریوە جریو: چۆلەکەکە جریوە جریو دەکات.

قیژەقیژ: منالّەکە قیژەقیژ دەکات...هتد.

ئەو وشە لێکدراوانە، ئەدڤێربڵ نین، بەڵکو لەگەڵ "کرد"، کارێکی لێکدراویان سازکردووە و بوونەتە کەرتی یەکەمی.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد[2]، جۆرەکانی ئەدڤێربڵیان لە رووی واتاوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە:

١. چۆنیەتی: کۆمەڵێك وشەو فرێزن، چۆنیەتی کار رادەگەیەنن، وەك (بارام ژیرانە هاتە ژوورەوە).

٢. کات: وشەی سادەو لێکدراو و فرێزن، کاتی رووداني کار رادەگەیەنن، وەك: (دوێنێ هاتم).

٣. شوێن: جێگەی رووداني کار دیاردەخات، وەك: (چۆلەکەکەم لەسەر دارەکە دی).

٤. وەصفی: ئەو وشانەن، کە لە بنەڕەتدا ئاوەڵناون و هەندێکیان (چەند) و هەندێکیان (چۆن) رادەگەیەنن، باری کارەکە و چۆنیەتی نیشاندەدەن، وەك: (بارام خێرا رۆیشت).

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

[2] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل ٢٨٤.

٥. تەرتیبی: بەدوایەکتردا هاتن (تتابع)ی کار نیشاندەدەن، وەك: (منالـەکان دوو دوو هاتن).

٦. دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی کار رادەگەیەنن، وەك (کەوەکە دیسان بـەداوەوە بوو).

٧. تەئکیدی: بۆ تەئکیدی کار بەکاردەهێنرێن، وەك: (تێر تێر لە ئاوەکەم خواردەوە).

٨. نەفی: بۆ نەفی کار بەکاردەهێنرێن، وەك: (هەرگیز دەست لە ولاتم هەڵناگرم).

٩. پرسیاری: بۆ پرسیار کردن لە بارەی کارەوە بەکاردەهێنرێن، وە: (کەی هاتیت؟)

وەك پێشتر روونمانکردەوە، ئەدڤێربڵ فرێزە، نەك وشە، لیژنە لە نموونەکانیاندا، هەنـدێ جار بە وشەیان دادەنێت.

لــە دواییــدا، بۆچــوونێك خراوەتــە روو[1]، کــە دەڵێــت: "جۆرەکــانی ئاوەڵکــار تاقیکردنەوەیەکیان هەیە، بۆ ئەوەی راستی ئاوەڵکار بـوون و نـەبوونیان بـەرەو ئاشـکرایی ببات، بە تایبەتی ئەوانەی (فرێـز، کلـۆز) نـین، تاقیکردنەوەکـەیش لـەوەوە دێـت، کـە لـە رستەی بێ کاردا سەیریان بکرێت. بـۆ نموونـە: وشـەکانی (ژیرانـە، عاقلانـە، بـەژیری) لـە رستەی بێ کاردا نایەن: من ژیرانەم. * ".

ئەم تاقیکردنەوەیە، بەسەر هەندێ فرێزی ئەدڤێربڵییدا "کە لەیەك وشە پێکهـاتوون"، جێبەجێ نابێت، بەمەش کەلێنێکی گەورەی تێدەکەوێت، بۆ نموونە: وشـەی "جـوان"، کـە دەتوانێـت فرێـزی ئـەدڤێربڵی چـۆنیەتی سـاز بکـات، لـە توانایـدا هەیـە، لـەو رسـتانەدا دەربکەوێت، کە کاری بێ هێزیان تێدایە، وەك:- منالەکە جوانە. یا "شێر ئاسا":- من لە بەرامبەر دوژمندا شێر ئاسام.

ئەو تاقیکردنەوەیە، تایبەتمەندییەکی ئەدڤێربڵەکانە[2].

لیژنە, ئەدڤێربڵی لە رووی فۆرمەوە، دابەشکردووە بەسەر[3]:

- **سادە:** لە تەنیا وشەیەك پێکدێت، وەك: کەی، کەم، پاش...
- **ناسادە:** دوو جۆرە:

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٦.

[2] بۆ زیاتر روونکردنەوە، بڕوانە:ە لاپەڕە (٢٩)ی نامەکە.

[3] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ل ٣٠١.

A. داڕێژراو (دروستکراو): بە یاریدەی پاشگر و پێشگر ساز دەبن، وەك:

سەر سەرێ،

هاوین هاوینێ.

B. لێکدراو: لە دوو وشە، یان زیاتر پێکهاتووە، وەك: شاخەو شاخ، چێشتەنگاو.

- **سا رستە:** لە کۆمەڵە وشەیەك پێکدێت، بێ ئەوەی کارێکیان لەگەڵدا بێت و بە تەنیاش ئەنجام نادەن بە دەستەوە، وەك: هەفتەی ئایندە، مانگی داهاتوو.

فرێزە ئەدڤێربڵە سادەکان، تەنیا پاشگریان دەچێتە سەر[1]، لیژنە باسی پێشگریشی کردووە، بێ ئەوەی نموونەی بۆ بهێنێتەوە، کە لە راستیدا، پێشگر هاوبەشی رۆنانیان ناکات.

لەو کتێبانەی، کە بۆ زمان و ئەدەبی کوردیی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان دانراون، تیایاندا لە ئەدڤێربڵ دواون:

لە کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی"ی قۆناغی دووەمی ناوەندیدا[2]، پێناسەی ئەدڤێربڵ، بەم جۆرە دەکەن: "ئاوەڵفرمان ئەوەیە کە لە ناو رستەدا سنوورێك بۆ روودان و واتای فرمانەکە دادەنێت و بەجۆرێکی رەوان، روویەکی فرمانەکە ئاشکرا دەکات و دەبێتە تەواوکەری فرمانەکە".

لە دوایدا، سێ جۆر ئەدڤێربڵ، لە رووی واتاوە، دیاری دەکات:

١. کات: دوێنێ بەفر باری.

٢. شوێن: کۆترەکەم لەناو هێلانەکەیدا گرت.

٣. چۆنیەتی: هۆنراوەکە باش لەبەر بکەن.

پێناسەکە، بۆچوونێکی سینتاکسی ناتەواوە، چونکە دەسنیشانی فرێز نەکراوە، کە یەکەیەکی سینتاکسییە.

پێناسەی ئەدڤێربڵی کات و شوێنیش، بەم شێوەیەی خوارەوە کراوە[3]:

---

[1] بۆ زیاتر روونکردنەوە، بڕوانە: لاپەڕە (٦٠)ی نامەکە.

[2] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغی دووەم، ١٩٨٢، ل ٤٨.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

کات: "بەو بەشە دەگوترێت، کە تافی روودانی فرمانی رستەکە دەردەخات و واتاکەیشی تەواو دەکات. وەك: دوێنێ، پێرێ، ئیوارە، ئەمساڵ، لەمەوپێش......"

شوێن: "بەو بەشە دەگوترێت، کە شوێنی روودانی فرمانی رستەکە دەردەخات و واتاکەیشی تەواو دەکات، وەك: لەژێر، لەسەر، لەخوار، لەناو، تەنیشت، راست، چەپ...هتد."

ئەو نموونانە، هەندێکیان پریپۆزیشنی لێکدراون، ناتوانن بە تەنیا، شوێنی روودانی کار دەربخەن، بەڵکو لەگەڵ ناوێکدا، فرێزێکی بەند پێکدەهێنن و ئەو لایەنەی روودانی کار، ئاشکرا دەکەن، وەك: (منداڵەکان لەژێر دارەکەدا دانیشتوون).

وشەکانی "تەنیشت، راست، چەپ..."، بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن و ناوێك، یا جێناوێکی کەسی سەربەخۆ، فرێزی ئەدڤێربلی شوێن ساز دەکەن، وەك:

(دارا بە تەنیشت مندا تێپەڕی).

هەر لەو کتێبەدا، بابەتێك بە ناونیشانی "ئەرکی ئاوەڵفرمان لە رستەدا"[1]، بەم جۆرە خراوەتە روو: ((ئاوەڵفرمان لەناو رستەدا، ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبینێت:

أ.دەبێتە تەواوکەری فرمان: (پار چووین بۆ دهۆك).

ب. دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵفرمانێکی تر و بە هەردووکیان دەبنە تەواوکەری فرمانەکە: (ئاوەکە زۆر زوو هاتە کوڵ).

ت. دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵناو، ئینجا بە هەردووکیان دەبنە تەواوکەری فرمانەکە: (نێرگسەکە زۆر جوان بوو). )).

لە کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی"ی قۆناغی سێیەمی ناوەندیدا[2]، لە فرێزی ئەدڤێربلی، بەم جۆرەی خوارەوە، دواون: "گرێی ئاوەڵفرمان، ئەو گرێ تەواوکراوە، یان لێکدراوەیە، کە لە رستەدا وەسفی فرمان دەکات، واتە سنوورێك بۆ روونکردنەوەی واتاکەی دەکێشێت".

چەند رستەیەکیش، بە نموونە هێنراونەتەوە، وەك:

- رۆژی هەینی ئاهەنگەکەمان گێڕا.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

[2] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغی سێیەم، ١٩٨٢، ل١٦.

- قوتابییەکان چوار چوار ریزبوون.

لە کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی"ی قۆناغی چوارەمی ئامادەییدا[1]، پێناسەی ئەدڤێربڵی چۆنیەتی بەم جۆرە کراوە:

((وشەیەکە، یا گرێیەکی ئاوەڵفرمانییە، کە چۆنیەتی رووداني فرمانی رستەکە دەردەخات، لەم رووەوە دەبێتە تەواوکەری واتا فرمانەکە.

ئاوەڵفرمانی چۆنی، سادە، یان دارێژراو و لێکدراوە. ئەگەر سادەکانیان وەسفی ناوێك بکەن، دەبنە ئاوەڵناو، بەڵام ئەگەر چۆنیەتی رووداني فرمانێك دەربخەن، دەبنە ئاوەڵفرمانی چۆنی)).

چەند رستەیەك، بە نموونە هێنراوەتەوە، وەك:- دەرگاکەم باش داخستووە.

ئەدڤێربڵ وەسفی "ناو" ناکات، بەڵکو ئاوەڵناو وەسفی دەکات و جگە لەم ئەرکە دەشتوانێت فرێزی ئەدڤێربڵی دارێژێت.

لە کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی" قۆناغی پێنجەمیشدا[2]، لە باسی رستەی ئاوێتەدا، بەم جۆرە لە ئەدڤێربڵی رستەیی دواون:

"پارستەی ئاوەڵفرمانی لە رستەی ئاوێتەدا، ئەو رستەیە کە سەر بە شارستەیەو واتاکەی بەندە بە واتای ئەوەوەو وەسفی فرمانێ دەکات لە شارستەدا."

نموونە بۆ سێ جۆر هێنراوەتەوە، لەوانە:

١. کات: کە زەنگەکە لێدرا، قوتابییەکان چوونە ژوورەوە.
٢. مەبەست: ئەو دەرمانانە دەخۆم، بەشکو پێیان چاك ببمەوە.
٣. هۆیی: قادر نەهاتووە بۆ قوتابخانە، چونکە نەخۆشە.

لە بابەتی "تەواوکەری بەیاریدە"دا[3]، نموونە بۆ ئەدڤێربڵەکانی وەسیلە و شوێن هێنراوەتەوە، وەك:

- جووتیار زەوی بە مەکینە دەکێڵێت.

---

[1] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغی چوارەم، ١٩٨٢، ل٦٢.
[2] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغی پێنجەم، ١٩٨٢، ل١١.
[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

- پیاوەکە بەسەر شاخەکەدا سەرکەوت.

بابەتێك بە ناوی "تەواوکەری فرمان بە ئاوەڵفرمان"[1] بەرچاو دەکەوێت، کە دەڵێت: "تەواوکەری بە ئاوەڵفرمان، ئەو وشە سادە، یان دارێژراو، یان لێکدراوەیە (گرێیە)، کە لەناو رستەدا، واتای فرمانێ تەواو دەکەن، واتە چۆنیەتی روودانی فرمانێکی تێپەڕ، یان تێنەپەڕ دەردەخەن.

چەند رستەیەکیش، بە نموونە هێنراوەتەوە، وەك:

١. منارەکە زوو رووخا.
٢. پەنجەرەکەم باش داخست.
٣. کەوەکەم بە قەفەزەکەوە بەخشی.

وەك ئاشکرایە و لەو نموونانەیشدا دیارە، ئەدڤێربڵ جۆری زۆرە، لێرەدا بە وشەی "چۆنیەتی" گەیەنراون.

بەرامبەر بە ئەدڤێربڵی تەرتیبی[2]، وتوویانە: "ئاوەڵفرمانی تەرتیبی وشەیەکە واتای فرمان تەواو دەکات و بە شێوەی تەرتیبی سنوورێك بۆ روودانی فرمانەکە دادەنێت، وەك:
- سەربازەکان تیپ تیپ دەڕۆن."

ئەدڤێربڵی پێوانەیش، بەم جۆرە باسکراوە:

"ئاوەڵفرمانی چەندی لە رستەدا، ئەو وشەیەیە کە وەسفی فرمانێك دەکات و میقداری روودانی فرمانەکە پیشاندەدات، بۆ نموونە: دوێنێ باران زۆر باری."[3].

لە کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی"ی قۆناغی شەشەمی ئامادەییدا[4]، رۆنانی فرێزە ئەدڤێربڵییەکانیان، بەم جۆرەی خوارەوە نیشانداوە:

"ئاوەڵفرمان لە رووی بنچینەی دروستکردنی وشەکانییەوە، لە سێ شێوەی جیاوازدا دەردەکەوێت:

١. سادە: ئەو ئاوەڵفرمانەیە، کە لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە، وەك: دوور، نزیك، باش...

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.
[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧
[4] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغی شەشەم، ١٩٨٢، ل٦٢.

٢. دارێژراو: لە وشەیەکی واتادارو پێشگرێك، یان ئامرازێکی پەیوەندی پێکهاتووە، وەك: لە پێش، لە ئاسماندا، لەناو- دا، دلێرانە، بە خۆڕایی.

٣. لێکدراو: لە دوو وشەی واتادار، یان پتر پێکهاتووە، وەك: پاش نیوەڕۆ، سەرانسەر...."

لە راستیدا، "لەپێش، لەناو- دا"، ئەدڤێربڵ نین، بەڵکو پریپۆزیشنی لێکدراون و لەگەڵ بەشە ئاخاوتنێکدا "ناو بێت، یا ئاوەڵناو یا جێناو"، فرێزی ئەدڤێربڵی دادەڕێژن، وەك:

- دارا لەپێش تۆ رۆیشت.
- منداڵەکان لەناو باخچەکەدا یاری دەکەن.

د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی[1]، پێناسەی ئەدڤێربڵیان، بەم شێوەیە کردووە:

"ئاوەڵکار ئەو زەرفەیە کە رووداوەکەی تێدا روودەدەن، واتە دەبێت بە زەرف بۆی، یان ئەو چوار چێوەیەی دەوری دەدات، جا شوێن بێت، یان حاڵ و هەیئەتێکی تایبەت بێت.".

سێ جۆر ئەدڤێربڵ، لە رووی واتاوە، دیاری دەکەن، کە بریتین لە:

١. کات، وەك: رۆژی هەینی داهاتوو پشووی هاوین دەست پێ دەکات و دەرۆمەوە بۆ ماڵەوە.

٢. شوێن ، وەك: شوانەکە لە (ژێر) دار ئەرخەوانەکەدا نووستووە.
شاخەوان لە (سەر) لووتکەی شاخەکە بۆی دانیشتووە.

٣. حاڵ، یان وەسفی، وەك: بەپەلە پەل رۆیشت.

ئەدڤێربڵی شوێن لەو دوو رستەیەی سەرەوەدا، بریتین لە فرێزەبەندەکان "لەژێر دارئەرخەوانەکەدا" و" لەسەر لوتکەی شاخەکە"، نەك "ژێر" و "سەر" بە تەنیا، کە ناوی شوێنن و لەگەڵ پریپۆزیشنی "لە"دا، یەکیان گرتووەو پریپۆزیشنی لێکدراوی "لەژێر" و "لەسەر" یان، دارشتووە.

[1] د. نەسرین فەخری و د. کوردستانی موکریانی، ١٩٨٢، ل١٦٧-١٧٣.

لە کۆتایی باسەکەدا، وتراوە: "دەگونجێت دوو ئاوەڵکاری جودا بخەینە پاڵ یەك"، وەك:

١. (ئێوارەی شەممە) کۆبوونەوەمان هەیە.

٢. (شەوی ْزستان) درێژو خۆشە.

٣. (زۆر زوو) گەڕایەوە. ......هتد.

بە سەرنجدان لەو نموونانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە رستەی دووەم پەیوەندی بە باسەکەوە نییە، چونکە ئەدڤێربڵی تێدا نییە، لە یەکەم و سێیەمیشدا، تەنیا فرێزێکی ئەدڤێربڵی هەیە، کە لە دوو وشە پێکهاتووە و بە ئامرازی "ی"، بەیەکەوە بەستراون.

د.کوردستانی موکریانی[١]، شەش جۆر ئەدڤێربڵی رستەیی باسکردووە، کە بریتین لە:

❖ **کات:**

((ئەو رستە تێکەڵەی رستەی شوێنکەوتووی کاتی تێدایە، پێوەندی کات بەراورد و دیاردە پیشاندەدات، هۆی پێوەندی رستەی شوێنکەوتوو بە رستەی سەرەکییەوە، ئامرازی گەیەنەری (کە، کو، هەرکە) یە:

- کاتێك، کە هیچ کەس لە جادە دیار نەبوو، بە شۆفێرەکەی وت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە رستەیە، دەکەوێتە نێوان رستەی سەرەکییەوەو هەندێ جاریش دەکەوێتە سەرەتای رستەی تێکەڵەوە، بەڵام بەدەگمەن)).

بە بۆچوونی ئیمە، ئەم جۆرە ئەدڤێربڵە رستەییە، لە زۆر باردا، لە سەرەتای رستەی تێکەڵەوە دێت، بۆ نموونە:

- کە تۆ هاتی، ئێمە نانمان دەخوارد.
- کە چوومەماڵەوە، ئاسۆ دانیشتبوو...هتد.

❖ **هۆ(یی):**

((هۆی روودانی هەواڵی رستەی سەرەکی دەبەخشێت، بۆ هەموو رستەی سەرەکی دەگەڕێتەوە، نەك بۆ بەشێك لە بەشەکانی رستە. ئامرازی گەیەنەری (چونکە، چونکی، چمکی) لەم جۆرە رستەیەدا بەکاردێت.

---

[١] د. کوردستان موکریانی، ١٩٨٦، ل٨٢-٨٨.

- ئەو شۆفێرەی کە هێنانی بۆ ئێرە، یارمەتییەکی زۆر گەورەی داوە، چونکە پێویستی بە خوێن هەبوو.

ئەم جۆرە رستەیە هەمیشە دەکەوێتە دوای رستەی سەرەکییەوە)).

مەرج نییە، هەمیشە لەو شوێنەدا بێت، بەڵکو هەندێ جار دەکەوێتە نێوان کەرتەکانی رستەی سەرەکییەوە، بۆ نموونە:

- ئەو شۆفێرەی کە هێنانی بۆ ئێرە، چونکە پێویستی بە خوێن هەبوو، یارمەتییەکی زۆر گەورەی داوە.

❖ **مەرج:**

((مەرجی رووداو و دیاردەی رستەی سەرەکی ئاشکرا دەکات. ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر، هەکە) لەگەڵ ئەم جۆرە رستەیەدا بەکاردێت.

- ئەگەر ماڵت لە شوشە بوو، ماڵی خەڵکی بەردە باران مەکە.

ئەم جۆرە رستەیە، دەکەوێتە پێش رستەی سەرەکییەوە)).

❖ **مەبەست(نیاز):**

((مەبەستی روودانی رستەی سەرەکی روون دەکاتەوە، بۆ کاری بەشی گوزارەی رستەی سەرەکی دەگەڕێتەوە، ئامرازی گەیەنەری (کە، بۆ ئەوەی، تا، هەتا) لەگەڵ ئەم جۆرە رستەیەدا بەکاردێت.

- باخەوان چۆشاری، کە سێوان بفرۆشێ.

ئەم جۆرە رستەیە، بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە دوای رستەی سەرەکییەوە)).

❖ **پێچەوانە:**

((ئەو لایەنە پیشاندەدات، کە دەبایا هۆی روونەدان و روودانی رستەی سەرەکی روون بکاتەوە، ئامرازی گەیەنەری (ئەگەرچی، هەرچەندە) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت.

- هەڵبەستەکەت هەندێ کەم و کوڕی تیایە، ئەگەر چی جوانیشی تێدایە.

ئەم جۆرە رستەیە، دەکەوێتە دوای رستەی سەکییەوە)).

مەرج نییە، لە هەموو بارێکدا بکەوێتە دوای رستەی سەرەکییەوە، بەڵکو زۆر جار دەکەوێتە ناوەڕاستی رستەی تێکەڵەوە، بۆ نموونە:

- هەڵبەستەکەت، ئەگەرچی جوانیشی تێدایە، هەندێ کەم و کوڕی تیایە.

❖ ئەنجام:

((ئەنجامی مەبەستی رستەی سەرەکی لە رستەی تێکەڵدا روون دەکاتەوە. بۆ بەشێك لە بەشەکانی رستەی سەرەکی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەمووی. ئامرازی گەیەنەری (بۆیە، لەبەر ئەوە، لەما) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت.

- میوانمان هەبوو، لەبەر ئەوە نەچوومە دەرەوە.

ئەم جۆرە رستەیە دەکەوێتە دوای رستەی سەرەکییەوە)).

لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا، دەڵێت: "یەکێك لەو کێشە گرنگانەی، کە لە بواری سینتاکسیدا روو بە روو دەبین، دانەنانی سنووری نێوان ئاوەڵکار و ئاوەڵگوزارەیە (ئادڤێربل)، کە ئەمەش هەر دیسانەوە بۆ هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە ئەویش لێنەکۆڵینەوەی بەشەکانی رستەیە."[1].

ئێمە لە بواری سینتاکسدا، ئەمە بە کێشە نازانین، چونکە ئەدڤێربڵەکانی (ئاوەڵکارەکانی) زمانی کوردی سنوودارن, دەتوانرێت بە پەنجەی دەست بژمێررێن، "ئەدڤێربڵ" زاراوەیەکی سینتاکسی گشتییە،

بۆ ئەو فرێزانەی ئەدڤێربڵەکان و بەشەکانی تری ئاخاوتن، لە (ف.ك)دا سازی دەکەن، کە بە هۆیانەوە زانیاری سەبارەت بە لایەنەکانی رووداو، دەست دەکەوێت.

د. کوردستان, ئەدڤێربڵ بە بەشێکی ناسەرەکی رستە دادەنێت و دەڵێت: "زاراوەی ئاوەڵگوزارەم بۆ ئەو بەشە ناسەرەکییەی رستە دانا، کە کات، شوێن، چۆنیەتی، هۆی روودانی کاری گوزارەکە پیشاندەدات."[2]

چوار جۆر ئەدڤێربڵیش، لە رووی واتاوە، باس دەکات، کە بریتین لە "کات، شوێن، چۆنیەتی، هۆ".

سەبارەت بە شوێنی ئەدڤێربڵەکان، دەڵێت:

"ئاوەڵگوزارە بە هەموو شێوەکانییەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە نێوان نیهاد و گوزارەوە، بەڵام کات و شوێن، هێندێك جار بۆیان هەیە بکەونە سەرەتای رستەوە، یان کۆتایی.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

ئاوەڵگوزاری چۆنیەتی هەمیشە بە پێش گوزارە دەکەوێت و هەرگیز بە پێش نیهاد ناکەوێت. ئاوەڵگوزارەی هۆیش دەکەوێتە پێش گوزارە."[1] .

ئەدڤێربڵەکان بە هەموو چەشنەکانیانەوە "جگە لە چەند جۆرێکی تایبەتی"، شوێنێکی جێگریان نییە دەشێ بە پێی خواستی و مەبەستی قسەکەر و گوێگر، یاری بە شوێنەکانیان بکرێت.[2]

- شلێر رەسوولْ بەرزنجی[3]، کارێکی بە ناوی "ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردی"دا، لە دووتوێی نامەیەکی ماجستێردا کردووە، وەکو ناونیشان، بە یەکەم کاری سەربەخۆ لەو بوارەدا دادەنرێت.

- ناوەڕۆکی نامەکە، بریتییە لە باسکردنی ئەدڤێربڵەکانی "شوێن، کات، چۆنیەتی، هۆ و مەبەست، پێوانە" بۆ هەر جۆرێك، بەشێکی نامەکە تەرخانکراوە. پێویستی کارەکە وای لێ کردین، بە وردی تیشکی بخەینە سەرو هەڵیسەنگێنین:

لە شوێنێکی نامەکەدا، دەڵێت: "لە زمانی کوردیدا، ئاوەڵکاری سادە نییە کە رۆڵی کات ببینێت لە رستەدا."[4]

لێرەدا مەبەستی ئاوەڵکاری سادە "ئەدڤێرب"ـە، کە لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی کەم وەك "هەمیشە، هێشتا...هتد." بەرچاو دەکەون و فرێزی ئەدڤێربڵی کات ساز دەکەن، وەك:

- دارا هەمیشە کۆشش دەکات.
- ئارام هێشتا نەهاتووەوە.

لە شوێنێکی تریشدا، دەڵێت: "بەهار" ناوە لە زمانی کوردیدا بۆ کەسێ، یان بۆ کەژێك لە کەژەکانی ساڵ، بەڵام ئەگەر مەبەست لە کاتی بەهار بێت، ئەوە بە تەنیا لە رستەدا نایەت، بۆ ئەوەی دەوری ئاوەڵگوزارەی کات بگێرێت، بەڵکو بە هاوکاری ئامرازی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

[2] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە لاپەڕە (٦٧)ی نامەکە.

[3] شلێر رەسوولْ بەرزنجی، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، ١٩٨٩.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

پێوەندییەوە دەبێت، لە بەهار// بە بەهار// بەهاران، وەیان بەهۆی نیشانەی دۆخەوە بەهارێ."[1].

وشەی "بەهار" کە ناوی وەرزێکی تایبەتییە، دەتوانێت بە تەنیا فرێزی ئەدڤێربلی کات دارێژێت، واتە پێویستی بە پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن و نیشانەی دۆخ نییە، وەك:

- بەهار دەچین بۆ سەیران.

لە باسی ئەدڤێربلی "شوێن"دا، ئاماژەی بە رۆڵی "ناو" لەم بوارەدا داوەو دابەشی کردووە بەسەر "شوێنی تایبەتی رووداو، سەرەتای دەستپێکردنی رووداو، رێچکەو چۆنیەتی رووداو، دوا قۆناغی رووداو."[2].

دەربارەی شوێنی ئەم ئەدڤێربلە، دەڵێت: "لە سەرەتای رستە و نێوان نیهاد و گوزارەو لە کۆتایی رستەدا دێت".

راستە ئەدڤێربلی شوێن، لەو حاڵانەی رستەدا دەردەکەوێت، بەڵام شوێنی پەسەند و گونجاوی خۆی هەیە کە لێرەدا باس نەکراوە.

لە کۆتایشدا، تیشکی خستۆتە سەر دۆخی سینتاکسی ئەم ئەدڤێربلە.

لە باسی ئەدڤێربلی "کات"[3] دا، رۆڵی "ناو" و "ئاوەڵناو" و "ئەدڤێرب"ی لە دارشتنیدا نیشانداوە.

وشەی "دیسان"ی بە ئەدڤێربلی "کات" داناوە[4]،کە ئەدڤێربێکە، فرێزی ئەدڤێربلی "دووبارەکردنەوە" ساز دەکات، نەك "کات".

لە دواییدا، ئەدڤێربلی کاتی دابەشکردووە بەسەر: "کاتی تایبەتی رووداو، سەرەتای دەستپێکردنی رووداو، ماوەی روودانی رووداو"[5].

دواتر، تیشکی خستۆتە سەر شوێنی لە رستەداو سێ شوێن دیاری دەکات: "سەرەتای رستە، نێوان نیهاد و گوزارە، کۆتایی رستە"[1].

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

[2] هەمان سەرچاوە پێشوو، ل٤٤-٥٨.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦-٦٨.

لێرەدا لە نێوان ئەم سێ شوێنەدا، شوێنی پەسەند و شیاوی دیاری نەکردووە. لە کۆتاییشدا، باسی دۆخی ئەدڤێربڵی کات لەرستەدا دەکات[٢].

لە باسی ئەدڤێربڵی چۆنیەتیدا، دەڵێت: " ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی زۆرجار پێش گوزارە دەکەوێت و پێش نیهاد ناکەوێت، بەدەگمەن نەبێت."[٣] ، ئەم رستەیەشی بۆ ئەو مەبەستە، بە نموونە هێناوەتەوە:

- بەکزی و بێ دەنگی و دڵشکاوییەوە سواری عارەبانەکەی بووەوە.

بە سەرنجدان لەو رستەیە، بۆمان روونەبێتەوە، کە ئەو زنجیرە ئەدڤێربڵە چۆنیەتییە، پێش نەکەوتوون، بەڵکو نیهاد، کە جێناوی سەربەخۆی "ئەو"ە، دەرنەبڕراوەو ئەو کۆمەڵە ئەدڤێربڵە، کەوتونەتە دوایەوە. هەر لەم بابەتەدا، دۆخی ئەو ئەدڤێربڵەی لە رستەدا باسکردووە.[٤]

لە بەشێکی تری نامەکەدا، لە ئەدڤێربڵی "هۆو مەبەست"[٥] دواوەو شوێن و دۆخی لە رستەدا، روونکردونەتەوە.

راستە ئەو دوو فریزە، واتاکانیان لە یەکەوە نزیکن و تێکەڵ بەیەك دەبن، بەلاّم لە رووی رۆنانەوە جیاوازن، "ناو" بە یاریدەی پریپۆزیشنی "لە...- دا"، "هۆ" دادەرێژرێت، بەلاّم بە هاوکاری پریپۆزیشنی "بۆ"، "مەبەست" ساز دەکات، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا، روونکراوەتەوە:

- منالّەکە لە برساندا خەوی لێ نەکەوت. "هۆ".

- ئێمە بۆ خوێندن هاتووین. "مەبەست".

لە دوا بەشی نامەکەدا، باسی ئەدڤێربڵی پێوانەی کردووەو دابەشی کردووە بەسەر چوار چەشندا: "بەر ئاوەڵەیی و فراوانی، کات، چەندێتی، کێش و نرخ"[١]، پاشان شوێن و دۆخی لە رستەدا باسکردووە.

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩-٧٠.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١-٧٢.

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

[٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

[٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

د. ئەورەحمانی حاجی مارف[2]، پێناسەی ئەدڤێربڵ، بەم جۆرە دەکات:

"ئاوەڵکردار وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن لەسەر بناغەی خاسیەتی وشەسازی و ئەرکی رستەسازی و واتا ناسییەوە جیادەکرێتەوە.

ئاوەڵکردار خاسیەتی روودان (کە کردار دەریدەبڕێ): خاسیەتی بارودۆخ (کە ئاوەڵکردار نیشانی دەدا) دیاری دەکا. ئاوەڵکردار چۆنێتی، یان رادەی روودان، یان رادەی چۆنێتی شتێك، یان بارودۆخی جیاوازی روودانی کارێك: شوێن، کات، هۆ، مەبەست..رادەگەیەنێت".

ئەدڤێربڵ لە رووی واتاوە، بەسەر دوو رستەدا، دابەش دەکات و بۆ هەر یەکەیشیان، چەند جۆرێك دیاری دەکات[3]:

١. **دیارخەر:**

ا- چۆنێتی. ب- چەندێتی. پ- شێوە، یان جۆری جێبەجێ بوون.

٢. **بارودۆخ:**

ا- کات. ب- شوێن. پ- هۆو مەبەست. ت- تەئکیدی.

ج- دووبارەکردنەوە چ- نەرێ.

لە بەردەوامی باسەکەدا ، دەڵێت: "نیشاندانی رووداو لە رووی چۆنێتییەوە دەبێتە هۆی پێکەوە بەستنی ئەو ئاوەڵکردارانە بە کردارەوەو پێکهێنانی دەستەواژەی وەسفی لێیان. لەم بارەدا پەیوەندی ئاوەڵکردار بە کردارەوە، وەك پێوەندی ئاوەڵناو بە ناوی دیارخراوەوە وایە. بە وێنە (ئەو زۆر دەنوێ) — (نووستنی زۆر)،

(ئەوان شێرانە دەمردن) — (مردنی شێرانە)"[4].

د. ئەورەحمانی حاجی مارف بەرامبەر بە هەریەك لەو رستانەی سەرەوە، فرێزێکی خستنە پاڵی نووسیوە، کە لە راستیدا، دەرچوونە لە باسەکە، چونکە وشەکانی "زۆر" و "شێرانە" لەو فرێزانەدا دەردەخەن و ئەدڤێربڵ نین.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨-٩٠.

[2] د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٩٨، ل١٣٣.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠-١٥١.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

لە رووی رۆنانەوە، ئەدڤێربڵ دابەش دەکات بەسەر سێ جۆردا[1]:

سادە: یەك بنەمای هەیە، وەك: خێرا، جوان،...

٢- ناسادە: دوو جۆرە:

❖ **دارێژراو:** لە وشەیەکی سادەو زیادەییەك پێکدێت، ئەوجا زیادییەکە پێشگر، یان پاشگر، یان هەردوو

(پێشگر و پاشگر) پێکەوە بێ، وەك:

بێ- : بێ گومان، بێ ناز.

ێ- : هاوینێ، بەهارێ.

بە- : بەگوڕ، بەکۆڵ.

- ان: هاوینان، بەهاران...هتد.

**<u>پێشگر و پاشگر</u>**

١. پێشگری (بێ- ) لەگەڵ پاشگری (- ان): بێ شەرمانە.

لەگەڵ پاشگری (- ی): بێ ئاوی.

٢. پێشگری (- بە) لەگەڵ:

ا- پاشگری (- ەتی/- ێتی): بە پیاوەتی، بە گەورەییێتی.

ب- پاشگری (- ایەتی): بە دۆستایەتی.

چاوپێداخشانێك بەو نموونانەدا، وامان لێ دەکات کە بڵێین: راستە "بە"، "بێ" بەپێی شوێنەکانیان، کە لەو نموونانـەدا گرتویانـە پێـشگرن، بـەڵام وەك دوو مـۆرفیمی بەنـد، لـە چوارچـێوەی سینتاکـسدا کـار دەکـەن و زاراوەی تایبـەتی خۆیـان هەیـە، کـە نیـشاندەری ئەرکەکانیانە، ئەویش پرپیۆزیشنە. هەروەها پاشگرەکانی "- ەتی/- ێتـی"، "- ێتـی"، پاشگری ناوەکانن، نەك پاشگری ئەدڤێربڵی، چونکە هەریەك لەو ناوانە، ناوێکی واتایین و بە یاریدەی ئەو پاشگرانە سازبوون.

❖ **لێکدراو:** چەند رێگەیەکی باسکردووە، لەوانە:

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

١. دووپاتکردنەوەی ناو، ژمارە، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، وەك: (پۆل پۆل، دوو دوو، جوان جوان، کەم کەم).

د. ئەورەحمان, وشەی "کەم"ی لەو نموونەیەدا، بە ئەدڤێربڵ داناوە، کە لە راستیدا، ئاوەڵناوەو دووپات بووەتەوە.

٢. دووپاتکردنەوە بە یارمەتی:

- ناوبەندی (او): پشتاو پشت.
- ناوبەندی (ەو): بانەو بان.
- ناوبەندی (بە): دەستە بە دەستە...هتد.

٣. دەستەواژەیی:

بەو ئاوەڵکردارە دەوترێ، کە لە دەستەواژەیەك پێکهاتبێ و کرداریان لەگەڵ نەبێت. جۆری هەرە دیارو چالاکی ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی ئەوەیە کە بە یاریدەی پێشبەند و پاشبەند ساز دەبێت:

أ. پێشبەندی (بە) و پاشبەندی (ەوە، دا، را): لەماڵەوە، لە ماڵدا، لە ماڵرا.

ب. پێشبەندی (بۆ) و پاشبەندی (ەوە): بۆ ماڵەوە.

ت. پێشبەندی (بە) و پاشبەندی (ەوە، دا): بە ئاسمانەوە، بە زەویدا.

پ. پێشبەندی (تا) و پاشبەندی (ەوە): تا ماڵەوە.

هەر لەم بەشەدا، بۆ جۆری ناسادەی فرێزی بەندی ئەدڤێربڵی، چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە، وەك: بۆ لای سەرەوە، لەسەر دارەکە، لەبن دارەکە...هتد.

لە شوێنێکی تردا، دەڵێت: "پەیوەندی پتەوی رێزمانیی نێوان ئاوەڵکردار و بەشەکانی دی ئاخاوتن، رێمان دەدات پێنج جۆری واتایی- وشەسازی ئاوەڵکردار جیا بکەینەوە:

١. ئاوەڵکرداری ناوی.
٢. ئاوەڵکرداری ئاوەڵناوی
٣. ئاوەڵکرداری ژمارەیی.
٤. ئاوەڵکرداری کرداری.
٥. ئاوەڵکرداری جێناوی."[١]

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

لە کۆتایی باسەکەدا، بابەتێك بە ناونیشانی "بوونی ئاوەڵکردار بە بەشە ئاخاوتنی دی"[١]، بەرچاو دەکەوێت، کە تیایدا دەڵێت:

"لەگەڵ بوونی هەندێ بەشە ئاخاوتن بە ئاوەڵکردار، هەروەها دیاردەی پێچەوانەش هەیە.

واتا کاتێ ئاوەڵکردار دەبێ بە بەشە ئاخاوتنێکی دی... هەندێ ئاوەڵکردار کاتێ مانای بنەڕەتی و ئەرکی سەرەکی ون دەبێ، دەتوانێ ببێتە بەشە ئاخاوتنێکی دی، وەك:

١. بوونی ئاوەڵکردار بە پێشبەند: بەپێی دەق و رستە، ئاوەڵکرداری (پێش، پاش، تەنیشت، پشت...) دەتوانن دەوری پێشبەند ببینن.
٢. بوونی ئاوەڵکرداری (چونکە، جارێ...) بە ئامرازی پەیوەندی.
٣. بوونی ئاوەڵکرداری (دیسان) بە پارتیکڵ...هتد.

وشەکانی "پێش، پاش، تەنیشت، پشت"، ئەدڤێربل نین و ناوی شوێنن، دەتوانن لەگەڵ پریپۆزیشنەکان، یکبگرن و پریپۆزیشنی لێکدراو ساز بکەن و لە رستەدا، جێگای پریپۆزشنەکەیش بگرنەوەو ئەرکەکەی جێبەجێ بکەن، بۆ نموونە:

- ئارام لە پێش من هات. ← ئارام پێش من هات.

وشەی "چونکە"، ئامرازی بەستنەو ئەدڤێربلی رستەیی، کە واتای هۆ بگەیەنێت، دادەڕێژێت.

جگە لە سەرچاوە کوردییەکان، بە زمانە بێگانەکانیش، بە تایبەتی رووسی و ئینگلیزی، باسی ئەدڤێربڵ لە چەند بەرهەمێکدا کراوە، هەندێ لەو کارانەو بیرو بۆچوونی خۆمان بەرامبەریان دەخەینە روو:

مەکارۆس[٢]، بەم جۆرە پێناسەی ئەدڤێربڵ دەکات:

"ئەو پارتیکلانەن، کە لە فرێزی کاریدا دەردەکەون، هەندێ جاریش لە فرێزی ناوی، یا لە سەرەتای قسەکردندا دەردەکەون".

بە سەرنجدان لەو پێناسەیە، بۆمان روون دەبێتەوە، کە مەکارۆس ئەدڤێربلی بە پارتیکڵ داناوە، کە لە راستیدا فرێزە.

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

[٢] MCCarus, E. ١٩٥٨, P. ٧٨.

دواتر لە رووی واتاوە، چوار چەشنی، دیایکردووە، لەوانە:

١. کات: وەك: پار، پێرار، سبەینێ، پاشەرۆژ...هتد.

٢. شوێن: وەك: ئێرە، ئەوێ.

راستە، "ئێرە، ئەوێ"، ناوی شوێنن، بەڵام بە تەنیا ناتوانن، شوێنی روودانی کار، بگەیەنن، بەڵکو پێویستییان بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن هەیە، بۆ نموونە:

- ئارامم لە ئێرە/ لە ئێرەدا بینی.
- نەوزاد رۆیشت بۆ ئەوێ.

٣. چۆنیەتی: پێکەوە، وا، ئینجا...هتد.

سەبارەت بە وشەی "ئینجا"، دەتوانین بڵێین، ئەدڤێربڵی چۆنییەتی نییە، بەڵکو ئامرازی بەستنەو دوو رستەی سادە، گرێ دەدات و واتای "کات" دەگەیەنێت، وەك:

- ئێمە وانەکانمان ئامادەکرد، ئینجا رۆیشتین بۆ بازاڕ.

٤. چەندێتی: وەك: گەلێ (ك)، هەندێ (ك)، زۆر، هەموو...هتد.

مەکەنزی[١]، بەوردی نەچۆتە ناو بابەتی ئەدڤێربلەوەو لە رووی سازبوونەوە لێی دواوە، کە تەنیا باسی سێ پاشگری لە "موکری، بنگرد، وارماوا، سلێمانی"، کردووە، کە ئەوانیش "- ێ، "- ی"، "- ش/- یش"ن.

لە باسی ئەدڤێربلێشدا، دەڵێت:

"ناو تاك بێ، یا کۆ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش واتای ئەدڤێربڵ دەبەخشێت، وەك: هەموو رۆژێ، هاڤینێ، وەختێ، گەرمێ...هتد."[٢].

دواتر وتویەتی: "پاشگری –ش/- یش تەنیا لە ئاکرێ و سورچی دەبینرێت، وەك:

- شوانیشم گرت. (سورچی).
- ئەویش دزە. (ئاکرێ)."

مەکەنزی لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەو پاشگرە، تەنیا لەو دوو ناوچەیەدا، بەرچاو دەکەوێت، وەك هەموو دەزانین، لە سلێمانیشدا دەبینرێت و ئەو رستانەیش بە هەمان واتا بەکاردەهێنرێن.

---

[١] Mackenzie D.N. , ١٩٦١, P. ١٢٧.

[٢] Ibid, P. ٢٠١.

کەریمی ئەیوبی و سمیرنۆڤا[1]، لە رووی واتاوە، تەنیا شەش جۆر ئەدڤێربڵ دیاری دەکەن و ئەو بەشانەی ئاخاوتنیش باس دەکەن، کە سازیان دەکەن:

١. کات: ئەدڤێرب و ناوی کات بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، یا بێ یاریدە، دایدەرێژن، وەك:

- سبەینێ ئەمن دەچمە کارگان.

٢. شوێن: ئەدڤێرب، دەستەواژەیەك کە خاسیەتی ئەدڤێربی تیابێ، ناو لە حاڵەتی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەگەڵ پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، یا بێ یاریدە، پێکی دەهێنن.

ئەدڤێربڵی شوێن، دابەش دەکات بەسەر:

"شوێنی تایبەتی، شوێنی دەستپێکردنی کار، شوێنی کۆتایی هاتنی کار".

٣. چۆنیەتی: لە ئەدڤێرب و وشەی لێکدراوی ئەدڤێربی ساز دەبێت، وەك:

ئەو سەعاتەی من چاك کارێ دەکات.

دەربارەی ئەو خاڵە، بە پێویستی دەزانین ئەوە بڵێین، کە لە زمانی کوردیدا، ئەدڤێربێك بەرچاو ناکەوێت، کە واتای چۆنیەتی بگەیەنێت، لەو نموونەیەشدا، "چاك" ئاوەڵناوە و ئەو چەشنە فرێزەی دارشتووە.

٤. هۆ: ناو لەگەڵ پریپۆزیشنی "لە" سازی دەکات، وەك:

لەبەر ژانی سەرم نانم پێ نەخورا.

٥. ئامانج: ناو لەگەڵ پریپۆزیشنی "بۆ" دەریدەبڕێت، بۆ نموونە:

ئەمن بۆ دیتنی تۆ هاتبووم.

٦. پێوانە: ئەدڤێربی پێوانەو ئەو ناوانەی واتای پێوانەی بۆشایی، کات، کێش دەگەیەنن، دادەرێژن، بۆ نموونە: ئەمن زۆر کارێ دەکەم.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەدڤێربی پێوانەیش، لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو ئاوەڵناو و ناو، ئەم چەشنە فرێزە دادەرێژێت.[2]

---

[1] کەریمی ئەیوبی و سمیر نۆڤا، ١٩٦٨، ل١٣٥-١٣٧.

[2] بۆ زیاتر روونکردنەوە، بڕوانە لاپەڕە (٤٤)ی نامەکە.

ك.ك. كوردۆییێف[1]، لە رووی رۆنانەوە، فرێزە ئەدڤێربڵێیەكان، بەسەر چوار جۆردا، دابەش دەكات:

١. سادە، وەك: پار، پێرار،...هتد.
لێرەدا دەبینین "وەك"ی بە ئەدڤێربڵ داناوە، كە پرێپۆزیشنە.

٢. دارێژراو، وەك: بە دۆستایەتی، بە پیاوەتی، دۆستانە، رۆژێك...هتد.
كۆمەڵێ پاشگری هێناوەتەوە، كە ئەم جۆرە ئەدڤێربڵە ساز دەكەن، وەك:
(- ایەتی، - ەتی، - انە، - یّت...).

بە بۆچوونی ئێمە،"- ایەتی، - ەتی"، پاشگری ئەدڤێربڵی نین، بەڵكو ناوی واتایی دادەڕێژن، كە ئەوانیش بە یاریدەی پرێپۆزیشنی "بە"، ئەو چەشنە فرێزە، پێكدەهێنن.

٣. لێكدراو، وەك: كەی، ئەو كاتە، چونكە...هتد.

چاوپێداخشانێك بەو نموونانەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەكەوێت، كە "كەی" وشەیەكی سادەیە و فرێزی ئەدڤێربڵی پرسیاری ساز دەكات، هەروەها "چونكە"یش، ئامرازی بەستنەو ئەدڤێربڵی رستەیی، كە واتای "هۆ" بگەیەنێت، دادەڕێژێت.

٤. تێكەڵ، وەك: لەم جێگە، هەموو رۆژێك، هیچ كات...هتد.

## پێداچوونەوە بە بابەتی ئەدڤێربڵدا، لە ناو ئەو بەرهەمە رێزمانییانەی،كە تا ئێستا دەربارەی هەورامی نووسراون

محەمەدی ئەمین هەورامی[2]، لە باسی "پێشبەندی ئاوەڵكرداراوی"دا، دەڵێت:

((هەندێ بەند، وەك پێشبەند، پاشبەند.. دەلكێن بە هەندێ وشەوە (بنكە، رەگ، وشەی سەرە...) دەیكەن بە ئاوەڵكار.

١. بەندی (- انە)، (- یانە) دەلكێ بە پاشكۆی هەندێ ئاوەڵناوەوەۆ دەیكەن بە ئاوەڵكردار، وەك: ژیر+انە= ژیرانە
-ئاد بە ژیرانە دەرس موانۆ. (ئەو بە ژیرانە دەرس دەخوێنێ).

---

[1] ك.ك. كوردۆییێف، ١٩٧٨، ل٢٣٧.

[2] محەمەد ئەمین هەورامی، ١٩٨١، ل٢٥٣-٢٥٤.

٢. پێشبەندی ئاوەڵکرداراوی، وەك (بێ) کە دەکەوێتە پێش هەندێ ناوەوەو دەیکا بە ئاوەڵکردار: (بەش) ناوە، (بێ بەش) ئاوەڵکردارە.

- من چا بەشەنە بێ بەش بێنێ. (من لەو بەشەدا بێ بەش بووم). )).

لە راستیدا، وشەی "بێ بەش" ئاوەڵناوەو لەو رستەیەدا، فرێزێکی ئەدڤێربڵی، ساز کردووە.

لە ناو ئەو سەرچاوانەی، کە بە زمانە بێگانەکان، لەسەر هەندێ لایەنی رێزمانیی هەورامی نووسراون، دەشێ سەرەکییان لێ هەڵبژێرین و بیرو بۆ چوونی خۆمان بەرامبەریان دەربڕین:

مەکەنزی[١]، لە باسی ئەدڤێربدا، دەڵێت:

"ئەدڤێربەکان لە هەموو ناوێك، بەهۆی پاشگری "- ێ/e- " دروست دەبن، وەك: پاییزێ، هیزی شەوێ...هتد.".

ئەو نموونانەی، کە ئەو هێناونیەتییەوەو بە ئەدڤێرب دایناون، ئەدڤێربڵی کاتن و "- ێ"یش، پاشگری گراماتیکی دروستکەری دۆخە بۆ رەگەزی مێینەی تاك.

ئەدڤێربەکان لە هەموو ناوێك پێك نایەن، ئەوانیش کە هەن، لە دوارۆژدا، پێویستییان بە ساغ بوونەوە هەیە، کە ئایا لە ناو دروستبوون، یان نا.

دیسانەوە هەر لەو بارەیەوە، دەڵێت: ((دوو جۆر لە ئەدڤێرب پێویستییان بە باسکردنێکی جیاواز هەیە، کە بریتین لە:

١. ئانا (ana)، ئینە(ina)، زۆر لە voila، voici دەچن لە زمانی فەرەنسیدا، بەڵام وەرناگێڕرێن بۆ زمانی ئینگلیزی، وەك: مارێویش ئینا چەنە. (مارێکی تیایە).

٢. پاسە (pasa)، پێسە (pasa)، کە وەکو پرێپۆزیشنی "وەك" بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە:

- ئەگەر پێسە تا نویستێ. (ئەگەر واتان بنووسیایە). ))

"ئانە" و "ئینە"، کە لە خاڵی یەکەمدا ناوی بردوون و بە ئەدڤێرب داینـاون، بریتین لە جێناوی نیشانە و بۆ ناوێکی نێرینەی تاك بەکاردەهێنرێن، یەکەمیان ئاماژەی بۆ ناوی دوور دووەمیشیان بۆ نزیك پێ دەکرێت، وەك:

---

[١] Mackenzie, D.N., ١٩٦٦, P. ٥٦-٥٧.

- ئانە رزگارا. (ئەوە رزگارە).

- ئینە رزگارا. (ئەمە رزگارە).

"پاسە" و " پیْسە "ی خاڵی دووەمیش، راستە کە بەرامبەر بە پریپۆزیشنی "وەك" بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەو رستەیەدا، بە واتای ئاوەڵناوی نا دیاری "وا"، بەکارهاتوون.

ز.ئا. یوسوپۆڤا[1]، لە باسی ئەدڤێربڵەکانی دیالێکتی گۆراندا، کە ئەدبیاتی نووسراوی سەدەی هەژدە و نۆزدە، کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەیەتی، دەڵێت: "ئەدڤێربڵ لە گۆراندا، وەك هەموو دیالێکتە کوردییەکانی تر، دوو گروپن: یەکێکیان لە بنجدا ئەدڤێربڵە و ئەوی تریان دروستکراوە".

**جۆری یەکەمی، بەم شێوەیە خستۆتە روو:**

"ئەو وشانەن، یا دەستەواژانەن، کە تەنیا وەك ئەدڤێربڵ بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە: دیسان/ هەمدیس/ هەمدیسان، ئیسە/ ئیستە، هەگیز، پاسە/ پیْسە /پۆسە، چێگە، چۆگە، چێگە و چۆگە، کەی، کو، ئیرۆ..."

دەربارەی چەشنی دووەم، کە دروستکراوەکانن، چەند رێگایەکی باسکردووە، لەوانە:

أ.ناو و ئاوەڵناو+ مۆرفیمی بەندی نەناسراوی، وەك: رۆێ، سوبهێ، ئێوارێ، گاهێ، کەمێ، شامێ، درەنگێ...هتد.

وەك پێشتر وتمان، ئەو کەرەستەیەی ز.ئ. یوسوپۆڤا بەکاری هێناوە، هی ئەدەبیاتی نووسراوی دوو سەد ساڵ پێش ئێستایە، ئاشکرایشە کە هەموو ئاستەکانی زمان لە گۆڕندایە، بۆیە لە نێوان کەرەستەکانی ئەوداو شێوە قسەکردنی ئێستادا، کۆمەڵێ جیاوازی بەدی دەکرێت،

بۆ نموونە: مۆرفیمی نەناسراوی لەو قۆناغانەدا "ێ" بووە، وەکو لە نموونەکانی سەرەوەدا دیارە، بەڵام لە ئێستای شێوە زارەکەدا، بریتییە لە:

" یْۆە "بۆ رەگەزی نێر، وەك: رو ⟵ روێۆە.

" یْۆە" بۆ رەگەزی مێ، وەك: شەۆە ⟵ شەویۆە

---

[1] ز.ئا. یوسپۆڤا، ١٩٨٨، ل٨٣.

ب. ناو+ مۆرفیمی کۆ، وەك: شەوان، زستانان، جاران....هتد.

دەربارەی نموونەکانی خاڵی "ب"، دەتوانین بڵێین، کە مۆرفیمی کۆ، ئێستا بە گشتی "ی" ـە، بۆ ناوی کاتەکانیش، مۆرفیمی تایبەتی کۆ هەیە، کە "- ەنە"یە، بۆ نموونە:

- زمسان زمسانەنە (زستانان).
- شەڤە شەڤەنە (شەوان).
- رۆ رۆنە (رۆژان).

ت. دووبارەکردنەوەی وشە، وەك: جارجار، جەم جەم، خاس خاس، وەش وەش...هتد.

پ. دووبارەکردنەوەی بە یاریدەی (ا،او،ەو)، وەك: سەراپا، سەراسەر، دووراودوور، سەرەوچێر...هتد.

ج. لێکدانی وشەی (هەر) لەگەڵ وشەیەکی تردا، وەك: هەردەم، هەرسات، هەر رۆ...هتد.

ح. جێناوی ئیشارەت+ناو، وەك: ئیشەو، ئارۆ...هتد.

خ. لێکدانی وشەی (یەك) لەگەڵ وشەی جیاوازدا، وەك: یەکجار، یەك رۆ...هتد.

ئەو فرێزانەیشی نیشانداوە، کە بەیاریدەی پرێپۆزیشن دارێژراون و چەند نموونەیەکی، بۆ هێناونەتەوە، وەك: تاکەی، پەی کەی، جەکۆ، جەزوو...هتد.

لە رووی سیمانتیکیشەوە، ئەم جۆرانەی دیاریکردووە: "جێ، کات، چۆنیەتی، پێوانە،پلە"

لە کۆتایی پێداچوونەکەدا، دەگونجێ تێکڕای بیروبۆچوون و تێڕوانینی زمانەوانە کوردەکان بۆ ئەدڤێربڵ، لەم چەند خاڵەدا بخەینە روو:

١. بەگشتی، پێناسەی ئەدڤێربڵیان بەم جۆرە کردووە: وشەیەکە وەسفی کار، یا ئاوەڵناو، یا ئەدڤێربڵ دەکات.

٢. لە روانگەی مۆرفۆلۆجییەوە تەماشای بابەتەکەیان کردووە، واتە بە وشەیان داناوە و تەنیا ئەوانەیان بە فرێز ناوبردووە، کە لە دوو وشە پێکهاتوون و بە ئامرازی "ی" بەیەکەوە بەستراون، لەگەڵ ئەو چەشنانەی کە بە یاریدەی پرێپۆزیشن و پۆست پۆزیشنەکان سازبوون.

٣. کارەکانیان، لە ژماردنی چەند جۆرێك ئەدڤێربڵ لە رووی واتاوە تێناپەرێت، بێ ئەوەی ئەرکیان لە سینتاکسدا لێکبدەنەوە.

### لە زمانەوانیدا، ئەدڤێربڵ چییەو چ شوێنێکی لە سینتاکسدا هەیە؟

زاراوەی ئەدڤێربڵ، لە "ئەدڤێرب"، وەرگیراوە ئەمیش لە "ئەدڤێربیەم"ەوە هاتووە، کە ڕێزماننووسە ڕۆمانییەکان لە گریکەکانیان وەرگرتووەو بەکاریان هێناوە.[1]

ئەدڤێرب یەکێکە لە چوار گرووپە وشە کراوەکان، کە بریتیین لە: "ناو، ئاوەڵناو، کار، ئەدڤێرب" و لە کۆندا وا پێناسە کراوە، کە وشەیەکە وەسفی کار، یا ئاوەڵناو، یا ئەدڤێربێکی تر دەکات.[2]

هەندێ زمانەوان، تا ساڵی (١٩٣٥) وای بۆچوون، کە ئەدڤێرب وشەی سەربەخۆ نییە، بەڵکو فۆرمێکی کەیسی ئەدڤێربڵییە[3]، بۆ نموونە: "بە وریایی"، فۆڕمی کەیسی ئەدڤێربڵیی ئاوەڵناوی "وریا"یە.

#### پێناسەی ئەدڤێربڵ:

ئەدڤێربڵ فرێزێکە، ڕوویەکی سینتاکسی و یەکێکی سیمانتیکی هەیە و دەشێ لەم دوو ڕوانگەیەوە، بخرێتە ڕوو:

#### ١. سینتاکس:

لەم لایەنەوە، ئەدڤێربڵ بریتییە لە پەیوەندی سینتاکسی نێوان کارو فرێزەکانی ناو فرێزی کاریی، جگە لە فرێزی ناویی بەرکار، یا لە نێوان کارو ڕستەیەکی تردا، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەشدا، زانیاری هەمەچەشن سەبارەت بە ڕوودانی کار دەخرێتە ڕوو.

#### ٢. سیمانتیک:

سیمانتیك بۆ فرێزە ئەدڤێربڵییەکان بەهای تایبەتی خۆی هەیە، چونکە دەبێتە نیشانە بۆ جیاکردنەوەی لە فرێزەکانی تر. لەم ڕوانگەیەوە، ئەدڤێربڵەکان، ئەو فرێز و ڕستانەن، کە وەسفی "کار" دەکەن و دەبنە وەڵام بۆ هەموو پرسیارێك، کە دەربارەی بکرێت و ڕوویەکی نادیاری، ئاشکرا دەکەن.

---

[1] Asher, R.E. and Simpson, ١٩٩٤, P.٣٩.

[2] Huddleston, R. ١٩٨٤, P. ٣٣٠.

[3] Asher, R.E. and Simpson, ١٩٩٤, P. ٤٠.

بەلای رۆنانکارەکانەوە[1]، هەر وشەیەك وەسفی "ناو"، یا "جێناو"ی کرد، ئاوەڵنـاوە، هەموو وشە وەسفکەرەکانی تر، ئەدڤێربڵن. "واتە ئەوانەی بە کارەوە بەستراون".

## جۆرەکانی ئەدڤێربڵ:

ئەگەر سەرنج لە وشە ئەدڤێربەکان بدەین، کە ئێستا لـە فەرهـەنگی زمـانی کوردیـدا هەن و لە رستەدا چەشنە فرێزێك دادەرێژن و لایەنە شاراوەکانی روودانـی کـار دەردەخـەن، ئەوا چەند وشەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێت.

کەمی کەرەستەی تایبەت، بۆ سازکردنی ئەو جۆرە فرێزانە، بووە بە هۆی ئـەوەی، کـە سـوود لـە ئـەرکی سینتاکسی هەنـدێ لـە بەشـەکانی ئاخـاوتن لـە نـاو فرێـزی کارییـدا وەربگرێت.

ئەوانەی لەم بابەتە سینتاکسییەیان کۆڵیوەتەوە، دوو زاراوەیان بۆ بەکارهێناوە[2]:

١. ئاوەڵکردار: بۆ ئەو فرێزانەی، ئەدڤێربەکان پێکی دەهێنن.

٢. ئاوەڵگوزارە: بۆ ئەوانەی، بەشەکانی تری ئاخاوتن دایدەرێژن.

ئێمـە ئـەدڤێربڵمان بەرامبـەر بـە هـەردوو زاراوەکـە بـەکارهێناوە، چـونکە هـەموو ئەدڤێربێك، لە هەمان کاتـدا ئەدڤێربڵێـشە، لەبەرئـەوەی چـاڵێکی رسـتە پـڕ دەکەنـەوە و بەستراون بە کارەوە. بە پێچەوانەیشەوە مەرج نییە ئەدڤێربڵێك ئەدڤێرب بێت.

کەواتـە جیـاوازی نێـوان ئـەدڤێرب و ئـەدڤێربڵ ئەوەیـە کـە: "ئـەدڤێرب زاراوەیـەکی فەرهەنگی (مۆرفۆلۆجی)یە، واتە وشەیە، ئەدڤێربڵیش سینتاکسییە، واتە فرێزە."

ئەدڤێربڵ، لەبەرئەوەی جۆری زۆرە، بەشەکانی ئاخاوتن لە سـازکردنیدا وەك یـەك رۆڵ نابینن، بۆ نموونە: لە دارشتنی "شوێن"دا، ناو لە ئاوەڵناو چالاکترە، بـە پێچەوانەیـشەوە، لە رۆنانی "چۆنیەتی"دا، ئاوەڵناو لە ناو گورجترە.

جگە لەم پەیوەندییە سینتاکسییانە، هەندێ پێشگر لە پاڵ ئەرکە سـەرەکییەکانیاندا، کە رۆنانی کاری دارێژراوە، بەشێوەیەکی لاوەکی واتای ئەدڤێربڵیش دەگرنەخۆ، وەك: "رۆ، دا،هەڵ..."، کە واتای "ئاراستەکردنی شوێن" دەبەخشن، وەك:

---

[1] Freies,C.C. ١٩٥٢, P. ١٠٨.

[2] بروانە: نامەی ماجستێری شلێر رەسووڵ بەرزنجی، ١٩٨٩، ل٤١.

- دیوارەکە رۆچوو. (دیوارەکە بۆ خوارەوە چوو).
- شیرەکە هەڵچوو. (شیرەکە بۆ سەرەوە چوو(.
هۆی ئەم واتا گەیاندنەیش، ئەوەیە کە:

" هەر یەکێك لەم پێشگرانە سروشتێکی تایبەتی هەیە و رۆڵێکی تایبەتی لە مەیدانی وشە سازیدا دەبینێت، هەروەها هەر یەکەیان ئەسڵی خۆی هەیەو مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت، کە بەمە لەوانی تر جیا دەکرێتەوە.

واتە ئەگەر بێتو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئەو پێشگرانە بکرێت، دەبینین کە هەریەکێك لەو پێشگرانە سەربەخۆیە و بەدرێژای کات و پێویستی ژیان، هاتۆتە کایەوەو کاتی خۆی وشەیەکی سەربەخۆ بووەو مانایەکی تایبەتی بەخشیوە، بەڵام بە گوێرەی گۆڕانی زمان و بەرەوپێش چوونی بەپێی کات و پێویستی ژیان، گۆڕانیش بەسەر ئەمدا هاتووەو ئەو رۆڵەی جاران لە زماندا دەیبینی، پاش ئەو گۆڕانە نەماوەو رۆڵێکی تری لە زماندا بینیوە، کە بووە بە پێشگرو چووەتە پاڵ جۆرەها وشەی جیاواز جیاواز و ئەو واتایەی کاتی خۆی وەك وشەیەکی سەربەخۆ بەخشیوێتی، داویە بەو وشانەی کە چووەتە پاڵیان. هەروەها گۆڕانی زمان و بەرەو پێش چوونی، بە پێی بەرەوپێشچوونی ژیانی ئادەمیزاد، بووە بە هۆی ئەوەی کە هەندێك لەو پێشگرانە، چ لە رووی واتاو چ لە رووی فۆڕمەوە،گۆڕانیان بەسەردا بێت[1].

بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆر فرێزی ئەدڤێربڵی لە رووی چەشنی ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازیان دەکەن، جیادەکرێتەوە:

**١. تایبەتی (بنجی):**

ئەدڤێربەکانی "هێشتا، دیسان، خۆزگە، رەنگە، کاشکی، هەڵبەت، هەرگیز...هتد."، پێکی دەهێنن، کە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیان هەیە:

أ. لە توانایاندا نییە، ببنە تەواوکەری کاری "بوو" بە واتای "بوون"، واتە ناتوانن لەگەڵیدا، فرێزێکی کاری ساز بکەن و هیچ تایبەتمەندییەکیان تێدا نییە، بۆ وەرگرتنی جۆرەکانی بکەر، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە:

---
[1] ف.م. بیریۆزین، ١٩٧٥، ل١٠٦.

أ-١- من دیسان بوو.*

أ-٢- تۆ رەنگە بوو.*

بەشەکانی تری ئاخاوتن، دەتوانن ببنە تەواوکەری کاری "بوو" و لەگەڵیدا فرێزێکی کاری دادەرێژن و بەپێی سروشت و جۆری فرێزەکەیش، بکەر بە رۆڵی جیاجیا وەردەگرن، بۆ نموونە:

**ناو:** - من مامۆستا بووم./- دوێنێ هەینی بوو.

**ئاوەڵناو:** - تۆ زیرەك بوویت.

**جێناو:** - ئەو کوڕە ئەو بوو.

**ژمارە:** - پێشمەرگەکان لە کاتی مەشقکردندا دوو دوو بوون

نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی کۆ بۆ جیاکردنەوەو دیاریکردنی "ناو"، کراون بە پێوەر، هەرچەندە بەسەر هەندێ جۆری ناوی کاتدا جێبەجێ نابێت، بۆ نموونە: "دوێنێ، پێرێ، سبەینێ، ئێستا..."، ئاشکرا دیارە، کە ئەم ناوانە تایبەتن، یا دیاریکراون، لەبەر ئەوە ئەو نیشانانە وەناگرن، بەم پێوەرە بێت، دەبێ "ناو" نەبن و ئەدڤێرب بن، کەچی لە توانایاندا هەیە، ببنە تەواوکەری کاری "بوو"، واتە ئەدڤێرب نین، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- ئاهەنگەکە دوێنێ بوو.
- وتووێژەکە پێرێ بوو.
- سەیرانەکە سبەینێیە.

ب. پریپۆزیشنیان ناچێتە سەر، بە پێچەوانەی بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە، بۆ نموونە:

**ناو:** - وانەکەی بە دەست نووسی.

**جێناو:** - نامەکەم بە ئەواندا نارد.

**ئاوەڵناو:** - زەوییەکەی بە هەرزان فرۆشت.

**ژمارە:** - ئیشەکەیان بەدوان کرد.

٢. فرێزی ئەدڤێربڵی سازبوو لە بەشەکانی تری ئاخاوتن، بەپێی چەشنەکانیان، دەتوانرێت چوار جۆر دیاری بکرێت:

١- ناوی ٢- ئاوەڵناوی ٣- جێناوی ٤- ژمارەیی.

ئەمەیش بووە بەهۆی ئەوەی، کە گرووپێکی ئالۆزی بابەتە سینتاکسییەکان دابنـرێن، چونکە سروشت و تایبەتمەنـدی ئـەو بەشـە ئاخاوتنانـەی داياندەڕێـژن لـەخۆدەگرن، لەوانـە دەرکـەوتنی مۆرفیمـەکانی ناسـیاوی و نەناسـیاوی و کـۆ، پلـەی بـەراوورد، لەبـەر ئـەوە، لێکۆڵینەوەیان پەیوەست دەبێت بە جۆری بەشە ئاخاوتنەکانەوە.

لە زمانی فارسیدا، بۆ ئەو دوو چەشنە فرێزە، زاراوەی **"قید مختص"** و **"قید مشترك"** بەکارهێنراوە[1].

بە بۆچوونی د. محمد وصفی ابو مغلی[2]، **"قید مشترك"** ئەوانەن کە بەپێی شوێنیان لە رستەدا، جارێك ئەرکی **"ئاوەڵناو"** و جارێك ئەرکی **"قید"** دەبینن.

## تایبەتمەندییەکانی:

فرێـزە ئەدڤێربڵییـەکان، خاسـیەتی سینتاکسـی و مۆرفۆلـۆجی و سـیمانتیکی خۆیـان هەیە، کە بەمە لەلایەك لە فرێزەکانی تری جیادەبنەوەو لەلایەکی ترەوە، دەورو بایـەخیان لە زمانەوانیدا دەردەکـەوێت و ئـەو راسـتییە دەسـەلمێنرێت، کـە مـەرج نییـە لـە هـەموو بارێکـدا ئەنـدامێکی پلـەی دووری رسـتە، یـا پـارتیکڵ بـن، لـە خـوارەوە هەریـەك لـەو تایبەتمەندییانە دەخەینە روو:

- **مۆرفۆلۆجی:**

١.بەشـەکانی ئاخـاوتن لـە شـێوەی فرێـزی" سـادە، ناسـادە، بەنـد"دا، ئەدڤێربڵـەکان دادەڕێژن.

٢.یـەکێك لـە رێگـا بەرهەمـدارەکانی رۆنـان، دووبارەکردنـەوەی هـەمان وشـەیە لـە فرێزەکەدا.

٣.لەگەڵ ئەوەدا، کە وشە ئەدڤێربـەکان لـە زمـانی کوردیـدا سـنووردارن و دەشـێ بـە پەنجەی دەست بژمێررێن، نیشانەی تایبەتی مۆرفۆلۆجییانە نییە.

- **سینتاکسی:**

١.هەمیشە بەکارەوە بەستراونەتەوە.

---

[1] یاسمی، بهار، فروزانفر، قریب، همایی، ١٣٧٨، ص٢٠٠.

[2] د. محمد وصفی ابو مغلی، ١٩٨٧، ص ١٧٠-١٧٢.

٢.توانای دەرکەوتنیان لە فرێزەکانی تری رستە زیاترە، چونکە زانیاری دەربارەی کار (روودانی رووداو) بە گوێگر و خوێنەر دەدەن و لە زۆربەی کاتدا، هێزی سەرەکی رستە بۆ خۆیان رادەکێشن.

٣.بەپێی ئارەزوو و مەبەست لە فرێزی کاریدا جێگۆڕکێ دەکەن.

٤.هەموو ئەو کەس و شتانە دەستنیشان دەکەن، کە بەشدارن لە رووداوێکی دیاریکراوداو پەیوەندییان پێوەی هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئەو کەس و شتانەیش دەردەخەن، کە بەشدارنین و پەیوەندییان پێوەی نییە.

٥.بە شێوەی کەرەستەی بنجی و نابنجی لە فرێزی کاریدا دەردەکەون.

٦.باشترین رێگا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەرەستانەی ئەم چەشنە فرێزە دادەڕێژن، سینتاکسە.

- **سیمانتیکی:**

١.چارەسەرێکی تەمومژی و لێڵی واتا، تا رادەیەکی زۆر دەکەن.

٢.کارە فرە واتاکان، بەهۆی فرێزەوە ئەدڤێربڵێیەکانەوە واتا جیاوازەکانیان روونده‌بێتەوە.

٣.وشە ئەدڤێربەکان، ناوی شت ناگەیەنن و هیچ شتێکی دیاریکراویشیان بەناو ناکرێت، بۆیە واتاکانیان وشەیەکی فەرهەنگی نییە، بەڵکو واتایەکی کردەوەیی یا پیشەییە.[١]

٤.ئەو چاڵە ئەدڤێربلانەی، کە زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن، پڕیان دەکەنەوە، پەیوەندی واتاییان بەو بەشە ئاخاوتنەوە ناپچڕێت، بۆ نموونە: ئەو چالانەی "ناو" پڕیان دەکاتەوە، پەیوەندییان بە واتای شت، یا کەس، یا کاتەوە هەیە، وەك: هاوینێ، بەهارێ، بە جوانی، بەدەست..."، ئەوانیش کە "ئاوەڵناو" پڕیان دەکاتەوە، خاوەنی واتای چۆنیەتین، وەك:

"جوان، خێرا، هێمن..." ئەوانەیش کە "ژمارە" پڕیان دەکاتەوە، واتای چەندێتی دەبەخشن، وەك: دوو دوو، یەك یەك..."

---

[١] ئەم بۆ چوونەم بە کەمێك دەستکارییەوە، لە "الدکتور فچل مصگفی الساقی، اقسام الکلام العربی من حیپ الشکل و الوڤیفە، الهاهرە، ١٩٧٧، ص ٢٥٧-٢٥٨، لە نامەی ماجستێری شلێر رەسووڵ بەرزنجی، لاپەڕە ٣٥، وەرگرت."

چالێکیش کە "جێناو" پڕی دەکاتەوە، واتای کەس ژمارە لە ناوەرۆکیاندا دەبێت، وەك "تۆ ئاسایی، خۆم ئاسایی..."[١]

## فرێزی کاری و ئەو کەرەستانەی کە فراوانی دەکەن:

لە زمانی نوێدا، یەکێك لە فرێزە هەرە گرنگەکانی رستە، فرێزی کارییە و بریتییە لە: "کارێك و هەموو ئەو وشەو گروپە وشانەی، کە کارەکە رایاندەکێشێت و بەدەوری خۆیداو دەیانسوڕێنێتەوە. کارەکە (سەرە)یەو وشەو گروپە وشەکانیش (یاریدەدەر، وەسفکەر، تەواوکەر)ی کارەکەن"[٢] .

مەبەستمان لە کار (رەگ + کات+ کەس و ژمارە)یە،" کە لە زمانی کوردیدا، خاوەنی تایبەتێتی حاڵەتی کەس (یەکەم، دووەم، سێیەم)، ژمارە (تاك، کۆ): کات (رانەبردوو: ئێستا، ئاییندە، رابردوو: بەردەوام، تەواو ، دوور)، رێژە (ئیخباری، ئینشائی، داخوازی)، ئەرێتی و نەرێتی، تێپەڕی و تێنەپەڕێتی، کارادیارو کارانادیاری، سادەیی و ناسادەیی (داڕێژراو، لێکدراو)ە"[٣].

بە هۆی ئەو تایبەتییانەوە، لە هەموو فرێزەکانی تری رستە، کە بەهۆی ئەوەوە دێنە ناوەوە، لە رووی (ئەرك و رۆنان و سیمناتیك)ەوە، دەکۆڵرێتەوە.

## فراوانکردنی فرێزی کاری:

فرێزی کاری لە رووی فراوانکردنەوە، لە فرێزی ناوی دەوڵەمەندترە، مەبەستیش لە فراوانکردن، زیادکردنی کەرەستەی ترە.

سادەترین (ف.ك)، ئەوانەن کە تەنیا لە کارێك پێکهاتوون، وەك: نووست، مرد، هات، رۆیشت، دانیشت...هتد.

---

[١] بۆ ئەم زانیارییە، سوودم لە د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٩٨، ل١٦٤، وەرگرت.

[٢] Stageberg, N. ١٩٧١, P. ١٦٥.

[٣] د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ل٤.

فرێزی کاری، بە دوو ڕێگا فراوان دەکرێت:

♦ بەهۆی فراوانکردنی فرێزی ناویی بەرکار (ئەگەر هەبوو)، کە بەم شێوانەی خوارەوە، دەبێت:

أ. بەزیادکردنی (ناو):

- دارام بینی.
- دارا و ئارام و نەوزادم بینی.

ب. بەزیادکردنی (دەرخەر):

ئەو دەرخەرانەی، فرێزی ناوی فراوان دەکەن، دەبن بە دوو بەشەوە: هەندێکیان پێش سەرەی فرێزەکە دێن و جۆرێکی تریشیان لە دواوە.

١. ئەوانەی پێشەوە، (کە لەم بارەدا ئامرازی خستنە سەر بەکارنایەت)، بریتین لە:

- ژمارە: - دووکتێبم کڕی.
- ئاوەڵناوی پلەی باڵا: - باشترین کتێبم کڕی.
- ئەو وشانەی چەندێتییان تێدایە: - چەند کتێبێکم کڕی.
- هەندێ ئامرازی پرسیار: - کام کتێبی کڕی؟
- هەندێ ئامرازی دەرهاویشتن، وەك (هەر، تەنیا): - هەر کتێبێکم کڕی.
- ئاوەڵناوی نیشانە: ئەم کتێبەم کڕی. —ئەو کتێبانەم کڕی.

هەندێ جار، بەهۆی زیاتر لە دەرخەرێکەوە، فراوان دەکرێت، وەك:

- هەر ئەم دوو کتێبەم کڕی.

٢. ئەو دەرخەرانەیش، کە لە دواوە دێن، (لەم بارەدا، ئامرازی خستنە سەر بەکاردێت)، بریتین لە:

- ناو: - کوڕەکەی شێرزادم بینی.
- جێناو: - کوڕەکەی ئێوەم بینی.
- ئاوەڵناو: - کوڕە زیرەکەکەم بینی.
- ڕستەی شوێنکەوتوو: - کوڕەکەی کە لە دەرەوە دانیشتبوو، ڕۆیشت.

♦ فرێزی کاری، لە ڕێگەی پەیوەندی سینتاکسی نێوان کارو فرێزەکانی ناوییەوە، فراوان دەکرێت، کە بە هۆیەوە، زانیاری دەربارەی لایەنەکانی ڕوودانی کار، وەك: (کات، شوێن، چونیەتی، پێوانە...هتد.)، دەزانرێت.

## ئەدڤێربڵ لە دیالێکتی خواروودا
## دابەشکردنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە رووی واتاوە

لە دابەشکردنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکاندا بەپێی واتا، سوودمان لە کارێکی زانستی هەردوو زمانەوانی رووس "ل.س. بەرخودارەف، د.ا. شتێلینگ"[١] بینیوە، کە لەسەر بنەمای پەیوەندی بە رووی دەرەوە و ناوەوەی کار، ئەدڤێربڵەکانی زمانی ئینگلیزییان، بەسەر دووجۆردا دابەشکردووە و جیاوازی و تایبەتێتی هەر یەکێکیانیان خستۆتە روو، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

١. ئەدڤێربڵەکانی جۆری دەرەوە، بریتین لە: "کات، شوێن".

٢. ئەدڤێربڵەکانی جۆری ناوەوە، ئەمانەن: "چۆنیەتی، پێوانە، هۆیی، وەسیلە...هتد.".

بەم چەند خاڵەی خوارەوەیش، تایبەتییە سەرەکییەکانیان دەخەنەروو:

أ. ئەوانەی جۆری یەکەم، پەیوەندییان بە بارودۆخی روودانەوە هەیە و توندو تۆڵ بەکارەوە نەبەستراون، لەبەر ئەوە هەموو کارێك رایاندەکێشێت، بەپێچەوانەی ئەوانەی جۆری دووەمەوە کە چەشنی کار، وەریاندەگرێت و رووی ناوەوەی دەردەخەن.

ب. جۆرەکانی دەرەوە، لە کاتی ئاخاوتندا دانیان پێدا نانرێت، بەڵام ئەوانەی ناوەوە، هێزی زیاتریان دەدرێتێ و بە شێوازێکی تایبەتی دەردەبڕرێن.

ت. بەهۆی دوورکەوتنەوەو جیابوونەوەی کار، لە ئەدڤێربڵی کات و شوێن، وای کردووە، کە لە کاتی ئاخاوتندا، پێش جۆرەکانی ناوەوە بکەون.

هۆی هەڵبژاردنی کاری ئەو دوو زمانەوانە، لە دابەشکردنی ئەدڤێربڵەکانی زماندا، بەپێی واتاو کردنیان بە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش، دەشێ لەم چەند خاڵەدا، کۆیان بکەینەوە:

---

[١] ل.س. بەرخودارەف، د.ا. شتێلینگ، ١٩٧٣، ل١٢٠.

١. کارەکە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وردە، لە سروشت و واتا و تایبەتمەندی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان.
٢. کارەکە گشتییە بۆ هەموو زمانێك سوودی لێ وەردەگیرێت.
٣. دیاریکردنی شوێنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، لە (ف.ك)دا ئاسان دەکات.
٤. بەهۆیەوە، دەتوانرێت بواری واتایی کارەکان دیاری بکرێت.
٥. دابەشکردنەکە دەریدەخات، کە کار دوو رووی هەیە:
أ. دەرەوە: کە بارودۆخی روودان دیاری دەکات.
ب. ناوەوە: کە سروشت و تایبەتمەندی کار ئاشکرا دەکات.

دابەشکردنێکی سیمانتیکی بەم جۆرەی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی کوردیدا بەرچاونەکەوتووە، بۆیە ئێمەش، پشتمان پێ بەست و بەهۆیەوە، ئەدڤێربڵەکانی دەرەوەو ناوەوەی زمانی کوردیمان وەك خوارەوە جیاکردەوە:

**یەکەم:** جۆرەکانی دەرەوە:
١. کات.
٢. شوێن
٣. نەرێکردن.
٤. جەختکردن.[1]

**دووەم:** جۆرەکانی ناوەوە:
١. چۆنیەتی.
٢. پێوانە.
٣. وەسیلە.
٤. هۆیی.
٥. دووبارەکردنەوە.
٦. مەبەست.
٧. تەرتیبی

[1] لە نەخشەکەدا، نەرێکردن و جەختکردن باس نەکراون، بەڵام ئێمە دوای لێکۆڵینەوە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم دوو چەشنەیش، پەیوەندییان بە رووی دەرەوەی کارەوە هەیە.

٨. بەراورد.
٩. هاوڕێیەتی.
١٠.لێکچوون.
١١.سەرچاوە.
١٢.هەندێتی.
١٣.هیوا و ئاوات.
١٤.دوودڵی وشیان.
١٥.دەرهاویشتن.
١٦.ئەنجام.
١٧.پرسیاری.
١٨.گۆڕینی حاڵەت، لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر.
١٩. پێچەوانە.

لەناو ئەو دوو گرووپەدا، ئەندامی چالاك (active) و سست (anactive) هەیە، یەکەمیان لە ژیانی رۆژانەدا زۆر بەکاردەهێنرێن و هەردەم لەسەر زارن و لە چاپەمەنییەکاندا، زۆر بەرچاو دەکەون. پێویستییەکانی ژیانی رۆژانە وا دەکەن، کە وشەکان یا فرێزەکان چالاك بن.

هەرچی دووەمیشە، ئەوانەن، کە کەم بەکاردەهێنرێن. جۆری پیشەی مرۆڤ وچواار دەورەکەی لەم رووەوە کاریگەرییان هەیە، بۆ نموونە: لای بەقاڵ، قەساب...هتد.، "پێوانە"، زیاتر لەوانی تر بەکاردێت، جۆرێکی وەك "سەرچاوە"یش، لە هەندێ بوار و شوێنی تایبەتیدا نەبێت بەکارناهێنرێت.

لە رووی نرخ و بەهای ڕێزمانیشەوە، بەلای ئێمەوە، هەردوو چەشنە فرێزەکە "دەرەوە و ناوەوە"، هاوتان، چونکە لایەنێکی شاراوە و نادیاری کار، ئاشکرا دەکەن و بەکارهێنانیان لە لایەن قسەکەرەوە، مەبەست، یا بیر، لای گوێگرو خوێنەر، روونده‌کەنەوە.

### ئەرکی ئەدڤێربڵ لە (ف.ك)دا:

فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، سێ ئەرك بەجێ دەهێنن، کە بریتین لە:

١. سەربار

٢. یاریدەدەر

٣. تەواوکەر.

### ئەو فرێزە ئەدڤێربڵییانەی ئەرکی سەربار دەبینن:

مەبەست لە سەرباری (ف.ك)، ئەو کەرەستانەن، کە لابردنیان هیچ کارێك ناکەنە سەر لایەنی واتاو رێزمانی رستە، بەڵکو ئەرکیان، تەنیا دەرخستنی زانیاری زیاترە، دەربارەی لایەنەکانی رووداو. فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لەم ئەرکەیاندا، (ف.ك) فراوان دەکەن و دەرکەوتنیان پشت بە واتاو جۆری کار لەگەڵ رۆڵ و واتای بکەر دەبەستێت. رۆڵی بکەریش، سروشت و تایبەتمەندی کار دیاری دەکات. لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین کە هاتنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، دەکەوێتە ئەستۆی کارەکانەوە و هەریەکەیان جۆرێك بەلای خۆیدا رایدەکێشێت، کە لەگەڵیدا بگونجێت.

بۆ نموونە: کاری "هات" لە توانایدا هەیە، چەند چەشنێکی لەگەڵدا بێت، وەك:

- من هاتم.
- من بە رۆژ هاتم.
- من بە رۆژ بەپێ هاتم...هتد.

ئەو فرێزە ئەدڤێربڵییانەی، لەم ئەرکەدا (ف.ك) فراوان دەکەن، بریتین لە:

**یەکەم: کات**

کاتی روودان، یا روونەدانی کار دیاری دەکات و وەڵامی پرسیاری (کەی؟)، (لەکەیەوە؟)، (چ کاتێك؟)، (بۆ کەی؟)، (تاکەی؟) دەداتەوە.

لە نێوان کاتی رووداوی کاردا، مەرج نییە پەیوەندییەکی بەرامبەر هەبێت، کاری رابردوو لە هەندێ باردا، ناکاتە سەر روودان لە رابردوودا، واتە هەندێ جار، رێژەی رابردوو، ئاماژە دەکاتە سەر "کات"ی ئەوتۆ، کە رابردوو نین، بۆ نموونە: لەم رستەیەی خوارەوەدا، کاتی کار، رابردووەو کاتی رووداوەکەی، رانەبردووە:

- سبەینێ ئەم کاتە، میوانەکان گەیشتوون.

لە هەندێ زماندا، بۆ ئەو دوو چەمکە، دوو زاراوەی جیاواز هەیە، کە تا رادەیەك یاریدەی جیاکردنەوەیان لە یەکتر دەدات: لە زمانی ئینگلیزیدا، بۆ تایبەتمەندی روالەتی کار، زاراوەی "Tense" و بۆ کاتی روودان، "Time" بەکاردەهێنرێت. لە زمانی کوردیدا بۆ هەردوو ماناکە، هەر "کات" بەکاردێت.

چەند جۆرێك کاتی رودان هەیە:

ج.خ. بە کاییف[1] ئەم چەشنانەی دیاریکردووە:

١. کاتی نادیارو نەچەسپیوو: ئەم بەری ئێڤارێ ڤە گەڕینە مال. (ئێمە پێش ئێوارە گەڕاینەوە ماڵ).

٢. کاتی دەسپێکردنی رووداو: ئایلخا مە، پارڤا زێدە کرنە. (مانگانەی ئێمە لە پارەوە زیادی کردووە).

٣. کاتی کۆتایی هاتنی رووداو: ئەز تاسوا ڤە ناگەڕم. (من تا بەیانی ناگەڕێمەوە).

بە بۆچوونی ئێمە، کاتی روودان، جگە لەو جۆرانەی، لەسەرەوە ناویان براوە، ئەمانەی خوارەوەش دەگرنەوە:

١. کاتی جێگیر.

٢. کاتی بەردەوامی رووداو.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە فرێزی ئەدڤێربلی کات ساز دەکەن، بریتین لە:

**أ. ئەدڤێرب**

ئەدڤێربەکانی "هەمیشە، هێشتا/ هێشتاکانی/ هێشتاکو/ هێشتان"، دایدەڕێژن و هەریەکەیان واتایەکی جیاواز دەگەیەنن:

"هەمیشە": واتای بەردەوامیێتی لە رووداندا، نیشان دەدات، رابردوو بێت، یا رانەبردوو:

- جاران هەمیشە کۆششی دەکرد.
- هەمیشە بەپێ بۆ زانکۆ دەچێت.

"هێشتا": کاتی رابردوو بە کاتی ئاخاوتنەوە دەبەستێت، فرێزێکی کاری فراوان دەکات، کە کارەکەی، رابردووی نزیکی نەرێکراو بێت، وەك:

---

[1] ج.خ. بەکاییف، ١٩٧٣، ل ٢٩٦.

- دارا هێشتا نەهاتووە.
- ئەوان هێشتا خۆیان ئامادە نەکردووە.

**ب. ناو**

لە ناو کۆمەڵەی فرێزی ناویدا، "ناو" چالاکترین بەشی ئاخاوتنە، لەم رووەوە، ئەو پەیوەندییە سینتاکسییەی لە (ف.ك)دا، بە "کار"ەوەی دەبەستێت، دەبێتە هۆی گەیاندنی زۆرترین زانیاری، دەربارەی لایەنەکانی روودان، لەوانە "کات، شوێن، چۆنیەتی...".

ناوی کاتەکان، وەك (شەو، رۆژ، هاوین، زستان، بەهار، مانگ، ساڵ...) لە باری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆدا، بێ یاریدە، یا بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، زانیاری سەبارەت بە کاتی روودان دەبەخشن:

١. **کاتی نادیار**.

- رۆژێك چووم بۆلای نەوزاد.
- شەوێك دێین بۆ لاتان.

٢. **کاتی جێگیر**

فۆڕمی ئەم جۆرە، فرێزی یەك وشەیی، یا دووانی و زیاترە، وەك:

- باران دوێنێ باری.
- هەفتەی رابردوو لە دهۆك بووین.

"ناو" لە سازکردنی ئەم جۆرە فرێزەدا، مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، کە لە زارەکانی زمانی کوردیدا، بریتین لە "ی" بۆ رەگەزی نێر و "ێ" بۆ مێ.ئەم مۆرفیمانە لە سلێمانیدا، بە مۆرفیمی بۆش دادەنرێن، چونکە دەرکەوتنیان، هیچ کارێك ناکەنە سەر واتاو ئەرکی رێزمانی و بەکارهێنانیان لە کرمانجی ژووروو، هەورامیدا، چەسپاوترو زیاترە، وەك لە سلێمانی. لە چەند ناوچەیەکی سەر بە دیالێکتی خوارووادا دەردەکەون، وەك: ((موکری، بنگرد، هەولێر، رەواندز، شارباژێڕ، سلێمانی کە دەرکەوتنیان دەکەوێتە سەر ئارەزووی قسەکەر. وەك:

- بەهار دەچین بۆ سەیران.
- بەهارێ دەچین بۆ سەیران.))

ناوی کاتەکان لە شێوە زاری سلێمانیدا، ئەگەر بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، فرێزی ئەدڤێربڵی کاتیان سازکرد، ئەوا مۆرفیمی دۆخ لەم بارەدا، دەرناکەوێت، وەك:

- له زستاندا كویستان زۆر سارده.

بەلام له ناوچەی موكریدا، دەردەكەویت، وەك:

- له زستانیدا كویستان زۆر سارده.[1]

جگه له ناوی كاتەكان، ناوی رووداوەكانیش، توانای دارشتنی ئەم جۆره فریزەیان به یاریدەی پریپۆزیشنه ناوییەكانی "پیش، دوا" هەیه، لەم بارەیشدا، مۆرفیمی دۆخ دەردەكەویت، كه بریتییه له "- ێ"، چونكه ناوی رووداوەكان، به مێ دادەنرین، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا، روونكراوەتەوه:

- منالەكه دوای نانخواردن هات    منالەكه دوای نانخواردنێ هات.

- ئیمه پیش نووستن كتیب دەخوینینەوه.

- ئیمه پیش نووستنێ كتیب دەخوینینەوه.

ناوی رووداوی "مردن"، به یاریدەی پریپۆزیشنی "تا"، كاتی رووداو نیشان دەدات:

- بریاری دا تا مردن قسەی لەگەل نەكات.

- لەگەل ئەوەش تا مردن

نەكەوت له تۆ پەرستن! (گۆران. ل٨٥)

### ٣. كاتی دەسپێكردنی رووداو

ناوی كاتەكان، بەیاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "له...- ەوه"، پیكی دەهینن. ئەو فریزه كارییانەی، كه بەم چەشنه فریزه فراوان دەكرین، ئەگەر دارشتنی كارەكانیان رابردوو بوو، دەبیت تەواو بیت.

ئەم پەیوەندییه سینتاكسییه، كاتی رابردوو به كاتی ئاخاوتنەوه "ئیستا"ەوه، دەبەستیت:

- له بەیانییەوه نانم نەخواردووه.

- له دوینیوه دارام نەبینیوه.

كاره رانەبردووەكانیشی پێ فراوان دەكریت، وەك:

- له سبەینیوه دەست به كارەكانم دەكەم.

---

[1] كەریمی ئەیوبی و سمیر نۆڤا،١٩٦٨، ل١٣٥-١٣٧.

کاتی ڕوودانی کاری ڕانەبردوو، لە ڕووی واتای کارەوە فراوانە، چونکە بۆی هەیە، واتای ڕوودان، لە کاتی ئێستا "ئاخاوتن"، یا داهاتووی نزیك، یا دووردا، ببەخشێت، بۆ نموونە لە ڕستەی: دارا دەڕوات.

هەرسێ واتای کات، دەتوانێت خۆی تێدا بنوێنێت، بەهۆی فرێزە ئەدڤێربڵییە کاتییەکانەوە، لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، وەك:

- دارا ئێستا دەڕوات. "کاتی ئاخاوتن".
- دارا بەیانی دەڕوات. "داهاتووی نزیك".
- دارا ساڵێکی تر دەڕوات. "داهاتووی دوور".

**٤.کاتی کۆتایی پێهێنانی ڕووداو**

ناوی کاتەکان، بە یاریدەی پرپۆزیشنەکانی "تا"، "بۆ"، دایدەڕێژن، وەك:

- تا ئێوارە وانەکانم دەنووسم.
- بۆ نیوەڕۆ کارەکان تەواو دەکەین.

ئەم دوو پرپۆزیشنە، هەندێ جار، دەکەونە نێوان دوو فرێزی ئەدڤێربڵی کاتەوە، سەرەتا و کۆتایی ڕووداو، دیاری دەکەن، وەك:

- کرێکارەکان لە بەیانییەوە بۆ ئێوارە ئیش دەکەن.
- دارا بەیانی تا ئێوارە کۆشش دەکات.

**٥. کاتی بەردەوامی ڕووداو**

بەم ڕێگایانەی خوارەوە پێك دەهێنرێت:

أ. ناوی کاتەکان + پاشگرەکانی "- ان، - انە، - ی":

- بەیانیان نان ناخوات.
- ڕۆژانە سەردانی زانکۆ دەکەم.
- هەفتەی سێ کتێب دەخوێنمەوە.

ب. دووبارەکردنەوەی ناوی کاتەکان، بە یاریدەی "بە":

- خوێندکارەکان ڕۆژ بە ڕۆژ وانەکانیان ئامادە دەکەن.

ت. زیادکردنی وشەی "هەموو"، وەك دەرخەرێك، لە پێش ناوی کاتەکان:

- هەموو ڕۆژێك هاورێکانم دەبینم.

پ. لێکدانی دوو فرێزی ئەدڤێربڵی کات، بەیاریدەی "و":

- ئەوان شەو و رۆژ هەوڵ دەدەن.
- دارا بە هاوین و زستان کتێب دەخوێنێتەوە.

فرێزی ئەدڤێربڵی کات لە سلێمانیدا، بە پێی کاتی روودان، دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١. هەندێکیان تایبەتن بە کاری رابردوو، وەك: "دوێنێ، پێرێ، پار، پێرار..."‌:
- دوێنێ ئەوانم بینی.
- دوێنێ ئەوان دەبینم.*

٢. هەندێکی تریان، تایبەتن بەکاری رانەبردوو، وەك: "سبەینێ، هەفتەی داهاتوو..."‌:
- هەفتەی داهاتوو دەچم بۆ هەولێر.
- هەفتەی داهاتوو چووم بۆ هەولێر.*

٣. بەشێکی تریان، لەگەڵ هەردوو کاتەکەدا، وەك یەك بەکاردێن، وەك:"بەیانی، شەو، رۆژ، نیوەڕۆ، بەهار..."‌:
- بەهار دەچین بۆ سەیران.
- بەهار چووین بۆ سەیران.

فرێزی ئەدڤێربڵی کات، مەرج نییە هەر ناوی کاتەکان، یا رووداوەکان سازی بکەن، بەڵکو هەندێ جار، ناوە واتاییەکان، بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، دایدەڕێژن، وەك:
- ئەوان لە گەنجیدا دەستیان بە ئیشکردن کرد.
- کابرا بەپیری خوێندنی تەواو کرد.
- باوکی بە گەنجی مرد.

٤. ئاوەڵناو

ئاوەڵناوەکانی "زوو، درەنگ، خێرا"، فرێزی ئەدڤێربڵی کات ساز دەکەن و لەسێ فۆڕمدا،کاتی روودان دیاری دەکەن:

١. فرێزی یەك وشەیی
- ئێمە زوو گەڕاینەوە بۆماڵەوە.
- وانەکە درەنگ تەواو بوو.

٢. فرێزی دوو وشەیی، لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە
- ئەوان زوو زوو سەدانمان دەکەن.
- دارا درەنگ درەنگ دەردەکەوێت.

٣. فرێزێکی دوو وشەیی، بە یاریدەی ناوی کاتەکان
- کوڕەکە بەیانی زوو چوو بۆ بازاڕ.
- میوانەکان ئێوارە درەنگ هاتن.

٤. جێناوی کەسی
بە یاردەی پریپۆزیشنە ناوییەکانی "پێش، پاش، دوا"، کاتی ڕوودان دیاری دەکەن[1]:
- من پێش ئێوە لە یاریگاکەدا راوەستا بووم.
- ئەوان دوای تۆ هاتن.

جێناوی خۆییەکان، وەك: خۆم، خۆت، خۆتان..."، لە دارِشتنی ئەم جۆرە فرێزەدا، دەتوانن هەمان رۆڵی جێناوە کەسییە نەلکاوەکان ببینن.

**دووەم: شوێن**

شوێنی ڕوودانی کار دیاری دەکات و وەڵامی پرسیاری "لە کوێ؟"، "بۆ کوێ؟"، تا کوێ؟"، "لە کوێوە؟"...هتد.

دەداتەوە. "کات" و "شوێن" لەو پەیوەندییە سینتاکسییانەن، کە لە ئاخاوتنی رۆژانەدا زۆر دووبارە دەبنەوە.

لە سازکردنی ئەم جۆرە فرێزەدا، تاکە وشە لە زمانی کوردیدا، توانای کەمەو زیاتر پریپۆزیشنەکان لەم بوارەدا، رۆڵێکی چالاك دەبینن. ژمارەیەکی کەم لە فرێزی تاکە وشەیی، وەك: "لێرە، لەوێ" بە نموونە دانراون، کە لە راستیدا، لە ئێرە" و "لە ئەوێ" بوون و لە ئەنجامی گۆڕانکاری فۆنەتیکی، ئەم قاڵبەی ئەمڕۆیان وەرگرتووە.

## جۆرەکانی فرێزی ئەدڤێربڵی شوێن:

ج.خ. بەکاییف[1] چوار چەشنی لەم فرێزە دیاریکردووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

---

[1] هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد، ١٩٨٩، ل٧٣.

١. شوێنی تایبەت: وەرە ڤرا ئەم هیڤیا تەنە. (وەرە بۆ ئێرە چاوەڕێی تۆ دەکەین).

٢. شوێنی سەرەتای دەسپێکردنی کار: دوور ڤا دەنگی سا دهات، دگهیشتە مە.
(لە دوورەوە دەنگی سەگ دەهات، دەگەیشتە ئێمە).

٣. شوێنی دوا قۆناغ (شوێنی کۆتایی پێهێنانی کار): زارۆ بەرب چێم چوو.
(منداڵەکان بەرەو چەم چوون).

٤. شوێنی رێچکەی رووداو: ریاکن ناڤا مێشە را دچە.
(کورتترین رێگا بەناو دارستانەکەدا دەڕوات).

بەلای ئێمەوە، جگە لەو چەشنانە، چەند جۆرێکی تری شوێنی روودان هەیە، وەك:

١. شوێنی نادیار.

٢. شوێنی بەردەوامی رووداو.

٣. شوێنی رەچاوکراو، بۆ دەرختنی شت.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە فرێزی ئەدڤێربڵی شوێن دادەڕێژن، ئەمانەن:

♦ناو

چالاکترین بەشی ئاخاوتنە لەم رووەوە، ئەم فرێزانەی خوارەوە ساز دەکات:

### ١. شوێنی نادیار

ناوی شوێنەکان لە باری نەناسراویدا، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "لە"، یا "لەسەر"، پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "لە ...- ەوە، دایدەڕێژن، وەك:

- هەڵۆیەك لەسەر بەردێك هەڵفڕی.
- لە ماڵێکەوە دەنگی گریانی منداڵێك دەهات.

### ٢. شوێنی جێگیر

ناوی شوێنەکان، بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "لە...- دا"، "دە...- دا"، "لەناو/ لە نێو..._دا"، سازی دەکەن. ئەو فرێزە کارییانەی، کاری تێنەپەڕ و تێپەڕی جێگریان تێدایە، وەك: "نووست، دانیشت، مرد، راوەستا، پاڵکەوت..."،

---

[1] ج.خ بەکاییف ١٩٧٣، ل٢٩٦.

دامەزراند، ناشت، قایمکرد، چەسپکرد، داکوتا، داچەقاند..."، بەم جۆرە فرێزە فراوان دەکرێن، وەك:

- منالەکە لە ژوورەکەدا نووست.
- نەمامەکەت لە باخچەکەدا ناشت.

لە سلێمانیدا، هەندێ جار پۆست پۆزیشنی "- دا" بەکارناهێنرێت، وەك:

- دارام لە بازاڕ بینی.

ناوی شوێنەکان لە شێوە زاری موکریدا، کاتێ بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، ئەم جۆرە فرێزە پێکدەهێنن، مۆرفیمی دۆخ "- ی" وەردەگرن، وەك:

- ئێمە زۆر لە شاریدا گەڕاین[1].

لە هەندێ باردا، ناوی واتایی ئەم فرێزە دادەڕێژێت، وەك:

- ئەوان لە سەوزاییەکەدا دانیشتن.

پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن "لە.. —ەوە"، توانای سازکردنی ئەم جۆرە فرێزەی لەگەڵ کارە چەسپاو و جێگیرەکاندا هەیە، وەك: - لە ماڵەوە نانمان خوارد.

### ٣. شوێنی دەسپێکردنی رووداو

واتای خاڵی دەسپێکردنی جووڵەیە، ناوی شوێنەکان، بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "لە..- ەوە"، "لە...- ڕا"، "لەناو/ لەنێو...- ڕا، "لەناو/ لەنێو...- ەوە"، "لەبن...- ڕا، "لەبن...- ەوە"، "لەسەر ...- ڕا"، "لەسەر...- ەوە"، سازی دەکەن، ئەو فرێزە کارییانە فراوان دەکەن، کە کارەکەیان، واتای جووڵانەوە و بزاوتن دەگەیەنن، وەك: "رۆیشت، هات، چوو، نارد...":

- ئەوان لە هەولێرەوە هاتن.

پۆست پۆزیشنی "- ڕا"، بە هاوواتای "- وە" دادەنرێت، کە لە شێوە زاری موکریدا، هەردووکیان بەکار دەهێنرێن، وەك:

- لە نێو باغڕا (لە نێو باغەوە) دەنگی منداڵان دەهات.
- دڵشاد لە ماڵێڕا (لە ماڵێوە) هات.[2]

---

[1] کەریمی ئەیوبی و سمیر نۆڤا، ١٩٦٨، ل١٣٦. ئەمە: ئێمە.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پۆست پۆزیشنی "- ڕا"، بۆ وشەی "ڕاوی" فارسی کۆن دەگەڕێتەوە، کە واتـای "لـە پێناو، بۆ" دەگەیەنێت.[1]

٤.**شوێنی کۆتایی هاتنی ڕووداو**

ناوی شوێنەکان، لە باری ڕاستەوخۆ و ناڕستەوخۆدا، بەیاریدەی پریپۆزیشنەکانی "تا، بۆ، ە، بەرەو"، دایدەڕێژن، هەمان ئەو فرێزە کارییانە فراوان دەکەن، کە کارەکانیان واتـای جووڵانەوەو بزاوتن دەگەیەنن:

- منداڵەکان چوونە باخچەکەوە.
- شوانەکە مێرگەلەکەی بەرەو دێ برد.

پریپۆزیشنی "ە"، لە دەنگێکی بزوێن پێکهاتووەو بزاڤێکی ئاڕاستەیی دەبەخشێت بە هەندێ کاری زمانەکە، پۆست پۆزیشنی "- ەوە وەردەگرێت، بەڵام "- دا" وەناگرێت.[2]

٥. **شوێنی ڕێچکەی ڕووداو (بزواندن و تێپەڕینی ڕووداو)**

ناوی شوێنەکان، بـە یاریـدەی پریپۆزیـشن و پۆسـت پۆزیـشنی "بـە...- دا"، سـازی دەکەن، هەمان فرێزە کارییەکانی پێشوو پێ فراوان دەکرێت:

- ئێمە بە هەولێردا چووین بۆ مووسڵ.
- دارا بە یاریگاکەدا تێپەڕی.

٦. **شوێنی بەردەوامی ڕووداو:**

دووبارەبوونەوەی ناوی شوێنەکان، بە یاریدەی "بە"، سازی دەکەن، بۆ نموونە:

- کرێکارەکان شار بەشار بۆ ئیشکردن دەگەڕێن.
- منداڵەکان لە جەژندا ماڵ بە ماڵ گەڕان.

٧. **شوێنی ڕەچاوکراو بۆ دەرخستنی شت:**

نـاوی شـوێنەکان، بـە یاریـدەی پریپۆزیـشن و پۆسـت پۆزیـشنی "بـە...- ەوە"، دایدەڕێـژن، بـە پێـچەوانەی جۆرەکـانی تـرەوە، ئـەو فرێـزە کارییانـە فـراوان دەکـات، کـە کارەکانیان، واتای جوڵانەوە و بزاوتن دەگەیەنن،

---

[1] ک.ک. کوردۆییف، و: د. کورستانی موکریانی، ١٩٨٤، ل٨٤.

[2] د. شێرکۆ بابان، کاروان، ژ١٢٢، ١٩٩٨، ل٤٢.

بەڵکو ئەو چەشنانەی پێ فراوان دەکرێت، کە کارەکانیان واتای جێگرییان تێدایە، وەك:

- کۆترەکەم بە ئاسمانەوە بینی.

جگە لە ناوی شوێنەکان، ناوی رووداوەکانیش، دەتوانن فرێزی ئەدڤێربڵی شوێن لە سنوورێکی تەسکا پێکبهێنن. پریپۆزیشنی "لە" و هەندێ جار پۆست پۆزیشنی "-ەوە"، هاریکارییان دەکەن، وەك:

- ئەوان لە نانخواردن گەڕانەوە.

- جوامێر لە دەست شتن ئەگەڕایەوە بیری لە ژنەکەی ئەکردەوە... (ژانی گەل. ل١٩٤)

♦ جێناوی کەسی

جێناوە کەسییەکان، لەگەڵ پریپۆزیشنە ناوییەکانی "پێش، پاش، دوا" و بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "لە...- ەوە"، "بە...- دا، "لە...- دا"، شوێنی رووودان دیاری دەکەن،[1] وەك:

- دارا لە دوای منەوە دانیشت.

- من بە دوای تۆدا دەڕۆم.

مەرج نییە هەموو فرێزێکی کاری، شوێنی رووودانی کارەکە، بەم جۆرە فرێزە نیشان بدرێت، بەڵکو ئەوانەی کارەکانیان بریتین لە "دانیشتن، تێپەڕی، نووست، وەستا..."، بەم فرێزە فراوان دەکرێن، واتە زانیاری سەبارەت بە شوێنی رووودانیان دەخرێتە روو.

جگە لە جێناوە کەسییەکان، جێناوی نیشانەی "ئەو"، بە یاریدەی مۆرفیمی دۆخی "- ێ" و پریپۆزیشنەکانی "بە، لە، بۆ، تا" و هەندێ جار پۆست پۆزیشنی "- دا"، شوێنی رووودان دیاری دەکات، وەك:

- کاروانییەکان بە ئەوێدا/ بەوێدا تێپەڕین.

- دارام لە ئەوێ/ لەوێ بینی.

### سێیەم: چۆنیەتی

زانیاری لە بارەی چۆنیەتی و حاڵەتی رووودان، دەگەیەنێت و وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە، کە بە "چۆن؟" کرابێت.

---

[1] هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد، ژ٩٨٩، ل٧٣.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازی دەکەن، بریتین لە:

أ. ناو

ئەو ناوانەی دایدەڕێژن، بریتین لە "ناوە واتاییەکان"، "ئەو ناوانەی بە رواڵەت تاکن و لە واتادا کۆن، وەك: کۆمەڵ، دەستە..."، "ناوی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، وەك: سەر پێ، سنگ...". پرپۆزیشنی "بە"، رۆڵێکی چالاك لەم بوارەدا، دەبینێت و هەندێ جاریش، پۆست پۆزیشنی "- ەوە"، هاریکاری دەکات.

هەروەها پریپۆزیشنی لێکدراو "لەسەر"، لە سازکردنی ئەم جۆرە فرێزەدا، دەتوانێت هاریکاری ناو بکات، وەك:

- منداڵەکە لەسەر سنگ کەوت.
- نانەکەم بە پێوە خوارد.
- دارا وانەکەی بە جوانی نووسی.

ناوی رووداوەکان، بە تایبەتی ئەوانەن کە حاڵەت دەردەبڕن: "مردن، گریا، پێکەنین، دانیشتن، هەڵسان..."، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە"، یا پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "بە...- ەوە، ئەم فرێزە دادەڕێژن و ژمارەیەك فرێزی کاری فراوان دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کارەکانیان، بریتین لە: "خوارد، هات، رۆیشت..."

- منداڵەکە بە گریان هات.
- نامەکەم بە دانیشتنەوە خوێندەوە.

ب. ئاوەڵناو

پەیوەندی سینتاکسی نێوان ئاوەڵناو و کاری لە (ف.ك)دا، زانیاری هەمە جۆر دەربارەی لایەنەکانی رووداو دەبەخشێت، یەکێك لەوانە روونکردنەوەی چۆنیەتی روودانە.

هەموو جۆرێکی ئاوەڵناو لە (ف.ك)دا، ناتوانێت چۆنیەتی روودانی کار دەربخات، بەڵکو هەندێ ئاوەڵناوی چۆنیەتی، بە تایبەتی ئەوانەی، سیفەت نیشان دەدەن، ئەم رۆڵە دەبینن، وەك:

- منداڵەکە جوان قسە دەکات.
- وانەکەم باش خوێندەوە.

ئەو فرێزە ئەدڤێربلێیانەی، ئاوەڵناو سازیان دەکات، دەتوانن دەرخەر لە پێشەوە وەربگرن، وەك:

- منداڵەکە زۆر جوان قسە دەکات.

واتە: "جوان"، نیشانەیە بۆ کارەکە، "زۆر"یش، نیشانەی نیشانەیە. ئاوەڵناوە نسبیەکانیش، بەتایبەتی ئەوانەی بەیاریدەی پاشگری "- انە" سازبوون، ئەم جۆرە فرێزە دادەڕێژن، وەك:

- پێشمەرگەکان مەردانە لە دوژمن راپەڕین.
- هێمن ژیرانە وەلاّمی مامۆستاکەی دایەوە.

**چوارەم: پێوانە**

بۆ پێوانەی "کات، بۆشایی، چەندێتی، نرخ و بەها، کێش...هتد."، بەکاردەهێنرێت.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە بەشداری لە سازکردنیدا دەکەن، بریتین لە:

أ. ناو

بەیاریدەی دەرخەر و لە هەندێ باریشدا، بەهۆی پرێپۆزیشنی "بە"وە، دادەڕێژێت و ئەم لایەنانەی رووداو دەپێوێت:

١. کات:

ئەو فرێزە کارییانەی، کارەکانیان واتای جوڵانەوە و بزاوتن دەبەخشن، بە پێوانی کاتی روودانیان، فراوان دەکرێن، وەك:

- بە چوار سەعات لە بەغداوە گەیشتنە سلێمانی.
- بە دە دەقیقە هاتینە زانکۆ.

جگە لەمانە، هەندێ فرێزی کاری تریش، ئەم پەیوەندییە سینتاکسییە، بەلای خۆیاندا رادەکێشن، بۆ نموونە:

- بەسێ ساڵ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت.
- ئەوان شەو تا بەیانی کۆشش دەکەن.

٢. چەندێتی:

- هەموو رۆژێك دووجار دەچن بۆ بازاڕ.
- کتێبەکەم جارێك خوێندەوە.

٣. نرخ و بەها:

- کتێبەکەم بە چل دینار کڕی.

- کەلوپەلەکانی بە دە دینار بۆ گواستەوە.

٤. کێش:

- بەقاڵەکە دوو فەردە شەکری فرۆشت.

- دارا سێ کیلۆ هەناری کڕی.

٥. بۆشایی

- سەربازەکان شەش کیلۆمەتر رایانکرد.

- دلێر چوار هەنگاو بازی دا.

ئەو ناوانەیش، کە واتای پێوانە دەبەخشن، وەك: "سەرانسەر، سەراپا، نەختێك، تۆزێك..."ئەم فرێزە دادەڕێژن، بۆ نموونە:

- شارەکە سەرانسەر راپەڕی.

- دوێنێ بەفر نەختێك باری.

ئەو فرێزە کارییانەی، کارەکانیان بریتین لە: "مرد، خنکا، کۆچی کرد، شەهید کرا..."، یا بریتین لە: "مارەکرد، لەدایك بوو..."، بەفرێزی ئەدڤێربڵی پێوانە فراوان ناکرێن، چونکە رووداني ئەم جۆرە کارانە، تەواو بووەو کۆتایی پێ هاتووە.

ب. ئاوەڵناو

فرێزی ئەدڤێربڵی پێوانە ساز دەکەن، هەندێ لە فرێزە کارییە تێنەپەڕەکان فراوان دەکەن، کە بکەرەکانیان کاران و کارەکانیان، بریتین لە: "دانیشت، نووست، سووتا، هات..."، وەك:

- میوانەکان زۆر دانیشتن.

- ئاسۆ دوێنێ شەو کەم نووست.

ئەو فرێزە کارییە تێنەپەڕانەی، کە بکەرەکانیان کارا نین و کارەکانیان بریتین لە: "رووخا، سووتا، برژا، سەوزبوو..."، بەگشتی بەم فرێزە فراوان دەکرێن، وەك:

- خانووەکە کەمێك رووخا.

- گۆشتەکە زۆر برژا.

فرێزە کارییە تێپەڕە بکەر کاراکانیش، هەندێکییان بەم فرێزە فراوان ناکرێن، وەك:

- کچەکەی کەم مارە کرد.*

هەر لەم کۆمەڵەیەدا، هەندێ فرێز هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی کارەکانیان، بریتین لە: "کڕی، فرۆشت..."، ئەگەر بەرکارەکانیان ناسراو بوو، ئەم فرێزە، بەلای خۆیاندا راناکێشن، وەك:

- خانووەکەم زۆر کڕی.*
- زەوییەکەم کەم فرۆشت.*

بەڵام ئەگەر ناسراو نەبوو، وەریدەگرن، وەك:

- خانووم زۆر کڕیوە.
- زەویم کەم فرۆشتووە.

هەندێ فرێزی تر هەیە، بەگشتی بەم پەیوەندییە سینتاکسییە فراوان دەکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی کارەکانیان، بریتین لە: "بینی، خوارد، برد..."، وەك:

- شانۆگەریم زۆر بینیوە.
- دوێنێ نانی کەم خوارد.

فرێزە کارییە تێپەڕە بکەر ناکاراکانیش، بەپێی جۆرەکانیان، هەندێکیان بەم فرێزە فراوان ناکرێن و هەندێکی تریشیان فراوان دەکرێن، وەك:

- لافاو شارەکەی زۆر وێرانکرد.
- بەردەکە پەنجەرەکەی کەمێك شکاند.
- کلیلەکە دەرگاکەی کەم کردەوە.*

## پێنجەم: وەسیلە

زانیاری دەربارەی ئامێر، یا شتێك نیشان دەدات، کە کارێکی پێ بە ئەنجام بگەیەنرێت، یا نەگەیەنرێت، وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە، کە بە "بەچی؟" بکرێت.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە پێکی دەهێنن، ئەمانەن:

أ. ناو

ئەم جۆرە فرێزە، بە تاکە وشە ساز نابێت، بەڵکو "ناو"، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە"، کە چالاکترین پریپۆزیشنە لەم رووەوە، دایدەڕێژێت. جۆری کار، وەسیلەی بە ئەنجام گەیاندنی دیاری دەکات، ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی کارێك پێویستن، مەرج نییە بۆ کارێکی تر پێویست بن، واتە وەسیلەکانی بەئەنجامگەیاندنی کارێك، کێڵگەیەکی واتایی

پێکدەهێنن و رێ دەکەوێت، ئەندامێکی ئەو کێڵگەیە، لە یەکێکی تریشدا ببینرێت، با سەرنج لەم رستانەی خوارەوە بدەین:

مناڵەکە پەنجەرەکەی بە دەست شکاند. نانەکەم بە دەست خوارد.

| | |
|---|---|
| بە بەرد | بە کەوچك |
| بەدار | بە چەتاڵ |
| بە ئاسن.... | .... |

لەو دوو رستەیەی سەرەوەدا، فرێزی بەندی "بەدەست" وەسیلەیە، لە بەئەنجامگەیاندنی دوو کاری جیاوازدا، واتە بووە بە ئەندام، لە دوو کێڵگەی واتاییدا. ژمارەی وەسیلە، بە پێی جۆری کار دەگۆڕێت، هەندێ کار وەسیلەیان لە هەندێکی تر زیاترە، بۆ نموونە: "شکاند" وەسیلەکانی، لە "خواردن" زۆرترن. دەرکەوتنی ئەم فرێزە ئەدڤێربلییە، لە رۆنانی سەرەوەی هەندێ فرێزی کاریدا، دەبێتە هۆی نا رێزمانی رستە، بۆ نموونە: کارەکانی بواری واتایی لەبەرکردن[1]، وەك:

"لەبەرکرد، لەملکرد، بەشانداد...":

- منالەکە کراسەکەی بەدەست لەبەر کرد. *

بە لابردنی وەسیلە، رستەکە رێزمانی دەبێت:

- منالەکە کراسەکەی لەبەر کرد.

هەروەها کارەکانی بواری واتایی لێنان[2]، وەك: "لێنا، کولاند، پیشاند، برژاند، سوورکردەوە...هتد.:

- چێشتەکەی بە ئاگر لێنا. *
- چێشتەتەکەی لێنا.

بەڵام ئەگەر ویسترا، سەرنج بۆ رێگای لێنانەکە رابکێشرێت، وەسیلە دەردەکەوێت[3]:

- چێش تەکەی بەدار لێنا.
- گۆشتەکەیان بە خەلۆز برژاند.

---

[1] مەعروف مەحموود فەرەج، ١٩٨٩، ل٥٥.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢

هەندێ کاری لێکدراو، وەك: "بۆیەکرد، چەورێژکرد، قیرتاوکرد، بەردەباران کرد..."، کەرتی یەکەمیان، واتای وەسیلەی بە ئەنجامگەیاندنی کارەکە دەگەیەنن، دەرکەوتنی ئەم چەشنە فرێزە، لە رۆنانی سەرەوەی ئەم جۆرە فرێزە کارییانەدا، دیسانەوە دەبێتە هۆی نا رێزمانی رستە، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

- ژوورەکەی بە گەچ گەچکاری کرد.* ـــ ژوورەکەی گەچکاری کرد.
- شارەوانی رێگاکەی بەقیر قیرتاوکرد.* ـــ شارەوانی رێگاکەی قیرتاو کرد.

جۆرێکی تر لە کاری لێکدراو هەیە، لە بنجدا وەسیلەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە پێویست بە دەرکەوتن ناکات و هاتنیان لە ئاستی رووکەشدا، دیسان رستەکە، نارێزمانی دەکات، وەك: "سواغ دا، لەبغ کرد...":

- دیوارەکەی بە قوڕ سواغ دا.* ـــ دیوارەکەی سواغ دا.
- ژوورەکەیان بە چیمەنتۆ لەبغ کرد.* ـــ ژوورەکەیان لەبغ کرد.

فرێزە کارییە تێپەڕەکان، کە بکەرەکانیان کارا نەبێت، بەم پەیوەندییە سینتاکسییە، فراوان ناکرێن، چونکە بکەرەکانیان، رۆڵی جۆرێك لە وەسیلە دەبینن، وەك:

- رەشەبا دارەکەی شکاند.
- نەخۆشی پیاوەکەی کوشت.

فرێزە کارییە تێنەپەڕەکان، کە بکەرەکانیان کارا نەبێت، لە هەندێکیاندا، وەسیلە و هۆ تێکەڵ بەیەك دەبن، وەك:

- شارەکە بە لافاو وێران بوو.
  وەسیلە هۆ

جگە لەو ناوانەی لە سەرەوە باسکران، ناوی رووداوەکانیش، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە"، ئەم فرێزە دادەرێژن، وەك:

- دارا بە کۆششکردن پێگەیشت.
- مرۆڤ بە تێکۆشان و کۆڵنەدان سەردەکەوێت.

ب. جێناوی کەسی

بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە" و هەندێ جار پۆست پۆزیشنی "- دا"، پێکی دەهێنن و ژمارەیەك فرێزی کاریی تێپەڕی بکەر کارا، فراوان دەکەن، وەك:

- نامەکەم بە ئەو نووسی.

- راسپاردەکەم بە ئەواندا نارد.

**شەشەم: هۆیی**

زانیاری دەربارەی هۆی روودان، یا روونەدانی کار، نیشان دەدات و دەبێتە وەڵامی پرسیارێك، کە بە "بۆچی؟" بکرێت.

**ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازی دەکەن، ئەمانەی خوارەوەن:**

١. ناو

فرێزی ئەدڤێربڵی هۆیی لەو چەشنانەن، کە بە تاکە وشە دەرنابڕرێت، بەڵکو "ناو" بەیاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "لە...- دا/ا" دایدەڕێژێت.پریپۆزیشنی "لە" لەم رووەوە، لە ئەوانی تر چالاکترە و هەندێ جار لە شێوەی لێکدراویدا دەردەکەوێت و دەبێت بە "لەبەر"، وەك:

- دارا لەبەر ژانی سەری خەوی لێ نەکەوت.

- منداڵەکە لە داخا نانی نەخوارد.

ئەو فرێزە کارییانەی، بکەرەکانیان کارانین، بەم پەیوەندییە سینتاکسییە، فراوان ناکرێن، چونکە بکەرەکانیان هۆن، لە بەئەنجامگەیاندن، یا نەگەیاندنی کارەکەدا، وەك:

- بەردەکە پەنجەرەکەی شکاند.

- لافاو شارەکەی وێرانکرد.

بەشێوەیەکی گشتی، فرێزی کاری زیاتر لە حاڵەتی نەرێدا، فرێزی ئەدڤێربڵی هۆیی وەردەگرن.

ناوی رووداوەکانیش، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "لەبەر"، ئەم جۆرە فرێزە پێك دەهێنن، وەك:

- ئارام لەبەر ئیشکردن نەهات بۆ سەیران.

٢. جێناوی کەسی

بەیاریدەی پریپۆزیشنی "لەبەر"، سازی دەکەن، وەك: - من لەبەر ئێوە هاتمەوە.

**حەوتەم: دووبارەکرنەوە**

دووپاتبوونەوەی رووداو رادەگەیەنێت.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازی دەکەن، بریتین لە:

### أ. ئەدڤێرب

ئەدڤێربی "دیسان"، واتای دووپاتبوونەوەی رووداو، نیشان دەدات و لە زۆر باردا، یا ناوچەدا، مۆرفیمی بۆشی دەچێتە سەر، وەك:

هەم: هەمدیسان، هەمدیس.

ەوە: دیسانەوە، هەمدیسانەوە.

انیّ: دیسانەوانیّ، هەمدیسانەوانیّ.

ئەم مۆرفیمانە، واتاو ئەرکی رێزمانی ئەدڤێربی "دیسان" ناگۆڕن و دەتوانن سیمای ئاخاوتنی ناوچەیی دیاری بکەن. لەم بارەدا، دەتوانین بڵێین لە "ئەتێکت" لە ئاخاوتندا، واتە دەتوانرێت، ناوچەیی قسەکەریان پێ دیاری بکرێت، لە گفتوگۆدا.[١] بۆ نموونە:

بەڵیّ.. ئیمساڵیش ئەگریجە پەخشان

هەمدیسان بەهار خۆی ئەدا نیشان (دیلان. ٨١).

- منداڵەکە دیسان کەوتە ئاوەکەوە.

ئەو فرێزە کارییانەی پێ فراوان ناکرێت، کە کارەکانیان، بریتین لە: "مرد، خنکا، کوشت..."، وەك: - نەخۆشەکە دیسانەوە مرد.*

### ب. ناو

بە یاریدەی دەرخەر، سازی دەکات، وەك: جارێکی تر، جارێکی دی، ئەمجارەش..."، بۆ نموونە: - جارێکی تر وانەکەم نووسییەوە.

### هەشتەم: مەبەست

ئەم چەشنە فرێزە، مەبەستێك روون دەکاتەوە، کە کارێك لە پێناویدا روودەدات، یا روونادات.

دەبێتە وەڵامی پرسیارێك، کە بە "بۆچی؟" بکرێت. بەشەکانی ئاخاوتن، بەهاریکاری پرێپۆزیشنی "بۆ"، کە چالاکترین پرێپۆزیشنە لەم بوارەدا، پێکی دەهێنن، بۆ نموونە:

أ.ناو

ناوی "مادی"، "واتایی"، دایدەڕێژن، وەك:

-پیاوەکان بۆ دار دەچن. "ناوی مادی".

---

[١] د. شێرکۆ بابان، ٢٠٠٠، ل٤٩.

- منداڵەکان بۆ خۆشی هاتوون. "ناوی واتایی".

ئەو فرێزە کارییە تێپەڕ و تێنەپەڕانەی، کە بکەرەکانیان، کارا نین و ڕۆڵی جیا جیا دەبینن، بەم فرێزە فراوان ناکرێن، وەك:

- دیوارەکە رووخا.
- شەو سارد بوو.
- کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە. ...هتد

ناوی رووداوەکانیش، توانای رۆنانی ئەم فرێزەیان هەیە، وەك:

- ئێمە بۆ خوێندن هاتووین بۆ وانکۆ.

ب. جێناوی کەسی

- کراسەکەم بۆ تۆ کڕی.

ت. ئاوەڵناو

- نامەکەم بۆ زیرەکەکە نارد.

**نۆیەم: تەرتیبی**

بەدوایەکتر هاتنی رووداو نیشان دەدات، بەواتایەکی تر، جۆرە رێکخستنێك لە چۆنیەتی روودانی کاردا دەگەیەنێت و دەبێتە وەڵامی پرسیارێك، کە بە "چۆن؟" کرا بێت.

بەشەکانی ئاخاوتن، بە رێگەی دووبارەکرنەوە، دایدەڕێژن، وەك:

**أ. ناو**

- منداڵەکان پۆل پۆل دانیشتوون.
- کتێبەکانی دەستە دەستە ریز کرد.

**ب. ژمارە**

- پێشمەرگەکان چوار چوار مەشق دەکەن.
- گۆڤارەکانی لە کتێبخانەکەدا دوو دوو هەڵگرت.

**دەیەم: بەراورد**

بیرۆکەی بەراوردکردن، لە (ف.ك)دا، دەگەنێت.

لەناو بەشەکانی ئاخاوتنـدا، ئاوەڵنـاوە چۆنیەتییەکان، بەیاریـدەی پاشـگری "- تـر"، پێکی دەهێنن و ئەم واتایانەی خوارەوە دەگەیەنن:

١. بـەراورد لـە نێـوان دوو کـەس، یـا دوو کۆمـەڵـە کـەس، لـە رووی چـونیەتی بـە ئەنجامگەیاندن، یا نەگەیاندنی کارێکدا، وەك:

- ئاسۆ لە ئاکۆ وانەکانی باشتر ئامادە کردووە.

٢. بەراورد لە نێوان دوو کاتدا، کە کارێکیان تێدا روویداوە، وەك:

- ئەمڕۆ لە دوێنێ درەنگتر چووینە دەرەوە.

٣. بەراورد لە رووی پێوانەی روودانی کارەوە، وەك:

- باران ئەمڕۆ لە دوێنێ کەمتر باری.

ئەم پەیوەندییە سینتاکسییە، ژمارەیەکی زۆر لە (ف.ك) فراوان دەکات، تەنانـەت ئەوانیش، کە کارەکانیان، بریتی بوون لە: "مرد، کوشت، کۆچی دوایی کرد...هتد."، کە بەفرێزەکانی دووبارەکردنەوە و پێوانە، فراوان نەدەکران، وەك:

- باوکی لە دایکی زووتر کۆچی دوایی کرد.

### یازدەیەم: هاوڕێیەتی

هاوڕێیەتی بکەر، یـا بـەرکار، لەگـەڵ کەرەسـتەیەکی تـردا، نیـشان دەدات و دەبێتـە وەڵامی پرسیارێك، کە بە "بەچییەوە؟"، "لەگەڵ چی؟"، "لەگەڵ کێ؟"، بکرێت.

بەشـەکانی ئاخـاوتن، بەیاریـدەی پریپۆزیـشن و پۆسـت پۆزیـشنی "بـە...- ەوە، یـا پریپۆزیشنی "لەگەڵ"، پێکی دەهێنن، بۆ نموونە:

أ.ناو

- نانەکەی بە ماستەکەوە خوارد.

- ئاسۆ لەگەڵ ئاکۆ چوو بۆ بازاڕ.

ب. جێناوی کەسی

- نەوزاد لەگەڵ ئێمە هات بۆ سەیران.

- دارا خوێندکارەکانی بە تۆیشەوە لە لیستەکەدا نووسی.

ت. ئاوەڵناو

- مامۆستاکان لەگەڵ زیرەکەکان دانیشتبوون.
- شارەکە بە گەورەو بچووکەوە راپەڕی.

## دوازدەیەم: لێکچوون

زانیاری دەربارەی چوون یەکی و وەك یەکی کەسێك، یا شتێك، بەرامبەر بە کەسێك، یا کۆمەڵە کەسێك، شتێك، یا کۆمەڵە شتێك، دەبەخشێت و دەبێتە وەڵامی پرسیارێك، کە بە "چۆن؟" بکرێت.

پریپۆزیشنی "وەك" و پاشگری "- ئاسا"، هاریکاری بەشەکانی ئاخاوتن لە دارِشتنیدا دەکەن، بۆ نموونە:

أ.ناو

- دارا وەك ئاسۆ کۆشش دەکات.
- پێشمەرگەکان شێرْ ئاسا پەلاماری دوژمنیان دا.

ب. ئاوەڵناو

- پیاوەکە وەك کوێر دەڕوات بە رێگادا.
- پیاوەکە کوێر ئاسا دەڕوات بەرێگادا.

ت. جێناوی کەسی

- ئارام وەك تۆ وانەکەی خوێندەوە.
- نەوزاد ئێوە ئاسا کارەکەی راپەڕاند.

## سیازدەیەم: نەرێکردن

نەرێی روودانی کار رادەگەیەنێت.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازی دەکەن، ئەمانەن:

أ.ئەدڤێرب

ئەدڤێربی "قەت"، "هەرگیز"، کە توانای دووپاتکردنەوەی هەیە و دەبێتە "هەگیزاو هەگیز"، نەرێی رووداو، نیشان دەدەن، وەك:

- قەت سەردانی ئێمە ناکات.
- هەرگیز ئەوان کاری نابەجێ ناکەن.

ب. ناو

لەباری نەناسراویدا، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە" و جێناوی نەرێکردنی "هیچ"، دایدەڕێژێت، هەموو فرێزێکی کاری، لەباری نەرێدا، بەم فرێزە فراوان دەکرێت، وەك:

- نەخۆشەکە بە هیچ جۆرێ نانی نەخوارد.
- هیچ رۆژێك لە خوێندن دواناکەوین.

ئەم فرێزە ئەدڤێربلّییە، جۆرێك لە جەختکردنیش، رادەگەیەنێت.

## چواردەیەم: سەرچاوە

ئەو فرێزە ئەدڤێربلّییانەیە، کە کەرەستەی دروستکردنی مادەیەك، دەخەنە روو، یا دەستنیشانی مادەیەك دەکەن، کە بۆشاییەك داگیر دەکات، دەبێتە وەلاّمی پرسیارێك، کە بە "لەچی؟" بکرێت.

لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا، تەنیا "ناو"، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "لە"، کە چالاکترین پریپۆزیشنە لەم بوارەدا، سازی دەکات و ژمارەیەکی سنووردار لە (ف.ك) فراوان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی کارەکانیان، بریتین لە: "سازکرد، دروستکرد، پێکهێنا، و چەند کارێکی تریش"، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

خانووەکەی لە خشت دروستکرد.

دەرکەوتنی ئەم فرێزە، لە رۆنانی سەرەوەی هەندێ (ف.ك)دا، دەبێتە هۆی نا رێزمانی رستە، بەتایبەتی لەگەلّ ئەوانەدا، کە بکەرەکانیان ناوی پیشەن، وەك:

- دارتاشەکە کورسییەکەی لە تەختە دروستکرد.*
- دارتاشەکە کورسییەکەی دروستکرد.

بەلاّم ئەگەر ویسترا، سەرنج بۆ جۆری کەرەستەی دروستکردنەکە رابکێشرێت، ئەوا دەردەکەوێت، وەك:

- دارتاشەکە کورسییەکەی لە تەختەی ئێرانی دروستکرد.

## پازدەیەم: جەختکردن

جەختکردنە سەر رووداو، یا روونەدانی کارێك دەگەیەنێت.

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە دایدەڕێژن، بریتین لە:

أ.ناو

ژمارەیەك ناوی واتایی، راستی، دڵنیایی، شك، گومان ..."، بە یاریدەی پریپۆزیشنەکانی "بە" و"بێ"، دادەڕێژن.

دەتوانرێت، فرێزە کارییەکانی، بەگشتی پێ فراوان بکرێن، وەك:

- ئەوان بە دڵنیایی چوون بۆ بازاڕ.
- بێ گومان ئەم کارە کاتی زۆری دەوێت.

ئەو فرێزە بەندانەی بۆ "سوێند خواردن" بەکاردەهێنرێن، جۆرێکن لە فرێزی ئەدڤێربڵی جەختکردن، وەك:

- بەخوا دوێنێ هاتم بۆ لات.

ب. ژمارە

ژمارەی "دوو"، "سی"، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بێ"، سازی دەکەن، کە بووە بە دانەیەکی ئامادەکراو لە زماندا و فۆرمێکی چەسپاوی وەرگرتووە، وەك:

- دارا بێ سێ و دوو وەڵامی مامۆستای دایەوە.

## شازدەیەم: هەندێتی (تبعيج)

ئەم فرێزە ئەدڤێربڵییە، گشت نیشان دەدات "بکەر، یا بەرکار"، بەشێکی پەیوەندی بە روودان، یا روونەدانی کارێکەوە دەبێت، یا ئەرکی رووداوێکی دەکەوێتە سەر. پریپۆزیشنی "لە"، هاریکاری بەشەکانی ئاخاوتن، لە سازکردنیدا دەکات، بۆ نموونە:

أ.ناو

- نانێکم لە نانەکان خوارد.
- نەخۆشێك لە نەخۆشەکان مرد.

لەو رستانەدا، دەتوانرێت ناوی بەش نەبرێت، تەنیا ئاماژە بۆ ژمارەکە بکرێت:

- چوار لە خوێندکارەکان هاتن.

ب. ئاوەڵناو

- زیرەکێك لە زیرەکەکان هات.
- ئازایەك لە ئازاکان رۆیشت.

ت. جێناوی کەسی

جێناوە کەسییە کۆیەکان دایدەڕێژن، وەك:

- یەکێك لەوان هات.
- دوو خوێنکار لە ئێوە دەرنەچوون.

**حەڤدەیەم: دەرهاویشتن**

کەسێك، یا شتێك لە حوکمێك جیا دەکاتەوە، کە سەپێنراوە بەسەر کەسێك، یا شتێکی تر لە رستەیەکدا.

پریپۆزیشنی "بێ"، هاریکاری بەشەکانی ئاخاوتن لە داڕشتنیدا دەکات، وەك:

أ. ناو

- کتێبەکانم بێ دەفتەرەکان کڕی.
- نانەکەم بێ چا خوارد.

ب. جێناوی کەسی

- خوێندکارەکان بێ ئێوە هاتن بۆ سەیران.
- ئیشەکەی بێ تۆ کرد.

**هەژدەیەم: ئەنجام**

ئەنجامی روودان، یا روونەدانی کارێك دیاری دەکات، دەبێتە وەڵامی پرسیارێك، کە بە "بەچی؟" بکرێت. پریپۆزیشنی "بە"، هاریکاری بەشەکانی ئاخاوتن، لەسازکردنیدا دەکات، بۆ نموونە:

أ. ناو

- ئێمە تۆمان بە نوێنەری خۆمان هەڵبژارد.

ب. ئاوەڵناو

- ئەوان تۆیان بە زیرەکی پۆلەکە لە قەڵەم دا.

**نۆزدەیەم: پێچەوانە**

بارودۆخێك رادەگەیەنێت، کە بە پێچەوانەیە لەگەڵ بارودۆخی روودانی کاری رستەکە. "ناو"، بەیاریدەی پریپۆزیشنی "لەگەڵ"، پێکی دەهێنێت، وەك:

- دارا لەگەڵ ئەو زیرەکییەشدا لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچوو.
- کچەکە لەگەڵ ئەو جوانییەشدا کەس داوای ناکات.

هەندی جۆری فرێز ئەدڤێربڵییەکان، واتاکانیان لەیەکترەوە نزیکن و زۆر جار تێکەڵ بەیەکتری دەبن و دەشێ لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن، واتە دەگونجێت فرێزێك زیاتر لە واتایەك بگەیەنێت، بۆ نموونە:

١. مەبەست و هۆ: - ئێمە بۆ خوێندن هاتووین.
٢. وەسیلە و هۆ: - پیاوەکە بە نەخۆشی مرد.
٣. کات و چۆنیەتی: - کە نەوزاد هاتەوە، ئارام دەست بەجێ هات بۆ لای.
٤. کات و نەرێ: - هەرگیز ئاسۆ لە وانەکانی دواناکەوێت.
٥. سەرچاوە و وەسیلە: - خانووەکەی بەخشت/ لە خشت دروستکردووە.
٦. شوێن و چۆنیەتی و پێوانە: - دلێرم لە دوورەوە بینی.
٧. دووبارەکردنەوەو پێوانە: - جارێکی تر وانەکەم نوسیەوە.......هتد.

## ٢- ئەو فرێزە ئەدڤێربڵییانەی ئەرکی یاریدەدەر دەبینن:

فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لەم ئەرکەیاندا پێویستی دەردەبڕن، دەیانهێنێتە ئاراوە و لەم بارەدا (ف.ك) فراوان ناکەن. شێوازی داڕشتنی کار، لە ڕێژەی "رابردووی ئینشائی و رانەبردووی ئیلزامی"دا، بۆ گەیاندنیان، پێویستییان بەم چەشنە فرێزە هەیە. لەناو جۆرەکانی فرێزی ئەدڤێربڵیدا، ئەمانەی خوارەوە، ئەرکی یاریدەدەر دەبینن:

### یەکەم: دوو دڵی وشیان[1]

گومان و دوو دڵی لە ڕوودان، یا ڕوونەدانی کاردا، نیشان دەدات، ئەدڤێربی "رەنگە"، ئەم ئەرکە دەبینێت، هەروەها فرێزەکانی "لەوانەیە، لەوە دەچێ، بڵێی..."،

[1] مصطفی خرم دل، ١٣٤٧ھ، ص١٥٣.

هەمان رۆڵ جێبەجێ دەکەن. ئەم فرێزە، کاری رانەبردووی ئیلزامی و رابردووی ئینشائی تەواوی پێ دەردەبڕرێت، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا، روونکراوەتەوە:

- رانەبردووی ئیلزامی: - رەنگە ئەمڕۆ بچم بۆ دهۆك.
- رابردووی ئینشائی تەواو: - لەوە دەچێ ئارام راپۆرتەکەی نووسیبێت.

## دووەم: هیواو ئاوات[1]

ئومێد و ئارەزوو لە روودان، یا روونەدانی کارێك نیشان دەدات. لە تایبەتێتی ئەم فرێزە ئەوەیە، کە تایبەتە بە دەربڕینی کاری رابردووی ئینشائی "سادە، بەردەوام، دوور". ئەدڤێربەکان "خۆزگە، بریا، کاشکی"، ئەم ئەرکە دەبینن، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا دیارە:

- رابردووی ئینشائی سادە: - خۆزگە/ بریا/ کاشکی نانم خواردبا.
- رابردووی ئینشائی بەردەوام: - خۆزگە/ بریا/ کاشکی نانم بخواردایە.
- رابردووی ئینشائی دوور: - خۆزگە/بریا/ کاشکی نانم خواردبووایە.

وشەی "خۆزگە"، وەك بینرا، چالێکی ئەدڤێربڵی پڕ دەکاتەوە، بەلاّم لەسەرچاوە رێزمانییە کوردییەکاندا، بەجۆرێکی تر لە قەڵەم دراوە، بۆ نموونە: لیژنەی دەستووری زمانی کوردی[2]، دەڵێت: ((ئەم وشەیە، هەندێ جار وەکو واژەیەکی فرهەنگی بەکاردێ، وەك "خۆزگەکەم هاتە دی."، جا لەبەر ئەوەی راناوەکان وەردەگرێ، تعریف دەکرێت و دەبێ بە بەشێك لە بەشە سەرەکییەکانی رستەو بە وشەیەکی فەرهەنگی سەربەخۆ لە قەڵەم دەدرێ، بەلاّم هەندێ جار، وەکو پارتێکڵی ئامرازی بەکاردێ، کە واتاکەی لەگەڵ بەشەکانی دی رستە دەستنیشان دەکرێ، وەکو "خۆزگە وا بووایە")).

سەبارەت بە وشەی "بریا"یش، لیژنە دەڵێت: ((ئەم وشەیە، وەکو پارتیکڵ، لە رێزمانی کوردیدا باسکراوە و هەوڵدراوە لەم رووەوە، واتاکەی بخرێتە روو)).

---

[1] رشید یاسمی، ملك العرا بهار، بدیع الزمان فروزانفر، عبد العظیم قریب، جلال همائی، ١٣٧٨، ص٢٠٠.

[2] لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ل٢٦.

لیژنه- پاش لێکۆڵینەوه- رای وایه، که ئەم وشانه له زمانی کوردیدا، بۆ واتای روونەده- تەمەنا"، بەکارهاتووه.

## ٣- ئەو فرێزه ئەدڤێربلێیانەی ئەرکی تەواوکەر دەبینن

هەندێ کار، بۆ تەواوکردنی واتاکانیان داوای ئەدڤێربڵ دەکەن، لەم بارەدا ئەرکی تەواوکەر دەبینن و بە کەرەستەیەکی بنجی دادەنرێن و گرنگییان، له گرنگی بەرکار بۆ کاری تێپەڕ، کەمتر نییه. مەبەستیش له تەواوکەر، ئەو کەرەستانەن، که لەگەڵ کاردا دێن و رسته دەکەنه رستەیەکی رێزمانی و واتایەکی تەواوی پێ دەبەخشێت.[1]

به بۆچوونی ئێمە، تەواوکەر ئەو کەرەستانەیش دەگرێتەوه، که واتاو مەبەستی قسەکەر له رستەیەکەوه بۆ یەکێکی تر، دەگۆڕن.

ئەو فرێزه ئەدڤێرلێیانەی، ئەم ئەرکه دەبینن، بریتین له:

**<u>یەکەم: پرسیاری</u>**

پرسیار دەربارەی ئەم لایەنانەی رووداو دەکات:

١. کات: - کەی هاتیت؟

٢. شوێن: - بۆ کوێ دەچیت؟

٣. چۆنیەتی: - وانەکەت چۆن نووسیوه؟

٤. پێوانه: - کتێبەکەت به چەند کڕی؟

٥. وەسیله: - بەچی هاتیت؟

٦. هۆیی: - دارابۆ/ بۆچی نەهات بۆ زانکۆ؟

٧. مەبەست: - بۆچی دەچن بۆ بازاڕ؟

٨. هاوڕێیەتی: - نانەکەت به چییەوه خوارد؟

٩. سەرچاوه: - ئەم خانووه له چی دروستکراوه؟ ...هتد.

ئەم فرێزه ئەدڤێربلێیه، کەرەستەیەکی تەواوکەره، له رستەی پرسیاردا و کار دەکاته سەر مەبەستی قسەکەر، بۆ نموونە: رستەیەکی پرسی، وەك: "هاتیت؟"، بێ بوونی فرێزێکی ئەدڤێربلی پرسیاری، وەڵامەکەی "بەڵێ"، یا "نەخێر"ه، ئەم رستەیه، بەپێی

---

[1] Ameen, W.O ١٩٧٩, P.١٤

چەشنی ئەو فرێزە ئەدڤێربڵێیە پرسیارییەی، کە تیایدا دەردەکەوێت، وەڵامی جۆراو جۆر هەڵدەگرێت، بۆ نموونە: "کەی؟"، وەڵامێکی تایبەت بەخۆی هەیە، "لە کوێوە؟"، وەڵامێکی جیاوازی دەبێت.

هەر ئەدڤێربڵێکی پرسیاری، لەبەر ئەوەی وەڵامێکی تایبەت بەخۆی هەیە، واتاو مەبەست لە رستەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕن و (ف.ك) فراوان ناکەن و ئەو وەڵامەی، کە بە هۆیانەوە دەست دەکەوێت، فراوانی دەکات.

دووەم: فرێزی ئەدڤێربڵی گۆڕینی حاڵەت لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر

گۆڕانی حاڵەتی بکەر، یا بەرکار دیاری دەکات، "ناو"، بە یاریدەی پرێپۆزیشنی "بە"، یا "ە"، پێکی دەهێنێت. ئەو فرێزە کارییانەی، کارەکانیان بریتین لە "بوو"، یا "کرد"، لە کاتێکدا، کە واتای "گۆڕان" بگەیەنن، ئەم چەشنە فرێزە، بۆ تەواوکردنی واتاکانیان، رادەکێشن. وەك لەم رستانەدا، روونکراوەتەوە:

- ئاوەکە بوو بە سەهۆڵ.

- یارییەکەی کردە ناخۆشی.

جگە لەم دوو فرێزە، کە تەنیا ئەرکی تەواوکەر دەبینن، چەشنەکانی تر، وەك: "شوێن، کات، چۆنیەتی، پێوانە، سەرچاوە، وەسیلە، ئەنجام..."، بەپێی جۆری کار، دەتوانن ئەم ئەرکە نیشان بدەن، کەواتە لەناو جۆرەکانی فرێزی ئەدڤێربڵێدا، تایبەتمەندێتی و گشتێتی هەیە، لە رووی ئەو ئەرکەوە، کە لە (ف.ك)دا، دەیبینن.

## چەشنەکانی ئەدڤێربڵی تەواوکەر:

بەشێوەیەکی گشتی، سێ چەشن ئەدڤێربڵی تەواوکەر دیاری دەکرێت:

♦ ئەوانەی هاوبەشی رۆنانی (ف.ك) دەکەن:

چوار جۆر (ف.ك) بە یاریدەی فرێزە ئەدڤێربڵێیەکان ساز دەبێت:

١- ف. ئە+ ك:     - دارا لە بازاڕ بوو.

- بنێشتەکە بە دەستمەوە لکا.

٢- ك+ ف. ئە:     - ئاوەکە بوو بە سەهۆڵ.

- کارەکە کەوتە سبەینێ.

٣- ب+ ف. ئە+ ك.     - ئیمە تۆ بە زیرەك دەزانین.

- ئەوان ئێمەیان بە ئازا لە قەڵەم داوە.

٤- ب+ ك+ ف. ئە - منداڵەکە بەردی گرتە ماڵەکە.
- دارا کتێبەکەی خستە ئاوەکەوە.

هەندێ کار، جۆرێ لە ئەدڤێربلێ، بەلای خۆیاندا رادەکێشن و بەمەیش چارەسەری تەمومژی و لێڵی واتا دەکرێت و رستە لە لێڵییەوە، بەرەو روونی دەچێت، بۆ نموونە:

١- کاری "پێدەگات"، پێویستی بە "کات" هەیە، وەك:
- ترێ پێدەگات. (رستەیەکی لێڵە).
- ترێ لە هاویندا پێدەگات. (رستەیەکی ئاشکرایە).

٢- کاری "دەردەهێنرێت"، "سەرچاوە" وەردەگرێت، وە:
- دەرمان دەردەهێنرێت. (لێڵ).
- دەرمان لە گیا دەردەهێنرێت. (ئاشکرا).

٣- کاری "دەشۆرێت"، داوای "چۆنیەتی" دەکات، وەك:
- جلەکانی دەشۆرێت. (لێڵ).
- جلەکانی بە ئاسانی دەشۆرێت. (ئاشکرا).

٤- کاری "ژیا/ دەژی"، "شوێن" بەلای خۆیدا، رادەکێشێت، وەك:
- خەڵك ماوەیەکی زۆرە دەژی. (لێڵ).
- خەڵك ماوەیەکی زۆرە لەم وڵاتەدا دەژی. (ئاشکرا).
- ئەوان زۆر ژیاون. (لێڵ).
- ئەوان لێرە زۆر ژیاون. (ئاشکرا). ......هتد.

بەهای تایبەتی ئەدڤێربلە تەواوکەرەکان، لە رۆنانی پەندی پێشینان و ئیدیۆمدا، دەردەکەوێت. لێرەدا چەند نموونەیەك، بۆ ئەم مەبەستە، دەهێنینەوە:

١- رووناکی مانگە شەو، سەر لە ئێوارە دیارە. "کات".
٢- سەری لەبەر هەتاو، سپی نەکردووە. "شوێن".
٣- بەزستانان پینەو پەڕۆ، بە هاوینان قنج قنج برۆ. "کات"، "چۆنیەتی".
٤- دوژمنی خۆی، بەشەکر دەخنکێنێت. "وەسیلە".
٥- هەژدە هەژدە قسە دەکات. "تەرتیبی".
٦- خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە. "مەبەست".
٧- سەد ساڵ بکەیت بێگانە پەرستی، دوایی هەر دەهێنی نوشستی. "پێوانە".

♦ ئەو جۆرانەیان، کە هاوبەشی رۆنانی کاری لێکدراو دەکەن:

هەندێ کار، جۆرێك لە فرێزی ئەدڤێربلّی، بەلای خۆیانـدا رادەکێـشن و لەگەلّیانـدا، کارێکی لێکدراو پێك دەهێنن، لە خوارەوە هەندێ لەو کارانە، بە نموونە دەهێنینـەوە، کـە بەم رێگەیە ساز بوون.

١.شـوێن+ کـرد: کارەکـانی بـواری واتـایی (لەبـەرکردن)، بـەم رێگـە رۆنـراون، وەك: "لەسەر کرد، لەپشت کرد، لەمل کرد، لەبەرکرد، ." ملوانکەکەی لە مل کرد.

٢.شوێن+ دا: "بەشاندا دا، لەیەخە دا..." چاکەتەکەی بەشاندا دا.

٣.چۆنیەتی+ دا: "بەکرێ دا، بە قەرزا دا..." خانووەکەی بەکرێ دا.

٤.چۆنیەتی+ کەوت: "بێ ناز کەوت..." دوای نەمانی باوکی، بێ ناز کەوت.

٥.چۆنیەتی+ هات: "بەئاگا هات..." لەپڕ نەخۆشەکە بە ئاگا هات.

٦.چۆنیەتی+ کرد: "بەپەندکرد، بەدزکرد" پیاو خراپەکەیان بەپەند کرد.

٧.وەسیلە+ کەوت: "بە بۆن کەوت..." منالّەکە بە بۆن کەوت...هتد.

♦ ئەو فرێزە ئەدڤێربلییانەی، واتاو مەبەست لە رستەیەکەوە بۆ رستەیەکی تر دەگۆڕن:

هاتنی فرێزە ئەدڤێربلّییەکان لە رستەی نەرێدا، واتاو مەبەست دەگۆڕن، بە بۆچوونی ئێمە، ئەم دیاردەیـە، گـرنگترین جیاوازییـە، لـە نێـوان رسـتەی ئـەرێ و نەرێـدا، بـۆ نموونـە: لـە رستەکانی

- وانەکەی نووسی

- وانەکەم بەدەست نووسی.

واتای و مەبەست یەکە و نەگۆڕاوە، ئـەرکی فرێـزی ئـەدڤێربلّی "بەدەسـت"، تـەنیا زانیاری لە بارەی وەسیلەی بە ئەنجامگەیاندنی کاری "نووسی"یەوە، دەردەخات، بەلاّم لـە رستەی نەرێدا، ئـەرکی فرێـزی ئـەدڤێربلّی گەیانـدنی زانیـاری نییـە، بـەلّکو قـسەکەر بـە هۆیـەوە، ئـەو مەبەسـتەی دەیـەوێت، بـە رەوانـی دەیگەنێتـە گـوێگر و بـە لابردنـی لـە رستەکەدا، بە تەواوی واتاو مەبەستی قـسەکەر دەگۆڕێـت، بـۆ نموونـە: ئەگـەر کـاری دوو رستەکەی سەرەوە، بکەین بە نەرێ و سەرنج لە واتاکانیـان بـدەین، دەبیـنین هەریەکـەیان، واتاو مەبەستێکی جیاواز دەگەنێت، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

- وانەکەم نە نووسی.

مەبەستی قسەکەر لێرەدا ئەوەیە، کە وانەکەی بە هیچ جۆرێك نەنووسیوە، واتە کارەکە رووی نەداوە، بەڵام لە رستەی:

- وانەکەم بە دەست نەنووسی.

مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، کە وانەکەی نووسیوە، بەڵام "بەدەست" نا، واتە کارەکە بە وەسیلەیەکی تر، روویداوە. نەرێی کار لەم جۆرە رستانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ جۆری وەسیلەکەی و کارەکە لە بنجدا، روویداوە و نەرێ نییە. بەهەمان شێوە رستەکانی:

- ناچم بۆ زانکۆ.

- بەپێ ناچم بۆ زانکۆ.

واتاو مەبەستەکانیان جیاوازن، بۆ زیاتر روونکردنەوە، سەرنج لەم رستانەی خوارەوە دەدەین:

١- شوێن: دوێنێ لە بازاڕ نانم نەخوارد. # دوێنێ نانم نەخوارد.

٢- مەبەست: پیاوەکان بۆ ئیشکردن نەهاتوون. # پیاوەکان نەهاتوون.

٣. چۆنیەتی: چیشتەکە بە ساردی مەخۆ. # چیشتەکە مەخۆ.

٤. سەرچاوە: ئاسۆ کورسییەکەی لە تەختە دروست نەکرد. # ئاسۆ کورسییەکەی دروست کرد.....هتد.

لابردنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە رستەی نەرێدا، جگە لە گۆڕینی واتاو مەبەست، هەندێ جار دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵەی واتایی، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا، روونکراوەتەوە:

- هەرگیز بەفر و باران بە هاوینان لە کوردستاندا نابارێت.

- هەرگیز بەفر و باران لە کوردستاندا نابارێت.*

تێبینی:

• فرێزی ئەدڤێربڵی هۆیی لە رستەی نەرێدا، واتاو مەبەست ناگۆڕێت، بەڵکو زانیاری لە بارەی هۆی روونەدانی کارەکەوە دەخاتە روو، بۆ نموونە:

- منداڵەکە نانی نەخوارد.

- منداڵەکە لە داخا نانی نەخوارد.

لەو دوو رستەیەدا، واتاو مەبەست، هەمان شتە و نەگۆڕاوە.

• کـاره فـره واتاکـان، واتـا جیاوازەکانیـان، بـەهۆی فرێـزە ئەدڤێربڵییەکانـەوە، ڕووندەبێتەوە، بۆ نموونە:

- دارا سەرکەوت. دارا لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت.
دارا بەسەر شاخەکەدا سەرکەوت.
- - هێمن دەرچوو. هێمن بەیەکەم دەرچوو.
هێمن لە ماڵ دەچوو.
هێمن سەر ڕاست دەرچوو.

## دابەشکردنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان بە پێی ڕۆنان:

فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، بەپێی ژمارەی وشە پێکهێنەرەکانیان، دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١- سادە. ٢- ناسادە. ٣- بەند.

### ١- فرێزە سادەکان:

ئەوانەن، کە لە وشەیەکی واتادار ساز بوون، وەك:

- ئەدڤێربەکان: "هێشتا، دیسان، ڕەنگە، خۆزگە...".
- ناوی کاتەکان: "شەو، ڕۆژ، پار، هاوین، زستان...".
- ئاوەڵناو: "خراپ، جوان، مەردانە، ئازایانە، درەنگ...".

### پاشگرەکانی ئەدڤێربڵ:

هەندێ پاشگر، دەچنە سەر بەشێ لەو چەشنە فرێزە، لەوانە:

١- (- ێ)

مۆرفیمی دۆخە، بۆ ڕەگەزی مێینەی تاك، دەچێتە سەر ئەو فرێزانەی، کە واتای کات دەگەیەنێن، وەك: شەوێ، هاوینێ، بەهارێ...هتد.

٢- (- ێك)

مۆرفیمی نەناسراوییە، دەچێتە سەر ناوی کاتەکان و واتای نادیاری لە کاتی ڕوودانداَ، دەگەیەنێت، وەك: شەوێك، ساتێك،ساڵێك...هتد.

زۆر جار، فۆنیمی "ك" ی لێ دەپەڕێت و دەبێت بە: شەوێ، ساڵێ...هەندێ جاریش،

دەچێتە سەر ئاوەڵناوی وەك "کەم" و دەبێت بە: "کەمێك" .

٣- (- ی)

دەچێتە سەر ئەو فرێزانەی، کە لە ناوی کاتەکان داڕێـژراون و واتـای بـەردەوامێتی دەبەخشن، وەك: ڕۆژی، ساڵی، مانگی...هتد.

٤- (- انە)

لـە تێکـڕای دیالێکتـە کوردییەکانـدا بـەکاردەهێنرێت، هـەروەها لـە زمـانی فارسیشدا[1]، بەر چاو دەکـەوێت. دەچـێتە سـەر نـاوی کاتـەکان و واتـای بـەردەوامێتی لـە ڕووداندا نیشاندەدات، وەك: ڕۆژانە، ساڵانە، مانگانە،. هەروەها دەچێتە سەر ناوی گشتی مرۆڤ و ئاوەڵناو، چۆنیەتی ڕوودان دیاری دەکات، وەك: کوڕانە، پیاوانە، مەردانە، ژیرانە.

٥- (- ان)

مۆرفیمی کۆیە، دەچێتە سەر ناوی کاتـەکان و واتـای بـەردەوامێتی لـە ڕوودانـدا، دەگەیەنێت،

وەك: ئێواران، شەوان...

پێـشتر لـە دیـالێکتی خـواروودا، مـۆرفیمی "- ەهـا" ، بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو، بۆکۆکردنەوەی ناو بەکارهێنراوە،ئێستا کەمتر پەنای بۆ دەبرێت و لەگـەڵ چـەند وشـەیەکدا بــە کاردێــت، کــە دەتــوانین پێیــان بڵــێین " وشــەی چەســپاو" ،کــە هەنــدێکیان نــاون و بەشێکیشیان ژمارەن، وەك: "ساڵەها، ڕۆژەها، دەیەها، هەزارەها و هەندێکی تریش".

جێی سەرنجە، ئەو وشانە ئەمڕۆ بە مۆرفیمی "- ان"یش، کۆدەکرێتـەوە: دەیـان جـار، سەدان کەڕەت، هەزاران جار...هتد.

کەواتە مۆرفیمی کۆکردنەوەی "- ەها" ، لـە ڕووی مێژووییـەوە، کـۆنترەو ئـەمڕۆ مۆرفیمی "- ان" ، جێگەی پێ لەق کردووە[2].

٦- (ئاسا)

دەچێتە سەر ناو و جێناو و ئاوەڵناو، فرێزی ئەدڤێربلی لێکچوون، پێکدەهێنێت:

---

[1] پاشگری "-انە" لە زمانی فارسیدا، دەچێتە سەر ناوو ئاوەڵناو، فرێزی ئـەدڤێربلی کـات و چـۆنیەتی، دادەڕژێت، وەك: روزانە، ماهانە، دوستانە، خردمندانە، ...هتـد. (بـۆ زیـاتر ڕوونکردنەوە،بڕوانـە: دکـتر پرویز ناتل خانلری، ١٣٧٣، ص٦٩)

[2] وانەیەکی تایبەتی د. فاروق عومەر سدیق،زانکۆی سلێ مانی، ٢٠٠١/٢/٢٤.

ناو: شێر ئاسا، پیاوئاسا، نەوزادئاسا.....

جێناو: ئەوانئاسا، تۆئاسا،خۆتئاسا.....

ئاوەڵناو، کوێرئاسا، مەردئاسا.....

٧- (- تر)

دەچێتە سەر ئاوەڵناو، فرێزی ئەدڤێربلی بەراوورد ساز دەکات:

ا- بەراوردی چۆنیەتی: باشتر، خراپتر...

ب- بەراووردی کات: زووتر، درەنگتر...

پ- بەراووردی پێوانە: زۆرتر، کەمتر....

٨- (- گار)

دەچێتە سەر ناوی کاتەکان،بەتایبەتی "شەو،ڕۆژ": شەوگار، رۆژگار.

ئەی ئەستێرەی پرشنگدار ڕێ نیشاندەری ڕێبوار

عالەم نووستوو تۆ بێدار ئاسمان ئەبڕی بە شەوگار (بەختیار زێوەر. ١٥٥)

٩- (- ش/- یش)

دەچێتە سەر ناوی کاتەکان و واتای دووبارەکردنەوە دەگەیەنێت، وەك:

شەویش، ئێستاش....

١٠- (- ەکی)

هەندێ جار بەرچاو دەکەوێت، دەچێتە سەر ناوی کاتەکان، وەك: بەیانەکی، شەوەکی،

شەوەکی بوو.. ڕێی گرتە بەر

فرکەی ئەهات وەکو تەتەر (دیلان. ٣١٠).

### ٢- فرێزە ناسادەکان

ئەوانەن، کە لە دوو وشە، یا زیاتر پێکهاتوون، ئەم جۆرە دەکرێت بە سێ بەشەوە:

یەکەم: ئەوانەی بەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەیەك سازدەبن، کە بۆ داڕشتنی فرێزە ئەدڤێربلییەکان، بەرهەمدارترین ڕێگەی ناو، ژمارە، ئەدڤێرب" بێ یاریدە، یا بە یاریدەی چەند مۆرفیمێکی بەند، دووبارە دەبنەوە، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

١- ناو

- بیٚ یاریدە: دەستە دەستە، پۆل پۆل، کۆمەڵ کۆمەڵ...هتد.[1]
- بە یاریدەی:
أ.(- او- ): پشتاوپشت، دۆلاّودۆڵ...
ب. (- بە- ): ساڵبەساڵ، دەستە بە دەستە...
ت. (- ەو- ): شاخەو شاخ، ماڵە و ماڵ...
پ. (- ان- ): سەرانسەر.
٢- ئاوەڵناو
- بیٚ یاریدە: جوان جوان، کەم کەم، تیٚرتیٚر...هتد.
- بەیاریدەی:
١- (- او- ): دووراو دوور، نزیکاونزیك...
٢- (- بە- ): دوور بە دوور، نزیك بە نزیك...
- بیٚ یاریدە: دوو دوو، چوار چوار...هتد.
- بەیاریدەی ا- (- او- ): یەکاویەك.
ب- (- بە- ): یەك بەیەك، دوو بەدوو ...هتد.
٣- ئەدڤیٚرب
ئەدڤیٚربی "هەرگیز" ، بە یاریدەی(- او=)، دووبارە دەبیٚتەوە: هەرگیزاو هەرگیز.

**تیٚبینی:**

ئەو فریٚزە ئەدڤیٚربلٚییانەی، کە ئاوەڵناو بەم ریٚگەیە سازی دەکات، واتا بە هیٚز دەکات.

ب- جگە لە ریٚگەی دووبارەکردنەوە، بەشەکانی ئاخاوتن، بە چەند ریٚگەیەکی تر، فریٚزە

ناسادەکان پیٚکدەهیٚنن، لەوانە:

- ناو

أ. ناو+ناو: پارپایز، دویٚنیٚ شەو...

---

[1] لە دارشتنی ئەم چەشنە فریٚزەدا، سوودم لە د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ژمارەو ئاوەڵکردار،١٩٩٨،وەرگرت، جگە لە زانیاری و بۆچوونی تایبەتی خۆم.

لەم بارەدا، هەندێ جار، مۆرفیمی دۆخی "- ێ"ی رەگەزی مێینەی تاك، دەردەکەوێت، وەك: پار بەهارێ، پارزستانێ...

ب. ناو+ "بەرەو" + ناو: سەر بەرەو خوار، سەر بەرەو ژوور...

ت. ناو + "لە" + ناو: سەر لە بەیانی، سەر لە ئێوارە...

پ. ناو + "و" + ناو: دەم و دەست، شەو و رۆژ...

ج. ناو + "و/ەو" + ئەو وشانەی کە ئێستا سەربەخۆ بەکار نایەن: تاك و تەرا، دەستەوسان...

ح. "دەم" + "- ەو- " + ناوی کاتەکان: دەمەو بەهار، دەمەو ئێوارە...

خ. ناو + "ەو- " + ناو: دەستە و ئەژنۆ.

د. ناو + "بە" + ناو: دەست بە جێ......هتد.

- ئاوەڵناو

ئاوەڵناو + "و" + ئاوەڵناو: تێر و پڕ، دوور و نزیك...

دەتوانرێت ئەم فرێزە، بە هۆی لێکدانی دوو بەشی ئاخاوتنیشەوە، دابڕێژرێت، بۆ نموونە:

أ- ناو + ئاوەڵناو: بەیانی زوو، شەو درەنگ...

ب-ئاوەڵناو + "بە" + ناو: پڕبە دڵ، پڕ بە دەم...

ت-ژمارە+ناو: چوارساڵ، دوو رۆژ...

پ-ئاوەڵناو + ناو: زۆر شەو، کەم بەیانی...

ج- ئامرازی نیشانە + ناو: ئەم پایزە، ئەو رۆژە...

ح- جێناوی دیار + ناو:هەموو سالێك، هەموو هەفتەیەك...

خ- جێناوی نەرێ + ناو: هیچ رۆژێك، هیچ شەوێك...

د- ناو + "لە" + ئاوەڵناو: سەر لە نوێ.

دووەم: ئەوانەی، لە ناوێك، کە سەرە، یا دەرخراوە، لەگەڵ دەرخەرێك، یا زیاتر، پێکدێن و بە هۆی ئامرازی "ی" ی خستنەسەرەوە، بەیەکەوە گرێ دەدرێن[١]، وەك:

---

[١] بۆ ئەم زانیاریانە، سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرت:

ا-ئیرنسیت مەکارۆس، و: محمد معروف فتاح، رۆشنبیری نوێ، ژ١١٥، ١٩٨٧، ل١٢٨

" هەفتەی رابردوو، شەویْ زستان، بەیانیانی هاوین، جارێکی دی...هتد." .

ئەم چەشنە فرێزە، بە دوو ڕێگا فراوان دەکرێت:

١- بەزیاد کردنی دەرخەرێك لە پێش فرێزەکەوە، وەك:

"هەموو بەیانیانی هاوین، ئەم هەفتەی رابردووە...هتد." .

٢- بە زیاد کردنی فرێزێکی خستنە پاڵ، یا دەرخەرێك، لە دوای فرێزەکەوە، وەك:

"شەوانی زستانی ساڵی پار، ئێوارانی بەهاری جاران...هتد." .

## ٣- فرێزی بەند

ئەوانەن، کە بەیاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنەکان، داڕێژراون." پریپۆزیشنەکان، مۆفیماتی خزمەتگوزاری بەشە ئاخاوتنی زمانی کوردین و سروشت و پێویستی زمانەکە، وای خواستووە کە دروستیان بکات و لە بنەڕەتدا، مۆرفیمێکی واتاداربوون بە گوێرەی تێپەڕینی کات و پێشکەوتنی زمان، گۆڕراون بەم فۆڕمەی ئەمڕۆ. لە هەندێ شێوە زاری کوردیدا، شوێن و ئەرکی حاڵەتیان گرتۆتەوەو بەرەبەرە جێیان پێ لەق کردوون[١] "

پریپۆزیشنەکان، وەك ئامرازێکی بەستن، بەشەکانی رستە، بەیەکەوە دەبەستن و خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکن[٢]، لەوانە:

١- رواڵەتی سەربەخۆیان هەیە.

٢- لەرستەدا کار دەکەن.

٣- لەگەڵ وشەی تردا، واتای تەواو دەدەن بەدەستەوە.

زمانی کوردی، لە فرێزی بەنددا، دەوڵەمەندەو ئەمیش لە کاتێکدا دروستبوو، کە دۆخ (Case) لە زمانەکەدا نەماو دەورەکەی درا بەم چەشنە فرێزە[٣].

---

ب-د.محمد فاروق عمر صدیق، رۆشنبیری نوێ، ژ١٢٦، ١٩٩٠، ل٢٧-٣٨

[١] هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد،١٩٨٩، ل ٤٢.

[٢] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل ٣٠٤.

[٣] د. محەمەد مەعروف فەتاح، وانەکانی ڕستەسازی خوێندنی باڵا (ماجستێری زمان)، هەولێر، ١٩٩٧-١٩٩٨، لە نامەی ماجستێری (حاتەم ولیا محەمەد) وەرگیراوە.

## جۆرەکانی فرێزی بەند:

١.جۆری سادە، کە لە پریپۆزیشن + ناو "یا"پریپۆزیشن + ناو + پۆست پۆیشن"،پێکدێت، وەك:

أ. بە: لەگەڵ:

- ناوی گشتی و تایبەتی وپیشەی مرۆڤ: بە نەوزاد، بە پیاوەکان، بە ئەندازیارەکان/ بە ئاسۆوە، بە پیاوەکانەوە، بە مامۆستاکانەوە/ بە ئارامدا، بە پیاوەکاندا، بە کرێکاندا.

- ناوی شوێن: بە بازاڕدا/ بە ئاسمانەوە.
- ناوی کات: بە شەو.
- ناوی مادی: بەدەست/ بە ئوتومبیلەکەدا/ بە پێوە.
- ناوی واتایی:بەجوانی/ بە خەفەتەوە.
- ناوی بەڕواڵەت تاك و لە ناوەڕۆکدا کۆ: بە کۆمەڵ/ بە دەستە.
- ناوی رووداو: بە گریان/ بە پێکەنینەوە.
- جێناوی کەسی: بە تۆ/ بە ئەوانەوە/ بە ئێمەدا.

ب. لە: لەگەڵ

- ناوی شوێن: لە بازاڕ/ لە هەولێرەوە/ لە زانکۆدا.
- ناوی کات: لە بەیانیەوە/ لە زستاندا.
- ناوی مادی: لە شیر/ لە تەختە.
- ناوی واتایی: لە خۆشیدا/ لە داخاندا.

ت. بۆ: لەگەڵ

- ناوی مرۆڤ: بۆ ئارام.
- ناوی شوێن: بۆ بازاڕ/ بۆماڵەوە.
- ناوی کات: بۆ ئێوارە.
- ناوی واتایی: بۆ خۆشی.
- ناوی رووداو: بۆ خوێندن.
- جێناوی کەسی: بۆ ئەوان.

پ. تا: لەگەڵ

- ناوی شوێن: تا بازاڕ/ تا ژوورەوە.
- ناوی کات: تا بەیانی.
- ناوی رووداو: تا مردن.

ج. بێ: لەگەڵ

- ناوی مرۆڤ: بێ نەوزاد.
- ناوی مادی: بێ پارە.
- ناوی واتایی: بێ گومان.
- جێناوی کەسی: بێ تۆ.

ح. وەك: لەگەڵ

- ناوی مرۆڤ: وەك ئاسۆ.
- جێناوی کەسی: وەك تۆ.
-

٢. جۆری نادە:

بەهۆی هەندێ وشەوە، دادەڕێژرێت، کە دەچێتە سەر پریپۆزیشنەکان، یا لە "پریپۆزیشن + فرێزێکی خستنە پاڵ"، ساز دەبێت، وەك لە نموونەکانی خوارەوەدا، روونکراوەتەوە: "لەسەر دارەکە، لەژێرکەپرەکەدا، بەهیچ شێوەیەك...هتد."

لەم چەشنە فرێزەدا، هەندێ جار، پریپۆزیشنەکان لادەبرێن و ئەو وشانەی لەگەڵیاندا، یەکیانگرتووە، شوێنیان دەگرنەوەو ئەرکەکەیان دەبینن، بۆ نموونە:

- ئەو لەدوای من هات.     ئەو دوای من هات.

## شوێنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە رستەدا:

شوێنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە رستەدا، بەندە بە جۆری ئەو ئەرکەوە، کە دەیبینن و بە پێی ئەم بنەمایە، شوێنیان دیاری دەکرێت.

١. لە ئەرکی سەرباردا، جێیەکی چەسپاو و نەگۆڕیان نییە، بەڵکو چەشنی ئەدڤێربڵەکە، شوێنەکە دیاری دەکات.

لەم بارەدا، بە شێوەیەکی گشتی، هەموو چەشنێك لەم فرێزە"بەمەبەستی قورسایی خستنە سەر، دەتوانرێت بهێنرێتە سەرەتای رستەی (پێش بکەر)[1] "، بۆ نموونە:

- دارا نان بە دەست دەخوات.
- بەدەست، دارا نان دەخوات
- منداڵەکە جوان قسە دەکات.
- جوان، منداڵەکە قسە دەکات....هتد.

فرێزەکانی جۆری دەرەوە، بە تایبەتی "کات و شوێن"،دەکەونە دوای بکەر (پێش بەرکار)، بۆ نموونە:

- ئێمە دوێنێ نەوزادمان بینی.
- ئەوان لە بازاڕ نانیان خوارد.

ئەوانەی جۆری ناوەوەیش، هەمیشە لە کارەوە، نزیك دەبن، واتە دەکەونە دوای بەرکاار "ئەگەر لە فرێزە کارییەکەدا هەبوو"، وەك:

خوێندکارەکان وانەکانیان بە جوانی نووسییەوە.

- ئەوان کتێبەکانیان دوو دوو هەڵگرت.
- منداڵەکان نانیان کەم خوارد....هتد.

ئەو کارانەی چەمکی جووڵە و ئاراستە دەگەیەنن، فرێزی ئەدڤێربڵی شوێن، دەتوانێت لە دوایانەوە بێت، بۆ نموونە:

- میوانەکان گەیشتنە سلێمانی.
- ئەوان ڕۆشتن بۆ بازاڕ.

فرێزی ئەدڤێربڵی هۆیش، دەتوانێت لە دوای کارەکەوە بێت، وەك:

- منداڵەکە هەڵدەلەرزی لە سەرمادا.
- ئاسۆ نانی بەیانی نەخوارد لە داخا. ...هتد.

---

[1] د.حەمەد عەبدول فەتاح حەمە سەعید، وانەکانی ڕستەسازی زمان، کۆرسی دووەم، زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٩-٢٠٠٠

٢.لە ئەرکی یاریدەدەریشدا، هەرچەندە شوێنی فرێزەکان، لە سەرەتای رستەدا، پەسەند ترە، بەڵام لەم بارەیشدا، توانای جێگۆڕکێیان هەیە، وەك لە رستەکانی خوارەوەدا دیارە:

- خۆزگە ئەوان دەهاتن بۆ لامان. ← ئەوان خۆزگە دەهاتن بۆ لامان.
- رەنگە باران ببارێت. باران رەنگە ببارێت.

٣.لە ئەرکی تەواوکەردا، جێگۆڕکێی فرێزە ئەدڤێربلێیەکان، زۆر کەم دەبێتەوەو تەنیا لە بارێکدا، شوێنیان دەگۆڕن، کە رستە لە لێڵییەوە، بەرەو روونی بەرن، بۆ نموونە:

- ماست لە شیرْ دروستدەکرێت. ← لە شیرْ ماست دروستدەکرێت.
- ترێ هاوینان پێدەگات. هاوینان ترێ پێدەگات...هتد.

بەڵام کاتێك، هاوبەشی رۆنانی فرێزی کاری، یا کاری لێکدراو دەکەن، یاری بە شوێنەکانیان ناکرێت، وەك لە نموونەکانی خوارەوەدا رونکراوەتەوە:

- دڵشاد لە بازاڕ بوو. لە بازاڕ دڵشاد بوو.*
- ئیشەکەمان کەوتە سبەینێ. سبەینێ ئیشەکەمان کەوت.*
- جلەکانم لەبەرکرد. لەبەر جلەکانم کرد* ...هتد.

## شوێنی فرێزە ئەدڤێربلەکان لە رستەدا، کاتێك کە بە کۆمەڵ دێن:

ئەگەر لە رستەکەیدا دوو، یا زیاتر لە فرێزی ئەدڤێربڵی شوێن، یا کات کۆبوونەوە، یەکێکیان گشتی بوو، ئەوانی تر، بەشێك بوون لەو، ئەوا ریزبوونیان، لە گشتییەوە بۆ تایبەتی، یا (لە گەورەوە بۆ بچووکە)، وەك:

- میوانەکان، لە سلێمانی، لە میوانخانەی ئاشتی مانەوە.
- لە هەولێر، لە زانکۆ، لە کۆلێژی پەروەردە، نەوزادم بینی.
- دوێنێ، لای ئێوارە ئیشەکەمان تەواو کرد
- دارا، ئەمشەو، دوای نان خواردن، کاتژمێر حەوت هاتەوە.

ئەگەر چەند فرێزێکی چۆنیەتی لە رستەکەدا دەرکەوتن، هەندێ جار بە ئامرازی "و" بەیەکەوە گرێ دەدرێن و پاش و پێش خستنیان، دەکەوێتە سەر ئارەزووی قسەکەر.زمانی کوردی، لەرووی دەرکەوتنی ئەم جۆرە فرێزە، بە زنجیرە لە رستەدا، زۆر بەرهەمدارە، وەك:

- بەنەرمی و بە ڕێزەوە پێشوازی لێ کردین.
- منداڵەکان دوو دوو خێرا ریز بوون.

ریزکردن و پێش و پاش خستنی چەند دانەیەکی جیاوازیش، بەپێی خواست و مەبەستی قسەکەردەگۆڕێت، واتە ئەگەر مەبەستی بوو،"ی ڕووداو پێش "کات" بخات، ئەوا زووتر دەریدەبڕێت. زۆر جاریش بنەمای هاریکاری، دەور دەبینێت، واتە قسەکەر رادەیەك بۆ خواستی خۆی دادەنێت و ئەو فریزەی بەلای گوێگرەوە گرنگە، پێشی دەخات.

لە لایەکی تریشەوە، ریزبوونەکە، هەندێ بە پلەو پایە و دەوری واتای فریزەکان خۆیانەوە هەیە، واتە بەلای قسەکەرەوە، هەندێ لەم دەوری واتاییانە لەوانی تر سەرەگیرترن، یا رستەکە، یا ڕووداوەکە.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێن:

فرێزە ئەدڤێربڵییەکانی دەرەوە، لەبەر ئەوەی بە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ، بەکارەوە نەبەستراون، پێش ئەوانەی جۆری ناوەوە دەکەون، لە ناو چەشنەکانی دەرەوەیشدا، "کات" لە پێش "شوێن"ەوە دێت.

جۆرەکانی ناوەوەیش، بەپێی نزیکییان لە کارەوە، لە پێشدا "پێوانە" دێت، ئینجا "چۆنیەتی" و لە دواییدا، جۆرەکانی تر.

واتە: "ف.ئە" دەرەوە + "ف.ئە" ناوەوە + کار

(کات + شوێن + ......) + (.... + چۆنیەتی + پێوانە) + کار.

بۆ نموونە:

- سبەینێ لەزانکۆ راپۆرتەکە بەکۆمپیوتەر بە جوانی دەنووسم.
- منداڵەکان دوێنێ لە یاریگاکەدا بە تۆپ بە خێرایی کەمێك یارییان کرد.

## ئەدڤێربڵ لە شێوەی رستەدا

- ئەدڤێربڵ، هەروەك چۆن لە فرێزدا بەرچاو کەوت، جار هەیە لە شێوەی رستەیەکی سادەیشدا دەبینرێت، کە لە چوار چێوەی رستەیەکی ئاڵۆزدا کاردەکات.

((ئاشکرایە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان،چەسپاو نین و شان بە شانی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ،لە گۆڕان و گەشە سەندندان.

زمان، ئامێری چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەیە بەیەکتری، کە ئەمیش لە گۆڕان و پێشکەوتندایە. لە ئاستی سینتاکسدا، دەشێ بووترێ، کە لەیەکدانی چەند رستەیەکی ئاسان، قۆناغی یەکەمی پێشکەوتنە، دوابەدوای قۆناغێکی کاریگەرتر، هاتۆتە کایەوە، ئەویش سازکردنی رستەی ئالۆزە، کە بە گەورەترین گۆڕانی گەورەی سینتاکس و بە یەکێك لە نیشانەی پێشکەوتنی، دادەنرێت.))[1].

چەند جۆرێك ئەدڤێربڵ لە شێوەی رستەدا، دەبینرێت، لەوانە:

**١- کات:**

ئامرازەکانی "کە، هەرکە، هەرچەند، هەتا/ تا،کاتێ، هەرکاتێ، پێش، پاش"، هاوبەشی داڕشتنی دەکەن، بۆ نمونە:

- کە تۆ رۆشتیت، ئێمە وانەکانمان نووسییەوە.
- پێش ئەوەی تۆ بێیت، دارا لێرە بوو.

**٢- شوێن:**

ئامرازەکانی "هەرکوێ، بۆ هەرکوێ"، هاوبەشی رۆنانی دەکەن، بۆ نموونە:

- بۆ هەرکوێ بچن، منیش دێم.
- هەرکوێ ئاژاوەی لێ بێت، ئێمە ناچین.

**٣- چۆنیەتی:**

ئامرازەکانی "بێ ئەوەی (کە)، چۆن"، یاریدەی پێکهێنانی دەدەن، بۆ نموونە:

- ئارام هات و بێ ئەوەی چاوەڕێی دانا بکات، رۆیشتە دەرەوە.
- رێگا بە منداڵەکە بدە، چۆن حەزی لێیە، دانیشێت.

**٤- مەبەست:**

ئامرازەکانی "تا، هەتا، کە، بەڵکو/ بەشکو، بۆ ئەوەی(کە)"، یاریدەی سازکردنی دەدەن، بۆ نموونە:

---

[1] وانەیەکی تایبەتی د. فاروق عومەر سدیق، زانکۆی سلێمانی،٢٠٠١/٤/٢٥, بۆ زیاتر رونکردنەوە، بڕوانە: ئی. ئا. فیگۆرۆفسکی،١٩٦٩،ل١٣٢-١٣٣

- ژنەکە چوو بۆ بازار، کە کراسێك بۆ منالّەکەی بکڕێت.
- ئەو دەرمانانە بخۆ، بەلّکو/بەشکو پێیان چاك ببیتەوە.
هەندێ جار، بێ یاریدەدەری ئامرازی گەیەنەر، دادەڕژێت، وەك:
- چووم بۆ بازار، هاورێکانم ببینم.

**٥- هۆیی:**

ئامرازەکانی "چونکە، لەبەر ئەوە/ لەبەر ئەوەی، نەوەك"، هاریکاری پێکهێنانی دەکەن، بۆ نموونە:
- هێمن نەهات بۆ سەیران، چونکە نەخۆش بوو.
- دەچم بۆ لای، نەوەك گلەیی بکات.

**٦- مەرج:**

ئامرازەکانی "ئەگەر، تا ،هەتا، کەی، ئەگینا"، یاریدەی رۆنانی دەدەن، بۆ نموونە:
- تا ئارەق نەرێژی، شیْرینی ناچێژی.
- بخوێنە، ئەگینا دەرناچیت.

**٧- ئەنجام:**

ئامرازەکانی " بۆیە، کە"، هاریکاری پێکهێنانی دەکەن، بۆ نموونە:
- دارا لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت، بۆیە دلّی خۆشە.
- چایەکە سارد بوو، کە نەمتوانی بیخۆمەوە.

**٨- پێچەوانە:**

ئامرازەکانی، هەرچەندە(ە)، ئەگەرچی، سەرەڕای ئەوەی (کە)"، یاریدەی داڕشتنی دەدەن، بۆ نموونە:
- دارا هەرچەندە کۆششی زۆری کرد، لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچوو.
لە هەندێ باردا، رستە سەرەکییەکە، بە ئامرازی "بەلاّم"،"کەچی"، دەست پێدەکات
- هەرچەندە بەفرو بارانێکی زۆر باری، بەلاّم ئاو وهەوا خۆش بوو.
هەرچەندە سەعات هەشت بوو، کەچی هێشتا لەخەو هەلّنەسابوو.

**٩- دەرهاویشتن:**

ئامرازی "جگە لە"، کە هەندێ جار، دەبێتە "بێجگە لە"، هاریکاری سازکردنی دەکات، بۆ نموونە:

- جگە لە تۆ، کەس نەهات.
- هەموو منداڵەکان زیرەکن، بێجگە لە منداڵەکەی ئەوان.

**١٠- هاوڕێژەیی:**

ئامرازەکانی "چی، چەند"، یاریدەی ڕۆنانی دەدەن، بۆ نموونە:

- چی بچێنیت، ئەوە دەدوورێتەوە.
- چەند کار بکەیت، ئەوەندە سوود وەردەگریت.

**١١- پێوان:**

ئامرازەکانی "هێندە، ئەوەندە، تا ئەو رادەیەی (کە)، زیاد لەوەی (کە)، بەڕادەیەك"، هاریکاری ڕۆنانی دەکەن، بۆ نموونە:

- ئەوەندە قسەی کرد، ماندوو بوو.
- لە ڕێگادا خێرا برۆ، تا ئەو رادەیەی دەتوانی.

## ئەدڤێربڵ لە شێوە زاری هەورامیدا

پێش ئەوەی بچینە ناو باسی فرێز و رستە ئەدڤێربڵییەکانی هەورامی، بە پێویستی دەزانین، کە سەرەتا بە شێوەیەکی کورتیش بێت، ناوی ئەو ناوچانە بەرین کە لەلایەن نووسەرانەوە، بە ناوچەی قسەکەرانی ئەو شێوە زارە دانراون.

هەورامان ناوچەیەکی پان و بەرین دەگرێتەوەو دابەشکراوە بەسەر چوار بەشدا، کە ئەمانەن:

"لهۆن، تەخت، دزلی، رەزاو"[1]

هەورامانی لهۆن بەشێکی ئێران و ئەوی تری لە عێراقدایە، کە بریتیە لەم گوندانەی خوارەوە، کە سەر بە قەزای هەڵەبجەن: "تەوێڵە، بەڵخە، سۆسەکان، دەگا شێخان، پاڵانیا، بیارە، نارنجەڵە، خەرپانی، بنجەو دەری، خارگێلان، گوڵپ، هانە تەونی، باخەکۆن، گەچینە، سەرگەت، هانەی دن، دەرەی مەڕ، زەڵم، ئەحمەد ئاوا، هانەی قوڵ، هێلان بێ و خورماڵ"[2].

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی،١٩٨١، ل ٦٩.


[2] فوئاد حمە خورشید،١٩٨٥، ل٨٠.

جگە لەو گوندانە، فەرەیدون عەبدول محەمەد[1]، چەند شوێنێکی تری هەورامانی لهۆنی دیاریکردووە، وەك: " زەردە هاڵ، دەرەقەیسەر، شوشمێ، نەوسوود، تەشار، نەیسانە، شێخان (ن)، نەروی، شەڕەکان، نۆدشە، دەرە هەجیجیا (ن)، هەجیج، ناو، نوین، دزاوەر، کەیمنە، بێرواز، هانەگەرمڵە".

## هەندێ لە تایبە تمەندییە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی هەورامی[2]

١.پێنج دەستە جێناوی لکاو، بەرامبەر بە گروپێك جێناوی کەسی سەربەخۆ، لەم شێوە زارەدا، بەرچاو دەکەون، وەك لە خوارەوە نیشاندراون:

| یەکەم دەستە | دووەم دەستە | سێیەم دەستە | چوارەم دەستە | پێنجەم دەستە |
|---|---|---|---|---|
| م - ما<br>ت - تا<br>ش - شا | نیْ - نمیْ<br>نی - ندیْ<br>Ø- نیْ | ١/ نی/انیْ- یمیْ<br>ی - یدیْ<br>Ø - یْ | ١- میْ<br>ی - دیْ<br>Ø - یْ | وو/ و- می/یمیْ<br>ی — دی/ یدیْ<br>و — ا |




٢. جگە لە ڕێکەوتنی نێوان بکەرو کار لە جێناوی لکاودا، ئەگەر کاری ڕستە، ڕابردووی تێپەڕ بوو، ڕێکەوتن لە نێوان بەرکارو کاریشدا بەرچاو دەکەوێت، واتە ئەگەر کارەکە، ڕابردووی ئیخباری سادە بوو، بەرکار بەپێی کەس و ژمارەکەی، جێناوێکی لکاوی لە سێیەم دەستە دەداتێ، ئەگەر نزیك بوو، لە چوارەم دەستەو بۆ دووریش، لە دووەم دەستە

[1] فەرەیدون عەبدول محەمەد، ١٩٩٨، ل ٥.

[2] لە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییانەدا، سودم لە نامەی دکتۆرای (فەرەیدون عەبدول محەمەد،١٩٩٨) وەرگرت.

دەیداتێ. ئەگەر رابردووی ئینشائی "سادە،دوور" بوو، لە دووەم دەستەو بۆ نزیکیش، لە پێنجەم دەستە، جێناوی دەداتێ، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا روونکراونەتەوە:

**دوور — وەشلەی ئاد منش نویستەبیەبیێنی.**

**وەشلەی ئاد منش نویستیبیبیێنی. (خۆزگە ئەو منی نووسیبوایە)**

## ٣. جۆرەکانی رابردووی ئیخباری

١- سادە: - ئاد منش نویستانی. (ئەو منی نووسی)

٢- نزیك: - ئاد منش نویستەنا.

- ئاد منش نویستینا. ( ئەو منی نووسیوە)

٣- دوور: - ئاد منش نویستەبینی.

- ئاد منش نویستتیبینی. (ئەو منی نووسیبوو).

رۆنانی کارەکان، لەم خشتەیەی خوارەوەدا، روونکراوەتەوە:

| کار | رەگی رابردوو | مۆرفیمی نێر | مۆرفیمی مێ | نیشانەی جۆری کار | جێناوی کەسی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| نۆیستانیْ | نۆیست | — | — | — | انیْ |
| نۆیستەنا | نۆیست | ـە | — | ن | : |
| نۆیستێنا | نۆیست | — | یْ | ن | ا |
| نۆیستەبێنیْ | نۆیست | ـە | — | بیْ | نیْ |
| نۆیستیێنیْ | نۆیست | — | یْ | بیْ | نیْ |

## جۆرەکانی رابردووی ئینشائی

**١-** سادە: - وەشلەی ئاد منش نویستەبیێنی.

- وەشلەی ئاد منش نویستیبیێنی. (خۆزگە ئەو منی بنوسیایە).

٢- نزیك: - رەنگا ئاد منش نویستەبو.

ڕەنگا ئاد منش نویستیبو. (ڕەنگە ئەو منی نووسیبێت).

| کار | ڕەگــــی ڕابردوو | مــۆرفیمی نێر | مۆرفیمی مێ | نیـــشانەی جــۆری کار | جێناوی کەسی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| نویستەبیێنیْ | نۆیست | ـە | ـْی | بیێ | نیْ |
| نۆیستێبیێنیْ | نۆیست | — | | بیێ | نیْ |
| نۆیستەبو | نۆیست | | | ب | و |
| نۆیستیبْو | نۆیست | ـە | ـْی | ب | و |
| | | — | | | |

| کار | ڕەگی ڕابردوو | مۆرفیمی نێر | مۆرفیمی مێ | نیشانەی جۆری کار | مۆرفیمی نێر | مۆرفیمی مێ | نیشانەی جۆری کار | جێناوی کەسی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نۆیستەبیەبیێنیْ | نۆیست | ـە | ـْی | بی | ـە | ـْی | بیێ | نیْ |
| نۆیستێبیێبیێنیْ | نۆیست | — | | بی | — | | بیێ | نیْ |

٣- بەرکاری کاری ڕابردووی ئیخباری ((نزیـك و دوور))، لەگـەڵ ڕابـردووی ئینـشائی ((سادەو نزیك و دوور))، بەپێی ڕەگەزەکەی، مۆرفمێکی نێرینـە و مێیینـە دەدات بـەکار، وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا، ڕوونکراوەتەوە.

٤- کاری ڕابردووی ئیخباری بەردەوام، لە ڕەگی ڕانەبردوو، سازدەکرێت.

بۆ نموونە:- کە تو ئامادی، من نامەکەی نۆیسێنیْ (کە تۆ هاتی، من نامەکەم دەنووسی)

نۆیسێنیْ = ڕەگی ڕانەبردوو (نۆیس) مۆرفیمی جۆری کار (ێ) + جێناوی لکاو (نیْ)

٥- ئەگەر کاری ڕستە، ڕابردووی تێپەڕ بوو، بکەر مۆفیمی دۆخ وەردەگرێت،کە بریتیە لە"Ø"، یا"ی" بۆ نێر و "ـە"، یا"ی" بۆ مێ.

وەك:

- نەوزاد/ نەوزادی نانش وارد. (نەوزاد نانی خوارد).
- شیلانە/ شیلانیْ نانش وارد.(شیلان نانی خوارد).

ئەگەر رابردووی تێپەڕ، یا رانەبردوویش بوو، مۆرفیمی دۆخ، تەنیا لەسەر بکەری مێینە دەردەکەوێت، کە بریتیە لە "ـە"، وەك:

- نەوزاد وت. (نەوزاد نووست).
- نازدارە وتە. (نازدار نووست).
- رزگار نان موەرو. (رزگار نان دەخوات).
- ناسکە نان موەرو. (ناسك نان دەخوات).
- بەرکاری هەموو ئەو کارانەی، لە رەگی رانەبردوو دادەڕێژرێت، دەکەونە دۆخەوە، بەمەرجێك ناسراو بن، مۆرفیمی ناسراویش، "ەکە"یە بۆ رەگەزی نێرو "ەکی"یش بۆ رەگەزی مێ.
- مۆرفیمی دۆخ لەم بارەدا، "ی" دەبێت بۆ نێر و "یٚ" بۆ مێ و "ا"یش بۆ کۆ، ئەو کارانەش بریتین لە:
- رانەبردووی ئیخباری
- من دارای وینوو. (من دارا دەبینم). من کورەکا وینوو. (من کوڕەکان دەبینم).
- من نازداریْ وینوو. (من نازدار دەبینم).
- ئیشتای: - دارا ئیشتای ئامان. (دارا هێشتا نەهاتووە).

ئاذیْ ئشتای ئاذیْ ئشتای ویْشا ئامادە نەکەردەن. ( ئەوان هێشتا خۆیان ئامادە نەکردووە).

- ناو
- فرێزی ئەدڤێربڵی کات بە هەموو جۆرەکانییەوە، پێکدەهێنێت، وەك:
- کاتی نادیار: یاسای داڕشتنی، بریتییە لە:

| |
|---|
| **ناوی کات + ـیْو، یا ـ یْوە** |

- بۆ نموونە:
- **رۆیْو مەو پەی لایت (مەونە لات). (رۆژێك دێم بۆ لات).**

شەۋیۆە **لۆایی** پەی بازاری. (شەوێك چووین بۆ بازاڕ).

- کاتی دەست پێکردنی رووداو:

- بەم یاسایانەی خوارەوە، دەگەیەنرێت:

| |
|---|
| - (جە) + ناوی کات +=ۆ |

| |
|---|
| - (جە) + ناوی کات+=ۆن |

نەوزاد (جە) هیزیۆ **لۆان** پەی کەرکوکی.

نەوزاد (جە) هیزیۆ **لۆان** پەی کەرکوکی. ( نەوزاد لە دوێنێوە چووە بۆ کەرکوك).

- کاتی جێگیر:

- ناوی کاتەکان، وەك (هیزی: دوێنیێ)، (سەبای: سبەینیێ)، (ساعبیْ : بەیانی)، (ویرەگا: ئێوارە)، (پەریێ: پێری)، (وەهار: بەهار)، (زمسان : زستان)، (شەویْ: شەو) .....هتد.، پێکی دەهێنن، وەك:

- سەبای کوڕە زیرەکەکەی وینوو. (سبەینیێ کوڕە زیرەکەکە دەبینم).

- نەوزاد هێزی ئاما. (نەوزاد دوێنیێ هات).

- من وێرەگا وتانیْ. (من ئێوارە نووستم). فۆنیمی "و" کاتێك نیشانەی "^"ی لەسەر بێت، لە کاتی گۆکردندا، لە نێوان(و- ڤـ)دا دەبێت، "ی"یش، کە نیشانەی "ᵒ"ی لەسەر بێت، بەرامبەر بە بزرۆکە، لە ئەلف و بێی لاتینیدا، دەوەستێت.

- کاتی کۆتای پێهێنانی رووداو:

- بەم یاسایەی خوارەوە، سازدەکرێت:

| |
|---|
| - تا + ناوی کات |

- ئادە تا ساعبیْ وتە. (ئەو تا بەیانی نووست).

- مەبەست لە (ئەو) لێرەدا، کەسێکی مێینەیە، بەڵام ئەگەر نێر بێت دەبێ بە:

- ئاد تا ساعبیْ وت.

- تا وەهاریْ یانەکەیم تەمامنوو. (تا بەهار خانووەکەم تەواو دەکەم).

- کاتی بەردەوامی رووداو:

- بەم ڕێگایانەی خوارەوە دادەڕێژرێت:
- ناوی کاتەکان + پاشگرەکانی ((- ەنە، انە، - یۆ)):
- ساعەبەنە نان مەوەروو. (بەیانیان نان ناخۆم).
- سالآنە زەڕ پاشکۆت کەروو. (سالآنە پارە پاشەکەوت دەکەم)
- رۆیۆ جاریۆ ملوو پەی زانکوی. (ڕۆژی جارێك دەچم بۆ زانکۆ).
- دووبارە کردنەوەی ناوی کاتەکان، بە یاریدەی ((بە)):
- دلێر رۆ بە رۆ وانەکاش ئامادەکەرو. (دلێر ڕۆژ بە ڕۆژ وانەکانی ئامادە دەکات).
- لێدانی دوو فرێز بە یاریدەی ((و)):
- ئاذێ هامن و زمسان هەرمانە کەری. (ئەوان هاوین و زستان ئیش دەکەن).
- زیادکردنی وشەی ((گرد: هەموو)) وەك دەرخەرێك، لەپێش ناوی کاتەکانەوە:
- گرد رۆیۆ هەرمانە کەروو (کەروونە). (هەموو ڕۆژێك ئیش دەکەم).
- کاری رانەبردووی ئیخباری لە هەورامیدا، دەکرێت بە دوو بەشەوە: ((ئێستا و داهاتوو))، کە بەهۆی فرێزی ئەدڤێربڵی کاتەوە لە یەکتر جیاناکرێنەوە، بەڵکو داڕشتنی تایبەتی هەیە، دەخرێنە پێش کارە ڕانەبردووەکان و دەیکات بە کاتی ئێستا، واتە هەموو کارێکی ڕانەبردوو لە هەورامیدا، واتای داهاتوو دەگەیەنێت و بەهۆی داڕشتنێکەوە دەکرێت بە کاتی ئێستا، کە بریتییە لە:
- /(م) + ڕەگی ڕانەبردوو + ای/ + (م) + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاو
- کاری ڕانەبردوو بۆ کاتی داهاتوو.
- وەك:
- منۆیسای منۆیسوو. (ئێستا دەنووسم).
- ملای ملوو. (ئێستا دەڕۆم).
- ئەو دوو "کات"ەش، بە مۆرفێمی "- نە"، نزیك دەکرێنەوە[1]، وەك:
- من نامەکەی منۆیسوونە. (لە داهاتوویەکی نزیکدا نامەکە دەنووسم).
- من نامەکەی منۆیسای منۆیسوونە. (ئێستا خەریکی نامە نووسینم).

[1] فەرەیدون عەبدول محەمەد، ١٩٩٨، ل٧٤.

- چەند تێبینیەك:

- مەولەوی، لە پاڵ ((ڤێرەگانە))، ((ئێواران))یش بەکارهێناوەو دەڵێت:

- نامت چون ئەوراد سوبح و ئێواران

- موانووش وە گەرم نەپای دیواران

(مەولەوی.ل١٦).

- هەروەها ئەدڤێربڵی ((ئیمشەو))ی، وەك شێوە زاری سلێمانی بەکارهێناوە:

- ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبوونم

- دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم

(مەولەوی.ل٢).

- ((شەۆە)) رەگەزەکەی مێیە، کاتێك فرێزی ئەدڤێربڵی کات ساز دەکات، مۆرفیمی دۆخی دەچێتەسەر، کە بریتییە لە ((یْ))، لەبەر ئەوە لێرەدا، دەبێت بە ((شەۆیْ))، بۆ نموونە:

-شەۆە درێژە بیْنە. (شەو درێژ بووە).

- شەۆیْ ملوو پەی بازاری. (شەو دەچم بۆ بازاڕ).

- شەۆیْنە ملوو پەی بازاڕی. (بە شەو دەچم بۆ بازاڕ).

- ((رۆ))یش ناوێکی نێرە، وەك:

- رۆ درێژْ بییەن. (رۆژ درێژ بووە).

- رۆنە مەونە لات. (بە رۆژ دێم بۆ لات).

وەك دەبینین، پریپۆزیشنی "بە" لەگەڵ ناوی کاتەکانی ((رۆ، شەۆە، هامن، وەهار...))، فرێزی ئەدڤێربڵی کات ساز ناکات، بەڵکو لە جیاتی "بە"، پۆزیشنی "- ەنە"، ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ.

جگە لە ناوی کاتەکان، ناوی ڕووداوەکانیش، بە یاریدەی پریپۆزیشنە ناوییەکان، وەك: ((ۆەڵیْ: پێش))، ((دما:دوا))، فرێزی ئەدڤێربڵی کات دادەڕێژن، وەك:

- ئا کوڕە ۆەڵیْ وتەی کتێب موانوۆە. ( ئەو کوڕە پێش نووستن کتێب دەخوێنێتەوە).

- ئیشە و دماو نانواردەی ملمی پەی بازاری. (ئەمشەو دوای نان خواردن دەچین بۆ بازاڕ).

ئاوەڵناو:

ئاوەڵناوەکانی "زوو"، دیر: درەنگ"، سازی دەکەن وەك:

- ئاسۆ دێڕ وت. (ئاسۆ درەنگ نووست).
- ئاپیا زیرەکە زوو نامەش نۆیست. ( ئەو پیاوە زیرەکە زوو نامەکەی نووسی).
ت- جێناوی کەسی:
- بەیاریدەی پریپۆزیشنە ناوییەکانی " ۆەڵێ "، دما" و هەندی جارپۆست پۆزیشنەکان دایدەڕێژن، بۆ نموونە:
- ئارام ۆەڵێ منەنە ئاما. (ئارام پێش من هات).
- دلێڕ دما و تولۆا پەی بازاڕی. (دلێر دوای تۆ رۆشت بۆ بازاڕ).

## دووەم :شوێن

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە بەشداری لە داڕشتنیدا دەکەن، بریتین لە:

أ. ناو

- شوێنی نادیار:

- دەنگو زاروڵێۆێ یانێۆ ئێو. (دەنگی منداڵێك لە ماڵێکەوە دەهات).
- سەرو تەوە نێۆ یۆە هەڵۆیۆە پڕا. (لەسەر بەردێك هەڵۆیەك هەڵفڕی).

٢. شوێنی جێگیر:

بەم یاسایەی خوارەوە ساز دەکرێت:

| (جە) + ناوی شوێن + - ەنە |
|---|

بۆ نموونە:

- ئاسوم (جە) بازارەنە دی (ونیا). (ئاسۆم لە بازاڕ بینی).
- پیاکە (جە) یانەکە و وێشەنە کیریا. (پیاوەکە لە ماڵەکەی خۆیدا گیرا).

بۆ زیادکردنی ئەم جۆرە فرێزە، دەشێ پریپۆزیشنی "جە" لابرێت، یا بەکاربهێنرێت، واتە پۆست پۆزیشنی "- ەنە" دایدەڕێژێت، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەورامی، لەرووی چۆنیەتی پێکهێنانی فرێزە ئەدڤێربڵێیەکانەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوە، چەند نموونەیەکی تر، دەهێنینەوە:

- ئادە زارولەکەش (دلێ) ژوورەکەیەنە وسنا. (ئەو منداڵەکەی لەناو ژوورەکاندا خەواند).

ناوی شوێنەکانی وەك ((چوەر، سەر، وار)) تەنیا بەهۆی پۆست پۆزیشنەوە، ئەم چەشنە فرێزە ساز دەکەن، بۆ نموونە:

- زارۆڵەکە سەرۆ وت. (منداڵەکە لە سەرەوە نووست).

ئاد وارەنە وت. (ئەو لە خوارەوە نووست).

بەکارهێنانی پۆست پۆزیشن بێ پریپۆزیشن، لە سازکردنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکاندا، لە هەندێ زمانی ئەوروپیشدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە: لە زمانی هەنگاری و قازاخیدا[1]، تەنیا بە پۆست پۆزیشن، ئەدڤێربڵ ساز دەبێت، کەواتە ئەم راستییە زمانەوانییە، تایبەتێتییەکی گشتی زمانە هندۆ ئەوروپییەکانە.

٣. شوێنی دەسپێکردنی رووداو:

یاسای پێکهێنانی، بریتییە لە :

| (جە) + ناوی شوێن + ـۆ |
|---|

- (جە) بازارۆ بەپێ لۆانێ پەی زانکوی. ( لە بازاڕەوە بەپێ چووم بۆ زانکۆ)
- (جە) یانۆ لۆایمێ پەی بازاری. (لە ماڵەوە چووین بۆ بازاڕ).

٤. شوێنی ئاراستەو کۆتایی پێکهێنانی رووداو:

بەم یاسایانەی خوارەوە دەگەیەنرێت:

| تا + ناوی شوێن |
|---|

| پەی + ناوی شوێن +مۆرفیمی دۆخ "- ی" |
|---|

| بەرەو/ رووەو + ناوی شوێن |
|---|

- دارا تا کتێبخانە ملو. (دارا تا کتێبخانی دەچێت).
- نەوزاد لۆا پەی دهوکی. (نەوزاد رۆیشت بۆ دهۆك).
- ئارام بەرەو/ رووەو کەرکوك لۆا. (ئارام رووەو کەرکوك رۆیشت).

[1] ئی.ئا.فیگۆرۆفسکی،١٩٦٩، ل١٠٠

ئەگەر شوێنی ئاراستەی ڕووداو بەرەو خواەوە بوو، ئەوا لەم بارەدا فرێزەکە، بە یاریدەی پۆست پۆزیشنی "- ەرە" پێکدێت، وەك:

- زاروڵەکە لۆارە وار. (منداڵەکە ڕۆیشتە خوارەوە).
- زاروڵەکە لۆا سەر. (منداڵەکە ڕۆیشتە سەرەوە).

**چەند تێبینییەك:**

١. ئەگەر پریپۆزیشنی "تا" بچێتە نێوان دوو فرێزی ئەدڤێربڵی شوێنەوە، لەم بارەدا شوێنی دەسپێکردن و کۆتایی هاتنی ڕووداو، رادەگەیەنێت، وەك:

- (جە) یانو تا مەکتەب بەپێ لۆانیْ. (لەماڵەوە تا خوێندنگا بە پێ ڕۆشتم).

٢. فرێزی ئەدڤێربڵی شوێن، کە بە یاریدەی پریپۆزیشنی "پەی" ساز بووبێت، دەتوانرێت

پریپۆزیشنەکە لابرێت، لەم بارەدا، ناوی شوێنەکان، بە تەنیا پێکدەهێنین و مۆرفیمی دۆخیشیان ناچێتە سەر، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا، روونکراوەتەوە:

- نەوزاد ساعبۆن لۆان پەی بازاری.
- نەوزاد ساعبۆن لۆان بازار.(نەوزاد لە دوێنێوە چووە بۆ بازاڕ).
- شیلانە گێڵآوە یانە[1] . (شیلان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە).ئەگەر ناوێکی شوێنی کۆ، بەیاریدەی پریپۆزیشنی "پەی"، فرێزی ئەدڤێربڵی شوێنی ساز کرد، ئەوا مۆرفیمی کۆ و دۆخ لە سەر ناوەکە، دەبن بە "ا"، وەك:
- دارا گێڵآوە پەی یانەکا[2]. (دارا گەڕایەوە بۆ ماڵەکان).

٣. ناوی شوێنەکان لە دوای "کار"ەوە، بە تەنیا دەتوانین فرێزی ئەدڤێربڵی شوێنی ئاڕاستەکردن دابڕێژن، وەك:

- ئارام ئاما چوەر. (ئارام هاتە ژوورەوە).
- زاروڵەمکەم بەرد بەر. (منداڵەکەم بردە دەرەوە).
- هیزی لۆانیْ هەولێر. (دوێنێ چوومە هەولێر).

---

[1] فەرەیدون عوبدول محەمەد، ١٩٩٨، ل٩٢.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل ٩٤.

- به پـنج هـەنگامیْ یـاوایمیْ سـەرو هانەکـەی. (بـە پێـنج هـەنگاو گەیـشتینە سـەر کانییەکە).

٤. شوێنی ڕێڕەوی (ڕێچکەی) ڕووداو:

بەم یاسایەی خوارەوە، دادەڕژێت:

| ناوی شوێن+ - ەنە ،یا - ەوە |
| --- |

- ئیْمە هۆلیْرەنە / هۆلیْرەرە لۆایمیْ. (ئێمە بە هەولێردا ڕۆیشتین).
- ئاذیْکە لۆیْ پەی بەغدای، کەرکوکەنە / کەرکوکەرە لۆیْ.
(ئەوان کە چوون بۆ بەغداد، بە کەرکوکدا ڕۆشتن).

٤. شوێنی ڕەچاوکراو بۆ دەرخستنی شت:

یاسای داڕشتنی، بریتیە لە:

| ناوی شوێن+ - ۆ |
| --- |

- کولارەکەم ئاسمانۆ دی (وینا). (کۆلارەکەم بە ئاسمانەوە بینی).
- مریچڵەکیْم سەرو دەرەختەکەیۆ دیە (وینا). (چۆلەکەکەم بە سەر دارەکەوە بینی).

٦. شوێنی بەردەوامی ڕووداو:

بـە هـۆی ئـەو وشـە لێکدراوانـەوە سـاز دەبێـت، کـە لـە ڕێگـای دووبارەکوردنـەوە، بەیاریدەی "بە"؟،
پێکهاتوون، وەك:

- ئاذیْ یانە بە یانە گیْلیْ دماو ئیْمەرە. (ئەوان ماڵ بە ماڵ بە دوای ئێمەدا گەڕان).
- کرێکارەکی شار بە شـار گیْلاْ دمـاو هـەرمانیْرە. (کرێکارەکـان شـار بـە شـار بـە دوای ئیشدا دەگەڕێن).

- جێناوی کەسی:

بە یاریدەی پریپۆزیشنە ناوییەکان و پۆست پۆزیشنی "- ۆ"، دایدەڕێژن، وەك:

- نەوزاد دماو منۆ مدرا. (نەوزاد لە دوای منەوە وەستا).
- دارا نزیکو منۆ نیشتەرە. (دارا لە نزیك منەوە دانیشت).

**سییەم: چۆنیەتی**

ئەو بەشە ئاخاوتنانەی، کە دایدەڕێژن، ئەمانەن:

أ. ناو:

بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە" و هەندێ جار پۆست پۆزیشنی "- ۆ"، یا بێ یاریدەی، سازی دەکات، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا، روونکراونەتەوە:

- زارولەکە بە وەشی ملو رانە. (منالەکە بە جوانی دەڕوات بە رێگادا).
- هەرمانەکێما بە برایی کەردە. (ئیشەکەمان بە برایی کرد).
- دارا بەخەفەتۆ لۊا. (دارا بە خەفەتەوە رۆیشت).
- نانەکەم (بە) پێوە وارد. (نانەکەم بە پێوە خوارد).

ناوی رووداوەکانیش، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە"، یا پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "بە...- ۆ"، پێکی دەهێنن، وەك:

-زارۆلەکە بە گرەۊای ئاما.(منلەکە بە گریان هات.)

- نانەکەم بە ئەرنیشتەوە وارد. (نانەکەم بە دانیشتنەوە خوارد).

ب. ئاوەڵناو

ئاوەڵناوی چۆنیتی و نیسبی، توانای سازکردنی ئەم چەشنە فرێزەیان هەیە، بۆ نموونە:

١- چۆنیەتی:- ئارام خاس قسیْ کەرو. (ئارام باش قسە دەکات).

٢- نیسبی:- دلێر ژیرانە وەڵامو مامۆستاکەیش داۆە. (دلێر ژیرانە وەڵامی مامۆستاکەی دایەوە).

**چوارەم: پێوانە**

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازی دەکەن، بریتین لە:

أ- ناو

بەیاریدەی پریپۆزیشنی "بە"، یا بەهۆی دەرخەر، دایدەڕێژێت و ئەم لایەنانەی رووداو دەپێوێت:

١. کات:- بە چوار سەعاتیْ (جە) هۆلێرۆ یاوایمیْ سلێمانی. (بە چوار سەعات لە هەولێرەوە گەیشتینە سلێمانی).

٢. چەندێتی:- گرد رۆیۆ دۆیْ جاریْ ملو پەی بازاری (بازار). (هەموو رۆژێك دوو جار دەچێت بۆ بازاڕ).

٣. نرخ و بەها:- کتێبەکەم بە چل دیناریْ ئەسا. ( کتێبەکەم بە چل دینار کڕی).

٤. کێش:- فرۆشیارەکە دویْ فەردیْ قەندش ۆرەت. (فرۆشیارەکە دوو فەردە شەکری فرۆشت).

٥. بۆشایی:- بە پەنج هەنگامیْ یاوانیْ سەرو هانەکەی. (بە پێنج هەنگاو گەیشتمە سەر کانییەکە).

ئەو ناوانەیش، کە واتای پێوانە دەگەیەنن، وەك "سەرانسەر" ، "سەراپا" ، تـوزێۆ: تۆزێك" ، نەختێۆ: نەختێك" ...هتد.، ئەم فرێزە دادەڕێژن، وەك:

- شارەکە سەراپاگوڵ و باخا. (شارەکە سەراپا گوڵ و باخە).

- ۆەرۆە هیزی توزێۆ ۆارا. (بەفر دوێنیْ تۆزێك باری).

ب- ئاوەڵناو

ئەو ئاوەڵناوانەی ، کە رادە دەردەخەن، وەك "فـرە" ، "کـەم"، "کـەمێۆ" پێکیدەهێنن، بۆ نموونە:

- ئادە کەمێۆ وتە. (ئەو کەمێك نووست).

- ئارام فرە نیشتەرە. (ئارام زۆر دانیشت).

ئەم چەشنە ئاوەڵناوە، پێوانەی رووداو، بە نادیاری دەردەخەن

**پێنجەم: وەسیلە**

بەشەکانی ئاخاوتن، بەیاریدەی پریپۆزیشنی "بە"، دایدەڕێژن، وەك

أ.نـــــــــاو

- وانەکەم بەدەس نۆیست. (وانەکەم بە دەست نووسی)

- ئێمە بە ئوتومبیل لۆایمیْ پەی زانکوی. (ئێمە بە ئوتومبیل چووین بۆ زانکۆ).

ناوی روداوەکانیش، توانای داڕشتنی فرێزیان هەیە، وەك:

- دارا بە کوشکەردەی یاۆاپەنە (پەنەیاۆا). (دارا بە کۆششکردن پێگەیشت).

- مـرۆڤ بـە کوشـکەردەی و کۆڵنـەدای سـەرنگو. (مـرۆڤ بـە تێکۆشـان و کۆڵنـەدان سەردەکەوێت).

ب. جێناوی کەسی

- نامەکەم بە ئادێ ئۆیست. (نامەکەم بە ئەو نووسی).

- راسپاردەکەم بە ئادێیشارە کیاست. (راسپاردەکەم بە ئەواندا نارد).

**شەشەم: هۆیی**

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە دایدەرێژن، ئەمانەن:

أ. نـــــــاو

بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە، پێکی دەهێنێت.

| |
|---|
| ناو + - ەنە |

| |
|---|
| ۆەرو + ناو |

- ئارام تەرسایەنە (ۆەرو تەرسای) نانش نەوارد. (ئارام لە ترسا نانی نەخوارد).

- دلێر سەردایەنە (ۆەرو سەردای) وەرمش نەکۆت پۆرە. (دلێر لە سەرمانا خەوی لێ نەکەوت).

ب. جێناوی کەسی

بە یاریدەی پرێپۆزیشنی "ۆەرو"، سازی دەکەن، بۆ نموونە:

- من ۆەرو شمە ئامانێوە. (من لەبەر ئێوە هاتمەوە).

**حەوت: دووبارەکردنەوە**

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، پێکی دەهێنن، ئەمانەن:

أ. ئەدڤێرب

ئەدڤێربی "دیسان"، دایدەرێژێت، وەك:

- دیسان نەوزاد (نۆزاد) ئاماۋە. (دیسان نەوزاد هاتەوە).

ب. ناو

بە یاریدەی دەرخەر، سازی دەکات، بۆ نموونە:

- جارێۆتەر وانەکەی منۆیسوۆ. (جارێکی تر وانەکە دەنووسمەوە).

پاشـگری "- چ / یـچ"، کاتێـك دەچـێتە سـەر فرێـزە ئەدڤێربلێیـەکان، هـەمان واتـا دەگەیەنێت، وەك:

- ئارۆیچ ۋاران ۋارا. (ئەمرۆیش باران باری).

**هەشتەم : مەبەست**

بەشەکانی ئاخاوتن، بەیاریدەی پریپۆزیشنی "پەی"، پێکی دەهێنن، بۆ نموونە:

أ- ناو

١- ناوی مادی: - پییێکیْ پەی هیزْما ملا. (پیاوەکان بۆ دار دەچن).

٢- ناوی واتای: - وینْەکەم پەی وەشی (زەریفی) گرت. (وێنەکەم بۆ جوانی گرت).

ناوی ڕووداوەکانیش، سازی دەکەن، وەك:

- ئیمْە پەی وەنەی ئامینْمی. (ئێمە بۆ خوێندن هاتووین).

ئادیْ پەی نانواردەی لوێ. (ئەوان بۆ نانخواردن ڕۆیشتن).

ب- جێناوی کەسی

- گجیەکەم پەی تو ئەسا. (کراسەکەم بۆ تۆ کڕی).

ت- ئاوەڵناو

- نامەکەم پەی زیرەکەکەی کیاست. (نامەکەم بۆ زیرەکەکە نارد).

- کتێبێْۆم پەی وریاکەی ئەسا. (کتێبێکم بۆ وریاکە کڕی).

**نۆیەم: تەرتیبی**

بەشەکانی ئاخاوتن، بە ڕێگەی دووبارەکردنەوە، دایدەڕێژن، بۆ نموونە:

أ. ناو

- کوڕە زیرەکەکیْ پول پول ئامێ. (کوڕە زیرەکەکان پۆل پۆل هاتن).

ب. ژمارە

١.بنجی:- خوێندکارەکیْ چوار چوار نیشتیێنیرْە. (خوێندکارەکان چوار چوار دانیشتوون).

٢.تەرتیبی:- ئارام بە یەکەم بەرشی. (ئارام بە یەکەم دەرچوو).

**دەیەم: بەروارد**

لە ناو بەشەکانی ئاخاوتندا، ئاوەڵناو بە یاریدەی پاشگری "- تە"، سازی دەکات و ئـەم واتایانەی خوارەوە دەگەیەنێت:

١. بەروارد لە رووی چۆنیەتی بە ئەنجام گەیاندن، یا نەگەیاندنی رووداوێك:

- دارا جە ئاکۆی خاستەر وانەکەش ئامادەکەردەن. (دارا لە ئاکۆ باشتر وانەکەی ئامـادە کردووە).

٢. بەراورد لە رووی کاتی روودانی کارەوە:

- نەوزاد جە هیزی دێرتەر ئاما. (نەوزاد لە دوێنێ درەنگتر هات).

٣. بەروارد لە رووی پێوانەی روودانی کارەوە:

- ئارۆ ۋاران جە هیزی فرەتەر ۋارا. (ئەمڕۆ باران لە دوێنێ زۆرتر باری).

**یانزەیەم: هاوڕێیەتی**

بەشەکانی ئاخاوتن، بەیاریدەی پریپۆزیشنی "چەنی"، یا پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "بە...- ۆ /- وە"، دایدەڕێژن، بۆ نموونە:

١. نـــاو

- نانەکەم بە شوتۆ وارد. (نانەکەم بە شیرەوە خوارد).

- ئاسو چەنی ئاکوی لۋا پەی بازاری (بازار). (ئاسۆ لەگەڵ ئاکۆ چوو بۆ بازاڕ).

٢. جێناوی کەسی

- من چەنی ئادیْ لوانیْ پەی زانکوی. (من لەگەڵ ئەو چووم بۆ زانکۆ).

- خوێندکارەکیْ بە توۆە چل خوێندکارێنیْ. (خوێندارەکان بە تۆوە چل خوێندکارن).

٣. ئاوەڵناو

- ماموساکیْ چەنی زیرەکەکا ئامیْ. (مامۆستاکان لەگەڵ زیرەکەکان هاتن

- قوتابیەکیْ بە تەمەڵەکایچۆ یاریگەکەنە مەنێیْنێرە. (خوێندکارە بە تەمەڵەکانیشەوە لە یاریگاکەدا راوەستا بوون).

## دوانزەیەم : لێکچوون

بەشەکانی ئاخاوتن، بەیاریدەی پرێپۆزیشنی " پێسە " و پاشگری "- ئاسا"، سازی دەکەن، بۆ نموونە:

أ.ناو

- من پێسە نەوزادی وانەکێم نۆیستیێ. (من وەك نەوزاد وانەکەم نووسی).
- زارۆڵەکە پێسە تاتەیش ملو رانە. (مناڵەکە وەك باوکی بەرێگادا دەڕوات).

مۆرفیمی دۆخ، لەم بارەدا، دەچێتە سەر ناو، وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا روونکراونەتەوە.

- پیاکە شێر ئاسا پەلامارو دژمنەکێش دا. (پیاوەکە شێر ئاسا پەلاماری دوژمنەکەی دا).

**تێبینی:**

پێشتر لە پاڵ پرێپۆزیشنی " پێسە "، ئامرازی "چون" بەکاردەهات، بۆ نموونە: بێسارانی لە بەیتێکدا، دەڵێ:

ئارۆ خەمانم چون دەماوەند بێ    دیدەی قیبلەم دی، بەندێ شەو بەند بێ

**(بێسارانی. ل٣١).**

ب. ئاوەڵناو:

- پیاکە کور ئاسا ملو رانە. (پیاوەکە کوێر ئاسا بە رێگادا دەڕوات).
- پیاکە پێسە کوری ملو رانە. (پیاوەکە وەك کوێر بە رێگادا دەڕوات).

ت. جێناوی کەسی:

- دارا پێسە ئێمە کوششکەرو. (دارا وەك ئێمە کۆشش دەکات).
- نەوزاد شمە ئاسا نامە مئۆیسو. (نەوزاد ئێوە ئاسا نامە دەنووسێت).

**تێبینی:**

مەولەوی، لە پاڵ " پێسە "، فرێزی بەندی "بە وێنەی"، بەکارهێناوەو دەڵێ:

کەس بە وێنەی من پڕ مەینەت نەبۆ    گورفتار دۆس بێ بەینەت نەبۆ

**(مەولەوی. ل ١٩).**

## سیانزەیەم: نەرێکردن

ئەو بەشانەی ئاخاوتن کە پێکیدەهێنن، ئەمانەن:

أ. ئەدڤێرب

ئەدڤێربی "هەرگیز"، کە بەرێگەی دووبارەکردنەوە دەبێتە " هەرگیزاو هەرگیز"، دایدەڕێژێت، بۆ نموونە:

- ئێمە هەرگیز جە وەنەی دمامەگمنیْ. (ئێمە هەرگیز لە خوێندن دواناکەوین).
- هەرگیز سەرما وەنە مەدۆ (مەدۆ وەنە). (هەرگیز سەرمان لێ نادات).

ب. نـــــاو

ناو لە باری نەناسراویدا، بە یاریدەی جێنـاوی نـەریکردنی "هـیچ" و پریپۆزیـشنی "بە"، سازی دەکات، وەك:

- هیچ رۆیۆ بە پێ مەلوو پەی زانکوی. (هیچ رۆژێك بەپێ ناچم بۆ زانکۆ).
- بە هیچ جوریۆ مەبو ئی کارە کریو. (بە هیچ جۆرێك نابێت ئەم کارە بکرێت).

## چواردەیەم: سەرچاوە

لە ناو بەشەکانی ئاخاوتندا، "ناو" بەیاریدەی پریپۆزیشنەکانی "جە" و"بە" و مۆرفیمی دۆخ، سازی دەکات، واتە یاسای دەربڕینی، بریتییە لە:

| "جە"، یا"بە" + ناو(کەرەستەی دروستکردن) +مۆرفیمی دۆخ |
|---|

- ئاذێ یانەکەشا بە خشتی دروسکەرد. (ئەوان خانووەکەیان لە خشت دروستکرد).
- دارتاشەکە کورسییەکەی جە تەختەی ئیرانی دروستکەرو. (دارتاشەکە کورسیەکەی لە تەختەی ئێرانی دروست دەکات).

## پانزەیەم : جەختکردن

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازی دەکەن، بریتین لە:

أ. ناو

ناوی واتایی، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بە" و "بی"، دایدەڕێژێت، وەك:

- بە دڵنیایی، سەبای ملوو پەی دهوکی. (بەدڵنیای سبەینێ دەچم بۆ دهۆك).
- بی گومان ئی کارەکاتی فرەش گەرەکا. (بێ گومان ئەم کارە کاتی زۆری دەوێت).

ئـەو فرێـزە بەندانـەیش، کـە بـۆ "سـوێند خـواردن" بـەکار دەهێنرێـت، جۆرێـك لـە جەختکردن دەگەیەنن، وەك:

- بەخودا هێزی ئامانیْ لات. (بەخودا دوێنیٚ هاتم بۆ لات).

ب. ژمارە

ژمارە بنجی " سی" و "دوو" ، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بی"، پێکی دەهێنن، کە بووە دانەیەکی ئامادەکراو لە زماندا ، وەك:

- دلْشاد بیْ سیْ و دوو وەلآمو ماموساکەیش داوە. (دلْشاد بیٚ سیٚ و دوو وەلآمی مامۆستاکەی دایەوە).

**شانزەیەم: هەندێتی (تبعیض)**

ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە پێکیدەهێنن، ئەمانەن:

أ.ناو

لە باری کۆدا، بەیاریدەی پریپۆزیشنی "جە"، دایدەڕێژێت و مۆرفیمی دۆخی دەچێتە سەر، کە لەگەڵ مۆرفیمە "کۆ" یەکەدا،دەبێت بە"ا"، وەك:

-نانیْۆم جە نانەکا واردە. (نانێکم لە نانەکان خوارد).

-کتێبیْۆم جە کتێبەکا واناوە. (کتێبێکم لە کتێبەکان خوێندەوە).

ب. ئاوەڵناو

-قوتابییْۆ جە زیرەکەکا ئاما. (خوێندکارێك لە زیرەکەکان هات).

-یو جە ئازاکا لوا. (یەکێك لە ئازاکان رۆیشت).

ت. جێناوی کەسی

جێناوە کەسییە کۆکان، توانای پێکهاتنی ئەم فرێزەیان هەیە، وەك:

-دۆیْ جە ئێمە لوٚیٚ. (دوان لە ئێمە رۆیشتن).

-یو جە شمە (جە) تاقیکەردەکەیەنە بەرنەشی. (یەکێك لە ئێوە لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچوو).

**حەڤدەیەم: دەرهاویشتن**

پریپۆزیشنی "بیٚ"، یا "بەبیٚ" لە رۆنانی ئەم چەشنە فرێزەدا، هاریکاری بەشەکانی ئاخاوتن دەکەن، وەك:

أ. ناو

- نانەکەم بیْ /بەبیْ چای وارد. (نانەکەم بیّ / بە بیّ چا خوارد).

ب. جێناوی کەسی

- هەرمانەکێش بیْ / بە بیْ تو کەردە. (ئیشەکەی بیّ / بە بیّ تۆ کرد).

**هەژدەیەم: ئەنجام**

بەشەکانی ئاخاوتن(ناو، ئاوەڵناو)، بەبیّ یاریدەی پریپۆزیشنی"بە"، سازی دەکەن،وەك:

أ.ناو

- ئێمە توما بە سەرۆك هور ۋچنای. (ئێمە تۆمان بە سەرۆك هەڵبژارد).

ب. ئاوەڵناو

- ئاذیْ توشا بە زیرەك هور ۋچنای. (ئەوان تۆیان بە زیرەك هەڵبژارد).

**نۆزدەیەم : پێچەوانە**

لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا، "ناو" بەیاریدەی پریپۆزیشنی "چەنی" و جێناوی نیشانەی "ئا"، دایدەڕێژێت، واتە بەم یاسایەی خوارەوە، پێکدەهێنرێت:

| |
|---|
| چەنی + ئا + ناو |

- دارا چەنی ئا زیرەکییەیچە بەرنەشی. (دارا لەگەڵ ئەو زیرەکییەشدا دەرنەچوو).

- کناچەکیْ چەنی ئا زەریفیەیچە، کەس داۋاش مەکەرو. (کچەکە لەگەڵ ئەو جوانییەشدا، کەس داوای ناکات).

**٢- ئەو فرێزە ئەدڤێربلێییانەی ئەرکی یاریدەدەر دەبینن**

**یەکەم: دوو دڵی وشیان**

ئەدڤێربی "رەنگا، رەنگە"، دایدەڕێژێت و دوو چەشن کاری، پیّ دەردەبڕرێت، کە بریتین لە:

أ.رانەبردووی ئیلزامی

- رەنگا ئارۆ ۋاران ۋارو. (رەنگە ئەمڕۆ باران ببارێت).

ب. رابردووی ئینشائی تەواو

- رەنگا زارولەکە نەوەشبو. (رەنگە منالەکە نەخۆش بێت).

فرێزەکانی "چانەیە: لەوانەیە"، "ئانەیە مشو: لەوە دەچێ" ، "واچی: بڵێی"، لە توانایاندا هەیە، هەمان فرێز سازبکەن و رێژەی کارەکانی سەرەوە، بەهۆیانەوە دەربڕێت، وەك:

- چانەیە/ ئانەیە مشو ئارۆ ۋاران ۋارو. (لەوانەیە / لەوە دەچێت ئەمڕۆ باران ببارێت).

فرێزی " ئەرەجیوم / پاسەبزانوو : وابزانم"، دوودڵی وشیان لە رووداو، یا روونەدانی کاری رابردوو و رانەبردووی ئیخباری دەردەبڕێت، لەم بارەدا ئەری یاریدەدەری نابینێت، بەڵکو ئەرکی سەربار دەبینێت و "ف.ك" فراواندەکات، وەك:

- ئاسو لۆا پەی بازاری. ← ئەرەجیوم / پاسە بزانوو ئاسو لۆا پەی بازاری.
- (ئاسۆ چوو بۆ بازاڕ. ← وابزانم ئاسۆ چوو بۆ بازاڕ).

**دووەم : هیواو ئاوات**

ئەدڤێربی "وەشڵەی: خۆزگە"، پێکیدەهێنێت و یاریدەی دەربڕینی ئەم کارانەی خوارەوە دەدات:

أ.رابردووی ئینشائی سادە:

- وەشڵەی من لۆا بیێنیْ. (خۆزگە من بڕۆشتمایە).

ب. رابردووی ئینشائی بەردەوام:

- وەشڵەی من وتەی بیێنیْ. (خۆزگە من بنووستمایە).

ت. رابردووی ئینشائی دوور:

- وەشڵەی نامەکەم نۆیستە بیەبیێ. (خۆزگە نامەکەم نووسیبووایە).

## ٣- ئەو فرێزە ئەدڤێربڵێیانەی ئەرکی تەواوکەر دەبینن

یەکەم : پرسیاری

پرسیار دەربارەی ئەم لایەنانەی رووداو دەکات:

١. کات: - کەی ئامای؟ (کەی هاتیت؟).

٢. شوێن: - جەکوۆە ئامای؟

- چکوۆە ئامای؟ (لە کوێوە هاتیت؟).

ئەگەر پرسیار دەربارەی شوێنی ئاراستەکردن بکرێت، فرێزی ئەدڤێربڵی پرسیاری، لەم بارەدا چەند فۆرمێکی دەبێت،وەك:

- کو ملی؟
- پەی کو ملی؟
- کوگە ملی؟
- پەی کوگە ملی؟ (بۆ کوێ دەچیت؟).

٣. چۆنیەتی: - وانەکەت چەنی ۆیستەن؟ (وانەکەت چۆن نووسیوە؟)

٤. پێوانە: - ئارۆ ۋاران چند ۋارا؟ (ئەمڕۆ باران چەند باری؟)

٥. وەسیلە: - بەچێش ئامای؟ (بەچی هاتیت؟)

٦. هۆیی: - فرێزی ئەدڤێربڵی پرسیاری، کاتێك پرسیار لە هۆی روودان، یا روونەدانی کار بکات، بەسێ شێوە ساز دەبێت:

- دلێر پەی چێشی نانش نەوارد؟
- دلێر چی نانش نەوارد؟ (دلێر بۆچی نانی نەخوارد؟).
- دلێر ۋەرو چێشی نانش نەوارد؟

٧. مەبەست: - پەی چێشی ملدێ بازار(پەی بازاری)؟. (بۆچی دەچن بۆ بازاڕ؟).

٨. تەرتیبی: - قوتابیەکێ چند چند ئامێ؟ (خوێندکارەکان چەند چەند هاتن؟).

٩. سەرچاوە: - ئی یانە جە چێشی دروسکریان؟ (ئەم خانووە لەچی دروستکراوە؟)...هتد.

**تێبینی:**

ئامرازی پرسیاری"چێش: چی"، لە دوای پریپۆزیشنی "نە"، مۆرفیمی دۆخ"ی" وەرناگرێت، بەڵام لە دوای "جە" و"پەی"، وەریدەگرێت، وەك لە سەرەوە روونکراوەتەوە.

**دووەم: گۆڕینی حاڵەت**

"ناو" بە تەنیا توانای داڕشتنی ئەم فرێزە ئەدڤێربڵییەی هەیە، دەشتوانرێت پریپۆزیشنی "بە"ی لەگەڵدا بەکاربهێنرێت بەپێی جۆری بکەری رستە، دوو مۆرفیمی لەسەر دەردەکەوێت، ئەگەر بکەر نێرینەی تاك بوو، هیچ مۆرفیمێك دەرناکەوێت، بەڵام ئەگەر مێینەی تاك بوو، "ە" و ئەگەر کۆش بوو "ی"ی کۆ، لەگەڵیدا دێت. لەگەڵ ئەم کارانەی خوارەوەدا، ئەرکی تەواوکەر دەبینێت:

١. "بیەی: بوو"، کەپێی دەوترێت "بوونی گۆڕان- **صیرورة**"، لە ڕووی کاتەوە، بۆ ڕابردوو، ڕانەبردوو، ڕێژەی فەرمان دایدەڕێژێت، وەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە[1]:

- ڕابردوو:

(نێر) - من بیەنا(بە)هیتیار.

(مێ) - من بیێنا (بە)هیتیارە. (من بووم بە جووتیار).

(کۆ) - ئێمە بیێنمیْ (بە هیتیاری). (ئێمە بووین بە جووتیار).

- ڕانەبردوو:

(نێر) - من بوو (بە)هیتیار.

(مێ) - من بوو (بە) هیتیارە. (من دەبم بە جووتیار).

(کۆ) - ئێمە بیمیْ (بە) هیتیاری. (ئێمە دەبین بە جووتیار

دەتوانرێت لە باری ڕانەبردوودا، ڕوودانی کارەکە، بەهۆی مۆرفیمی "نە"، نزیك بکرێتەوە، وەك:

- من بوونە (بە) هیتیار. (من لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبم بە جووتیار).

- ئێمە بیمێنە (بە) هیتیاریْ. (ئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبین بە جووتیار).

**ڕێژەی فەرمان**

(نێر) - (تو) بە بە ئەندازیار.

(مێ) - (تو) بە بە ئەندازیارە. (تۆ ببە بە ئەندازیار).

(کۆ) - شمە بیدیْ بە ئەندازیاریْ. (ئێوە بن بە ئەندازیار).

٢. کاری "کرد"، کاتێ واتای "گۆڕان" ببەخشێت، بۆ تەواو کردنی واتاکەی، پێویستی بەم چەشنە فرێزە ئەدڤێربلێیە هەیە، وەك:

- تاتەت تۆش کەردی بە مرۆڤیوی سەرکەوتە / سەرکۆتە. (باوکت تۆی کرد بە مرۆڤێکی سەرکەوتوو).

- ماموسا ئێمەش کەردیمیْ بە کەسیۆی چەنە ئاما. (مامۆستا ئێمەی کرد بە کەسێکی لێهاتوو).

[1] د. فەرەیدون عەبدول محەمەد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ٤، ٢٠٠٠، ل٧١

جگە لەو جۆرە فرێزانە، کە هەمیشە ئەرکی تەواوکەر دەبینن، هەندێ کار، داوای جۆرێك لە ئەدڤێربلێ، وەك کەرەستەیەکی تەواوکەر دەکەن، بۆ نموونە:

أ. "کۆت: کەوت" لەم رستەیەی خوارەوەدا، "کات" رادەکێشێت:

- گەمەکەما کۆت سەبای. (یارییەکەمان کەوتە سبەینێ).

لە هەورامیدا، پریپۆزیشنی "ە" بەرچاو ناکەوێت. لەبەر ئەوە لەم بارەدا، ناوی کاتەکان، بە تەنیا دوای کارەوە، فرێزی ئەدڤێربلی کات دایدەرێژن.

ب. "ژیوا: ژیا"یش، پێویستی بە شوێن هەیە، وەك:

- نەوزاد چێگە ژیوا. (نەوزاد لێرە ژیا).

ت. "دروسکریو: دروستدەکرێت"، سەرچاوە وەردەگرێت، وەك:

- ماس جە شوتی دروسکریو. (ماست لە شیر دروستدەکرێت).

## دابەشکردنی فرێزی ئەدڤێربلی بە پێی رۆنان

ئەم جۆرانە دەگرێتە خۆی:

١- سادە. ٢- ناسادە. ٣- بەند.

### ١- فرێزە سادەکان

ئەم جۆرە بریتیە لە :

أ- ئەدڤێربەکان، وەك: "هەمیشە، ئێستای، دیسان، وەشڵەی، رەنگا..."

ب-ناوی کاتەکان، وەك: رو، ویرەگا، هیزی، سەبای..."

ت-ناوی شوێەکان، وەك: "بازار، یانە...هتد.".

پ-ئاوەڵناو، وەك: "خاس، زەریف، خیرا، دیر...هتد.".

ئەم چەشنە فرێزە، کۆمەڵێ پاشگر وەردەگرێت، لەوانە:

١. (- ەنە): ((ساعەبەنە ۆیرەگانە))...

٢. (- یو): ((رۆیۆ، کەمیۆ))...

٣. (- انە): ((رۆانە، پیایانە))،...

٤. (- ئاسا): ((شیر ئاسا، کور ئاسا))،...

٥. (- تەر): ((دیر تەر، خاستەر))...

٦. (- ی): ((وەهاریْ، شەویْ))،...
٧. (- چ / یچ): ((ئیسەیچ، زمسانیچ))،...
٨. (- گار): ((شەوگار، رۆژگار)).

## ٢- فرێزە ناسادەکان

دەکرێن بە دوو بەشەوە:

أ.ئەوانەی لە دەرخەرو دەرخراوێك پێکدێن، ئەگەر لە دواوە هات و فرێزەکەیش خاوەنێتی نەبوو، ئەوا مۆرفیمی "ی" بەشداری لە سازکردنیدا دەکات، وەك:

- هەفتەی ۆیەردە. (هەفتەی رابردوو).
- هەفتەی ئایندە. (هەفتەی ئایندە).

ئەگەر فرێزەکە خاوەندارێتی بوو، مۆرفیمی "و"، هاریکاری دارشتنی دەکات، وەك:

- شەۆ و زمسانی. (شەویْ زستان).
- رۆ و شەمەی. (رۆژی شەممە).

جاریش هەیە دەرخەرێك لە پێشەوە دێت، لەم بارەدا، مۆرفیمی "و"، دەگۆرێت بۆ "ی"، وەك:

- کەم شەویْ هامنی. (کەم شەوی هاوین).
- فرە شەۆی ۆەهاریْ. (زۆر شەوی بەهار).

لە فرێزی خاوەندارێتیدا، ئەگەر دەرخراو کۆ بوو، بە مۆرفیمی "ا" دەکرێت بە کۆ، لەم بارەدا، دەرخراو و دەرخەر، بێ مۆرفیمی بەستنەوە، لەیەك دەدرێن، وەك:

- ساعبا (ساعبانا) هامنی. (بەیانیانی هاوین).
- شەۆا زمستانی. (شەوانی زستان).
- شەۆا زمستانو سالۆ پاری. (شەوانی زستانی ساڵی پار).

ب. ئەو فرێزانەی، بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەندێ لە بەشەکانی ئاخاوتن، پێکدێن

١. ناو

- بێ یاریدە:

پول پول، کۆمەڵ کۆمەڵ، دەستە دەستە...

- بە یاریدەی:

أ. (- او- ): پشتاوپەشت، دۆلاودۆڵ...

ب. (- ان- ): سەرانسەر.

ت. (- ەوە- ): بانەوبان، ((کەشەوکەش:شاخەوشاخ))،..

پ. (- بە- ): رۆبەرۆ، یانە بە یانە.

٢. ئاوەڵناو:

- بێ یاریدە: خێرا خێرا، ((یەواش یەواش: هێواش هێواش))، ورد ورد، ((زەریف زەریف: جوان جوان))، ((فرە فرە))...هتد.

- بە یاریدەی (- او- ): نزیکاو نزیك، دوراودوور.

٣. ژمارە:

- بێ یاریدە: ((دۆە دو: دوو دوو)) ، ((پەنچ پەنچ: پێنچ پێنچ))....

- بەیاریدەی (- او- ): یەکاویەك.

٤. ئەدڤێرب:

ئەدڤێربی "هەرگیز"، بە یاریدەی (- او- )، دووبارە دەبێتەوە. هەرگیزاو هەرگیز.

جگە لەم رێگەیە، بەشەکانی ئاخاوتن بە چەند رێگەیەکی تر، فرێزی ئەدڤێربلی نادە، رۆدەنێن، لەوانە:

١. ناو:

أ.ناو + ناو: پار پایز، پار زمسان، هیزی شەوی....

ب. سەر + (- ەوە- ) + ناو: ((سەرەو وار: سەر بەرەو خوار)) ، ((سەرەو کوی: سەربەرەو ژوور)).

ت. ناو + (- ەوە- ) + ناو: دەسەو ئەژنۆ.

پ. ناو + (- بە- ) + ناو: ((دەست بەجی: دەست بە جێ)).

ج. ناو + (و) + ناو: ((شەۆ ورۆ)) ، ((هامن و زمسان))...

ح. ناو + (و / ەوە) + ئەو وشانەی کە ئێستا سەربەخۆ بەکارنایەن: ((تاك و تەرا))، ((دەستەوستان)).

خ. ناو + (سەرو: لەسەر) + ناو: ((دەس سەروسینەی: دەست لەسەر سنگ)). ((چنگ سەرو شانەی: چنگ لەسەر شان)).

د.دەم + (- ەوە- ) + ناوی کاتەکان: ((دەمەو زمسان)) ، ((دەمەو پایز)).

٢. ئاوەڵناو:

أ. ئاوەڵناو + (و) + ئاوەڵناو: ((سێرو پەڕ: تێرو پڕ))، دوور و نزیك،...

ب. ئەو وشانەی کە ئێستا بە گشتی سەربەخۆ بەکار نایەن + (و) + ئاوەڵناو: ((کوتوپەڕ: کوتوپڕ)).

دەتوانرێت فرێزە ئەدڤێربلییەکان، بەهۆی لێکدانی دوو بەشی ئاخاوتنەوە، سازبکرێن، وەك:

أ. ناو + ئاوەڵناو: "شەودیر: شەو درەنگ" ، "سەبای زوو: بەیانی زوو"، "ساعبیْ زوو: سبەینێ زوو".

ب. ئاوەڵناو + (بە) + ناو: "پەڕ بە دڵ : پڕ بە دڵ" ، "پەڕ بە دەم : پڕ بە دەم"...

ت. جێناوی نەرێ + ناو: "گرد رۆیۆ" ، "گرد شەوێوە".

پ. ژمارە + ناو: "یەرێ هەفتێ: سێ هەفتە" ، "پەنج ساڵێ: پێنج ساڵ".

ج. ئامرازی نیشانە + ناو: "ئا ساڵە: ئەو ساڵە" ، "ئی زمسانە: ئەم زستانە".

## ٣- فرێز بەندەکان

بە یاریدەی پرێپۆزەیشن و پۆست پۆزیشن، دادەڕێژرێن، ئەو پرێپۆزیشنە سادانەی، کە لەم مەیدانەدا کار دەکەن، بریتین لە: "پەی : بۆ" ، "جە : لە" ، "بە" ، "تا" ، "بی : بێ" ، " پێشە : وەك".

پێویستە ئەو راستییە بخەینە روو، کە لە سەدەکانی پێشودا، لای ئەو شاعیرانەی، بەم شێوە زارە، شیعریان وتووە، لە پاڵ "بە" و "جە"دا، "وە" و "نە"، بەکارهێنراون:

ئەوەندە خەیاڵان بەردم وە دەروون　　　پەی دووری یاران بە تەربیم زەبوون

(مەولەوی، ل٣).

پەی تۆ ئازیزم، مەخێرا نە دڵ　　　مەبیم وە زوخاڵ، مە رێزام نەگڵ

(بێسارانی، ل١١١).

خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بی یەن　　　هەوارگەی قەدیم نە دەسش شی یەن

(مەولەوی، ل ٣٨).

پۆست پۆزیشنەکانیش، بریتین لە: "- ۆ، - ەنە، - ەرە"، لای شاعیران لە پاڵ "- ەنە"، "- دا"یش بەکارهێنراوە:

مەواچی گشت عەیب جە سەردا　　نمەوینی عەیب وێت هیچ نەوەردا

(خانی قوبادی / شیرین و خوسرەو، ل ٥٥١).

بێ دەرد بێ دەردش ئەوسا دیاردا　　نالەش بێ پەروا ئاما بە شاردا

( بێسارانی، ل٤٠).

پریپۆزیشنە لێکدراوەکان، ئەمانە ئەگرێتەوە:

"دلیْ : لەناو"، "چیرْو: لە ژێر"، "سەرو: لەسەر"، "وارو : لەخوار"، "بنو: لەبن"

## جۆرەکانی فرێزی بەند

سێ چەشن لەم فرێزە، لە رووی رۆنانەوە، دیاری دەکرێت:

١. ئەوانەی بە یاریدەی پۆست پۆزیشن، سازدەبن، وەك:

هیزیۆ : لە دوێنێوە.

یانەنە : لە ماڵەوە.

هۆلێرْەنە : بە هەولێردا.

سەردایەنە : لە سەرمادا...هتد.

٢. جۆرێکی تریان، بەهۆی پریپۆزیشنەوە، دادەرێژرێن، وەك:

بەبرایی : بە برایەتی. بەدەست : بە دەست.

تا بازاڕ : تا بازاڕ. یەی وەشی : بۆ خۆشی. جە تەختەی : لە تەختە...هتد.

٣. هەندێکی تریشیان، بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، پێکدێن، وەك:

بەخەفەتۆ : بە خەفەتەوە. بەشوتۆ : بە شیرْەوە. بە ئەرەنیشتەیۆ : بە دانیشتنەوە.

## شوێنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە رستەدا

فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە هەورامیشدا، جێگۆرکێ دەکەن و دەتوانرێت لە شوێنی شیاوی خۆیانەوە، بۆ جێگەی تر، بگوێزرێنەوە.

بۆ نموونە: شوێنی پەسەندی "کات"، دوای بکەرە، وەك:

- ئاذێ دماو نیمە رۆی ئامێ. (ئەوان دوای نیوەڕۆ هاتن).

لەگەڵ ئەوەشدا، لە پێش بکەرو دوای کاریشەوە دێت، بۆ نموونە:

- ۆێرْەگا ئێمە ملمیْ گێلای. (ئێواران ئێمە دەچین بۆ گەڕان).

- مەونە لات سەعات چوار. (دێم بۆ لات لە کاتژمێر چواردا).

چاڵی گونجاویش بۆ "شوێن"، دوای بکەرە، وەك:

-نەوزاد بەرەو هۆلێرْ لۆا. (نەوزاد بەرەو هەولێر ڕۆیشت).

جگە لەم جێگەیە، لە توانایدا هەیە، لەم شوێنانەی تریشدا، دەربکەوێت:

١. پێش بکەر:

-تا بازار دارا لۆا. (تا بازاڕ دارا ڕۆیشت).

٢. دوای بەرکار:

-ئاذ نانش بازارەنە وارد. (ئەو نانی لە بازاڕ خوارد).

٣. دوای کار:

-شیلانە لۆا پەی زانکوی. (شیلان ڕۆیشت بۆ زانکۆ).

شوێنی پلە یەکی "چۆنیەتی"ش، دوای بەرکارە، دەشتوانرێت بگوێزرێتەوە بۆ:

١. پێش بکەر:

-وەش، زارۆڵەکە ملو رانە. (بە جوانی، منالەکە دەڕوات بە ڕێگادا).

٢. دوای کار:

-نەوەشەکە خولیاۆە سەرو سەرێشۆ. (نەخۆشەکە خولایەوە لەسەر سەر).

ئەگەر چەند ئەدڤێربلێکی جیاوازیش، لە ڕستەکدا دەرکەوتن، ئەوا شیاوترین جۆری ریزبوونیان، بریتی دەبێت لە: کات + شوێن + جۆرەکانی تر, بۆ نموونە:

١. کات + شوێن: - هیزی بازارەنە نەوزادم دی. (دوێنێ لە بازاڕ نەوزادم دی).

٢. کات + چۆنیەتی: - کورەکە ۆێرەگا بە خەفەتۆ لۆا.

٣. . (کورەکە ئێوارە بەخەفەتەوە ڕۆیشت).

کات + وەسیلە: - ئێمە شەوێ بە ئوتومبیل لۆایمێ پەی یانەکەی. (ئێمە شەو بە ئوتومبیل ڕۆیشتین بۆ ماڵەکە).

٤. کات + پێوانە : - ۆاران ساعبێ فرە ۆارا. (باران بەیانی زۆر باری)...هتد

ئەگەر کاری ڕستە، رابردوو ئینشائی، یا رانەبردوو ئیلیزامی ...هتد.

ئەگەر کاری ڕستە، ڕابردووی ئینشائی، یا ڕانەبردووی ئیلزامی بوو، ئەوا ئەدڤێربلەکانی "هیوا و ئاوات" و "دوو دڵی وشیان" ، پێش "کات"دەکەون، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا، ڕوونکراونەتەوە:

- وەشڵەی ۋەڵیْ نیمەرۆی نانم واردەبییْ.
(خۆزگە پێش نیوەڕۆ نانم بخواردایە).
- رەنگا ۋەرۆە ئارۆ ۋارو.
(رەنگە بەفر ئەمڕۆ ببارێت).

ئەگەر دوو، فرێزی ئەدڤێربڵی کات لە رستەیەکدا کۆبوونەوە، یەکێکیان گشتی بوو، دووەم بەشێك بوو لێی، ئەوا گشتییەکە، پێش دەکەوێت، بۆ نموونە:

- نازدارە هیزی دمۆ ۋێرْەگا ئاما. (نازدار دوێنیْ لای ئێوارە هات).

ئەگەر"شوێن" و جۆرەکانی تریش، لە رستەیەکدا هاتن، ئەوا ریزبوونێك بە پەسەند دەزانرێت، کە تیایدا "شوێن" پێش بکەوێت، وەك:

١.شوێن + چۆنیەتی:
- یانەنە وانەکیم وەش ئامادەکەردی. (لەماڵەوە وانەکەم بە جوانی ئامادەکرد).
٢.شوێن + وەسیلە:
- جە بازارۆ بەپیْ لۋانیْ پەی زانکوی. (لە بازارەوە بەپیْ چووم بۆ زانکۆ).
٣.شوێن + پێوانە:
- ۋەرۆە شارەنە کەم کەم ۋارو. (بەفر لەشاردا کەم کەم دەبارێت)...هتد.

## ئەدڤێربڵ لە شێوەی رستەدا

لە هەورامیدا، وەك تێکڕای دیالێکتەکانی تر، ئەدڤێربڵی رستەیی هەیە، کە بە پێی دەستووری گراماتیکی ساز دەکرێن. بە گشتی دەلویْ ئەم جۆرەیان، نیشان بدەین:

١. کات: ئامرازی "کە، هەرکە"، هاوبەشی داڕشتنی دەکەن، وەك:

-کە تو ئامای، من نامەکەی نۆیسێنیْ. (کە تو هاتی ، من نامەکەم نووسی).
-هەر کە دیم، پنەش ماچوو. (هەر کە بینیم، پێی دەڵێم).

هەندیْ جار، فرێزێکی ئەدڤێربڵی کات، لە پێش ئامرازەکانەوە دێن، وەك:

-رۆ و شەممەی کە ئامانیْ، کتێبەکەت پەی ماروو. (رۆژی شەممە کە هاتم، کتێبەکەت بۆ دەهێنم).
-سەبای کە لۋانیْ پەی بازاری، گجیەکەی مسانوو. (سبەینیْ کە چووم بۆ بازاڕ، کراسەکە دەکڕم).

٢. شوێن: ئامرازەکانی "هەرکو: هەرکوێ" ، "پەی هەر کوی: بۆ هەر کوێ" ، سازی دەکەن، وەك:

- پەی هەر کوی بلدیْ، منیچ مەو (مەونە). (بۆ هەر کوێ بچن، منیش دێم).

- هەرکو ئاژاۆیش چەنە بو، ئێمە مەلمیْ. (هەر کوێ ئاژاوەی لیْ بێت، ئێمە ناچین).

٣. چۆنیەتی: ئامرازەکانی " بیْ ئانەیە کە : بیْ ئەوەی کە" ، "چەنی : چۆن" ، پێکی دەهێنن، وەك:

- نەوزاد ئاما و بیْ ئانەیە کە چەمڕاو دانای کەرو، لۆا بەر.

(نەوزاد هات و بیْ ئەوەی کە چاوەڕێی دانا بکات، ڕۆیشتە دەرەوە).

- را دە بە زارۆڵەکە، چەنی حەز کەرو، بنیشورە.

(ڕێگا بە منداڵە کە بدە، چۆن حەزی لێیە، دانیشێت).

٤. هۆیی: ئامرازەکانی "چونکە"، "ۋەرو ئانەیە (کە) : لەبەر ئەوەی (کە)"، دایدەڕێژن، وەك:

- ئاسو بەرنەشی، چونکە کوشش نەکەری. (ئاسۆ دەرنەچوو، چونکە کۆششی نەدەکرد).

دارا ناما سەیران (پەی سەیرانی)، ۋەرو ئانەیە نەوەشبیْ. (دارا نەهات بۆ سەیران، لەبەر ئەوەی نەخۆش بوو).

٥. مەبەست: ئامرازەکانی " کە، تا، هەتا، بەشکو(بەشکم)، بەڵکو(بەڵکم)"، پێکی دەهێنن، وەك:

- شیلانە لۆا بازاری(پەی بازاری)، تا گجیۆْ بسانو. (شیلان چوو بۆ بازاڕ، تا کراسێك بکڕێت).

- ئا دەرمانا موەروو، بەشکم(بەشکو)پەنەشا وەشبوۆ(خاسبوۆ).

ئەو دەرمانانە دەخۆم، بەشکو پێیان چاك ببمەوە).

ئەدڤێربڵی رستەی مەبەست، هەندێ جار، بیْ ئامرازی گەیەنەر، دادەڕێژرێت، وەك:

- لوانی (پەی)لا ماموسای، هەندیو زانیاریم دو(دونە). (چووم بۆ لای مامۆستا، هەندێ زانیاریم بداتێ).

٦. ئەنجام: ئامرازەکانی "بۆچی : بۆیە" ، "کە"، هاوبەشی ڕۆنانی دەکەن، وەك:

- ئارام (جە) تاقیکەردەیەنە سەرنەکۆت(بەرنەشی)، پۆچی دڵش وەش نیا.

(ئارام لە تاقیکردنەوەکەدا سەرنەکەوت، بۆیە دڵی ناخۆشە).

- چایەکە ئێندە سەرد بیْ، کە نە تاۆام بوەرووش.

(چایەکە هێندە سارد بوو، کە نەمتوانی بیخۆمەوە).

٧. مەرج: ئامرازەکانی "ئەگەر، گەر، تا، تاوەکو، کە"، یاریدەی سازکردنی دەدەن، وەك:

- ئەگەر یانەت جە شیشیْ بیْ، یانەو خەڵکی تەۆەنۆاران مەکەرە.

(ئەگەر ماڵت لە شووشە بوو، ماڵی خەڵکی بەرد باران مەکە).

- ئەگەر هیْمن وەنێش، ئیسە ماموسا بیْ. (ئەگەر هێمن بیخوێندایە، ئێستا مامۆستا دەبوو).

٨. پێچەوانە: ئامرازەکانی "هەرچند / هەرچندە : هەرچەندە"، "سەرەڕاو ئانەیە کە : سەرەڕای ئەوەی کە" ، "ئەگەر چیْش : ئەگەر چی" ، "کەچی"، پێکی دەهێنن، وەك:

- هەرچند / هەرچند ۆارانیچ ۆارو (ۆارونە)، سەیرانەکیما کەرمی.

(هەرچەندە بارانیش ببارێت، سەیرانەکەمان دەکەین).

- شیْرینە بەرنەشیە، سەرەڕاو ئانەیە کوششی فرە کەریْ.

(شیرین دەرنەچوو، سەرەڕای ئەوەی کۆششی زۆر دەکرد).

٩. پێوان: ئامرازەکانی "ئیْندە : هێندە" ، "ئاندە : ئەوەندە" ، "بەڕادیْوکە : بە رادەیەك کە"، "تا ئاڕادە کە : تا ئەو رادەیەی کە" ، "چانەیە زیاتەر کە : زیاد لەوەی کە" ، هاوبەشی داڕشتنی دەکەن، وەك:

- ئاند قسیْمکەردیْ، مانیایْ. (ئەوەندە قسەم کرد، ماندوو بووم).

- تا ئا رادە کە متاۆی، خیرا لۆە رانە. (تا ئەو رادەیەی کە دەتوانی، لە رێگادا خێرا بڕۆ).

١٠. هاوڕێژەیی: ئامرازەکانی "چیْش" ، "چند" ، یاریدەی رۆنانی دەدەن، وەك:

- چیْش شانی، ئانە چینو. (چی بچێنیت، ئەوە دەدوریتەوە).

- چند زیاتەر هۆڵدەی، دەرەجەی زیاتەر هۆرگیری. (چەند زیاتر کۆشش بکەیت، نمرەی زیاتر وەردەگریت).

١١. دەرهاویشتن: ئەدڤێربڵی رستەیی دەرهاویشتن، بەم یاسایانەی خوارەوە، ساز دەکرێت:

| |
|---|
| بێجگە + ناو + مۆرفیمی دۆخ |

| |
|---|
| جگە (جە) + ناو + مۆرفیمی دۆخ |

- گرد قوتابییەکیْ ئامیْ، بێجگە دارای. (هەموو قوتابییەکان هاتن، بێجگە لە دارا).
- زارۆڵەکیْ وریێنیْ، جگە (جە) نازداریْ. (منالّەکان وریان، جگە لە نازدار).

## فرێزە ئەدڤێربلّییەکان لە تێکستی نووسراودا

بـۆ نیـشاندانی فرێـزە ئەدڤێربلّییـەکان لـە تێکـستی نووسـراودا، ئـەم چـیرۆکە فۆلکلۆرییەی خوارەوەمان، بە نموونە هێناوەتەوە:

## "بەختیارو بەدبەخت"[1]

بەختیار و بەدبەخت دۆیْ برێینیْ، لۆیْ پەی شاری پـەی هەرمانکـەردەی. رانـە لاشـادا سەرو هانیْۆی. هەریو توشـەو ویْش پەنـە بـیْ. بـەدبـەختی ۆاتـش بـە بـەختیاری: بـا ۆەڵێنە نانەکەو تو بوەرمیْ، دماتەرنانەکە و منـیچ مـوەرمیْ... نانەکـەو بەختیاریـشا گـرد وارد هیچش نەمەنۆ دما و ئانەیـە کـۆتیۆە را. دمـا و قونـاخیْۆتـەری ئاوراشـا بیـۆ. بـەختیاری ۆاتش: برا، با نانەکە و تویچ بوەرمی . بـەدبـەختی ۆاتش: وەڵڵاهـی دنیۆت مـەدەو پەنـە، کەیفو ویتا!...

هەر چاگەنە بەدبەخت براکەش ئاست جیا. بەختیاریچ ئاوراینە لۆا ۆەرو مەرِیۆینە کێشیارە، کە شەۆە ئاما ۆەرو تەماشەشکەرد، شێرێۆ ، پالنگێۆ، کەمتیاریۆ و رەۆاسیۆە وێشاکەرد مەرِەکێرە. شێرەکەی ۆاتش: ئەریْ رەۆاس دەنگوباس چێشا؟! رەۆاسیْ ۆاتش: چا

---

[1] چیرۆکی فۆلکلۆرییە، لەسەر کاسێت تۆمار کراوە، لە ئەرشـیفی چـیرۆکە فۆلکلۆرییـەکانی مامۆسـتای چـیرۆکنووس "محەمـەد سـالّح سـەعید"م وەرگرتـووە. مامۆسـتا "عوسمـان محەمـەد هـەورامی"، لـە ۲۰۰۱/٥/١٥دا، بەسەر رێنووسەکەیدا چۆتەوە و دایرِشتۆتەوە.

تۆفیق وەهبی، لـە کتێبـی "قواعـد اللغـە الکردیـە، الجـزو الاول، البـاب الاول، ١٩٥٦، ص ٤٥-٥٠"، بە دیالێکتی خوارو نووسیویەتی.

ئاساۆەنە ملێۆم دی دۆانزە لیریش پەنە بینیْ، گرد جاریۆ ئاریْشابەر و دیْشا ۆەرو وەرە تاۆی و بەریْشاۆە چوەر. سەرو ئاتەپەیچۆ بریۆ تەریچش شارێنیْ. کە بەختیار ئانەشە ئەژنی، لۆا لیرەکیْش گرد ئیستیْوە و بەردیْش پەی ویْش. دماو ئانەیە قەراخو شاریۆ کۆشکیْوە فرە وەشەش دروسەکەردە چەنی خیْزانەکەیش بە وەشی و شادی ژیۆیْ.

چۆ لاۆە بابلمیْ لا بەدبەختی ، بزانمیْ سەرەنجامش چیْش بیْ . کە لۆا پەی شاری ، هەرمانیْوە چامنیْشە دەسنەکۆتە و نەتاۆاش بژیْو. دماو ماۆیۆی فرەی زاناش بەختیاری براش کۆشکیْوە فرە وەشە و گۆریش هەنە . کە لۆا لاش پەرساش: ئەری برا ، چەنی ئی کوشك و سامانەتە دەسکۆتێنیْ ؟!

بەختیار واتش: برا، تو هەقو ئانەیتە نەبو، تو برامەنی ، بو با پیْوەرە بژیۆمیْ و تویچ پیْسە و من ساحیْبو گرد چیۆی بە.

بەدبەختی ۆاتش: نا هەر گەرەکما بزانوو چەنی دۆلەمەند بیەنی!

بەختیاریچ بە ناچاری بەسەرهاتو ویْش پەی گیْلْناۆە. بەدبەخت ۆاتش: هەر ئیسە زوو ملوو پەی ئا ئاساۆەیە، چاگە کیْشیۆوەرە، بەشکم منیچ چیۆیۆم دەسگنو.

کە کیْشیاییْرەو شەۆە ئامامڵەرە، تەماشەشکەرد درندەکیْ ئامیْوەو گرد بیْتاقەتیْ بینیْ. جە یەکتریشا پەرسا تا بزانانە چیرشا دەسکۆتەن، یا نا ۆاتشا هیچما راۆە نەکەردەن. دماتەر ۆاتشا: بابلمیْ ئا ئاساۆە ، بەشکم چیۆیۆما دەسگنو. کە لۆیْ، چەمشا کۆت بە بەدبەختی ، هەر خیرا پەلامارەشا دا، هەلاشا کەرد و واردشا.

## "بەختیار و بەدبەخت "

بەختیار و بەدبەخت دوو برا بوون، رۆیشتن بۆ شار بۆ ئیشکردن. لە رێگادا لایاندایە سەر کانییەك، هەر یەکە شتی خۆی پێبوو. بەدبەخت بە بەختیاری وت: با لە پێشدا نانەکەی تۆ بخۆین، دواتر نانەکەی منیش دەخۆین. ..... نانەکەی بەختیاریان هەموو خوارد و هیچی نەمایەوە. دوای ئەوەی کە کەوتنە رێ. دوای قۆناغێکی تر برسییان بوو. بەختیار وتی: برا، با نانەکەی تۆیش بخۆین، بەدبەخت وتی: وەڵڵاهی دەنکێکت نادەمێ، کەیفی خۆتە.

هەر لەوێ بەدبەخت براکەی بەجێ هێشت. بەختیاریش لە برساندا رۆیشت، لەبەر ئەشکەوتێکدا راکشا. کەشەو هات، لە دەرەوە تەماشای کرد، شێرێك، پڵنگێك، کەمتیارێك و رێوییەك خۆیان کرد بە ئەشکەوتەکەدا.

شێرەکە وتی: ئەرێ رێوی دەنگ و باس چییە؟! رێوی وتی: لەو ئاشەدا مشکێکم بینی، دوانزە لیرەی پێبوو، هەموو جارێك دەری دەهێنان و دەیدانە بەر خۆرەتاو دەیبردنەوە ژوورەوە، لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە یشەوە، برێکی تریشی شاردۆتەوە.

کە بەختیار ئەوەی بیست، رۆیشت لیرەکانی هەموو دۆزییەوە و بردی بۆ خۆی. دوای ئەوەی لە قەراغی شاردا، کۆشکێکی زۆر جوانی دروستکردو لەگەڵ خێزانەکەی بە خۆشی و شادی ژیان.

لەو لاوە با برۆین بۆ لای بەدبەخت ، بزانین سەرەنجامی چی بوو. کە رۆیشت بۆ شار، ئیشێکی وای دەست نەکەوت و نەیتوانی بژی. لە دوای ماوەیەکی زۆر، زانی بەختیاری برای، کۆشکێکی زۆر خۆش و گەورەی هەیە. کە رۆیشت بۆ لای پرسی: ئەرێ برا، تۆ چۆن ئەم کۆشك و سامانەت دەستکەوت؟!

بەختیار وتی: برا، تۆ هەقی ئەوەت نەبێت، تۆ برای منیت، وەرە با پێکەوە بژین و تۆیش وەك من خاوەنی هەموو شتێك بە.

بەدبەخت وتی: نا، هەر دەمەوێت بزانم چۆن دەوڵەمەند بوویت!

بەختیاریش بە ناچاری بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە.

بەدبەخت وتی: هەر ئێستا زوو دەچم بۆ ئەو ئاشە، لەوێ رادەکشێم، بەشکو منیش شتێکم دەسکەوێت.

کە راکشا و شەو هات بەسەردا، تەماشای کرد درندەکان هاتن و هەموو بێتاقەت بوون، لە یەکتریان پرسی، تا بزانن نێچیریان دەستکەوتووە، یا نا. هەموو وتیان: هیچمان راو نەکردووە. دواتر وتیان: با برۆین بۆ ئەو ئاشە، بەشکو شتێکمان دەستکەوێت. کە رۆیشتن، چاویان کەوت بە بەدبەخت، هەر خێرا پەلاماریان دا، هەلا هەلایان کردو خواردیان.

## بەراورد لە نێوان دیالێکتی خواروو و هەورامی
## لە رووی چۆنیەتی سازکردنی فرێزە ئەدڤێربلێییەکان

### لایەنی جیاوازی

• ناوی کاتەکان، بە یاریدەی مۆرفیمی نەناسراوی، کاتی نادیار ساز دەکەن، کەلە هەورامیدا، لە دوو فۆڕمدا دەردەکەوێت: "یْۆ" دەچێتە سەر ناوە نێرەکان و "یْۆە"یش بۆ سەر مێینەکان، بەڵام لە خوارووددا، ئەو جیاوازییە بەدی ناکرێت، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا نیشاندراون:

- رۆیۆ مەونەلات. (ڕۆژێك دێم بۆ لات).
- شەوْیۆە مەونەلات. (شەوێك دێم بۆ لات).

• ناو لە هەورامیدا، کاتی دەستپێکردنی رووداو بە یاریدەی پۆزیشنی "- ۆ" ، یا "- ۆن" دادەڕێژێت و بەکارهێنانی پریپۆزیشنی "جە" ، دەکەوێتە سەر خواست و ئاروزووی قسەکەر، بەڵام ئەم چەشنە فرێزە لە خوارووددا، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "لە.... —ەوە"پێکدێت، بۆ نموونە:

- دارا (جە) هیزیۆ/ هیزیۆن لۆان پەی کەرکوکی. (دارا لە دوێنێوە چووە بۆ کەرکوك).

• ناو لە هەورامیدا، فرێزی ئەدڤێربلی شوێنی جێگیر، بە یاریدەی پۆست پۆزیشنەکانی "- ەنە" و"- ۆ" ساز دەکات، بەڵام لە خوارووددا، پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "لە... —دا"، "لەناو...- دا"، کە هەندێ جار "- دا" بە کار ناهێنرێ، هاریکاری داڕشتنی دەکەن و لە زۆر باریشدا، بە یاریدەی "لە...- ەوە" دادەڕێژرێت، وەك:

- بازارەنە نانم وارد. (لە بازاڕدا/ لە بازاڕ نانم خوارد.).
- یانەنە وانەکێم ئامادە کەردیْ. (لە ماڵەوە وانەکانم ئامادە کرد.).
- زارۆڵەکە چوەرۆ وت. (منداڵەکە لە ژوورەوە نووست.).
- ئادە زارولەکەش (دلیْ) ژوورەکەیەنە وسنا. (ئەو منداڵەکەی لە ناو ژوورەکەدا خەواند).

• "ناو" شوێنی دەستپێکردنی رووداو لە هەورامیدا، بە یاریدەی پۆست پۆزیشنی "ۆ"سازدەکات و دەشتوانرێت"جە"ش بەکار بهێنرێت، ئەم جۆرە فرێزە لە خوارووداً، بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "لە.. ــەوە"، "لەناو/ لەنێو..- ەوە"، "لەبن..- ەوە"،"لەسەر...- ەوە" دادەرێژرێت، وەك:

- (جە) بازارۆ بەپێ لۆانیْ پەی زانکوی. (لەبازاڕەوە بەپێ چووم بۆ زانکۆ).

• "ناو" فرێزی ئەدڤێربڵی شوێنی رێرەو لە هەورامیدا، بە هاریکاری پۆست پۆزیشنەکانی"- ەنە" و "- ەرە"، پێکدەهێنێت، بەڵام لە خوارووداً، بە هۆی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "بە..- دا" سازی دەکات، بۆ نموونە:

- کەرکوکەنە (کەرکوکەرە) لۆایمیْ پەی بەغدادی. (بە کەرکوکدا چووین بۆ بەغداد).

• "ناو" شوێنی رەچاوکراو بۆ دەرخستنی شت لە هەورامیدا، بە هاریکاری پۆست پۆزیشنی "-ۆ" دەردەبڕێت، بەڵام لە خوارووداً، بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی "بە.. ــەوە"، دەیگەیەنێت، وەك لە رستەکانی خوارەوەدا دیارە:

- کاۆاترەکێم ئاسمانۆ دیە. (کۆترەکەم بە ئاسمانەوە بینی).

• "ناو" فرێزی ئەدڤێربڵی هۆیی لە هەورامیدا، بە یاریدەی پۆست پۆزیشنی "-ەنە"، یا پریپۆزیشنی "ۆەرو" د ادەرێژرێت، بەڵام لە خوارووداً، بەیاریدەی "لە... ــدا/ ا"، یا پریپۆزیشنی"لەبەر"، سازی دەکات، بۆ نموونە:

- زارۆڵەکە سەردایەنە (وەرو سەردای) وەرمش نەکۆت پۆرە.
(منداڵەکە لە سەرمادا (لە بەر سەرما) خەوی لێ نەکەوت).

• فرێزی ئەدڤێربڵی پرسیاری لە هەورامیدا، کە پرسیار لە شوێنی ئاراستەکردن بکات، بە چەند شێوەیەك دەگەیەنرێت، بەڵام لە خوارووداً، یەك شێوەی دەربڕینی هەیە، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە:

- کو ملی؟
- پەی کوملی؟
- کوگە ملی؟ (بۆ کوێ دەچیت)
- پەی کوگە ملی؟

• پریپۆزیشنی "ە" لە هەورامیدا بەر چاو نەکەوتوە، ئەو پەیوەندییە سینتاکسییانەی لە خوارووداً، بە یاریدەی ئەم پریپۆزیشنە ساز بوون، لە هەورامیدا، بە هۆی

پۆست پۆزیشنەکانی "- ەنە" و "- ەرە" داڕێژراون، یا "ناو" بە تەنیا پێکیان دەهێنێت، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا، نیشاندراون:

- گەمەکەما کۆت سەبای.

(یارییەکەمان کەوتە سبەینێ). (ناوی کات) = (ە+ ناوی کات).

- جە هۆلێرۆ بە چوار سەعاتیْ یاوایمیْ سلیمانی.

(لە هەولێرەوە بە چوار سەعات گەیشتینە سلێمانی). (ناوی شوێن) = (ە+ ناوی شوێن).

- زارۆڵەکە تەۆەنەکێش ۆ ستەنە ئاوەکیْ. (منداڵەکە بەردەکەی خستە ئاوەکەوە).

(ەنە + ناوی شوێن) = (ە+ ناوی شوێن).

لۆانێرە وار. (چوومە خوارێ/ خوارەوە).

(ەرە + ناوی شوێن) = (ە + ناوی شوێن).

- گەمەکەش کەرد ناوەشی. /کێڵەکیش کەردە ناوەشی[1]. (یارییەکەی کردە ناخۆشی).

(ناوی واتایی) = (ە + ناوی واتایی).

پاشگری ئەدڤێربلی "- ی"، لە هەورامیدا نییە، مۆرفیمی نە ناسراوی "- یۆ "، بەرامبەری دەوەستێت و ئەرکەکەی دەبینێت، وەك:

- رۆیۆ جاریۆ ملوو پەی بازاری. (ڕۆژی جارێك دەچم بۆ بازاڕ).

- مۆرفیمی کۆ لە هەورامیدا، کە "یْ "ـە، نابێتە پاشگری ئەدڤێربلْ و پۆست پۆزیشنی "- ەنە" ، لەبری بەکاردێت، بەڵام مۆرفیمی کۆ لە خوارووەدا، کە "ان"ـە، دەبێتە یەکێك لە پاشگرەکانی ئەدڤێربلْ، بۆ نموونە:

- ساعبەنە نان مەوەروو. (بەیانیان نان ناخۆم).

- پاشگری ئەدڤێربلی "ەکی" لە هەورامیدا بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام لە خوارووەدا دەبینرێت، وەك: "شەوەکی، بەیانەکی".

---

[1] "گەمە" و "کێڵی" هاو واتان، بەڵام لە ڕووی ڕەگەزەوە جیاوازان، "گەمە" نێرەو "کێڵی" مێیەو نیشانەی "ە"ی مێینەی داوە بەکاری ڕستەکەو بووە بە "کەردە".

• کاری رانەبردووی ئیخباری لە هەورامیدا، واتای کاتی داهاتوو دەگەیەنێت، بەهۆی دارشتنێکی تایبەتییەوە، بریتییە لە: "م + رەگی رانەبردوو + ای"، دەکرێت بە کاتی ئێستا، ئەم دوو کاتەیش بەهۆی مۆرفیمی "- نە" وە نزیك دەکرێنەوە. بەلأم لە خوارووداه ئەو دوو کاتە و نزکیککردنەوەیان، بە هۆی ئەدڤێربلی کاتەوە دەبێت، وەك لە خوارەوە روونکراونەتەوە:

- نامەکەی منۆیسوو (کاتە داهاتوو).
  (لە داهاتوودا نامەکە دەنووسم).
- نامەکەی منۆیسای منۆیسوو. (کاتی ئێستا).
  (ئێستا نامەکە دەنووسم).
- نامەکەی منۆیسای منۆیسوونە. (داهاتووی نزیك).
  (لە داهاتوویەکی نزیکدا نامەکە دەنووسم).
- نامەکەی منۆیسای منۆیسوونە. (ئێستای نزیك).
  (ئێستا خەریکی نامە نووسینم).

• بەشێکی زۆری فرێزە بەندەکان لە هەورامیدا، بەیاریدەی پۆست پۆزیشنەکان، پێکدەهێنرێن، وەك:

- شەۋێنە: بەشەو. رۆنە: بەرۆژ.
- ئاسمانۆ: بە ئاسمانەوە...هتد.

جگە لەوەی لە هەندێکی تردا، دەتوانرێت پریپۆزیشنەکان بە کاربهێنرێن، یا بەکار نەهێنرێن، وەك:

- (جە) کەرکوکۆ: لە کەرکوکەوە.
- (جە) ساعبۆ/ ساعبۆن: لە بەیانییەوە.

دەتوانین هەورامی لەم روانگەیەوە، بە شێوە زارێکی پۆست پۆزیشنی دابنێین، چونکە لە دارشتنی فرێزە بەندەکاندا، لە پریپۆزیشنەکان بالأ دەستترن. ئەم دیاردەیە لە خوارووداه بە پێچەوانەوەیە، فرێزە بەندەکان بە یاریدەی پریپۆزیشنەکان، یا پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، سازدەبن و لە هەندێ باردا، دەتوانرێت پۆست پۆزیشن لابرێت، وەك:

- لە بازاردا نانم خوارد. لە بازار نانم خوارد.

• دەرکەوتنی مۆرفیمی دۆخ لەسەر فریزە ئەدڤێربلییەکان، لە هەورامیدا زیاتر و چەسپاوترە، وەك لە خواروو. ئەو فریزانەی، بە یاریدەی پریپۆزیشنەکانی "پەی، جە، پیْسە، تا" سازبوون، مۆرفیمی دۆخ وەردەگرن، وەك:

- پەی زانکوی: بۆ زانکۆ.
- پەی یانەکا: بۆ ماڵەکان.
- جەشوتی: لە شیرْ.
- پیْسە نەوزادی: وەك نەوزاد.
- پیْسە شیرْینی: وەك شیرین
- تا وەهاریْ: تا بەهار.

ئەو فریزانەیش، کە لە دەرخەر و دەرخراوێك پێکهاتوون و بە مۆرفیمی "و" بەیەکەوە بەستراون، لەم بارەیشدا، مۆرفیمی دۆخ وەردەگرن، وەك:

رۆو شەممەی، رۆژی شەممە.

چوار و شەویْ: چواری شەو.

شوێنی رووداو لە هەورامیدا، کاتێ کە بەیاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن دارێژرابێت، مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێت، بۆ نموونە:

- جەلیستەکە نە: لە لیستەکەدا.

هەروەها لە دوای کاری "بو / بوری: وەرە"یشەوە، وەریناگرێت، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

- بو (بوریْ) یانە. (وەرە ماڵێ. / وەرە ماڵەوە. / وەرە ماڵ. )
- بو (بوریْ) سەر. (وەرە سەرێ. / وەرە سەرەوە. / وەرە سەر.)
- بو (بوریْ) بەر. (وەرە دەرێ. / وەرە دەرەوە. / وەرە دەر.)
- بو (بوریْ) چوەر. (وەرە ژوورێ. / وەرە ژوورەوە. / وەرە ژوور.)

مۆرفیمەکانی دۆخ لە خواروودا، لە سەر هەندێ فریزی ئەدڤێربلی کات و شوێندا، دەردەکەون و قسەکەر دەتوانێت بەکاریشیان نەهێنێت، بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین، دۆخی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خواروودا، وەك یەك وان و دەرکەوتنی ئەو مۆرفیمانە، کارناکەنە سەر واتاومەبەستی قسەکەر، بۆ نموونە:

- شەو دێم بۆ لات. شەویْ دێم بۆ لات.

- منالّەکە چووە ژوور.      منالّەکە چووە ژووریّ.

منالّەکە چووە ژوورەوە.

لە ناوچەی شارباژێڕدا، دیاردەی دەرکەوتنی مۆرفیمەکانی دۆخ، زۆرترەو لەم رووەوە لەگەڵ هەورامی، یەکدەگرنەوە، بۆ نموونە:

- بۆ بازاڕی دەچم.
- تا بازاڕی دەچم.
- وەك نەوزادی وانەکەم نووسی.
- کورسییەکەی لە تەختەی دروستکرد...هتد.

هەندێ جار لە بەشە دیالێکتیەکانی کرمانجی خوارووداء مۆرفیمی دۆخی ناڕاستەوخۆی نێر و مێ، تێکەڵ بەیەك دەبن، بۆ نموونە:

- ئەو شەو مێوانداری کرد هەتا سەعاتی سێ شەویْ.
- والی ئەو شەویْ دلی تۆقی.[1]

لە ناوچەی موکریدا، شوێنی رووداو کاتێك بەیاریدەی پرێپۆزیشن و پۆست پۆزیشن دادەڕێژرێت، مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، وەك:

- لە ئەستەمبولێوە سولّتان سەلیم بە مادایەکی هاتە بەغدایێ.[2]

• فۆڕمی هەندێ لە پرێپۆزیشنەکان، لە هەردوو شێوەزارەکەدا، جیاوازن، وەك:

- پەی: بۆ.
- پێسە: وەك.
- چەنی: لەگەڵ
- ۋەرو: لەبەر.
- دلیْ: لەناو.
- چیرۆ: لە ژێر.
- وارو: لەخوار...هتد.

---

[1] ك. ك. کوردۆییف، ١٩٨٤، ل ٨٣.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

هەروەها پۆست پۆزیشنەکانیش جیاوازن، لە هەورامیدا، بریتین لە: "- ۆ، - ەنە، - ەرە" و لە خوارووشدا "- ەوە / وە، - دا"ن، لە هەندێ ناوچەی سەر بە دیالێکتی خوارووداو، وەك "موکری"، "- را"یش، بەر چاو دەکەوێت.

## لایەنی لێکچوون

١.فرێزە ئەدڤێربلییەکان، بە هۆی ئەدڤێربەکان و بەشەکانی تری"- را"یش، بەر چاو دەکەوێت. ئاخاوتنەوە، دادەڕێژرێن.

٢.دابەشکردنیان لە رووی واتاوە لە هەردوو شێوە زارەکەدا، چوون یەکن.

٣.لە "ف.ك"دا، هەمان ئەرك دەبینن.

٤.ئەدڤێربەکان لە هەردوو لادا، ژمارەیان کەمەو هەندێکیان یەك فۆرمیان هەیە، وەك: "دیسان، هەڵبەت، هەرگیز".

لەهەندێکی تریاندا، گۆڕانکاری لە فۆنیمێکدا، بەرچاو دەکەوێت، وەك:

- "ڕەنگە: ڕەنگا".

٥.ئەدڤێربەکانی "هەمێشە"، "ئشتای"، فرێزی ئەدڤێربلی کات پێکدەهێنن، بۆ نموونە:

- جارا هەمیشە هەرمانەکەریْ. (جاران هەمیشە ئیشی دەکرد).
- ئارام ئشتای نامان. (ئارام هێشتا نەهاتووە).

٦.ناوی کاتەکانی، وەك: "هیزی"، "سەبای"، "ساعبیْ"، "وێرەگا"... لە هەورامیدا و"دوێنێ"، "سبەینێ"، "بەیانی"، "ئێوارە"....لە خوارووودا، کاتی جێگیر دادەڕێژن، وەك لە رستەکانی خوارەوەدا دیارە:

- سەبای وانەکەی منۆیسوو. (سبەینێ وانەکە دەنووسەم).
- نەوزاد هیزی ئاما. (نەوزاد دوێنێ هات).

٧.کاتی کۆتایی پێهێنانی رووداو، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "تا" دەگەیەنرێت، بۆنموونە:

- زارۆڵەکە تا ساعبیْ وت. (مناڵەکە تا بەیانی نووست).

٨.کاتی بەردەوامی رووداو، بەم رێگایانەی خوارەوە دەردەبڕرێت:

أ. ناوی کاتەکان + پاشگری"- انە":

- سالآنە زەڕ پاشەکۆت کەروو. (سالآنە پارە پاشەکەوت دەکەم).

ب. دووبارەکردنەوەی ناوی کاتەکان، بەیاریدەی "بە":

- دلێر رۆ بە رۆ وانەکاش ئامادەکەرو. (دلێر رۆژ بە رۆژ وانەکانی ئامادە دەکات).

ت. لێکدانی دوو فرێزی کات، بە یاریدەی "و":

- ئاذێ ْهامن و زمسان هەرمانەکەریْ. (ئەوان هاوین و زستان ئیش دەکەن).

ت- زیادکردنی وشەی "گرد" لە هەورامیدا و "هەموو" لە خوارووودا، وەك دەرخەرێك لە پێش ناوی کاتەکانەوە:

- گرد رۆیۆ هەرمانە کەروو. (هەموو رۆژێك ئیش دەکەم).

٩.ناوی رووداوەکان لە هەورامیدا، بە یاریدەی پریپۆزیشنە ناوییەکانی "وەڵی" و "دما" و لە خوارووشدا "پێش" و"دوا"، فرێزی ئەدڤێربڵی کات دادەرێژن، وەك:

- ئا کورە وەڵی وتەی کتیب موانووە. (ئەو کوورە پێش نووستن کتێب دەخوێنێتەوە).

- ئێشەو دماو نانواردەی ملمیْ پەی بازاری. (ئەمشەو دوای نانخواردن دەچین بۆ بازاڕ).

١٠. ئاوەڵناوەکانی "زوو"، "دێر"، "خێرا" لە هەورامیدا و "زوو"، "درەنگ"، "خێرا" لە خووارووودا، فرێزی ئەدڤێربڵی کات پێکدەهێنن، بۆ نموونە:

- دارا دێر وت. (دارا درەنگ نووست).

- ئاکورە زیرەکە زوو نامەکەش نۆیست. (ئەو کورە زیرەکە زوو نامەکەی نووسی).

١١. جێناوە کەسییەکان، بە یاریدەی پریپۆزیشنە ناوییەکان، کاتی روودان دەگەیەنن، وەك:

- شیلانە دماوتو لۆا پەی بازاری. (شیلان دوای تۆ رۆشت بۆ بازاڕ).

١٢. دوو یاسا، بۆ رۆنانی شوێنی ئاراستەو کۆتایی پێهێنانی رووداو، لە هەر دوو لادا، بەرچاو دەکەوێت، کە بریتین لە:

| |
|---|
| تا + ناوی شوێن. |
| بەورەو / رووەو + ناوی شوێن |

بۆ نموونە:

- دارا تا کتێبخانە ملو. (دارا تا کتێبخانە دەچێت).

- ئارام بەرەو / رووەو کەرکوك لۊا.      (ئارام بەرەو / رووەو کەرکوك رۆیشت).

١٣. شـوێنی دەسـتپێکردن و کۆتـایی پێهێنـانی رووداو، دەتوانرێـت لـە رسـتەیەکدا، نیشان بدرێن، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

١٤. شوێنی بەردەوامی رووداو، ئەو وشە لێکدراوانە، سـازی دەکـەن، کـە لـە رێگـای دووبارەکردنەوە، بە یاریدەی "بە"، پێکهاتوون، وەك:

- کرێکارەکیْ شار بە شار گێڵا دما و هەرمانێرە. (کرێکارەکان شار بـە شـار دەگـەڕێن بە دوای ئیشدا).

١٥. ناوی واتایی لە هەورامیدا، بە هاریکاری پریپۆزیشنی "بـە" و هەنـدێ جـاریش پۆست پۆزیشنی "- ۆ"، فرێزی ئەدڤێربڵی چۆنیەتی دادەڕێژرێت، لە خواروو‌شدا بەیاریدەی "بە" و هەندێ جاریش "- ەوە"، سازی دەکات، وەك لەم رستانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

- زارۆڵەکە بەوەشی ملو رانە.  (منداڵەکە بە جوانی دەڕوات بە رێگادا).

- دارا بەخەفەتۆ لۊا.  (دارا بە خەفەتەوە رۆیشت).

١٦. ناوی رووداوەکان لە هەورامیدا، بەیاریدەی پریپۆزیشنی "بە"، یا پریپۆزیـشن و پۆست پۆزیشنی "بە...- ۆ"، لـە خوارووشـدا بەیاریـدەی "بـە"، یـا "بـە..ەوە"، فرێـزی ئەدڤێربڵی چۆنیەتی دادەڕێژن، بۆ نموونە:

- کوڕەکە بە گرەۊای ئاما. (کوڕەکە بە گریان هات).

- نانەکەم بە ئەرەنیشتەیۆ وارد. (نانەکەم بە دانیشتنەوە خوارد).

١٧. ئاوەڵناوی چۆنیەتی و نیسبی، توانای سازکردنی فرێـزی ئـەدڤێربڵی چـۆنیەتییان هەیە، وەك:

أ. چۆنیەتی:  ئارام خاس قسیْ کەرو. (ئارام باش قسە دەکات).

ب.  نیسبی:

- نەوزاد ژێرانە وەڵامو ماموساکەیش داۊە. (نـەوزاد ژیرانـە وەڵامـی مامۆسـتاکەی دایەوە).

١٨.  "ناو" بە یاریدەی پریپۆزیـشنی "بـە"، یـا دەرخـەر، فرێـزی ئـەدڤێربڵی پێوانـە دادەڕێژێت، وەك:

- بە چوار سەعاتیْ (جە) هۆلێرۆ یاوایمی سـلیمانی. (بەچـوار سـەعات لـە هـەولێرەوە گەیشتینە سلێمانی).

- گرد رۆیْۆ دویْ جاریْ ملو پەی بازاری (بازار). (هەموورۆژێك دوو جار دەچیت بۆ بازاڕ).

١٩. ئاوەڵنـاو، توانـای دارِشـتنی فرێـزی ئـەدڤێربڵی پێوانـەی، لـە هـەر دوو شـێوە زارەکەدا هەیە، بۆ نموونە:

- ئادە کەمیْۆ وتە. (ئەو کەمێك نووست).

- ئارام فرە نیشتەرە. (ئارام زۆر دانیشت).

٢٠. بەشەکانی ئاخاوتن، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بـە"، فرێـزی ئـەدڤێربڵی وەسـیلە پێکدەهێنن، وەك:

أ. ناو: - وانەکەم بە دەس نۆیست. (وانەکەم بە دەست نووسی).

- مرۆڤ بە کۆششکەردەی و کۆڵنەدای سـەرگنو. (مـرۆڤ بـە کۆشـشکردن و کۆڵنـەدان سەر دەکەوێت).

ب. جێناوی کەسی: نامەکەم بە تو نویست. (نامەکەم بە تۆ نووسی).

٢١. جێناوە کەسییەکان لە هەورامیدا، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "ۆەرو"، لە خوارووشدا، بە هاریکاری پریپۆزیشنی "لەبەر"، فرێزی ئەدڤێربڵی هۆیی دادەرِێژن، وەك: مـن ۆەرو شمە ئامانیْۆە. (مـن لەبەر ئێوە هاتمەوە).

٢٢. ئەدڤێربی "دیسان"، فرێزی ئەدڤێربڵی دووبارەکردنەوە ساز دەکات، بۆ نموونە:

- دیسان نەوزاد ئاماۆە. (دیسان نەوزاد هاتەوە).

٢٣. "ناو" بە یاریدەی دەرخەری "تەر" لە هەورامیدا و "تر" لـە خـوارووداڕ فرێـزی ئەدڤێربڵی دووبارەکردنەوە، پێکدەهێنێت، وەك:

- جاریۆتەر وانەکەی منۆیسوو. (جارێکی تر وانەکە دەنووسمەوە).

٢٤. پاشگری "- چ / - یچ" لە هەورامیدا و "- ش / - یش" لە خوارووداڕ کاتێك دەچنە سەر فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، واتای دووبارەکردنەوەی رووداو دەگەینن، وەك: ئارۆیـچ ۆاران ۆارا. (ئەمرِۆیش باران باری).

٢٥. بەشـەکانی ئاخـاوتن لـە هەورامیـدا، بەیاریـدەی پریپۆزیـشنی "پـەی" و لـە خوارووداڕ "بۆ" فرێزی ئەدڤێربڵی مەبەست، ساز دەکەن، بۆ نموونە:

أ. ناو: وێنەکەم پەی وەشی گرت. (وێنەکەم بۆ جوانی گرت).

ب. جێناوی کەسی: گجیەکەم پەی تو ئەسا. (کراسەکەم بۆ تۆ کرِی)

٢٦. بەشـەکانی ئاخـاوتن، بەڕێگـەی دووبارەکردنـەوە، فرێـزی ئـەدڤێربڵی تـەرتیبی دادەڕێژن، وەك لە رستەکانی خوارەوەدا روونکراونەتەوە:

أ. ناو

- کوڕە زیرەکەکیْ پول پول ئامیْ. (کوڕە زیرەکەکان پۆل پۆل هاتن).

ب. ژمارە

- خوێندکارەکیْ چوار چوار نیشتینیرە. (خوێندکارەکان چوار چوار دانیشتوون).

ژمارە تەرتیبییـەکانیش، بـە یاریـدەی پریپۆزیـشنی "بـە"، ئـەو چەشـنە فرێـزە، دادەڕێژن، وەك:

- رزگار بەیەکەم بەرشی. (ڕزگار بە یەکەم دەرچوو).

٢٧. ئاوەڵناو، بەیاریدەی پاشگری "- تەر" لە هەورامیدا و "- تـر" لـە خـوارووداا، فرێزی ئەدڤێربڵی بەراوورد، پێکدەهێنێت، بۆ نموونە:

- دارا جە ئاکۆی خاستەر وانەکەش ئامـادە کـەردەن. (دارا لـە ئـاکۆ باشـتر وانەکـەی ئامادەکردووە).

- ۋاران ئارۆ جە هیزی فرەتەر ۋارا. (باران ئەمرۆ لە دوێنیْ زۆرتر باری).

٢٨. نـاو و جێنـاوی کەسـی و ئاوەڵنـاو لـە هەورامیـدا، بەیاریـدەی پریپۆزیـشنی "چەنی"، یا پریپۆزیشن و پۆست پۆزیـشنی "بـە... -ۆ"، لـە خواروشـدا، بـە یاریـدەی "لەگەڵ"، یا "بە... - ەوە"، فرێزی ئەدڤێربڵی هاوڕییەتی دادەڕێژن، بۆ نموونە:

أ. ناو:

- نانەکەم بە شوتۆ وارد. (نانەکەم بە شیرەوە خوارد).

ب. جێناوی کەسی:

- من چەنی ئادیْ لواْیْ پەی زانکوی. (من لەگەڵ ئەوان رۆشتم بۆ زانکۆ).

ت. ئاوەڵناو:

- ماموساکی چەنی زیرەکەکا ئامیْ. (مامۆستاکان لەگەڵ زیرەکەکان هاتن).

٢٩. پریپۆزیـشنی " پیْسە/ وەك" و پاشـگری "- ئاسـا"، بـۆ سـازکردنی فرێـزی ئەدڤێربڵی لێکچوون، هاریکاری بەشەکانی ئاخاوتن دەکەن، بۆ نموونە:

أ. ناو

- من پیْسە نەوزادی وانەکیْم نۆیستیْ. (من وەك نەوزاد وانەکانم نووسی).

ب. ئاوەڵناو

- پیاکە کور ئاسا ملو رانە. (پیاوەکە کوێر ئاسا بە ڕێگادا دەڕوات).

ت. جێناوی کەسی:

- دارا پێسە ئێمە کوشکەرو. (دارا وەك ئێمە کۆشش دەکات).

٣٠. ئەدڤێربی "هەرگیز"، فرێزی ئەدڤێربڵی نەرێکردن، دەگەیەنێت، وەك:

- ئێمە هەرگیز جە وەنەی دمامەگنمیْ. (ئێمە هەرگیز لە خوێندن دوا ناکەوین).

٣١. "ناو" لەباری نەناسراویدا، بەیاریدەی جێناوی نەرێکردنی "هیچ" و پریپۆزیشنی "بە"، فرێزی ئەدڤێربڵی نەرێکردن، ساز دەکات، بۆ نموونە:

- هیچ رۆیۆ بە پیێ مەلوو پەی بازاری. (هیچ رۆژێك بە پێ ناچم بۆ بازاڕ).

- بە هیچ جوریۆ مەبو ئی کارە کریو. (بە هیچ جۆرێك نابێت ئەم کارە بکرێت).

٣٢. "ناو"، بەهاریکاری پریپۆزیشنی "جە" لە هەورامیدا و "لە" لە خوارووداا، فرێزی ئەدڤێربڵی سەرچاوە، پێکدەهێنێت، بۆ نموونە:

- دارتاشەکە کورسییەکەی جە تەختەی ئێرانی دروسکەرو. (دارتاشەکە کورسییەکە لە تەختەی ئێرانی دروستدەکات).

٣٣. ناوی واتایی، بەیاریدەی پریپۆزیشنەکانی "بە" و "بی / بێ"، فرێزی ئەدڤێربڵی جەختکردن، دادەڕێژێت، وەك:

- بە دڵنیایی، سەبای ملوو پەی دهوکی. (بە دڵنیایی، سبەینێ دەچم بۆ دهۆك).

- بیْ گومان ئی کارە کاتی فرەش گەرەکا. (بێ گومان ئەم کارە کاتی زۆری دەوێت).

٣٤. ژمارەکانی "سیْ / سێ" و "دوو"، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "بی / بێ"، فرێزی ئەدڤێربڵی جەختکردن، پێکدەهێنن و بووە بە دانەیەکی ئامادەکراو لە زماندا، وەك:

- دارا بیْ سی و دوو وەڵامو ماموساکەیش داۆە. (دارا بێ سێ و دوو وەڵامی مامۆستاکەی دایەوە).

٣٥. ناو و ئاوەڵناو و جێناوی کەسی لە باری کۆیاندا، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "جە" لە هەورامیداو "لە" لە خواروودا، فرێزی ئەدڤێربڵی هەندێتی، دادەڕێژن، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە

أ. ناو: نانیۆمە جە نانەکا وارد. (نانێکم لە نانەکان خوارد).

ب. ئاوەڵناو: یو جە ئازاکا لۆا. (یەکێك لە ئازاکان رۆیشت).

ت. جێناوی کەسی: دویْ جە ئێمە لۆیْ. (دوان لە ئێمە رۆشتن).

٣٦. ناو و جێناوی کەسی، بەهاریکاری پریپۆزیشنەکانی "بیْ / بێ"، یا "بەبیْ / بەبێ" فرێزی ئەدڤێربلی دەرهاویشتن دەگەیەنن، بۆ نموونە:

أ. ناو:

- نانەکەم بیْ / بەبیْ چای وارد. (نانەکەم بێ / بەبێ چا خوارد).

ب. جێناوی کەسی:

- هەرمانەکیش بیْ / بەبیْ تو کەردە. (ئیشەکەی بێ / بەبێ تۆ کرد).

٣٧. پریپۆزیشنی "بە"، لە سازکردنی فرێزی ئەدڤێربلی ئەنجامدا، هاریکاری ناو و ئاوەڵناو دەکات، بۆ نموونە:

أ. ناو:

- ئێمە توما بە سەرۆك هور ۆ چنای. (ئێمە تۆمان بە سەرۆك هەڵبژارد).

ب. ئاوەڵناو:

- ئاذیْ توشا بە زیرەك هور ۆ چنای. (ئەوان تۆیان بە زیرەك هەڵبژارد).

٣٨. "ناو"، بە یاریدەی پریپۆزیشنی "چەنی" و جێناوی نیشانەی "ئا" لە هەورامیدا و "لەگەڵ" و "ئەو" لە خواروودا، فرێزی ئەدڤێربلی پێچەوانە، دادەڕێژێت، وەك:

- ئارام چەنی ئا زیرەکییەیچە بەرنەشی. (ئارام لە گەڵ ئەو زیرەکییەشدا دەرنەچوو).

٣٩. ئەدڤێربی "ڕەنگا" لە هەورامیدا و "ڕەنگە" لە خوارووودا، فرێزی ئەدڤێربلی دوو دڵی و شیان، ساز دەکەن و کاری رانەبردووی ئیلزامی و رابردووی ئینشائی تەواویان پێ دەردەبڕێت، بۆ نموونە:

- رەنگا ئاڕۆ ۆاران ۆارو. (ڕەنگە ئەمڕۆ باران ببارێت).

- رەنگا زارۆڵەکە نەوەشبو. (ڕەنگە منالەکە نەخۆش بێت).

٤٠. ئەدڤێربی "وەشڵەی" لە هەورامیدا و "خۆزگە" لە خوارووودا، فرێزی ئەدڤێربلی هیوا و ئاوات، دادەڕێژن و کاری رابردووی ئینشائی سادە و بەردەوام و دووریان، پێ دەردەبڕێت، وەك:

- وەشڵەی لۆا بییێنیْ. (خۆزگە بڕۆیشتمایە).

- وەشلّەی نامەکەم نویستەبیەبییٚ. (خۆزگە نامەکەم نووسیبووایە).

٤١. "کەی"، فریٚزی ئەدڤیٚربلّی پرسیاری سازدەکات و بەهۆیەوە پرسیار لە کاتی روودان دەکریٚت، وەك: کەی ئامای؟ (کەی هاتیت؟).

٤٢. فریٚزی ئەدڤیٚربلّی پرسیاری، کە پرسیار دەربارەی شویٚنی روودان بکات، فریٚزی بەندی"جە کۆوە" لە هەورامیدا و "لە کویٚوە" لە خوارەوەدا، پیٚکیان دەهیٚنن، بۆ نموونە:
جە کۆوە ئامای؟ (لە کویٚوە هاتیت؟).

٤٣. فریٚزی ئەدڤیٚربلّی پرسیاری، کە پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتی روودان بکات، ئامرازی پرسی "چەنی" لە هەورامیدا و "چۆن" لە خوارەوەدا، سازیان دەکەن، بۆ نموونە:
وانەکەت چەنی نۆیستەن؟ (وانەکەت چۆن نووسیوە؟).

٤٤. ئامرازی پرسی "چند" لە هەورامیدا و "چەند" لە خوارەوەدا، لە تواناياندا هەیە، پرسیار دەربارەی پیٚوانەی روودان بکەن، وەك:

- ئارۆ ۆاران چند ۆارا؟ (ئەمڕۆ باران چەند باری).

٤٥. فریٚزە ئەدڤیٚربلّییەکان، لە رۆنانی چوار چەشن فریٚزی کاریدا، هاوبەشی دەکەن، وەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

أ. ف. ئە + ك

- مەلەوانەکە (دلیْ) ئاوەکینە بیْ. (مەلەوانەکە لە ناو ئاوەکەدا بوو.)

ب. ك + ف. ئە

- هەرمانەکیٚا کۆت سەبای. (ئیشەکەمان کەوتە سبەینیٚ).

ت. ب + ف. ئە + ك

- ئیْمە تو بە زیرەك مزانمیْ. (ئیٚمە تۆ بە زیرەك دەزانین).

پ. ب + ك + ف. ئە

- پیاکە کتیٚبەکەش ۆستەنە ئاوەکیْ. (پیاوەکە کتیٚبەکەی خستە ئاوەکەوە).

٤٦. فریٚزە ئەدڤیٚربلّییەکان لە رووی رۆنانەوە، دەکریٚن بە سیٚ بەشەوە:
"سادە، ناسادە، بەند".

٤٧. پاشگرەکانی "- انە"، "- ئاسا"، "- گار"، لەهەردوولادا، بەرچاو دەکەون.

٤٨. ناو، ئاوەلّناو، ژمارە، بیٚ یاریدە، دووبارە دەبنەوە و فریٚزە ناسادەکان ساز دەکەن، بۆ نموونە:

أ. ناو: "پول پول"، "کومەڵ کومەڵ"...

ب. ئاوەڵناو: "زەریف زەریف: جوان جوان، یەواش یەواش: هێواش هێواش"...

ت. ژمارە: "پەنج پەنج: پێنج پێنج"...

ئەو بەشە ئاخاوتنانەی سەرەوە، دەتوانن بە یاریدەی ئینتەرفیکسەکانیش، دووبارەببنەوە، وەك:

أ. ناو: سەرانسەر، دۆڵاو دۆڵ، بانەو بان...

ب. ئاوەڵناو: نزیکاو نزیك، دووراو دوور.

ت. ژمارە: یەکاو یەك.

٤٩. فرێزە ناسادەکان، بە لێکدانی دوو بەشی ئاخاوتنیش، دادەڕێژرێن، وەك:

أ. ناو + ئاوەڵناو: "شەودێر، سەبای زوو"...

ب. ژمارە + ناو: "نیمە رۆ، یەکسەر"...

ت. جێناوی نەرێ + ناو: "هیچ رۆیۆ، هیچ ساڵیو"...

پ. جێناوی دیار + ناو: "گرد رۆیۆ، گرد شەوۆیۆە"...

٥٠. فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، جێگۆڕکێ دەکەن و لە توانایاندا هەیە، لە هەموو شوێنێکی رستەدا بێن و شوێنی پەسەند و شیاویان، بە پلە دیاری دەکرێت، ئەدڤێربڵی گۆڕینی حاڵەت، هەمیشە دەکەوێتە دوای کارەوە، بۆ نموونە:

- ماموسا ئیمەش کەردیمی بە کەسێۆی چەنە ئاما. (مامۆستا ئێمەی کرد بە کەسێکی لێهاتوو).

(نێر) - من بیەنا (بە) هیتیار.

(مێ) —من بیێنا (بە) هیتیارە. (من بووم بە جووتیار).

ئەگەر چەند فرێزێکی ئەدڤێربڵی جیاوازیش، لە رستەیەکدا کۆبوونەوە، ئەوا پەسەندترین جۆری ریزبوونیان، بریتی دەبێت لە:

((کات + شوێن + ..... + چۆنیەتی + پێوانە + کار)).

بۆ نموونە:

- هێزی یانەنە وانەکێم بە وەشی دویْ جاریْ ئویستیْ.

(دوێنێ لە ماڵەوە وانەکانم بە جوانی دووجار نووسی).

## ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامەی، لە نامەکەدا بە دەستمان هێناون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا، کۆدەبنەوە:

١.ئەدڤێربڵ، فرێزێکە، بە دوو رێگا ساز دەبێت:

أ. بە هۆی ئەدڤێربەکانەوە، کە ئێستا ژمارەیان کەمەو دەتوانرێت بە ئاسانی بژمێررێن.

ب. بە هۆی بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە، وەك: "ناو، ئاوەڵناو، جێناو، ژمارە".

٢.ئەم جۆرە فرێزە، لە هەورامی و سلێمانیدا، بە هەمان جۆری واتایی و تایبەتێتی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەوە، بەرچاو دەکەون.

٣.لە رووی واتاوە، فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، دەکرێن بە دوو بەشەوە:

أ. جۆرەکانی دەرەوەی کار، وەك: "کات، شوێن، نەرێکردن، جەختکردن"، کە بە توندی نەبەستراون بە کارەوە و پەیوەندییان، بە رووی دەرەوەیەوە هەیە، لە ئەوە هەموو چەشنە کارێك، وەریاندەگرێت.

ب. چەشنەکانی ناوەوەی کار، کە بریتین لە: "چۆنیەتی، پێوانە، وەسیلە، هۆیی... هتد" کە بە توندی بە کارەوە بەستراون و پەیوەندییان، بە رووی ناوەوەیەوە هەیەو جۆری کارەکان، رایاندەکێشن.

٤.فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، ئەرکی "سەربار، یاریدەدەر، تەواوکەر" دەبینن. لە ئەرکی سەرباردا، (ف. ك) فراواندەکەن و بە کەرەستەیەکی نابنجی دادەنرێن و لابردنیان، کار ناکاتە سەر لایەنی واتاو رێزمانی رستە.

لە ئەرکی یاریدەدەردا، ئەو کارانە، بە هۆیانەوە دەردەبڕرێت، کە "ڕابردووی ئینشائی و رانەبردووی ئیلزامین، فرێزەکانی" هیوا و ئاوات، دوو دڵی وشیان"، تایبەتن بە بینینی ئەم ئەرکە.

لە ئەرکی تەواوکەریشدا، بە کەرەستەیەکی بنجی دادەنرێن و لەم بارەدا، (ف.ك) فراوانناکەن و لابردنیان، دەبێتە هۆی شێواندنی لایەنی واتاو مەبەست و رێزمانیی رستە. جۆرەکانی وەك: "پرسیاری، گۆرینی حاڵەت"، ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن، جگە

لەمانیش، فرێزەکانی "کات، شوێن، چۆنیەتی، پێوانە، سەرچاوە.... "، بە پێی چەشنی کار، لە توانایاندا هەیە، ئەم ئەرکە ببینن.

ئەدڤێربڵە تەواوکەرەکان، هاوبەشی رۆنانی (ف.ك) و کاری لێکدراو دەکەن و واتاو مەبەست، لە رستەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، دەگۆڕن و تارادەیەکی زۆر چارەسەری لێڵی و تەم و مژی واتا، دەکەن.

٥. فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە رستەی نەرێدا، (ف.ك) فراوان ناکەن و دەبنە هۆی گۆڕینی واتا و مەبەست.

٦. فرێزە ئەدڤێربڵییەکان، کاتێك ئەرکی سەربار دەبینن، توانای جێگۆڕکێیان زۆرە، بەڵام لە ئەرکی تەواوکەردا، زۆر بە کەمی شوێنەکانیان دەگۆڕن و تەنیا لە بارێکدا یاری بەجێکانیان دەکەن، کە رستە لە لێڵییەوە، بەرەو روونی بەرن.

٧. فرێزە بەندەکان، بۆسازکردنی ئەم چەشنە فرێزە، بە رێگایەکی بەرهەمدار دادەنرێن، کە لە هەورامیدا.

بە چوار رێگا دادەرێژرێن:

أ. بەهۆی پۆست پۆزیشن، وەك: ئاسمانۆ (بە ئاسمانەوە).

ب. بەیاریدەی پریپۆزیشن، وەك: بە دەس (بە دەست).

ت. بەیاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن، وەك: بەخەفەتۆ (بە خەفەتەوە).

پ. لە هەندێ فرێزی تردا، دەتوانرێت پریپۆزیشن بەکار بهێنرێت، یان لابرێت، وەك: (جە) هیزیۆ (لە دوێنێوە).

لە هەورامیدا، پۆست پۆزیشنەکان، لە دارشتنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکاندا، لە پریپۆزیشنەکان چالاکترن، بە پێچەوانەی شێوە زاری سلێمانییەوە، کە لە زۆر فرێزدا لادەبرێن.

٨. ناوی شوێنەکان، وەك: "بازار، یانە، هۆلێر... هتد"، لە هەورامیدا، بە تەنیا، توانای سازکردنی فرێزی ئەدڤێربڵی شوێنی کۆتایی پێهێنان و ئاڕاستەکردنی رووداویان هەیە، لە کاتێکدا، لە شێوە زاری سلێمانیدا بە تەنیا، توانای پێکهێنانی ئەم چەشنە فرێزەیان نییە.

٩. فرێزی ئەدڤێربڵی شوێنی کۆتایی پێهێنانی رووداو، لە هەورامیدا، کە ئاڕاستەکەی بەرەو خوارەوە بێت، پۆست پۆزیشنی "- ەرە"، هاریکاری

سازکردنی دەکات، بەڵام ئەگەر ئاڕاستەکەی، بەرەو سەرەوە، یا لایەکی تـر بـوو، ئەوا "ناو" بە تەنیا، یا بە یاریـدەی پۆسـت پۆزیـشنی "- ەنـە"، دایدەڕێـژێت، وەك لە رستەکانی خوارەوەدا روونکراوەتەوە:

- لوا نیره وار. (چوومە خوارەوە).
- کتێبەکەم وستەرە. (کتێبەکەم خستە خوارەوە).
- وانی سەر. (چوومە سەرەوە).
- کتیبەکەش وستەنە ئاوەکی. (کتێبەکەی خستە ئاوەکەوە).

پریپۆزیشنی "ە" لە هەورامیدا بەرچاو نەکەوتووە، لەبەر ئەوە ئەو فرێزانەی لە شێوە زاری سلێمانیدا، بە هۆی ئەو پریپۆزیشنەوە ساز بـوون، لـە هەورامیـدا، "نـاو" بـە تەنیا پێکیان دەهێنێت، وەك:

گەمەکەما کۆت سەبای. (یارییەکەمان کەوتە سبەینێ).
گەمەکەش کەرد ناوەشی. (یارییەکەی کردە ناخۆشی).

# سەرچـــاوە

**١- بە زمانی کوردی:**

**ا- کتێب**

١- د.ئـەورەحمانی حـاجی مـارف، وشـە رۆنـان لـە زمـانی کوردیـدا، چـابخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغداد،١٩٧٧.

٢- د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بـەرگی یەکـەم (مۆرفۆلـۆجی)، بەشـی یەکـەم- نـاو- ، چابخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،١٩٧٩.

٣- د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکـەم- ئاوەڵنـاو- ، دار الحرية للطباعة، بەغدا،١٩٩٤.

٤- د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلـۆجی)، بەشـی چـوارەم- ژمـارەو ئاوەڵکردار- ، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٩٨.

٥- د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشە سازی)، بەشی پێنجەم- کـردار- ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ٢٠٠٠.

٦- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم،دار الطباعي الحديثة، بەغداد،١٩٢٩.

٧- سەعیدصدقی کابان، مختصر صرف ونحوی کوردی، جزو(١)، طبع الاول ،النجاح،بغداد،١٩٢٨.

٨- د.شێرکۆ بابان، شرۆڤەکاری ڕێزمانی لە زمـانی نووسـیندا، چـابخانەی زانکـۆی سـەلاحەدین، هـەولێر، ٢٠٠٠.

٩- فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیـای دیالێکتـەکانی، چـابخانەی افـاق عربيـة، بەغدا، ١٩٨٥.

١٠- د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دارالحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٨٦.

١١- د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی رستەی کوردی، چاپی یەکەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠،

١٢- پرۆفیسۆر ک. ک. کوردۆییێڤ، ڕێزمـانی کـوردی بـە کەرسـتەی دیـالێککتی کرمـانجی و سـۆرانی، وەرگێڕانی لە رووسییەوە: د. کوردستان موکریانی، **مطبعة الاديب البغدادية**، بەغدا، ١٩٨٤.

١٣- گیوی موکریانی، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپـی لاتینـی، چـاپخانەی کوردسـتان، هـەولێر، ١٩٧٢.

١٤- لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمـانی کوردیـدا، چـاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٥.

١٥- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی کـۆڕی زانیاری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

١٦- لیژنە یەك لە وەزارەتی پەروەردە، ڕێزمانی خوێندنگا ناوەندی و ئامادە ییەکان — قۆناغەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦)، چاپخانەی ژمارە (٢)ی پەروەردەی هەولێر، ١٩٨٢.

١٧- محمد ئەمین هەرامانیـسەرەتاییێك لە فیلۆلـۆژیی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٣.

١٨- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراووردا، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨١.

١٩- محەمەدی رەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەنی قازی، چاپ و بلاوکردنەوە: سوید، ١٩٩٣.

٢٠- نوری عەلی ئەمین، قەواعدی زمانی کوردی لە "صرف و نحو" دا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٦.

٢١- نوری عەلی ئەمین، قەواعدی زمانی کوردی لە "صرف و نحو" دا، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٨.

٢٢- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠.

٢٣- د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٢.

**ب- نامەی زانکۆیی:**

١- ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی، ریزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.

٢- حاتەم ولیا محەمەد، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣- ساجدە عەبدوللا فەرهادی، ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی رستەی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٥.

٤- شلێر رەسوڵ بەرزنجی، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

٥- فەرەیدون عەبدول محەمەد، هەندێ لایەنی رستە سازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨.

٦- محمود فتح اللـه احمـد، کار تەواو کردن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨.

٧- مەعرووف مەحموود فەرەج، بوارە واتاییەکان، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

٨- مەهاباد کامل عبدالله، کار لە کرمانجی خواروو و هەورامیدا، نامەی ماجستێر کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.

٩- هیدایەت عەبدوڵا محەمـەد، پێـشپرتك و پاشـپرتك لـە زمـانی کوردیـدا، نامـەی ماجـستێر، کـۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

١٠- یوسف شریف سعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایـەنی رسـتە سـازی کـوردی، نامـەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

## پ- گۆڤار

١- ئیرنست مەکارۆس، رستەسازی، وەرگێرانی: محمد معروف فتاح، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٥، ١٩٨٧.

٢- د. شێرکۆ بابان، ئامرازی پەیوەندی (ـە) لە زمانی نووسیندا، کاروان، ژمارە ١٢٢، ١٩٩٨.

٣- د. فەرەیدون عەبدول محەمەد، کاری (بیەی- بوون) لە زاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤، ٢٠٠٠.

٤- د. کوردستان موکریانی، واتای ئامرازی پێوەندی (لە) لە زمانی کوردیدا (سۆرانی)، رۆشـنبیری نـوێ، ژمارە ١٠٣- ١٠٤، ١٩٨٤.

٥- محەمەد ئەمین هەورامانی، "دا" لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا، کاروان، ژمارە ٢٠، ١٩٨٤.

٦- د. محمد فاروق عمر صدیق، دەستوری پێوەلکانی مرۆڤناو "بەناوی باوك و باپیر و لەقەبەوە لـە زمـانی کوردی و چەند زمانێکی تردا"، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٦، ١٩٩٠.

٧- محمد معروف فتاح، کار پۆلێن کردن بە پێی رۆنان، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، ١٩٨٩.

٨- نعمت علی سایە، ئاوەڵناو و ئاوەڵکار لە زاری کەڵهوڕیدا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، ١٩٨٩.

٩- نوری عەلی ئەمین، دەوری پیتە بزوێنی ٥٠) لە زمانی کوردیدا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١١، ١٩٨٦.

١٠- وریا عمر ئەمین، بناغەی سادەترین رستەی کوردی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١١، ١٩٨٦.

## أ-وانە

١- د. فەرەیدون عەبدول محەمەد، زارەکان، ماجستێری زمان، کۆرسی دووەم، زانکۆی سـلێمانی، ١٩٩٩- ٢٠٠٠.

٢- د. فاروق عومـەر سـدیق، وانـەی تایبـەتی، کتێبخانـەی ناوەنـدی زانکـۆی سـلێمانی، ٢٠٠١/٢/٢٤ و ٢٠٠١/٤/١٧ و ٢٠٠١/٤/٢٥.

٣- د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، رستە سازی، ماجستێری زمان، کۆرسی دووەم، زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٩- ٢٠٠٠.

## ٢- بە زمانی عەرەبی:

١- توفیق وهبی، قواعد اللغة الكردية، الجزء الأول، الباب الأول، بغداد، ١٩٥٦.

٢- الدكتورة كوردستان موكرياني، قواعد اللغة الكردية، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩.

٣- الدكتور محمد وصفي ابو مغلي، البسط في القواعد و النصوص الفارسية، مطبعة جامعة البصرة، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.

**٣- بە زمانی فارسی:**


١-دکتر پرویز ناتل، دستور زبان فارسی، چاپخانەی حیدری، چاپ سیزدهم، ١٣٧٣.

٢- **عبدالعظیم** قریب، ملك الشعرای بهار، بدیع الزمان فروزانفر، جلال همائی، رشید یاسمی، دستور زبان پنج استاد، چاپخانەی رامین، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٨.

٣- **مصطفی** خرم دل، صرف دستور زبانی کردی سورانی، تبریز، ١٣٤٧هـ.


**٤- بەزمانی رووسی:**


١-ئی. ئا. فیگۆرۆفسکی، سەرەتایەك لە زانستی زمانی گشتی، مۆسکۆ، ١٩٦٩.

٢-ج. خ. بەکاییف، زمانی کوردی یەکێتی سۆڤیەت، مۆسکۆ، ١٩٧٣

٣-ز. ئا. یوسپۆڤا، دیالێکتی گۆرانیی کوردی، سان پیتر بۆرگ، ١٩٩٨.

٤-ف. م. بیریۆزین، مێژووی دیراساتی زمانەوانی، مۆسکۆ، ١٩٧٥.

٥-ك. ك. کوردۆییێڤ، ڕێزمانی کوردی بە کەرستەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو و خواروو، مۆسکۆ، ١٩٧٨.

٦-کەریمی ئەیوبی و سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لینینگراد، ١٩٦٨.

٧-ل. س. بەرخودارەف، د. ا. شتێلینگ، گراماتیکی زمانی ئینگلیزی، چاپی چوارەم، مۆسکۆ، ١٩٧٣.


**٥- بە زمانی ئینگلیزی:**


١.Amin, W.O (١٩٧٩). Some Fundamental Rules of Kurdish syntax structures London.

٢.Asher, R.E. and Simpson, J.M.Y. (١٩٩٤). The Encyclopedia of Language and Linguistics. Vol.١ Oxford: Nwwyork pergman press.

٣.Crystal, D.(١٩٩٢). An Encyclopedia Dictionary of Language and Languager. USA.

٤.Frank, M.(١٩٩٣) Modern English: Aprctical Refernce Guide,٢nd Edition.USA.

٥.Fries, CC. (١٩٥٢). The structure of English- Introduction to The construction of English sentence. London: Longman.

٦.Huddleston, R. (١٩٨٤). Introduction to the Grammer of English. Cambridge University Press.

٧.Mackenzie, D.N. (١٩٦١). Kurdish Dialect studies. London: Oxford University Press.

٨.Mackenzie, D.N. (١٩٦٦), The Dialect of Awroman (Hawraman- I Luhon)>

٩.Mccarus, E. (١٩٥٨). A Kurdish Grammer. Washington Washington Paladograph Company.

١٠.Stageberg, N. (١٩٧١). An Introductory English Grammer: Holt, Rineham Winston..

## ئەو سەرچاوانەی نموونەیان لێ وەرگیراوە:

**رۆمانەکان**

١- ئیبراهیم احمد، ژانی گەل، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، ١٩٧١.

**دیوانی شاعیرەکان:**

٢- بەختیار زێوەر، کۆکردنەوەی : مەحمود زێوەر، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٩.

٣- بێسارانی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی : کیورپ نیك رفتار، بەرگی یەکەم، **مطبعة الادیب البغدادیة** ، ١٩٨٢.

٤- خانەی قوبادی، شیرین و خوسرەو، محەمەد مەلا کەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٧٥.

٥- گۆران، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

٦- محەمەد صالح دیلان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی : عەبدوڵڵا عزیز خالد، چاپخانەی سومەر، بەغدا، ١٩٨٧.

٧- مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی : مەلا عبدالکریمی مدرس، بلاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ١٣٧٨ هەتاوی.

بۆ کەرەسەی هەورامیی نامەکە، جگە لەسەرچاوەی چاپکراو ، چەندین رستە دەماودەم لەم بەرێزانە، کە هەورامی، زمانی زگماکییانە، وەرگیراون:

| ناو | پیشە | ساڵی لەدایك بوون |
|---|---|---|
| ١- عوسمان محەمەد هەورامی | مامۆستا | ١٩٣٦ |
| ٢- مستەفا عارف حەمەشەریف | فەرمانبەر | ١٩٦٠ |
| ٣- سەعدی محەمەد ئەحمەد | کاسب | ١٩٦٢ |
| ٤- سیروان قادر فەتاح | ی. پوێژەر | ١٩٦٧ |
| ٥- نەوزاد عارف حمە شەریف | کاسب | ١٩٦٩ |
| | مامۆستا | ١٩٧٥ |

# دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەرووی داڕشتن و ئەرکەوە
# -لە کرمانجیی خوارووداـ

محەمەد عومەر عەول

**محەمەد عومەر عەول:**

**ساڵی ١٩٧٣ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، لە ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماستەری لە بواری زمانی کوردیدا بە ناونیشانی ( دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە رووی داڕشتن و ئەرکەوە لە دیالێکتی کرمانجی خواروو ) دا وەرگرتووە، لەلایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. فاروق عومەر سدیق سەرپەرشتیی نامەکەی کراوە .**

**ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی دکتۆرای لە ( کردەی تەواو کردن لە دیالێکتی کرمانجی خواروو ) دا وەرگرتووە.**

# دەروازەیەك بۆ کرداری لێکدراو

### ١-١ سەرەتا :

لەبەر ئەوەی لەم نامەیەدا لە روانگەی مۆرفیمەوە تەماشای کردار دەکەین و لەم رووەوە فۆرمەکانی شیدەکەینەوە و جۆرەکانی دیاریدەکەین، بۆیە بە پێویستمان زانی، دەستپێکی کارەکە بۆ بیری مۆرفیم تەرخانبکەین، کە لەساڵی (١٩٤٠) بەدواوە هاتەکایەوە، بەپێی ئەم بیرە هەموو کەرەستەیەکی رێزمانی بۆ چەند دانەیەکی بچووك شیدەکرێتەوە، کە پێی دەوترێت (مۆرفیم).[١]

وشەکان وەك هێمای دەنگیی زمان لە مۆرفیم پێکهاتوون، ئەو وشانەی یەك مۆرفیمن لەوە بچووکتر ناکرێنەوە، بەڵام ئەو وشانەی لە مۆرفیمێك زیاترن، لەرێی پەیوەندی هاونشینی (ئاسۆیی)ـەوە سەگمێنتەکانیان دابڕدەکەین و مۆرفەکانیان جیادەکەینەوە، پاشان لە رێی پەیوەندی جێنشینی (ستوونی)یەوە مۆرفیمەکانیان دیاریدەکەین و پۆلیان دەکەین.[٢] وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ده | نووس | م | دار | ـەوان |
| ده | کرِ | م | باخـ | ـەوان |
| ده | برِ | م | شاخـ | ـەوان |
| ده | چێن | م | مه له | ـەوان |
| | مۆرفیم | | | مۆرفیم |

هەریەکە لە (نووس، کرِ ، برِ، چێن) مۆرفیمە، چونکە بە گۆڕینی هەریەکێکیان لەگەڵ (ده..م)دا، واتایەکی فەرهەنگیی نوێ دەبەخشێت، بە هەمان شێوە(ـەوان)مۆرفیمە،چونکە

---

[١] محەمەد مەعرووف فەتاح، ١٩٩٠،٨٠

[٢] د.محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید ، موحازەراتی خوێندنی باڵا، ٢٠٠٠-٢٠٠١.

مۆرفیمێك بەوەدا دەناسینەوە، کە مۆرفێك دەبینین، دەتوانین لە دەرەوەی زنجیرەکەی خۆی بە یەکەیەکی تری زمانەوانەییەوە بلکێنرێت[1].

لێرەدا بەکورتی لەلایەنە گرنگ و تایبەتییەکانی مۆرفیم دەدوێین و جۆرەکانی دەستنیشاندەکەین و سروشتی هەر جۆرێکیان دەخەینەڕوو[2].

## ١-٢ پێناسەی مۆرفیم:

بچووکترین دانەی زمانە، کە سێ تایبەتێتیی هەیە[3].

١. مۆرفیم وشەیەکە، یان بەشێکە لە وشە، کە هەڵگری واتایە، بۆ نموونە وشەی (باخچە) لە{باخ}و {چە}دروستبووە، یەکەمیان وشەیەکە و واتای فەرهەنگیی خۆی هەیە، دووەمیشیان بەشێکە لە (باخچە)و واتای بچووککردنەوە دەگەیەنێت. هەروەها (کوڕەکە) لەدوو مۆرفیم پێکهاتووە، {کوڕ}، کە وشەیەکی سەربەخۆی واتادارە و

{ـەکە}کە مانای ناسراو دەگەیێنێت. کەواتە مەبەستمان لەواتا، واتای فەرهەنگی (هۆشەکی)، یان واتای ڕێزمانییە.

٢. مۆرفیم جگە لە بارێك نەبێت بۆ بەشی بچووکتری واتابەخش دابەشناکرێت، واتای بنجی مۆرفیمەکە دەگۆڕێت، یان دەبێتە پێکهاتەیەکی بێ واتا، کەئەمەش لەگەڵ سروشتی مۆرفیمدا ناگونجێت.

بۆ نموونە ئەگەر (باخ)بەم شێوەیە لەتبکەین:

(ب....اخ) / (ب..ا....خ) / (با..خ)

وەك دەردەکەوێت، هیچ کام لە پارچەکان، واتا نابەخشن، خۆ ئەگەر پارچەیەکیش (یان زیاتر) واتاببەخشێت، ئەوە کێشەکە بۆ ڕێکەوت دەگەڕێتەوە و هیچ پەیوەندییەك لە نێوان

---

[1]-Katamba ١٩٩٣:٤٣.

[2] ئێمە لەگشت روویەکی مۆرفیم نادوێین، بەڵکو گرنگی و بایەخ بەولایەنانە دەدەین، کە لەبەشەکانی داهاتوودا دێنە ڕێمان و ناچار دەبین بگەڕێینەوە سەریان

[3]-Stageberg ١٩٨١:٨٣:

واتای پارچەکەو واتای مۆرفیمەکەدا بەدیناکرێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی (با) بدەین ، لە فەرهەنگی کوردیدا واتای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هیچ پەیوەندیەکی بە وشەی (باخ)ەوە نییە، بەڵکو بە رێکەوت پەیوەندی نێوان ئەم دوو فۆرمە واهەڵکەوتووە، کە ئەمەش لەگەڵ سروشت و چەمکی مۆرفیمدا ناگونجێت، لەگەڵ ئەو راستییەی مۆرفیممان هەیە ، بەهۆی تەنیا فۆنیمێکەوە دەنوێنرێت و بەهیچ جۆرێك بەسەر یەکەی بچووکتردا دابەشنابێت، وەك({ــ ـە}، {ــ م}،{ ـ ر}....) لەفۆرمەکانی (چلە، سەدە...) ، (هاتم، دەچم...) ، (نووسرا، دەهێنرێت...)دا.

٣. مۆرفیم لە زماندا، لەچەند شێوەیەکدا دووبارە دەبێتەوە[١]، بەلآم بەنزیکی واتایەکی جێگیر دەبەخشێت ، بۆ روونکردنەوەی ئەم مەبەستە با لەم نموونانەی خوارەوە بڕوانین:

(نووسیم ، نووسیوومە ، نووسەر، نووسراو ، پێنووس ، رێنووس ، پاکنووس ، دەستنووس....).

(دەکوژم ، کوژەر ، کوژرا ، پیاوکوژ ، مێشکوژ ، بکوژە .......).

پاش وردبوونەوە لە نموونەکان، دەگەینە ئەو راستیەی کە {نووس}، {کوژ}، لەگشت فۆرمەکاندا دووبارەبوونەتەوە و تا رادەیەکیش واتای بنەڕەتییان هەڵگرتووە. بەهەمان شێوە {دە-} لە (دەخۆم، دەچم، دەمرێت، دەنووسم، دەکەون.....)دا دووبارەبۆتەوە

### ١-٣ جۆرەکانی مۆرفیم

مۆرفیم لە رووی دارشتن و پێکەوەهاتنیان لە فۆرمێکدا و بە پێی سروشت و تایبەتی بەشداریکردنیان، بەسەر چەند جۆرێکی سەرەکیدا دابەشدەبێت.

#### ١-٣-١ رەگ:

---

[١] ژمارەیەکی دیاریکراو لە مۆرفیم زۆر کەم دووبارە دەبنەوە، وەك: ({تاقی }،{تەمێ }، {واز}...) لە وشەکانی (تاقیکردنەوە، تەمێکردن،وازهێنان.....)دا.

کرۆکی وشەیە، کە چیتر بچووکناکرێتەوە و مانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت[1]. بەواتایەکی تر ئەو وشەیەیە، دوای لابردنی هەموو لاگرەکان دەمێنێتەوە[2] و لەهەموو شێوە جۆربەجۆرەکانی لێکسیمێکدا[3] دەردەکەوێت. بۆ نموونە (کوژ) لە (دەکوژم، کوژرا، مەیکوژە...)دا مۆرفیمی رەگە، کە گشت لاگرەکانی لێکراوەتەوە و مانای کرۆکی وشەکەی هەڵگرتووە و لەلایەن لاگرەکانەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان وەسفکراوە و واتاکەی روونکراوەتەوە [4]. بەهەمان شێوە (کچ) لە (کچانە، کچێنی، کچۆڵە، کچەکەت، کچان....)دا مۆرفیمی رەگە.

مۆرفیمی رەگ لە دیالێکتی کرمانجی خوارووا لەرووی سەربەخۆیی بەکارهێنانییەوە لە شێوەی سەربەست و بەندا دەردەکەوێت.

رەگی سەربەست ئەو مۆرفیمەیە، بەتەنیا وەك وشەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت[5] و واتایەکی فەرهەنگی تەواوی هەیە، وەك: ({کوڕ}، {بەرد}، {جوان}....) لە وشەکانی (کوڕێنی، بەردەڵان، جوانی ....)دا.

رەگی بەندیش لەوەدا جیاوازە، وەك دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت[6]، بەڵکوبە مۆرفیمی ترەوە بەندە و بەیاریدە و هاوکاریی ئەمان واتا دەبەخشێت، چونکە بەتەنیا لەواتا سیمانتیکییەکەی ناگەین. بۆ نموونە رەگی کردارەکان وەك: (نووس، کوژ، بڕ، هێن، بەز، چێن، کەو....) بەشێوەیەکی گشتی بەندن[7]، هەرچەندە ژمارەیەکیان لە شێوەی مۆرفیمی سەربەستدا دەردەکەون، وەك: (لەرز، ترس، خەو، پرس، ناز....)، بەڵام لە

---

[1] د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧،٣٠

[2] (وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٢،٨٧)، (Aarts ١٩٨٢:١٠١)

[3] زاراوەی لێکسیم بۆ وشە و فۆرمە رێزمانییەکانی بەکاردێت، وەك: (نووسین، دەنووسم، نووسیم، بنووسە....).محەمەد مەعروف فەتاح،٩٢، ١٩٩٠.

[4] -Katamba ١٩٩٣:٤٢.

[5] وریا عومەر ئەمین،٨٧، ١٩٨٢.

[6] هەمان سەرچاوە.

[7] هەندێك زمانەوان رەگی کردار بە مۆرفیمی سەربەست دادەنێن، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو،٨٩.

دارشتنی کرداردا هەمیشە بەشێوەی مۆرفیمی بەند کاردەکەن و لەرووی واتا و رستەسازییەوە پەیوەندییان بە فۆرمە سەربەستەکەیانەوە نەماوە[1]. بۆ نموونە بڕوانە ئەو رەگە بەندانەی لە خوارەوە هێڵیان بەژێردا هاتووە:

نووسەر

دەکڕم

بڕیم

دەنوویت

نەبەز

پێناسەی رەگ لە هەندێك باردا راست دەرناچێت، چونکە فۆڕمی هەندێك وشە هەمان رەگیان تێدانییە، بۆ نموونە لە (دەڵێم: وتم، دەمێنم:مام...)دا، مۆرفیمی رەگ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بۆیە پێویستە لەو جۆرە وشانەدا پەنا بەرینە بەر واتا، نەك فۆڕم.[2]

### ١-٣-٢ **لاگر**:[3]

ئەو جۆرە مۆرفیمە بەندەیە، کە بە شێوەی سەربەست دەرناکەوێت و بە تەنیا واتا نابەخشێت، بەڵکو بەجۆرەکانی تری مۆرفیم (رەگ / بناغە، کە دواتر روونیدەکەینەوە)ـەوە بەندە و لەگەڵ ئەواندا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە: ({-گەر}، {-ی}، {وەر-}،{-ەکە }،{دە-}،{-تر }، {-ین}،......) لە وشەکانی (ئاسنگەر، جوانی ، وەرگرتن، کوڕەکە، دەچم، جوانتر، دەکڕین،....)دا بەپێی پێناسەکە لاگرن.

---

[1] محەمەد معروف فەتاح،أ -١٩٨٩،٤٥.

[2] لە زمانی ئینگلیزیدا فۆڕمی وشە، وەك:(good, better, best) لە رووی دەنگەوە هەمان رەگیان تێدانییە، بەڵام لەهەر سێکیاندا واتای یەك رەگ هەیە ئەمەش کراوەتە بنەما و لەبەرچاوگیراوە. بۆ زانیاری لەو بارەیەوە بڕوانە: (Katamba, ١٩٩٣:٤١)

[3] هەندێك زمانەوان بەرانبەر زاراوەی (affix) (گیرەك)یان بەکارهێناوە، بڕوانە: (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧،٣٦)، بەڵام ئێمە زاراوەی (لاگر)مان پێ پەسەندترو شیاوتربوو، کەلە(د. محەمەدی مەحویی، ب-١٦٣،٢٠٠١)مان وەرگرتووە.

هەریەکە لەم لاگرانە جێگەی تایبەتی و دیاریکراویان هەیە و شـوێنی تایبـەتی خۆیـان بـەرنادەن، جگـە لـە دەسـتەیەکی جێنـاوە لکاوەکـان ،کـە بـەگوێرەی رەگ دەجـوڵێن و لـە توانایاندا هەیە جێگۆڕکێبکەن، ئەمانیش بریتین لە لاگرەکانی(م-مان، ت-تـان، ی-یـان)، لەبەر ئەم هۆیەش دەشێت بە کلیتیك ( Clitic )ناویان بەرین*. وەك:

گرت ـ
دا　(م- مان)　گرت.
لێ　　داگرت.
چاو　　لێداگرت.

لاگرەکـان بـەپێی شـوێنی دەرکـەوتنیان بـەگوێرەی مـۆرفیمی رەگ لـە سـێ شـێوەدا دەبینرێن.

١. پێشگر

ئەو لاگرەیە لەپێش رەگەوە دێت، بۆ نموونە، ({دە- }، {نە-}،{هەڵ-}، {دا-}، {پێ-}....) لە وشەکانی، نەترس، هەڵدەچم، دابەزین،پێخەف،.....)دا ، پێشگرن

٢. ناوگر

ئەو لاگرەیە ، دەچێتە ناو رەگ خۆیەوە و رەگەکە دەسمێت[1]، بە واتایـەکی روونـتر ناوگر دەبێت بچێتە نێوان فۆنیمەکانی رەگەوە.

((ناوگر لە زمانـە سـامییەکانی وەك: (عـەرەبی و عیـبری...)دا زۆر بـاوە، بـەڵام لـە زمانی ئینگلیزیدا دەگمەنە))[2]، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیـدا نـاوگری (ا، و) دەچـنە نـاو رەگـی (کتـب) و(کاتـب، مکتـوب)ی لێ دروسـتدەبێت. لـە زمـانی کوردیـشدا هەرچـەندە

---

*محەمەد معروف فەتاح، ٢٠٠١/١/١٧ لەرێی کەسییەوە ، زانکۆی سلێمانی.

[1] (د.ئـەورەحمانی حـاجی مـارف، ١٩٧٧،٤٣)،(وریـا عومـەر ئـەمین، ١٩٨٣،٨٨)، ( Katamba ١٩٩٣:٤٤).

[2] - Katamba ١٩٩٣:٤٤.

هەندێك زمانەوان[1] بوونی ناوگر بە دوور نازانن و بۆ سەلماندنی راکەشیان چەند نموونەیەك دەکەنە بەڵگە، وەك: (شەق: شەبەق، ئاسار: ئاسەوار.....)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم نموونانە چالاك و بەبەرهەم نیین، لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین کە ئەم جۆرە لاگرە لە زمانی کوردیدا نییە. [2]

### ٣. پاشگر

ئەو لاگرە لە پاشی رەگەوە دێت ، بۆ نموون ({ —م} ، { -یت }، {- ا}، {- ـەوە}، - { ـەوان}....) لە وشەکانی (خەوتم، هاتیت، هێنرا، دەبەمەوە، باخەوان،......)دا، پاشگرن. لاگرەکان (پێشگر و پاشگری زمانی کوردی) لە رووی ئەرکەوە بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشدەبن.

- لاگری دارشتن

بریتییە لەو مۆرفیمەی دەچێتە سەر رەگ (یان بناغە) و وشە (لێکسیم)ی بەواتا تازە و بە (ناوەڕۆك)ی نویٚ سازدەکات. لەیەکێك لەم رێگایانەوە[3]:-

أ. گۆڕینی واتای ئەو رەگ (یان بناغە)یەی لاگرە دارشتنەکە وەردەگرێت. وەك:{ را-}، {هەڵ-}،{ -ـەوە }..)

لە وشەکانی (رادەکەم، هەڵدەهێنێت، خواردنەوە،...)دا، بیٚ ئەوەی پۆلی رێزمانیی وشەکە بگۆڕێت

ب. گۆڕینی پۆلی ئەو رەگ(بناغە)ـەی لاگرە دارشتنەکەی دەچێتەسەر، بە واتایەکی تر ئەم جۆرە مۆرفیمە لە توانایدا هەیە، وشە لە پۆلێکەوە بگۆڕێت بۆ پۆلێکی تر [4]. بۆ نموونە {-ی}ی دارشتن چۆتە سەر ئاوەڵناوی (کوێر، درێژ، جوان...) و ناوی (کوێری ،درێژی، جوانی)ی لیٚ سازبووە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە {-ن}ی دارشتن لکاوە

---

[1] مەسعود محەمەد، ١٩٧٦،٧٧-٨٥.

[2] وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٢،٨٨.

[3]-Katamba ١٩٩٣:٥٠

[4] د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧،٣٨.

بـەناوی (ورگ، شـەرم، چـڵك.....) و ئاوەڵنـاوی (ورگن،شـەرمن، چـڵکن...)ی لێ دروستبووە.

ت. گۆڕینی بەشێکی پۆلێك بۆ بەشێکی تری هەمان پۆل، بۆ نموونـە: ({ ـی} ، { ـەتی }، {- ێنـی}،....)ی دارِشـتن چـۆتە سـەر نـاوی بەرجەسـتە (مـادی)ی (منـاڵ، پیـاو،کچ...)و نـاوی نادیـار(مەعنـەوی)ی (منـاڵی، پیـاوەتی، کـچێنی،...)لێ دروستبووە، کە هەرناون، بەڵام بەشەکەی لە سنووری هەمان پۆلدا لە بەرجەستەوە بـۆ نادیار گۆڕیووە.

جگە لە لاگری دارِشتن، ژمارەیەك مۆرفیمی پەیوەنـدی و یاریـدەدەر هـەن، کـە مانـای خودییـان نییـە، بـەڵکو هاریکـاری دارِشـتنی وشـەی لێکـدراو دەکـەن ، کەبـە (ئینتـەرفێکس)ناودەبرێـت[1]، وەك: ({ ـە-}، { -و- }، {ـەو-}،....)لـە وشـەکانی (ڕەشەبا، گفتوگۆ، ماڵەوماڵ...)دا.

- لاگری گەردانکردن:

ئەو مۆرفیمەیە، دەچێتە سەر ڕەگ (یان بناغە) و بـە پێـچەوانەی لاگـری دارِشـتنەوە، واتای فەرهەنگی وشەکە ناگۆڕێت، بەڵکو حاڵـەتی جیـاوازی ڕێزمـانی پێکـدێنێت[2] ، کـە پەیوەندی نێوان فۆرمـە جیاوازەکـانی لێکسیمێك دەردەخـات، لـە زۆر باریـشدا پێویـستی ڕێزمانی دەیهێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە:

({ دە-} ، { -ەکە }، {- م}، {- تر}،....) لە وشەکانی (دەچـن، بەردەکـە، چـووم، جوانتر...)دا لاگری گەردانکردنن.

ئەگەر بەوردی (کەوت، دەکەوت، کەوتووم، نەکەوتیت، بکەوتایە، ناکەوێت....)لەگەڵ یەکدا بەراورد بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، ئەم وشانە فۆرِمە جیاوازەکانی لێکسیمی (کەوتن)ن ، پێکهێنانی ئەم فۆرِمانەش لە ڕێـی لاگـری گەردانکردنەکەوەیـە، کـە بـە هـیچ جۆرێك پۆلی وشەکە ناگۆڕێت.

١-٣-٣ بناغـە:

---

[1] هەمان سەرچاوە،٤١.

[2] هەمان سەرچاوە، ٣٣.

ئەگەر وشەی(بێهۆشی) بۆ مۆرفیمە پێکهێنەکانی (بێ-هـۆش-ی)دابڕبکـەین، دەزانـین (هۆش) مۆرفیمی ڕەگە و دووەکەی تر لاگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی نـازانین لەپێـشدا کـام لـەم لاگرانە دەچنە سەر رەگی وشەکە، بۆیە پەنا دەبەینەبەر یەکەیەکی تری وەك بناغە.


بناغە ئەو یەکەیەیە، کە هەرچۆنێك بێـت، بتوانێـت لاگـر وەربگرێـت. ئـەو لاگرانـەی دەچنە سەر بناغەش لە هەردوو جۆری داڕشتن و گەردانکردنن.[1]

ئەگەر سەرنجبدەینە وشەی (بێهۆشی)، دەبینین (هۆش) رەگیشە و بناغەشە کاتێـك {-بێ}ی دەچێتە سەر، هەروەها (بێهۆش) دەبێتە بناغە بۆ(-ی)، بەڵام رەگ نییە. لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانین جیاوازی نێوان رەگ و بناغە روونبکەینەوە.

هەموو رەگێك، کاتێك لاگر وەردەگرێت بناغەیە، بەڵام مەرج نییە هـەموو بناغەیـەك رەگ بێت[2]، چونکە بناغـە دەشـێت پێـشتر لاگـری تـری وەگرتبێـت (یـان لێکـدراوبێت) و پاشان مۆرفیمێکی تر بووبێتە بناغە بۆ. بۆ نموونە (کەو) رەگیشە و بناغەشە کاتێك (-ت) وەردەگرێت و (کەوت) دروستدەبێت[3]، بـەڵام کاتێـك (-هـەڵ-) دەچـێتە سـەر (کـەوت) و (هەڵکەوت) سـازدەبێت، (کـەوت)بناغـەیـە، بـەڵام رەگ نییـە . بەهـەمان شـێوە (دەگـرم) دەبێتە بناغە بۆ {دا-} و (دادەگرم) ی لێ سازدەبێت، بەڵام (دەگرم) رەگ نییە لەبەر ئەوەی هەموو لاگرەکانی لێدانەماڵراوە، بەڵکو (گر) رەگەکەیەتی.

شـایانی باسـە هەنـدێك مـۆرفیم هـەن، نـاتوانن ببنـە بناغـە و لاگـر وەربگـرن، وەك پارتیکڵی (بەڵکو، بۆچی، کە....).


لـەم هێڵکارییـەی خـوارەوەدا جۆرەکـانی مـۆرفیم بەگـشتی و پەیوەنـدی نێوانیـان لـەم دیالێکتەدا دەخەینە روو:-




[1]-Katamba ١٩٨٢:٤٥.

[2]-Aarts ١٩٨٢:١٠١.

[3] بناغـە لـەو کاتـەدا لاگـری گـەردانکردنی دەچێتەسـەر بەقـەدیش ناودەبرێت. بڕوانـە :( Katamba ١٩٨٢:٤٥).




### ٤-١ جۆرەكانی وشە لەرووی فۆرمەوە:

پاش دیاریكردنی جۆرەكانی مۆرفیم ئەوە روونده‌كه‌ینه‌وه، ئه‌م مۆرفیمانه چۆن بۆ سازبوونی دروسته‌یه‌كی وه‌ك وشه لێكدراون ، چونكه هه‌موو وشه‌یه‌ك مۆرفیمه، به‌ڵام مه‌رج نییه هه‌موو مۆرفیمێك وشه بێت.

وشه بریتییه له مۆرفیمێك یان زیاتر، [1] به‌م پێیه‌ش فۆرمی وشه، له‌سه‌ر بنه‌مای جۆر و سروشتی مۆرفیمه‌كانی، به‌سه‌ر سێ جۆری سه‌ره‌كیدا دابه‌شده‌بێت.

#### ٤-١-١ وشەی سادە:

ئه‌و وشه‌یه‌یه، له یه‌ك مۆرفیمی سه‌ربه‌ست پێكهاتووه. [2] وه‌ك: (چاو، جوان، ئاسن،دار....)

#### ٤-١-٢ وشەی ئاڵۆز ( لاگرلكاندن ):

ئه‌و وشه‌یه‌یه، له ئه‌نجامی لێكدانی مۆرفیمێكی ره‌گ (یان بناغه) و لاگرێك، له‌رێی لاگرلكاندنه‌وه پێكدێت،[3] وه‌ك: (نه‌خۆشی، ئاسنه‌كه، داده‌چێت، باخه‌وان...). ئه‌و لاگرانه‌ی به‌شداری پێكهاتنی وشه‌ی ئاڵۆز ده‌كه‌ن، ئه‌گه‌ر پێشگر بوو به پێشگرلكاندن و ئه‌گه‌ر پاشگربوو به پاشگرلكاندن ناوده‌برێت.

ئه‌م وشه ئاڵۆزانه به‌گوێره‌ی جۆری لاگره‌كه (گه‌ردانكردن / دارشتن) و ئه‌و رێگه‌یه‌ی وشه‌كه‌ی لێهاتۆته به‌رهه‌م، بۆ دووجۆری تر دابه‌شده‌بن:

---

[1] ئه‌وره‌حمانی حاجی مارف، ١٩٧٧،٤٧.

[2]-Stageberg ١٩٨١:١١٦ .

[3] بۆ دانانی ئه‌م پێناسه‌یه سوودمان له (محه‌مه‌د مه‌عروف فه‌تاح،٩٤،١٩٩٠)وه‌رگرتووه,

### ١-٤-٢-١ وشەی گەردانکراو:

ئەو وشە ئاڵۆزەیە، لاگرەکەی لەجۆری گەردانکردنە و بەرێگەی گەردانکردن پێکهاتووە، وەك: (دەچم، ئاسنەکە، بنووسە)

مەبەست لەرێگەی گەردانکردنیش نیشاندانی پەیوەندی نێوان فۆڕمە جیاوازەکانی لێکسیمێکە[١]، کە بەهۆی لاگری گەردانکردنەوە دەنوێنرێت، وەك : (دەنووسم، نووسیم، نووسیمان، بنوسم، مەنوسە...)، کە فۆڕمە جیاوازەکانی (نووسین)ن.

### ١-٤-٢-٢ وشەی داڕێژراو:

ئەو وشە ئاڵۆزەیە، لاگرەکەی لە جۆری داڕشتنە و بەرێگەی داڕشتن دروستبووە، وەك: (هەڵدەچم، ئاسنگەر، نووسەر،....).[٢]

رێگەی داڕشتننیش بریتییە لە دروستبوونی لێسیمی نوێ، بەهۆی کردەی لاگرلکاندنەوە، کە تیایدا لاگری داڕشتن دەچێتە سەر بناغە و لە ئەنجامدا وشەیەکی داڕێژراوی نوێ بەواتایەکی نوێ سازدەبێت[٣].

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیرە:

| پێشگری داڕشتن | | بناغە | | پاشگری داڕشتن | | وشەی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵ | + | دەچێت | | --- | ← | هەڵدەچێت |
| --- | | دەبات | + | ـەوە | ← | دەباتەوە |
| --- | | جوان | + | ی | ← | جوانی |
| بێ | + | هۆش | | --- | | بێهۆش |

هەندێك جار پۆلی بناغەی ئەم وشە داڕێژراوانە ناگۆڕێت، وەك: (دەچێت، هەڵدەچێت، دەبات، دەباتەوە)، کە هەردووکیان کردارن، لەهەندێك باریشدا پۆلی بناغەکە

---

[١]-Bauer ١٩٨٣:٣٤ .

[٢] ئەگەر بناغەی وشە داڕێژراوەکە گەردانکراوبوو، دەشێت پێی بگوترێت: (داڕێژراوی گەردانکراو)، وەك، (هەڵدەچم، داکەوتم، وەردەگرێت.....).

[٣]-Bauer ١٩٨٣:٤ .

دەگۆڕێت، بۆ نموونە (هۆش) ناوە، بەلاّم (بێهۆش) ئاوەڵناوە، یان بەپێچەوانەوە (جوان) ئاوەڵناوە، کەچی (جوانی) ناوە.

### ١-٤-٣ وشەی لێکدراو:

ئەم جۆرەی وشە بەوەدا لە وشەی ئالۆز جیادەبێتەوە، کە ناتوانین بۆ (ڕەگ (بناغە) + لاگر) دابەشی بکەین، بەڵکو ((وشەی لێکدراو بەلایەنی کەمەوە دوو بناغەی تێدایە، کە هەردووکیان وشەی تەواون، یان بەلایەنی کەمەوە رەگن))[1]. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

یاریدەکات
پێشکەوتم } وشە
بالاّ بەرز
ژن برا } وشە (رەگ)
بناغە بناغە

ئەم پێناسەیە بەلای ئێمەوە لەو پێناسەیە گونجاوتر و لەبارترە، کە مۆرفیمی سەربەستی تێداکراوەتە پێوانە، ((وشەی لێکدراو بریتییە لە لێکدانی دوو مۆرفیمی سەربەست، یان زیاتر))[2]، لەبەر ئەوەی بناغە جگە لەوەی مۆرفیمی سەربەستیش دەگرێتەوە، چاری گیروگرفتی ئەو جۆرە وشانەش دەکات، کە لێکدراون، هەرچەندەبناغەیەکیان (یان هەردووکیان) مۆرفیمی سەربەست نین، بەڵکو مۆرفیمی رەگی بەند،یان وشەی ئالۆزن، کە وەك بناغەیەك بەشداری رۆنانەکەیان کردووە. بۆ نموونە:

پاکنووس
دەستپڕ } مۆرفیمی رەگی بەندن، بەلاّم سەربەست نین.
بانگدەدات

[1]-Katamba ١٩٩٣:٥٤ .

[2]-Stageberg ١٩٨١:١١٦ .

پێشکەوتین وشەی ئالۆزن (رەگ + لاگر)، بەڵام سەربەست نین.
بناغە بناغە

ئەگەر بەوردی سەرنجی نموونەکان بدەین، دەبینین، هەریەکێك لە بناغەکان بەلایەنی کەمەوە رەگێکی تێدایە، کەواتە مەرجە لە وشەی لێکدراودا بەلایەنی کەمەوە دوو رەگ هەبێت.[١]

کوێرك، بڕوای وایە بەیەکداکردنی دووپێناسە (مۆرفۆلۆژی و واتاسازی) بۆ وشەی لێکدراو دەرئەنجامی باشتری دەبێت، ئەم بۆچوونەشی لەم پێناسەیەی خوارەوەدا خستۆتەڕوو.

((وشەی لێکدراو یەکەیەکی فەرهەنگییە، کە لەبناغەیەك زیاتر پێکدێت و لە رووی رێزمان و واتاوە وەك یەك وشە رەفتاردەکات)).[٢]

هەر وشەیەکی لێکدراو لە رێگەی لێکدانەوە بەبەرهەمهێنراوە، لێکدانیش بە شێوەیەکی گشتی ئەو رێگەیەیە، کەتیایدا دوو وشە دەخرێتەپاڵ یەك بۆ پێکهێنانی وشەیەکی تازە.[٣] واتە بناغەیەك دەخرێتە سەر بناغەیەکی تر،بۆ نموونە بناغەی (خەم) لەگەڵ بناغەی (دەخوات) لێکدەدرێن و وشەی لێکدراوی (خەمدەخوات)ی لێ دروستدەبێت.

هەرچەندە لێکدان رێگەیەکی سەرەکییە، بەڵام هەموو زمانەکان بەکارینایهێنن، بۆ نموونە ((هەندێك زمانی وەك فەرەنسی و ئیسپانی زۆر بەکەمی سودی لێدەبینن، لەکاتێکدا زمانی ئەڵمانی و هۆڵەندی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاریدەهێنن))[٤]. بێگومان زمانی کوردیش بۆ دەوڵەمەندکردن و گەشەسەندنی فەرهەنگەکەی سودێکی زۆری لەم رێگەیە بینیووە.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو رێگەیە بدەین کە وشەیەکی لێکدراوی وەك(خەمدەخوات)ی پێ سازبووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لەهەموو رێگە بەیەکەوە بەستنەکانی تر

---

١-Bauer ١٩٨٣:٢٨.


٢-Quirk.etal ١٩٨٥:١٥٦٧ .

٣-McCarus ١٩٥٨:٨٣.

٤-Bybee ١٩٨٥:١٠٦ .

جیادەبێتەوە، لەو رووەوەی هەردوو خاسێتی گوزارشتی رستەسازی و فەرهەنگیی هەیە. (خەمدەخوات) لە گوزارشتی رستەسازی دەچێت، لەبەر ئەوەی یەکە پێکەوەبەستراوەکان دەتوانن، وەك وشەی سەربەخۆ هەبن، ئەمەش بەواتایە دێت ئەم وشانە لە رووی دەنگسازی و واتاسازییەوە تەواون. وەك لەخوارەوە نیشاندراون:

خەمدەخوات



| | |
|---|---|
| خەم | دەخوات |
| لەخەمدا.... | دەیخوات. |
| خەمی گران..... | سوێند دەخوات |
| خەمدایگرت. | سێو دەخوات. |
| خەمی کەس بەمن هەڵناگیرێت . | سەوزە نەخۆیت. |


هەروەها لە گوزارشتی فەرهەنگیش دەچێت، لەو رووەوەی یەکە بەرهەمهاتووەکەی وشەیە و واتای ئەو وشەیەش لە کۆکردنەوەی واتای بناغەکانییەوە دەستناکەوێت.[١]

### ١-٤-٣-١ جێگەی لێدان لە مۆرفۆلۆژیدا:

بەمەبەستی نیشاندان و دیاریکردنی جێگەی لێدان لە مۆرفۆلۆژیدا، واتە روونکردنەوە و دەرخستنی پەیوەندی نێوان لێکدان و رێگەی مۆرفۆلۆژییەکانی تر، بەکورتی تیشکدەخەینەسەر تێروانینی هەندێك زمانەوان، لەوانە:-


باوەر[٢] مۆرفۆلۆژی دەکات بەدوو لقی سەرەکییەوە (گەردانکردن و وشەرۆنان) و پوختەی دابەشکردنەکەی لە شێوەی هێڵکارییەکدا، بەم جۆرەی لای خوارەوە نیشاندەدات:

مۆرفۆلۆژی



١-Ibid.

٢-Bauer ١٩٨:٣٤ .




هەروەها بە بۆچونی هەدلّسن[1] مۆرفۆلۆژی بۆ دووبەشی سەرەکی (مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن) دابەشدەبێت، چونکە هەر لێکسیمێك تاکە قەدێکی [2] فەرهەنگی هەیە، فۆڕمی لێکسیمەکە، یان هاوشێوەیە لەگەڵ قەدە فەرهەنگییەکەدا، یان لە ئەنجامی کردەی گەردانکردنەوە لێی وەرگیراوە. بۆ جیاکردنەوەیئەم دووجۆرە قەدە (فەرهەنگی و گەردانکراو) لەیەکتری ، لە بواری مۆرفۆلۆژیدا پێویستمان بە جیاکارییەك هەیە بۆ دووبەش (مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن)، مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی تایبەتە بەو رێگایانەی بەهۆیانەوە قەدی فەرهەنگی ناسادە دروستدەبێت (لێکسیمی نوێ). لە کاتێکدا مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن ئەو رێگایانە دەگرێتەوە، بەهۆیانەوە فۆڕمەکانی لێکسیمێك لە قەدە فەرهەنگییەکەوە پێکدەهێنرێت. بۆ نموونە:

| قەد | فۆڕمی لێکسیم (مۆرفۆلۆژی | لێکسیمی نوێ(مۆرفۆلۆژی |
|---|---|---|

[1]-Huddleston ١٩٨٤:٢٥ .

[2] قەد لای هەدلّسن بەرانبەر وشە دێت و سێ جۆری سەرەکی (سادە ، ئاڵۆز، لێکدراو)ی لێ جیادەکاتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٢٢.

| | | گەردانکردن) | فەرهەنگی) |
|---|---|---|---|
| لێکسیم | پیاو | پیاوەکە،پیاوێك، پیاوان.... | پیاوەتی، پیاوێتی، پیاوانە |
| | گرتن | گرتم، گرتمان، دەگرم، ناگرم.... | هەڵگرتن، داگرتن، وەرگرتن... |

ئەگەر بەوردی سەرنجی هەردوو بۆچوونەکە (باوەر و هەدڵسن) بدەین و گوێ بەزاراوە نەدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەردووکیان مۆرفۆلۆژی بۆ دووبەش (گەردانکردن و ڕێگەکانی سازکردنی وشە) دابەشدەکەن، جگە لە گەردانکردن، کە خاڵی هاوبەشە لەنێوانیاندا، وشەڕۆنان لای (باوەڕ) لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی لای (هەدڵسن) بەرانبەر یەکتر دەوەستن. ((وشەڕۆنان لە زانستی زماندا بەو بەشە دەڵێن، کە لە چۆنیەتیی پێکهاتن و یاسای دروست بوونی وشەکانی ئەمڕۆی زمان دەکۆڵێتەوە))[١].

یاسای وشەڕۆنان لە ڕوویەکی گرنگەوە لە یاسای ڕستەسازی جیاوازە، ئەویش ئەوەیە بەپێچەوانەی ڕستەسازییەوە لە وشەڕۆناندا بەرهەمداریێتی سنووردارە، بەواتای ئەوەی بەپێ ی یاسا وشەسازکردن هەمیشە پەسەند نییە، بەڵکو یاساکان تەنیا لەگەڵ ئەو وشانەدا جێبەجێدەبێت، کە دروستبوون و بڵاوبوونەتەوە و بەکاردێن [٢]، واتە بوونەتە لێکسیمی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ. بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| هەڵکردن | مەلەوان | شەڕیکرد |
| هەڵچوون | شاخەوان | شەڕیفرۆشت |
| هەڵگرتن | دارەوان | *شەڕیکرت |
| * هەڵشتن | *ئاسنەوان | *شەڕیدا |
| *هەڵخواردن | *یارییەوان | |

وشەڕۆنان هەموو ئەو ڕێگە جۆربەجۆر و هەمەچشنانە دەگرێتەوە، کەلەرێیانەوە وشەی فەرهەنگی نوێ دروستبوون و داڕێژراون، لەگەڵ ئەو ڕاستییەی ڕێگەکان بەپێی پلەی

---

١ د.ئەورەحمانی حاجی مارف،٢١،١٩٧٧.

٢-Quirk.etal ١٩٨٥:١٥٢٢ .

بەرهەمدارێتیان جیاوازن، تەنانەت لە دیاریکردن و جیاکردنەوەی ڕێگەکاندا جیاوازی لە راوبۆچونی زمانەوانەکاندا دەبینرێت.بۆ نموونە:

هەدلّسن[١] لە مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیدا، سێ ڕێگەی گرنگ و سەرەکی بۆ دروستبوونی وشەی نوێ دیاریدەکات، کەئەمانەن (لێکدان، لاگرلکاندن، ئاوەژووکردن[٢])

کوێرك[٣] یش چوار جۆری سەرەکی ڕێگەی ڕۆنانی وشە دەژمێرێت، کە یەکەم و دووەمیان بۆ لاگرلکاندن دەگەڕێتەوە:

١-پێشگرلکاندن ٣-ئاوەژووکردن

٢-پاشگرلکاندن ٤-لێکدان

هەرچی باوەڕیشە، وەك لە هێڵکارییەکەدا نیشانماندا، پابەندبووە بە ڕێگە زۆر بەرهەمدارەکانی وشەوە و تەنیا (داڕشتن و لێکدان)ی وەك دوو ڕێگەی دیار لە ڕۆنانی وشەدا جیاکردۆتەوە. لەو بەرهەمەمانەش، کە تایبەتە بە زمانی کوردییەوە، مەکارەس [٤] وشەڕۆنان دەکات بەم سێ بەشەی لای خوارەوە:

١- ریدەبلیەکەیشن (Reduplication) [٥].

٢-لێکدان.

٣-پاشگرلکاندن.

---

١-Huddleston ١٩٨٤:٢٢-٢٣ .

٢ ئاوەژووکردن: ئەو ڕێگەیەیە،وشە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر دەگۆڕێت، بێ ئەوەی فۆڕمی وشەکە بگۆڕێت. بۆ نموونە:

باخەوانەکە نەمامی چاك دەنێژێت. چاك: ئاوەڵناوە.

باخەوانەکە نەمام چاك دەنێژێت. چاك: ئاوەڵکردارە. (هەمان سەرچاوە).

٣-Quirk.etal ١٩٨٥:١٥٢٠.

٤-McCarus ١٩٥٨:٨٢-٩١ .

٥ ریدەبلیکەیشن بریتییە لە دووبارە بوونەوەی وشەیەك بۆ دروستبوونی وشەیەکی نوێ. وەك: (دەمدەم، پەلە پەل...) بۆ زانیای زیاتر بڕوانە :سەرچاوەی پێشوو.

د.ئەورەحمانی حاجی مارفیش لەم بارەیەوە دەڵێت:- ((لە زمانی کوردیدا بۆ رۆنانی وشە چەند رێگەیەك هەیە. ئەوەی لە ناویاندا سەرەکی بێ (دارشتن) و (لێکدان)ـە واتە ئەو دوو رێگەیە هۆیەکی گرنگن لە دروست کردنی وشەی دارێژراو لێکدراودا)).[1]

لەم رێگە دیارو بەرهەمدارانەی وشەرۆنان کە خستمانەروو، ئەوەی پەیوەندی راستەوخۆی بە کرۆکی بابەتەکەمانەوە هەیە و جەختی تەواو دەکەینە سەر رێگەی (لێکدان)،کە یەکێکە لە رێگە سەرەکی و چالاکەکانی دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ و لەهەموو دابەشکردنەکاندا جێگەی سەربەخۆ و دیاریکراوی بۆ تەرخانکراوە، کەواتە لێکدان رێگەیەکی گرنگ و بەبەرهەمی وشەرۆنانە، کە ئەمیش باڵێکی مۆرفۆلۆژی پێکدێنێت.

## ١-٥ کورتە پێناسێکی کردار:

سەبارەت بە ناسینەوەی کردار و نیشاندانی تایبەتیەکانی لەم دیالێکتەدا، سەنجی هەندێك پێناسە دەدەین، کە لە دوو توێی ئەو کتێبانەی تایبەتن بە رێزمانی کوردییەوە، بەچەند شێوەیەکی جیاواز خراوەتەروو[2]، لەوانە:

١. ((فعل کلمەییکە سربخو دلالت بکا لە پیدابون أیشی لەزمانیکا. وەکو: خویندی ،وادەخوینی، دەخوینی، بخوینە))[3]

٢. ((فعل کەلمەییێکە کارو حالی کەسێ یان شتێك لە دەمێکا باس ئەکا، وەکو: کاکم نان ئەخوا، میوانەکە دانیشتووە))[4].

٣. ((فرمان ئەو وشەیەیە کە خەبەری پێ لەکاری کەسێ یا شتێ ئەدرێ لە تافێکا، وەك نازەنین نووست. لەم رستەیەدا، وشەی (نووست) فرمانە چونکە خەبەری کارێکی پێ لە نازەنین دراوە لە دەمی رابردوودا))[1].

---

[1] د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧،٤٧.

[2] لەم پێناسانەدا زاراوەی (فعل) و(فرمان) و(کار) بەرانبەر (کردار) هاتوون.

[3] سەعید صدقی،١٩٨٢،٣٤.

[4] تۆفیق وەهبی،١٩٢٩،١٦.

٤. ((کار وشەیەکە رودان و کاتی تێدایە، وەك: خواردی، دادەبەزێ، راوەستە))[٢].

٥. ((فرمان وشەیەکە کارێك یا حاڵێك رادەگەیەنێت لەلایەن کەسێکەوە کرابێت لە زەمانێکدا، وە دەبێتە بەردی بناغە لە رستەدا، وە سێ مەبەستی تێدا بەدی دەکرێت:

أ- کار یا حاڵی شتێك.

ب- دەم(زەمان).

ت- کەس و ژمارە ))[٣].

مەبەستمان لەنیشاندانی ئەم پێناسەیە هەڵسەنگاندن و دەرخستنی لایەنی چاکەو و کەموکورییان نییە، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە گرنگە و جەختی تەواوی دەکەینە سەر ئەوەیە ، ئەگەر بەوردی سەرنج لە پێناسەکان بدەین و تێیان بڕوانین، ئەو راستییەمان لا ئاشکرا دەبێت ، کردار ئەو وشەیەیە هەڵگری ئەم سێ تایبەتییەی لای خوارەوەیە:-

١. کار / رووداو

٢. کات (تاف)

٣. کەس و ژمارە (جێناوەلکاوەکان)

هەریەکە لەمانە لە پێکهاتنی کرداردا بەهۆی مۆرفیمێك (یان زیاتر)ـەوە دەنوێنرێت، بۆ نموونە خاڵی (١) بەهۆی رەگی کردارەکانەوە دەردەبڕرێت، کەواتە فەرهەنگیی کردارەکەی هەڵگرتووە و دوو خاڵەکەی تریش (٢،٣) بەهۆی لاگری گەردانکردنەوە نیشاندەدرێت[٤]. وەك:

کەوتم. (کەو١ + ت٢ +م٣)

بچن. (ب٢ + چ١ +ن٣)

دەنووسیت. (دە٢ + نووس١ + یت٣)

---

[١] نووری عەلی ئەمین، ١٩٦٠،١٥٥.

[٢] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ٩٤.

[٣] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە،١٩٨٤، ٧٣،، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی.

[٤] بۆ زانیاری لەو بارەیەوە، بڕوانە: (کرداری بنەڕەتی) لەم نامەیەدا، ل (٢٦).

هەرچەندە ئەم سێ خاڵە بەردی بناغـەی کـردارن و دەبێـت لـە هـەموو کردارێکـدا هـەبن[1]، بـەڵام مـەکارەس[2] وردتـر بـۆ کـردار دەچـێت و تایبەتییـەکانی زیـاتر دەکـات، بەشێوەیەك بڕوای وایە ، هەر وشەیەك ئەم تایبەتیانەی خوارەوەی تێدابێت بەر پۆلی کـردار دەکەوێت:

١. کەس (یەکەم و دووەم و سێیەم) و ژمـارە (تـاکو کـۆ) (Persons and Numbers): مەبەست لە کەس وژمارە پاشـگری جێناوەلکاوەکـان (م- مـان / م- یـن)ـە کـە لـەرێی لاگرلکاندنەوە دیاریدەکرێت.

٢. ئەسـپێکت (Aspect): وەك پاشـگری (دە-) لـە (دەخـۆم)دا،کـە تـەنیا لەرێـژەی ئیخباریـدا دێـت و جووڵەیـەك لەبەردەوامیـدا نیـشاندەدات، بـەڵام لـە رێـژەکانی تـردا دەرناکەوێت[3].

٣. تێپەڕی و تێنەپەڕی (Transitivity): کردارەکـان لـەم رووەوە بـۆ تێپـەڕ و تێنەپـەڕ دابەشدەبن و تەنیا تێپەڕەکان بۆ بکەر نادیار دەگۆڕرێت.

٤. کات (تاف) (Tense): کردار چەند کات (تاف)ێکی هەیە، وەك: رانەبردوو (ئـەخۆم / بخۆ)، رابردوو (خواردم /....).

٥. رێــژە ( Mood): کــرداری کــوردی ئــەم رێژانــەی هەیــە: ئیخبــاری (ئــەخۆم / خواردم...)، ئینشائی (بخۆم / بخواردایە...)، فەرمان (بخۆ / بخۆن).

٦. دیار و نادیار (Voice): ئەو کردارانەی سەرەوە بکەر دیاربوون، تێپـەڕەکان فـۆرمی بکەر نادیارییان لێ دادەڕێژرێت، وەك: (ئەکوژرێم / کوژرام...).

---

[1] لە هەندێ کرداردا فۆرمی مۆرفیمێك بەدەرناکەوێت، بۆ نموونە جێناوی لکاوی کەسیی سێیەمی تاك لە کرداری رابردووی تێنەپەڕدا لەشێوەی مۆرفیمی سفردایە. وەك:

من چوو م.
تۆ چوو یت.
ئەو چوو Ø.

[2]-McCarus ١٩٥٨:٥٢ .

[3] بە بۆچوونی ئێمە ئـەم (دە-)یـە مـۆرفیمی رانـەبردووە، بڕوانـە: (کـرداری رانـەبردوو) لـەم نامەیـەدا ، ل(٢٧).

کەواتە کردار لە رووی پێکهاتەوە ئەو وشە گەردانکراوەیە، لاگری گەردانکردنی کرداریی وەك (کەس و ژمارە و رێژە و کات...) لەگەڵدایە.

کردار لە رستەشدا، هەمیشە ئەرکی فرێزی کرداری دەبینێت، کردارە تێنەپەڕەکان دەتوانن وەك رستە دەربکەون، چونکە رستە لە دیالێکتی کرمانجی خوارودا دەشێت بکەرەکەی دەرنەبڕرێت، لەبەرئەوەی لە داڕشتنی کردارەکەدا جێناوی لکاوی بکەری بەشدارە[1]. وەك لەم نموونەیەی لای خوارەوەدا روونکراوەتەوە.

رستە

| | |
|---|---|
| فرێزی ناوی | فرێزی کرداری |
| (بکەر) | (کردار) |
| من | کەوتم |
| ( ) | کەوتم |

لەرووی واتاشەوە کردار بەشێوەیەکی گشتی رووداوێك، یان بار(حاڵەت)ێك دەگەیەنێت[2]. بۆ نموونە:

منالّەکە یاریکرد. (رووداو)

منالّەکە پاکبوو. (بار- حالّەت)

**١-٦ جۆرەکانی کردار لەرووی فۆڕمەوە:**

پێش ئەوەی باسی ئەم بابەتە بکەین، پێویستە هەوڵوکۆششی زمانەوانییەکان لەم بارەیەوە نیشانبدەین و بەکورتی ئاوڕێك لە بۆچوونەکانیان بدەینەوە و تیشکیان بخەینەسەر.

**١-٦-١ دابەشکردنی کردار لەرووی فۆڕمەوە:**

لە کارو بەرهەمی ئەو زمانەوانانەی لە کردار و جۆرەکانی دواون، چەند راو بۆچوونێکی جیاواز سەبارەت بە جۆرەکانی کردار لە رووی فۆڕمەوە بەرچاودەکەون، کە

---


[1] د.محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، موحازراتی خوێندنی بالاّ، ١٩٩٩-٢٠٠٠

[2] بڕوانە: محەمەد مەعرووف فەتاح،أ-٤٧،١٩٨٩.

کردارییان بەسەر چەند جۆرێکی جیاوازدا دابەشکردووە. لێرەدا بەمەبەستی نیشاندانی پەیوەندی نێوان دابەشکردنەکان لەلایەك و پەیوەندی لەگەڵ دابەشکردنەکەی ئێمەدا لەلایەکی ترەوە، تەنیا بیرۆکەی دابەشکردنە سەرەکییەکان دەخەینەڕوو، لەوانە:-


یەکەم:

ژمارەیەك زمانەوان کردارییان بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشکردووە، بەم شێوەیە:[1]




(کەوت، خست...)[2].            (هەڵکەوت، داخست، یاریکرد، نوێژیکرد....).

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد،بەشی دووەمی یەکەم دابەشکردن لە چەند شێوەیەکدا پۆل پۆل دەکەن. وەك لە خوارەوە نیشاندراوە[3].




---

[1] بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: (تۆفیق وەهبی، ١٩٢٩ ،٢٨)، (نووری عەلی ئەمین، ١٩٦٠، ١٥٦)، (جەمال نەبەز، ١٩٧٦، ٣٥) (محەمەد ئەمین هەورامانی، ١٩٧٣، ١٥٩)، (ئەحمەد حسن ئەحمەد، ١٩٧٦، ٢١٠).


[2] سەبارەت بە نموونەو بەڵگە هێنانەوە بۆ جۆرەکانی کردار، زمانەوانەکان دەبن بە دوو کۆمەڵەوە، کۆمەڵێکیان فۆڕمی گەردانکراوی وەك: (کەوت، خست....) دەکەنە بەڵگە، بڕوانە: (نووری عەلی ئەمین، ١٩٦٠، ١٥٦) و کۆمەڵەی تریشیان ناوی رووداو (چاوگ) بە نموونە دەهێننەوە، بڕوانە: (جەمال نەبەز، ١٩٧٦، ٣٥).

[3] بۆ زانیاری لەو بارەیەوە، بڕوانە: لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ٢٣٢-٢٣٤.

(خواردی، نوست..) (سەریبڕی، دەستیگرت..) (هەڵیگرت، دابەزی..) (دەستیلێهەڵگرت، دەستیکردەوە..)


سێیەم:

هەندیك زمانەوان لە کرداری ناسادەی دووەم دابەشکردندا، تەنیا دارێژراو و لێکدراو جیادەکەنەوە. وەك: لەم هێڵکاریەدا دەرخراوە[1]:




چوارەم:

دەستەیەکی تر لە زمانەوان، سێ جۆری سەرەکی کردار دەستنیشاندەکەن[2] و سنووری نێوانیان دیاریدەکەن[3].




---


[1] بۆ زانیاری لەو بارەیەوە، بڕوانە: (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٦٨) ، (د.نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، ١٩٨٢، ١٢٨) ، (نووری عەلی ئەمین، ١٩٨٦، ١٨).

[2] کوردیف کردار لە رووی دارِشتنەوە بەسەر (رەگی و دارێژراو و لێکدراو)دا دابەشدەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی جۆرەکانی لەگەڵ یەکدا تێکەڵکردووە، بۆیە دابەشکردنێکی سەربەخۆمان بۆ تەرخانکردووە. بۆ زانیاری لەوبارەیەوە، بڕوانە: کوردۆییف،١٩٨٤، ١٦٢، وەرگێڕانی د. کوردستان موکریانی.

[3] بۆ زانیاری لەو بارەیەوە، بڕوانە: لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ١٩٨٤، ٤٥-٥٠، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

پێنجەم:

محەمەد مەعروف فەتاح لەسەر بنەمای مۆرفیم، بە تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز لە سەرنج و راکانی زۆربەی بۆچوون و دابەشکردنەکانی پێشوو، تەنیا دوو پۆل کردار جیادەکاتەوە[1].




## ١-٦-٢ چەند سەرنجێك لەسەر دابەشکردنەکان:

لە پێناو بەدەرخستنی رۆنانێکی گونجاو و لەبار بۆ کردار، زۆر بەکورتی چەند سەرنج و تێبینییەك لەم بارەیەوە نیشاندەدەین:

١. کرداری داڕێژراو (هەڵکەوت) و کرداری لێکدراو (یاریکرد) لەیەکەم دابەشکردندا تێکەڵ بەیەك کراون و جیانەکراونەتەوە، بەڵام لە هەموو دابەشکردنەکانی تردا، (بەهەر پێوانەیەك بێت) ئەم دوو جۆرەی کردار لەیەکتر جیاکراونەتەوە و سنووری نێوانیان دیاریکراوە.

٢. تەنیا دابەشکردنی دووەم، کرداری ئاوێتە (دەستیلێهەڵگرت)ی لە کرداری ناسادەدا جیاکردۆتەوە و بە جۆرێکی سەربەخۆی وەك داڕێژراو و لێکدراوی داناوە، بەڵام لە راستیدا ئەم جۆرەش دەچێتە ناو کرداری لێکدراوەوە و هەمان جۆرن.[2]

٣. لەناو جۆرەکانی کرداردا جەختی تەواو دەخەینە سەر کرداری لێکدراو، کەمەبەستی سەرەکیی بابەتەکەمانە و لە هەموو دابەشکردنەکاندا ناوی هاتووە، بەڵام بەشێوەیەك

---

[1] بۆ زانیاری لەو بارەیەوە، بڕوانە : محەمەد معروف فەتاح، أ-١٩٨٩، ٤٤.

[2] بڕوانە: (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧، ٩٠)، (محەمەد مەعروف فەتاح، أ-١٩٨٩، ٤٦-٤٧).

تاڕادەیەك دروست و لەبار لە دابەشکردنی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدا، بە جۆرێکی سەربەخۆی کردار دانراوە و سنووری دیاریکراوە.

٤. بۆچوونی دوا دابەشکردن لەزۆر رووەوە لە بۆچوونەکانی تر گونجاوتر و لەبارترە، لەبەر ئەوەی لە جیاکردنەوەی جۆرەکانی کرداردا، بنەمای مۆرفیم لەبەر چاوگیراوە، کە لەچاو ئەو پێوانانە(پارچە، وشە..)کە لە دابەشکردنەکانی تردا گیراوەتەبەر، پێوانەیەکی وردو سنووردارە بەم پێیەیش رەچاوی مۆرفیمی کات و جێناوەلکاوەکان کراوە، کە لەدابەشکردنەکانی تردا پشتگوێخراوە[1].

٥. بیروڕای دوا دابەشکردن، بەپێچەوانەی دابەشکردنەکانی ترەوە زۆر چاك بۆ ئەوە چووە و بەشێوەیەکی زانستیانە روونیکردۆتەوە، کە کرداری سادە لەم دیالێکتەدا نییە، بەواتایەکی تر ئەوەی سەلماندووە، کردار نییە تەنیا لەیەك مۆرفیم پێکبێت[2]. لە کاتێکدا لەهەموو دابەشکردنەکانی تردا، کرداری سادە بە جۆرێکی سەرەکیی کردار لە قەڵەمدراوە، ئەمەش گەورەترین خاڵی سەرەکیی کەموکووڕیی دابەشکردنەکانی پێشترە، تەنانەت لە دارێژراو و لێکدراویشدا، چونکە بە بۆچوونی ئەمان بنەمای سەرەکیی داڕشتنی ئەم دوو جۆرە کردارەش، کرداری سادەیە.

٦. شایەنی باسە محەمەد مەعروف لە دابەشکرنەکەیدا لە روانگەیەکی نوێ و بەلەبەر چاوگرتنی جۆرەکانی مۆرفیم لێکۆڵینەوەکەی بەئەنجامگەیاندووە و زۆرباش ئەوەی دیاریکردووە، کرداری (رادەکەن) لە { را-} ، { دە- }، {کە}، {- ن} پێکهاتووە[3]. بەڵام لە رۆنانی کرداردا بەیەك چاو تەماشای لاگری گەردانکردن و داڕشتنی کردووە و چەند هۆیەکیشی هێناوەتەوە و کردوونی بە بەڵگە و پاڵپشت، بۆئەوەی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە مۆرفیمەدا نەکات و هەموویان هەر بە مۆرفیمی بەند دابنێت[4]، لەئەنجامی ئەمەشدا جگە لە کرداری لێکدراو هەموو کردارەکانی تر (سادە و داڕێژراوی دابەشکردنەکانی تر)ی بە داڕێژراو داناوە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر چی ئەم دوو

---

[1] محەمەد مەعروف فەتاح، أ-١٩٨٩، ٤٥.


[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە، ٤٢.

[4] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ٤٣-٤٥.

جۆر لاگرە لەچەند خاڵێکدا هاوبەش و ناوکۆن، بەڵام لەچەند ڕوویەکی ترەوە جیاوازن و هەریەکەیان خاوەنی خاسیەت و تایبەتیی خۆیانن، بۆیە ئێمەلەگەڵ ئەوەداین هەروەك چۆن مۆرفیمی سەربەست لە بەند جیادەکرێتەوە، بەهەمان شێوە پێویستە لاگری گەردانکردن لە لاگری داڕشتن جیابکرێتەوە و وەك دوو جۆری جیاواز لە جۆرەکانی کرداردا سەیربکرێن(١).

پاش نیشاندان و بەراودکردنی دابەشکردنەکان، بەپێی سروشتی کردارەکان و بەلەبەر چاوگرتنی بنەمای مۆرفیم و ئەو پێوانانەی لە جۆرەکانی وشەدا گرتومانەتەبەر. جۆرەکانی کردار لەرووی فۆڕمەوە بەم جۆرەی لای خوارەوە دابەشدەکەین:




بەپێی ئەم دابەشکردنە، هەموو کردارێك بەیاسای مۆرفۆلۆژی لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکانەوە پێکدێت. واتە کردارمان نییە تەنیا یەك فۆڕم بێت، بەڵکو کردار فۆڕمی ئالۆز و لێکدراوی هەیە. لەبەر ئەوەی لاگری گەردانکردنی کردار بەشداری پێکهاتنی هەموو جۆرەکانی کردار (بنەڕەتی، داڕێژراو،لێکدراو) دەکات و کرداری بنەما و سەرچاوەی داڕشتنی کرداری داڕێژراو لێکدراوە، بۆیە لە دیاریکردنی فۆڕمەکانی کرداردا پەنامان بردۆتە بەر مۆرفیمی سەربەست (رەگ) و کردوومانەتە پێوانە لە جیاکردنەوەو دیاریکردنی سنووری نێوان کرداری ئالۆز و لێکدراودا.

---

١ شایەنی باسە د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە وتاێکی رەخنەیدا داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات، کە پێویستە لە رۆنانی کرداردا جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە مۆرفیمەدا بکرێت، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٩٧، ٩-١٠.

کردار — ئاڵۆز: -مۆرفیمی سەربەست....
کردار — لێکدراو: +مۆرفیمی سەربەست...

بەم پێیــەش ئــاڵۆز ئــەو کردارەیــە، جگــە لــەڕەگی کــردار ئــەو مۆرفیمانــەی بەشــداری پێکهــاتنی دەکەن،هــەموویان لاگــرن. بــۆ جیاکردنــەوەی کــرداری بنــەڕەتی و داڕێــژراویش لەیەکتری، لاگری داڕشتنمان کردۆتە پێوانە.

ئاڵۆز — بنەڕەتی : -لاگری داڕشتن...
ئاڵۆز — داڕێژراو : + لاگری داڕشتن...

بەمەبەستی نیشاندانی جۆرەکانی کردار و چۆنێتیی پێکهــاتن و شــێوەی ســازبوونیان، لێرەدا بەکورتی لە کرداری بنەڕەتی و کرداری داڕێژراو دەدوێین و بەشەکانی داهــاتووش بــۆ کرداری لێکدراو تەرخاندەکەین.

### ١-٦-٣ کرداری بنەڕەتی

ئەو کردارەیە، جگە لە ڕەگــی کــردار ئــەو مۆرفیمانــەی بەشــداری پێکهــاتنی دەکــەن، هــــەموویان لاگــــری گــــەردانکردنن. بــــۆ دەستنیــــشانکردن و دیــــاریکردنی پــــۆلی کــــردارە بنەڕەتییەکان، با سەرنجێك لەم ڕستانەی خوارەوە بدەین و لەگەڵ یەکدا بەراوردیان بکەین:

(ئێوە) نامە دەنووسن.
(ئێوە) نامە بنووسن.
(ئێوە) نامە نانووسن.
(ئێوە) نامە تان نووسی.

کرداری بنەڕەتی

ئەگەر ئەم کردارە بنەڕەتییانە بۆ مۆرفیمەکانیان دابڕبکەین و لەناو خۆیاندا بەراوردیان بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بەلایەنی کەمەوە هەریەکەیان لە سێ مۆرفیمی سەرەکی (ڕەگ ، کات، کەس و ژمارە) پێکهاتوون. وەك لە خوارەوە نیشاندراوە:

| {کات} | {ڕەگی کردار} | {کەس و ژمارە} |
|---|---|---|
| دە | نووس | ن |
| ب | نووس | ن |
| نا | نووس | ن |
| ی | نووس | مان |

ڕەگی کردار لە هەموو کردارەکاندا دووبارە بۆتەوە و بریتییە لە{نووس }، کە مۆرفیمێکی بناغەیە و بنەمای پێکهاتن و سازبوونی کردارە و هەڵگرو پارێزەری واتای فەرهەنگیی کردارەکەیە، بەڵام دوو مۆرفیمەکەی تر ({کات}،{جێناوە لکاوەکانی ڕێکەوتن }) لە شێوەی لاگری گەردانکردندا پابەندن، کە ناکرێت هیچ کامێکیان پشتگوێبخرێت، چونکە هیچ کردارێك بێ ئەم دوو لاگرە تەواونابێت[١] و بەلابردنیان فۆڕم و واتای کردارەکە دەشێوێت [٢].

دەنووسن. *دەنووس. *...نووس. *دە...ن.

بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندنی یاسای پێکهاتنی کرداری بنەڕەتیش، کە بەلایەنی کەمەوە لە سێ مۆرفیم پێکدێت، لێرەدا بە کورتی چۆنیەتی دروستەی کرداری ڕانەبردوو و ڕابردووی ئیخباریی یەکەیەکە شیدەکەینەوە:

### ١-٦-٣-١ کرداری ڕانەبردوو (ئێستا و داهاتوو):

بەمەبەستی جیاکردنەوە و پۆلکردنی مۆرفیمەکانی کرداری ڕانەبردوو، با سەرنج بدەینە بەراوردکردنی ئەم کۆمەڵە کردارانەی لای خوارەوە:

---

[١] بڕوانە: محمد مەعروف فەتاح، أ-١٩٨٩، ٤٢.

[٢] لەراستیدافۆڕمی کرداری بنەڕەتی گەردانکراوە(Inflection)، چونکە مۆرفیمەکانی گەردانکرن (لاگری کات وکەس...) بەشێکن لە کردارەکە و لێی جیانابنەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ناومانناوە کرداری بنەڕەتی. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید،٢٠٠١، ٨١-٩٢.

| (٣) | | (٢) | (١) |
|---|---|---|---|
| م | دەنووســ | ب نووسێت | دە خەو ێت |
| ین | دەنووســ | نە نووسێت | دە بڕ ێت |
| یت | دەنووســ | نا نووسێت | دە کەو ێت |
| ێت | دەنووســ | دە نووسێت | دە نووس ێت |
| (جێناوی لکاو) | { کەس و ژمارە} | {کاتی رانەبردوو[1]} | {رەگی کردار} |

وەك دەردەکەوێت، یاسای بنەڕەتیکرداری رانەبردوو لە سێ مۆرفیمی رەگی کـردار و کاتی رانەبردوو و جێناوی لکاو پێکهـاتووە و بـە گـۆڕینی هەریـەکێکیان فـۆڕم و واتـای کردارەکـە دەگۆڕێــت، جێنــاوی لکــاویش کــە کــەس و ژمــارە نیــشاندەدات، لــە کــرداری رانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا هەمیشە لە دەستەی (م — ین) دەبێت . بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| دەنووس | م - ین | تێپەڕە |
| دەخەو | | تێنەپەڕە |

ئەو مۆرفیمانەی کرداری رانەبردوو پێکدەهێنن، لە شێوەی هێڵکاریدا بەم جـۆرەی لای خوارەوە ریزدەبن[1]:


---

[1] هەندێ زمانەوان مۆرفیمە بەشداربووەکانی کرداری رانەبردوو بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریدەکەن:

| | | |
|---|---|---|
| دە | نووســ | م |
| دە | چـ | ن |
| دە | کەو | ێت |

نیشانەی بەردەوامی رەگیرانەبردوو کەس (جێناوی لکاوی بکەری رێکەوتن)=

=واتە تێڕوانینیان بەو جۆرەیە، کاتی رانەبردوو لەناو رەگی کردارەکەدا تواوەیە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح، أ-١٩٨٩، ٤٣)، (وریا عومەر ئەمین، ب-١٩٩٢، ٨٨-٩٢).




{{ دە + نووس } + م } ← دەنووسم.

{{ دە + خەو } + ێت } ← دەخەوێت

کرداری رانەبردووی ئینشائی و فەرمانیش بەهەمان یاسا پێکدێن و یەك دروستە و پەیڕەویان هەیە، تەنیا جیاوازییان لە گۆڕینی جۆری لاگری گەردانکردندایە. بۆ نموونە:

{{ ب+ کەو } + م } ← بکەوم. رانەبردووی ئینشائی

{{ ب + کەو } + ە } ← بکەوە. فەرمان

### ٢-٣-٦- کرداری رابردوو:

رابردووی سادە لە رووی تافەوە شیدەکەینەوە و مۆرفیمە بەشداربووەکانی دیاریدەکەین و چۆنیەتی ریزبوونیان نیشاندەدەین. بۆ روونکردنەوەی ئەم مەبەستەش بابڕوانینە بەراوردکردنێکی ئەم کردارە رابردووانەی لای خوارەوە:

---

[١] کوردۆ عەلی، ١٩٩٢، ٥.

| (٢) تێنەپەڕ: | | (١)تێپەڕ: | |
|---|---|---|---|
| فڕیـ | م | سڕیـ | م |
| فڕیـ | ین | سڕیـ | مان |
| فڕیـ | ت | سڕیـ | ت |
| فڕیـ | ن | سڕیـ | تان |
| فڕیـ | Ø | سڕیـ | ی |
| فڕیـ | ن | سڕیـ | یان |

{ کەس و ژمارە }....جێناوی لکاو....{ کەس و ژمارە }

مۆرفیمی کەس و ژمارە (جێناوی لکاو) لەگەڵ تێپەڕدا دەستەی (م — مان) و لەگەڵ تێنەپەڕ دەستەی (م — ین) بەشداری پێکهاتنی کردارەکەی کردووە و بەلابردنی ئەم لاگرانە لە کردارەکە، قەدی کردارەکە (سڕی ، فڕی) دەمێنێتەوە. بەبەراوردکردنی ئەم قەدانەش لەگەڵ یەکدا ئەوەمان بۆ ساغدەبێتەوە، کە یەك مۆرفیم نین، بەڵکو لە رەگی کردار و پاشگری رابردووی (- ی) پێکدێن:

| | |
|---|---|
| سڕیـ | ی |
| فڕیـ | ی |
| کڕ | ی |
| { رەگی کردار } | { کاتی رابردوو } |


بەهەمان شێوە و رێباز بەو راستییە دەگەین، کە پێنچ مۆرفیمی رابردوو بە گوێرەی جۆری رەگی کردارەکان، لە شێوەی پاشگردا دەردەکەون[1]. ئەمەش یاسای سەرەکی و بنەڕەتی پێکهاتنی کرداری رابردووە. وەك:

| | | |
|---|---|---|
| بڕ | ی | م |
| هێن | ا | ت |
| چ | وو | ین |
| مر | د | Ø |
| کەو | ت | ن |

[1] (کوردۆ عەلی، ١٩٩٢، ٦) ، (وریا عومەر ئەمین، ب-١٩٩٢، ٩٠).

{**رەگی کردار** } { کاتی رابردوو[1] } { کەس و ژمارە }

ئەو مۆرفیمانەی کرداری رابردوو پێکدێنن، لە شێوەی هێڵکاریدا بەم جۆرەی لای خوارەوە ریزدەبن.[2]




{{ بڕ + ی } + م } ⟵ بڕیم.

{{ هێن + ا } + مان } ⟵ هێنامان.

{{ چ + وو } + یت } ⟵ چوویت.

{{ خەو + ت } + ن } ⟵ خەوتن.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کرداری بنەڕەتی (رانەبردوو ، رابردوو) بەلایەنی کەمەوە لە سێ مۆرفیمی سەرەکی پێکدێت. هەرچەندە ئەمە کەمترین مۆرفیمی بەشداربووە،

---

[1] نیشانەی کاتی رابردوو لە زمانی فارسییشدابریتییە لە ({ -د} ، {-ت} ...)، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: رشید یاسمی..(دستور زبان پنج استاد)، ١٣٧٨، ١٨٣.

[2] کوردۆ عەلی، ١٩٩٢، ٦ .

چـونکە لـەو پێوانەیـەی بـۆ جۆرەکـانی کردارمـان دانـاوە، ڕەچـاوی ژمـارەی مۆرفیممـان نـەکردووە، بـەڵکو لەسـەر بنـەمای جـۆر و سروشـتی مۆرفیمـەکان فـۆڕمی کردارمـان جیاکردۆتەوە. لەبەر ئەوە دەشێت لە پێکهاتنی کرداری بنەڕەتییدا سێ مـۆرفیمیش زیـاتر بەشدارییبکات، بەمەرجێك ئەو لاگرەی (یان زیاتر)، کە بۆ کردارەکە زیاد دەکرێت، دەبێـت لاگری گەردانکردن بێت، ئەگینا لە سنووری کرداری بنەڕەتی دەردەچێت. بۆ نموونە:

کرداری ڕابردووی بەردەوام

={بەردەوامی } + {ڕەگی کردار } + {کاتی ڕابردوو }+ {جێناوی لکاو}

{دە } + **{کەو}** + {ــت } + { ــم} ← دەکەوتم.

کرداری ڕابردووی نەرێکراو

={نەرێ } + {ڕەگی کردار } + {کاتی ڕابردوو }+ {جێناوی لکاو}

**{نە } + {کەو}** + **{ــت }** + { ــیت} ← نەکەوتیت.

ئەم مۆرفیمانە( ڕەگی کردار و لاگرەکان) بەگوێرەی دروستەیەك دوو دوو لەیەکدەدرێن، بۆ سازکردنی کردارەکە. وەك لە خوارەوە نیشاندراوە[1].

[دە + [[کەو + ت]+ م]] ← دەکەوتم.

[نە + [[کەو + ت]+ ین]] ← نەکەوتین.

### ١-٦-٣-٣ پەیوەندی ڕەگی کردار بە قەد و کردارەوە:

وەك ڕوونمـانکردەوە مـۆرفیمی بناغـە لـە پێکهـاتنی هـەموو کاتەکانـدا (ڕانـەبردوو / ڕابردوو...)و ڕێژە (ئیخباری / ئینشائی...)یەکی کرداردا، ڕەگی کردارە.

ژمارەیەکی زۆری ڕەگی کردارەکان بێ گۆڕانکاری و بەهاوکاری لاگرەکان، فـۆڕمی کرداری ڕانەبردوو پێکدەهێنن. وەك:

{دە}+ { کەو / نووس / خەو ؛ چ / بەز / فڕ ؛ س / لەرز/ کەو... } + {جێناوی لکاو} ← کرداری ڕانەبردوو.

---

[1] بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: ((دروستەی ناوەوەی کرداری لێکدراو)، لەم نامەیەدا ، ل(٤٨-٥٤).

بـەڵام لـە هەنـدێك رەگـدا گۆڕانكـاری بەرچـاودەكەوێت، بـە وێنـە دوای تێـڕوانین و لێوردبوونەوە لـەو نموونانـەی خـوارەوە و پـاش جیاكردنـەوەی مۆرفیمـەكانی، ئـەوەمان بـۆ ئاشكرا دەبێت، رەگی كردار بریتییەلە {شۆڕ}

جلـ شۆڕ
مردو شۆڕ
شۆڕ درا
شۆڕ دم
{رەگی كردار}

بەڵام ئەم {شۆڕ}ـە ، كاتێك دەبێتە بناغە لە پێكهاتنی كـرداری رانـەبردوو (دەشـۆم)، دەبیـنین فـۆنیمی (ر) تیاچـووە و (شـۆ) ماوەتـەوە، هەرچـەندە فـۆڕمی (دەشـۆم)یـش بەكاردەهێنرێت. لە پێكهاتنی كرداری رابردووشدا، كاتێك پاشگری رابـردوو (ی، ا، ت، د، وو)دەچێتە سەر رەگی كردار و قـەدی لێ پێكـدێت[1]. لـە ئـەنجامی ئـەم لێكدانـەدا، رەگـی كردارەكان لە رووی گۆڕانكارییەوە بەسەر دوو كۆمەڵەی سەرەكیدا دابەشدەبن:

١-ئەو رەگانەی كاتێك پاشگری رابردوویان دەچێتە سـەر، وەك خۆیـان دەمێنێتـەوە و بەپێی یاسایەكی چەسپاو و بنەڕەت قەدیان لێپێكدێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| {رەگی كردار} | + | {كاتی رابردوو } | ← | قەدی كردار |
| سڕ / دڕ/ فڕ/دز | + | {-ی} | ← | سڕی/دڕی/كڕی/فڕی/دزی |
| هێن / پێو/ كێش/ كێڵ | + | -ا} | ← | هێنا/پێوا/كێشا/كێڵا |
| كەو/ خەو/ فرۆش | + | {-ت} | ← | كەوت/خەوت/فرۆشت |
| چ/ب | + | {-وو} | ← | چوو/بوو |
| مر | + | {-د} | ← | مرد |

٢- ئەو رەگانەی لە ئەنجامی ئەوەی پاشـگری رابردوویـان دەچـێتە سـەر، گۆڕانكاریـان بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانكارییانەش هەندێكیان بەپێی یاسا دەگۆڕێن. وەك:

{كوژ} / {چێژ} + {ت } ← كوشت / چێشت.

[1] ئێمە لەگەڵ ئـەو بۆچـوونەداین كـە نـاوی رووداو (چـاوگ) لـە سـێ مـۆرفیم (رەگـی كـردار، كـاتی رابـردوو،(ن)ی چـاوگ) پێكهاتووە. بڕوانە : عەبدوڵڵا حوسێن رەسوڵ ١٩٩٥، ٩٧.

لەم جۆرە نموونانەدا کاتێك فۆنیمی (ت)ی کپ چۆتە سەر فۆنیمی (ژ)ی ئاوەزدار، (ژ)ـەکەی گۆڕیووە و کردوویەتی بە (ش)ی کپ (کوژ / چێژ ← کوش / چێش)[1]، بەواتایەکی تر وەك خۆی کپی کردووە، ئەمەش بریتییە لەیاسای تواندنەوە(Assimilation)[2]. هەندێك رەگی کرداریش، لە یاسا بنەڕەتییەکە لادەدەن و بە ناچاری دەگۆڕێن. وەك: {مین}+ {ـ ا} ما

کەواتە لە ئەنجامی خستنەسەری پاشگری رابردوو بۆ سەر رەگی کردار قەد پێکدێت، کە ئەمەش یاسای سەرەکی و بنەڕەتی پێکهاتنی قەدە.[3]

## ١-٦-٤ کرداری داڕێژراو:

ئەو کردارەیە لەرووی فۆڕمەوە لە کردارێکی بنەڕەتی داڕشتن (یان زیاتر) دروستبووە، کە پێکەوە کردارێکی تازە بە واتایەکی نوێ سازدەکەن. بۆ نموونە: (هەڵدەکات، دادەکات، رادەکات...)لە پێشگری داڕشتنی (هەڵ، دا، را...)و کرداری بنەڕەتیی (دەکات) دروستبووە.

---

[1] ئەم رەگی کردارانە یەکێکیان ئەلۆمۆرفی ئەوی تریانە، لێرەدا (کوش / چێش) ئەلۆمۆرفی (کوژ / چێژ)ـە.

[2] د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٣.

[3] پەیوەندی نێوان رەگی کردار و قەدی کردار بەهەر بۆچوونێك بێت (رەگ بنەمای پێکهاتنی قەد بێت، یان بە پێچەوانەوە رەگ لەقەدەوە وەربگیرێت)، ژمارەیەکی زۆریان بەر یاسایەکی بنەڕەتی دەکەون، هەرچەندە هەندێکیان لەم یاسایە لادەدەن. ئەم پەیوەندییەش لە بنەڕەتدا یەك شتە، تەنیا شێوازی لێکدانەوەیان جیاوازە. بۆ نموونە:

أ- ئەگەر رەگ بنەما بێت: {نووس} + {ـی} نووسی (وەك خۆی بێ گۆڕانکاری).

{کوژ} + {ـت} کوشت ( ژ) گۆڕاوە بە (ش).

ب- ئەگەر قەد سەرچاوە بێت: نووسی - {ـی} {نووس} (وەك خۆی بێ گۆڕانکاری).

کوشت - {ـت} {کوژ} (ش) گۆڕاوە بە (ژ)

بۆ روونکردنەوەی زیاتر لە بارەی پەیوەندی نێوان رەگ و قەدی کردار و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم نێوانەدا روودەدات، بڕوانە:(د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ١٢٦-١٤٧)، (کوردۆ عەلی ، ١٩٩٢، ١٠)،( د. وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٠، ٢٣٢).

کــــرداری دارِێـــژراو وەك دانەیـــەکی فەرهــــەنگی و رستەســـازیی ســــەربەخۆ بەکاردەهێنرێت. بۆ راستی ئەم مەبەستە برِوانە پۆلی کرداری ئەم رستانەی خوارەوە:

(من) تۆپەکە هەڵ دەگرم
(من) تۆپەکە دا دەگرم
(من) تۆپەکە را دەگرم
(من) تۆپەکە وەر دەگرم
(من) تۆپەکە دەگرم ـەوە
کرداری دارِێژرا

کردارە دارِێژراوەکان لە ریِی چەند یاسایەکی هەمەجۆرەوە بە رێگەی دارِشتن سازبوون، کە تیایدا لاگر (پێشگر و پاشگر)ی دارِشتن [1] دەخرێتە سەر کرداری بنەرِەتی . لەو یاسایانەش:

١-پێشگری دارِشتن + کرداری بنەرِەتی ← کرداری دارِێژراو

وەك: (رادەگیرێت، رادەخات، هەڵدەگیرێت، هەڵدەچێت، دادەچێت، دادەخات، وەردەگیرێت، وەردەگەرِێت، پێدەکەنێت، پێدەگات، تێدەگات، تێدەگرێت، تێدەگات، لێدەدات، لێدەچێت...).پێشگری دارِشتن لە دروستبوونی کرداری دارِێژراودا رۆڵێکی چالاکی هەیە و واتای ئاراستەی روودانی کردارەکە، یان چەمکێکی نوێ بە کردارە بنەرِەتییەکە دەبەخشێت.

٢-کرداری بنەرِەتی + پاشگری دارِشتن ← کرداری دارِێژراو

وەك: (دەکاتەوە، دەباتەوە، دەخوێنێتەوە، دەخواتەوە...)

٣-بەرهەمی دوو یاسای سەرەوە، کە کردارێکی دارِێژراوە، دەشێت جارێکی تر بە رێگەی دارشتندا برِوات و لەگەڵ لاگری دارِشتندا دووبارە لێکبدرێن و کرداری دارِێژراوی تری لێ سازبکرێت. وەك: (هەڵدەکاتەوە، هەڵدەداتەوە، هەڵدەگرێتەوە، لێدەکاتەوە، لێدەبێتەوە....).کرداری دارِێژراو بەهەنگاوێکی دوای کرداری بنەرِەتی دادەنرێت، بەواتایەکی تر ئەگەر کرداری بنەرِەتیمان نەبوایە، نەدەتوانرا کرداری دارِێژراو ساز بکرێت.

---

[1] بۆ رۆڵی ئەوپێشگر و پاشگرانەی لە دارِشتنی کرداری دارِێژراودا چالاکن، برِوانە: د. ئەورِەحمانی حلجی مارف، ٢٠٠٠، ٦٨-٩٧.

لەگەڵ ئەوەی چەند کردارێکی دارێژراو هەن، ئەمڕۆ ئەگەر پاشگرە دارشتنەکەیان لێ لابرێت واتایان نامێنێت و فۆرمی کردارە بنەڕەتییەکەیان بەتەنیا بەکارناهێرێت[1]. وەك:

| کرداری دارێژراو | کرداری بنەڕەتی |
|---|---|
| دەپاڕێمەوە | *دەپاڕێم |
| دەخولێتەوە | *دەخولێت |
| دەحەسێتەوە | *دەحەسێت |

## دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی دارشتنەوە

**٢-١ سەرەتا:**

کرداری لێکدراو بەشێکی گەورەی فەرهەنگی کرداری دیالێکتی کرمانجیی خواروو پێکهێناوە، بەجۆرێك ئەگەر لە ژمارەی کرداری بنەڕەتیی ئەم دیالێکتە بڕوانین، زۆر کەمترە لە چاو ژمارەی کرداری ئەم زمانانەی خوارەوەدا[٢]:

زمانی فەرەنسی: ١٢٠٠٠ کردار

زمانی ئیسپانی: ١٢٠٠٠کردار

---

[١] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ٢٤١.

[٢] بڕوانە: (یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨،أ)، (د. شێرکۆ بابان، ٢٠٠٠، ٧٤).

زمانی ئەڵمانی: ٨٠٠٠ کردار
زمانی ئیتاڵی: ٨٠٠٠ کردار
زمانی ئینگلیزی: ٦٠٠٠ کردار

سروشتی زمانی کوردی بۆ گەیشتن بەم ڕێژەیە و پڕکردنەوەی کەلێنی ئەو ڕووداو و بار (حاڵەت)انەی کرداری بنەڕەتیی بەرانبەریان نییە، جگە لە خوازە[1] سودێکی زۆری لە ڕێگەی دارِشتن و لێکدان بینیوە و لەم دوو ڕێگەیەوە بەتایبەتی دووەمیان، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەکرۆکی بابەتەکەمانەوە هەیە، دەرگای بۆ دروستبوون و بەرهەمهاتنی سەدان کرداری نوێ بەواتای نوێ خستۆتە سەرپشت. بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| یاریکرد | جوانیکرد | تەمێییکرد |
| شەڕیکرد | پاکیکرد | ونیکرد |
| بۆنیکرد | گەورەیکرد | فێریکرد |
| کاریکرد | سڕیکرد | توشیکرد |
| قسەیکرد | تەڕیکرد | بەخێویکرد |

ئەم کردارە لێکداراوانە لەڕووی دارِشتنەوە بە چەند شێوەیەك دابەشبوون و لە چەند دەستەیەکی جیاوازدا دەردەکەون، کەهەر دەستەیەکیان بەیاسایەك سازبووە و خاوەنی تایبەتێتی و هاوخاسیەتی خۆیەتی.

## ٢-٢ پێناسەی کرداری لێکدراو:

---

[1] مەبەست لە بەکارهێنانی فۆڕمی کردارێکە بە چەند واتایەك، بۆ نموونە:

بەربوو:
خوێنی لوتی بەربوو (پژا).
لە بەندینخانە بەربوو (ئازادکرا).
چۆلەکەکە لە دەستم بەربوو (فڕی).

پێش ئەوەی پێناسەی کرداری لێکدراو بکەین، بە بیرورا و تێروانینی هەندێك زمانەواندا دەچینەوە و تیشکدەخەینەسەر هەندێك لایەنی ئەو پێناسانەی، کە لەسەر بنەمای مۆرفیم کراوان[1] و بە کورتی هەڵیاندەسەنگێنین، لەوانە:

• نوری عەلی ئەمین سەبارەت بە پێناسەی کرداری لێکدراو دەڵێت:- ((ئەو کارەیە لە فرمانێکی سادەو ووشەیێکی واتادار پێك هاتبێت و بەهەردووکیان واتەیەکی تازە پێك بهێنن، کە هیچ کامیان بە تەنیا بیان گرین، ئەو واتایە نابەخشن، وەك: بڕیارم دا، سوێندی خوارد، قەپاڵت گرت...)).[2]

ئەگەر کەمێك لەم پێناسەیە وردبینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بەبۆچوونی نووری عەلی ئەمین کرداری سادە هەیە و لە تاکە مۆرفیمێك پێکدێت، کە ناشێت کەرتبکرێت[3].بەلاّم ئەم بۆچوونە پەسەند نییە، چونکە وەك لە جۆرەکانی کرداردا ڕوونمانکردەوە،

لەدیالێکتی کرمانجیی خواروودا هیچ کردارێك نییە لەبنەڕەتدا بریتی بێت لەیەك مۆرفیم، تەنانەت ئەگەر ئەو کردارانەش بەبەڵگە وەربگرین، کەلەپێناسەکەیدا نووسیوونی، پاشان وشە واتادارەکانیان لێجیابکەینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە(فرمانی سادە- بەڕای نووری عەلی ئەمین)، بچووکتر دەکرێنەوە، بەواتای ئەوەی لە مۆرفیمێك زیاترن. وەك لەخوارەوەدا نیشاندراوە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| کرداری لێکدراو- وشەی واتادار = | مۆرفیمی جێناوی لکاو | مۆرفیمی ڕەگی کردار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو |

[1] ئەو بەرهەمانەی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە نووسراون، بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی کرداری لێکدراویان تێداکراوە، بەلاّم ئێمە جەختدەکینە سەر ئەو پێناسانەی، کەلە سەر بنەمای مۆرفیم کراون، چونکە لەبەر ڕۆشنایی بیری مۆرفیمدا لە فۆڕمەکانی کردارمان کۆڵیوەتەوە.

[2] نووری عەلی ئەمین، ١٩٨٦، ١٨.

[3] هەمان سەرچاوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بڕیارمدا - بڕیار | = | م | ده | ا |
| سوێندیخوارد - سوێند | = | ی | خوار | د |
| قەپاڵتگرت - قەپاڵ | = | ت | گر | ت |

جگـە لەمـە زاراوەی کـار و فرمـانی وەك یـەك بـەکاربردووە، باشـتر وابـوو یـەکێکیانی هەڵبژاردایە.

• بەبۆچـوونی مـەحموود فـەتحوڵڵا ئەحمـەدیش کـرداری لێکـدراو:- ((بریتیـە لـەو کـارەی کەلەدوو مۆرفێم یا زیاتر پێك هاتبێ و بۆ گەیاندنی واتای خـۆی وەك وشـەیەکی سـەربەخۆ (سادە) لە ڕستەدا بەکار دەهێنرێ و لە کاری لێکـدراودا بەشـی یەکـەمی کارەکـە لـە نـاو، ئاوەڵناو، گرێی ئاوەڵکاری پێك دێت)).[1]

ئەم پێناسەیە زۆر ڕوون و ئاشکرا نییەو کەموکووڕی و ناتـەواوی لەوەدایـە، هەرچـەندە مۆرفیمیشی کردۆتە پێوانە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاست و دروسـت بەکارینـەهێناوە، چـونکە جۆری مۆرفیمەکانی دیارینەکردووە و ئەوەی ڕووننەکردۆتەوە مەبەستی لـە دوو مـۆرفیم چ جۆرێکە (سەربەست / بەند / لاگر...)؟ ئەمە جگە لەپابەندبوونی بە ژمارەی مۆرفیمـەوە، چونکە هیچ کردارێکی لێکدراو نادۆزینـەوە، لەتـەنیا دوو مـۆرفیم پێکهاتبێـت. سـەرەڕای ئەمەش پەنجەی بۆ ئەوە ڕانەکێشاوە، کە هەمیشە بەشێکی کرداری لێکدراو دەبێـت کـردار بێت.

• مستەفا محەمەد زەنگەنە بەم جۆرەی لای خوارەوە کرداری لێکدراومان پێدەناسێنێت:-

((ئەو کارەیە لە کارێکی ساکاری یاریدەدەر و مۆرفیمێکی ئازاد یا زیاتر ساز دەبێـت و وەکـو کـارێکی سـاکار-لەڕسـتەدا- بـەکاردێت و واتاکـەی لـە واتـای بەشـەکانی دوورناکەوێتەوە)).[2]

---

[1] مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمەد، ١٩٨٨، ٤١.

[2] مستەفا محەمەد زەنگەنە، ١٩٨٩، ١٤.

تێڕوانین و باری سەرنجی ئەم زمانەوانە لەگەڵ نووری عەلی ئەمیندا لەوەدا جیاوازە، کە بڕوای وایە کردار بەهۆی زیاتر لە مۆرفیمێکەوە پێکدێت. بۆ نموونە ژمارەی مۆرفیمەکانی کرداری (کەوت)ی بەم شێوەیە خستۆتەڕوو:[1]

کەوت: مۆرفیمی کردارەکەیە.

(   ) : مۆرفیمی بکەری کەسی سێیەمی تاك پەنامەکییە.

ئەو کاتەی ڕشتەی کردارەکە دەینوێنێت مۆرفیمە.

وێڕای ئەوەی لە دیاریکردن و جیاکردنەوەی مۆرفیمەکاندا ناتەواوی بەرچاو دەکەوێت، چونکە مۆرفیمەکانی ئەو کردارە بریتیین لە:

کەو : ڕەگی کردار.

ت : مۆرفیمی کاتی ڕابردوو.

Ø : جێناوی لکاوی کەسیی سێیەمی تاك.

زاراوەی ساکاریشی بەهەڵە بەکاربردووە، چونکە ئەو فۆڕمانە ناگرنەوە، کە لە مۆرفیمێك زیاترن.

ناتەواوییەکی تری ئەم پێناسەیە لەوەدایە، هەرچەندە واتای ژمارەیەك کرداری لێکدراو لە واتای بەشەکانی دوورناکەونەوە، وەك:

(لەتدەکات، سەردەبڕێت...)، بەڵام واتای ژمارەیەکیان بووە بە ئیدیەم و لەواتای بەشەکانیەوە دەستناکەون. وەك: (گوێشلدەکات، دڵی شکا، سکتنەسوتێت...).

• محەمەد مەعرووف فەتاح لە زمانەوانانی پێش خۆی گەلێك چاکتر پێناسەی کرداری لێکدراوی کردووە و دەڵێت:-

(( کاری لێکدراو بریتی یە لەو کارەی کە کارێکی داڕێژراو بەشداری لە پێك هێنانیدا بکات، بەڵام جگە لەمەش دەبێ بەلای کەمەوە کەرەسەیەکی تریشی لەگەڵدا بێت. ئەم کەرەسەیە کە بەزۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆیە لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکاردا ئاسایی پێش کارە داڕێژراوەکە دەکەوێ:

بەلێنی دا.  (ناو+ کاری داڕێژراو)

جیابۆوە.  (ئاوەڵناو+ کاری داڕێژراو)

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٥.

توندی کرد. (ئاوەڵکار+ کاری داڕێژراو)

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە هەندێ جار مۆرفیمێکی بەند یان چەند مۆرفیمێکی بەندیش کەرتی یەکەمی کارەکە پێك دەهێنن:

دەربەست نەهات. (دەر+ بەست) دەرکرابوو.

دەربازبووم. (دەر + باز) )).[1]

وەك لە جۆرەکانی کرداردا نیشانماندا، محەمەد مەعرووف بۆ یەکەم جار (بە زمانی کوردی) ئەوەی خستۆتەڕوو، کەلەم دیالێکتەدا کرداری سادە نییە. بەواتای ئەوەی کردار نییە لە تەنیا مۆرفیمێك پێکبێت. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی لە ڕوانگەی ڕێبازێکی تازەوە بۆ بابەتەکە چووە و درکی بەوە کردووە، لاگرەکانی گەردانکردنی کردار بەر خانەی مۆرفیم دەکەون و دەبێت لە ڕۆنانی کرداردا لەبەر چاو بگیرێن.

بەم پێیەش جگە لە کردارە لێکدراوەکان، جۆرەکانی تری کرداری بە داڕێژراو داناوە، کە بەلایەنی کەمەوە لە دوو مۆرفیم پێکدێن[2] و لەدارشتنی کرداری لێکدراودا بەشداریدەکەن، بەلاّم ئێمە جگە لە کرداری لێکدراو زاراوەی ئالۆزمان بۆ جۆرەکانی تری کردار بەکارهێناوە و دواتریش هەردوو جۆری کرداری بنەڕەتی و داڕێژراومان لێجیاکردۆتەوە. پاشان ئەوەمان دیاریکردووە، کرداری بنەڕەتی بەلایەنی کەمەوە لەسێ مۆرفیمی سەرەکی (ڕەگ، کات، کەس) پێکهاتووە.

کەواتە ئەگەر لە ژمارەی مۆرفیمەکانی کرداری لێکدراو بدوێین، ئەوە جگە لەم سێ مۆرفیمە سەرەکییە، بەلایەنی کەمەوە مۆرفیمێکی سەربەست (ڕەگ)ی لەگەڵدایە، ئەمەش کەمترین ژمارەی مۆرفیمی بەشداربووە لەکرداری لێکدراودا. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

سەر + کەو + ت + ین ← سەرکەوتین.

گاز + ی + گر + ت ← گازیگرت.

سوێند + دە + خۆ + م ← سوێند دەخۆم.

(سەربەست) (ڕەگ، کات، کەس) (کرداری لێکدراو)

---

[1] - محەمەد مەعرووف فەتاح، أ- ١٩٨٩، ٤٦.

[2] هەمان سەرچاوە،٤٤.

• یوسف شەریف سەعید لەم بارەیەوە نووسیویێتی:- ((کاری لێکدراو بریتی یە لەو ڕۆنانەی کە مەرجە کارێکی داڕێژراو بەشداری لە پێك هێنانی دا بکات و بەلای کەمەوە کەرەسەیەکی زمانیشی لەگەڵدابێت. بەگشتی کەرەسە زمانییەکە مۆرفیمێکی ئازادە، کەلە کۆمەڵەیەکی ناوی، یان ئاوەڵناوی، یان ئاوەڵکاری پێك هاتوون وەك دانەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکی کاردەکەن. ئەوکۆمەلانە هەریەکە بە جیا، یان هەندێك جار بەیەکەوە لەگەڵ کارێکی داڕێژراودا لێك دەدرێن و یەك دەگرن بۆ ئەوەی یەك شێوە وەیەك واتای سەربەخۆ بدەن بەدەستەوە، کە دەتوانرێت واتاکەی بەتاقە وشەیەك لە زمانێکی تر لێك بدرێتەوە)).[1]

یوسف شەریف سوودی لە پێناسەکانی پێش خۆی بەگشتی و پێناسەکەی مەحەمەد مەعرووف بەتایبەتی وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی دووچاری هەمان سەرنج و تێڕوانین دەبینەوە، بۆیە بەپێویستی نازانین دوو بارەی بکەینەوە، بەلام گرنگە ئەوە بلێین، هەرچەندە بە پەراوێزێك نیشانیداوە، کە دەتوانین بەرانبەر هەر کردارێکی لێکدراو لە زمانی کوردیدا کردارێکی سادە لە زمانی عەرەبیدا دابنێین [2]بەلام چاکتر وابوو لە پێناسەکەدا بینووسیایە زمانی عەرەبی، نەك زمانێکی تر، چونکە ئاشکرایە بەشێکی زۆری کارەکەی بۆ زمانی فارسی تەرخانکردووە و لە زمانی فارسیشدا بەرانبەر هەر کردارێکی لێکدراوی کوردی کردارێکی سادە نییە، کە لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێت، بەڵکو فارسیش کرداری لێکدراوی بەرانبەری هەیە، چونکە هەر وەك خۆشی ئاماژەی بەوە داوە، ((لەهەردوو زمان دا دەتوانین بڵێین کاری لێکدراو ئەو کارەیە کەلە دوو کەرت یان زیاتر پێك دێت)).[3]

هەرچەندە محەمەد مەعرووف بۆ یەکەم جار لە پێناسەکەیدا ئەوەی دەرخستووە، کرداری داڕێژراو بەشداری داڕشتنی کرداری لێکدراو دەکات، بەلام پێناسەکان هیچیان ئەو کردارە لێکدراوانە ناگرنەوە، کە بناغەی کردارییەکەیان لە کردارێکی لێکدراو پێکدێت. وەك: (گوێمشلکرد، سەریانشۆڕکرد، زماندرێژمەکە...).

---

[1] یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ١٧.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە، ١٨٩.

بەو پێیە و لەئەنجامی هەڵسەنگاندنی ئەو پێناسانە، بەم شێوەیەی خوارەوە لەسەر بنەمای مۆرفیم ئەتوانین پێناسەی کرداری لێکدراوبکەین:

کرداری لێکدراو ئەو کردارەیە لە لێکدانی دوو بناغە سازدەبێت و لەڕووی ڕستەسازی و واتاسازییەوە وەك وشەیەکی نوێ رەفتاردەکات، یەکێك لەم دوو بناغەیە هەمیشە کردارە و لەشێوەی بنەڕەتی، یان داڕێژراو، یان لێکدراو دایە و ئەوی تریشیان بریتییە لە دانەیەکی فەرهەنگی وەك: (ناو / ئاوەڵناو / ئاوەڵکردار...) کە دەشێت لە فۆرمدا (سادە / داڕێژراو / لێکدراو)بێت.[١] بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| سوێند دەخوات | (ناوی سادە | + کرداری بنەرەتی) |
| سوورِ هەڵدەگەرێت | (ئاوەڵناوی سادە | + کرداری دارێژراو) |
| سەر شۆڕدەکات | (ناوی سادە | + کرداری لێکدراو) |
| پێشدەخات | (ئاوەڵکرداری سادە | + کرداری بنەرەتی) |
| نەخۆشدەکەوێت | (ئاوەڵناوی لێکدراو | + کرداری بنەرەتی) |

وەك بەم نموونانەدا دەردەکەوێت، بناغە دەشێت لە مۆرفیمێکی ڕەگ پێکهاتبێت، وەك: (سوێند، سوور، سەر...)، چونکە هەموو ڕەگێك بناغەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو بناغەیەك ڕەگ بێت[٢]، بۆ نموونە بناغە دەشێت لە ناو خۆیدا ئالۆزبێت[٣]، واتە لاگری گەردانکردنی لەگەڵدابێت، وەك: (دەخوات، دەکات، دەکەوێت...)، یان لاگری دارشتنی چووبێتەسەر، وەك: (نەخۆش، هەڵدەگەرێت، دەکاتەوە...)،

کەواتە ئەم دووبناغەیەی کرداری لێکدراو، ئەگەر گشت لاگرەکانی لێدابماڵرێت، ئەوە دەبێت بەلایەنی کەمەوە دوو مۆرفیمی ڕەگ بمێنێتەوە[٤]. بەواتای ئەوەی جگە لە ڕەگی کردار دەبێت مۆرفیمێکی تری ڕەگی تێدابێت. بۆ نموونە:

سوێند دەخوات } { سوێند / خۆ

[١] بۆ دانانی ئەم پێناسەیە جگە لە پێناسەکانی پێش ئەم کارەی خۆمان سودمان لە, (Quirk etal ١٩٨٥ :١٥٦٧) ( Katamba ١٩٩٣:٥٤ ) وەرگرتووە

[٢] Aarts ١٩٨٢: ١٠١.

[٣]. Ibid: ١٠٣

[٤] Bauer ١٩٨٣:٢٨.

نەخۆشدەکەوێت -لاگرەکان= خۆش / کەو

سوور هەڵدەگەڕێت سوور / گەڕێ

ڕەگ ڕەگ

هەرچەندە هەندێك جار یەکێك لە بناغەکانی کرداری لێکدراو خۆی لێکدراوە، بەواتای ئەوەی دوو مۆرفیمی ڕەگی تێدایە[١]، واتە لەم جۆرە کردارانەدا جگە لە لاگرە بەشداربووەکان، بەلایەنی کەمەوە سێ مۆرفیمی ڕەگ هەیە. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

سەریشۆرکرد سەر / شۆر/ کر

سەرخۆشیکرد - لاگرەکان = سەر / خۆش / کر

پشتگوێدەخەم پشت / گوێ / خە

ڕەگ ڕەگ ڕەگ

## ٣-٢ تایبەتییەکانی کرداری لێکدراو:

کرداری لێکدراو لەم دیالێکتەی زمانی کوردیدا خاوەنی کۆمەڵێك سیما و تایبەتی و خاسیەتی خۆیەتی، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- کرداری لێکدراو لە دوو بناغەی سەرەکی ساز دەبێت، یەکێك لەم دوو بناغەیە (کردار) سەرەیە و ئەوی تریشیان (ناو، ئاوەڵناو...) تەواوکەرە.[٢] واتە بەبێ بوونی فۆڕمی کردار کرداری لێکدراو بە بەرهەمنایەت[٣]. بۆ نموونە:

---

[١]-Ibid.

[٢] د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، موحازەراتی خوێندنی باڵا، ١٩٩٩- ٢٠٠٠.

[٣] هەر چەندە کرداری لێکدراو لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر کەمە، بەڵام دەشێت لە لێکدانی دوو بناغە ساز بووبێت، کەلە بنەڕەتدا هیچیان کردار نەبن، یان بەپێچەوانەوە هەردووکیان کردار بن. بۆ نموونە:

ناو + ناو کرداری لێکدراو، وەك: Breath-test

سوێند　دەخوات

شەڕ　دەکات

جوان　دەکات

تەواوکەر　سەرە

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەکان، دەبینین، بناغەکانی کرداری لێکدراو بێ ئامرازی بەستن لێکدراون و هەمیشە پێکەوەدێن، چونکە پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکترەوە هەیە و بەهەردووکیان کردارێکی نوێیان بەواتایەکی نوێ دروستکردووە، لەبەر ئەوەی ناکرێت هیچ کام لە بناغەکان لابرێت.

*سوێند ....　*.... دەکات

٢-خاسیەتێکی تری کرداری لێکدراو لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە بریتییە لە وەرگرتنی هێزی سەرەکی، کە دەکەوێتە سەر بناغەی یەکەم[١]، ئەمەش لەبەر ئەوەیە واتای کرداری لێکدراو لە بناغەی یەکەمدا کۆدەبێتەوە و دابەشبوونی هێزیش پەیوەندیی بە زانیاری نوێوە هەیە[٢]. وەك: (بانگدەدات، شەڕدەکات، خەمدەخوات...)، بەڵام ئەگەر بە وردی لە کردارەکانی (بانگنادات، شەڕناکات، خەمناخوات...) بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت، کە مۆرفیمەکانی نەرێکردن هێزی سەرەکی بۆ خۆیان ڕادەکێشێن، لەبەر ئەوەی هەڵوێستی قسەکەر بەرانبەر هەموو ڕستەکە دەدرکێنن.[٣]

---

کردار + کردار　کرداری لێکدراو، وەك: Dare-say، بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە: (Bower ١٩٨٣: ٢٠٨-٢٠٩) بەڵام لە زمانی فارسیدا (وەك کوردی)، هەمیشە بناغەیەکیان (ناو / ئاوەڵناو...)ـەوە و ئەوەی تریان کردارە، بۆ نموونە: ناو + چاوگ　چاوگی لێکدراو، وەك: خون ريختن، دروغ گفتن. ئاوەڵناو + چاوگ　چاوگی لێکدراو، وەك: گرم کردن، پاك کردن. بڕوانە: د. محمد وصفی ابو مغلی، ١٩٨٧، ١٢٧-١٢٨.

[١] جێی سەرنجە هێز دابەشبوون لە کرداری لێکدراو و ڕستەی ئاساییدا لەیەکدەچن، چونکە لەو ڕستانەی کردارەکانیان تێپەڕە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بەرکار. بۆ نموونە: لە ڕستەی (سیروان سێو دەخوات)دا هێزی سەرەکی لەسەر سێوە، کەبەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکەیە.

[٢] محەمەد مەعرووف فەتاح، ا- ١٩٨٩، ٤٨.

[٣] هەمان سەرچاوە، ٤٩.

٣-سیمایەکی تـری کـرداری لێکـدراو ئەوەیـە، بناغـەکان تونـد بەیەکـەوە بەسـتراون و جێگۆڕکێناکـەن (واتـە پاشوپێـشناکەن)، چـونکە هـەر گۆڕانیـك لـە جێگـەی بناغەکانـدا بکرێت، شوێنی مۆرفیمە پێکهێنـەکان تێکدەچێت و دروسـت و یاسـای داڕشـتنی کـردارە لێکدراوەکەش دەشێوێت. بۆ نموونە:

سوێند دەخوات. * دەخواتسوێند

شەڕ دەکات. * دەکاتشەڕ

سوور هەڵدەگەڕێت. *هەڵدەگەڕێتسوور / هەڵسووردەگەڕێت

جێگە بەرنـەدانی بناغـەکان و چـۆنێتیی ڕیزبـوون و پێکـەوەهاتنی مۆرفیمـەکان لـە کرداری لێکدراودا بەڵگەی ئەوەن، کرداری لێکدراو تەنیا بریتی نییە لە ڕیزبوونی مۆرفیمە پێکهێنەکان، بەڵکو چۆنێتیی پێکـەوەهاتنی مۆرفیمـەکان لەگـەڵ یەکـدا (واتـە دروسـتەی ناوەوەی کرداری لێکدراو)[1] لە سازبوونی کرداری لێکدراودا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت.

٣- بناغـەی کـرداری، کـە سـەرەی کـردارە لێکدراوەکەیـە، لـە توانایـدا هەیـە هـەموو لاگرێکی گەردانکردنی کرداری، بەپێی پێویستی جـۆر (ڕێـژە و کـات وکـەس...)ی کردارەکە وەربگرێت[2]، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| یاریـدەکات | سوێند دەخوات |
| یاریـمکرد | سوێند ناخوات |
| یاریـ منەکرد | سوێند مانخوارد |
| یاریـ کرا | سوێند یدەخوارد... |

بەڵام بناغەی یەکەم (تەواوکەر) لەوەرگرتنی ئەو لاگرە گەردانکردنانەی لەباری ئاساییدا بەبناغەکـەوە پەیوەنـدارە، لـەدوو شـێوەی سـەرەکیدا دەبینرێـت، بـۆ نموونـە ئـەو کـردارە

[1] بۆ زانیاری لەو بارەیەوە، بڕوانە: (دروستەی ناوەوەی کرداری لێکدراو) لەم نامەیەدا، ل (٤٨-٥٤).

[2] بۆ زانیاری لەبارەی (ڕێـژە و کـاتی کـرداری لێکـدراو)ـەوەوە، بڕوانـە: د. ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف، ٢٠٠٠، ١٨٣-٢٥٠.

لێکدراوانـەی بناغـەی یەکـەمیان ، ژمارەیـەکیان مـۆرفیمی ناسـراوی و نەناسـراوی و کـۆ وەردەگرن، لە کاتێکدا هەندێکیان لەتوانایاندا نییە ئەو مۆرفیمانەیان بچێتە سەر. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| یاری | دەکات. | ڕۆحی | دەچێت. |
| یارییەکە | دەکات. | *ڕۆحەکەی | دەچێت. |
| یارییەك | دەکات. | *ڕۆحێکی | دەچێت. |
| یارییەکان | دەکات. | *ڕۆحەکانی | دەچێت. |

٥-بناغـەکانی کرداری لێکدراو لەئەنجامی لێکدان و تێکەڵاوبوونیانەوە پێکەوە یەك واتا (یـەکێتیی واتـایی) بەدەسـتەوە دەدەن، ئـەم واتایـەش بەبـەراوردکردنی لەگـەڵ واتـای بناغـەکانیدا، لەسێ شێوەی سەرەکیدا دەبینرێت:

ا- واتای کردارە لێکدراوەکە ڕوونە و لەواتای بناغـەکانی دەچێت، وەك: (سـەر دەبڕێـت، لەتدەبێت، پڕدەکات...).

ب- واتای کردارە لێکدراوەکە لە واتای بناغـەکانییەوە پێشبینیدەکرێت، واتە یەکێك لە بناغـەکان (یەکەم) بەمانای خـۆی دێـت و بناغـەکـەی تریـشیان (کردارەکـە)، ((واتاییـەکی فەرهەنگی ئەوتۆی نییە و تاکە گرنگی لەوەدایە کە بەهۆی گردان کردنییەوە کات وتـاف و ڕەو وبـار (دیـار و نادیـار) پیـشان دەدات))[1] ، وەك: (خەمـدەخوات، دڵێدەشـکێت، بانگدەدات...).

پ- واتـای کـردارە لێکدراوەکـە لـە واتـای بناغـەکانییـەوە دوورە و یەکـسان نییـە بـە لێکـدانی واتـای بناغـەکانی، چـونکە ئـەم کردارانـە بـەقۆناغی واتاخواسـتندا ڕۆشـتوون، بەواتایەکی تر واتای کردارە لێکدراوەکە لە کـۆی واتـای بناغـەکانییـەوە نـەهاتووە، بـەڵکو بریتییە لە واتای ئەمانە و واتای تریش، لەبەر ئەمە، ئەم جۆرە کردارانە لەهەمان کاتدا بە ئیدیەم دادەنرێن[2]، بۆیە ناتوانین لەواتای بناغـەکانییەوە پێشبینی واتای کردارە لێکدراوەکە بکـەین، وەك: (گوێـشلدەکات، پێـدادەگرێت (قـاچ)، دەسـتدەگرێت(یارمەتیـدەدات)،

[1] محەمەد مەعرووف فەتاح، ا-١٩٨٩، ٤٨.

[2] هەمان سەرچاوە، ٤٩.

دڵپیسدەکات، جەرگیدەبڕێت...)، گرنگترین هۆکاری ئەم بە ئیدیەم بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکێك، یان زیاتر لە هۆکارە فیزیاوییەکانی ڕوودانی کردارەکە لە دەستدەچێت، بۆیە ئەم جۆرەکردارانە بەرەو ئیدیەم هەنگاو دەنێن، بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندنی ئەم مەبەستەش بڕوانە ئەم دوو خشتەیەی خوارەوە:[1]

قوماشەکە دەبڕێت (کرداری ئاسایی)

جەرگیدەبڕێت ( کرداری لێکدراو)

| کردار | ڕووداوی فیزیاوی |
|---|---|
| دەبڕێت | - هەبوونی مادەیەك شیاو بێت بۆ بڕین.<br>- هەبوونی ئامێری بڕین.<br>- وزەی دەوێت.<br>- لەتبوونی مادەکە.<br>- (دەنگ دەردەچێت). |

خشتەی ژمارە (١)

| کردار | ڕووداوی فیزیاوی |
|---|---|
| دەبڕێت | - جەرگی مرۆڤ شتێك نییە ببڕێت، کەسەکەش ساغبێت.<br>- نەبوونی ئامێری بڕین.<br>- وزە بەکارنایەت.<br>- لەتنەبوونی مادەکە.<br>- (دەنگ دەرناچێت). |

خشتەی ژمارە (٢)

پاش سەرنجدان و تێڕوانین لە هەردوو خشتەکە، ئەوە دەردەکەوێت، هۆکارەکانی ڕووداوە فیزیاوییەکە لە ڕوودانی کردارە ئاساییەکەدا بەشدارن، بەڵام لە کردارە لێکدراوەکەدا کرداری (دەبڕێت) ڕووداوی نافیزیاوی (مەعنەوی) نیشاندەدات و هۆکارەکانی پێچەوانە دەبنەوە.

## ٢-٤ جیاکردنەوەی کرداری لێکدراو لە فرێزی کرداریی ئاسایی:

[1] فەتاح مامە عەلی، ١٩٩٨، ٩٥.

هەندێك فرێزی کرداریی ئاسایی بە تایبەتی ئەوانەی لە﴿ناو (بەرکاری راستەوخۆ) + کرداری تێپەڕ﴾ پێکهاتوون، وەك: (سێو دەخوات)، لەشێوە و دروستەدا لەو کردارە لێکدراوانە دەچن، کەلە ﴿ناو+ کرداری تێپەڕ﴾ سازبوون، وەك: (سوێند دەخوات).

ئەم لێکچوونە هەندێك زمانەوانی بەرەو هەڵەی وابردووە، کە هەندێك لەو جۆرە فرێزانە بە کرداری لێکدراو لەقەڵەمبدەن، بۆنموونە: د. کوردستان موکریانی[1] (نامەنووسین، نان کڕین، جل شوشتن...)ی بەلێکدراو داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە کرداری لێکدراو نین، بۆیە بە پێویستی دەزانین سنوور و جیاوازی کرداری لێکدراو لەگەڵ فرێزی کرداریی ئاساییدا، لە چەند خالێکدا بخەینەڕوو، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. لە کرداری لێکدراودا ناو و کردارەکە بەشێوەیەکی هێندە توند بەیەکەوەبەندەن و تێکئالاون، کە لەزۆربەی کردارە لێکدراوەکاندا بناغە کردارییەکە بەدەگمەن نەبێت ناگۆڕێت، بەواتایەکی ڕوونتر، ناتوانین کردارێکی تر بخەینە شوێنیان[2]. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

| | |
|---|---|
| سوێند دەخوات | یاریـ مکرد |
| *سوێند دەفرۆشێت | *یاریـ مبرد |
| *سوێند دەهێنێت | *یاریـ منووسی |
| *سوێند دەبات | *یاریـ مشت |

خۆ ئەگەر بناغەی کرداریی هەندێك لە کردارە لێکدراوەکان، بەکردارێکی تێپەڕی تر بگۆڕێت، ئەوە کێشەکە بۆ ڕێکەوت دەگەڕێتەوە و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو واتاکەی دەگۆڕێت. وەك:

شەڕ دەکات

شەڕ دەفرۆشێت

بەڵام لە فرێزی ئاساییدا دەشێت کردارە تێپەرەکە بەچەند کردارێکی تێپەڕی تر بگۆڕێت، تەنانەت دەکرێت کرداری لێکدراوی تێپەڕیشی لەشوێن دابنرێت. بۆنموونە:

(ئازاد) سێو دەخوات. (من) نامەکەم نووسی.

---

[1] د. کوردستان موکریانی، ١٩٨٦، ٤٤.

[2] بەکر عومەر عەلی، ١٩٩٩، ١٨٩.

| | |
|---|---|
| (ئازاد) سێو دەفرۆشێت. | (من) نامەکەم نارد. |
| (ئازاد) سێو دەهێنێت. | (من) نامەکەم خوێندەوە. |
| (ئازاد) سێو دەبات. | (من) نامەکەم سوتاند. |
| (ئازاد) سێو لەتدەکات. | (من) نامەکەم کورتکردەوە. |
| (ئازاد) سێو فرێدەدات. | (من) نامەکەم پاکنووسکرد. |

٢. هەردوو بناغەی کرداری لێکدراو پێکەوە جۆشخواردووبوون و لەڕووی پەیوەندیی ڕێزمانییەوە، وەك فۆڕمی یەك لێکسیمی سەربەخۆ دەردەکەون، بۆ نموونە لەکاتی کورتکردنەوەی ڕستە بۆ سنوورو چوار چێوەی تاکە وشەیەك(مۆرفۆسینتاکس)، واتە لابردنی بکەر و بەرکارو جێگیرکردنیان بە جێناوی لکاو لەناو کردارەکەدا[١]، ئەگەر کرداری ڕستەکە لێکدراوبێت، ئەوا بناغەی یەکەمی کردارە لێکدراوەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و هەرگیز لانابرێت (ناکرێت بە جێناوی لکاو)[٢]، چونکە بەشێکی بنەڕەتی کردارەکەیە، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

(منداڵەکە) لەخۆشیدا باڵیگرتووە. ←——— باڵیگرتووە.

(کوڕەکە) شەڕی خۆرایی دەکات. ←——— شەڕدەکات.

(شنە) خەمێکی زۆری خوارد. ←——— خەمیخوارد.

بەڵام ئەگەر فرێزی ئاسایی کردار تێپەڕبێت، ئەوا ناوەکە(بەرکاری ڕاستەوخۆ)ی ڕستەکە لادەبرێت و لە جێی ئەو جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارە بەپێی کاتی کردارەکە (ڕانەبردوو / ڕابردوو) هەڵدەبژێرێت و لەناو کردارەکەدا دادەنرێت،٣ کە لەگەڵ بەرکارە لابراوەکەدا ڕێکدەکەوێت. بۆ نموونە:

ڕانەبردوو:

---

[١] د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، موحازەراتی خوێندنی باڵا، ١٩٩٩- ٢٠٠٠.

[٢] مەحموود فەتحوڵلا ئەحمەد، ١٩٨٨، ٤٨-٤٩.

[٣] ئەگەر کردارە تێپەڕەکە ڕانەبردوو بوو، بکەر لە کۆمەڵەی (م-ین) و بەرکار لە کۆمەڵەی(م-مان) دەبێت، بەڵام ئەگەر کردارەکە ڕابوردوو بوو، بەپێچەوانەوە بکەر لە کۆمەڵەی (م-مان)و بەرکار لەکۆمەڵەی (م-ین) دەبێت. بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٣، ٧٠.

(پۆلیسەکان) دزەکان دەگرن. دە یانـ گر ن.

(شنە) سێو دەخوات. دە یـ خو ات.

مۆرفیمی کاتی ڕانەبوردوو

جێناوی لکاوی بەرکاری(م-مان)

ڕەگی کردار

جێناوی لکاوی بکەری (م-ین)

<u>رابوردوو:</u>

(من) میوەم کڕی. کڕ ی م Ø.

(من) نامەکانم نووسی. نووس ی م ن.

ڕەگی کردار

مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو

جێناوی لکاوی بکەری (م-مان)

جێناوی لکاوی بەرکاری (م-ین)

بەهەمان شێوە لەکاتی گۆڕینی کرداری لێکدارو و فرێزی ئاسایی بۆ بکەر نادیار، ئەگەر ناوەکە لانەبراو نەکرا بە جێناوی لکاو، ئەوە کرداری لێکدراوە، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێك ناوەکە لابراو و بەجێناوی لکاو جێگیرکرا، ئەوە فرێزی کرداریی ئاساییە[1]، بۆ نموونە:

کرداری <u>لێکدراو:</u>

سوێند دەخوات. سوێند دەخورێت.

* .... دەخورێت.

---

[1] لە زمانی فارسیدا هۆکارێك بۆ جیاکردنەوەی فرێزی کرداریی ئاسایی، وەك (غەزا خوردن: خۆراك خواردن) لە کرداری لێکدراوی وەك: (زمین خوردن: کەوتنە خوارەوە) ئەوەیە، ناوەکە لە یەکەمیاندا (غەزا) نیشانەی بەرکاری (را) وەردەگرێت، بەڵام لە دووەمیاندا (زمین) وەیناگرێت، وەك: او غزا را خورد. او زمین خورد.

بڕوانە: (Tabaian ١٩٧٨: ١٩٩٩).

شەڕیکرد. شەڕکرا.
* .... کرا.

فرێزی کرداری ئاسایی:

(ئەوان) سێوەکان دەخۆن. سێوەکان دەخورێن.
.... دەخورێن.
(من) ئەوانم نووسی. ئەوان نووسران.
.... نووسران.

٣.بناغەی یەکەمی زۆربەی ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو هەرگیز کەرەستەی هاوپۆلی خۆی لەگەڵدا نایەت، بە واتایەکی تر ناتوانین بەهۆی {و}ی پەیوەندییەوە فراوانی بکەین، لەبەر ئەوەی کردارەکە بەواتای فەرهەنگیی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بەهەردوو بناغەکە کردارە لێکدراوەکەیان سازکردووە.

بۆ نموونە:

سوێند دەخوات. زراویبرد
* پێچ و سوێند دەخوات. * ناوك و زراویم برد.
* سوێند وخەم دەخوات. * جگەر و زراویم برد.

بەڵام هەندێك لەو کردارە لێکدراوانەی بناغە کردارییەکەیان بریتییە لە (دەکات)و فۆڕمە جیاوازەکانی، لەم یاسایە لادەدەن. وەك:

شەڕ نەکەیت.
شەڕ و هاری نەکەیت.
شەڕ و بێحەیایی نەکەیت.

بەپێچەوانەوە ئەگەر لە فرێزی ئاسایی کردار تێپەڕ بڕوانین، دەبینین قسەکەر بەویستی خۆی دەتوانێت بەرکاری ڕستەکە بەکەرەستەی هاوپۆلی خۆی فراوانبکات. بۆ نموونە:

(ئەو) سێو دەخوات. (من) کتێبەکەم هێنا.
(ئەو) سێو و لیمۆ دەخوات. (من) کتێبەکە و قەڵەمەکەم هێنا.
(ئەو) سێو و شوتی و هەنجیر دەخوات. (من) کتێب و دەفتەر و جانتاکەم هێنا.

(ئەو) سێو و پرتەقاڵ دەخوات.　　　　(من) کتێب و ڕۆژنامەکەم هێنا.

٤. بناغەکانی کرداری لێکدراو پێکەوە وەك یەك دانەی فەرهەنگیی هەڵگری واتا دەردەکەون، لەبەرئەوە واتای کرداری لێکدراو بەفەرهەنگەوە پەیوەستە،[1] چونکە مەرجی دروستبوونی کرداری لێکدراو داهێنانی واتای تازەیە.[2]

ئەگەر ناوی ڕووداو (چاوگ)ی ئەم کردارە لێکدراوانە بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی وەربگێڕین بەرانبەر یەك وشە دەوەستن [3]

، بەڵام کاتێك بۆ زمانی فارسی بگۆڕدرێن، بەرانبەر دوو وشە دەوەستن، چونکە لێکدراوی بەرانبەریان هەیە. بۆ نموونە:

| زمانی کوردی | زمانی ئینگلیزی | زمانی عەرەبی | زمانی فارسی |
|---|---|---|---|
| سوێند خواردن | Swear | **قسم** | سوگند خووردن (قسم خوردن) |
| مەلەکردن | Swim | **سباحة** | شناکردن |
| گازگرتن | Bite | **عض** | گازگرفتن |

بەڵام لە فرێزی ئاساییدا ناو و کردارەکە وەك دوو دانەی فەرهەنگی دەردەکەون و واتایان لە ڕێزمانەوە دەستدەکەوێت، بەپێچەوانەی کرداری لێکدراوەوە ئەگەر بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی وەریانبگێڕین، بەرانبەر دوو وشە دەوەستن[4] . بۆ نموونە:

| زمانی کوردی | زمانی ئینگلیزی | زمانی عەرەبی | زمانی فارسی |
|---|---|---|---|
| سێو خواردن | Apple eating | **أكل تفاح** | سیب خوردن |
| نامە نووسین | Latter writing | **كتابة الرسائل** | نامه نوشتن |

[1] Mackenzie ١٩٦١:

[2] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ٢٧٩.

[3] محەمەد مەعرووف فەتاح، ا- ١٩٨٩، ٥٨.

[4] هەمان سەرچاوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| جل شتن | Clothes washing | **غسل الملابس** | لباس شستن |

**٢-٥ دروستەی ناوەوەی کرداری لێکدراو:**

ژمارەی ئەو مۆرفیمانەی بەشداری دارِشتنی کرداری لێکدراو دەکەن، بەلایەنی کەمەوە چوارن، ئەوانیش مۆرفیمێکی سەربەست و سێ مۆرفیمی سەرەکی(ڕەگ، کات، کەس)ی کرداری بنەڕەتین، وەك لە خوارەوە نیشاندراوە:

پێش + کەو + ت + م
سوێند + دە + خۆ + ن
قەپاڵ + ی + گر + ت
مۆرفیمی سەربەست (ڕەگ، کات، کەس)ی کرداری بنەڕەتی

بەڵام هەموو کردارێکی لێکدراو بەم شێوەیە نییە، چونکە لە ژمارەیەکیاندا جگە لەم مۆرفیمانە، مۆرفیمی تری وەك: (لاگری دارِشتن / مۆرفیمی سەربەستی تر...)لە ڕۆنانەکەیاندا بەشدارە. بۆ نموونە:

نە + خۆش + دە + کەو + ێت    نە:
سوور + هەڵ + دە + گەرێ + ێت    هەڵ:    لاگری دارِشتن
پشت + گوێ + دە + خە + ن    پشت: مۆرفیمی سەربەست

ئەم مۆرفیمە بەشداربووانە بە شێوەیەکی زنجیرەیی بە دوای یەکداهاتوونه[١]، بۆیە بەپێویستی دەزانین چۆنێتیی لێکدانی ئەم مۆرفیمانە ڕوونبکەینەوە. کەواتە مەبەستمان لە دروستەی ناوەوەی کرداری لێکدراو، ئەو یاسایانەیە، لە چوار چێوەی کردارە لێکدراوەکەدا شێوەی ڕیزبوون و چۆنێتیی لێکدان و پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکدا دیاریدەکەن،

---

[١] بۆ نموونە: مەکارەس کرداری پەندتپێدا (بۆ چی پەندتپێدام) بەشێوەی زنجیرەیی بەم جۆرە نیشاندەدات: (ناو + ئاوەڵکردار + کردار) (McCarus, ١٩٥٨: ٩٥)، یان یوسف شەریف لەم ڕووەوە نووسیوێتی:- (پێشناو + ناوێکی سادە + کرداری دارِێژراو)، وەك: لەدەستچوو، (یوسف شەریف سەعید، ١٩٨٨،٢١).

بەواتایەکی ڕوونتر لە بەر تیشکی پێکهاتەی ڕستەدا، پێکهاتەی کرداری لێکدراو شیدەکەینەوە.

تێڕوانینی بلۆمفیلدییەکان بۆ دروستەی پێکهاتە بەشێوەیەکی سەرەکی دیدێکی ڕستەسازییانەیە، ئێمە هەوڵی دەرخستنی ئەوەدەدەین، چۆن ئەمە بەسەر فۆڕمەکانی وشەدا جێبەجێبکەین. ئەوەمان بەبیردێتەوە، ڕێزمانی زمانەوانە پاش بلۆمفیلدییەکان بۆ مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی دابەشکراوە، مۆرفۆلۆژی تایبەتە بە دروستەی ناوەوەی فۆڕمەکانی وشە و ڕستەسازییش تەرخانکراوە بۆ بەشکردنی ئەم فۆڕمانە بەسەر تاسەرە ڕستەیەکی تەواوی زماندا، بەڵام مۆرفۆلۆژیی پاش بلۆمفیلدییەکان خۆی لەخۆیدا جۆرێك بوولە مۆرفۆلۆژیی ڕستەسازی، بەم پێیەش ئەو ڕیبازە هەمان ئەو بنەمایانەی بەسەرشیکردنەوەی ڕێزمانیی فۆڕمەکانی وشەدا دەسەپاند، کە بۆ شیکردنەوە ڕستەسازییەکانی یەکەی گەورەتری وەك فرێز و ڕستە جێبەجێدەکران.[1]

تەنانەت هەندێك زمانەوان بڕوایان وایە، یاساکانی وشەڕۆنان هەمان یاسای دروستەی فرێزەکانن، کە بەکاردەهێنرێن بۆ دروستکردنی فرێز لە ڕستەسازیدا.[2]

کاتامباش[3] لەڕێی تیشکخستنەسەر کتێبی ڕستەسازی وشە( The Syntax of the Word- SELKIRK ١٩٨٢)

ـەوە دەلێت: ناونیشانی ئەو کتێبە وادەگەیەنێت یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، لەبنەڕەتدا لەگەڵ یاسا ڕستەسازییەکان جیاوازانین و بەبڕوای ئەو مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لێکۆلینەوەی ڕستەسازیی وشە، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی تەقلیدیانە ڕستەسازی واناسراوە، کە بریتی بێت لە لێکۆڵینەوەی ڕستە.

لەلێکۆڵینەوەی ڕستەسازیی وشە و ڕستەسازیی ڕستەدا، یاسای دروستەی فرێز بۆ بەرهەمهێنانی وشە و ڕستە بەکاردەهێنرێت، یاساکانی ڕستەسازیی وشە چۆنێتیی پێکەوە لکاندنی ئەو مۆرفیمانە دیاریدەکات، کەوشەی لێ دروستدەبێت، بەهەمان شێوە یاساکانی

[1] Lyons ١٩٨١: ١١٨.

[2] Katamba ١٩٩٣:٣٠.

[3] Ibid.


ڕستەسازیی ڕستە، بریتین لە لێکدانی وشەکان بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی دروست و ڕێزمانی.[١]

زۆربەی وشەکانی زمانی ئینگلیزی و هەندێك زمانی تر، دروستەی هەرەمیی ناوەوەیان هەیە، کەدەتوانرێت(بەشێوەیەکی ڕەسمی)لەڕێی بیرۆکەی ماتماتیکی کەوانە دانانەوە بخرێنەڕوو.[٢]

بەبۆچوونی ئێمەئەم بیرۆکەیە بەسەر زمانی کوردیشدا جێبەجێدەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر بڕوانینە دروستەی ناوەوەی کردارە لێکدراوەکان، بۆ نموونە ئەگەر کرداری (پێشکەوتم) بۆ مۆرفیمە پێکهێنەکانی (پێش، کەو، ت، م) شیتاڵبکەین، ئەوە دەبینین ئەم کردارە لێکدراوە بەپێی دروستەیەك (یاسایەك) بەم شێوەیەی لای خوارەوە، بۆ دوو پێکهاتەی ڕاستەوخۆ(Immediate constituents) دابەشدەبێت:

١- [پێش + [[کەو + ت]+ م ]]

٢- لەشێوەی درەختی هەرەمی (ئەندازەیی)دا:




پێکهاتەی ڕاستەوخۆ  پێکهاتەی ڕاستەوخۆ

ئەم دوو بیرۆکەیەی سەرەوە (٢،١) لە بنەڕەتدا یەکسانن و هەریەکەیان بێ زیادوکەم ئەوەمان پێدەڵێت: کەپێکهاتە ڕاستەوخۆکانی (پێشکەوتم) بریتیین لە (پێش) لەگەڵ (کەوتم) و پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی (کەوتم)یش، بریتیین لە (کەوت)و (م)، هەروەها پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی (کەوت)یش لە (کەو)، (ت) پێکهاتووە.

وەك دەردەکەوێت ئەم ڕێگەیە بەردەوامدەبێت، هەتاکو هەموو مۆرفیمە پێکهێنەکانی وشەیەك (پێکهاتەی بنجی Ultimate Constituents ) یەکە بەیەکە جیادەکرێنەوە.[٣]

---

١ Ibid.

٢Lyons, ١٩٨١: ١١٩ .

٣ Stageberg, ١٩٨: ١٠٥.

ئەمەش بەلای ئێمەوە شیکارێکی لەبارە بۆ شیکردنەوەی دروستەیەکی وەك کرداری لێکدراو، چونکە تێماندەگەیەنێت، (کەو) لەگەڵ (ت) دەشێت بەیەکەوە ببەسترێن بۆ پێکهاتنی پێکهاتەیەکی ناوەندی، کە (کەوت)ـە و پاشان پاشگری (-م)ی دەخرێتە سەر بۆ سازکردنی دروستەیەکی ناوەندی گەورەتری (کەوتم)، دواتریش لەگەڵ (پێش)دا لێکدەدرێن بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمێکی نوێ (کرداری پێشکەوتم)، کەیاسایەکی بەرهەمدارە لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا.

وەك ڕوونمانکردەوە یەکەم کەرتکردنی (پێشکەوتم) بەسەر (پێش)، کە مۆرفیمێکی سەربەستە و (کەوتم)، کە کردارێکی بنەڕەتییە، دابەشبووە. کەواتە سوود و گرنگی ئەم دروستەیە بریتییە لە دۆزینەوە و دیاریکردنی ئەو دوو پێکهاتە ڕاستەوخۆ (بناغە)یەی بۆ دروستبوون و بەرهەمهاتنی کرداری لێکدراو لێکدەدرێن.


ئێستا بە پێویستی دەزانین دروستەی ناوەوەی چەند کردارێکی لێکدراو نیشانبدەین، کەجگە لە مۆرفیمە سەربەستەکە و کردارە بنەڕەتییەکە، مۆرفیمی تر بەشداری لە داڕشتنیاندا کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو مۆرفیمانە هەندێکیان لەگەڵ بناغەی یەکەم و هەندێکی تریان لەگەڵ بناغەی دووەمدا دێن، بەپێی جۆر و سروشتی مۆرفیمەکان (سەربەست / لاگر...) جۆری دروستەی کردارە لێکدراوەکە دەگۆڕێت.

بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم کردارە لێکدراوانەش لەدوو بناغە ساز بوون، بۆ مۆرفیمەکانیان شیتاڵدەکەین و پاش ئەوە لە ڕێی جۆری دروستەکەیانەوە، هەردوو پێکهاتەی ڕاستەوخۆ(بناغە)ی کردارەکە دیاریدەکەین و یاسای داڕشتنیان دەخەینەڕوو:

| کرداری لێکدراو | جیاکردنەوەی مۆرفیمەکان |
|---|---|
| ١. نەخۆشدەکەوێت | نە + خۆش + دە + کەو + ێت |
| ٢. ڕێگا دەگرێت | ڕێ + گا + دە + گر + ێت |
| ٣. سوور هەڵدەگەڕێت | سوور + هەڵ + دە + گەڕێ + ێت |
| ٤. سوور دەکاتەوە | سوور + دە + کە + ات + ـەوە |
| ٥. پشتگوێدەخات | پشت + گوێ + دە + خە + ات |
| ٦. سەرشۆڕدەکات | سەر + شۆڕ + دە + کە + ات |

ئەگەر بە وردی سەرنجی نموونەکان بدەین، دەبینین جگە لە مۆرفیمێکی سەربەست و سیێ مۆرفیمە سەرەکییەکە (ڕەگ، کات، کەس)ی کرداری بنەڕەتی، لە نموونەکانی (١، ٢، ٣، ٤)دا لاگری دارِشتن و لە (٥، ٦)دا مۆرفیمێکی سەربەست بەشداری ڕۆنانەکەیان کردووە، کەبەپێی جۆری دروستەکەیان یاسای دارِشتنیان دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

١. لە نموونەکانی (١، ٢)دا لاگری دارِشتن لە شێوەی پێشگر و پاشگردا چۆتە سەر مۆرفیمە سەربەستەکە و وشەیەکی دارِێژراوی دروستکردووە، پاش ئەوە لە ئەنجامی لێکدانیان لەگەڵ کردارە بنەڕەتییەکەدا،[1] کردارە لێکدراوەکەی سازکردووە. وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەرخراوە:




کەواتە


| یاسای دارِشتنیان = وشەی دارِێژراو + کرداری بنەڕەتی |
|---|

٢. لە نموونەکانی (٣،٤)دا لاگری دارِشتن لە شێوەی پێشگر و پاشگردا چۆتە سەر کردارە بنەڕەتییەکە و کردارێکی دارِێژراوی دروستکردووە و دواتر لەگەڵ مۆرفیمە سەربەستەکەدا کردارە لێکدراوەکەی سازکردووە. وەك لەخوارەوەدا خراوەتەڕوو:




---


[1] لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە چۆنێتیی لێکدانی مۆرفیمەکانی کرداری بنەڕەتی دواوین و ئەم جۆرە کردارەش لەهەموو کردارێکی لێکدراودا دەردەکەوێت، بۆیە لێرە بەدواوە وەك یەك پێکهاتە تەماشای دەکەین و هەوڵی شیکردنەوە و جیاکردنەوەی مۆرفیمەکانی نادەین. بۆ زانیاری لەو بارەیەوە بڕوانە:(کرداری بنەڕەتی) لەم نامەیەدا: ل(٢١-٢٦).




کەواتە:

یاسای داڕشتنیان = وشەی سادە(مۆرفیمی سەربەست) + کرداری داڕێژراو


٣. لە نموونەی (٥)دا دوو مۆرفیمە سەربەستەکە یەکدەگرن و وشەیەکی لێکدراو سازدەکەن، پاشان لەگەڵ کردارە بنەڕەتییەکەدا لێکدەدرێن و کرداری لێکدراو بەبەرهەمدێنن. وەك لە خوارەوەدا نیشاندراوە:





کەواتە:

یاسای داڕشتنی = وشەی لێکدراو + کرداری بنەڕەتی

٤. لە نموونەی (٦)دا مۆرفیمە سەربەستەکە لەگەڵ کردارە بنەڕەتییەکەدا یەکدەگرەن و کردارێکی لێکدراو دروستدەبێت، پاش ئەوە لەگەڵ مۆرفیمە سەربەستەکەی تردا کردارێکی لێکدراوی نوێ پێکدەهێنن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم هێڵکاریەی خوارەوە:







کەواتە : | یاسای دارِشتنی = وشەی سادە(مۆرفیمی سەربەست) + کرداری لێکدراو |

**٢-٥-١ چەند رێنیشاندەرێك بـۆ دیـاریکردنی دوو پێکهاتـە ڕاسـتەوخۆ( بناغـە )کـەی کرداری لێکدراو:**

١. ئـەو وشـانەی لەسـێ مـۆرفیم، یـان زیـاتر پێکهـاتوون، بەشـێوەی زنجیرەیـی لێکنەدراون، بەڵکو لەشێوەی هەرەمیدان[١]. لەبەرئەوەی کرداری لێکدراویش لە سێ مۆرفیم زیاترە، لەشێوەی دوو پەلکدا بۆ پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی دابەشدەبێت. ئەمەش لـە هـەموو نموونەکانی پێشوودا پەیڕەوکراوە و هەرگیز ناشێت لەشـێوەی سـێ، یـان چـوار ...پەلکیـدا کەرتبکرێن. بۆ نموونە:




وەك بەنموونەکەدا دەردەکەوێت ئاستی هێڵکارییەکە پلەدارە(هـەرەمی) و ئـەم پلەبونـەش دەوری هەیە لە لێکدانەکـەدا، چـونکە کـرداری لێکـدراو هەمیـشە بەسـەر دوو پێکهاتـەی ڕاستەوخۆدا دابەشدەبێت. هەر پلەیەك بەگوێرەی سەروو، یان ژێـر خـۆی نرخـی تایبـەتی و دیاریکراوی خۆی هەیە، بـۆ نموونـە(سـوور) لەنرخـدا لەپایـەی (هەڵدەگـەڕێت)ـەو ناکرێت بەرانبەر(هەڵ)،یان(دەگەڕێت) دابنرێت.

[١] Stage berg ١٩٨١: ١٠٤.

٢. کرداری لێکدراو پێویستە بەشێوەیەك دابەشبکرێت، کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا هەردوو پێکهاتە ڕاستەوخۆکە لەڕووی فۆڕم و واتاوە سەربەخۆ دەربکەون[١]. بۆ نموونە:

١- سوور هەڵدەگەڕێت
سوور — هەڵدەگەڕێت

٢- سوور هەڵدەگەڕێت
* سوور هەڵ — دەگەڕێت

سوور کردنەوە | ڕەش هەڵدەگەڕێت.
گوڵی سوور... | زەرد هەڵدەگەڕێت.

وەك لە (٢) دا دیارە، ئەگەر کەرتکردنەکە بەو جۆرە بێت، ئەوە هەر چەندە پێکهاتەی(دەگەڕێت) بە تەنیا بەکاردێت، بەڵام پێکهاتەیەکی سەربەخۆمان نییە، بریتی بێت لە (سوور هەڵ) و هەڵگری واتایەکی فەرهەنگیش بێت، بۆیە دابەشکردنەکە بەو جۆرە هەڵەیە و مەرجە بە شێوەی(١)بێت.

لەگەڵ ئەو ڕاستییەی{هەڵ-} پێشگرێکی کردارییە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە (دەگەڕێت)ـەوە هەیە و کرداری داڕێژراوی (هەڵدەگەڕێت)ی سازکردووە[٢].

ئەگەر چی لەمڕۆدا هەندێك مۆرفیمی بەندی وەك (فێر، تەمێ، فڕێ...) لە کرداری لێکدراوی (فێردەکات، تەمێدەکات، فڕێدەدات...)دا بەسەربەخۆی بەکارناهێنرێن.

٣- کرداری لێکدراو دەبێت بە جۆرێك بۆ پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی دابەشبکرێت، واتای پێکهاتە ڕاستەوخۆکان پەیوەندیی هەبێت بە واتای وشە بەرهەمهاتووەکەوە.[١] هەرچەندە


---

[١] ئەم بیرۆکەیەم لە (سەر چاوەی پێشوو، ١٠٥)ـەوە وەرگرتووە، هەرچەندە ئەو بۆ ناوی نووسیووە و گوتویەتی :- یەکێك لە پێکهاتەکان دەبێت فۆڕمێکی سەربەخۆ بێت.

[٢] لەو کردارە لێکدراوانەی بناغە کردارییەکەیان تێپەڕە و لەکاتی ڕابوردوودایە، دەتوانین بۆ جیاکردنەوە و دیاریکردنی دوو پێکهاتە ڕاستەوخۆکە سوود لە شوێنی جێناولکاوەکانی (م-مان) وەربگرین. بۆ نموونە: ڕێگا (م-مان) گرت
سوور (م-مان) کردەوە
پشتگوێ (م-مان) خست
سەر (م-مان) شۆڕکرد

ژمارەیەك لە کردارە لێکدراوەکان بوونەتـە ئیدیـەم و پەیوەنـدیی واتـایی لـەنێوان خۆیـان و بناغـەکانیاندا بەدیناکرێت.

بۆ نموونە:




واتـای ئـەم کـردارە لێکـدراوە وا پێـشبینیدەکرێت لـە (سـوور + هەڵدەگـەڕێت)ـەوە دەستبکەوێت، نەك لە (سوور + دەگەڕێت)ـەوە، چونکە واتای (هەڵدەگـەڕێت) لـە کـردارە لێکدراوەکەدا هەیە و (دەگەڕێت)بەتەنیا ناتوانێت ئەو واتایە ببەخشێت.

**٢-٦ یاساکانی داڕشتنی کرداری لێکدراو:**

لەسـەر بنـەمای پـۆل و فـۆڕمی ئـەو دوو بناغـەیـەی بەشـداری پێکهـاتنی کـرداری لێکدراو دەکەن و لەبەر ڕۆشنایی جۆری دروستەی ناوەوەیان، کردارە لێکدراوەکان لـە چـەند شێوەیەکدا و بەسەر چەند دەستەیەکی سەرەکیدا دابەشبوون، گرنگترین و دەرکەوتووترینیان ئەمانەن:-

**٢-٦-١ (ناو + کردار):**

ئەم یاسایە لەڕووی پلەی بەرهەمدارێتییەوە یەکێکـە لەیاسـا هـەرە بەرهەمـدارەکانی سازکردنی کرداری لێکدراو و هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی لێکدانی (ناو و کردار)ـەوە دروستبوون.

ئەم کردارە لێکدراوانە لە ڕوانگەی فۆڕمی ناو و کردارەکەوە لەشێوەی چەند دەستەیەکدا دەبینرێن:-

١- (خەمدەخوات، بانگدەدات، شەڕدەکات، سەردەبڕێت، هێرشدەبات، زراوی دەبات، ئابڕوی دەچێت، ناوکی دەکەوێت، دڵی دەشکێت، پێدەگرێت، سوێنددەخوات...).

[سوێند + [دەخوات]] ⟵ سوێنددەخوات.

ناوی سادە + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو

یاسای ژمارە -١-

---

[1] Stage berg, ١٩٨١:١٠٥.

٢-ڕێگـــەدەگرێت، کوڕێنیـــدەکات، لوولـــەدەکات، پرســـەدەگرێت، چـــلەدەکات، چاکەدەکات...).

[[چاك + ـە] + [دەکات]] ⟵ چاکەدەکات.

| ناوی داڕێژراو + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە -٢- |

٣-(گفتوگۆدەکـات، بۆڵەبۆڵـدەکات، سـەرسمەدەدات، پاکوپیـسدەکات، تەقەتەقـدەکات، دەنگەدەنگدەکات، ماستاودەکات...).

[[ماست + ئاو] + [دەکات]] ⟵ ماستاودەکات.

| ناوی لێکدراو + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە -٣- |

٤ - (درۆهەڵدەبەستێت، ڕەگدادەکوتێت، بیر دەکاتەوە، خێردەداتەوە...).

ب- (گاڵتەپێـدەکات، دەسـتپێدەکات، دەنگپێـدەدات، چـاوتێدەبڕێت، کارتێـدەکات، گازلێـدەگرێت، چـاولێدەبڕێت ، ڕێزلێـدەگرێت، قـسەلێوەردەگرێت، ڕقهەڵـدەگرێت، بۆنپێوەدەکات، سەرپێوەدەنێت، چاولێدادەگرێت...).

[خێر + [[دەدات] + ـەوە]] ⟵ خێردەداتەوە.

[چاو + [لێ + [دا + [دەگرێت]]]] ⟵ چاولێدادەگرێت.

| ناوی سادە + کرداری داڕێژراو ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە -٤- |

ئەگـەر سـەرنجی نموونـەکانی (ب) بـدەین، مـۆرفیمی (پـێ، تـێ، لێ ...) بەشـداری پێکهاتنی کردارەکانیان کردووە. بۆ ناونانی ئەم مۆرفیمانە چەند بۆچوونێك خراونەتـەڕوو، لەوانە:-

نـووری عـەلی ئـەمین بەپێـشناویان دادەنێـت، بـەڵام تێڕوانینـی سـادق بەهائـەدین بەوجۆرەیە، لەبنەڕەتدا پێشناوبوون، بەڵام ئێستا دەوری پێشناو نابینن، هەرچی مەسعوود

محەمەدیشە بڕوای وایە ئەمانە، کەبوون بەپێشگر لەوە دەشۆڕێنەوە پێیان بگوترێت پێشناو، لەم بارەیەوە نەسرین فەخریش باری سەرنجی وایە، ئەمانە پێشگرن، هەرچەندە، لەبنەڕەتدا لە پێشناو پێکهاتوون، چونکە ئێستا لەڕواڵەت وناوەرۆکدا لێی دوورکەوتوونەتەوە و دەوری پێشگر دەبینن[1] ، بەلاّم ئێمە لەگەڵ بۆچوونی د. محەمەد عەبدولفەتاح [2] داین، کە ئەمانە بەپێشناوی ناڕەسەن دادەنێت، واتە ئەم مۆرفیمانە لەبنەڕەتدا لە مۆرفۆلۆژیدان و دەوری دارِشتن دەبینن، بەلاّم کاتێك دێنە ڕستەسازییەوە لە توانایاندا هەیە فۆڕمیان بۆ پێشناوی ڕەسەن بگۆڕن[3]. بۆ نموونە:

چاو لێدا دەگرێت.

چاوی لێدادەگرێت.

چاو لە کچەکە دادەگرێت.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ[4]ئەم مۆرفیمانە بەبەشێکی بنجی کردارە لێکدراوەکان دادەنێن، بەلاّم محەمەد مەعرووف[5] لەو بڕوایەدایە، ئەمانە کەرتێك نین لەکردارەکە، بەڵکو بۆ جێگیرکردنی بەرکاری بەیاریدە دانراون و دەتوانرێت لابرێن.

بە بۆچوونی ئێمە هەردوو لێدوانەکە تاڕادەیەك پەسەندن،[6]چونکە بەشێکی کرداری لێکدراو لەگەڵ هەریەك لەم مۆرفیمانەدا واتایەکی جیاواز دەبەخشن. وەك:

---

[1] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ٣١٦-٣١٤، ١٩٧٦.

[2] د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، موحازەراتی خوێندنی بالاّ، ١٩٩٩ — ٢٠٠٠،

[3] (پێ، تێ، لێ، ...) لە ڕستەدا لەگەڵ جێناوی لکاودا دێن، بەلاّم لەگەڵ (جێناوی سەربەخۆ / ناو...)دا فۆڕمیان بۆ پێشناوی ڕەسەن دەگۆڕێت. وەك:

دەنگم پێدەدات — دەنگ بە من دەدات.

چاویان تێدەبڕێت — چاو لە ئەوان دەبڕێت.

بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: (وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٦، ١٨٨)، (یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٤٦).

[4] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ٢٣٤.

[5] محەمەد مەعرووف فەتاح،أ- ١٩٨٩، ٤٧.

[6] ساغکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە.

کاردەکات ← پێ: کارپێدەکات / (کار بە مەکینەکە دەکات).
کاردەکات ← تێ: کارتێدەکات / (کار لە مەکینەکە دەکات).
کاردەکات ← لێ: کارلێدەکات / (کار لە مەکینەکە دەکات).

بەهەمان شێوە بڕوانە (فوومپێکرد، فوومڵێکرد، فوومتێکرد)، تەنانەت ژمارەیەکیشیان وەك: (چاوپێدەکەوێت، چاولێدەبڕێت...) بێ ئەم مۆرفیمانە هەر بەکار ناهێنرێن. لەگەڵ ئەو راستییەی بەشەکەی تریان بێ ئەم مۆرفیمانەش بەکار دەهێنرێن و واتای تەواویش دەبەخشن. وەك:

کاوە کار دەکات.

مناڵەکە ناتوانێت فووبکات.

لەبەرئەوەی هەریەکێك لەم فۆڕمانە وەك کردارێکی لێکدراو تێی دەڕوانین و سەرنجی لێدەدەین.

٥- (جێگەدەگرێتەوە، جێگەهەڵدەگرێت، جێگەدەکاتەوە، جێگەڕادەخات...).

[[جێ + گە] + [ڕا + [دەخات]]] ← جێگەڕادەخات.

| ناوی دارێژراو + کرداری دارێژراو ← کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە -٥- |

٦- (شەکراودەخواتەوە، دڵخۆشیدەداتەوە، بەربانگدەکاتەوە...).

[[بەر + بانگ] + [[دەکات] + ـەوە]] ← بەربانگدەکاتەوە.

| ناوی لێکدراو + کرداری دارێژراو ← کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە-٦- |

مەبەست لە کرداری دارێژراوی یاسای ژمارە(٤، ٥، ٦) هەموو ئەو کردارانەیە، کەلاگری دارشتنیان تێدایە و وەك یەکەیەکی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ بەشداری دارشتنی کردارە لێکدراوەکەیان کردووە و بناغە کردارییەکەیان پێکهێناوە.

٧-(چاوگەرمدەکات، ئاگر خۆشدەکات، چاولێبزدەکاتەوە، دەستلێپاندەکاتەوە، دانلێجیڕدەکاتەوە، سەرشۆڕدەکات...).

[سەر +[شۆڕ+ [دەکات]]] سەرشۆڕدەکات.

| ناوی سادە + کرداری لێکدراو ◄—— کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە-٧- |

پاش وردبونەوە لەم کردارانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەموو جۆرێکی کرداری لێکدراو لەتواناياندا نییە، جارێکی تر بەشداری داڕشتنی کرداری لێکدراو بکەن و بناغە کردارییەکەی پێکبهێنن، بەڵکو ئەو کردارانە لەم بوارەدا چالاکن و دەوری تایبەتی دەبینن، زۆربەیان ئەوانەن، بناغەی یەکەمیان ئاوەڵناوێکی چۆنێتیی سادەیە.

بناغەی یەکەمی ئەم دەستەیەش هەمیشە لەشێوەی ناو (یان جێناوی خۆیی)دایەو بەشێوەیەکی گشتیش ناوی بەرجەستەن و زۆربەیان سادەن.

جۆرەکانی ناو لەڕووی واتاوە لە داڕشتنی کرداری لێکدراودا، وەك یەك چالاك و بەبەرهەم نین، بۆ نموونە هەردوو جۆری ناو لە ڕووی هەبوونەوە بەشداری پێکهاتنی کرداری لێکدراو دەکەن[1].

ناوی بەرجەستە (مادی)، وەك: (سەردەبڕێت، ئاودەدات...).

ناوی نادیار (مەعنەوی)، وەك: (خەمدەخوات، شەڕدەکات...).

ناوی گشتیش لەدروستبوونی کرداری لێکدراودا زۆر چالاکە، وەك: (شەڕ، یاری، ماچ، مەلە، سەما... دەکات)، هەرچەندە ناوی کۆمەڵیش لە چەند کردارێکدا بەرچاودەکەون، وەك: (کۆمەڵ، پۆل...دەکات)، بەڵام ڕۆڵیان لەم بوارەدا سستە، هەرچی ناوی تایبەتییشە ناتوانێت یاریدەی سازبوونی کرداری لێکدراو بدات.[2]

**٢-٦-٢ (جێناوی خۆیی + کردار):**

جێناوی خۆیی وەك (خۆم- خۆمان، خۆت- خۆتان، خۆی- خۆیان) لە وشەی خۆ و یەکێك لە جێناوە کەسییە لکاوەکان پێکهاتووە[3].

---

[1] د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧، ٨٩.

[2] یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٢٠.

[3] نووری عەلی ئەمین، ١٩٦٠، ٩٦.

ئەم جێناوانە لە سازکردن و دارشتنی کرداری لێکدراودا رۆڵێکی باشیان هەیە و لەگەڵ چەند فۆرمیکی کرداری تێپەردا لێکدەدرێن و چەند دەستەیەك لە کرداری لێکدراو دروستدەکەن،

لەوانەش:

١-(خویدەپاڵێویت، خۆیدەبەستێت، خۆیدەکوژێت، خۆیدەفرۆشێت...).

[[خۆ + ی] +[دەفرۆشێت]] ← خۆیدەفرۆشێت.

| |
|---|
| جێناویخۆیی + کرداری بنەرەتی ← کرداریلێکدراو |
| یاسای ژمارە-٨ |

٢. (خۆیلێدەشارێتەوە، خۆیدەکاتەوە، خۆیهەڵدەبژێرێت، خۆیبادەدات، خۆیهەڵدەقورتێنێت، خۆیلێرادەگرێت،خۆیهەڵدەکێشێت...).

[[خۆ + ی]+[هەڵ+[دەکێشێت]]] ← خۆیهەڵدەکێشێت.

| |
|---|
| جێناویخۆیی + کرداری دارێژراو ← کرداری لێکدراو |
| یاسای ژمارە-٩- |

٣- (خۆیبەختدەکان، خۆیشێرندەکات، خۆیکۆدەکاتەوە، خۆیگورجدەکاتەوە، خۆیمتدەکات، خۆیتووشدەکات، خۆیسووردەکاتەوە، خۆیگیڤدەکاتەوە، خۆیگێلدەکات...).

[[خۆ + ی]+[گێل+[دەکات]]] ← خۆیگێلدەکات.

| |
|---|
| جێناوی خۆیی + کرداری لێکدراو ← کرداری لێکدراو |
| یاسای ژمارە-١٠- |

وەك دەردەکەوێت هەندێك جار مۆرفیمی یەکەمی بناغەی کرداریی ئەم جۆرە کردارانە، مۆرفیمێکی بەندە. وەك: (خۆیتووشدەکات، خۆیمتدەکات...).

**٢-٦-٣ (ئاوەڵناو + کردار):**

ئەو کردارە لێکدراوانەی بەم رێگە سازبوون، لە روانگەی فۆرمی هەر دوو بناغەکەوە بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەشبوون:-

١-(سڕدەبێت، سڕدەکات، پڕدەبێت، پڕدەکات، هاردەبێت، هاردەکات، چاکدەبێت، چاکدەکات، ژیردەبێت، ژیردەکات...).

[ژیر + [دەکات]] ⟵ ژیردەکات.

| ئاوەڵناوی سادە + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە-١١- |

٢- (ناشیرینەدەبێت، ناشیرینەدەکات، نائومێددەبێت، نائومێددەکات، نەخۆشدەکەوێت، نەخۆشدەخات، بێهێزدەبێت، بێهێزدەکات، بەهێزدەبێت، بەهێزدەکات...).

[[بە + هێز]+[دەکات]] ⟵ بەهێز دەکات.

| ئاوەڵناوی داڕێژراو + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە-١٢- |

٣-(بەدبەختدەبێت، بەدبەختدەکات، ڕووڕەشدەبێت، ڕووڕەشدەکات، دڵتەنگدەبێت، دەڵتەنگدەکات، دڵشاددەبێت، دڵشاددەکات، سەرخۆشدەبێت، سەرخۆشدەکات...).

[[سەر + خۆش]+[دەکات]] ⟵ سەرخۆشدەکات.

| ئاوەڵناوی لێکدراو + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە -١٣- |

٤-(چرچ هەڵدەگەڕێت، سەوزدەچێتەوە، سووردادەگرسێت، ڕەشهەڵدەگەڕێت...)

[ڕەش + [هەڵ + [دەگەڕێت]]] ⟵ ڕەشهەڵدەگەڕێت.

| ئاوەڵناوی سادە + کرداری داڕێژراو ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە-١٤- |

ئەو ئاوەڵناوانەی لەم بوارەدا چالاکن لە ڕووی واتاوە ئاوەڵناوی چۆنێتیین، کە وەك پۆلێکی وشە یاریدەی ڕۆنانی کردار دەدەن و ژمارەیەکی بەرهەمدار کرداری نوێ بەواتای نوێ دروستدەکەن، بۆنموونە هەریەك لە (گەورە، باش، جوان، خۆش، سەوز، زەرد، گەرم...) کە ئاوەڵناوی سادەن، لەگەڵ کرداری (دەبێت) کرداری لێکدراوی

تینەپەڕ و لەگەڵ کرداری (دەکات) کرداری لێکدراوی تێپەڕ سازدەکەن[1]، بەلاَم ئاوەڵناوی نسبی و نادیار ناتوانن بەشداری پێکهاتنی کرداری لێکدراو بکەن[2].

* ئاسنیندەکات
* پۆلاَیندەبێت
* تردەکات

شایانی باسە ئەو کردارە یاریدەدەرانەی لەم ڕۆنانەدا زۆر چالاکن، بریتیین لە: (دەبێت، دەکات)، بەلاَم ناوبەناو کرداری تریش دەبینرێن. وەك: (بەرزدەفڕێت، لولدەدات، نەخۆشدەکەوێت...).

ژمارەیەك لەم کردارە لێکدراوانە پاش سازبوونیان، پاشگری (ـەوە)یان دەچێتە سەر و فۆڕمی کردارە لێکدراوەکە دەگۆڕن و واتایەکی تر بۆ کردارەکە زیاددەکەن[3]. بۆ نموونە:-

(پاکدەکاتەوە، ڕووناکدەکاتەوە، خڕدەکاتەوە، هۆشیاردەبێتەوە، ژیردەبێتەوە...).

[[ژیر +[دەبێت]]+ ـەوە] ←—— ژیر دەبێتەوە.

**٢-٦-٤ (ئاوەڵکردار + کردار):**

هەندێك مۆرفیمی سەربەست وەك: (پێش، دوا، سەر، ژێر...) دەتوانن بەشداری پێکهاتنی کرداری لێکدراو بکەن.

سەبارەت بە ساغکردنەوەی پۆلکردن و ناونانی فەرهەنگیی ئەم جۆرە مۆرفیمانە، چەند بۆچوونێك دەبینرێت، بۆ نموونە هەندێك زمانەوان ئەمانە بە ئاوەڵکردار لەقەڵەمدەدەن[4]. لەکاتێکدا بیروڕای لەو جۆرەش لەئارادایە، ئەمانە پێشناوی ناوی بن [5]، جگە لەمانە دەکرێت جێگەیان لە خانەی ناوی شوێنیشدا بۆ تەرخانبکرێت[6].

---

[1] McCarus ١٩٥٨: ٩٥.

[2] یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٢٢.

[3] کۆردۆییف ١٩٨٤، ١٨٧-١٨٥، وەرگێڕانی: د.کوردستان موکریانی.

[4] د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ١٠٠.

[5] هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد، ١٩٨٩، ٤٩.

[6] سەعید صدقی، ١٩٢٨، ٢٤.

ئەم وشانە هەر چییەك بن، ئێمە وای بۆ دەچین لێرەدا بە یاسای ئاوەژووکردن (Conversion) لەم چوار چێوەیەدا رۆل و دەوریان گۆڕدراوە و بەیاریدە و هاوکاری چەند کردارێکی بنەڕەتی، شوێنی ئاوەڵکردارییان گرتووە دەستەیەك کرداری لێکدراویان دروستکردووە.

(پێشدەکەوێت، دوادەخات، ژێردەکەوێت، پێشدەخات، سەردەکەوێت...).

[سەر + [دەکەوێت]] ⟵ سەردەکەوێت.

| ئاوەڵکرداری سادە + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە — ١٥- |

**٢-٦-٥ (مۆرفیمی بەند + کردار):**

مەبەست لە بەشداریکردنی ئەو وشانەیە لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا، کە لە زمانی کوردیی ئەمرۆدا مانای سەربەخۆیان نییە، وەك (تووش، فڕی، بەخێو، نقوم، تووڕ، پەك، واز، هان...)[١] .سەبارەت بە پۆلی ئەم وشانە تا ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیمان بەزمانی کوردی بەرچاونەکەوتووە، کە لە ڕووی مێژوویییەوە ڕەچەڵەکی ئەم وشانەی ساغکردبێتەو و ئەوەی ڕوونکردبێتەوە، ئەمانە لە بناغەدا چین و سەر بە چ پۆلێکی وشەن[٢]، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمانە لە ئێستادا سەربەخۆ بەکارناهێنرێن و بەتەنیاش واتایەکی دیاریکراو و تەواو نابەخشن. ناچاربووین هەر بە مۆرفیمی بەند لە قەڵەمیان بدەین، هەرچەندە بناغەی یەکەمی لیستێك لە کرداری لێکدراویشیان پێکهێناوە.

ئەو کردارانەی بەم شێوە دروستبوون، بەگوێرەی فۆڕمی بناغە کردارییەکەیان، بەسەر دوو دەستەی سەرەکیدا دابەشبوون:

١-(وندەبێت، فڕێدەدات، تووشدەبێت، تووشدەکات، تەمێدەکات، نقوومدەبێت، پەکی دەکەوێت، فێردەکات، هاندەدات...).

[هان +[دەدات]] ⟵ هاندەدات.

---

[١] د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧، ٩١.

[٢] د. کوردستان موکریانی هەندێك لەم مۆرفیمانەی بەناو داناوە، وەك: (تەفرە، فریێ، واز)، بەڵام بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستی بەدەستەوە بدات. بڕوانە: د. کوردستانی موکریانی، ١٩٨٢، ١٥٠.

| مۆرفیمی بەند + کرداری بنەڕەتی ← کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە -١٦- |

٢-(شیدەبێتەوە، قلّپدەبێتەوە، قلّپدەکاتەوە، پەلّپیپێدەگرێت، وازلێدەهێنێت، وڕکلێهەلّدەگرێت، شیدەکاتەوە، تووڕهەلّدەدات...).

[شی + [[دەکات]+ ـەوە]] ← شیدەکاتەوە.

[تووڕ + [هەلّ + [دەدات]]] ← تووڕهەلّدەدات.

| مۆرفیمی بەند + کرداری داڕێژراو ← کرداری لێکدراو |
|---|
| یاسای ژمارە -١٧- |

جگە لەم دوو دەستەیە، هەندێك نموونەی تر هەن، بناغەی یەکەمیان هەرچەندە مۆرفیمی بەندە، بەلاّم لە شێوەی تاکە مۆرفیمێکدا نین، وەك: (دەربەستنەهات، بەخێودەکات...).

**٢-٦-٦ (فرێزی پێشناو + کردار):**

فرێزی پێشناوی لە پێشناوێك و ناوێك (یان جێناوێکی خۆیی) پێکهاتووە و هەندێك جاریش پاشناوێك بەدوای ناوەکەدا دێت. بۆ نموونە:

| پێشناو | + ناو + پاشناو | | فرێزی پێشناوی |
|---|---|---|---|
| بە | + بۆن ... | ← | بەبۆن |
| لە | + دەست ... | ← | لەدەست |
| بە | + دلّ + ـەوە | ← | بەدلّەوە |
| لە | + خۆی ... | ← | لەخۆی |

زۆربەی ئەم فرێزە پێشناوییانە وەك ئاوەلّکردارێك لە داڕشتنی کرداری لێکدراودا بەشداریدەکەن، کە بناغەی یەکەمی دوو دەستەی کرداری لێکدراو پێکدەهێنن:

١-(بەئاواتدەگات، بەڕێدەکات، بەیەکدادەدات، لەخۆیدەترسێت، بەدلّەوەدەچەسپێت، لەپێدەکەوێت، لەجێدەچێت، بەپیرەوەدەچێت، لەکاردەخات، لەدایکدەبێت، بەبۆندەکەوێت...).

[[بە + بۆن]+[دەکەوێت]] ← بەبۆندەکەوێت.

| فرێزی پێشناوی + کرداری بنەڕەتی ← کرداری لێکدراو |
|---|

| یاسای ژماره -١٨- |
| --- |

٢-(لەكۆڵی دەبێتەوە، لەكۆڵی دەكاتەوە، لەبیر(ی)دەچێتەوە...)

[[لە + بیر(ی)]+[[دەچێت]+ ـەوە]] ⟵ لەبیر(ی)دەچێتەوە.

| فرێزی پێشناوی + كرداری داڕێژراو ⟵ كرداری لێكدراو |
| --- |
| یاسای ژماره -١٩- |

ئەگەر بەوردی لە یاساكان بڕوانین، ئەوەمان لائاشكرا دەبێت، فرێزە پێشناوییەكە وەك یەكەیەكی سەربەخۆ و هاوشان لەگەڵ بناغە كردارییەكەدا لێكدراون.

**٢-٦-٧ (ڕەگی كردار + كردار):**

هەندێك ڕەگی كردار (ناوی چاوگ) لە شێوەی مۆرفیمی سەربەستدا دەردەكەون، كە لە ئەنجامی لێكدانیان لەگەڵ كرداری بنەڕەتی وكرداری داڕێژراودا دوو دەستە كرداری لێكدراو دروستدەكەن:

١-(نازدەكات، نۆشدەكات، سازدەكات، سازدەبێت، بڕدەكات، نازدەكێشێت، نازدەفرۆشێت، پارێزدەكات، گیردەخوات، كێشدەكات...).

[كێش + [دەكات]] ⟵ كێشدەكات.

| ڕەگی كردار + كرداری بنەڕەتی ⟵ كرداری لێكدراو |
| --- |
| یاسای ژماره -٢٠- |

٢-(لەرزدایدەگرێت، چێژیلێوەردەگرێت، ترسی لێدەنیشێت، خەودەیباتەوە...).

[خەو + [[دەیبات]+ ـەوە]] ⟵ خەودەیباتەوە.

| ڕەگی كردار + كرداری داڕێژراو ⟵ كرداری لێكدراو |
| --- |
| یاسای ژماره-٢١- |

**٢-٦-٨ (پێشناوی لێكدراو + كردار):**

پێشناوی لێکدراوی (لەسەر، لەناو، بەسەر...)، کە لە پێشناوێکی بنەڕەتی (لە، بە) و ناوی شوێنێك پێکهاتوون[1] ، دەتوانن یاریدەی پێکهاتنی چەند کردارێکی لێکدراو بدەن. وەك:

(لەناودەبات، لەسەریدەکەوێت، بەسەردەبات، بەسەردەهێنێت، لەناودەچێت...).

[[لە + ناو]+[دەچێت]] ⟵ لەناودەچێت.

| |
|---|
| پێشناوی لێکدراو + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
| یاسای ژمارە -٢٢- |

**٢-٦-٩ (ژمارە + کردار):**

هەرچەندە ڕۆڵی ژمارە لەم بوارەدا سستە، بەڵام ژمارە (یەك) لە پێکهاتنی چەند کردارێکی لێکدراودا بەشدارە. وەك:

(یەکدەخات، یەکدەبێت، یەکدەگرێت، یەکدەکەوێت...).

[یەك + [دەگرێت]] ⟵ یەکدەگرێت.

| |
|---|
| ژمارە + کرداری بنەڕەتی ⟵ کرداری لێکدراو |
| یاسای ژمارە -٢٣- |

هەموو ئەو یاسایانەی بۆ داڕشتنی کرداری لێکدراو خستمانەڕوو، بناغە کردارییەکەیان لە کۆتایدابوو، بەڵام ژمارەیەك کرداری لێکدراو هەن، بە پێچەوانەوە بناغە کردارییەکەیان لە سەرەتادایە، وەك (دێتەکوڵ، دەکەوێتەسەر...).

ئەو کردارانەی ڕێگە بەم جێگۆرکێیە دەدەن، ئەوانەن، لە بنەڕەتدا واتای جوڵان و ئاراستەکردن بەرەو لایەك دەبەخشن. لە کرداری لێکدراودا کردار وەك ڕستە کەوتۆتە کۆتاییەوە و دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکەی دەدات، بۆیە کاتێك بکەوێتە سەرەتاوە، ناتوانێت ئەو دۆخەبدات، ناچار پێشناوێك بەمەبەستی پێدانی دۆخەکە دێنێتە ئاراوە[2] .

ئەم جۆرە کردارەش لەچەند شێوەیەکی سەرەکیدا دەبینرێت:

---

[1] McCarus ١٩٥٨: ٧٧.

[2] د. محەمەد عەبدوالفەتاح حەمەسەعید، موحازەراتی خوێندنی باڵا، ١٩٩٩- ٢٠٠٠.

**٢-٦-١٠ (کردار + فرێزی پێشناوی):**

ئەو پێشناوەی لە پێکهاتنی ئەم جۆرە فرێزەدا چالاکە و ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بریتییە لە مۆرفیمی (ـە)، کە بەهاوکاری و یاریدەی ناو، یان جێناوی خۆیی، یان ڕەگی کردار فرێزە پێشناوەییەکە سازدەکەن و لەگەڵ بناغە کردارییەکەدا لێکدەدرێن بۆ دروستبوونی کردارە لێکدراوەکە. بۆ نموونە:

١-(دەکەوێتەپێکەنین، دەخاتەپێشچاو، دێتەزمان، دەکەوێتەڕێ، دەگرێتەخۆ، دێتەجۆش، دەخاتەڕوو، دەهێنێتەکوڵ، دەکەوێتەگەڕ، دێتەبەرهەم، دێتەکوڵ...).

[[دێت]+[ـە + بەرهەم]] ⟵ دێتە بەرهەم (بەبەرهەم دێت).

[[دێت]+[ـە + کوڵ]] ⟵ دێتەکوڵ (بەکوڵ دێت).

| | |
|---|---|
| کرداری بنەڕەتی + فرێزی پێشناو ⟵ کرداری لێکدراو | |
| یاسای ژمارە -٢٤- | |

٢-(دێتەوەیەك، دەهێنێتەوەیەك، دەخاتەوەیاد...)

[[[دەخات]+ ـەوە]+[ـە + یاد]] ⟵ دەخاتەوەیاد.

| | |
|---|---|
| کرداری داڕێژراو + فرێزی پێشناوی ⟵ کرداری لێکدراو | |
| یاسای ژمارە-٢٥- | |

**٢-٦-١١ (کردار+ پێشناوی لێکدراو):**

ئەو پێشناوە لێکدراوانەی لەم بوارەدا چالاکن، لە پێشناوی بنەڕەتی(ـە) و ناوی شوێنێك پێکهاتوون، کەبەهاوکاری کرداری بنەڕەتی و داڕێژراو دوو دەستە کرداری لێکدراو دروستدەکەن.

١-(دەکەوێتەسەر، دەخاتەدوا، دەکەوێتەژێر، دەکەوێتەپێش، دەخاتەپێش، دەخاتەسەر، دەکەوێتەدوا...).

[[دەكەوێت]+[لـە + سەر]] ◄──── دەكەوێتەسەر (بەسەردەكەوێت).

| | |
|---|---|
| كرداری بنەڕەتی + پێشناوی لێكدراو ◄── كرداری لێكدراو | |
| | یاسای ژمارە-٢٦- |

٢-(هەڵدەكاتەسەر، دەچێتەوەسەر، هەڵدەكوتێتەسەر...).

[[هەڵ]+[دەكوتێت]]+[لـە + سەر]] ◄──── هەڵدەكوتێتەسەر.

| | |
|---|---|
| كرداری داڕێژراو + پێشناوی لێكدراو ◄──── كرداری لێكدراو | |
| | یاسای ژمارە -٢٧- |

هەموو ئەو یاسایانەی بۆداڕشتنی كرداری لێكدراو تۆمارمانكرد، بەكەرەستەی كوردی بوون، هەرچەندە كۆمەڵێك كردار هەن، بناغەی یەكەمیان لەبنجدا كوردی نین، بەڵكو لە عەرەبییەوە خوازراون و بەهۆی بناغە كردارییەكەوە خۆماڵیكراون، پاش ئەوە وەك وشەی كوردی ڕەفتاریان لەگەڵدا كراوە و كرداری تازەی لێكدراویان لێ سازبووە. لەوانە:-

ا- (ناو + كردار)، وەك: ( حەجدەكات، زەكاتدەدات، حەفلەدەكات، ڕۆحی دەچێت...).

ب- (ئاوەڵناو + كردار) وەك: (ڕازیدەكات، قانیعدەبێت، مەرەخەسم بكە...).

پ- (ئاوەڵكردار + كردار) ئەم جۆرە كردارە لە كوردیدا بە كەرەستەی خوازە لە عەرەبییەوە دروستنابێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، ئاوەڵكردار زۆر بە دەگمەن لە عەرەبییەوە خوازراوە[١] .

بەهەمان شێوە ژمارەیەك كرداری لێكدراو لە لێدانی ناوی بێگانە (بەتایبەتی لاتینی) و كرداری (دەكات) داڕێژراون و بەبەرهەم هاتوون. لەوانە: (فاكسدەكات، تەلەفۆندەكات، ئیمەیڵدەكات، پۆستدەكات، سەیڤدەكات...).

ئەو كردارە یاریدەدەرانەی لە ڕۆنانی كرداری لێكدراو چالاكن و ڕۆڵێكی دیار و گرنگیان هەیە، لە ڕووی پلەی بەرهەمدارێتییانەوە ئەمانن:

---

[١] محەمەد مەعرووف فەتاح، ١٩٩٠، ١٤٣.

(دەکات، دەبێت، دەدات، دەگرێت، دەکەوێت، دەچێت، دەبات، دەخوات، دەخات، دەهێنێت، دەکێشێت، دەنێت،...)[1] .

لەم کردارانەدا کرداری (دەکات) لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا زۆر چالاك و بەرهەمە، بەشێوەیەکی وەها فراوان، بەشداریی دارشتنی زۆربەی یاساکان دەکات.

## دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە رووی ئەرکەوە

### ٣-١ پەیوەندیی ریزمانیی نێوان بناغەکانی کرداری لێکدراو:

پێش ئەوەی لەم رووەوە باسی کرداری لێکدراو بکەین، بەپێویستی دەزانین، ئەوە بخەینە روو، کە وشەی لێکدراو لەبەر رۆشنایی ئەرکی رستەسازیی نێوان بناغەکانی، واتە لەسەر بنەمای گونجان و پەیوەندیی ریزمانیی نێوان هەردوو بناغەکە، بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبێت(٢)، چونکە لێکدراو لەو رووەوە لە دروستەی ریزمانی دەچێت، کە پەیوەندی ریزمانیی شاراوە لە نێوان بناغەکانیاندا هەیە(٣)، بۆ نموونە:

بالاّ بەرز (دەرخراو+ دەرخەر)

تەڕ ە پیاز (دەرخەر+ دەرخراو)

بناغە بناغە

لەم جۆرە لێکدراوەدا یەکێك لە بناغەکان (دەرخەر) هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوی تریان (دەرخراو)، بەلاّم ئەگەر لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونەدا سەرنجی جۆرە لێکدراوێکی تری وەك (رۆژهەلاّت) بدەین، کە لە لێکدانی (ناو+ کرداری تێنەپەڕ)ەوە پێکهاتووە، ئەوە دەبینین، لە بنەڕەتدا کورتکردنەوەی رستەیەکی تەواوە، واتە لە رستەیەك (بکەر+

---

[1] بۆ زانیاری لەو بارەیەوە بڕوانە: (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧،٩٢)، (کورۆییڤ، ١٩٨٤، ١٨٤، وەرگێڕانی: د. کوردستان موکریانی)، (یوسف شەریف سەعید، ٢٠٠٠، ٨٢).

[2]-Bauer ١٩٨٣: ٢٠١.

[3]-Stageberg ١٩٨١: ١١٧.

کـردار)ـــەوە وەرگـــیراوە، بناغـــەی یەکـــەم بکـــەری رســـتەکەیە و بناغـــەی دووەمـــیش کردارەکەیەتی[1].

رۆژهەڵات                رۆژ(بکەر)                هەڵهات(کردار)

ئەگەر لـەم رووەوە کـردارە لێکـدراوەکان شـیبکەینەوە، ئـەوە وەك لـە بەشـی پێـشوودا نیشانماندا، هەر کردارێك لە تەواوکەرێك و سەرەیەك پێکهاتووە، کە کەرەسـتەی پێویـستی کردارەکەن و ناتوانرێت هیچ کامێکیان لاببرێت. وەك:

رۆحی   دەچێت          *...دەچێت.     *رۆح...

رۆحی   دەبات          *...دەبات     *رۆح...

سەرە   تەواوکەر

گـرنگترین تایبـەتیی ئـەم سـەرەیەش ئەوەیـە، تایبەتمەنـدێتیی پۆلەکـەی دەدات بـەو پێکهاتەیەی لێوەی بەرهەمدێت،

بەواتایـەکی روونـتر لەبـەر ئـەوەی کـردار سـەرەیە، ئـەوا کـە لەگـەڵ پـۆلێکی تـر (نـاو، ئاوەڵناو...)دا وشەی لێکـدراو سـاز دەکـات، هـەر کـردار دەبێـت[2]. وەك لـەم نموونانـەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە:

سوێند+ دەخوات ⟵ سوێنددەخوات.

جوان+ دەکات ⟵ جواندەکات.

سەر+ کەوتین ⟵ سەرکەوتین.

| |
|---|
| تەواوکەر (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار)+ سەرە(کردار) ⟵ کرداری لێکدراو |

ئەو پەیوەندییە رێزمانییە شاراوەیەی لە نێوان تەواوکەر و سەرەی کرداری لێکدراودا هەیە، لەو پەیوەندییە رێزمانییە دەچـێت، کـە لـەنێوان بەشـەکانی رسـتەی ئاسـاییدا دەبینرێـت، چـونکە کـرداری لێکـدراو لـە ئـەنجامی جێگـۆڕکێ و تێئـاخنینی بەشـێکی رسـتە(بکـەر/

---

[3]-محەمەد مەعروف فەتاح، ب- ١٩٨٩، ١٤١.

[2]-Katamba ١٩٩٣: ٣٠٣.

بەرکار...) بۆ ناو کردارەکە پێکهاتووە[1]، بۆ نموونە لە ئەنجامی بەراوردکردنی (رۆحی دەچێت) لەگەڵ (رۆحی دەبات)دا بۆمان ڕووندەبێتەوە، ئەم دوو کردارە لێکدراوە لە رووی دارشتنەوە لەیەکدەچن و هەردووکیان لە (ناو، کردار) سازبوون، بەڵام لەرووی پەیوەندیی ڕێزمانی نێوان ناو و کردار (تەواوکەر و سەرە)ـەکەوە جیاوازن، چونکە لە یەکەمیاندا پەیوەندیی بکەر بە کردارەوە و لە دووەمیاندا بەرکار بە کردارەوە بەدیدەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرەکانیان جیاوازە، (دەچێت) تێنەپەڕە و (دەبات) تێپەڕە، واتە لە (رۆحی دەچێت)دا بکەر و لە (رۆحی دەبات)دا بەرکار ئاخنراوەتە ناو کردارەکەوە[2]، کە بوونەتە بەشێکی بنجی و پێویستی کردارە لێکدراوەکە و سەربەستییان وەك بکەر و بەرکاری رستەی ئاسایی نەماوە[3].

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، هەروەك چۆن کرداری لێکدراو بریتییە لە لێکدانی دوو پۆلی وشە، بە هەمان شێوە بریتییە لە لێکدان و ئاوێتەبوونی دوو ئەرکی ڕێزمانی، واتە بۆ سازبوونی کرداری لێکدراو سوود لە پەیڕەو و یاسای رستەسازیی زمانەکە بینراوە، بەم پێیەش دەشێت کردارە لێکدراوەکان بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەش بکەین.

### ٣-١-١ ئەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان بکەر ئاسایە (بکەر+ کردار):

بەشێکی کردارە لێکدراوەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەنجامی لێکدانی ناو و کرداری تێنەپەڕەوە دروستبوون، وەك: (ئابڕوی دەچێت، سکی دەسوتێت، زراوی دەتۆقێت، چاوی پێدەکەوێت، دڵی دەشکێت، رۆحی دەچێت...) پەیوەندی نێوان تەواوکەر و سەرەکەیان لە پەیوەندیی ئەرکی رستەسازیی نێوان ناو و کرداری تێنەپەڕی رستەی ئاسایی دەچێت، بڕوانە بەراوردکردنی ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە:

رۆحی | چووە (کرداری لێکدراو).
تەواوکەر | سەرە

[1] -بڕوانە: هەمان سەرچاوەی، ١١٨.

[2] ئەم بیرۆکەیەم لە (Quirk eatel ١٩٨٥:١٥٧٠) وەرگرتووە، هەرچەندە ئەو دابەشبوونەکەی بۆ ناوی لێکدراوی ئینگلیزی بەئەنجامگەیاندووە.

[3] بڕوانە: (جیاکردنەوەی کرداری لێکدراو لە فرێزی کرداریی ئاسایی) لەم نامەیەدا، ل (٤٤-٤٨).

دایکی چوو (کرداری بنەڕەتی).
بکەر کردار

لێکدانەوەی وردی ئەم نموونانە دەریدەخەن، کە تەواوکەری ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو، هەرچەندە بەشێکی کردارەکەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا پەیوەندی بکەریی لەگەڵ سەرەکیدا هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە هەمیشە جێناوی لکاوی کەسیی سێیەمی تاك( {Ø} بۆ رابردوو و {ێت} بۆ رانەبردوو) لە کۆتایی سەرەکەدا دەردەکەوێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەواوکەرەی هەمیشە لە شێوەی کەسی سێیەمی تاکدایە، واتە هەردووکیان لە کەس و ژمارەدا رێکدەکەون. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

رابردوو: رۆحـ م چوو Ø
رۆحـ مان چوو Ø
رانەبردوو: رۆحـ م دەچێت
رۆحـ مان دەچێت
رێکەوتن

پێویستە لێرەدا تێبینیی ئەوەش بکەین، کە جگە لەم جێناوانە، لکاوی (م-مان) لە کۆتایی تەواوکەرەکەدا دەردەکەوێت، کە لەگەڵ بکەری رێزمانیی رستەکەدا رێکدەکەوێت[1]، واتە لەم جۆرە کردارانەدا دوو جۆر رێکەوتن لە کەس و ژمارەدا بەرچاو دەکەوێت[2]، بڕوانە دەرخستنی ئەو پەیوەندییە لەم نموونانەی خوارەوەدا:

(من) رۆحـ م چوو Ø
(ئێمە) رۆحـ مان چوو Ø
(من) رۆحـ م دەچێت
(ئێمە) رۆحـ مان دەچێت

---

[1] لەم دیالێکتەدا بکەر و کردار لە کەس و ژمارەدا رێکدەکەون، بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٣، ٦٨.

[2] بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: محەمەدی مەحویی، أ-٢٠٠١، ٨٣-٨٤.

ڕێکەوتن
ڕێکەوتن

بە بۆچوونی ئێمە ئەم جۆرە ڕستانە لە بنەڕەتدا لە جۆرە ڕستەیەکی تری وەك ئەمانەی خوارەوە وەرگیراون، کە بەشی نیهاد (بکەر)ـەکەیان لە دوو کەرت (دەرخرا و دەرخەر) پێکهاتوون و بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵ (ئیزافە)ـەوە گرێدراون.

ڕۆحی من چوو Ø.
ڕۆحی ئێمە چوو Ø.
ڕۆحی من دەچێت.
ڕۆحی ئێمە دەچێت.

دەرخراو ئیزافە دەرخەر

پاش بەراوردکردنی ئەم نموونانە لەگەڵ ئەوانی پێشووتردا، بەو ڕاستییە دەگەین، دەرخەرەکە بەشێوەی باس (topic)ێك براوەتە پێشەوە و وەك بکەرێکی ڕێزمانی بە سەرەتای ڕستەکەدا هەڵواسراوە. جێی سەرنجە لەم کاتەدا دەرخەرەکە جێناوێکی لکاو لە شوێنی خۆی بەجێدەهێڵێت، کە لەگەڵ بکەرە ڕێزمانییەکەدا ڕێکدەکەوێت[1]. وەك:

ڕۆحـ یمن[2] چوو/ دەچێت.
(من) ڕۆحـ م چوو/ دەچێت.
ڕۆحـ یئێمە چوو/ دەچێت.
(ئێمە) ڕۆحـ مان چوو/ دەچێت.

---

[1] بۆ زانیاری لە بارەی باس لە ڕستەی کوردیدا، بڕوانە: محەمەد مەعرووف فەتاح، ١٩٩٢، ٣٢-٤٥.

[2] لە فریزی خستنەپاڵدا ئەگەر دەرخەرەکە جێناوێکی سەربەخۆ بوو، ئەوە بەهۆی {ی}ـەوە لەگەڵ دەرخراودا گرێدەدرێن، بەڵام ئەگەر دەرخەرەکە.

جێناوی لکاو بوو، ئەوە بەبێ مۆرفیم لێکدەدرێن. وەك:

ڕۆحـ -ی — من : ڕۆحم

دڵ —ی — ئێمە : دڵمان

ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوەی تەواوکەری ئەم جۆرە کردارە پەیوەندیی بکەریی بە سەرەکەوە هەیە و پاشان بە هەردووکیان کردارە لێکدراوەکەیان سازکردووە، کە لەگەڵ بکەرە ڕێزمانییەکەدا ڕێکدەکەوێت. وەك:

(من — ئێمە) ڕۆح م چوو.
مان دەچێت.
بکەری ڕێزمانی          کرداری لێکدراو
ڕێکەوتن

**٣-١-٢ ئەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان بەرکار ئاسایە (بەرکار+ کردار):**

پەیوەندی ڕێزمانیی نێوان تەواوکەر و سەرەی ژمارەیەك کرداری لێکدراو، کە لە (ناو+ کرداری تێپەڕ) پێکهاتوون، وەك: (سوێندەخوات، یاریدەکات، بانگدەدات، دڵی دەشکێنێت، پرسەدەگرێت، قسەدەکات، ڕۆحی دەبات...) لە بنەڕەتدا لە ئەرکی ڕستەسازیی نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ و کرداری تێپەڕی ئاسایی دەچێت. وەك لە بەراوردکردنی ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا دیارە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| (کوڕەکە) | سوێند | دەخوات. | (کرداری لێکدراو) |
| بکەر | تەواوکەر | سەرە | |
| (کوڕەکە) | سێو | دەخوات. | (کرداری بنەڕەتی) |
| بکەر | بەرکار | کردار | |

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە ئەنجامی تێئاخنینی بەرکار (تەواوکەر) بۆ ناو کردار (سەرە) سازبووە، تەنانەت لە هەندێك باریشدا ئەم تەواوکەرە وەك بەرکار ڕەفتار دەکات. بۆ نموونە:

١-ئەگەر کردارەکە ڕابردوو بوو، ئەوە ئەم تەواوکەرە وەك بەرکار جێناوی لکاوی (م- مان)ی دەچێتە سەر.

| | | |
|---|---|---|
| سوێند | | خوارد |
| | م- مان | |
| یاری | | کرد |

٢-لە کاتی گۆڕینی ئەم کردارانە بۆ بکەر نادیار، تەواوکەرەکە وەك جێگری بکەر دەردەکەوێت:

سوێندخورا　　　سوێنددەخورێت

یاریکرا　　　یاریدەکرێت

٣-ئەم تەواوکردنە دەشێت وەك بەرکاری رستەی ئاسایی، بـبن دەرخـراو دەرخـەر بەدوایانـدا بێت.

سوێندی　　درۆ　　ناخۆم.

یاریی　　هەڵماتێن　دەکات.

دەرخراو　　دەرخەر

بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، ئەم تەواوکەرە لە بەرکاری رستەی ئاسـایی جیـاوازە، چونکە تازە بۆتە بەشێکی بنجی و پێویستی کردارە لێکدراوەکە، واتـە هەرچـەندە شـوێنی بەرکار دەگرێت، بەڵام نابێتە بەرکار بەڵکو هەر بەشێك دەبێت لە کردارەکە[1].

شایانی سەرنجە هیچ کردارێکی لێکدراو نابینن، لە ئەنجامی تێئاخنینی بـەرکار بـۆ نـاو کـرداری تێپـەڕ دروسـتبووبێت، چـونکە ئاشـکرایە کـرداری تێنەپـەڕ لـە رسـتەدا بـەرکاری راستەوخۆ وەرناگرێت. لەبەرئەوە ئەگەر سەرەی ئەم جۆرە کردارانە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، (یان بە پیچەوانەوە) بگۆڕرین، ئەوە جۆری پەیوەندیی رێزمـانی تەواوکەرەکـە بەسـەرەکەوە لە بکەر ئاساوە بۆ بەرکار ئاسا (یان بەپێچەوانەوە) دەگۆڕێت. وەك:

| | | |
|---|---|---|
| رۆحی دەچێت | ← → | رۆحی دەبات |
| دڵی دەشکێت | | دڵی دەشکێنێت |
| ئابڕوی دەچێت | | ئابڕوی دەبات |
| ناوکی دەکەوێت | | ناوکی دەخات |

**٣-١- ئەو کـردارە لێکدراوانـەی تەواوکـەرەکانیان ئـاوەڵکردار ئاسـایە (ئـاوەڵکردار+ کردار):**

جگە لەو دوو جۆرە پەیوەندییەی باسمانکرد، جۆرێکی تری کرداری لێکـدراو هەیـە، کە تەواوکەرەکەی لە بنجدا وەك ئاوەڵکردارێك بە سەرەکەیەوە بەندە، وەك (بەرێدەکـەوێت،

---

[1] بەکر عومەر عەلی، ١٩٩٩، ١٩٠.

لەکیسدەچێت، سەردەکەوێت، بەئاوەتدەگات، لەجێدەچێت، بەبۆندەکەوێت...) بۆ روونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

(ئەوان) دارایان لەپێخستووە. (کرداری لێکدراو)
تەواوکەر | سەرە
(ئەوان) دارایان لە زانکۆ | خستووە. (کرداری بنەڕەتی)
ئاوەڵکردار | کردار

بەراوردکردنی ئەم نموونانە ئەوە دەخەنەروو، ئەم جۆرە کردارە لە بەیەکداکردن و ئاوێتەبوونی ئاوەڵکردار و کردار پێکهاتووە، جگە لەمە هەروەك چۆن کرداری تێنەپەڕ تێپەڕ لە رستەدا دەتوانن ئاوەڵکردار وەربگرن، بەهەمان شێوە لەبەرهەمهاتنی ئەم کردارانەدا هەمان رێگە گیراوەتەبەر، واتە سەرەی ئەم کردارانە دەشێت تێنەپەڕ، یان تێپەڕ بێت، بۆ نموونە:

لەپێـ دەکەوێت / لەپێـ دەخات
لەجێـ دەچێت / لەجێـ دەخات
بەئاواتـ دەگات / بەئاواتـ دەگەیێنێت
تێنەپەڕ تێپەڕ

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، بە پێچەوانەی جۆری یەکەم و دووەمەوە، بەگۆڕینی سەرەی کردارەکە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، یان بەپێچەوانەوە، جۆری پەیوەندیی تەواوکەرەکە بەسەرەکەوە ناگۆڕێت.

هەرچی ئەو کردارانەش، کە تەواوکەرەکانیان ئاوەڵناون، دەشێت لە سنووری هەمان پەیوەندیدا لێکبدرێنەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی لایەنێکی کردارەکە دەردەخەن، لەرستەدا دەکرێت وەك ئاوەڵکردار بەکاربهێنرێن، بڕوانە نیشاندانی ئەو پەیوەندییە، لە بەراوردکردنی ئەم نموونانەی خوارەوەدا[1]:

---

[1] د. کوردستان موکریانی وێڕای ئەوەی بەرکار بەبەشێکی ناسەرەکی رستە لە قەڵەم دەدات، لە رستەی (لالە جلەکانی تەڕکرد)دا، (تەڕ) بە بەرکاری راستەوخۆ دادەنێت، بەڵام ئەم بۆچونە پەسەند نییە، چونکە لەم رستەیەدا (جلەکان) بەرکاری راستەوخۆیە، کە بەشێکی سەرەکی رستەکەیە و (تەڕ)یش تەواوکەری سەرەی کردارە لێکدراوەکەیە. بڕوانە: د. کوردستان موکریانی، ١٩٨٦، ١٠٩.

(نەخۆشەکە) چاکبووەوە. (کرداری لێکدراو) (دایکەکە) منالەکە جواندەکات. (کرداری لێکدراو)
تەواوکەر | سەرە تەواوکەر | سەرە
(نەخۆشەکە) چاك رۆشت.(کرداری بنەڕەتی) (دایکەکە) منالەکەی جوان دەخەوێنێت. (کرداری بنەڕەتی)
ئاوەڵکردار | کردار ئاوەڵکردار | کردار

## ٢-٣ کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ و تێپەڕ:

دیاریکردنی سنووری نێوان کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕ و چۆنێتیی جیاکردنەوەیان لەیەکتری، بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز دەبێت، بۆ نموونە لە سنووری مۆرفۆلۆژیی کرداردا بە مەبەستی ناسینەوە و دەستنیشانکردنی تێپەڕی و تێنەپەڕیی کرداری بنەڕەتیی ئەم دیالێکتە چەند ڕێگەیەك خراونەتەڕوو، لەوانە:

١-هەر کردارێك لەکاتی رابردوودا جێناوی لکاوی (مان، تان، یان)ی وەرگرت، ئەوە تێپەڕە، بەڵام ئەگەر وەری نەگرت ئەوە تێنەپەڕە[1]. وەك:

نووسی مان
هێنا تان ....تێپەڕ
فرۆشت یان

*خەوت مان
*چوو تان ....تێنەپەڕ
*کەوت یان

٢- د. ئەورەحمانی حاجی مارف لەم بارەیەوە نووسیوێتی:- ((ئەگەر هەر کردارێ لەگەرداندا دەرکەوت کەلەکاتی رابردووی بەردەوامدا جێناوی کەسیی لکاو بەپێشیەوە دەلکێ، ئەوە ئەو کردارە تێپەڕە. خۆ بێتوو لە هەمان ڕێژەدا جێناو بکەوێتە کۆتاییەوە، ئەوە ئەو کردارە تێنەپەڕە))[2]. بۆ نموونە: بڕوانە شوێنی {-م}ی جێناوی لکاوی کەسیی یەکەمی تاك لەم کردارانەی خوارەوەدا:

---

[1] مستەفا محەمەدزەنگەنە، ١٩٨٩، ٢١.

[2] د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ١٨٢.

دە مـ نووسی
دە مـ هێنا } ...تێپەڕ
دە مـ فرۆشت

دەخەوتـم
دەچوو م } ....تێنەپەڕ
دەکەوتـم

٣-هەر کردارێك بگۆڕرێت بۆ بکەرنادیار، بە تێپەر دادەنرێت، بەڵام کە نەگۆڕرێت بە تێنەپەڕ دەناسرێت، چونکە کرداری بکەرنادیار تەنیا لە کرداری تێپەڕەوە سازدەکرێت. بۆ نموونە:

نووسیی: نووسرا / دەنووسرێت
هێنای: هێنرا / دەهێنرێت } ...تێپەڕ
فرۆشتی: فرۆشرا / دەفرۆشێت

خەوت: *خەورا *دەخەورێت
چوو : *چرا *دەچرێت } ....تێنەپەڕ
کەوت : *کەورا *دەکەورێت

ئەگەر لە روانگەی ئەم رێگایانەوە تەماشای کردارە لێکدراوەکان بکەین و بمانەوێت تێپەڕ و تێنەپەڕیان لەیەکتر جیابکەنەوە، ئەوە رووبەرووی خاڵێکی گرنگ و سەرنجراکێش دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە، هەرچەندە بەشێکی کردارە لێکدراوەکان دەشێت وەك کرداری بنەڕەتی بەم رێگایانە بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ دابەشبکرێن. وەك:

<u>تێپەڕ:</u>

| | | |
|---|---|---|
| جوانـ مان کرد | جوانـ مـ دەکرد | جوانکرا |
| لەناو تان برد | لەناو مـ دەبرد | لەناوبرا |
| فڕی تان دا | فڕێ مـ دەدا | فڕێدرا |

<u>تێنەپەڕ:</u>

| | | |
|---|---|---|
| *سەرکەوت مان | سەردەکەوتـ م | *سەرکەورا |
| *ونبوو تان | ونبوو م | *ونبرا |
| *لەناوچوو یان | لەناودەچوو م | *لەناوچرا |

بـەڵام بەشـێکی تریـان لـەم رووەوە نـاتوانین بـەم جـۆرە دابەشـیان بکـەین، لەبەرئـەوەی بەشێوەیەکی جیاواز رەفتار دەکەن، بۆ نموونە هەندێك زمانەوان[1] زۆرچاك بۆ ئـەوە چـوون، کرداره لێکدراوەکانی (ملینا، جنێویـدا، هـاواریکرد، فێلیکـرد...)تێنەپـەڕن، کەچـی وەك ئاشـکرایە بەپێـچەوانەی یەکـەم رێگـەوە، جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی (م- مـان) بەشـداری پێکهاتنیان دەکات. وەك:

مل مان نا
جنێو تان دا ....تێنەپەڕ
هاوار یان کرد

سـەرەڕای ئەمـە، ئەگـەر سـەرنجی رێـژەی رابـردووی بەردەوامیـشیان بـدەین، ئـەوە بەپێچەوانەی رێگەی دووەمەوە، جێناوە لکاوەکە هەمیشە بەپێشییەوە دەلکێت:

مل مـ دەنا
جنێو مـ دەدا ....تێنەپەڕ
هاوار مـ دەکرد

لێرەدا پێویستە ئەوەش بخەینەروو، یەکێك لە تایبەتییە دیارەکانی ئەم کردارانە ئەوەیە، کرداری بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت.

ملنرا / ملدەنرێت
جنێودرا / جنێودەدرێت
هاوارکرا / هاواردەکرێت

کەواتە ناتوانین وەك نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی لە جیاکردنەوەی کرداری لێکدراوی تێپەڕ و تێنەپەڕدا پشت بەم رێگایانە ببەستین، بۆیە ناچاردەبین پەنا بەرینە بەر بەکارهێنانی کردارە لێکدراوەکان لە رستەدا و پاشان لەرووی واتاوە تێیان بڕوانین.

بۆ گەیشتن بـەم مەبەسـتەش ئەگـەر بـەراوردی هەنـدێك لـەو پێناسـانە بکـەین، کـە لـە رێزمانی کوردیدا بەم جۆرە بۆ کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ نووسراون،[2] دەبینین خاڵی سەرەکی

---

[1] (هەمان سەرچاوە، ٢١٠)، (بەکر عومەر عەلی، ١٩٩٩، ١٩٤-١٩٥).

[2] بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ٩٥-١٠٦.

و هاوبەش لە نێوانیاندا ئەوەیە، ئەگەر کردارێك لە رستەدا بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی بە بەرکاری راستەوخۆ نەبوو، ئەوە تێنەپەڕە، بەڵام ئەگەر کردارێك لە رستەدا داوای بەرکاری راستەوخۆی کرد، ئەوە تێپەڕە.

کرداری تێنەپەڕ: -بەرکاری راستەوخۆ

کرداری تێپەڕ: +بەرکاری راستەخۆ

وەك دەردەکەوێت ئەم دوو جۆرە کردارە لە پەیوەندییان بە بەرکاری راستەوخۆوە لەیەکترجیادەبنەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش (تێپەڕی و تێنەپەڕی) دەشێت بە (دۆخی پەیوەندێتی بەرکار) ناوبرێت[1].

بەرکاری راستەخۆش لە رستەدا گرنگە و وەك کەرەستەیەکی سەرەکی و بنجی رستە سەیر دەکرێت، چونکە لەزۆر باردا لابردنی دەبێتە هۆی شێواندن و لەنگی واتای رستەکە[2].

ئەگەر لەرووی رستەسازیشەوە لەم بابەتە بڕوانین، ئەوە دەبینین لە زمانی کوردیدا کردار شوێن بۆ (بکەر و بەرکار...) دیاری دەکات، واتە ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی تەنیا شوێن بۆ بکەر دەکاتەوە و دۆخی رێزمانی بکەری (Nominative)ی دەدات، بەڵام ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بوو ئەوە بەلایەنی کەمەوە، جگە لە شوێنی بکەر شوێن بۆ بەرکاری راستەوخۆش دەکاتەوە و دۆخی رێزمانی بەرکاری (Accusative)یش دەدات[3].

کرداری تێنەپەڕ |______|

کرداری تێپەڕ |______| |______|

بەرکاری راستەخۆ بکەر

واتە لە کرداری تێنەپەڕدا پێویستە شوێنی بکەر پڕبکرێتەوە، بەڵام لە کرداری تێپەڕدا جگە لە شوێنی بکەر پێویستە شوێنی بەرکاری راستەخۆش پڕبکرێتەوە.

---

[1] د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠، ٤٥.

[2] مەحموود فەتحوللا ئەحمەد، ١٩٨٩، ١٠٠.

[3] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، أ-٢٠٠١، ١٥٥-١٩٠.

لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونانەوە و بە لەبەرچاوگرتنی سروشت و تایبەتییەکانی کرداری لێکدراو وەك پێویستە لە کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ و تێپەڕ دەدوێین و پاشان جۆرەکانیان لەرووی دارِشتنەوە دەخەینە روو:-

### ٣-٢-١ کرداری لێکدراوی تێنە پەڕ:

ئەو کردارەیە لە رستەدا بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی بە بکەرە و بەهیچ چەشنێك بەرکاری راستەوخۆ وەرناگرێت. بۆ نموونە:

(ئێمە) سەرکەوتین.

(دزەکە) تەمێبوو.

(پیاوخراپەکان) لەناو دەچن.

(مناڵەکە) نەخۆشدەکەوێت.

بکەری رێزمانی کرداری لێکدراو تێنەپەڕ.

هەریەك لەم کردارانەی سەرەوە لەرووی رستەسازی و واتاسازییەوە تەنیا رۆڵی کردارێك دەبینێت[1]، چونکە بە هەردوو بناغەی کرداره لێکدراوەکە فۆرِم و واتای کردارەکە تەواو دەکەن. بۆ نموونە کرداری (نەخۆشدەکەوێت)، کە لە ئاوەڵناوی (نەخۆش) و کرداری (دەکەوێت) دروستبووە، لە رستەدا وەك کرداری بنەڕەتی تەنیا شوێنی کردارێك دەگرێت. برڤانە بەراوردکردنی کرداری ئەم رستانەی لای خوارەوە:

(منالّەکە) کەوت.

(منالّەکە) خەوت.

(منالّەکە) نەخۆشکەوت.

کردار


کرداری (نەخۆشدەکەوێت) تێنەپەڕە، لەبەرئەوەی وەك لە رستەکەدا دیارە، بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە (منالّەکە) هەیە، کە بکەری رێزمانیی رستەکەیە و دەشێت دەرنەبرِرێت، واتە ئەم کردارە تەنیا شوێنێکی پێویست لە پێش خۆیەوە بۆ بکەر دەکاتەوە.

---

[1] بروانە: (مەحموود عەلی جوکل، ٢٠٠، ٧٠)، (Amin ١٩٧٩: ٦٠).

لەبەر ئەمەوش بە کردارێکی یەك لایی دەناسرێت[١]، بەم پێیەش تاوی بکەرەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ تێناپەڕێتە سەر کەسێك، یان شتێکی تر[٢]، چونکە بە هیچ شێوەیەك شوێن بۆ بەرکاری راستەوخۆ ناکاتەوە.

کردار بە هەموو جۆرەکانیەوە بە بنچینەی فرێزی کرداریی ناو رستە دادەنرێت، چونکە رستە بەلایەنی کەمەوە لە دوو فرێزی سەرەکی (فرێزی ناوی بکەر و فرێزی کرداری) پێکدێت، لەبەرئەوە ئەگەر فرێزی کرداریی رستەیەك لە کردارێکی لێکدراوی تێنەپەڕ پێکهاتبوو، ئەوا دروستەی ئەو رستەیە (پەیوەندی نێوان بکەر و کردار) بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبێت[٣].




کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ وەك کرداری بنەڕەتی بەپێی بەشداریکردنی بکەر لە رووداني کردارەکەدا بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت[٤].

١. تێنەپەڕی خوازەکی (ئیرادی):-

لەم جۆرە کردارانەدا بکەر دەوری هەیە لە رووداني کردارەکەدا. وەك:

(رێبوار) لە خوێندندا سەرکەوت.

(کوڕەکە لە خوێندن دووردەکەوێتەوە.

٢. تێنەپەڕی رووداو (لائیرادی):-

[١] یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٢٧.

[٢] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ١٠٠.

[٣] بڕوانە: (Amin ١٩٧٦: ٣).

[٤] بڕوانە: (لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ١٩٧٦، ١٠٠)، (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٥٠).

لەم جۆرە کردارانەدا بکەر دەوری تایبەتی خۆی نییە، بە واتایەکی تر بێ ئارەزوومەندی بکەر کردارەکە دێتەدی و لەبەر ئەم هۆیەش بکەری ئەم جۆرە کردارانە بە (بکەری ڕێزمانی) ناودەبرێت[1].

وەك: ڕێبوار نەخۆشکەوت.

پیرەمێردەکە لەپێکەوتووە.

نەخۆشەکە زەردهەڵگەڕابوو.

ئەگەر بێتو ئاوڕێك لە یاساکانی داڕشتنی کرداری لێکدراو بدەینەوە و لەم ڕووەوە لەو کردارە لیکدراوانە وردبینەوە، کە خۆشیان بناغە کردارییەکەشیان تێنەپەڕن، دەبینین، لە شێوەی چەند دەستەیەکی سەرەکیدا دەردەکەون. گرنگترین و بەرهەمدارترینیان ئەمانەن:

١. (ئاوەڵناو+ کرداری تێنەپەڕ) وەك: (سڕدەبێت، نەخۆشدەکەوێت، سەرخۆشدەبێت، ژیردەبێت...).
٢. (ئاوەڵکردار+ کرداری تێنەپەڕ) وەك: (سەردەکەوێت، نزیکدەبێتەوە، دووردەکەوێتەوە...).
٣. (مۆرفیمی بەند+ کردار تێنەپەڕ) وەك: (ونـدەبێت، شیدەبێتەوە، فێردەبێت، تەمێدەبێت...).
٤. (فرێزی پێشناوی+ کرداری تێنەپەڕ) وەك: (بەبۆندەکەوێت، لەپێدەکەوێت، لەجێدەچێت، لەدایکدەبێت...).
٥. (کرداری تێنەپەڕ+ فرێزی پێشناوی/ پێشناوی لێکدراو) وەك: (دێتەبەرهەم، دێتەکوڵ، دەکەوێتەسەر، دەکەوێتەپێش...).

لەم کردارە تێنەپەڕانەی سەرەوەدا، وەك ڕێگەیەکی سەرەکی جێناوی لکاوی بکەریی (م- ین) لەکاتی ڕانەبردوو و هەموو جۆرەکانی کاتی ڕابردوودا بەشداری دەکات و هەمیشە لە دوای ڕەگی کردارەکەوە دێت. بۆ نموونە:

ڕێژەی ئیخباری

کاتی ڕانەبردوو:

---

[1] بۆ زانیاری لە بارەی بکەری ڕێزمانی، بکەری مەنتیقی (لۆجیکی)، بڕوانە: ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا، ١٩٩٠، ٤٣.

نەخۆشدەکەو م-ین

کاتی رابردوو:

| | | |
|---|---|---|
| سادە: | نەخۆشکەوت | م- ین |
| بەردەوام: | نەخۆشدەکەوت | |
| تەواو: | نەخۆشکەوتوو | |
| دوور: | نەخۆشکەوتبوو | |

٦. (ناو+ کرداری تێنەپەڕ) وەك: (رۆحی دەچێت، ملی دەشکێت، ناوکی دەکەوێت، ریشی دێت، دڵی دەشکێت...)[1].

هەرچی ئەم جۆرەی کرداری لێکدراوە لە کاتی رانەبردوو و هەموو جۆرەکانی کاتی رابردوودا جێناوی لکاوی (م- مان) وەردەگرێت، کە دەچێتە سەر بناغەی یەکەم[2]. بۆ نموونە:

<u>رێژەی ئیخباری:</u>

کاتی رانەبردوو:

رۆحـ م- مان دەچێت

کاتی رابردوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سادە: | رۆحـ | م- مان | چوو |
| بەردەوام: | رۆحـ | | دەچوو |
| تەواو: | رۆحـ | | چووە |
| دوور: | رۆحـ | | چووبوو |

[1] کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ لە زمانی فارسیشدا لە (ناو/ ئاوەڵناو/ ئاوەڵکردار/ ژمارە...) و کرداری تێنەپەڕ پێکدێت. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: **د. محمد تقي الزهتابي و د. حسين علي محفوظ، ١٩٨٧، ٩١.**

[2] بۆ روونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە جۆر و شوێنی جێناوی لکاو لە کرداری لێکدراودا، بڕوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ٢٠٧-٢١٦.

پێویستە دەربارەی تایبەتییە هاوبەشەکانی ئەم پێنج دەستەیەی کرداری لێکدراو ئەم دوو خاڵەی خوارەوە روون بکەینەوە:-

١. ئەم کردارە لێکدراوانە بە هیچ جۆرێك بۆ کرداری بکەر نادیار ناگۆڕێن، وەك لە نارێزمانی ئەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

*نەخۆشکەورا

*شیدەبرێتەوە

*رۆحچرا

٢. بناغەی کرداریی ئەم کردارانە تێنەپەڕە و پاش ئەوەی چۆتە ناو کردارە لێکدراوەکەوە، هەر بە تێنەپەڕی ماوەتەوە، چونکە هەڵگری رەگەزی تێنەپەڕییە، واتە بناغەی یەکەمی کردارەکان هیچ کاری نەکردۆتە سەر تێنەپەڕی بناغە کردارییەکە[1]. بە واتایەکی روونتر کرداری تێنەپەڕ کرداری لێکدراوی تێنەپەڕی سازکردووە. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

| بناغەی یەکەم+ بناغەی کرداری تێنەپەڕ ←—— کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ |
|---|

ئاوەڵناو: نەخۆش + دەکەوێت ←—— نەخۆشدەکەوێت

ئاوەڵکردار: سەر + دەکەوێت ←—— سەردەکەوێت

مۆرفیمی بەند: شی + دەبێتەوە ←—— شیدەبێتەوە

فرێزی پێشناوی: بەبۆن + دەکەوێت ←—— بەبۆندەکەوێت

ناو: رۆحـ - م - + دەچێت ←—— رۆحم دەچێت

ئەم پێوەرە بۆ گشت کردارە لێکدراوەکان بەو جۆرە نییە، چونکە ژمارەیەك کرداری لێکدراو هەن، هەرچەندە بناغە کردارییەکەیان تێپەڕە، بەڵام لە رستەدا وەك تێنەپەڕ

[1] بڕوانە: یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٢٧.

دەردەکەون، بۆ نموونە (دەگرێت) تێپەڕە، بەڵام لە یەکێك لە شێوە لێکدراوەکانیدا دەبێت بە (پێدەگرێت)، کە وەکو تێنەپەڕ خۆی نیشاندەدات. (منداڵەکە پێدەگرێت)، چونکە لەرستەدا بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی بە بەرکاری راستەوخۆ نییە[1].

خۆ ئەگەر بێتو سەرنجی (دەکات) و فۆرمە جیاوازەکانی بدەین، ئەوە دەبینین هەروەك چۆن کرداری لێکدراوی تێپەڕ ساز دەکات، بەهەمان شێوە کرداری لێکدراوی تێنەپەڕیش پێکدەهێنێت[2]. بڕوانە بەراوردکردنی ئەم کردارە لێکدراوانەی خوارەوە:

| تێپەڕ | تێنەپەڕ |
|---|---|
| باسدەکات | قسەدەکات |
| بۆندەکات | هاواردەکات |
| بانگدەکات | شەڕدەکات |
| داوادەکات | درۆدەکات |

بەهەمان شێوە (دەدات)یش لەم بوارەدا چالاکە. بۆ نموونە:

| تێپەڕ | تێنەپەڕ |
|---|---|
| گرێدەدات | بانگدەدات |
| ئاودەدات | سەرسمدەدات |
| پیشاندەدات | بازدەدات |

ئەگەر لە رووی شێوەی دروستبوونەوە سەیری ئەم جۆرە کردارە لێکدراوە تێنەپەڕانە بکەین، لە دوو دەستەی سەرەکیدا دەبینرێن:

١. (جێناوی خۆیی+ کرداری تێپەڕ) وەك: (خۆیدەپاڵێوێت، خۆیدەفرۆشێت، خویدەکوژێت...).

٢. ژمارەیەك کرداری لێکدراو کە لە (ناو+ کرداری تێپەڕ) سازبوو[3]، وەك:

---

[1] فەرەیدوون عەبدول محەمەد، ١٩٨٨، ٨١.

[2]-Tabaian ١٩٧٨: ٩٥.

[3] جێی سەرنجە بەهەمان یاسا کرداری لێکدراوی تێپەڕیش سازدەبێت، وەك: (سوێنددەدات، بۆندەکات، سەردەبڕێت...) بڕوانە: (کرداری لێکدراوی تێپەڕ) لەم نامەیەدا، ل(٨٤-٩٠).

أ/ (قسەدەكات، یاریدەكات، بازدەدات، هاوار‌دەكات، درۆدەكات، سوێنددەخوات، شەڕدەكات...).

ب/ (پێدەگرێت، شەقدەبات، درزدەبات، ژەنگدەهێنێت، ئازاردەچێژێت، خولدەخوات، پێچدەخوات...)[1].

لەم كردارە لێكدراوانەدا جێناوی لكاوی بكەریی (م- مان) وەك مۆرفیمێكی هاوبەش لە دارِشتنی هەموو جۆرەكانی كاتی رابردوودا بەشداری دەكات. بۆ نموونە:

ڕێژەی ئیخباری:

كاتی رابردوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سادە: | قسە | | كرد |
| بەدەوام: | قسە | م- مان | دەكرد |
| تەواو: | قسە | | كردووە |
| دوور: | قسە | | كردبوو |

سەبارەت بە گۆڕینی ئەم كردارانەش بۆ بكەر نادیار، كردارەكانی خاڵی(١) زۆربەیان بۆ بكەر نادیار ناگۆڕێن، ئەگەر هەندێكیشیان بكرێن بە نادیار، ئەوە تەواو لە واتا دیارەكانیان دووردەكەونەوە[2]. بۆ نموونە:

رانەبردوو: خۆی دەفرۆشێت * خویدەفرۆشرێت (بە واتا ئیدیەمییەكەی/ كەسێكی

رابردوو: خۆی فرۆشت *خۆی فرۆشرا ناحەز خۆیی بفرۆشێت).

خۆی كوشت (واتە كەس پەیوەندیی بە ڕووداوەكەوە نەبوو).

هەرچی كردارەكانی خاڵی (٢-أ)ـە دەشێت بۆ بكەر نادیار بگۆڕێن. وەك:

رانەبردوو/ قسەدەكات قسەدەكرێت

هاواردەكات هاواردەكرێت

رابردوو/ قسەیكرد قسەكرا

---

[1] هەندێك زمانەوان ئاماژەیان بەوەداوە، ئەم جۆرە كردارانە وەك تێنەپەڕ خۆیاندەنوێنن، بڕوانە: مەحموود فەتحوڵلا ئەحمەد، ١٩٨٨، ٥١.

[2] بڕوانە: فەرەیدوون عەبدول محەمەد، ١٩٨٨، ٥١.

هاواریکرد        هاوارکرا

بەڵام کردارەکانی خاڵی (٢-ب) بە پێچەوانەی ئەمانەوە هەرگیز بکەر نادیاریان لێ سازناکرێت. وەك نارێزمانی ئەم نموونانەی خوارەوە دەیسەلمێنن:

رانەبردوو/ درزدەبات        *درزدەبرێت

شەقدەبات        *شەقدەبرێت

رابردوو/ درزیبرد        *درزبرا

شەقیبرد        *شەقبرا

**٣-٢-٢ کرداری لێکدراوی تێپەڕ:**

ئەو کردارەیە لە رستەدا بۆ تەواوبوونی واتاکەی جگە لە بکەر داوای بەرکاری راستەوخۆ دەکات، واتە بە نەبوونی بەرکاری راستەوخۆ واتای رستەکە تەواو نابێت. وەك کرداری ئەم رستانەی لای خوارەوە:

(قەسابەکە)        مەڕەکەی        سەربڕی.

(پاکەرەوەکە)        خۆڵەکەی        فڕێدا.

(ئەوان)        کەس        لەناونابەن!

(دایکم)        گۆشتەکە        سووردەکاتەوە.

بکەر        بەرکاری راستەوخۆ        کرداری لێکدراوی تێپەڕ

ئەگەر سەرنجی هەریەك لەم کردارە لێکدراوە تێپەڕانە بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بەلایەنی کەمەوە لەپێش خۆیانەوە دوو شوێنی پێویست بۆ بکەر و بەرکاری راستەوخۆ دەکەنەوە. لەبەر ئەوە بە کردارێکی دوولایی دەناسرێن[1]. بۆ نموونە (سووردەکاتەوە) لە دوا رستەدا کردارێکی تێپەڕە، چونکە جگە لە (دایکم/ بکەر) پێویستی بە (گۆشتەکە) هەیە، کە دەچێتە شوێنی بەرکار و دەوری بەرکاری راستەوخۆش دەبینێت، لێرەدا تاوی کردارەکە لە بکەرەوە راستەوخۆ تێدەپەڕێتە سەر بەرکارەکە، لەبەرئەوە ئەگەر بەرکاری ناو رستەکە هەڵبگرین، ئەو کاتە رستەکە (دایکم... سووردەکاتەوە) لەڕووی رستەسازی و

[1] یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٢٨.

واتاسازییەوە ناتەواو دەبێت.وەك لە لێکدانەوەکانماندا دیارە، ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، کە کرداری لێکدراوی تێپەڕ لەم دیالێکتەدا دوو بەرکاری راستەوخۆ وەرناگرێت[١].

بەواتایەکی تر رەچاوی ئەوەمان کردووە، بناغەی یەکەمی ئەم جۆرە کردارانە بەرکارنین، بەڵکو بەشێکی بنجی و پێویستی کردارە لێکدراوەکەن و هەرگیز نەلادەبرێن و نە لە سنووری کردارەکەدا بەجێناوی لکاو جێگیر دەکرێن[٢].

جێی سەرنجە ئەگەر کردارە لێکدراوەکە لەکاتی رابردوودا بوو، ئەوا ئەو جێناوە لکاوەی (م- مان) کە وەك مۆرفیمێکی هاوبەش بەشداری پێکهاتنی کردارەکەی کردووە و چۆتە دوای بناغەی یەکەمیەوە لێی جیادەبێتەوە و دەچێتە سەر بەرکارە راستەوخۆکە. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە.

سەر م/ مان بڕی

(من/ ئێمە) مریشکەکەم / مان سەر بڕی


ئەگەر بەرکارە راستەوخۆکەش لە چەند کەرەستەیەك پێکهاتبوو، ئەوە لەم بارەدا جێناوە لکاوەکە دەچێتە سەر دوا کەرەستە[٣]، بۆ نموونە:

(دادوەرەکە) سیروان و شۆڕش و ئامانجی سوێندا.

(ئێوە) بۆچی ئەم نەمامە تازانەتان ئاونەداوە؟

(ئێمە) سێ پرسیاری گرانـ مان وەڵامدایەوە.

بەرکاری راستەخۆش کە شێوەی فرێزێکی ناوی وەردەگرێت، لە ژێر رکێفی کردارە لێکدراوەکەدایە و بە هەردووکیان فرێزی کردارییی رستەکە پێکدێنن، بۆ روونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە، دروستەی ئەم رستەیەی خوارەوە لە سادەترین شێوەیدا دەخەینەروو[٤].





[١] هەمان سەرچاوە، ٣١.

[٢] هەندێك زمانەوان بناغەی یەکەمی ئەم کردارانە بە بەرکار لە قەڵەم دەدەن، بڕوانە: کوردۆییێف، ١٩٨٤، ١٨٣، وەرگێڕانی د. کوردستان موکریانی.


[٣] . د. زەرێ عارف یۆسۆپۆڤا، أ-١٩٨٧، ١٤٥، وەرگێڕانی: د. کوردستانی موکریانی.

[٤] بڕوانە: (Amin ١٩٧٦: ٤).




خۆ ئەگەر بەرکاری راستەوخۆ وەك رێگەیەك بە جێناوی لکاو لە کرداره لێکدراوه تێپەڕەکەدا جێگیربکرێت، ئەوه هاتنی جێناوەکە بەپێی کاتی کردارەکە و جۆر و شوێنی جێناوی لکاوی بکەری دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

١-ئەگەر کردارەکە رابردوو بوو ئەوه (م- مان) وەك جێناوی لکاوی بکەر دەچێتەسەر بناغەی یەکەم، لەم کاتەدا (م- ین) وەك جێناوی لکاوی بەرکار لە کۆتایی بناغەی دووەمدا دەردەکەوێت، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا نیشاندراوە:




لێرەدا پێویستە ئەوه بخەینەروو، دەشێت هەردوو جێناوەکە لە جۆری (م- مان)بن، ئەوه لەم کاتەدا هەردووکیان یەك بە دوای یەك لە پاش بناغەی یەکەمەوە دێن و هەمیشە جێناوی یەکەم بەرکارە و جێناوی دووەمیش بکەره[1].

سوێند مان یان دا.
بانگ ی مان کرد.

---

[1] بروانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ٢٣٠.

بانگ م ت کرد.
جێناوی لکاو جێناوی لکاوی
بەرکار بکەر

٢-ئەگەر کردارەکە رابردوو بوو، ئەوە بە پێچەوانەی خاڵی یەکەمەوە (م- ین) جێناوی لکاو بکەرە و هەردەم لە کۆتایی بناغەی دووەمدایە، بەم پێیە (م-مان) وەکو جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە سەر بناغەی یەکەم، بەم شێوەیە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سوێند | م- مان | دەدە | م- ین | وەك: (سوێندمدەدەیت، سوێندماندەدەیت...). |
| بانگ | | دەکە | | وەك: (بانگتاندەکەن، بانگتاندەکەین...). |
| جێناوی لکاو | | | جێناوی لکاو | |
| بەرکار | | | بکەر | |

بەشێوەیەکی کارەکی (پراکتیکی) دەتوانین بۆ جیاکردنەوەی کرداری لێکدراوی تێپەڕ لە تێنەپەڕ، سوود لەم رێگەیەی سەرەوە ببینین، چونکە ئاشکرایە کرداری تێنەپەڕ بەهیچ جۆرێك جێناوی لکاوی بەرکار وەناگرێت. بڕوانە نارێزمانی ئەم نموونانەی خوارەوە:

*نەخۆشم کەوتین
*لەناو مان چوون
*نەخۆشت دەکەون
*لەناو تان دەچن

کرداری لێکدراوی تێپەڕ وەك کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ لە رووی یاسای دارشتنەوە بەسەر چەند دەستەیەکی سەرەکیدا دابەشدەبێت، دەرکەوتووترینیان ئەمانەن:

١. (ناو+ کرداری تێپەڕ) وەك: (سەردەبرێت، بۆندەکات، ئاوەدات، بانگدەکات، سوێنددەدات، باسدەکات، وەڵامدەداتەوە، گرێدەدات...).
٢. (ئاوەڵناو+ کرداری تێپەڕ) وەك: (سڕدەکات، نەخۆشدەخات، وێراندەکات، لولدەکات، ژیردەکات، پڕدەکات...).
٣. (ئاوەڵکردار+ کرداری تێپەڕ) وەك: (دوادەخات، سەردەخات، ژێردەخات، پێشدەخات...).

٤. (مۆرفیمی بەند+ کرداری تێپەڕ) وەك: (وندەكات، تووشدەكات، نووقمدەكات، هاندەدات، شیدەكاتەوە...).
٥. (فرێزی پێشناوی+ کرداری تێپەڕ) وەك: (بەبۆندەخات، لەپێدەخات، بەشوودەدات، لەجێدەبات، لەسەردەكات، لەپێدەكات...)
٦. (کرداری تێپەڕ+ فرێزی پێشناوی/ پێشناوی لێکدراو) وەك: (دەگرێتەخۆ، دەهێنێتەكوڵ، دەهێنێتەبەرهەم، دەخاتەپێش، دەخاتەدوا...)[1].

بەگشتی ئەم کردارە لێکدراوانە خۆشیان و بناغە کردارییەکەشیان تێپەڕن، لەبەرئەوە لە هەموو جۆرەکانی کاتی رابردوودا جێناوی لکاوی بکەری (م- مان) وەردەگرن، وەك:

<u>رێژەی ئیخباری:</u> کاتی رابردوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سادە: | سەر | | بڕی |
| بەردەوام: | سەر | م- مان | دەبڕی |
| تەواو: | سەر | | بڕیووە |
| دوور: | سەر | | بڕیبوو |

سەرەڕای ئەمە بەشێکی زۆریان وەك کرداری بنەڕەتیی تێپەڕ، بۆ بکەر نادیار دەگۆڕێن. بۆ نموونە:

| بکەر دیار | ← | بکەر نادیار |
|---|---|---|
| رابردوو: بانگیدا، جوانیکرد، ئاویدا، شیکردەوە | | بانگدرا، جوانکرا، ئاودرا، شیکرایەوە |
| رانەبردوو: بانگدەدات، جوانیدەکات، ئاودەدات، شیدەکاتەوە... | | بانگدەدرێت، جواندەکرێت، ئاودەدرێت، شیدەکرێتەوە... |

بەڵام هەندێکیان کرداری بکەر نادیاریان لێ سازناکرێت. بڕوانە ناڕێزمانی ئەم نموونانەی خوارەوە:

نەخۆشیخست (سەرماکە منی نەخۆشخست). *نەخۆشخرا

---

[1] کرداری لێکدراوی تێپەڕ لە زمانی فارسیدا لە (ناو/ ئاوەڵناو/ ئاوەڵکردار/ ژمارە...) و کرداری تێپەڕ پێکدێت. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: **د. محمد تقي الزهتابى و د. حسين على محفوظ، ١٩٨٧، ٩١.**

لەجێیبرد (ئازاد دەستی نەوزادی لەجێبرد).          *لەجێبرا

شایانی تێبینییە ژمارەیەك كرداری لێكدراو هەن، وەك: (دەستدەكەوێت، فێردەبێت، بەردەكەوێت، بیردەكەوێتەوە...) هەرچەندە بناغە كردارییەكەیان تێنەپەڕە، بەڵام لە رستەدا وەك تێپەڕ دەردەكەون[1]، چونكە بۆ تەواوبوونی واتاكەیان پێویستیان بەدوو بەشدار هەیە. بۆ نموونە:

(من) پارەم دەستدەكەوێت.

(دزەكە) گوللەیەكی بەركەوت.

لە راستیدا شیكردنەوەی ئەم رستانە بەرەو تەمومژی دەمانبات، چونكە چۆنێتیی رێكخستنی كەرەستەكان لە بنەڕەتدا دەشێت بەم شێوەیە لێكبدرێنەوە:

(پارە) دەست من دەكەوێت.

(گوللە) بەر دزەكە كەوت.

واتە (پارە، گوللە) لەم رستانەدا بكەرن نەك بەركار، هەر بۆیە ئەم جۆرە كردارانە بكەر نادیاریشیان لێ دروستناكرێت[2].

پێویستە لێرەدا بەكورتی ئاماژە بەوە بدەین، كرداری لێكدراو لە رستەدا لەرووی پەیوەندیی بەفرێزی پێشناوییەوە جیاواز رەفتار دەكات، بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەشێكی زۆری ئەو كردارانە بكەین، كە مۆرفیمی (پێ، تێ، لێ) بەشداری دارشتنیان دەكەن، ئەوە دەبینین ئەو فرێزە پێشناوییەی بەیاریدەی ئەمان پێكدێت، وەك كەرەستەیەكی سەرەكی بەشداری رستە دەكات. چونكە بەشێك لە رستەی كوردی بەهۆی فرێزی پێشناوییەوە وەك پێكهێنێكی چەسپاو تەواودەكرێت، واتە دەبێتە بەشێكی بنجی لە فرێزە كردارییەكە[3].

لەبەرئەوە ئەم فرێزە پێشناوییانە لەرستەدا پێویستن و گرنگییان لە بكەر و بەركاری راستەوخۆ كەمترنییە، بە واتایەكی تر هەرگیز لانابرێت، چونكە لابردنیان دەبێتە هۆی تێكچوون و شێواندنی واتای بنجی رستەكە. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

پێ: چاوم پێكەوت/ (من) چاوم بە هاوڕێكەم كەوت.

---

[1] یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٣١.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: عەلی مەحموود جوكل، ٢٠٠٠، ٧٩-٨١.

[3] بڕوانە: تالیب حسێن عەلی، ١٩٩٨، ٢٢.

دڵیان پێسووتا/ (ئەوان) دڵیان بە هەژارەکە سووتا.
تێ: چاوی تێدەبڕێت/ (ئەو) چاو لە ماڵی خەڵك دەبڕێت.
رووی تێکردووە/ (ئەو) رووی لە وەرزش کردووە.
لێ: چاوی لێپۆشی/ (پیاوەکە) چاوی لە هەڵەی منداڵەکە پۆشی.
قسەم لێوەرناگرێت/ (ئەو) قسە لە من وەرناگرێت.
فرێزی پێشناوی

شایانی باسە هەندێك لەو کردارە لێکدراوانەش، کە بەیاریدەی (دەبێت/ بوو) سازبوو، بە هەمان شێوە بۆ تەواوبوونی واتاکانیان پێویستیان بە فرێزێکی پێشناوییە[1]. وەك:

بێزار دەبێت: (ئەو) لە دانیشتن بێزاردەبێت.
پڕبوو: (هۆڵەکە) پڕبوو لە خەڵك.

بەڵام ئەگەر لەو کردارانە وردببینەوە، کە مۆرفیمی (پێ، تێ، لێ)یان تێدانییە، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە رستەدا فرێزی پێشناوی بەشێوەی سەربار وەردەگرن، واتە کەرەستەیەکی ناسەرەکین، چونکە دەشێت لابرێت بێ ئەوەی واتای بنجی رستەکە تێکبچێت. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

(ئەوان) (لەکۆڕەکەدا) قسەیانکرد.
(پارەکە) (لەبازاڕ) ونبوو.
(منداڵەکە) (لەسەرمادا) نەخۆشکەوت.
(پزیشکەکە) مارەکەی (بەدەرمان) سڕکرد.
(خوێندکارەکە) رستەکە (لەپۆلدا) شیدەکاتەوە.

فرێزی پێشناویش لە رستەدا ئەرکی ئاوەڵکردار دەبینێت، واتە لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، کە پێویست ناکات لێرەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ئاوەڵکردار جیابکرێتەوە، چونکە هەردووکیان لە هەڵکەوت و پێکهاتندا هەریەکن و بەیەك شێوە رەفتاردەکەن[2].

---

[1] -یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٢٨.

[2] بۆ ئەو خاڵانەی دەیسەلمێنن، کە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەشێت وەك ئاوەڵکردار لێکبدرێتەوە، بڕوانە: ساجدە عەبوڵڵا فەرهادی، ١٩٩٤، ٧٨- ٨٩.

**٣-٢-٣ گۆڕینی کرداری لێکدراوی تێنە پەڕ بۆ تێپەڕ:**

بـۆ گـۆڕینی کـرداری لێکـدراو لـە تێنەپـەڕەوە بـۆ تێپـەڕ ئـەم ڕێگایانـەی خـوارەوە دەگرینەبەر:

١-بۆچـوونی هەنـدێك زمانـەوان[1] بـەو جۆرەیـە، کـرداری لێکـدراو ڕێگـەی ئـەوە نـادات پاشگری تێپەڕاندنی بچێتەسەر، بەڵام ئەم بۆچوونە تێکڕای کرداره لێکدراوەکان ناگرێتەوە، چونکە لەراستیدا هەرچەندە بەشێکی زۆری کرداری لێکـدراوی تێنەپـەڕ بـەهۆی مـۆرفیمی تێپەڕاندنـەوە بـۆ تێپـەڕ ناگۆڕێـت، بـەڵام چـەند کردارێکـی وەك: (شـەرمی دەشـکێت، ڕەشـهەڵدەگەڕێت، ملـی دەشـکێت، بەئاواتـدەگات، دڵـی دەپـچڕێت...) دەبینرێـت بـەم مۆرفیمە دەکرێن بە تێپەڕ.

مۆرفیمی تێپەڕاندنیش بریتییە لە {-ان} بۆ رابـردوو و {-ێـن} بـۆ رانـەبردوو[2]، کـە دەخرێتە سەر ڕەگی کرداری ناو بناغە کردارییەکە[3]. وەك لەم نموونانەیدا نیشاندراوە:

| تێپەڕ | تێنەپەڕ |
|---|---|

---

[1] بڕوانە: مستەفا محەمەد زەنگەنە، ١٩٨٩، ١٦.

[2] ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، کە (اندن) لە سێ مۆرفیم پێکهاتووە:

أ- {-ان}ی تێپەڕاندن.

ب- {-د}ی کاتی رابردوو.

پ- {-ن}ی ناوی ڕووداو (چاوگ).

بڕونە: (مستەفا محەمەد کەریم، ١٩٩٧، ٧٨)، (د. شێرکۆ بابان، ١٩٩٩، ٩).

[3] ئـەو کردارانـەی مـۆرفیمی تێپەڕانـدنیان دەچێتەسـەر، لـەکاتی رابـردوودا هەمیـشە {-د}ی کـاتی رابردوویان لەگەڵدا دێت، بۆ نموونە ئەگەر سـەرنجی هەنـدێك لـەو کردارانـە بـدەین، کـە مـۆرفیمی کـاتی رابردوویان بریتییە لە {-ت}/{-ا}...)، ئەوە لەکاتی گۆڕینیان بۆ تێپەڕ دەبینین، هەمیشە {-د} یان لەگەڵدا دێت. بۆ نموونە:

| کرداری تێنەپەڕ | کردری تێپەڕ |
|---|---|
| خەو+ ت + م | خەو+ ان + د+ م |
| بەز+ ی + ن | بەز+ ان + د + یان |
| کوڵ+ ا + Ø | کوڵ + ان + د + ی |
| {ڕەگی کردار} {رابردوو} {جێناوی لکاو} | {ڕەگی کردار} {تێپەڕاندن} {رابردوو} {جێناوی لکاو} |

رابردوو: دڵی پچڕا

دڵ ی پچڕا ان د ن

بناغەی یەکەم
جێناوی لکاوی بکەر
رەگی کردار
مۆرفیمی تێپەڕاندن
کاتی رابردوو
جێناوی لکاوبەرکار

رانەبردوو: دڵی دەپچڕێت

دڵ ی دە پچڕ ێن ن

بناغەی یەکەم
جێناوی لکاوی بەرکار
کاتی رانەبردوو
رەگی کردار
مۆرفیمی تێپەڕاندن
جێناوی لکاوی بکەر

٢-بەشێکی زۆری کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ لەرووی واتاوە کرداری تێپەڕی بەرانبەریان هەیە، واتە لە بنجدا لەبری بناغە کردارییە تێنەپەڕەکە، بناغەی کرداریی تێپەڕی بەرانبەریان هەیە. بۆ نموونە:

| کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ | کرداری لێکدراوی تێپەڕ |
|---|---|
| جواندەبێت، وندەبێت، شیدەبێتەوە... | جواندەکات، وندەکات، شیدەکاتەوە... |
| لەناودەچێت، زراوی دەچێت... | لەناودەبات، زراوی دەبات... |
| سەردەکەوێت، نەخۆشدەکەوێت | سەردەخات، نەخۆشدەخات |
| بەبۆندەکەوێت...هتد | بەبۆندەخات...هتد |
| بناغەی کرداری تێنەپەڕ | بناغەی کرداری تێپەڕ |

٣-ژمارەیەك کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ، لەرووی واتاوە بەیاریدەی کرداری (هێنایە/ دەهێنێتە، خستیە/ دەخاتە...)ـەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ تێپەڕ دەگۆڕێن[١]:

سوێند یخوارد ←——— هێنایە سوێند خواردن

سەما دەکات ←——— دەهێنێتە سەماکردن

هاواریکرد ←——— خستیە هاوارکردن

وەك لە نموونەکاندا دیارە، فۆڕمی کردارە لێکدراوەکە بۆ ناوی رووداو (چاوگ) دەگۆڕێت و پاشان بەپێی جۆر (رێژە و کات...)ی کردارەکە، کردارە یاریدەکەرەکەی دەخرێتە بەردەم.

## ٣-٣ جیابوونەوە و جیانەبوونەوەی تەواوکەر و سەرەی کرداری لێکدراو:

کرداری لێکدراو لە رستەدا بەپێی جیابوونەوە و جیانەبوونەوەی تەواوکەر و سەرەکەی لەیەکتری، بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشدەبێت، بەشێکیان رێگە بەوە دەدات، وشەی سەربەخۆی واتاداری وەك: (ناو/ ئاوەڵناو...)، یان فرێزی پێشناوی بچێتە نێوان تەواوکەر و سەرەوە و لەیەکتریان جیابکاتەوە[٢]. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

(من) گوڵەکەم بۆنکرد. ←——— (من) بۆنی گوڵەکەم کرد.

(من) گوڵە سوورەکە بۆندەکەم. ←——— (من) بۆنی گوڵە سوورەکە دەکەم.

(خوێندکارەکە) هەوڵیدا. ←——— (خوێندکارەکە) هەوڵی باشی دا.

(پیاوەکە) بۆ منداڵەکانی هەوڵدەدات. ←——— (پیاوەکە) هەوڵ بۆ منداڵەکانی دەدات.

تەواوکەر/ سەرە          تەواوکەر          سەرە

---

[١] ١-ئەم بۆچوونەم لە (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٥٩)ـەوە وەرگرتووە، هەرچەندە ئەو بۆ کرداری بنەڕەتیی نووسیووە.

[٢] ئەم جۆرە جیابوونەوەیە بە سیمایەکی گرنگ و دیاری کرداری لێکدراو دادەنرێت، چونکە ئاشکرایە تەواوکەر و سەرە (دوو بناغە)ی ناو و ئاوەڵناوی لێکدراو بە هیچ جۆرێك لەیەکتری ناپچڕێن. بڕوانە رێزمانی و نارێزمانی ئەم نموونانەی خوارەوە:

ناوی لێکدراو (رەشمار): رەشمارەکە، *رەشەکەمار/ رەشمارێك، *رەشێکمار/ رەشمارەکان، *رەشەکانمار/ رەشمارێکی گەورە، *رەشێکی گەورە مار.

ئاوەڵناوی لێکدراو (بۆنخۆش): بۆنخۆشتر، *بۆنترخۆش/ بۆنخۆشترین، *بۆنترینخۆش/ مرۆڤی بۆنخۆش، *بۆنی مرۆڤ خۆش.

بەڵام بەشەكەی تریان هەگیز تەواوكەر و سەرەی لە یەكتر دوورناكەونەوە و هەمیشە وەك دانەیەكی یەكگرتووی رستە دەردەكەوێت[1]. بۆ نموونە:

(پاكەرەوەكە) خۆڵەكەی فڕێدا. ← *پاكەرەوەكە فڕێی خۆڵەكەی دا.
(پاكەرەوەكە) خۆڵەكە لە دەرەوە فڕێدەدات. ← *پاكەرەوەكە خۆڵەكە فڕێ لەدەرەوە دەدات.
(ئەو) نەخۆشكەوت. ← *ئەو نەوخۆشی چاك كەوت.
(ئەو) بە سەرما نەخۆشدەكەوێت. ← *ئەو نەخۆش بەسەرما دەكەوێت.

جیابوونەوەی تەواوكەرو سەرەی كرداری لێكدراویش بەم شێوەیە، بە یەكێك لە لایەنە گرانەكانی زمانی كوردی دادەنرێت، بەتایبەتی بۆ كەسێكی بێگانە، كە بیەوێت فێری زمانەكە ببێت[2].

سەبارەت بە دیاریكرنی ئەم جۆرە كردارانەش، هەندێك زمانەوان[3] باری سەرنجیان بەو شێوەیەیە، كە جیاكردنەوەی كرداری لێكدراو بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ یارمەتیمان دەدات بۆ دەستنیشانكردنی زۆربەی ئەو كردارانەی ئەم جیابوونەوەیە دەیانگرێتەوە. بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین، ئەم بابەتە پەیوەندیی بە تێپەڕی و تێنەپەڕی زۆربەی كردارەكانەوە نییە، بەڵكو پەیوەندی راستەوخۆ و دیاریكراوی بە جۆری تەواوكەرەكەوە هەیە. بۆ روونكردنەوە و دەرخستنی ئەم راستیەش ئەم دوو بەڵگەیەی خوارەوە دەخەینەروو:

---

[1] مەبەست لە مۆرفیمە بەندەكانی (جێناوی لكاوی (م- مان)، بەردەوامی، نەرێكردن...) نییە، كە دەچنە نێوان مۆرفیمە بەشداربووەكانی كرداری لێكدراوەوە، چونكە بە بۆچوونی ئێمە ئەمانە بەشێكی بنجی و پێویستی كردارەكەن، بە واتایەكی تر بەشێكن لە سەرەی كردارە لێكدراوەكە، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| فڕێ | مان | دا |
| فڕێ | ماندە | دا |
| فڕێ |ماننە | دا |
| فڕێ | ماننە | دەدا |
| تەواوكەر | | سەرە |

[2] بەكر عومەر عەلی، ١٩٩٩، ١٨٨.

[3] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ١٩٥.

١-ئەگەر لە ژمارەیەك كرداری لێكدراو بڕوانین، كە تەواوكەرەكانیان جیاوازبێت، بەڵام سەرەكانیان هەمان كردار بێت، دەبینین لەم رووەوە جیاواز رەفتار دەكەن، واتە هەندێكیان لە یەكتر جیادەبنەوە و هەندێكیشیان بەهیچ شێوەیەك رێگە بەو لێكترازاندنە نادەن. بۆ نموونە:

١- أ-(دایكەكە) مناڵەكەی ماچكرد. ←(دایكەكە) ماچی مناڵەكەی كرد.
ب-(دایكەكە) مناڵەكەی جوانكرد. ← *(دایكەكە) جوانی مناڵەكەی كرد.

٢- أ-(من) سیروان هاندەدەم. ← (من) هانی سیروان دەدەم.
ب-(من) خۆڵەكە فڕێدەدەم. ← *(من) فڕێی خۆڵەكە دەدەم.

٣- أ-(ژنەكە) لەلادێ ناوكی كەوتووە! ← (ژنەكە) ناوكی لەلادێ كەوتووە!
ب-(ژنەكە) لەلادێ نەخۆشكەوتووە. ← *(ژنەكە) نەخۆش لەلادێ كەوتووە.
تەواوكەر سەرە

ئەگەر بە وردی سەرنجی رستەكانی (١،٢،٣) بدەین و پاشان بەراوردی كردارە لێكدراوەكانی هەر جووتە رستەیەك (أ،ب) لەگەڵ یەكدا بكەین، ئەوە دەبینین، سەرەكیان (كردی: كردی، دەدەم: دەدەم، كەوتووە: كەوتووە) وەك یەكە، كەچی كردارەكانی رستەی (أ) لەیەكتر جیادەبنەوە، بەڵام كردارەكانی رستەی (ب) لەیەكتر جیانابنەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، ئەم جیابوونەوە و جیانەبوونەوەیە پەیوەندیی بە سەرەی كردارەكانەوە نییە، بەڵكو راستەوخۆ پەیوەندیی بە جۆری تەواوكەرەكان (ناو، ئاوەڵناو...)ـەوە هەیە.

٢-نیشانەیەكی تر سەلماندنی ئەو راستییەی دیاریدەی جیابوونەوە و جیانەبوونەوەی كرداری لێكدراو پەیوەندیی بەسەرەكەیەوە نییە، ئەوەیە، كە ژمارەیەك كرداری لێكدراو هەن، بەپێچەوانەی نموونەكانی پێشووەوە، تەواوكەرەكانیان هەمان بناغەیە، بەڵام سەرەكانیان جیاوازە، واتە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ (یان بەپێچەوانەوە) گۆڕاون، كەچی ئەم گۆڕانە هیچ كاری نەكردۆتە سەر ترازاندن و نەترازاندنی تەواوكەر و سەرەكان لەیەكتر. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

<u>لێكترازاو:</u>

١- أ-(كچەكە) بەچی رۆحی چوو؟ ←(كچەكە) رۆحی بەچی چوو؟ (تێنەپەڕ)

ب-(ئەوان) بەچی رۆحی کچەکەیان برد؟ ←(ئەوان) رۆحی کچەکەیان بەچی برد؟ (تێپەڕ)

٢- أ-(ئەو) نووسین فێربوو. ←——— (ئەو) فێری نووووسین بوو. (تێنەپەڕ)
ب-(ئەوان) نووسینیان فێرکرد. ←——— (ئەوان) فێری نووسینینان کرد. (تێپەڕ)

لێکنەترازاو:
٣- أ-(خورییەکە) باش شیدەبێتەوە. ←— *(خورییەکە) شی باش دەبێتەوە. (تێنەپەڕ)
ب-(ئەو) خورییەکە باش شیدەکاتەوە.← *(ئەو) خورییەکە شی باش دەکاتەوە. (تێپەڕ)

٤- أ-(شارەکە) چۆن وێرانبوو؟ ←——— *(شارەکە) وێران چۆن بوو؟ (تێنەپەڕ)
ب-(دوژمن) شارەکەی چۆن وێرانکرد؟← *(دوژمن) شارەکەی وێران چۆن کرد؟ (تێپەڕ)

بەراوردکردنێکی ئەم جووتە رستانە لەگەڵ یەکتر (واتە (أ) لەگەڵ (ب))دا دەریدەخات، ئەگەر کرداره لێکدراوەکە لێکبترازێت بە تێپەڕی و تێنەپەڕی لێکدەترازێت، وەك جووتە رستەکانی (١، ٢)، خۆ ئەگەر لێکیشنەترازێت بەهەمان شێوە بەتێپەڕی تێنەپەڕیش لێکناترازێت، وەك جووتە رستەکانی (٣، ٤). کەواتە لەم بوارەدا تێپەڕی و تێنەپەڕیی سەرەکان دەوریان نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە و رۆڵی سەرەکی دەبینێت جۆری تەواوکەرەکانە، کە لە نموونەکانی (١، ٢)دا شوێنی خۆیان گۆڕیوە و لە سەرەکانیان جیابوونەتەوە،

بەڵام لە نموونەکانی (٣،٤)دا ناتوانن ئەو جێگۆڕکێیە بکەن، ئەمە جگە لەوەی شوێنی سەرەکانیان وەك کرداری رستەی تر بەگشتی لە کۆتاییدایە.

ئەگەر بەم جۆرەش تەماشای جیابوونەوە و جیانەبوونەوەی تەواوکەر و سەرەی کرداری لێکدراو بکەین، واتە لەو روانگەیەوە کە تەواوکەرەکە لە سەرەکە جیادەبێتەوە، یان جیانابێتەوە، ئەوا کرداره لێکدراوەکان بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشدەبن:

### ٣-٣-١ ئەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان لە سەرەکانیان جیانابنەوە:

مەبەست لە هەموو ئەو کرداره لێکدراوانەیە، لە هیچ بارێکدا تەواوکەرەکانیان لە توانایاندا نییە لە سەرەکانیان جیاببنەوە و بە هیچ شێوەیەك ناهێڵن وشە، یان فرێزی

پێشناوی بچێتە نێوانیانەوە، بەڵکو بەشێوەیەك لەگەڵ سەرەکانیاندا جۆشخواردووبوون، کە هەمیشە پێکەوە وەك کردارێکی لەیەکنەپچڕاو لە رستەدا دەردەکەون، گرنگترین و دەرکەوتووترین ئەو کردارانەش ئەمانەن:-

١-ئەو کردارانەی تەواوکەرەکانیان لە ئاوەڵناو پێکهاتووە، هەرگیز لە سەرەکانیان جیانابنەوە[١]، وەك: (نەخۆشدەکەوێت، جواندەکات، لوولدەکات، بەرزدەکاتەوە، بێهێزدەبێت، ژیردەکات، سڕدەکات، هاردەبێت، چاکدەبێتەوە، زەردهەڵدەگەڕێت...). بۆ راستی و دروستی ئەم بۆچوونەش برۆانە رێزمانی و ناریزمانی ئەم نموونانەی خوارەوە:

(نەسرین) منداڵەکە ژیردەکات. ⟵ *(نەسرین) ژیری منداڵەکە دەکات.
(مارەکە) بەدەرمان سڕکرا. ⟵ *(مارەکە) سڕ بەدەرمان کرا.
(سەگەکە) کەمێك هاربووە. ⟵ *(سەگەکە) هار کەمێك بووە.
(نەخۆشەکە) بەچی چاکبۆتەوە؟ ⟵ *(نەخۆشەکە) چاك بە چی بۆتەوە؟
(منداڵەکە) لە نەخۆشیدا زەردهەڵگەڕابوو! ⟵ *(منداڵەکە) زەرد لەنەخۆشیدا هەڵگەڕابوو!

یوسف شەریف سەعید[٢]یش دەبارەی ئەم جۆرە کردارە رای وایە، کە زۆربەیان لێکناترازێن، بەڵام بەشێکی کەمیان، وەك: (پڕبوو، پڕیکرد، رقیهەڵسا، رقیلێبوو...) لەیەکتر دەترازێن و مەودای ئەوە دەدەن، فرێزی پێشناوی بچێتە نێوانیانەوە. وەك:

ژوورەکە پڕ لەئاو بوو.
ماڵەکەی پڕ لە مریشك کرد.
ئاراس رقی لە دەسگیرانەکەی هەڵساوە.

بەبۆچوونی ئێمە (رق) ئاوەڵناو نییە، بەڵکو ناوە، لەبەرئەوە دەشێت لەسەرەکەی بترازێت، بەڵام ئاوەڵناوی (پڕ) کە تەواوکەری ئەو دوو کردارە لێکدراوەیە، وەك هەموو ئاوەڵناوێکی تر لەسەرەکەی جیانابێتەوە:

ژوورەکە پڕ بوو لە ئاو.

---

[١] هەمان سەرچاوە، ١٩٨.
[٢] یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ٤٠-٤٢.

ماڵەکەی پڕکرد لە مریشك.

٢-ئەو کردارانەی تەواوکەرەکانیان لە شێوەی فرێزی پێشناوی، یان پێشناوی لێکدراودا کەوتوونەتە کۆتاییەوە، وەك: (دێتەبەرهەم، دێتەکوڵ، دەکەوێتەژێر، دێتەجۆش، هەڵدەکوتێتەسەر، دەگرێتەخۆ...) لەسەرەکانیان، کە کەتوونەتە پێشیانەوە، دوورناکەونەوە. بۆ نموونە:

(چاکە) زوو هاتەکوڵ. ← *(چاکە) هات زوو ـەکوڵ.

(پیاوەکە) مناڵە هەژارەکەی گرتەخۆ. ← *(پیاوەکە) گرت مناڵە هەژارەکەی ـەخۆ.

(سیروان) چۆن دەکەوێتە ژێر قەرزەوە؟ ← *(سیروان) دەکەوێت چۆن ـەژێر قەرزەوە؟

(ئەو) لەتاقیکردنەوەکەدا خراوەتەدواوە. ← *(ئەو) خراوە لەتاقیکرنەوەکەدا ـەدواوە.

٣-ژمارەیەك لەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان مۆرفیمی بەندن، وەك: (وندەبێت، وندەکات، فڕێدەدات، بەخێودەکات، شیدەبێتەوە، شیدەکاتەوە، قڵپدەبێتەوە، قڵپدەکاتەوە، تاقیدەبێتەوە، تاقیدەکاتەوە...) لەم بوارەدا وەك ئاوەڵناو رەفتار دەکەن و هەرگیز لەسەرەکانیان دانابڕێن. بۆ نموونە:

(خوێندکارەکە) رستەکەی شیکردەوە. ← *(خوێندکارەکە) شی رستەکەی کردەوە.

(کتێبەکە) لە کوێ فڕێدرابوو؟ ← *(کتێبەکە) فڕێ لە کوێ درابوو؟

(خواردنەکە لەژوورەوە قڵپنەکەیتەوە. ← *(خواردنەکە قڵپ لە ژوورەوە نەکەیتەوە.

٤-بەشێکی ئەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان فرێزی پێشناوی، یان پێشناوی لێکدراون، وەك: (بەجێدەهێنێت، بەشوودەدات، بەدیدەکات، بەبۆندەکەوێت، لەناودەچێت، لەناودەبات، بەسەردەبات...) شوێنی خۆیان ناگۆڕن و لە سەرەکانیان ناترازێن. بۆ نموونە:

(مام عەزیز) کچەکەی بەشوودەدات. ← *(مام عەزیز) بەشوو ی کچەکەی دەدات.

(مناڵە ساواکە) بەچی بەبۆنکەوت؟ ← *(مناڵە ساواکە) بەبۆن بەچی کەوت؟

پێویستە پیاو خراپان لەناو ببرێن. ← *پێویستە لەناو پیاوخراپان ببرێن.

٥-ژمارەیەکی تایبەت لەو کرداره لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان ناون، وەك: (ژەنگدەهێنێت، درزدەبات، شەقدەبات، خولدەخوات، مارەدەکات، پێچدەخوات...) لەسەرەکانیان دوورناکەونەوە[1]، چونکە ئەم ناوانە زیندوێتی خۆیان لەدەستداوە. بۆ نموونە:

(تەنکیەکە) لەبەر بارانەکەدا ژەنگدەهێنێت. ⟵ (تەنکیەکە) ژەنگ لەبەربارانەکەدا دەهێنێت.

(شووتی) لەئاوی سارددا شەقدەبات. ⟵ *(شووتی شەق لەئاوی سارددا دەبات.

(مەلاکە) کچەکە باش مارەدەکات. ⟵ *(مەلاکە) کچەکە مارەی باش دەکات.

٦-جگە لەو کردارانەی باسکران، هەندێك کرداری تر هەن، وەك: (سەردەکەوێت، یەکدەکەوێت، یەکدەخات، سازدەبێت، سازدەکات...)[2] تەواوکەرەکانیان لە سەرەکانیان جیانابنەوە. بۆ نموونە:

(کاوان) لە خوێندندا سەرکەوتووە. ⟵ *(کاوان) سەر لە خوێندندا کەوتووە.

(ئاکۆ و ئاسۆ) باش یەکدەکەون. ⟵ *(ئاکۆ و ئاسۆ) یەك باش دەکەون.

(شنە) خواردنی خۆش سازدەکات! ⟵ *(شنە) ساز خواردنی خۆش دەکات!

### ٣-٣-٢ ئەو کرداره لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان لە سەرەکانیان جیادەبنەوە:

ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوە تەواوکەرەکانیان لە توانایاندا هەیە، لە سەرەکانیان جیاببنەوە، واتە لە کاتی بەکارهێنانیان لە رستەدا بەمەبەستی سووربوون و جەختخستنەسەر تەواوکەرەکە دەشێت وشە، یان فرێزی پێشناوی بچێتە نێوانیانەوە. ئەم کردارانەش بەپێی جۆری تەواوکەرەکانیان لە شێوەی چەند دەستەیەکدا دەبینرێن. دیارترینیان ئەمانەن:

١-بەگشتی ئەو کرداره لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان ناون، وەك: (هەوڵدەدات، یاریدەکات، خەمدەخوات، رۆحی دەبات، قسەدەکات، بانگدەدات، درۆدەکات...). دەشێت لە سەرەکانیان بترازێن، چونکە ئەم ناوانە دەتوانن وەك هەموو ناوێکی کوردی ئەرکی

---

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٤٠.

[2] تەواوکەری ئەم کردارانە جیاوازن ( (سەر) ئاوەڵکرداره، کە چی (یەك) ژمارەیە...)، بەڵام لەبەرئەوەی لە سەرەکانیان ناترازێن، پێکەوە لە شێوەی دەستەیەکدا دامانناون.

دەرخراو دەبینین و دەرخەر لە دوایانەوە بێت، لەم کاتەدا تەواوکەر و سەرەی کرداره لێکدراوەکە لە یەکتر دووردەکەونەوە و دەرخەرەکە دەچێتە نێوانیانەوە[1]. بۆ نموونە:

(ئەو) هەوڵدەدات. ← (ئەو) هەوڵی چاك دەدات.

(مەلا) لە مزگەوت بانگیدا. ← (مەلا) لە مزگەوت بانگی بەیانیدا.

(منالەکان) یاریدەکەن. ← (منالەکان) یاریی هەڵماتێن دەکەن.

ئەگەر لەم رستانەی سەرەوە وردببینەوە، دەبینین دەرخەرەکان[2] بەهۆی {ی}ی ئیزافەوە بە تەواوکەری کردارە لێکدراوەکانەوە بەستراون[3].

جگە لە دەرخەر فرێزی پێشناویش[4] لە جیاکردنەوەی تەواوکەر و سەرەی ئەم جۆرە کردارەدا دەورێکی بەرچاوی هەیە. بۆ نموونە:

(ئەو) بۆ براکەی خەمدەخوات. ← (ئەو) خەم بۆ براکەی دەخوات.

(باوکەکە) بۆ منالەکانی هەوڵدەدات. ← (باوکەکە) هەوڵ بۆ منالەکانی دەدات.

(منالەکان) یاریدەکەن. ← (منالەکان) یاریی بە هەڵمات دەکەن.

لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە کردارەدا ژمارەیەك کرداری لێکدراوی تێپەڕ وەك: (ئاودەدات، وەڵامدەداتەوە، بانگدەدات، بۆندەکات، سوێنددەدات، داوادەکات، باسدەکات،

---

[1] محەمەد مەعرووف فەتاح، أ-١٩٨٩، ٥٠.

[2] ئەو پۆلە وشانەی لەم بوارەدا چالاکن و ئەرکی دەرخەر دەبینن، چەند جۆرێکن. لەوانە:

| | |
|---|---|
| ١-ناو | (ئەو) یاریی هەڵماتێن دەکات. |
| ٢-جێناوی سەربەخۆ: | (من) قسەی ئەو ناکەمەوە. |
| ٣-جێناوی خۆیی: | (ئێوە) خەمی خۆتان بخۆن. |
| ٤-ئاوەڵناو: | (ئێمە) هەولّی باشمان داوە. |
| ٥-وشەی پرسیار: | (من) قسەی چۆن بکەم؟ |

[3] Mackenzie ١٩٦١: ٦٥

[4] فرێزی پێشناوی لەم بوارەدا ئەرکی ئاوەڵکردار دەبینێت، کە لەرووی واتاوە چەند جۆرێکن. لەوانە:

| | |
|---|---|
| ئاوەڵکرداری کات: | (ئەو) قسەکانی لە شەودا کردووە. |
| ئاوەڵکرداری شوێن: | (من) ئەم قسانە لە ماڵەوە ناکەم. |
| ئاوەڵکرداری چۆنێتی: | (تۆ) قسەکانت بە هێواشی بکە. |

ئازاردەدات...) ڕێگە بە بەرکارە ڕاستەوخۆکانیان دەدەن لە شێوەی دەرخەردا بچێتە نێوان تەواوکەر و سەرەی کردارەکەوە و لەیەکتریان جیابکاتەوە. بۆ نموونە:

(ئامانج) پرسیارەکانی وەڵامدایەوە. ⟵ (ئامانج) وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

(مامۆستا) بابەتەکە باسدەکات. ⟵ (مامۆستا) باسی بابەتەکە دەکات.

(من) باخەکەم ئاودا. ⟵ (من) ئاو ی باخەکەم دا.

جێی سەرنجە لەم جۆرە بەکارهێنانەی کرداری لێکدراودا، دەشێت فرێزی پێشناویش بەدوای بەرکارەکەدا بێت. وەك:

(ئامانج) وەڵامی پرسیارەکانی بە براکەی دایەوە.

(مامۆستا) باسی بابەتەکە بۆ ئێمە دەکات.

(من) ئاوی باخەکەم بە چاکی دا.

بەڵام ئەگەر بەرکارەکە، کردارە لێکدراوەکەی لەیەکترنەترازاندبێت، ئەوە ڕێگە نادرێت فرێزی پێشناوی بچێتە نێوان تەواوکەر و سەرەی کردارەکەوە. وەك لە ڕێزمانی ناڕێزمانی ئەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

(ئامانج) پرسیارەکەی بەبراکەی وەڵامدایەوە ⟵ *(ئامانج) پرسیارەکەی وەڵام بەبراکەی دایەوە.

(مامۆستا)بابەتەکە بۆ ئێمە باسدەکات ⟵ *(مامۆستا) بابەتەکە باس بۆ ئێمە دەکات.

(من) باخەکەم بە چاکی ئاودا. ⟵ *(من) باخەکەم ئاو بەچاکی دا.

بێ گومان ئەگەر بەرکارەکەش لە شێوەی لا ڕستەیەکدا[1] بە دوای کردارەکەدا هاتبوو، ئەوە هەگیز ناتوانێت کردارەکە لێکدراوەکە لەیەکتر بترازێنێت[2]. بۆ نموونە:

ئێمە بڕیاردەدەین، کە بڕۆین. ⟵ *ئێمە بڕیاری کە بڕۆین دەدەین.

پیاوەکە داوایکرد، کە بڕوات. ⟵ *پیاوەکە داوای کە بڕواتی کرد.

٢-ئەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان جێناوی خۆیین، وەك: (خۆی دەکوژێت، خۆی هەڵدەبژێرێت، خۆی دەڕازرێنرێتەوە، خۆی نافرۆشێت، خۆی جوان دەکات...) دەتوانن لە ڕستەدا لە سەرەکانیان دووربکەونەوە و فرێزی پێشناوی (یان ئاوەڵکردار) بچێتە نێوانیانەوە. بۆ نموونە:

---

[1] لا ڕستە ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە بەلای کەمەوە لە بکەر و کردارێك پێکدێت، بەمەرجێك بکەر و کردارەکە لە کەس و ژمارەدا ڕێك بکەون. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (McCarus ١٩٨٥: ٩٨).

٢- Taha ١٩٧٨: ٩.

(کوڕەکە)بە چەقۆ خۆی کوشت. ⟵ (کوڕەکە) خۆی بەچەقۆ کوشت.

(ئەوان) بەچی خۆیان رازاندۆتەوە؟ ⟵ (ئەوان) خۆیان بەچی رازاندۆتەوە؟

(کچەکە) لەبەر ئاوێنەکە خۆی جواندەکات.⟵ (کچەکە) خۆی لەبەرئاوێنەکە جواندەکات.

بەڵام لەبەرئەوەی تەواوکەری ئەم کردارانە ناسراو و تایبەتیین، ناشێت ببن بە دەرخراو و دەرخەر بەدوایاندا بێت. وەك لە نارێزمانی ئەم نموونانەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

(ئەو) خۆی کوشت. ⟵ *(ئەو) خۆیی ئازا کوشت.

(تۆ) خۆت هەڵبژێرە.⟵ *(تۆ) خۆتی چاك هەڵبژێرە.

٣-بەشێکی ئەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان مۆرفیمی بەندن، وەك: (تووشدەبێت، تووشدەکات، فێردەبێت، فێردەکات، هاندەدات...) لەم رووەوە وەك ناو رەفتار دەکەن و دەکرێت لە سەرەکانیان جیاببنەوە. بۆ نموونە:

(ئامانج) کوڕەکەی هاندا. ⟵ (ئامانج) هانی کوڕەکەی دا.

(ئەو) لەکوێ تووشبووە؟ ⟵ (ئەو) لە کوێ تووشی ئەم دەردە بووە؟

(تۆ) کارەکەتم فێربکە. ⟵ (تۆ) فێری کارەکەتم بکە.

شایانی تێبینییە ئەگەر چاوێك بەو کردارە لێکدراوانەدا بخشێنین، کە مۆرفیمی (پێ، تێ، لێ) بەشداری دارشتنیان دەکات و تەواوکەرەکانیان یەکێکە لەو سێ جۆرەی خراونەتەروو، وەك: (دەنگپێدەدات، چاولێکدەبڕێت، خۆی لێمتدەکات، خۆی لێدەگۆڕێت، ورکیلێدەگرێت...) ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەو فرێزە پێشناوییانەی بە یاریدەی ئەم مۆرفیمانە پێکدێن، لە توانایاندا هەیە تەواوکەر و سەرەی کردارەکە لەیەکتر دوور بخەنەوە و بچنە نێوانیانەوە. بۆ نموونە:

(سیروان) دەنگ بە من دەدات.

(ئەو) ورك لە ئێمە دەگرێت.

(سیروان) خۆی لە من دەگۆڕێت.

(ئەو) خۆی لە باوکی متدەکات.

٤-ژمارەیەك لەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان ئاوەڵکردارن، وەك: (پێشدەکەوێت، دوادەخات، پێشدەخات...) لەتوانایاندا هەیە لە هەندێك باردا شوێنی خۆیان بگۆڕن و لە سەرەکانیان جیاببنەوە. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

(سیروان) پێشکەوت. ⟵ سیروان پێش هەموومان کەوت.

(رێبوار) کارزان پێشدەخات. ⟵ رێبوار کارزان پێش خۆی دەخات.

٥-هەندێك لەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەرەکانیان فرێزی پێشناوین، وەك: (لەپێدەکات، بەئاواتدەگات، لەسەردەکات، بەرێدەکەوێت...) دەتوانن دەرخەر وەربگرن و لە سەرەکانیان بترازێن. بۆ نموونە:

(من) کڵاوەکەم لەسەر کرد. ⟵ (من) کڵاوەکەم لەسەر ی منداڵەکە کرد.

(دایکەکە) پێڵاوی لەپێدەکات. ⟵ (دایکەکە) پێڵاو لە پێی کچەکەی دەکات.

(ئێمە) کەی بەئاواتدەگەین؟! ⟵ (ئێمە) کەی بەئاواتی خۆمان دەگەین؟!

## ئەنجامەکان

گرنگترین ئەنجامەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا بە کورتی دەخەینەروو:

١-کرداری لێکدراو لە لێکدانی دوو بناغە سازدەبێت، یەکێکیان هەمیشە کردارێکی (بنەڕەتی/ داڕێژراو/ لێکدراو)ـە، کە سەرەیەو ئەوی تریشیان (ناو/ ئاوەڵناو/ ئاوەڵکردار/ مۆرفیمی بەند...)ـە، کە تەواوکەرە و دەشێت لە فۆڕمدا( سادە/ داڕێژراو/ لێکدراو)بێت.

٢-بناغەکانی کرداری لێکدراو بێ ئامرازی بەستن لێکدراون، کە هەمیشە پێکەوە وەك لێکسیمێکی نوێ رەفتار دەکەن و یەك واتا بەدەستەوە دەدەن.

٣-هەر بناغەیەك بەلایەنی کەمەوە مۆرفیمێکی رەگی تێدایە، ئەگەر گشت لاگرەکان لە بناغەکانی کرداری لێکدراو دابماڵرێت، ئەوە دەبێت بە لایەنی کەمەوە دوو مۆرفیمی رەگ بمێنێتەوە، بە واتایەکی تر جگە لە رەگی کردار مەرجە مۆرفیمێکی رەگ (سەربەست)ی تری تێدابێت.

٤-ژمارەی ئەو مۆرفیمانەی بەشداری داڕشتنی کرداری لێکدراو دەکەن، بەلایەنی کەمەوە چوارن، ئەوانیش مۆرفیمێکی رەگ (سەربەست) و سێ مۆرفیمی سەرەکی (رەگ، کات، کەس)ی کرداری بنەڕەتین.

٥-چۆنێتی ریزبوون و پێکەوەهاتنی مۆرفیمە بەشداربووەکانی کرداری لێکدراو بەشێوەی زنجیریی نین، بەڵکو هەر کردارێکی لێکدراو خاوەنی دروستەی هەرەمیی ناوەوەیە، واتە بەشێوەی پەلکی دووانی، بۆ پێکهاتە راستەوخۆکانی دابەشدەبێت، تا دەگاتە دوا پێکهاتەی بنجی، کە مۆرفیمە پێکهێنەکانێتی.

٦-کرداری لێکدراو لەرووی داڕشتنەوە بەپێی پۆل و فۆڕمی دوو بناغە بەشداربووەکەی، بەسەر چەند دەستەیەکی جۆراوجۆردا دابەشدەبێت، کە هەر دەستەیەکیان بە یاسایەك سازبووە و خاوەنی هەمان دروستە و هاوخاسیەتی خۆیەتی.

٧-(ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، مۆرفیمی بەند، فریزی پێشناوی) لەگەڵ کرداری تێنەپەڕ، کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ و لەگەڵ کرداری تێپەڕ، کرداری لێکدراوی تێپەڕ دروست دەکات، بەڵام (ناو) لەگەڵ کرداری تێنەپەڕ، کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ و لەگەڵ کرداری تێپەڕ، کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ و تێپەڕ سازدەکات.

٨-جیابوونەوە و جیانەبوونەوەی تەواوکەر و سەرەی لێکدراو لەیەکتری، پەیوەندیی بەجۆری تەواوکەرەکانەوە هەیە، واتە بەشێکی تەواوکەرەکان لەسەرەکانیان جیادەبنەوە، بەلاّم بەشەکەی تریان لێیان جیانابنەوە، بۆ نموونە ئەگەر تەواوکەرەکە ناو بوو، ئەوە بەگشتی لە توانایدا هەیە، لەسەرەکەی بترازێت و رێگە بەوشەی سەربەخۆی واتادار، یان فرێزی پێشناوی دەدات، بچێتە نێوانیانەوە، بەلاّم ئەگەر ئاوەڵناو بوو، لەسەرەکەی دوورناکەوێتەوە و هەمیشە وەك دانەیەکی لەیەکنەپچڕاو دەردەکەوێت.

٩-ئەو پەیوەندییە رێزمانییە شاراوەیەی لە نێوان تەواوکەر و سەرەی کرداری لێکدراودا هەیە، لەو پەیوەندییە رێزمانییە دەچێت، کە لە نێوان بەشەکانی رستەی ئاساییدا دەبینرێت. واتە هەروەك چۆن کرداری لێکدراو لە لێکدانی دوو پۆلی وشە پێکهاتووە، بەهەمان شێوە بریتییە لە ئاوێتەبوونی دوو ئەرکی رێزمانیش، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە لە دروستبوونی کرداری لێکدراودا سوود لە پەیڕەو و یاسای رستەسازیی زمانەکە بینراوە.

# سەرچاوەکان

## ١- به زمانی کوردی:

أ-کتێب:

١-ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٧٦.

٢-د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم- ناو- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٧٩.

٣-د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم- کردار- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٤-د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم- ژمارە و ئاوەڵکردار_ دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٩٨.

٥-د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم- جێناو- دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٨٧.

٦-د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی سێیەم- ئاوەڵناو- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، ١٩٩٢.

٧-د. ئەورحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

٨-تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، دار الطباعة الحديثة، بەغدا، ١٩٢٩.

٩-د. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، پامبێرگ، ئەڵمانیا، ١٩٧٦.

١٠-ساڵح حسێن حەسەن پشدەری، کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی بەغدا، بەغدا، ١٩٨٥.

١١-سەعید سدقی کابان، مختصر صرف و نحوی کوردی، جزء (١) طبع أول، چاپخانەی نجاح، بەغداد ١٩٢٨.

١٢-د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٦.

١٣-د. شێرکۆ بابان، شرۆڤەکاری ڕێزمانی لە زمانی نووسین دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەلێر، ٢٠٠٠.

١٤-د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی ڕێزمانی بوون و هەبوون، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٧.

١٥-د. شێرکۆ بابان، نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩.

١٦-د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دار الحرية للطباعة، بەغداد، ١٩٨٦.

١٧-د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەلێر، ٢٠٠٠.

١٨-کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لە رووسییەوە: د. کوردستان موکریانی، مطبعة الأديب البغدادية، بەغدا، ١٩٨٤.

١٩-لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٢٠-لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، کتێبی مەنهەجییە بۆ پۆلی (یەکەم، دووەم، سێیەم)ی ناوەندی و (چوارەم، پێنجەم، شەشەم)ی ئامادەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی هەشتەم، هەولێر، ١٩٨٤.

٢١-محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨١.

٢٢-محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٣.

٢٣-د. محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەنی قازی، چاپ و بلاوکردنەوە، سوید، ١٩٩٣.

٢٤-محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی (کتێبێکی مەنهەجییە)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

٢٥-محەمەدی مەحویی، ڕستەسازی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، أ- ٢٠٠١.

٢٦-د. محەمەدی مەحویی، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ب- ٢٠٠١.

٢٧-مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٢٨-نووری عەلی ئەمین، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ((ئاخاوتنی کوردی))دا، مطبعة الزمان، بغداد، ١٩٨٦.

٢٩-نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠.

٣٠-د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمان کوردی زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هولێر، ١٩٨٢.

٣١-هەژار، هەنبانە بۆرینە، (فرنگ کردی- فارسی)، سروش، تهران، ١٣٧٤.

ب-<u>نامەی زانکۆیی (بلاونەکراوە)</u>:

٣٢-ئاواز حەمە سدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.

٣٣-ئەحمەد حەسەن فەتحوللا، بکەر وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

٣٤-تالیب حسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨.

٣٥-ساجدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٤.

٣٦-عەبدوڵڵا حوسێن رەسولْ، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە- ئیبن روشد- زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥.

٣٧-فەتاح مامە عەلی، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨.

٣٨-فەرەیدوون عەبدول محەمەد، نادیاری، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨.

٣٩-کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

٤٠-مستەفا محەمەد زەنگەنە، کارو ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

٤١-مەهاباد کامل عەبدوڵڵا، کار لە کرمانجیی خواروو و هەورامیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.

٤٢-هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد، پێشپرتك و پاشپرتك لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

٤٣-یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨.

ج-گۆڤار:

٤٤-د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وتاری کار پۆلێن کردن بەپێی رونان و چەند سەرنجێك، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٩، ١٩٩٧.

٤٥-د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاوگی سادە میحوەرێکە بۆ دروستکردنی چاوگی نوێ لە زمانی کوردیدا، کاروان، ژمارە ٤٦، ١٩٨٧.

٤٦-ئیرنست مەکارەس، رستەسازی، وەرگێرانی: محەمەد مەعرووف فەتاح، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٥، ١٩٨٧.

٤٧-بەکر عومەر عەلی، کاری لێکدراو و چەند سەرنجێك، زانکۆی (زانستی مرۆڤایەتی)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩.

٤٨-د. زەری عارف یوسوپۆڤا، سینتاکس، وەرگێرانی: د. کوردستان موکریانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٤، أ-١٩٨٧.

٤٩-د. زەری عارف یوسوپۆڤا، کار، وەرگێرانی: د. کوردستان موکریانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٦، ب-١٩٨٧.

٥٠-عەبدوڵلا حوسێن رەسوڵ، پێناسەی رستەی سادە، زانکۆیا دهوك، ژمارەی تایبەت(٦)، ١٩٩٩.

٥١-عەلی مەحموود جوکل، تێپەڕ و تێنەپەڕی کاری ناسادە، زانکۆی (زانستی مرۆڤایەتی)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.

٥٢-غازی فاتح وەیس، جیاوازی نێوان مۆرفیم و ووشە، کاروان، ژمارە ٣٨، ١٩٨٥.

٥٣-فاروق عومەر سدیق، وشەسازی لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ١٩٧٥.

٥٤-کوردۆ عەلی، (کردار) و (کات)ی کوردی، دەستنووس، لە (١٩٩٢) بەشێوەی کۆڕ پێشکەشکراوە و ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە.

٥٥-لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٧.

٥٦-لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، ١٩٧٨.

٥٧- د. محەمەد عەبدولقادر حەمە سەعید، وشەسازی زاری سلێمانی، ئەکادیمیانی کوردستان، بەرگی (IB)، ژمارە ١، ٢٠٠١.

٥٨-محەمەد مەعرووف فەتاح، باس لە جۆرێك لە رستەی کوردیدا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٨، ١٩٩٢.

٥٩-محەمەد مەعرووف فەتاح، دیسان ئیدیەم- پێداچوونەوەیەك لەبەر رۆشنایی زمانەوانیدا-، کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد)) بەرگی پازدەهەم، ١٩٨٦.

٦٠- محەمەد مەعرووف فەتاح، کار پۆلێن کردن بەپێی رۆنان، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، أ-١٩٨٩.

٦١-محەمەد مەعروف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە کوردیدا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٤، ب- ١٩٨٩.

٦٢مسەفا محەمەد کەریم زەنگەنە، پێکهێنەرەکانی ((ئەندن)) و ئەرکەکانیان، کاروانی ئەکادیمی، ژمارە ١، بەرگی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧.

٦٣-د. نەسرین فەخری، خۆ لە تەرازووی زمان دا، کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد))، بەرگی بیستەم، ١٩٨٩.

٦٤-نەسرین فەخری، فرمانی تێنەپەڕ و تێپەڕ و چارگە(ئەلفیە- أ)یە تێنەپەڕەکان (المطاوعة) لە روانگەی بنیادی (ناوەوە) و (دەرەوە)، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٤٢، ١٩٩٨.

٦٥-د. نەسرین محەمەد فەخری، فرمانی یاریدەدەر چییە و؟ بۆچی و؟ کەی و، چی دەگەیەنێت لە زمانی کوردیدا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٦، ١٩٩٥.

٦٦-د. وریا عومەر ئەمین، پاشبەندەکان، کۆڕی زانیاری عێراق((دەستەی کورد))، بەرگی پازدەهەم، ١٩٨٦.

٦٧-وریا عومەر ئەمین، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٧، ١٩٨٥.

٦٨-د. وریا عومەر ئەمین، رەخنە نا رەخنە، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٤٠، ١٩٩٧.

٦٩-وریا عومەر ئەمین، رەگی داهاتوو... بەیەك یاسا، رامان، ژمارە ٤٩(هەولێر)، ٢٠٠٠.

٧٠-د. وریا عومەر ئەمین، رێزمانی راناوی لکاو، کاروان، ژمارە ٨، ١٩٨٣.

٧١-د. وریا عومەر ئەمین، کات و رەگی فرمان، رۆژی کوردستان، ژمارە ٩٥، ١٩٨٤.

٧٢-وریا عومەر ئەمین، لە پەیوەندییەکانی بکەر نادیار، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٩، أ- ١٩٩٢.

٧٣-وریا عومەر ئەمین، نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا، کاروان، ژمارە ٩٢، ب- ١٩٩٢.

٧٤-د. وریا عومەر ئەمین، ووشە، نووسەری کورد، ژمارە ٩، ١٩٨٢.

د-موحازەراتی خوێندنی بالآ:

٧٥-د. فاروق عومەر سدیق، مۆرفۆلۆژی، ماجستێری زمان، کۆرسی یەکەم، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠- ٢٠٠١.

٧٦-د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، تیۆری زمان، ماجستێری زمان، کۆرسی یەکەم، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠- ٢٠٠١.

٧٧-د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، رستەسازی، ماجستێری زمان، کۆرسی دووەم، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٩- ٢٠٠٠.

٧٨-د. محەمەد مەعرووف فەتاح، رستەسازی، دکتۆرای زمان، کۆرسی یەکەم، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٧- ١٩٩٨.

**٢-بە زمانی عەرەبی:**

٧٩-توفيق وهبي، قواعد اللغة الكردية، الجزء الأول، الباب الأول، بغداد، ١٩٥٦.

٨٠-الدكتورة كوردستان موكرياني، قواعد اللغة الكردية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩.

٨١-د. محمد تقي الزهتابي و د. حسين علي محفوظ، قواعد الفارسية، جامعة صلاح الدين، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.

٨٢-د. محمد وصفي أبو مغلي، البسيط في القواعد و النصوص الفارسية، مطبعة جامعة البصرة، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.

**٣-بە زمانی فارسی:**

٨٣-دكتر پرويز ناتل خانلرى، دستور زبان فارسى، چاپخانه حيدرى، چاپ سيزدهم، ١٣٧٣.

٨٤-رشيد ياسمى، ملل الشعرا بهار، بديع الزمان فروزانفر، عبدالعظيم قريب، جلال همائى، دستور زبان پنج استاد، چاپخانه رامين، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٨.

٨٥-مصطفى خرم دل، صرف دستور زبانى كردى سورانى، تبريز، ١٣٤٧ه.

### ٤-بە زمانی ئینگلیزی:

٨٦- Aarts, F., Aarts, J. (١٩٨٢) English Syntactic Structures. Oxford: Pergamon Press.
٨٧- Amin, W.O. (١٩٧٩) Aspect of the Verbal Construction in Kurdish. University of London.
٨٨- Amin, W.O. (١٩٧٦) Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure. London.
٨٩- Asher, R. E. and Simpson, J. M. Y. (١٩٩٤) The Encyclopedia of Language and Linguistice. Vol.١, Oxford: Pergamon Press.
٩٠- Baure, L. (١٩٨٣) English Word- Formation. C AMBRIDGE University Press.
٩١- Bybee, J. (١٩٨٥) Morphology: A Study of the Relation between Meaning and From. Amsterdam: John Benjamins.
٩٢- Crystal, D. (١٩٩٢) An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Block Well: Oxford.
٩٣- Fromkin, V, Rodman, R. (١٩٨٨) An Introduction to Language. NewYork: Holt, Rinehart and Winston. Inc.
٩٤- Huddleston, R. (١٩٨٤) Introduclion to the Grammar of English. Cambridge: Cambridge University press.
٩٥- Jukil, A. M. (١٩٩٦) A Syntactic Analysis of Verb Particles Combinations in English and Kurdish. Unpublished MA thesis. University of Salahaddin: Erbil.
٩٦- Katamba, F. (١٩٩٣) Morphology. London: MacMillian.
٩٧- Lyons J. (١٩٨١) Language and Linguistice: an Introduction, Cambridge: Cambridge University press.
٩٨- Mackenzie, D. N. (١٩٦١) Kurdish Dialect Studies. London: Oxford University press.
٩٩- McCarus, E. (١٩٥٨) A Kurdish Grammar. Washington: Washington Paladograph Company.
١٠٠- Quirk, R. Greenbaum, S Leech, G. and Svartvik, J. (١٩٨٥) A Comprehensive Grammar of the English Language. London: Longman.
١٠١- Stageberg, N. (١٩٨١) An Introductory English Grammar. ٤thed, U.S.A.: Holt, Rinehart and Winston. Inc.
١٠٢- Tabaian, H. (١٩٧٨) Persian Compound Verbs. Lingua, ٤٧, (٢/٣), ١٨٩-٢٠٨.
١٠٣- Taha, A. (١٩٧٨) An Analysis and Dictionary of Two-Word Verbs in English, Kuwait: Kuwait University.
١٠٤- Trask, R.L. (١٩٩٣) A Dictionary of Grammatical terms in Linguistics. London: Routledge.

# کتێبخانەی کوردۆلۆجی

## خوێندنەوە بۆ دوو کتێب

### ١- سێ خشتەکی گۆرانییە چکۆلەکانی کرمانج

**کتێبی: هیوا مەسیح**

**بڵاوکراوەکانی دەزگای نگاه**

**سەخشتی/ ترانەهای کوچك کرمانج**

کۆمەڵێك شیعری کورتی کوردەکانی خوراسانە. شاعیری ئێرانی هیوا مەسیح کۆیکردونەتەوەو پێشەکی بۆ نووسیونو کردونی بە فارسی. وەختی خۆی، شاهـ ئیسماعیلی سەفەویو شاهـ عەباس کوردێکی زۆریان بەزۆر گواستەوە بۆ ناوچەی خوراسان ئەویش بە دوو مەبەست، یەکێکیان ئەوە بوو کە کورد لە خاکی خۆی هەڵکەنو هێزو دەسەڵاتیان کەمبکەنەوە، دووەمیشیان ئەوە بوو بیانکەن بە قەڵغانو هیرشی دووژمنەکانی خۆیانی پێ پوچەڵ بکەنەوە. بۆیە ساڵی ١٠١٠ ق ئەو عەشرەتو کوردە کۆچپێکراوانە توانییان ئۆزبەكو تورکمان لە شارەکانی وەك سبزوار، فیشابور، مەشهەد، اسفراین، قۆچان، شیروان، بجنورد دەرپەرێنن.

شاهـ عەباس کوردێکی زۆری بەزۆر گواستەوە بۆ باکوری خوراسان، لەوێ جگە لە دروستکردنی تەفریقەنانەوە، لە نیوانیاندا کەسە ناودارەکانی کوشتن.

لەو کاتەوە خوێنو ئێسقانی کورد تێکەڵاوی خاکی خوراسان بووە. لە شادیو خۆشی یەکتردا هاوبەشبوون، وەك تایفەی چمشگزك، زەعفەرانلوو، بادانلو (بهادری) وران لو، بیچرانلو، قەهرەمانلو، کیکانلو یا شاملو، کم کان لو، عمارلو، رشوانلو.

بەڵام ستەمی زەمانە وازی لێنەهێنان بۆیە نادرشاهـ کۆمەڵێکی بەرەو گەیلان دەرپەڕاند، وەك تایەفەی عمارلو بەشێکی گواستەوە بۆ کوێستانەکانی ئەلەموت، وەك رەشوانلوەکان.

کورد لە کوێستانو باکوری خوراسان فۆلکلۆرو رۆشنبیرییەکی هەیە دەستی

لێکۆڵەرانی بۆ نەبراوە، تەنها هەولی چەند رۆژهەلاتناسێکی کەم نەبن.

دیارە ئەم کتێبە گۆرانیو شیعرێکی کورتی کوردانی ئەو ناوچەیەی لە خۆ گرتووە، ئەویش بە هەوڵو کۆششی شاعیری ئێرانی هیوا مەسیح.

ئەم شیعرانە پێیان دەوتریت سێ خشتی، یا سێ خشتەکی. کوردەکانی ئەو ناوچەیە هەر لە کۆنەوە دوو قالبی شیعریی خۆیان پاراستووە، ئەوانیش (لوبانگی)و (سێ خشتەکی)یە.

لوبانگی جۆرە شیعرێکی سەربەستە، بایەخ بە قافیە نادات، سێ خشتەکیش سێ میسراعی هەیەو لە هەشت هیجادا دەوترێت. وەزنو قافیەی هەیە. هەندێك جار لە هایکۆی یابانی ئەچێت، جارجار بریتییە لە وێنەیەکی سادە.

سێ خشتەکی دەماودەمی کردووەو پارێزراوە. تا ساڵی ١٩٢٧ رۆژهەلاتناس ئیفانۆف هەندێکی لە گۆڤارێکدا بلاوکردۆتەوە، پاشان لە کتێبیکدا کۆمەلێکی زۆری لێ پاراستوون.

هیوا مەسیح ئەم شیعرانە بە گۆرانی قەرەجەکانی ئیسپانیا دەچوێنێت. ئەم شیعرە کورتانە باسی مەرگو عیشقو ئیمانو ئازادیو سروشتو سوتانو فیراق دەکەن. بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنایان بین چەند نموونەیەکی بلاودەکەینەوە.

چیکی ئاسمین، چەلو چارن
مەمی کەچکان، سیوو نارن
ژە شیرینی، نی نەخارن

واتە:

چلوچوار ئەستێرە بە ئاسمانەوەن
مەمکی کچان سێونو هەنار
لەشیرینیدا، ناخورێن.

***

سیە بوزی لە دالانی
سەری خادی سەرقورانی
هەر مەجم وی، وەچی مانی؟

واتە:

کچێکی رووسپیو جوان لە دالانەکەدایە
سەری ناوەتە سەر قورئانەکە
چۆنچۆنیو بە چ بیانوویەك بچم بۆ لای؟

***

کەچکی کەلی مەهیژ مرتن
کرنەخینی، درێژی گرتن
گولان ژەناف، قۆنچان گرتن.

واتە:

کچانی گوندی ئێمەیان ژمارد
بردنیانە خانویەکەوە دەرگاکانیان داخست
خونچەیان لە گوڵ جیاکردەوە.

## ٢- کردان پارس و کرمان

### کوردەکانی فارس و کرمان
### ناوی نووسەر: دکتۆر جمشید صداقت کیش
### بڵاوکراوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی، ارومیه ١٣٨١

جەمشید سەداقت کیش مامۆستای خانەنشینە (مامۆستای زانکۆ) چەندین کتێبی بە زمانی فارسی هەیە.

ئەم کتێبەی جەمشید کوردەکانی فارس و کرمانی کردووە بە تەوەری سەرەکی خۆی و لە پێنج بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم بەناوی (رەمەکانی کوردەکانی فارسەوەیە، نووسەر تیایدا باسی کوردەکانی ئەو شوێنە پێش ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام دەکات، دواتر دێتە سەر کەسە ناودارەکانی ئەو ناوچەیە.

لە بەشی دووەمدا، باسی کوردی فارس پاشان رەمی کورد دێتە ئاراوە.

بەشی سێیەم تایبەتە بە پاشماوەی کوردی کدفج لە وڵاتی فارس.

لە بەشی چوارەمدا، نووسەر لە کوردەکانی کرمان و بوون و دابونەریتیان ئەدوێ.

بەشی پێنجەم ئەوە ڕووندەکاتەوە کە دێ و شار بەناوی کوردەکانی فارسەوە ناونراوە.

لە بەشی یەکەمدا لە سەردەمی هەخامنشییەکاندا، زانیارییەکی وەها لەسەر کورد بە دەستەوە نییە بەڵام سەعید نەفیسی دەڵێ((لە زەمانی هەخامنشیاندا لەناو

تایفـە چادرنـشینەکاندا لـەفارس نـاوی کەسـانێك دەبیـستین پێیـان دەڵـێن کورد)).

بێگومـان کـورد ئاریـایین، کـوردی فارس بێت یا خوراسان.

هێـرودۆتیش نـاوی یـەکێك لـە تایفـەکانی فـارس دێنێـت کـە پێـی دەوترێت (مروفی). لە کوردییـشدا ئـەم وشـەیە بـە مانـای بەشـەر دێـت. بۆیـە دەتـوانرێ بوترێـت، ئـەو تایفەیـە کـورد بووە.

هەنـدێك وا دەبیـنن کـە مادەکـان پێشینانی کـوردانی ئـەمڕۆن. ئەمـەیش بۆ خۆی پەسەندکراوە. مادو فارسـەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینـی لـە دەشتاییەکانی ئێراندا نیشتەجێبوون.

هەروەها ماندانای کچی ئاستیاگی پادشـای مـاد (٥٨٤- ٥٤٩ پ.ز) بـە کمبوجیی شازادەی فارس شوو دەکات. ئـەو لەگـەڵ خۆیـدا ئیـشکەرو خزمەتکارێکی زۆری هێناوە. هەندێك پێیان وایە کە کوردەکانی وڵاتی فـارس لە نەوەی ئەوانە بن کە لەگەڵ ئەو کچە مـادەدا هـاتبوون لـە سـەردەمی سلوکییەکاندا چەند تایفەیەك لە وڵاتـی فـارس نیـشتەجێبوو بـوون. ئـەوانیش بریتیبـوون لـە (تایتـشخوارها هەخامنـشینان مەسجوسـەکانو کورتییەکان). هەندێك لەم تایفانـە، وەك لـە مێـژوودا هـاتووە، خـەریکی راوو رووتو رێگـرتن بـوون، بەشێکیـشیان خـەریکی کاروباری کشتوکاڵ بوون.

لە تایفە بەناوبانگەکانی فارس بازرنگی ناوداره، ئەمانە کوردن. ئـەم تایفەیـە دوای ئیسلام ناوی رەسمی بازنجان، بووە ئـەوانیش زۆرتر لە قەڵای سپیو گوپانـان دەژیـن. لـە کارنامەی ئەردەشیر پاپکانـدا دەقێـك هەیـە وشـەی کـوردی تیـا هـاتووە، هەنـدێك لـە لێکۆڵەران وا راڤـە دەکـەن کـە کـورد شـوان بـوون. بـەڵام بـەپێی بۆچـوونی زۆری تـر مەبەست لەو کوردانەیە کە شوان بـوون نـەك تەنها هەموو میللەتی کورد.

کـوردانی فـارس پـاش هـاتنی ئیـسلام رۆڵێکی دیاریان هەبوو. لـە ساڵەکانی ١٨و ٢٣ ھ.ق کوردەکـانی فـارس دژی لەشـکری عەرەب وەستاون توانییان داکۆکی لە شـاری ئەهوازو فساو دارابگەرد بکەن.

لـەم بارەیـەوە تەبـەری لـە فـەتحی شـاری فساو دارابگەردا دەنووسێت:

سـاریە، فەرمانـدەی لەشـکری عـەرەب رویکردە شاری فساو دارابگەرد، کاتێـك بـە ئۆردوگـای دوژمـن گەیـشت، دابـەزیو ئابلۆقـەی دان، دوژمـنو کوردەکـانی فـارس

یـــەکیانگرتو کـــاری موســـڵمانەکان سەخت کەوتەوە.

بۆیە لەو شەڕانەدا سوپای عەرەبو ئیسلام وایانلێهات چەندین جار هێرش بەرنە سەر کوردەکانی ئەهواز.

بە سـەرکەوتنی لەشـکری عـەرەبو ئیـسلام کارەکـان بـە ئاقـارێکی تـردا ڕۆیــشتن. ســاڵی ٨٣ ھ.ق کوردەکــانی پـارس کـە چـاوەڕوانیی تۆڵـە وەرگـرتن بوون، لە شاری شاپور دایانە پاڵ (محمـد الاشــعپ) یارمـــەتییان داو لەشـــکری حەجاجیان شکاند، کوفەیان داگیرکـردو بــەهۆی ئەمــەوە کوردەکــان بــوون بــە دەســەڵاتداری وڵاتــی فــارس. حـەجاجو عمرو بن هانی العیسی بە لەشکرێکەوە ڕوبەڕویان بوونەوە.

ئـیتر لـەو کاتـەوە. کـورد جارجـار دەسەڵاتی هەبووەو جارجاریش کەوتۆتە بەر هێرشی نەمانو فەوتاندن.

لە بەشی سێیەمدا نووسەر نموونە لەو وەسفانە دێنێتەوە کە مێژوونووسە بەناوبانگەکان بۆ کوردی وڵاتی فارسیان کردووە. بۆ نموونە، (اصطخري) کە کتێبەکەی خۆی ساڵی ٣٢١ – ٣١٨ ھـ.ق نووسیوە دەڵێ:ژمارەی کوردەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر لە (٥٠٠) هەزار کەسە. هەروەها ئاماژە بۆ ڕەمی (باینجان) دەکات کە یەکێکە لە ڕەمەکانی کورد. هەروەها دەڵێت کە رمومی کوردانی فارس لە مەملەکەتێك دەچێت. جگە لەمانە ناوی چەند کۆمەڵو گروهێك لە کوردانی ئەو ناوچەیە دەهێنێت)و لەوانە: کرمانیە، رامانیە، مرپر، حی محمد بن بشر، بقیلیە، بنداد مهریە) حی محمد بن اسحق، صباحیە، اسحاقیە، اژرکانیە، شهرکیە،گهمادهینە، زبادیە، شهرویە، بندادقیە خسرویە، زنجیە، صفریە، شهیاریە، مهرکیە، مبارکیە، اشتامهریە، شاهونیە، فراتیە، سلمونیە، صیریە، ازاد دختیە، براز دختیە، مگلبیە، ممالیە، شاهکانیە، کجتیە، جلیلیە، مهرکیە.

(اصطخري) پێنج رەم لە ڕەمەکانی کورد دەژمێرێت: ڕەمی جیلویە، ڕەمی لوالجان، ڕەمی دیوان، ڕەمی شهریار، ڕەمی عاریان، مەسعودیش وەها باسی کوردی وڵاتی فارس دەکات: لە ڕووی ڕۆژهەڵاتی خوزستانەوە شاخەکانی کورد دەستپێدەکات کە لکاون بە ناوچەکانی ئەسفەهانەوە. جێگای خۆیان لەو شاخانەیە.

(ابن حوقل) یش کە یەکێکە لە مێژوونووسە ناودارەکان (٣٦٧ ھـ.ق) باسی کوردی فارسو ڕەمەکانیان دەکات ئەویش دەڵێت: کوردەکانی وڵاتی فارس بریتین لە:

کرمانیه، رامانیه، مدین، تایفەی محمد بن بشر، بقیلیە، بنزاد مهریه،

بـــەراورد کردنـــی وشـــەی کـــوردی ئێـــستاو چـــۆنێتی بـــەکاربردنی لـــەلای کوردەکـــانی فـــارس، لەوانـــەیش چـــەند نمونەیەك دێنینەوە:

بدیو: بابە

کاکا: کە

ننە: دایك

دیوت: کچ

شو: شو

حالو: خالۆ

دس: دەست

زوان: زبان

پلی: پڵنگ

پخشە: مێشولە.

یـــاقوتی حەمـــەوەیش (٦٢٣ ه.ق) رەمەکانی کوردی گەیاندۆتە پێنج رەم.

رەم، یا (زوم) بە مانای ئەو شوێنانە دێ کە کوردەکانی فارسی تیا دەژین. بۆچوونی جیاوازیش دەربارەی وشەی (زم)و (رم) هەیە. کامیان راستە، بەڵام لە مەعنا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەسەر نییە.

لە بەشێکی تردا، نووسەر باسی کەسە ناودارەکانی کوردەکانی فارس دەکات. لەوانە، شێخ الو الحسن علی بن عبداللە کردویە، صحایە کردویە، پورفریدون، کە شاعیرێکی بەناوبانگ بووەو پێش بابا تاهیر شیعری هەبووە لە بەشی نۆیەمەوە، نووسەر باسی کوردەکانی ئەو ناوچانە دەکات، هەر لە سەفەوییەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی. پاش ئەمانە دێتە سەر گوزەرانی ئێستا و لایەنی کۆمەڵایەتییان و پیاوە ناودارەکانیان.

# گەشتێك بەناو بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجیدا

**ناونیشانی کتێب: وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا**

**ناوی نووسەر: حەیدەر لەشکری**

**و: د. محەمەد تاتانی**

**ژمارەی زنجیرە: ٤٣**

**ساڵی: ٢٠٠٩**

کورد لەلای مێژوونووسانی کۆنو نوێی جیهان وێنەی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە لای ئەوروپاییەکان، لای ڕۆژهەڵاتناسان. لای تورکو عەرەبو فارس.. کەسانی وا هەن وێنەیەکی چاکی کوردیان نەکێشاوە و کەسانی تر هەن لەوێنەکێشانیدا بێلایەن بوون. لە مەعریفەی مێژوویی ئیسلامیشدا وێنەی تایبەتیی خۆی هەیە..

لە کەسێكو سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تریان وێنەکە جیاواز دەکەوێتەوە.

ئەم کتێبەی لە بەردەستماندایە لێکۆڵینەوەیەکی فروانە لەسەر بوونو مێژوو خەسڵەتی کورد لە مەعریفەی مێژوویی ئیسلامیدا. تێزەکە لە سێ بەش پێکهاتووە لەگەڵ پێشەکیو دەستپێكو ئەنجامەکاندا.

لە دەستپێکدا نووسەر باسی سروشتی مەعریفەی مێژوویی ئیسلامی دەکات.

بەشی یەکەم بەناونیشانی: وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدایەو بریتییە لە سێ پار:

١. ناساندنو ناونان لە سیاقی مێژووی عەرەبیی ئیسلامیدا.

٢.ریشەی کـورد لـەنێوان ئەفسانەو مێژوودا

٣.وێنـاکردنی سروشـتی کـورد لـە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا.

بەشـی دووەم بەناونیـشانی (بـوونی کورد لە مێژووی ئیسلامیدا)

بریتییە لە سێ پار:

١.قۆناغی بوونی کـورد لـە دەرەوەی دەسەڵاتدا.

٢. بوونی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدا.

٣.بوونی جیهادییانەی کورد.

ناونیـشانی بەشـی سـێیەم، کـارایی مێـــژوویی کـــوردی میتـــۆدی مێژوونووسـەکانەو سـێ پـاری لـەخۆ گرتووە:

١.کـورد وەك نەتەوەیـەکی کـارا لـە مێژوودا.

٢.کارایی مێژوویی کورد.

٣.میتـۆدی مێژوونووسـەکان لـە ریوایـەتکردنو گێڕانـەوەی هەواڵـە کوردییەکاندا.

گرنگیـی ئـەم کتێبـە لەوەدایـە کـە تیایدا باسی لایەنی چاكو خراپـی ئـەو وێنانەی کورد کراوە. بـە وردی نووسـەر لەسـەر راوبۆچـوونی ئەوانـە دەوەسـتێ کـە رەگەزپەرستانە بیریانکردۆتەوە.

**گەشەسەندنی درامای کوردی**

**١٩٧٥ -١٩٩٥**

**ناوی نووسەر: د. سەلام فەرەج**

**ژمارەی زنجیرە: ٤٤**

**ساڵی چاپ: ٢٠٠٩**

کــەمن ئــەو نووســەرانەی، کــە بــە نەفەسـێکی درێـژ لەسـەر مێـژووی درامـای کـوردی نووسـیبێتیان و لێکۆڵینـەوەیان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردبێت.

هەرچـەندە درامـای کـوردی مێـژووی دورودرێژی نییـە، ئەمـەیش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی هونـەری درامـا لای کـورد بـۆ خـۆی هونـەرێکی نوێیـەو کـورد لـە سـەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئاشنای بووە.

ئەگەرچـی سـەرەتاکان ئەوەنـدە بـەهێز نەبوون، بەڵام هەر پێویستیان بە تۆمـارکردن هەیـە. بۆیـە لـەو روەوە، ئـەم کتێبـەی د. سەلام فەرەج، رۆڵی چاکی خۆی لە بوارەکەدا دەبینێت.

پێمانوایـــه یـــەکێك لـــه لایەنـــه چـاکەکانی ئـەم کتێبـە ئەوەیـە، کـە نووســەر چوارچــێوەیەکی کــاتیی بــۆ تێزەکەی دانـاوە (١٩٧٥- ١٩٩٥) کـە دەکرێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێت.

بێگومــان درامــای کــوردی لـــەم قۆناغـەدا پێشکەوتنی باشـی بەخۆیـەوە بینیــوە، دیدوبۆچــونێکی باشــتری بــۆ درامـا هـەبووە و تـەکانی جۆراوجـۆری داوە.

لـە پـاری یەکەمـدا نووسـەر لەسـەر وشـــەی درامــــا و مێـــژووی درامــــاو سەرهەڵدانی ئەدوێ، دوای ئەمـە دێتـە سەر مێژووی درامای کوردی، پێی وایە درامای کوردی، لەسـەرهەڵدانییەوە لـە مێــــژووی کــــوردو ئێــــشوئازاری کۆمەڵایــەتی دانــەبڕاوە. قوتابخانــەو یانەو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان پێگەیەکی ســـەرەتایی بـــوون بـــۆ نەشـــونماکردنی درامای کوردی.

لـە پارەکـانی تـردا، کـە کـراون بـە چەند بەشێکەوە نووسەر تیشك دەخاتـە ســەر گەشەســەندنی درامــای کــوردیو دەیکات بە چەند هەنگاوێك (هـەنگاوی یەکـەم ١٩٨٦- ١٩٩٠)و (هـەنگاوی دووەم ١٩٩١-١٩٩٥) بــۆ هــەر یــەك لەمانــە نموونەی دیار دەهێنێتەوە.

**زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا**

**نووسەر: فەرهاد شاکەلی**

**ژمارەی زنجیرە: ٤٥**

**ساڵی ٢٠٠٩**

ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبـە نایابـەکانی تـری شـاعیرو نووسـەرو لێکۆڵـەر فـەرهاد شاکەلی.

فـــەرهاد، لـــەپاڵ ئـــەدەبو نووســـینی ڕۆژنامەوانیـدا دەمێکـە بەشـێکی زۆری لـە وەختو کاتی خۆی بۆ زمانو ساغکردنەوەی لایـــەنی زمانـــەوانی تـــەرخانکردووە. لـــەم بوارەدا بیروڕای جیاوازو دروستی هەیە.

چەند کتێبێکیشی لەسەر زمان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

ئەم کتێبەی هەوڵێکی تری ئـەم بوارەیـەو لە چەند وتارو لێکۆڵینـەوەو چـاوپێکەوتنێك پێکهـاتووە. هەموویـــشیان باســـی زمـــانو کێـــشەکانی زمـــانو دیالێکـــتو زمـــانی ڕەسمییان تیا کراوە.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەنووسێت: لە کوردستانی ئەمڕۆدا گرنگیو پێویستیی نەخشەکێشیی زمان ئەرکێکی نیشتمانیی هێندە بە پەلەیە، دەبێ بخرێتە پێش زۆر لەو کێشە سیاسییانەوە، کە رەنگە سیاسەتمەداران بە گەرمو ژیارییان دابنێن. کێشەی زمان لە کوردستاندا، لە پاڵ کۆمەڵێ سەختیو ئاڵۆزکاویدا، کە لە کۆنەوە لە گەلێکدا هاتوونو گەورەو گەورەتر بوونەتەوە، ئێستا بوونەتە بەشێك لە سروشتی کێشەکە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە ئەم نووسینو چاوپێکەوتنانەی خوارەوەن:

زمانی پاشاو زمانی رەعیەت:

چەند سەرنجێکی زمانەوانییە لەسەر زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی) بەپێی زانیارییەکانی ئەحمەد پاشای بابانو خودزکۆ، زمانی کوردی ئاسۆیەکی نادیار، زمانو ئەلفوبێی ستانداردی کوردی لە روانگەیەکی مێژوویيو زانستییەوە، زمان لە پەنجەرەی ئێستێتیکەوە هەندێك سەرنجو بیروڕا لە بارەی دۆخی فەرهەنگو زمانی کوردییەوە. نامەیەك بۆ جەنابی کاك مەسعود بارزانی، نامەیەك بۆ دکتۆر شەفیق قەززاز، سەرێشەیەکی ناپێویست بۆ گۆڤاری گوڵان، ئەز زمان، وما ئەدراکە مەز زمان؟ هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ، کوردیی خواروو زمانێکی ستانداردەو دەتوانێت نەخشی زمانی رەسمیی کوردستان ببینێت، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا.

**شیکاری گوتاری چیرۆکە هەواڵ**

**ناوی نووسەر: د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر**

**ژمارەی زنجیرە: ٤٦**

**ساڵ: ٢٠٠٩**

شیکاری گوتاری چیرۆکە هەواڵ، تێزی ئەکادیمیە د.شێرکۆ نووسیویەتی و پرۆفیسۆر محەمەد مەعروف فەتاح سەرپەرشتیکردووە.

ئەم کتێبە پەیوەندی بە سێ بوارەوە هەیە، بواری زمان و بواری رۆژنامەوانی، و بواری ئەدەب، چونکە لە زمانی رۆژنامە دەکۆڵێتەوە. تا ئێرە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە پاشان دێتە سەر زاراوەی چیرۆك، کە رەگەزێکە لە رەگەزەکانی ئەدەب و تەکنیك

و کەرەستە و زمانی تایبەتی خۆی هەیە. دووەمیشیان هەواڵە. دیارە هەواڵ گرنگیی سەرەکی و تایبەتی خۆی لە رۆژنامە و رۆژنامەوانیدا هەیە. هەواڵ رەگەزێکی دیاری رۆژنامەیە، بەلاّم هەواڵ لە چیرۆك و ئەدەبیشدا هەیە، ئەبێت لە یادمان نەچێت هەواڵی چیرۆکی ئەدەبی جیایە لە هەواڵی رۆژنامە، هەواڵ لە چیرۆکدا سۆزو خەیاڵ و ئیلهامی تیادایە زەمەن کاری تیاکات، بەلاّم هەواڵ لە رۆژنامەدا بەشێوەیەکی ترە.

ئەم کتێبە لە چوار بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم چەند چەمکێکی پێویست، ئەمەیان بەشێکی تیۆرییە.

بەشی دووەم: دارشتنی زمانی چیرۆکە هەواڵە.

بەشی سێیەم: دارشتنی رەگەزی چیرۆکە هەواڵ لە رۆژنامەی کوردیدایە.

بەشی چوارەمیش لە ژێر ناونیشانی : دارشتنی زانیارییانەی چیرۆکە هەواڵ، یان بنەو بارلە هەواڵدا.

نووسەر بۆ لایەنی پراکتیك پشتی بە زمان و هەواڵ لە چەندەها رۆژنامەی کوردیدا بەستووە.

**گەلە بەشخوراوەکانی رۆژهەلاّتی ناوەراست**

**ئامادەکار: ف. دەیڤید ئەندروس**

**لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح**

**ژمارەی زنجیرە: ٤٧**

**ساڵی ٢٠٠٩**

ئەم کتێبە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی بەپێزە دەربارەی خەباتو داواکاری و مەینەتیی کەمە نەتەوەکانی رۆژهەلاّتی ناوەراست، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کوردو ئاشوور و جوولەکەی عێراقو کۆمەلاّنێك لە خوزستانەوە هەیە. ئەم دۆکیومێنتو بەڵگەنامانە لەلایەن ف. دەیڤید ئەندروس، واشنتۆن دی.سی ئامادەکراون.

ف. دەیڤید ئەندرۆس وادەبینێ کە رۆژهەلاّتی ناوەراست ناوچەیەکی فراوانەو گەلانی زۆر لەخۆی دەگرێ، بۆیە کێشەی رۆژهەلاّتی ناوەراست هەر تەنها کێشەی فەلەستین نییە. نەتەوەی چەوساوەی وەك کوردو ئاشووریی ژێر دەستەی رژێمی ئێرانو

عێراق‌و تورکیا، دەمێکە بە دەست ستەمکارانەوە دەناڵێنن.

کورد یەکێکە لەو میللەتانەی، کە بە بەردەوامی زلهێزەکان بۆ مەرامی خۆیان بەڵێنیان پێداون‌و پاشانیش خیانەتیان لێکردوون و وازیان لێهێناون.

ئەم دۆکیومێنتانە، لە ئەرشیفی نهێنی حکومەتی ویلایەتە یەککگرتووەکانەوە گوێزراونەتەوە.

جگە لە پێشەکییەك کۆمەڵێك ناونیشانی لە ناوەوە لەخۆگرتووە:

نارەزایی ناسیۆنالیستە کوردەکان دژ بە خراپیی مامەڵەکردنیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، نامە لە سەرۆکەکانی کوردەوە، یاداشت لەبارەی مەسەلەی کوردەوە، سەرکردە ئاشوورییەکان داوای سەربەخۆیی دەکەن، کێشەی ئاشوورییەکان، بەڵگەنامە لەسەر بارودۆخی کورد،کۆمەڵکوژی کورد لە رۆژی سەرکەوتنی هاوپەیمانانـدا، داواکاری خێڵە کوردەکانی ئێران، بەرنامەی کۆمەڵەی هیوای کوردی، شالاّوێکی دژ بە کورد لە عێراقدا، دیدوبۆچوونی راوێژکاری بریتانی لەسەر مەسەلەی کورد، رۆڵی بریتانیا لە هەوڵەکانی عێراقدا بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پروپاگەندەی کۆمۆنیستی بە زمانی کوردی، کۆمەڵەی جوولەکەی دژە زایۆنیست لە بەغدا، نارەزایی دەربڕینی کورد لەسەر هەوڵی عێراق‌و ئێران‌و تورکیا بۆسەرکوتکردنی ئامانجەکانی سەربەخۆیی کورد، بەیاننامەی سەرۆك هۆزو پیاوماقوڵانی کورد، یاداشتی حیزبی رزگاری کورد، نەخشەی کوردستان، ئاژاوەو پشێوی لە کوردستاندا، کۆمەڵەی دەنگی راستیی کوردی، بەڵگەنامە لەسەر ئامانج‌و بەرنامەی کۆمەڵە، بەیاننامەیەك لەلایەن حیزبی رزگاری کوردەوە.

**عادیلە خانم**

**کەسایەتی‌و ئەردەڵانی بوون‌و ساحێبقڕانی بوونی**

**ناوی نووسەر: عادیل سدیق عەلی**

**ژمارەی زنجیرە: ٤٨**

**ساڵی ٢٠١٠**

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی وردە لەسەر عادیلەخانم‌و هەوڵێکە بۆ گەڕان بە دوای

لایەنەکانی ژیانو رەچەڵەکی ئەم ئافرەتە کوردە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا رۆڵێکی دیاری لە ناوچەی هەڵەبجەدا بینیوە.

عادیلەخانم لە رۆژهەلاتی کوردستان پەروەردە بووە و قەدەر وایکرد، کە ببێت بە خێزانی یەکێك لە گەورەپیاوانی هۆزی جافو ئیتر بەهۆی زیرەکیو لێهاتوویی خۆیەوە توانی سەرپەرشتی خێزانەکەیو هۆزی جافیش بکاتو بە ئاقارێکدا بیانبات، کە خزمەتی ویستی خۆیشی تیدا بێت.

بەهۆی رووداوەکانی ناوچەکەو دەسەلاتی عوسمانیو دواتر هاتنی ئینگلیز پەیوەندی پەیداکردو کەوتە ژیانی سیاسیشەوە.

ئەم کتێبە لە چەند بەشێك پێکهاتووەو هەر بەشێکیش ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانە:

عادیلەخانم ئەردەلاتی بوونو ساحێبقڕانی بوونی، هاتنی عادیلەخانم بۆ هەڵەبجە، هەڵوێستی تورکەکان لە بەرامبەر خواستی عادیلەخانم لەلایەن وەسمان پاشای جافەوە، رۆڵو پێگەی عادیلەخانم.

**دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا**

**نووسەر: عەبدولجەبار مستەفا**

**ژمارەی زنجیرە: ٤٩**

**ساڵی ٢٠١٠**

لە نووسینی کوردیدا هەولێکی زۆر دراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی. هەولێشدراوە، کە سوود لە پێڕەوە نوێکانی زانستی زمان ببینرێت، بەتایبەتی دوای حەفتاکانی سەدەی رابردوو.

ئەم کتێبەیش لە بوارێکی جیادا لەسەر بنەمای سینتاکسی دروستەکار بۆ سەلماندنەوەی دیالێکتەکانی زمانەکەمان کراوەو هەولدراوە یاساو مۆدیلی جۆرەکانی فرێز لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا دیارییبکرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە لەگەڵ هەر بەشێکدا ئەنجام خراوەتە روو.

بەشی یەکەم، دەربارەی دروستەی چەشنو جۆرەکانی فرێز لە شێوەزاری سلێمانیدا.

بەشی دووەم، تایبەتە بە دروستەی چەشنو جۆرەکانی فرێز لە شێوەزاری هەورامیدا.

بەشی سێیەمیش دەربارەی دروستەی چەشنو جۆرەکانی فرێزە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا.

**الكُرد وكُردستان**

**ناوی نووسەر: دیرك کینن**

**وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەلاح عرفان**

**ژمارەی زنجیرە: ٥٠**

**ساڵی ٢٠١٠**

ئەم کتێبەی دیرك کینن بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو کراوە بە چەند زمانێك، مامۆستا سەلاح عرفان کارێکی چاکی کردووە لە هەڵبژاردنیا. نووسەری کتێبەکە سەردەمێکی نوێی لە ژیانی سیاسی کورد دەستنیشانکردووە.

سەرەتا باسی جیۆگرافیاو مێژووی کورد دەکات دواتر دێتە سەر سروشتی کۆمەڵگەی کوردیو لە بەشێکی تایبەتدا تیشك دەخاتە سەر مێژووی کورد.

دیرك کینن لە رووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەوە باسی سیاسەتی زلهێزەکانو بەرژەوەندییان دەکات بۆیە دەمانباتە سەر کێشەی کورد لە تورکیاو سوریاو عێراقو کوردەکانی سۆڤێتو کۆماری مهابادو شۆرشی نوێی کورد لە شەستەکاندا.

بابەتەکانی ئەم کتێبە بریتیین لە:

مقدمة المترجم، مقدمة المؤلف، ألبلد وأهله، ألمجتمع الكردي، تأريخ الكرد

ألجمهورية التركية، ألعراق بين الحربين، سوريا، ألإتحاد السوفيتي، إيران في القرن العشرينألحرب الراهنة في العراق، الملحق.

**الكُرد**

**نووسەری کتێب: تۆما بوا**

**وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەلاح عیرفان**

**ژمارەی زنجیرە: ٥١**

**ساڵی ٢٠١٠**

ئەم کتێبەی تۆما بوا یەکێکە لە هەوڵە چاکەکانی رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی تۆما بوا، کە تیایدا تیشك دەخاتە سەر میللەتی کوردو ژیانی کۆمەڵایەتیو رۆژە

رەشـــــەكانییو بــــــوونی لـــــەكاتی تێكەڵاوبوونی بە عەرەبو سەرەتا وەك زۆربەی كتێبەكانی تر كە لەسەر كورد نووسراون سنووری كوردستان لەرووی جیۆگرافییەوە دەستنیشاندەكاتو لەو رووەوە كوردستان بە بڕبڕەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنێت، چونكە دەكەوێتە ناوجەرگــەی ئاســیای ناوەراســتەوەو بەشێكی زۆر لە ناوچەكانی توركیاو ئێرانو عێراق داگیردەكات. تۆما بوا باوەڕی بەوەیە كە كورد زمانو نەریتی جیاوازی هەیەو دوورە لە زمانی ئەم میللەتانەوە كە رەگەزپەرستەكانیان دەیگەڕێننەوە بۆ سەر زمانی توركیو فارسی.تۆما بوا سەرچاوەی ئابووری كوردستان دەستنیشاندەكاتو باسی شارەكانی كوردستان دەكاتو پێی وایە كە زوربەیان جێگای رەنگین و جوانیان هەیە. لەرووی كۆمەڵایەتییەوە، لە سیستمی كۆمەڵایتیو خێزانو یاریو شێوەی گوزەران دەدوێ.

دەربارەی ئایینی كورد، نووسەر باسی سەرەتاكانی مێژووی ئایین لە كوردستاندا دەكاتو لای وایە ئەم سەرەتایەیش لە ئایینی زەردەشتو پاشان ئیسلامەوە دەستپێدەكات.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە بنەماكانی ئایینی ئیسلامو نوێژو رۆژو تەریقەت لای كورد دەكات.

تەریقەتی قادریو نەقشبەندیو یەزیدی چەند لاپەڕەیەكی لە كتێبەكە داگیركردووە. بەڵام بە ئاگاییەوە باسی كاریگەریی سروتی سیحریو دوعاو نزا دێنێتە ناو كتێبەكەیەوە. دەربارەی ئەدەبی كوردی، سەرەتا لە ئەدەبی میللیو ئەدەبی زارەكییەوە بۆ چوونەناو باسەكەوە دەسپێدەكات، پاش ئەمە دێتە سەر مێژووی ئەدەبی تۆماركراو لە سەرەتاوە تا جەنگی جیهانیی یەكەم. لە كۆتایی كتێبەكەدا نووسەر تیشك دەخاتە سەر مێژووی میللەتی كوردو پەیوەندیی لەگەڵ میللەتانی تردا. هەر لەم لاپەڕەیەدا باسی كێشەی كورد لە عێراقو ئێران و توركیا دەكات.

تۆما بوا ساڵی ١٩٠٠ لە دایكبووە. ساڵی ١٩٢٧ نێردراوە بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زمانی عەرەبیو سریانیو كوردی زانیــــــــــــــــــــــــــــــــوە

# KURDOLOGY

A JOURNAL OF KURDOLOGY

3

2010

KURDOLOGY